
# ئەفرۆدیتە



# ڕۆمان

Aphrodite
Roman
Von Polla Saeed

10.03.2008
**نووسینی: پۆلا سەعید**

**ڕێکەوتی 27.07.1994ە** شوێن شارێکە لەکەنارەکانی دێوانەییی جیهاندا لە قوڵاییی تاریکیی شەوێکدا، کە تەنها جلیوەی ئەستێرەکان ئاگای لێیان بوو، کە بە تەنها "با" گوێی لە چرپەیان بوو، کە تەنها چەند درەختێکی بەئەنقەست خۆکردوو بە نووستوو گوێی لە دەنگی پێی وشەکانیان بوو، لە ئامێزی تاریکییدا لەنێوانی چەند درەختێکدا ئەفرۆدیتە بە لاس دەڵێ: ناوەکەم، هیچ توانایەکی پێنەداوم، بگرە من هەنووکە لە هەموو کەس زیاتر پێویستم بە ئەفرۆدیتەیەکە، کە بێت بە هانامەوە. دەشێت من ئێستا هێلێنایەک بم و پێویستم بە یارمەتیی ئەو بێت، لێ من خۆم ناتوانم یارمەتیی خۆم بدەم. ئەفرۆدیتە تەنها تۆی بە منداوە، لێبەڵێ شەڕی تۆ دەبێت بەتەنها خۆم بیکەم و تۆش هی من بەتەنها خۆت بیکەیت. لاس گیان تۆ پاریسێکی تاک و تەنهایت، برایەکی گەورە شکنابەیت بێتە مەیدانەوە و شەڕی تۆ بگرێتە ئەستۆی خۆی. دایکم دەڵێ: لەدایکبوونی من لەدایکبوونێکی نۆرماڵ نەبووە، ئەو دەڵێ: ئەو دەمەی بۆ مانگی هەنگوینیی لەگەڵ باوکمدا چووە بۆ یۆنان، لەوێ لە دوورگەی "سیپەرن" لە هۆتێلێکدا بۆ یەک هەفتە دەمێننەوە. دایکم دەڵێ: دوو ڕۆژی یەکەم هیچ ڕووینەدا، چونکە من نەمدەویست باوکت لەگەڵمدا بخەوێت، دایکم ترساوە چونکە ئەو وەک کوردێک خاوەنی ئەزموونی سێکسووال نەبووە و هیچ کەسێکیش لەوبارەیەوە یەک وشەی لەگەڵدا باسنەکردووە. پاشان دایکم دەڵێ: دوو هەفتە پێش ئەوەی بچن بۆ دوورگەی سیپەرن دایکم پێریۆدی هەبووە " وادەی خوێنهاتنی ئافرەت"، ئازارێکی زۆری هەبووە و ڕووی نەهاتووە بە کەس بڵێت. کاتێکیش وادەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت و خوێنی ڕادەوەستێت، دایکم هێشتا ئازاری هەبووە. باوکیشم گواستنەوەی دایکمی پلان کردبوو. کاتێک دەگەنە سیپەرن، ئێوارەی یەکەم باوکم دەیەوێت لەگەڵ دایکمدا بخەوێت، لێ دایکم ناهێڵێت. دایکم بە باوکمی گووتووە: ئازارێکی زۆری هەیە و ناتوانێت لەگەڵیدا بخەوێت، بەتایبەت، کە دایکم یەکەمیینجاریەتی لەگەڵ پیاوێکدا بخەوێت. دایکم ئەو دەم حەڤدە ساڵ بووە، کورد گووتەنیی: خونچە گوڵ بووە. جوانیی دایکم لە شەوێکی هاوینی دورگەی سیپەرندا، لە کەنار دەریادا، لە هۆتێلێکدا وەها لە باوکم دەکات، کە گوێ لە دایکم نەگرێت و لەگەڵیدا بخەوێت، دایکم تووشی ئازارێکی زۆر دەبێت و خوێنێکی زۆری لێدێت. دایکم و باوکم دەبێت بە شەڕیان. دایکم وەک کچێکی حەڤدە ساڵی جوان هیچ شتێکی لەدەستنایەت بەدەرلەوەی بە ژێرکراسێکی سپییەوە بە پرچێکی ڕەشی درێژی هەتا سەر سمتیەوە بە ڕاکردن لە هۆتێلەکەوە بەرەو دەریا بڕوات بۆئەوەی لە داخی باوکم خۆی بکووژێت. کاتێک لە خوارەوە ئافرەتان و پیاوانی ناو هۆتێلەکە دایکم بەو ژێرکراسە سپییەوە دەبینن، کە لە بنەوە بە خوێنی داوێنی سوور سوور بووە. خوێن لە داوێنیەوە بە ڕانەکانیدا بەرەو نووکی پێی دادەچۆڕێت، هەموو تووشی شۆکێک دەبن و تەماشای یەکتر دەکەن. دایکم بە گریانەوە ڕادەکات و خۆی دەدات بە دەریادا. باوکم لە پلیکانەکانەوە بە دەستێک بیجامەوە دێتە خوارەوە، چەند کارمەندێکی هۆتێلەکە و چەند میوانێکی تر لەگەڵ باوکمدا ڕادەکەن بەرەو دەریا بۆ دۆزینەوەی دایکم، دەگەنە کەنار دەریا و دەبینن دایکم لە دەریاکەدایە. دایکم بەبێئەوەی لە

ژیانیدا تەنیا جارێک مەلەی کردبێت خۆیداوە بە دەریادا. بەو بولێڵە، کە دەریا خاوەنی شەپۆلی هەژێنەر و بەهێز بووە، زوو دایکمی کردۆتە گەرووی خۆیەوە بەرەو قووڵاییی بردوویەتی. باوکم و سێ پیاوی تر بە مەلە دەگەنە دایکم، هەرچۆنێک بێت دەریدەهێننەوە لەکەنار دەریادا ڕایدەکشێنن و دەستدەکەن بە یارمەتییدانی بۆئەوەی هەناسەی پێبدەنەوە. باوکم ماچی ژیانی بۆ دەکات، دوای نزیکەی خولەکێک دایکم ئاو لە دەمیەوە فرێدەداتە دەرەوە و بە کۆکەکۆک هێز دەداتە خۆی و بە قوونەوە دادەنیشێت. دایکم هێشتا خوێنی لێهاتووە و دەریاش هێشتا شەپۆلدەربووە. هەر شەپۆلە و بە کەفەوە خۆی کردووە بە داوێنی دایکمدا و خوێنی دایکمی بردووە بۆناو خۆی. یۆنانییەکانی دەوری دایکم سەرسامبوون و بەردەوام تەماشای دایکمیان کردووە و تەماشای شەپۆلەکانیان کردووە لەگەڵ یەکتر قسەیانکردووە، لێ دایکم هیچیان لێ تێنەگەیشتووە. باوکم دایکم دەکاتە باوەشی و دەیباتەوە بۆ هۆتێلەکە. هەرچەندە باوکم داوای لێبووردنی لەدایکم کردووە و هەوڵیداوە هێوری بکاتەوە، لێ دایکم  ئەو کاتە نەیتوانیوە لە باوکم ببووریێت و داوای کردووە بە زووترین کات بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. دایکم و باوکم پێش تەواوبوونی کاتی خۆیان دەگەڕێنەوە. کاتێک دایکم و باوکم لە پرسگەی هۆتێلەکەدا ڕاوەستاون بۆئەوەی پاسپۆرتەکانیان وەربگرنەوە و پێیانبلێن، کە ئەمان دەگەڕێنەوە، میوانەکان هەموو تەماشایان دەکەن. ئافرەتێکی یۆنانیی دێتە لای دایکم و بە ئینگلیزیی بە دایکم دەڵێ: کە کچەکەت لەدایکبوو ناوی بنێ ئەفرۆدیتە. دایکم لە ئافرەتەکە ناگات، باوکم بۆی دەکات بە کوردیی. دایکم دەڵێ: پێیبلێ: بۆچیی ناوی بنێم ئەفرۆدیتە؟ ئاخۆ هیچ شتێک هەیە، کە وا بکات کچەکەم ناوبنێم ئەفرۆدیتە؟ پاشان ئەو چۆن دەزانێت من کچم دەبێت؟ باوکم بە ئینگلیزیی پێیدەڵێ: خاتوونەکەم دەڵێ: تۆ چووزانیت کچم دەبێت؟ ئافرەتە یۆنانییەکە دەڵێ: چونکە ئەو بە خوێنەوە خۆیدا بە کەف و شەپۆلەکانی دەریادا، بەتایبەت لێرە لە سیپەرن. باوکم دیسان ئەم قسانە بۆ دایکم وەردەگێڕێت. دایکم دەڵێ: ببوورە هیچ تێناگەم نازانم مەبەستی چییە. باوکم دەڵێ: منیش نازانم. دایکم دەڵێ: ئێ پرسیار بکە با  بۆمان ڕوونبکاتەوە. باوکم بە ئینگلیزیی بە ئافرەتەکە دەڵێ: ببوورە ئێمە کوردین، لە باشووری کوردستانەوە هاتووین، ئەم باشوورەش ئێستا بە باکووری وڵاتی ئێراک ناسراوە، نە من نە خاتوونەکەم نازانین مەبەستتان چییە. دەزانین ئێرە سیپەرنە، لێ زۆر خوێندنەوەمان بۆ ئەم دوورگەیە نییە، تەنها ئەوە نەبێت خەڵکیی بۆ گەشت زۆر ڕووی تێدەکەن بەتایبەت لێرە لە "پافۆس" چونکە لەسەر دەریایە و خاوەنی سروشتێکی جوانە. ئافرەتەکە بە سەرنجێک و کەمێک پێکەنینەوە هەر بەپێوە ڕاوەستاوە و دەڵێ: باشە دەزانم ئێوە لەسەر ڕۆیشتنن و کاتتان نییە، لێ هەوڵدەدەم بە کورتیی زانیارییەکتان پێبدەم و ئیدی خۆتان، کە ڕۆیشتنەوە دەبێت زیاتر بەدوای زانیارییدا بگەڕێن، دڵنیام پەڕتووک زۆر هەیە بە زمانی ئێوەش لەسەر ئەم مێژووە. ئینجا دەڵێ: ئەفرۆدیتە بەپێی میتۆلۆگە یۆنانییەکان "زانستی وتەی خوداکان" خودای خۆشەویستیی و جوانییە، یەکێکە لە دوانزدە خودا ئۆلۆمپیاکانی یۆنان. پێشتر خودای گەشە و باڵاکردنی مرۆڤ و ئاژەڵ بووە

پاشان بووە بە خودای خۆشەویستیی. ئافرەتە یۆنانییەکە درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: ئورانۆس و گایا دوو خودای کۆنی یۆنانن. ئورانۆس خودای ئاسمان و گایاش خودای زەویی. ئورانۆس هەم کوڕی گایا بوو هەم مێردیشی بوو. باوکی دوو منداڵە لە گایا بە ناوی "کرۆنۆس و ڕییا"وە. جێگای باسە گایا یەکەمیین خودا بووە وەک ئافرەتێک کوڕەکانی بە ناوی "ئورانۆس خودای ئاسمان و پۆنتۆس خودای دەریا"وە بەبێ پیاو بەرهەمهێناوە. پاشان لەگەڵ ئورانۆسی کوڕی ڕێکدەکەوێت بۆ بەرهەمێنانی منداڵی تر، لێ ئورانۆس بەهۆی قێزکردنەوەی لە منداڵەکان و ڕقلێبوونیان، ڕەگی ئەم قێزکردنەوە و ڕقلێبوونەش بریتیی بووە لە هەبوونی ترس لەوەی منداڵەکانی جێگای ئەم بگرنەوە، هەربۆیە دەکەوێتە کووشتنی منداڵەکان و ئازاردانیان لە سکی دایکیاندا. گایا ناچاردەبێت ئەو منداڵانەی تری لەدەست ئورانۆس بشارێتەوە، بە واتایەکی دی لە بنی دونیادا هەتا دەستی ئورانۆسیان پێنەگات. تووڕەبوونی گایا لە ئورانۆس دەگاتە ئەو ئاستەی ڕۆژێک خەنجەرێکی ئاگریین ئەداتە کرۆنۆسی کوڕی و داوای لێدەکات، کە بچێت کێری باوکی ببڕێت. کرۆنۆس دەچێت کێری باوکی دەبڕێت و فرێیددەداتە دەریاوە، گۆشت و خوێنی کێری ئورانۆس وەک خودایەکی نەمر تێکەڵ بە دەریا دەبێت، لە کەفی شەپۆلەکانی دەریادا لەناو "موشل"ێکدا ئەفرۆدیتە لەدایکدەبێت، لێ لەدایکبوونێکی پێگەیشتوو نەک وەک کۆرپەیەک. "با"ی خۆرئاوا بەسەر "موشل"ەکەوە بەرەو دوورگەی سیپەرنی دەهێنێت. لەوێ یەکەم هەنگاوی بۆسەر زەویی لەجێگاپێیدا گیا دەڕوێت. سێ کچی تسۆیس لەوێ بۆ پێشوازیی چاوەڕوانی دەکەن. جلکی لەبەردەکەن و خشڵی پێوە دەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆئەوەی بە خوداکانی بناسێنن. جوانیی ئەفرۆدیتە خوداکان سەرسام دەکات بەشێوەیەک، کە هەموو بە دزییەوە ئاواتیانە بیکەن بە خاتوونی خۆیان. تسۆیس وەها دەکات، کە سەرەتا ئەفرۆدیتە حەز لە مرۆڤێک بکات، کە شیاوی مردنە، بۆئەوەی چەند نەوەیەکی لێبخاتەوە. دواکات وێڕای ئەوەی ئەفرۆدیتە شوو دەکات بە "هێفیاستۆس" خودای ئاسنگەریی، لێ لە پاڵەوە حەز لە خودای جەنگ "ئارێس" دەکات و لە ئارێس سێ منداڵی دەبێت " فۆبۆس، خودای داچڵەکین، دایمۆس، خودای ترس، لەگەڵ هارمۆنیا". بەهەرحاڵ ئەوەشی پەیوەندیی بە ناوەکەوە هەیە بریتییە لەوەی، کە سەرەتا ئەفرۆدیتەیان ناونا "ئەوەی لەناو کەفدا لەدایکبوو"، پاشان بوو بە "کەفی دەریا"، ئەفرۆدیتەش لە واتای یۆنانی کۆندا کەفی دەریا بووە. ئافرەتەکە دەستێک دەخاتە سەرشانی دایکم و بە نیگایەکی میهرەبانەوە بە دایکم دەڵێ: تووڕەبوونەکەی تۆ و خوێنی تۆ لەو دەریایەدا، ئەو هەستەم پێدەدات، کە تۆ کچت ببێت، تکایە ناوی بنێ ئەفرۆدیتە. دەستدرێژ دەکات بۆ دەریاکە و دەڵێ: خوێنی تۆ لەو دەریایەدایە، کێ دەزانێت خوێنی تۆ لە نهێنییەکانی دەریادا لەسەر دەستی خواکان چیی لێدێت؟ باوکم قسەکانی ئەو ئافرەتە دەکات بە کوردیی بۆ دایکم و ئەویش بەڵێن بەو ئافرەتە دەدات، ئەگەر لە ئایندەدا کچی بوو ئەوا ناوی دەنێت ئەفرۆدیتە. باوکم بەڵێنەکەی دایکم بە ئافرەتە یۆنانییەکە دەگەیەنێت، ئەویش توند توند دایکم دەگرێتە باوەش و لە جانتاکەی شانیدا وێنەیەکی

ئەفرۆدیتە دەردێنێت و پێشکەشی دایکمی دەکات و دەڕوات. ئەفرۆدیتە دەستدەکات بە گیرفانیدا و وێنەکە دەردێنێت و ئەیخاتە دەستی لاسەوە و دەڵێ: ئەم وێنەیە دوای ئەوەی من لەدایکبووم دایکم پێشکەشی منی کرد، هەنووکەش من  دیاریی تۆی دەکەم بۆئەوەی لەدەستت نەدەم. ئەم وێنەیە باوەڕێکی ئەفسانەیی داوە بە من، ئێستاش دەبێت یارمەتیی تۆ بدات بۆ سەرکەوتنت. هەرکاتێک دەستتکرد بە گیرفانتدا و تەماشای ئەم وێنەیەت کرد منت بیربکەوێتەوە و هەوڵبدەیت بگەیتە لام. من دڵنیام ئەفرۆدیتەی ڕاستەقینە دەتوانێت یارمەتییت بدات، کە بگەیت بە من، هەروەک چلۆن یارمەتیی پاریسی شازادەی ترۆیایدا بە هێلێنا بگات.

لاس وێنەکە لە ئەفرۆدیتە وەردەگرێت، بەبێئەوەی هیچ لە وێنەکە ببینێت ماچێکی دەکات و دەیکاتە گیرفانیەوە و دەڵێ: ئەمە سەرەتایەکە بۆ ونبوونی تۆ. ئەفرۆدیتە بە دەنگێکی میهرەبانەوە دەڵێ: لێ سەرەتایەکیشە بۆ گەڕان بەدوای مندا. لاس بە هەناسەیەکی قوڵەوە دەڵێ: ڕاستە، ئەمە سەرەتایەکە بۆ ونبوون و گەڕان پێکەوە. بە تۆنێکی سەرنجڕاکێشەوە لە وشەکانیدا لاس بە ئەفرۆدیتە دەڵێ: باشە بۆچیی ئێمە ئەفرۆدیتەمان وەک ڤینۆس ناسیوە؟ تۆ بڵێی ڤینۆس خودایەکی تری خۆشەویستیی بێت؟ ئەفرۆدیتە بە پێکەنینێکی نەرمەوە دەڵێ: نا لاس گیان، ڤینۆس هەر ئەفرۆدیتەیە، لێ ڕۆمەکان ناویان ناوە ڤینۆس. دیارە لە ڕۆمی کۆندا کلتوور و شارستانییەکی دەوڵەمەند هەبوو، سێ هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح ڕۆمەکان خاوەنی کلتوور و خواوەندی خۆیان بوون وەک یۆنانییە کۆنەکان. ڕۆمەکان ستایشێکی زۆری ئەفرۆدیتەکان کردووە و  هێناویانەتە ناو کلتوور و خواکانی خۆیانەوە، لێ ئەوان ناویان ناوە ڤینۆس. ڤینۆس دەشێت وشەیەکی کۆنی لاتینیی بێت، لێ پێدەچێت وەهاش نەبێت. لەلای ڕۆمەکانیش ئەفرۆدیتە لەژێر ناوی ڤینۆسدا خودای خۆشەویستیی و جوانیی بووە، دووسەدونەوەدوپێنج ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح ڕۆمەکان تێمپڵی تایبەتیان بۆ ڤینۆس دروستکردووە، کە تێیدا ستایشی بکەن. کۆتر نیشانەکانی ڤینۆسە، کۆترەکان لەگەڵ ڤینۆسدان یان بەسەر سەریەوە دەفڕن یان ئەوەتا گالیسکەکەی ڕادەکێشن. لە هەندێک چیرۆکدا باس لە قوڵنگ دەکرێت، کە موشلەکەی ئەفرۆدیتەیان ڕاکێشابێت. وێنەیەکی ڤینۆس و گالیسکەکەیم پێیە کاتێک کۆترەکان ڕایدەکێشن، دەتەوێت دیارییت بکەم؟ لاس دەڵێ: زۆر بەخۆشییەوە دڵەکەم. ئەفرۆدیتە دەستدەکات بە گیرفانیدا و وێنەکە ئەداتە دەستی لاس.

لاس  وێنەکە لەدەست ئەفرۆدیتە وەردەگرێت وسووپاسی دەکات و دەڵێ: هیچ نابینم مەگەر لەماڵەوە لەبەر ڕۆشنیایی گڵۆپێکدا تەماشای بکەم. ئەفرۆدیت درێژە بە قسەکانی ئەدات و دەڵێ: لە سەردەمی ڕۆمەکاندا ڤینۆس مەشخەڵێکی بەدەستەوە گرتووە بۆ سیمبۆڵیزەکردنی خودای لەدایکبوون و پاککردنەوە لەدوای لەدایکبوون. ڤینۆس بە هەموو قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵدا ڕۆیشتووە و لە هەندێک سەردەمدا هێرشکراوەتە سەری

بەتایبەت لەدوای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحییەوە. لە هەندێک بواردا دەستنیشانکراوە بە ئەستێرە. بۆ نموونە لە سەردەمی ئەنتیکدا بە ئەستێرەی ئێواران و بەیانیان ناوبراوە. وەک پلانێتیی خواوەندیی چرایەکی بەدەستەوە بووە. لێ نووسەرە کریستەکانی کۆن بە نموونە وەک ئاوگوستین و کلێمنس فۆن ئەلێکساندەرین. ئاوگووستین بە بزوێنەری هەستی سێکسیی ناوی بردووە و کلێمنسیش بە کچێکی کاڵای سێکسیی ناوی بردووە. کچێک، کە ئاسان دەست پیاو دەکەوێت بۆ ڕەواندنەوەی هەوەسە شەهوانییەکانی. لاسی من، ئەگەر ڕۆژێک لەو ڕێگایەدا کۆترێک هاتە سەر ڕێگات ئەوە بزانە پێدەچێت ئەفرۆدیتە بێت، ئەگەر قوڵنگێکت دی هەمانشێوە. ئەفرۆدیتە لە کیسەڵ، کەڵەکێویی، دۆلفین، کەروێشک و بۆق دا ڕەنگدانەوەی هەیە، تەنانەت لە چەندیین جۆری گوڵدا بەتایبەت گوڵەباخ هەمانکاتیش لە سێو و هەناردا. تۆ ڕێگایەکی درێژت لەبەردەمدایە، بەوپێیەی ئێمە خەڵکانێکی زۆر هەن، کە دژمان وەستاونەتەوە، دەبێت باوەڕیشمان بەوە بێت، کە قەینا ئێمە ئێستا کەس شکنابەین پشت و پەنامان بێت، لێ ئێمە ئەفرۆدیتەمان هەیە، کە دەمانبەستێت پێکەوە. لاس باوەشێک دەکات بە ئەفرۆدیتەدا و دەڵێ: من سووپاسی ئەفرۆدیتە دەکەم، کە تۆی بۆ من دۆزیوەتەوە، من ئەفرۆدیتە بە جوانترین خواوەند دەزانم، چونکە جوانترین ئافرەتی ئەم جیهانەی بە من ناساندووە و کردوویەتییە خۆشەویستی من. لە ئیمڕۆوە من ستایشی ئەفرۆدیتە دەکەم. لاس دەست دەکات بە گیرفانیدا پشتوێنێکی پانی ئاڵتوون لە گیرفانی دەردێنێت و لە ناوقەدی ئەفرۆدیتەی دەبەستێت و دەڵێ: کە هاتمە دەرەوە دایکم ئەم پشتوێنەی خۆی پێدام هەتا بیفرۆشم و بە پارەکەی کێشەکانی خۆمی پێچارەسەر بکەم، لێ من دڵم نەهات بیفرۆشم، ئێستا دیاریی تۆی دەکەم. ئەفرۆدیتە چاوەکانی لە خۆشیاندا بە چەند دڵۆپ فرمێسکێک تەڕ دەبێت و دەڵێ: سووپاس دڵی من ئەمە جوانترین دیارییە، کە تۆ پێشکەشی منی بکەیت، نەک بەتەنها لەبەر جوانیی و بەهاکەی، بەڵکوو لەبەرئەوەی ئەم پشتوێنە لە مێژوویەکی تری ئەفرۆدیتەمان نزیکدەکاتەوە. لاس بە پەرۆشییەکەوە دەڵێ: مێژووەکە چییە دڵی من؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: دیارە ئەفرۆدیتە دواکات شوویکرد بە خودای ئاگر و ئاسنگەریی "هێفایستۆس" ئەویش قایشێکی لە زێڕ بۆ ئەفرۆدیتە دروستکرد و ناویاننا قایشی ئەفرۆدیتە تەنانەت خودی هێرا خودای هاوسەرێتیی و لەدایکبوون، هێرای ژنی تسۆیس، تسۆیسی خودای گەورەی هەموو خوداکان هاتووەتە لای ئەفرۆدیتە و بە قەرز ئەو قایشەی وەرگرتووە و لە کەمەری خۆی بەستووە. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: پێتوانییە ئێمەی کوردیش ئەو قایشەمان لە ئەفرۆدیتەوە وەرنەگرتبێت؟ ئێمەی پیاوی کوردیش لاسایی هێفایستۆسمان نەکردبێتەوە، کە بەوشێوەیە دیاریی خاتوونەکانمان و خۆشەویستەکانمان بکەین؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: من بەوپەڕی دڵنیاییمەوە دەڵێم: کە ئێمە ئەمەمان لەوەوە وەرگرتووە و کچانی ئێمەش پێیانخۆشە، کە خۆشەویستەکانیان وەک ئەفرۆدیتە تەماشایان بکەن و قایشێکی زێڕیینی ئاوهایان دیاریی بکەن. بگرە من دڵنیام، کە وشەی ئافرەتیش لەناو ئێمەدا هەر لە ئەفرۆدیتەوە ڕەگی وەرگرتبێت. ئەمەش وەها

دەکات، کە هەموو کچانی ئێمە ببنە ئەفرۆدیتەیەک بۆ خۆیان. لاس بە لەخۆباییبوونێکەوە دەڵێ: دوو ئەفرۆدیتە هەیە، یەکێکیان خواوەندە و ئەوی تریان خۆشەویستی منە. ئەفرۆدیتە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: کێ دەڵێ من ئەفرۆدیتەی ڕاستەقینە نیم؟ لانیکەم خوێنی دایکم چووەتە دەریاوە لە سیپەرن. لاس دەڵێ: بەلام .... . ئەفرۆدیتە دەڵێ: بەلام چیی؟ لاس بە شەرمێکەوە دەڵێ: تۆ باوکت لەگەڵ دایکت خەوتووە، مەبەستم ئەوەیە، تۆ لە گۆشت و خوێنی باوکتیت. ئەفرۆدیتە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: بەلام مەرجیش نییە. ئینجا لاس دەڵێ: بەلام خودای دەریا ژنە، دایکی ئەخیلێس "تێتیس". ئەفرۆدیتە بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: ئەی کێری ئورانۆس لەو دەریایەدا؟ ئەی پۆزایدۆن خودای ئاو، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئەو هەموو گێژاو و شەپۆلە گەورانە، کێ دەڵێ دایکم سکی لە پۆزایدۆن پڕ نەبووە؟ ئینجا ئەیداتە قاقای پێکەنین. لە دوورەوە دەنگی دایکی ئەفرۆدیتە بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: ئەفرۆدیتە چییدەکەیت لەو تاریکییەدا، تکایە خێرا وەرەوە، ئێمە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین بۆ ڕۆیشتن. ئەفرۆدیتە دەستەکانی دەکاتە باوەش بۆ ڕووخساری لاس و ماچێکی ناو دەمی دەکات و دەڵێ: من دەبێت بڕۆم، تۆش کات بە فیڕۆ مەدە دەبێت لە نزیکترین کاتدا بگەیتە لام. ئازابە، ترست نەبێت ئەفرۆدیتە لە پشتتە. لاس چاوەکانی بە فرمێسک تەڕ دەبێت و دەیەوێت بگریی، ئەفرۆدیتە پەنجەیەک دەخاتە سەر دەمی و دەڵێ: گریان یارمەتییمان نادات. لاس باوەشی پێدا دەکات، توووند توووند دەینووسێنێت بە خۆیەوە. دەنگی دایکی ئەفرۆدیتە دیسانەوە بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: ئەفرۆدیتە تکایە وەرە چیدی نامەوێت بانگت بکەم. ئەفرۆدیتە هاوار دەکات و دەڵێ: ئەوا هاتم دایە گیان، دەست دەکات بە گیرفانیدا چکلێتێک ئەکاتە دەستی لاسەوە و دەڵێ: لە ڕێگا بە یادی منەوە بیخۆ ماچێکی تری لاس دەکات و بەرەو لای دایکی دێت. دەگاتە لای دایکی و دەڵێ: ببوورە دایە. دایکی دەڵێ: کچم چیتدەکرد لەو تاریکییەدا؟ لەگەڵ کێ قاقای پێکەنینت لێدەدا؟ ئەفرۆدیتە هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئاخ، لەگەڵ کەس قاقام بۆ خۆم لێدەدا. دایکی ئاوڕێک لەدوایانەوە دەداتەوە و دەیەوێت بزانێت ئەفرۆدیتە لەگەڵ کێ بووە، لێ هیچ نابینێت. دەڕۆن و دەچنە ماڵەوە دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن. لاس لە تاریکییەوە دێتە دەرەوە و بەرەو ماڵی خۆی بەڕێکدەکەوێت لەبەردەمی دەرگاکەیاندا کەروێشکێکی گەورەی خاکیی ڕاوەستاوە. لاس بۆ ماوەیەک ڕادەوەستێت و تەماشای کەروێشکەکە دەکات و بیر لە قسەکانی ئەفرۆدیتە دەکاتەوە، کە دەیگووت: ئەفرۆدیتە دەتوانێت وەک کەروێشک و کۆتر و قولنگ بێتە سەر ڕێگات. پاشان کەروێشکەکە بە قوونە قوون ڕادەکات و خۆی دەکات بە تاریکییدا و دیارنامێنێت. لاس دەرگا دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە، دەرگاکەیان دادەخاتەوە و کەس لە دەرەوە نامێنێت.

بۆ ڕۆژی ئایندە 28.07.1994 لە دوورڕا لاس تەماشای ڕۆیشتنی ئەفرۆدیتە و دایک و باوکی دەکات. ناخی لاس قووڵاییی بورکانێکی لەناکاو تەقیوە، فرمێسک بە چاوەکانیدا هۆن هۆن دێتەخوارەوە، چاوەکانی لە چاوی کانییەکی هێمن دەچێت، جەستەی زیاتر لە

پەیکەرێک یان لە درەختێکی لەویادا ڕوواو دەچێت وەک لەوەی لە مرۆڤێک بچێت. ئەفرۆدیتە و دایک و باوکی سواری تاکسییەک دەبن، لەوکاتەدا، کە تاکسییەکە لێدەخوڕێت، ئەفرۆدیتە لە پەنجەرەکەی تەنیشتیەوە دەستی چەپی بۆ ماڵئاواییی بە کراوەیی بەرزدەکاتەوە و دەینووسێنێت بە شووشەی پەنجەرەکەوە. لاس لە جێگای خۆیەوە دەستی بە خەمباری بەرزدەکاتەوە، دایکی ئەفرۆدیتە تەماشایەکی کچەکەی دەکات و ئاوڕێک بۆ دواوە ئەداتەوە دەبینێت لاس دەستی بۆ ماڵئاواییی هەڵبڕیوە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت دەستێک بە پرچی ئەفرۆدیتەدا دەهێنێت و هیچ ناڵێت. تەکسییەکە لەچاو وندەبێت، برا گەورەکەی لاس لە پشتی لاسەوە ڕادەوەستێت و دەستێک دەخاتە سەرشانی لاس و دەڵێ: خەم مەخۆ بەساقە، کچێکی منداڵی وەها چییە خەمی لێبخۆیت، ئەم هەموو دایکانە خاوەنی چەندیین کچی لە ئەفرۆدیتە جوانترن. لاس خۆی لەژێر دەستی براکەیدا دێنێتە دەرەوە و دەڵێ: منداڵە ڕاستە، لێ بۆ من یەک ئەفرۆدیتە هەیە، ئەویش خودایەکە. لای تۆ منداڵێکە و بەس، لێ لای من خواوەندێکە. لاس دەستەکانی دەکاتە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە و بەرەو پێشەوە دەڕوات، براکەی بانگی دەکات و دەڵێ: ئەمە ڕەوشت نییە، کە تۆ هەتە. ئەم گوێنەگرتنەت لە کلتووری ئێمەدا بێڕێزییە بە گەورەکان. لێ ئەو بەبێئەوەی ئاوڕبداتەوە دەڵێ: پێویستم بەوەیە تەنها بم، دەچم پیاسەیەک دەکەم. ئەوەی، کە من ئیمڕۆ پێویستم نەبێت ئەو کلتوورەیە، کە تۆ باسی دەکەیت. لەبەرخۆیەوە بە دەنگێکی نزم دەڵێ: لەوانەشە نەیەمەوە، ئیدی لە ئیمڕۆوە هیچ شتێک لە ژیانی مندا نۆرماڵ نابێت.

ئەو ڕۆژە ئەوەی لاس هەستی پێنەکات ماندووبوونە، برسێتییە، تینوێتییە. لاس بەشێکی گەورەی شار بەپێ دەبڕێت، ئەوەی لای ئەو گرنگە تێپەڕکردنی مێژووە و بیرکردنەوەیە لە ڕۆیشتنیدا لەلای ئەو دیستانسی نێوان بیرکردنەوەی و مێژوو تاڵە موویەکە، بگرە ئەو تەنانەت چرکەساتی هەناسەدانیشی بە مێژوو دەزانێت و دەڵێ: مێژووی ئەو تیرەیە، کە لە کەوان دەردەچێت و گێڕانەوەی مەحاڵە، لێ ئەوەی مەحاڵ نییە و پێویستە پێیبگەین ئایندەیە. دیدەنی من و ئەفرۆدیتە لە دوێنێ شەودا لەگەڵ یەکەم هەنگاوی ڕۆیشتنیدا چووە مێژووەوە، من ناتوانم هەموو تەمەنم لە یادەوەرییەکانی دوێنێ شەومدا بژییم، ئەوەی من پێویستە تێیدا بژییم ئایندەیە، لێ لەگەڵ ئەفرۆدیتەدا، دیارە ئاینده بۆ من بەبێ ئەفرۆدیتە هیچ تریین کاتە، کە تەنها شیاوی ئەوەیە تێیدا بمریت نەک بژییت. لاس دەگاتە بەردەمی دوکانێکی گەورە و ڕازاوە، کە پێداویستییەکانی نووسیین و پرینت و پەڕتووک دەفرۆشێت. لاس لەبەردەم دوکانەکەدا ڕادەوەستێت و لە جامخانەی دوکانەکە ڕادەمێنێت و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئەمە دوکانی کتێب فرۆشتنە یان کەلوپەلی چاپ و نووسیین دەفرۆشێت؟ لە جامخانەکە زیاتر نزیکدەبێتەوە و تەماشای ئەو هەموو پەڕتووکە بێ شوومارە دەکات، کە لە تاقەکانی ناو دوکانەدا ڕیزکراون. سەرنجی ئەو دەیانجۆر پێنووس و پێلانە "پێل: قەڵەم جاف" دەدات، کە بۆ فرۆشتن گوورزکراون. لاپەڕەی پرینت

و پەڕاوی بچووک و گەورە دەبینێت، دەچێتە دوکانەکەوە و بە سەرسووڕماوییی سەرنجی گەورەییی دوکانەکە و ئەو پەڕتووکانە دەدات، کە ڕیزکراون بۆ فرۆشتن. دەست لە پەڕتووکەکان دەدات و جارناجارێک دانەیەکیان هەڵدەگرێت و تەماشایان دەکات و دایاندەنێتەوە و دەڵێ: مەخابن، کە نازانم بتانخوێنمەوە. دەچێتە بەردەمی تاقێک، کە تێیدا سەدان پەڕاوی بەتاڵ ڕیزکراون بۆ فرۆشتن. کەم لاپەڕە، زۆر لاپەڕە، زۆرترین لاپەڕە. دەستدەداتە پەڕاوێکی شین، تەماشای لاپەڕەکانی دەکات و بیردەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: بڵێی ئەم پەڕاوە بۆچیی باش بێت؟ هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و ئاوڕێک بۆ دەستە چەپی خۆی دەداتەوە و پەڕتووکێک سەرنجی ڕادەکێشێت، کە بە گەورەییی لەسەری نووسراوە ماکسیم گۆرکیی. لە دڵی خۆیدا دەڵێ، لێ من ڕۆماننووس نیم. پەڕاوەکە دادەنێتەوە و دەیەوێت بڕوات، لێ دەنگێک لە ناخیدا ڕایدەوەستێنێت و ئینجا دەڵێ: لێ من هۆنراوەنووسم، ناڵێم شاعیرم، لێ دەتوانم بڵێم من هەستیارترین نامۆی ئەم شارەم، کە هەستەکانم بە هۆنراوە دەنووسمەوە. دەستێک درێژ دەکاتەوە بۆ پەڕاوەکە و هەڵیدەگرێت و سەرنجێکی تری دەدات و دەڵێ: پەڕاوێک بە بەرگێکی شینەوە، دەشێت ئەمە جێگای حەزی ئەفرۆدیتە بێت. پەڕاوەکە هەڵدەگرێت و دەڕواتە لای تاقێکی تر دوو پێڵ و سیکۆتینێکی بچکۆلانە و ماجیکێکی ڕەش هەڵدەگرێت و دەچێتە لای کاسەکە، کچێکی بلۆندی گەنج سڵاوی لێدەکات و لاس بە ڕوویەکی خۆشەوە وەڵامی دەداتەوە و پارەی کەلوپەلەکانی دەدات. لەلای کاسەکە کۆمەڵێک زەرفی نامە و لاپەڕەی نامەنووسیین دەبینێت، دەستدرێژ دەکات و چوار لاپەڕە و زەرفی نامە هەڵدەگرێت و دەیخاتە بەردەم کچەکە، پارەی هەر چواریان دەدات و دەڕواتە دەرەوە. لە سەنتەری شاردا لەسەر کورسییەک دادەنیشێت، پەڕاوەکە لەسەر کۆشی دادەنێت، لاپەڕەی یەکەمی هەڵدەداتەوە و لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا بە گەورەییی دەنووسێت "ئەفرۆدیتە" لە خوارئەوەوە دەنووسێت "گەڕانێکی بێ کۆتا بەدوای تۆدا"، "هۆنراوە". لە گیرفانیدا وێنەکەی ئەفرۆدیتە دەردێنێت، کە دوێنی شەو ئەفرۆدیتە بە دیاریی پێیدا و بیر لە قسەکانی ئەفرۆدیتە دەکاتەوە، کە دوێنێ شەو پێیگووت: ئەم وێنەیە دوای ئەوەی من لەدایکبووم دایکم پێشکەشی منی کرد، هەنووکەش من دیاریی تۆی دەکەم بۆئەوەی لەدەستت نەدەم. ئەم وێنەیە باوەڕێکی ئەفسانەیی داوە بە من، ئێستاش دەبێت یارمەتیی تۆ بدات بۆ سەرکەوتنت. هەرکاتێک دەستتکرد بە گیرفانتدا و تەماشای ئەم وێنەیەت کرد منت بیربکەوێتەوە و هەوڵبدەیت بگەیتە لام. من دڵنیام ئەفرۆدیتەی ڕاستەقینە دەتوانێت یارمەتییت بدات، کە بگەیت بە من، هەروەک چلۆن یارمەتیی پاریسی شازادەی ترۆیایدا بە هێلێنا بگات. بە سیکۆتینەکە وێنەکە لە ناوەڕاستیی لاپەڕەکە دەدات. لاپەڕەی دووهەم هەڵدەداتەوە و یەکەم دێڕی هۆنراوەی "ئەفرۆدیتە" دەنووسێت، "لە فڕینی هەموو کۆترێکدا تۆ دەبینم، مرۆڤێکی وێڵم، بەبێ ئەشق هیچ واتایەکی نییە ژیینم". هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: هەڵمژیینی هەناسە بە قوڵیی کارێکی سانایە، لێ قوڵبوون کارێکی سەختە، هەنووکە من هەستدەکەم نەک قوڵ بگرە تەختیش نیم. لاپەڕەکی نامەنووسیین دەخاتە

سەر پەڕاوە شینەکە و دەستدەکات بە نووسینی نامەیەک. نزیکەی کاتژمێریکی پێدەچێت هەتاوەکوو لە نووسینی نامەکە دەبێتەوە، پاشان نامەکە دەکاتە زەرفێکەوە و لەسەری دەنووسێت: بگاتە بەدەستی ئاویار. هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت، کەمێک لەسەر کورسییەکە دەمێنێتەوە و تەماشای دەوری خۆی دەکات و ئینجا هەڵدەستێت بەرەوماڵەوە دەڕوات.

لە پارکە بچکۆلانەکەی تەنیشت ماڵیانەوە، کە بۆ گەمە و وازیی منداڵان چێکراوە، چەند منداڵێک بە بەرگی والاوە دەبینێت، هەندێکیان جلکی ڕەشیان پۆشیوە، جلکێک لە ئاوریشم، قۆڵەکانی پەڕ دریژ وەک باڵی باڵندەیەک. ڕووخساریان بە ڕەنگ ڕەشکردووە، لووتیان سوور و دەمیان سوور و بازنەی دەوری چاویان سوور. هەندێکیان سەرتاپایان سپییپۆشیوە و ڕووخساریان هیچ ڕەنگ نەکردووە. سپییپۆشەکان بە پشتیانەوە باڵیان هەیە، وەک ئەوەی ڕۆڵی فریشە ببینن. نیانتر دەجولێنەوە، یان دوو دوو دەستیان گرتووە بە دەوری ڕەش و سوورەکاندا دەسووڕێنەوە. دوو منداڵی تر، کە هیچ پۆشاکێکی تایبەتمەندیان لەبەردانییە، لە ناوەڕاستیی پارکەکەدا ڕاوەستاون، ئەم دوو منداڵە بران، براگەورەکەیان بە دارێک لە برا بچکۆلەکەی خۆی دەدات، ڕەشپۆشێک لەتەنیشتیەوە لە دەستە ڕاستەوە ڕاوەستاوە و بە منداڵەکە دەڵێ: لێیبدە قایمتر ... قایم قایمتر. سپییپۆشێک لە دەستە چەپی منداڵەکەوە ڕاوەستاوە و بە منداڵەکە دەڵێ: دەست لە لێدان هەڵبگرە، ئەوە براتە مرۆڤ چلۆن لە برا بچکۆلەی خۆیدەدات بۆ تەمبێکردن یان بۆ کووشتن؟

برا بچکۆلانەکەی، کە لەسەر زەویی لەژێر دڕندەیی براگەورەکەیدا کەوتووە و چاوەڕوانی بەزەییی برا گەورەکەی دەکات، لە دەستە ڕاستییەوە ڕەشپۆشێکی تر بە دەنگێکی زبر بە منداڵەکە دەڵێ: چاوەڕوانیی بەزەییی برا گەورە مەکە، تەنها بێهێزەکان چاوەڕوانی بەزەیییپێداهاتنەوە دەکەن. تۆ دەبێت بەهێز بیت، چیت دەوێت بێهێزیی یان هێز و دەستەڵات؟ منداڵەکە دەڵێ: من شەڕم ناوێت دەمەوێت بە ئاشتیی بژییم لەگەڵ براکەمدا. ڕەشپۆشەکە قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: ئاشتیی ئاشتیی ئاشتیی ئەمە قسەی قۆڕە. جیهان واتا هێز و نیشاندانی هێز و قودرەت، تۆش تەنها یان ئەوەتا کۆیلە و بێهێزیت یان ئەوەتا ویستێکی تری هێزیت. منداڵەکە بە دەنگێکی لاواز و گریاناوییەوە دەڵێ: من کۆیلە نیم تەنها ئەوە نەبێت من نامەوێت لە برا گەورەی خۆم بدەم. سپییپۆشێک لە دەستە چەپەوە بە منداڵەکە دەڵێ: تەماشای زۆرداریی زۆرداران و براکەت مەکە، لێبووردنت هەبێت تەنانەت بەرانبەر ئەو کەسانەش، کە ئازارت ئەدەن و ژیانت لێدەستێننەوە. ئەم ژیانە هیچ نییە بێجگە لە پەیڕەوکردنی ئاشتیی و لێبووردن. ڕەشپۆشەکە لە دەستەڕاستەوە تووڕە دەبێت و دەڵێ: ئاشتییش خۆی لە خۆیدا بیانوویەکە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ، کۆلانێکە لەشکری بۆ شەڕ پێدا دەربازدەکرێت. سپییپۆشەکەی

تەنیشت براگەورەکە بە ڕاوەستانەوە، بە برا گەورەکە دەڵێ: دەست لە لێدان هەڵبگرە و داوای لێبووردن لە براکەت بکە. لێدان و چەوساندنەوە ئامانجی ژیان نییە. ڕەشپۆشەکە لە دەستە ڕاستەوە بە منداڵەکە دەڵێ: ئێمە هەموومان دڕندە و ئاژەڵی کێویی و ئاژەڵی ڕاوین. ئێمە لە هەمووکاتێکدا ڕاوی بێهێزەکان دەکەین، تەماشای شێر بکە کاتێک مامزێک لەژێر هێزی چەپۆکەکانیدا دەگلێنێت و ددان لە گەردنی گیردەکات. شێر ئەو کاتانە ئاسوودەیە و تووڕەییی دادەمرکێتەوە، کە ددانی لە گۆشتی مامزێک گیردەکات بۆ خواردن. مرۆڤ دەبێت وەک دڕندە ڕقی لە هەموو ئەو کەسانە بێتەوە، کە دەستەڵاتی بەسەریاندا دەشکێت. منداڵێکی تر، کە بەرگێکی سەرنجڕاکێشی پاپایانەی پۆشیوە و خاچێکی گەورەی بەدەستەوەیە بەرەو ڕوویان دێت و بە برا گەورەکە دەڵێ: بۆچیی لەم برا بچکۆلەیەت دەدەیت؟ برا گەورەکە دارێکی دی دەکێشێت بە پشتی برا بچکۆلەکەیدا و دەڵێ: چونکە دایک و باوکم منیان لەم خۆشتر دەوێت، هەموو منداڵانی گەڕەک منیان لەو خۆشتر دەوێت، تەنانەت خوداش منی لەو زیاتر خۆشدەوێت.

دایک و باوکان و خوشک و برایانی منداڵەکان، کە لەبەردەمی پارکەکەدا بە پێوە ڕاوەستاون و تەماشای شانۆی منداڵەکان دەکەن، دەستدەکەن بە چەپڵە لێدان بۆ توانای منداڵەکان لە پێشکەشکردنی شانۆکەدا، لاس بەلایاندا تێدەپەڕێت و منداڵێک دێتە بەردەمی و دەڵێ: لاس تۆ پێتخۆشە برا بچکۆلەکە بوویتایە یان برا گەورە؟ لاس هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: هیچیان. منداڵە دەڵێ: نابێت دەبێت دانەکیان بیت، تۆ یان ئەوەتا برا بچووکیت یان ئەوەتا برا گەورە. لاس دەڵێ: تۆ مەبەستت ئەوەیە یان بەهێزم و یان بێهێز. منداڵەکە دەڵێ: نا خودا بەس برا گەورەی خۆشدەوێت، منیش، کە گەورە بووم برا بچکۆلەکەی خۆم دەکووژم، منداڵەکە ڕادەکات و دەڵێ: خودا بەس منی خۆشدەوێت. لاس هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: چ بێ مێشک و نەزانێک، ئەمجۆرە شانۆیانە بۆ منداڵان سازدەکات. لاس بەرەو ماڵەوە دەڕوات، دەرگا دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە، دەرگاکە لەدوای خۆیەوە دادەخات و دەنگی داخستنی دەرگاکە برا گەورەکەی لاس لەناو خەڵکەکەدا بەئاگا دێنێت و تەماشایەکی دەرگاکەیان دەکات و چەپڵە بۆ منداڵەکان لێدەدات و بزەیەک دێتە سەرلێوی و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: پیاو یان ئەوەتا برا گەورەیە یان ئەوەتا برا بچکۆلەیە، سووپاس بۆ خودا، کە من برا گەورەم.

بە دەنگێکی پڕ نۆتەی نادیارەوە ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ: لاس بەخێر بێیتەوە، ئەوە چۆنە نەچوویت بۆ شانۆی منداڵان؟ لاس بە دەنگێکی خەمبارەوە دەڵێ: سووپاس تیلمە، ئینجا نامەکەی ئەداتە دەستی و دەڵێ: تیلمە گیان ئەو خزمەتان، کە دەڕواتەوە، دەبێت بە زووترین کات ئەم نامەیەم بگەیەنێتە دەستی ئاویاری هاوڕێم، تکایە تۆ خۆت بۆی ڕوونبکەرەوە چلۆن ئاویار دەدۆزێتەوە، چونکە ئەدرێسم لەسەر نەنووسیوە و تەنها نووسیوومە بگات بەدەستی ئاویار. تیلمە دەڵێ: خەمت نەبێت خۆم لەسەری دەنووسم،

ئەو سبەینێ ئێواره دەردەچێت، لێ پێش ڕۆیشتنی دێته لای ئێمه بۆ بردنی نامەکانی ئێمه. تۆ پێمبڵێ: بۆ تەماشای شانۆی منداڵانت نەکرد؟ لاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئەوه کەی شانۆیه، ئەوه فێرکردنی منداڵانه چۆن دواڕۆژ ڕۆڵی دیکتاتۆرێک بەسەر برابچووکدا ببینن و دواکات مەرگیشیان به دروست بزانن. ئەوەی ئەو شانۆیەی بۆ منداڵان نووسیوه یان زۆر گێل و دەبەنگه یان ئەوەتا مرۆڤێکی برا گەورەی دڵڕەقه، مرۆڤێکه ساتان له دەروونیدا دەژیی. تیلمەی براژنی قسەکان به لاس دەبڕێت و دەڵێ: لەکەیەکەوه باوەڕت به ساتان هەیه؟ لەپێش چەند خولەکێکەوه، باشتر بڵێم لەوەتەی ئەو شانۆی منداڵانەم دیووه. تیلمه به سەرنجێکەوه، ئاوڕ دەداتەوه و دەڵێ: ئەها، کەواته شانۆکەت دیووه. لاس لەسەر زەویی دادەنیشێت و پاڵێک ئەدات به دیوارەکەوه و دەڵێ: که هاتمەوه به دیدەنی بەشێکی شانۆکه شادبووم نەک هەمووی. تیلمه، که خەریکی خواردن ئامادەکردنه، بەدەم کارکردنەوه به لاس دەڵێ: لاس گیان، تێمانی برات بۆی باسکردم، که چەند دڵتەنگیت به ڕۆیشتنی ئەفرۆدیته، بەڵام، ئەم هەموو خەمه بۆچیی بۆ منداڵێکی ئاوها دەخۆیت چاوەکەم؟ لاس بێجگه له هەڵمژیینی هەناسەیەکی قوڵ هیچی تر ناڵێت. تیلمه درێژه به قسەکانی دەدات و دەڵێ: ڕات چییه بەرانبەر به خوشکەکەی من؟ لاس چاوەکانی زەق دەردەپەڕنه دەرەوه و ڕەنگی تێکدەچێت و به دەنگێکی زبر دەڵێ: بابەت لێرەدا ژنێک نییه و بەس بابەت لێرەدا خۆشەویستیی منه بۆ ئەفرۆدیته. تیلمه به دەنگێکی کەمێک بڵند دەڵێ: ئا، بەڵام ئەفرۆدیته منداڵێک بوو چەند مانگێک لێره سەرقاڵیکردیت و ڕۆیشت، بەڵام خوشکەکەی من بەجێتناهێڵێت. لاس به دەنگێکی بڵند دەڵێ: نامەوێت. تێمان خۆی دەکات به ژووردا و دەڵێ: چیت ناوێ چاوەکەم لاس؟ لاس بێدەنگیی هەڵدەبژێرێت. تیلمه لەبری لاس وەڵامی تێمانی مێردی دەداتەوه و دەڵێ: تەلای خوشکم. لاس تەلای خوشکمی ناوێت. تێمان تەماشایەکی لاس دەکات و دەڵێ: بۆ ناتەوێت مردووت مرێ، تەماشای خۆت کردووه بەو قەڵافەتەوه گریی گریی دوای منداڵێک کەوتوویت، شەرم له خۆت بکه، تۆ پیاویت گەوره بوویت، خۆ منداڵ نیت هەتیم. لاس هەڵدەستێته سەرپێ و دەڵێ: دەزانن نامەوێت یانی چیی؟ تێمان و تیلمه بێدەنگیی هەڵدەبژێرن. لاس پێڵاوەکانی لەپێدەکاتەوه و دەستدەداته کیسەیەک هەندێک کەلوپەل و پەڕاوەکەی ئیمرۆ و هەندێک جلکی تێدەکات و دەڵێ: من هەڵه بووم هاتمەوه بۆ ماڵەوه. تێمان به دەنگێکی سەرنج ڕاکێش دەڵێ: وەره دانیشه خۆت بێئەقڵ مەکه. لاس وەڵامناداتەوه و دەست بۆ دەرگاکه درێژ دەکات. تێمان قۆڵی لاس دەگرێت و دەڵێ: بەبیر خۆتی بهێنەرەوه بزانه من کێم. لاس به چاوێکی سەرنجراکێشەوه تەماشایەکی تێمانی برا گەورەی دەکات و دەڵێ: هەرچەنده زڕبرا گەورەمیت، لێ پێتوایه تۆ له من خۆشەویستتریت لەلای خەڵکیی و لەلای خوداش، بۆیه حەز به لێدان و شکاندن و کووشتنم دەکەیت. تێمان دەستێک بەرز دەکاتەوه بۆ ئەوەی زللەیەک له لاس بدات. لاس دەستیدەگرێت و دەڵێ: دەزانی بۆچیی برابچکۆلەکه لەژێر داری لێدانی برا گەورەکەیدا له شانۆی منداڵەکاندا نقەی لێوەنەدەهات؟ تێمان وەڵامناداتەوه. لاس دەڵێ: چونکه

نەیدەویست لە برا گەورەکەی خۆی بدات و ئازاری بدات. لێ من ئەو نیم، من چاوەڕوانی بەزەییی برا گەورە ناکەم، چونکە بەهێزم، جیهانیش واتای نمایشکردنی هێز، منیش هیچ نیم بێجگە لە ویستێکی تری هێز، نەک برایەکی بچکۆلەی کۆیلە، کە چاوەڕوانی بەزەییی برای گەورە بکات. لاس دەچێتە دەرەوە و دەرگا لەدوای خۆی دادەخات. ئەو چوونە دەرەوەیەی لاس دەچێتە دەرەوە چیدی جارێکی دی ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. لە ژوورەوە تێمان و تیلمە دەبێت بە دەنگە دەنگیان، بەشێوەیەک، کە دەنگیان دەگاتە دەرەوە. تێمان بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: لە پرچەکەی حەوا بەم. ئەگەر ژن چاکیان هەبوایە، ئەوا خودا دانەیەکی بۆ خۆی هەڵدەبژارد. تێمان دەرگای پەنجەرەکەیان دەکاتەوە، کە ڕووی کردۆتە سەر پارکەکەی دەرەوە و لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئاسمان دەکات و دەڵێ: ژنت بە پیاوی هەموو جیهانداوە، کەچیی خۆت ژنت نییە، ئەگەر ژن چاکی هەبوایە تۆش ژنێکت دەبوو، پەنجەرەکە دادەخاتەوە و ماڵەکەیان بێدەنگ دەبێت.

لاس لە گەڕەکەکەیان دوور دەکەوێتە و لەدواوە لە دوورەوە تەنها سکێچی بەژنی دیارە، دەگاتە سەر گۆشەی جادەیەک و بەدەستە چەپدا دەڕوات و لەچاو وندەبێت.

لەسەر پلاکاتێکی گەورە وێنەی شیمێرێک "سەری شێرە، ناوەڕاستی بزنە، ژێرەوەشی هەژدیها" شیمێرێک بە قوونەوە دانیشتووە و دەستەکانی ناوەتە سەریەک و لەسەر تاشەبەردێک دایناوە و لەسەرلا تەماشای لاتەنیشی خۆی بەلای ڕاستدا دەکات. بەشێوەیەک، کە هەرچیی تەماشای وێنەکە بکات زیاتر شان و مل و باسک و دەستی بە دیووی دەستە چەپدا دەبینێت. لە توونێلێکی گەورەدا لاس سەرنج لە وێنەکە دەدات و دەڵێ: ئەمە دەبێت چ فانتازیایەک بێت وەها لە مرۆڤ بکات بیر لە کێشانی تابلۆیەکی ئاوها بکاتەوە؟ تابلۆکێشەکە هەناسەیەکی قوڵهەڵدەکێشێت و دەڵێ: ڕاستە ئەم شیمێرانە مێژوویان لە ئەندێشەی مرۆڤدا زۆر قوڵ ڕۆیشتووە، لێ زانایانی ئێستا هەمیشە لە شەڕی دروستکردنی ئەم شیمێرانەدان لەگەڵ کەنیسە و مزگەوتەکاندا. من زیاتر هاوڕێی ساتیرم " دێمۆنێکی سروشتیی، نیوە مرۆڤ، نیوەئاژەڵ، سەرەوە مرۆڤ پێکانیان پێی کەڵەکێویی، هاوڕێی هەمیشە لەگەڵدابووی دیۆنیسۆسن" نەک شیمێر، لێ شیمێرەکانیشم خۆشدەوێت، چونکە هێزێکی گەورەیان تێدادەبینم. لاس بە سەرنجەوە دەڵێ: ئەی بۆچیی ساتیرێکت دروستنەکرد؟ تابلۆکێشەکە دەڵێ: ساتیرم زۆر دروستکردووە، لێ من پێموایە ئەم شیمێرە بەم زووانە کێشە دەنێتەوە و تەواوی جیهان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات. کێ ناڵێت ئێستا دروستیان نەکردووە و لە دارستانەکانی ئامازۆندا بەرەڵایان نەکردووە خۆی بژیەنێت. قەشەیەک بەلایاندا تێدەپەڕێت و تابلۆکێشەکە دەست بۆ قەشەکە ڕادەکێشێت و بە لاس دەڵێ: مرۆڤ نیوە ئاژەڵ و نیوە مرۆڤ بێت زۆر چاکترە وەک لەوەی قەشە بێت. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: پێدەچێت جەنابتان ئەنتی قەشە بن. تابلۆکێشەکە دەڵێ:

ئەنتی دارمانی مرۆڤم، ئەنتی بەندکردنی مرۆڤم، ئەنتی کۆیلەکردنم، کاری ئەمانەش هەموو بەپێچەوانەی منەوەن، مرۆڤ بەندکردن، کەمکردنەوەی بەهاکانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئازاد و کۆیلەکردنیان. لاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێ: لێ مەلاکان و ئیمامەکانیش کاری وەها دەکەن، یەهوودەکانیش دەیکەن نەک بەتەنها ئەمانە وەک کریست. تابلۆکێشەکە چەند نەخشێک بۆ تابلۆکەی بەردەمی زیاد دەکات و دەڵێ: هەموویان نەوەی یەک ئەقڵن، هەموویان نەوەی یەهوودن، چ کریست و چ ئیسلامیش هیچ جیاوازییەکیان نییە. ئەگەر تۆ بۆ ڕەچەڵەکی دیکتاتۆریی بگەڕێیت ئەوا ڕەگی وا لەناو خودای تاک و تەنها و بێ شەریک و بێ شوێن و ئەدرێسدا. چ نەبێت خواکانی یۆنانی کۆن شوێن و ئەدرێسێکیان هەبوو، ژنیان هەبوو منداڵیان هەبوو هەندێکیان منداڵیان لە مرۆڤیش هەبوو. ئەمانە هاتن هەموو خوداکانیان کووشت و خۆیان بوونە دیکتاتۆری ئەم گەردوونە و کەسیشیان نە ژنیان هەیە و نە منداڵ. لاس بە کەمێک پێکەنینەوە دەڵێ: ئەی عیسا کوڕی خودا نییە؟ تابلۆکێشەکە بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: ئەگەر لە مێژووی مرۆڤایەتییدا درۆیەکی گەورە گەورە لەگەڵ مرۆڤدا کرابێت ئەوا بە کوڕی خوابوونی عیسایە. عیسا مەرگی خۆی بەو خاچەوە پێویست بوو هەتا درۆیەکی گەورەی تر لەگەڵ مرۆڤ و جیهاندا بکاتەوە. خوا لە عیسادا لەدایکبوو وەک کوڕ، کوڕیش بە خاچدا چوارمێخەی کێشرا باوک و کوڕ هەردووکیان پێکەوە مردن هەتا پێکەوە درۆیەکی تر لەگەڵ خەڵکدا بکەنەوە. لە هەموو تابلۆکانی داڤینچیدا عیسا و مارییا ماگدەلینە پێکەوەن و نزیکن لەیەکەوە، هەموو ئەمانە ئەو ڕاستییەمان لادەردەخەن، کە عیسا و مارییا ماگدەلینە خۆشەویستیی یەکبوویێتن، لێ ئەم قەشانە هەموو ئەو ڕاستییانە دەشێوێنن و کەس بۆی نییە پەردە لەسەر ئەو ڕاستییانە هەڵبداتەوە. ئەمانە دەیانەوێت خەڵک ئازار بچێژێت خەڵک خەم بخوات، چونکە عیسا ئازاری چەشتووە و خەمی خواردووە. لەم شوێنەی، کە منیشی تێدا دەژییم ئەمانە تێیدا باڵادەستن نەک ئیسلام و یەهوود، کەواتە من کێشەم زیاتر لەگەڵ ئەمانەدایە نەک لەگەڵ ئیسلام و یەهووددا. پێدەچێت لەو شوێنانەی ئیسلام و یەهوود باڵادەستن خەڵک زیاتر کێشەیان لەگەڵ ئەواندا هەبێت نەک لەگەڵ کریست و قەشەکان و پاپاکانیاندا. لاس بە پەنجەیەک نێوچەوانی دەخورێنێت و دەڵێ: ئەی تۆ چیت پێباشە؟ پێتوایە کلتووری مرۆڤ پێویستی بە خودایەک یان چەند خودایەک هەیە؟ یان هەرهیچیانی ناوێت؟ تابلۆکێشەکە خەتێکی ڕەشی قەڵەو لەبنی تابلۆکەیدا وەک سێبەر دەکێشێت و دەڵێ: ئەگەر من ئەو دەستەڵاتەم دەبوو، ئەوا ژیانم دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی خوداکانی یۆنانی کۆن چ نەبێت ئەو دەم کۆمەڵ لەسای خواکان و ڕۆشنبیرەکانیانەوە خاوەنی شارستانیەت بوون و دەستەڵاتدارانیان ئەقڵیان لە خزمەتی مرۆڤدا خەرج دەکرد نەک لە دژی مرۆڤ و ئازادییەکانیدا. ئەم قسەیەی تابلۆکێشەکە سەرنجی لارس ڕادەکێشێت و دەڵێ: پێتوایە ئەو خودایانە جارێکی تر لەدایکببنەوە؟ مەبەستم ئەوەیە، مرۆڤ، کە مرد ئیدی هەستانەوەی نییە، ئەو خودایانەش هەرچییەک بووبێتن یان ئەگەر شێوەی مرۆڤیشیان هەبووبێت، لێ دواکات مردوون. تابلۆکێشەکە

دەستێک دەخاتە سەر شانی لاس و تەماشایەکی تابلۆکەی  دەکات و دەڵێ: جەستەی هەموو گیانلەبەرێک لەدایکدەبێت و باڵادەکات، لێ دواکاتیش دەمرێت، ئا لێرەدا وەک چلۆن درەختەکان لە پاییزی ساڵدا لاواز دەبن و بەرەو مردن دەڕۆن ئاوهاش گیانلەبەران دەمرن، لێ چلۆن درەختەکان لە بەهاری ساڵدا سەوز دەبنەوە من باوەڕم وەهایە، کە مرۆڤیش سەرلەنوێ سەوزدەبێتەوە، لێ پێدەچێت لە شێوە و فۆڕمێکی تردا نەک لە سەدا سەد وەک جارانی خۆی. لاس هەنگاوێک لە تابلۆکە دێتەپێشەوە و دەڵێ: مەبەستت بودایانەیە، هەموو شتێک شیاوی مردنە و لێ دواکات لە شێوە و فۆڕمێکی تردا لەدایکدەبێتەوە، ئینجا ئەگەر لە شێوە و فۆڕمی ئایندەدا مریشکێک بین یان ماسییەک لە دەریادا هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. تابلۆکێشەکە تەماشایەکی لاس دەکات و دەڵێ: دەمخۆش. ئاوهاش ڕۆژێک دادێت، ئێمە تسۆیس و هێرای ژنی لە فۆڕمێکی تردا ببینینەوە، لێ توانای ناسینەوەیمان نەبێت، ئەپۆلۆ و ئەفرۆدیتە لە ستایلێکی تردا ببینین و نەیانناسینەوە، لێ هەموو ئەمانەش ئاواتی منە، کە میتافیزیکیانە باوەڕم بەم یۆتۆپیایەیە، کە ڕۆژێک بە دیداریان شادبم و جیهان بچێتەوە ژێر ڕکێفی ئەوان و لەدەست دیکتاتۆریەتی خودای تاک و تەنها ڕزگارمان بێت. دەستەکانی بڵاودەکاتەوە و تەماشای تابلۆکەی دەکات و دەڵێ: مادام ئەدەب هونەر هەیە ئەپۆلۆش زیندووە، مادام خۆشەویستیی و جوانیی هەیە ئەفرۆدیتەش هەیە، مادام هونەری موسیک و تراژیدیا هەیە ڕۆحی دیۆنیسۆس لەناوماندا وەک گوڵ پشکووتووە. لاس سەرسووڕماوانە سەرنجی تابلۆکێشەکە دەدات و دەڵێ: باوەڕت بە ئەفرۆدیتە هەیە؟ تابلۆکێشەکە دەست بۆ تابلۆکەی ڕادەکێشت و دەڵێ: ئەگەر باوەڕم پێی نەبێت ئەم هەموو جوانییە چییە من داومە بەم تابلۆیە؟ لاس هەنگاوێکی تر لە تابلۆکێشەکە دێتەپێشەوە و چاوەکانی لە چاوی دەبڕێت دەڵێ: پێتوایە ئەفرۆدیتە بگەڕێتەوە؟ تابلۆکێشەکە دەمووچاو لە لاس دێنێتەپێشەوە و لووتی بە لووتیەوە دەنووسێنێت و دەڵێ: من پێموایە ئەفرۆدیتە دەستی لەنێو دەستدا بووە، من پێموایە ئەفرۆدیتە پەلاسی نێودەمیشی ماچکردبێت هەی گەمژەی ناو گەمژەکان. لاس هاوارێکی لێهەڵدەستێت و تەلاسی هاوڕێی یەک دووجار توونت توونت ڕایدەوەشێنێت و دەڵێ: لاس ... لاس... لاس ماڵکاول ئەوە چیتە؟ لاس هەتا هێزی تێدابێت پاڵێک بە تەلاسی هاوڕێیەوە دەنێت، بەشێوەیەک چەند مەترێک فڕێیدەداتە دواوە، لەم کاتەدا توونێلبانەکە بە خێرایی دەگاتە وێستگەکە و دەنگی ئیستۆپکردن و خێراتێپەڕیینی لاس دادەچڵەکێنێت و بەهۆشی خۆیدا دێنێتەوە. لاس بە هەناسەبڕکێیەکەوە تەماشای دەوری خۆی دەکات دەبینێت تەلاس کەوتووە، دەچێتە لای و هەڵیدەستێنێتەوە، تەلاس بە کەمێک تووڕەییەوە دەڵێ: لاس چیتە بۆ وا تووڕەیت؟ لاس بە شپرزەییەوە دەڵێ: ئەگەر من پاڵم نابیت ببووره، لێ باوەڕدەکەم شێت بووم، یان لانیکەم شێت دەبم یان نازانم چیم لێ ڕوودەدات. تەلاس بە تەوسێکەوە دەڵێ: خەمت نەبێت شێت بوویت، زیاد لە نیوو کاتژمێرە تۆ قسە لەگەڵ مندا بە حسابی کەسێکی تر دەکەیت، ئەوەی من لەگەڵتا گووتم، فڕی بەو قسانەوە نەبوو، کە تۆ بە وەلام، وەڵامی منت دەدایەوە، یان ئەو پرسیارانەی

لێتدەکردم، هەتیوو بە ڕاستیی تێکچوویت، باسی شتی وەهات دەکرد من لە ژیانمدا نە ناسیوومن نە بیستوومن. پێموایە تۆ زۆر تەماشای فیلمیی گەلاکسیی دەکەیت، خۆ تێدەگەیت ستارتریک و گەلئەستێرە و شتی ئاوها. تاکە شتێک، کە تێگەیشتبێتم ئەوە بوو گووتت: پێتوایە ئەفرۆدیتە بگەڕێتەوە؟ منیش دەڵێم: نەخێر قەت ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە، چییداوە لێرە داماوە، تۆ پێویستە بچیتە لای نەک ئەو بگەڕێتەوە بۆ ئێرە. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای دیوارەکەی تەنیشتی دەکات و بە تەلاس دەڵێ: تەلاس، کە ئێمە هاتین ئەم تابلۆیە هەر لێرە بوو؟ تەلاس دەڵێ: کامە تابلۆ؟ لاس دەست بۆ دیوارەکە درێژ دەکات و دەڵێ: ئەمە، ئەم تابلۆیەی، کە سەری شێرە و ناوەڕاستی بزنە و بنیشی وەک کلکی ئەژدیها وەهایە. تەلاس دەستەکانی وەک باوەش بە ڕوومەتەکانی لاسەوە دەگرێت و دەڵێ: لاس گیان بە قووربان دەزانم هیلاکیت، لێ بەوشێوەیەش نا، کە دەروونی خۆت ماندوو بکەیت بەساقە. ئەو دیوارە ڕووتە هیچ تابلۆیەکی پێوە نییە، ئەوەی تۆ دەیبینیت ئێلیزیۆنە "هیچی نەبوو، ئەندێشە" و هیچی تر نا. دەرگاکانی تونێلبانەکە دەکرێنەوە، لاس و تەلاس سەردەکەون و لە قەرەباڵغیی خەڵکەکەی ناو تونێلبانەکەدا وندەبن و دوای چەند چرکەیەک تونێلبانەکە لێدەخوڕێتەوە و دەڕوات.

کۆسان بە خەمێکەوە دەڕوانێتە لاس و دەڵێ: من لە لەدایکبوونی تراژیدیای فریدریش نیچەدا فێربووم، کە موسیک وتنە، مرۆڤ دەتوانێت لەبەرخۆیەوە بیڵێتەوە. مارتین هایدیگەر هەمانشێوە باس لە کێشەی فەوتانی هونەر دەکات بەتایبەت تابلۆ و پەیکەر، باس لە توانای گوێزانەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەکات، لێ موسیک دەنگدانەوەیە، ئەم دەنگەش مرۆڤ دەتوانێت لە ڕۆحی خۆیدا هەڵیبگرێت، کەچیی ناتوانین پەیکەرێک و تابلۆیەک و کتێبێک لە ڕۆح و مێشکماندا هەڵبگرین. هەرچەندە فریدریش نیچە لە لەدایکبوونی تراژیدیادا دەڵێ: شیعر دەتوانرێت بگووترێتەوە ئەمەش لە مەترسیی فەوتان ڕزگاری دەکات. ئەلێساندرۆ باریکۆ لە پەڕتووکی " ڕۆحی هێگل یان مانگاکانی ویسکۆنسین" دا دەڵێ: موسیک: مرۆڤ توانای هەڵگرتنی هەیە لەناو خۆیدا، لێ کتێب و پەیکەر و بەرهەمی هونەری تر، کە دەنووسرێنەوە یان دەکێشرێن "تابلۆ" شیاوی سووتاندن و فەوتاندن. لاس گیان نامەوێت نیگەرانت بکەم، لێ بیرت لەوە کردۆتەوە، ئەگەر ڕۆژێک ئەم پەڕاوەت لێ ون بوو یان لە ڕێگا لێتکەوت یان بە هەرشێوەیەک بێت بفەوتێت؟ لاس بە باوەڕێکەوە دەڵێ: ئەم پەڕاوە وننابێت. کۆسان دەڵێ: من دەڵێم چیی ڕوودەدات ئەگەر ون بێت؟ لاس دەڵێ: جیهان ڕۆدەچێت. کۆسان دەڵێ: دەکەواتە پێشئەوەی جیهان ڕۆبچێت تۆ هەوڵبدە هەرچییەک دەنووسیت لە مێشکیشتدا هەڵیبگریت "لەبەری بکەیت". لاس دەڵێ: من ناتوانم هۆنراوەکانم لەبەربکەم. کۆسان دەڵێ: ئەمە ویستی تۆ نییە، بەڵکوو ویستی هونەرەکەتە، کە دەبێت لەبەری بکەیت. هونەرەکەی تۆ قسەیە، ئەو قسانەش نووسراونەتەوە، دەتوانرێت بفەوتێن، لێ ئەگەر لەبەرت بوو ئەوا دەتوانیت بیڵێیتەوە و سەرلەنوێ بینووسیتەوە. کۆسان لە جانتاکەیدا کەمانچەکەی و پەڕاوی

نۆتەکانی دەردێنێت و دەڵێ: من ئەم دوانەشم لە ڕێگا لەکیس بچێت هیچ خەمم نییە. بە فیکە موسیکێکی مۆتسارت " سەمفۆنیی 31، ئەداگیۆ ئەلگێرۆ" دەڵێتەوە. کۆسان پاش چەند چرکەیەک کۆتایی بە فیکەلێدان دێنێت و دەڵێ: ئەگەر تۆش هۆنراوەکانت لەبەربکەیت، ئەوا هەرکات لە ڕێگا لێتکەوت نە تووڕە دەبیت نە خەمی بۆ دەخۆیت، بەڵکوو درێژە بە نووسینی هۆنراوەی تر لە مێشک و ڕۆحتا ئەدەیت. بیهێنە بەرچاوی خۆت لەم جیهانە پڕ شەڕەدا دەیان شاعیری کوێر هەیە و لە ژیانیاندا یەک دێڕیان نەنووسیوە، لێ خاوەنی دەیان هۆنراوەن، ئەزانی بۆچیی؟ چونکە هۆنراوەکانی خۆیانیان لەبەرکردووە. تۆ بۆئەوەی هۆنراوەکانت ڕزگاربکەیت، پێویستە خۆت کوێر بکەیت. دیارە مەبەستم فیزیکیی نییە بەڵکوو میتافیزیکییە، تۆ بیهێنەبەرچاوی خۆت، کە تۆ کوێریت و چیدی ناتوانیت بنووسیت، تەنها ئەوە نەبێت هۆنراوەکانت لە مێشک و ڕۆحی خۆتدا هەڵبگرە. من بە فیکە دەتوانم بوونی موسیکەکەم بسەلمێنم، لەوێدابوونی هونەرەکەی من لە دەنگدانەوەی میلۆدییەکانی مندایە بە فیکە، لەوێدابوونی هۆنراوەکانی تۆش لە وتنەوەیدایە بە قسە. کەواتە من فیکە لێدەدەم و تۆش قسە بکە.

لاس دەستێک بە دەموچاویدا دەهێنێت و دەیەوێت قسە بکات، کۆسان بە سەرنجەوە هەم تەماشای دەکات و هەمیش چاوەڕوان دەکات لاس قسە بکات، لێ لاس بێجگە لە حەپەساوییەک هیچ شتێکی تر لە ڕووخسارییدا نابینرێت. وەک چلۆن ڕۆژنامەوانێک بە خۆی و مایکرۆفێنێکەوە لەبەردەمی ستارێکی گەورەدا ڕاوەستابێت و چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارێکی بکات و ستارەکەش سەرەتا دەمی دادەچەقێنێت و بە حەپەساوییەوە دەڕوانێتە کامێراکە و پاشان دەڵێ: هیچ، هیچ کۆمێنتارم نییە. لاسیش هەمانشێوە دەڕوانێت و دەڵێ: بڵێم چیی. کۆسان دەڵێ: هەرشتێک بێت بیڵێ. لاس دەستێک بە پرچییدا دەهێنێت و دەڵێ: من ناتوانم هۆنراوەکانم لەبەرخۆمەوە بڵێمەوە، من یەک دێڕ هۆنراوەی خۆمم بۆ نا گووترێتەوە، پاشان من هۆنراوە دەنووسم، لێ من لیریک نووس نیم، توانای ئەوەشم نییە ئۆرگانێک لە خۆمدا بکووژم هەتاوەکوو هەستی لەبەرکردنی تێکستەکانم وەک مرۆڤێکی کوێر لە خۆمدا بەهێزبکەم. کۆسان بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: واتای چیی، تۆ لیریک نووس نیت، من دەیان کۆپلەی لیریکی تۆم خوێندۆتەوە. لاس دەڵێ: بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە، کە من خۆم تەرخانبکەم بۆ نووسینی لیریک، من لە نائاگاییدا دەنووسم، باس لە تراژیدیاکانی خۆم و ژیان و جیهان دەکەم، هەندێکجار وازیی بە وشەکان لە نۆتە و ڕیتمدا دەکەم، هەندێکجاریش نا.

من پێموایە ئیستاتیکای شیعر و تراژیدیای خۆم وەک دوانەی لێکجیانەکراوەن، من جارێک ئەپۆلۆم و جارێکیش دیۆنیسۆس. کێشەی منیش ئەوەیە، کە لە هەلومەرجێکی دژوار و تراژیدا چ لەدایکبووم و چ دەژییم، ژیانم بریتییە لە ڕاکردن و خۆشاردنەوە و هەڵهاتن لە توونودتیژیی. ئەم ژیانەش منی کردووە بە کەسایەتییەکی چاونەترس و ئازا.

ئالێرەوە شیعری من شیعرێکە بۆ تاک نەک بۆ کۆمەڵ، چونکە شیعری من لێوان لێوە لە ئازار و ژان. هونەری من کەمتر لە خۆگوونجاندن نزیکدەبێتەوە، هەروەک چلۆن خۆشم کەسێکم ناتوانم خۆم بگوونجێنم لەسەر ژیانی خەڵکانێک، کە بیرکردنەوەم پەسەندیان ناکات، بەمشێوەیە من ناتوانم تەبا و ئاسوودە لە کۆمەڵێکی ئاوهادا بژییم، ژیانی من ژیانێکی ئیندیڤیدوواڵە. شیعری من شیعری شاعیرێکی نائاگایە، کە لەگەڵ خودایەکی وەک دیۆنیسۆسدا خەریکی سەماکردن و شەراب خواردنەوەیە. من چەند نائاگایانە بنووسم ئەوەندە لە خۆم نزیکدەبمەوە و ئەوەندە خۆمم، ویستەکانی من وەک تاکێکی ئیندیڤیدووال پێناسی ئێنتیتێتی "لەویدابوون"ی خۆم دەکات نەک هی کەسێکی تر. ئەو شاعیرانەی شیعر لەسەر ویست و داوای میدیا و پارت و خەڵکیی و دەستەڵات دەنووسن شیعرەکانیان چەند جوانیش بن، لێ هێشتا وەک ئیدیالترین تابلۆی خودایەک دەردەکەوێت، کە سەری پێوە نەبێت. تۆ تەماشای لەدایکبوونی تراژیدیای نیچە بکە، لەلای ئەو لیریک پابەندە بە ڕۆحی موسیکەوە نەک موسیک بە لیریکەوە، موسیک لێرەدا پێویستی بە چەمک و وێنای ئەو نییە، بەڵکوو موسیک چەمک و وێنەی ئەو لە تەنیشت خۆیەوە قووتدەکاتەوە. کەواتە من بۆم نییە موسیک بکەمە خزمەتی شیعری خۆمەوە، بەپێچەوانەوە دەبێت شیعر لە خزمەتی موسیکدابێت. لەلای ئێمە موسیک خراوەتە خزمەتی هەمووشتێکەوە، تەنانەت موسیک کراوەتە خزمەتی شیعر خوێندنەوەی شاعیرانیشەوە. لیریک دەبێت خاوەنی پەیڤێک بێت، کە بتوانێت ئۆرگان و سیمبوڵی قوڵیی ناوەوەی موسیک لە دەرەوەدا دەربخات. لیریک نووس دەبێت لەیەککاتدا کەسایەتییەکی شاعیر و سەماکەر و موسیککار و ڕۆحبین بێت، ئەو کەسەی خاوەنی ئەم تایبەتمەندێتییانە بێت خاوەنی کلتووری گۆرانیی گووتنە، خاوەنی تراژیدیایە. موسیک وەک نۆتە و ڕیتم جیهانێکە لە ناوەوەی مرۆڤدا، کە موسیککار لە هەناوی خۆیدا هەڵیدەگرێت بەبێئەوەی بستە زەوییەک لە دەرەوەی ئەودا داگیربکات. بەڵام کاک کۆسان شیعرەکانی من لە دەرەوەی مندان و توانای داگیرکردنی شوێنیان هەیە، چونکە ئەوان تێکستن و دەکرێن بە کتێب. ئیدی ئەمەش نۆرماڵە، کە هەرشتێک شوێنێکی داگیرکرد توانای فەوتانیشی هەیە، ئەگەر هاتوو چارەنووسی شیعرەکانی منیش فەوتان بوو، ئەوا ئیدی من ناتوانم ببمە ئەو سووپەرمانەی، کە ئەوان لە فەوتان ڕزگاربکەم. من توانای لەبەرکردنی ئەو هەموو تێکستەم نییە.

تەلاس بە چیچکانەوە دانیشتووە و خەریکی کۆڵەپشتەکەی بەردەستیەتی، بە هەناسەیەکی قوڵەوە سەرێک هەڵدەبڕێت و دەڵێ: پێموایە هیچ شتێک نەماوە لەم کۆڵەپشتەدا جێگای نەکەمەوە، لانیکەم ئەو شتانەی، کە ئێمە لەم سەفەرەدا پێویستمان پێیەتی. لاس بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: تەلاس گیان بەڕاستیی هەندێکجار، کە تەماشات دەکەم و لەو پرچە زەردەت و لەو چاوە شیینانەت دەڕوانم، تووشی تێڕامان دەبم، چونکە بەو ڕیتم و ڕیتوالەتەوە، کە پێیدەدوێیت، هەرگیز وەک سەرچڵێک نادێیتە بەرچاوم. کۆسان بە

نەرمییەکەوە دەڵێ: لاس گیان لە ئاوی مەنگ بترسە. تەلاس دەڵێ: بڵێم چیی، هەندێکجار ناوەکان ناتوانن بمانکەن بەو کەسایەتییانەی، کە لە واتاکانیاندا هەیە. پێدەچێت کۆسان شەوێک لە سەختیی لوتکەی شاخێکی بەفریینددا بەرگەی ژیان نەگرێت و پێشدەچێت پێچەوانەکەی بێت. بۆ منیش هەمانشێوە، پێدەچێت سەرچڵ بم، لێ پێشدەچێت پێچەوانەکەی بم. هەمانکات لاس گیان، خودی ناوەکەی تۆش هەمانشێوەیە، لەوانەیە بچیتە گووندێکەوە لە کوردستان قاقا بە ناوەکەت پێبکەنن، چونکە لە هەندێک دیالێکتی ئێمەدا ئەو پیتی "س"ە دەکرێت بە "ز" هەروەک چلۆن "د" دەکرێت بە "ت"، ئاوها بەمشێوەیە، پێتبڵێن: لاز و قاقا پێبکەنن پێت. لازیش بە واتای شیاکە یان بە واتای بەرانێکی تەمەن چوار ساڵە. لە هەندێک شوێنی تردا بە خۆشییەوە ناوت وەک لاس دێنن، ئەمەش بە واتای جاحێڵێکی جوان و باش. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ ئێستا تۆ پێتوایە، کە جاحێڵێکی جوان و باش بیت؟ کەواتە ناوەکانمان تەنها ڕێگایەک بووە بۆ ناسینەوەمان و چیدی نا، واتاکان لە ناوەکانماندا کەمتر ڕۆڵیان بینیوە. چەندەها کەس ناویان هێمن و ئارام بووە، لێ لە هەمووومان تووڕەتر و خۆتووندکەرتر بوون. هەبووە ناوی ئازاد بووە، لێ لە هەمووومان دیلتر بووە. لە ژیانی مندا هێشتا هەلومەرجێک نەهاتۆتەپێشەوە، کە بتوانێت جەخت لەسەر سەرچڵبوونی من بکات. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: قسەکانت لەجێگای خۆیدایە، من هێشتا بیرم لەم ڕەهەندە نەکردۆتەوە، لێ پێدەچێت کاتی ئەوە هاتبێت، کە بزانین ئاخۆ وشەکان ئەو واتایە دەبەخشن، کە هەیانە یان ئەوان واتاکانی خۆیان لەکیسداوە. مرۆڤ چیی بکات کاتێک وشەی مرۆڤدۆستیی، دادپەروەریی، یەکسانیی، ئازادیی، دیموکراتیی، ماف و ... هتد. واتاکانی خۆیان لەکیسدەدەن؟! مرۆڤ بۆچیی وشەی دادپەروەریی هەبێت لەکاتێکدا دادپەروەریی لەو نیشتیمانەدا واتای نەماوە و پڕاکتیزە ناکرێت؟! مرۆڤ وشەی نیشتیمانی بۆچییە لەکاتێکدا ئەو هەست بەوە ناکات لە شوێنێکدا دەژیی، کە نیشتیمانی ئەوە؟! مرۆڤ وشەی ئازادیی بۆ چییە لەکاتێکدا ئازادیی تەنها وشەیە و واتای خۆی پڕاکتیزە ناکات؟! ڕەش بۆچیی سپیی نەبێت و سەوز بۆ سوور نەبێت لەکاتێکدا بوونیەتەکان لە وشەکاندا واتاکانیان لەکیسداوە. خۆ جیهان هەنووکە بێجگە لە جەهەننەمێک پڕ لە خەم و ئازار هیچ واتایەکی تری نییە، ئاییمان بۆچییە کاتێک نەتوانێت ئاسوودەمان بکات؟! کلتوورمان بۆچییە کاتێک کاری ئەو تەنها ئەوەیە دیلی خۆیمان بکات؟! پەیڤمان بۆچییە "زمان" کاتێک کاری ئەو تەنها ئەوەیە لەیەکتریی تووڕەمان بکات ئەرگۆمێنتمان بۆ نانەوەی شەڕ پێ دروستبکات؟! مرۆڤ بۆچیی هەوڵی دروستکردنی پەیڤێکی تر نادات بۆ ڕزگارکردنی واتاکان لەکاتێکدا ئەو وشانەی ئێستا هەمانە بەها و واتای خۆیان لەکیسداوە؟! مرۆڤ ئاژەڵێکی ژیر نییە، بەڵکوو ڕێکەوتێک وەهایکردووە، کە مرۆڤ خاوەنی بەشێکی کەم ئەقڵ بێت و ئەم ئەقڵەش وەچە بە وەچە بگەیەنێتە ئایندە و فەرمانڕەوایەتیی جیهانی پێبکات.

تەلاس  هەڵدەستێتە سەرپێ وکۆڵەپشتەکەی لەپشت دەکات و دەڵێ: ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین. هەرسێکیان پێکەوە دەکەونە ڕێگا، بە کۆڵانێکی جەنجاڵدا تێدەپەڕن لە دەستە ڕاستی کۆڵانەکەدا ئاسنگەرێک بە زرمە و دەنگی وەشاندنی چەکووشەکەی جیهانێکی تایبەتی لە کۆڵانەدا دروستکردووە، جیهانێک، کە لە ڕیتوالێکی تایبەت و ئیندیڤیدووالدا سەرنجی هەموو ڕێبوارانی ڕێگا بۆ لای  خۆی ڕادەکێشێت. هەرسێکیان بە سەرسووڕمانەوە لە جێگای خۆیان دەوەستن و تەماشای دوکانەکە دەکەن. پیاوێکی مەچەک ئەستووری سەر و ڕیش سپیی لەبەردەمی کورەیەکی پڕ ئاگر و سوورەوەبوودا لەگەڵ شاگردێکیدا، کە زیاتر بە کوڕی خۆی دەچوو، بە چەکووشێکی گەورە و ئەستوور "پیک" ئاسنێکی سوورەوەبوو دەکووتێتەوە. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: بەختەوەرم، کە من ئەو ئاسنە سوورەوەبووەی ژێر ئەو چەکووشە نیم. کۆسان دەڵێ: تۆ دەیانساڵی تەمەنت لەژێر زەبری چەکووشدا ئاسنێکی سوورەبوو بوویت، بەبێئەوەی درک بە خۆت بکەیت. ئێمە هەموومان پارچەیەک ئاسنی سوورەوەبوو بووین، ئەو شێوەیەمان بە خۆمان نەدابوو، کە خۆمانین، بەڵکوو لەژێر زەبر و هێزی چەکووشدا شێوەیەکمان وەرگرتبوو، کە لێیان داواکردبووین، یان لێیان دروستکردبووین. تەلاس هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: من دەمەوێت چەکووش بم نەک ئاسنێکی سوورەوەبووی ژێر زەبری چەکووش. تەماشای لاس و کۆسان دەکات و دەڵێ: تکایە پێنج خولەکم کات بدەنێ. کۆڵەپشتەکەی دادەگرێت، بۆردەکەی و پاکەتێک ڕەنگ دەردێنێت و لەسەر لاپەڕەیەک دەستدەکات بە کێشانی سکێچی پیرەمێردە ئاسنگەرەکە. تەلاس دەستی بە خێراییەکی هونەرمەندانەی ئیدیال دەجوڵێنێت، بەشێوەیەک مەگەر بەس پیانۆژەنێک بتوانێت بەوشێوەیە، ڕۆح و دڵ و هۆشی لەسەری پەنجەکانیدا کۆبکاتەوە. لە چەند خولەکێکی کەمدا سکێچەکەی تەواو دەکات و لەژێرەوەیدا دەنووسێت "هێز شێوە دروستدەکات". لاس چاوێکی لەسەر چەکووشەکەی دەستی پیرەمێردەکەیە و چاوێکیشی لەسەر سکێچەکەی تەلاس، هەنگاوێک دێتە پێشەوە بۆ لای تەلاس و دەڵێ: ئەم هونەرەی دەستی تۆ وەک سکێچێک بە وتەی مارتین هایدیگەر شیاوی گواستنەوەیە، لێ هەمانکاتیش شیاوی لەناوچوونە لە سەفەرەکەی ئێمەدا. تەلاس کۆڵەپشتەکەی هەڵدەگرێتەوە و دەڵێ: تا ئەو سنوورەی بۆم دەکرێت دەیپارێزم لە گواستنەوەیدا، ئەگەر بۆشمنەکرا ئەوا دەبێتە یادگارێک و ئەوسا تۆ دەتوانیت بە هۆنراوەیەک قسەی لەسەر بکەیت، باس لە وەشانی چەکووش بکەیت و وەک نیچە پرسیاری پێبکەیت. یان ئەوەتا کۆسان دەتوانێت بیکات بە ئاوازێک. کۆسان دەڵێ: ئەوەی من ئێستا بتوانم بیکەم هەڵهێنانەوەی هەنگاوی ئەم سەفەرەیە، تکایە با بڕۆین و چیدی لەناو تابلۆکانی ئەم شارەدا نەیەین و نەچین.

سەرەتای گەلاوێژی ساڵی 1994ە، شوێن دەشتاییەکی پان و بەریین، لە زۆر شوێندا گژوگیا بە گڕی هەتاوی گەلاوێژ زەرداگەڕاون و وشکیانکردووە، هەرسێکیان لە تەنیشت یەکەوە ڕاوەستاون و تەماشای پێشەوەی خۆیان دەکەن. تەلاس دەڵێ: جوگرافیای ئەم

سەفەرەمان تێکەڵەیەکە لە هەموو شت. دەشت، چیا و دۆڵ، دارستانی چڕوپڕ. کۆسان قاچێک لەسەر زەویی دەخشێنێت و دەڵێ: من پێموایە هەرچیی دەشتە وا لە پشتمانەوە، ئێمە ئەومان بڕیوە، لێ ڕێگایەکی درێژ لێوانلێو لە دارستان و دۆڵ و چیا وا لەپێشمانەوە. لاس دەڵێ: ئەوەی لە هەموو شت گرنگترە دەبێت ئاگاداریی ئەوە بن، کە سروشت و گەش و هەوا کاریگەرێتییەکی گەورەی لەسەر کەسایەتیی و بیرکردنەوەمان دەبێت، ئێمە لەو سروشتەدا زیاتر لە سروشت نزیکدەبینەوە و دووردەکەوینەوە لە کلتوور. لە سروشتدا کلتوور نییە، ئینستینکتی ئێمە، کە ئێستا لە پلەی سفردایە لە چڕی ئەو دارستانەدا دەگاتە ئاستێکی باڵا. پێدەچێت دیمۆنی هەریەک لە ئێمە لەو دارستانەدا لە دەرەوەی جەستەی ئێمەدا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت. تەلاس دەڵێ: من پێموایە دیمۆنی من دەیان ساڵی تری دەوێت هەتاوەکوو بڕیار لەسەر شێوەی خۆی بدات. من هەرچەندە تەمەنی منداڵییم تێپەڕاندووە، کەچیی دیمۆنی من تازە بە تازە لە هەڕەتی منداڵیی خۆیدا گەمە دەکات، هەندێکجار ترس بەشێوەیەک داگیری دەکات، لە کەمترین ماوەدا چەندینجار شێوەی خۆی دەگۆڕێت. کۆسان بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: پێتانوایە هەرچیی ئەو گیاندارانەی، کە پەیوەندیی بە دیمۆنی مرۆڤەکانەوە هەیە لەو دارستانەدا بەدی بکرێن؟ لە ڕوانگەی چینییەکانەوە هەموو مرۆڤێک خاوەنی دیمۆنێکی خۆیەتی، کە پێناسی کەسایەتیی دەکات، ئەورووپییەکانیش هەمانشێوە، لێ من پێموایە چینیەکان قوڵتر لەم ڕووەوە بیریانکردۆتەوە هەتا بتوانن پێناسێکی دروستی دیمۆنەکانی مرۆڤ بکەن. بەلامەوە سەیر نییە، ئەگەر لەم سەفەرەدا (جرجێک، کەروێشکێک، مارێک، ئەسپێک، بزنێک، کەڵەشێرێک، بەرازێک، سەگێک) بێتە سەرڕێگامان، لێ بەلامەوە چ سەیرە چ جێگای باوەڕیش نییە ئەگەر (گاکێوییەک، پڵنگێک، مەیموونێک، هەژدیهایەک) بێتە سەرڕێگامان. تەلاس دەڵێ: هیچ شتێک ڕێکەوت نییە، هەموو شتێک هۆکارێکی خۆی هەیە. کەواتە ئەگەر ڕۆژێک لە چڕی ئەو دارستانەدا پڵنگێکت بینی بە ڕێکەوتی مەزانە. لاس چەند هەنگاوێک دەڕواتە پێشەوە و ئاوڕێک بۆ کۆسان و تەلاس دەداتەوە و دەڵێ: سەفەرەکەی ئێمە سەفەرێکی ئاسایی نییە، کەواتە چاوەڕوانی هەموو شتێکی مەحاڵ بکەن. ڕاستتاندەوێت، من هەتاوەکوو ئێستا دیمۆنی خۆم ناناسم، خۆشحاڵم بەوەی ئەم سەفەرە هۆکارێک بێت بۆ لێکنزیکردنەوەی من و ئەو. ئیدی لە گەرمای ئەم گەلاوێژەدا پێدەچێت ڕۆحمان بگەڕێتەوە بۆ بوونیەت و ڕەچەڵەکی خۆی، ئیدی لێرەوە لە گەلاوێژدا لە ڕووناکیی نزیکدەبینەوە و دەبینەوە بە کوڕی زەردەشت و دەبینە بیرمەندی قرچەی نیوەڕۆ. لەژێر ئەم ئاسمانە پاکژە و لە وشکی ئەم گەشەدا دەبینە خاوەن ڕۆحێکی مرۆڤانەی ئازاد. لەناو ئەو چڕی دارستانەدا دەبینە مرۆڤێکی زانا و بلیمەت، ئەزانن بۆ؟ تەلاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: چونکە لە سروشت نزیکدەبینەوە و دەبینە ساتیرەکانی دیۆنیسۆس. لە سروشت و گەشێکی وشکی گەلاوێژدا لەژێر ساماڵی ئاسمانێکی ئاوها شییندا باشتر بیردەکەنەوە، ئێمە ئێستا دوورین لە هەموو شت. لە ئایین لە کلتووری سەپێنراوی کۆمەڵ لە خودا لە مۆڕاڵ لە گشت شت. کۆسان دەڵێ: من

کاتم نییە بۆ بیرکردنەوە لە ئایین و خودا. تەلاس و کۆسان دێنە تەنیشت لاسەوە و تەماشایەکی تری پێشی خۆیان دەکەن. لەبەردەمیانەوە هەتا چاوبڕ بکات بەرزایی و نشێو و دارستان و لە دووریشەوە لوتکەی شاخەکان، کە بە دوندەکانیانەوە هێشتا سپێتیی بەفری پێوە دیار بوو. دیمەنێک لەپێشیاندایە زیاتر لە دیمەنێکی ئەفسانەیی دەچێت وەک لە فاکتی ئەو سروشتە خۆی. کۆسان دەڵێ: باوەڕم نییە خودی پیکاسۆ و ئەنجیلۆ و داڤنچیش توانای کێشانی ئەو سروشتەیان وەک خۆی هەبێت. تەلاس دەڵێ: هیچ کەسێک ناتوانێت لە سەدا سەد سروشت بگوێزێتەوە بۆناو هونەرەکەی. لاس دەڵێ: کوڕیینە کات درەنگە، من پێمباشە بکەوینە ڕێگا و ئیدی لە بولێڵی ئیمڕۆدا گەیشتینە هەرکوێیەک لادەدەین و شەو لەوێ بەسەر دەبەین. لاس پێشیان دەکەوێت و بەرەو لوتکەی شاخەکان دەکەونە ڕێگا. نزیکەی دوای نیووکاتژمێر ڕێگابڕیین دەگەنە بناری شاخێک، کە لە بنارەکەیەوە هەتا لوتکەکەی بە چڕیی دارستان داپۆشراوە. کۆسان دەڵێ: ئەگەر لە فیلمێکی هۆلیودیشدا ئەم شاخەم بهاتایەتە بەرچاو دەمگووت: بوونی ئەم شاخە بەوشێوەیە بێجگە لە تەکنیکی سینەما و تەکنیکێکی کۆمپیوتەر هیچ شتێکی تر نییە. لێ قووتبوونەوەی ئەم شاخە لە فاکتدا هیچ بیانگەیەکم بۆ ناهێڵێتەوە بێجگەلەوەی خۆم بدەم بەدەستەوە. تەلاس دەڵێ: پێشمبکەوە بۆ باوەشی سروشت کۆسان گیان، بیرت نەچێت تۆش بەشێکی ئەم سروشتەیت. بە چەماوەییی بە شاخەکەدا هەڵدەزنێن. هەر لە سەرەتاوە هەرسێکیان هەست بە ترسێکی سەرسووڕهێنەر دەکەن، ترسێک، کە لە هیچ ترسێکی تر ناچێت. خودی نامۆبوونی ئەم ترسە بە هەرسێکیان زیاتر دەیانترسێنێت وەک لە خودی ترسەکە خۆی. لاس ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ: کوڕیینە ئێوەش ئەو هەستەتان هەیە، کە من هەمە؟ کۆسان بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: مەبەستت ترسی ترسێکی نامۆیە؟ لاس بێئەوەی وشەیەک لە دەمیەوە بێتەدەرەوە بە سەرلەقاندنێک وەڵامی بە بەڵێ دەداتەوە. کۆسان لەبەردەمی درەختێکدا ڕادەوەستێت و تەماشای قەد و باڵای دەکات و دەیەوێت باوەڕ بە بوونی ئەو درەختە نەکات، لێ ناتوانێت باوەڕ بەخۆی بهێنێت، کە درەختێکی ئاوها بوونی نییە. بانگی تەلاس و لاس دەکات دەڵێ: تکایە هاوڕێیان وەرن تەماشای ئەم درەختە بکەن و پێمبڵێن، کە درەختێک بەوشێوەیە بوونی نییە. لاس دەستی کۆسان دەگرێت و دەڵێ: تکایە کۆسان تۆش دەستی تەلاس بگرە با بە هەرسێکمان قەدی ئەم درەختە بپێوین. هەرسێکیان دەستی یەکدەگرن و بەدەوری قەدی درەختەکەدا ڕادەوەستن، لێ تەنها نیوەی قەدی درەختەکەیان پێداگیردەکرێت. هەرسێکیان پێکەوە تەماشای باڵای درەختەکە دەکەن و ناتوانن بە مەزەندەی ئەقڵیان باڵای بپێون. تەلاس دەڵێ: لانیکەم هەشت مەتر بڵندە، کۆسان بە قاقای پێکەنینەوە دەڵێ: تۆ بڵێ دوانزدە مەتر. لاس دەڵێ: ئەگەر بڵێم بیست مەتر زیادەڕۆییی دەکەم، لێ لە پانزدە مەتر کەمتر نییە. ئینجا بە دەوری خۆیاندا دەڕواننە درەختەکانی سەر سنگی ئەو شاخە. کۆسان دەڵێ: من دیوومە شاخ سەرسنگی پڕە لە گابەرد، کە زیاتر لە قۆپچەی پاڵتۆیەک دەچێت بە سنگیەوە. لاس دەڵێ: بەڵام وا سنگی تووکنی ئەم شاخە شتێکی ترمان پێدەڵێت. تەلاس

دەڵێ: ئەم شاخە خاوەنی ئەمجۆرە درەختانە بێت خاوەنی هەژدیها و پڵنگ و مەیموون و گاکێوییشە. کۆسان دەڵێ: گوومانم نییە لەو ڕاستییە. لاس دەڵێ: با بڕۆین هاوڕێیان با بڕۆین. دەکەونەوە ڕێگا و هەرسێکیان لە جیهانێکی پان و بەریینی ترسدا ڕێگا دەبڕن، هەرسێکیان چەند هەنگاو زۆرتر بهێننە قووڵاییی دارستانەکەوە زووتر لە جیهانێک نزیکدەبنەوە، کە لە ڕەسەندا جیهانی ڕاستەقیینەی ئەوانە وەک مرۆڤ، لێ ژیانی مۆدێرنێتە و شار ساڵانێکی دوورودرێژ لێیزەوتکردبوون. هەرسێکیان هەست بە گۆڕانێکی ڕۆحیی لە ناخی خۆیاندا دەکەن تا ئەو کاتەی لاس ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێ: من چیدی ناتوانم بڕۆم، پێتان چۆنە ئیمشەو لێرەدا ڕۆژ بکەینەوە. کۆسان تەماشایەکی دەوری خۆی دەکات و دەڵێ: کارێکی خراپ نییە. تەلاس دەڵێ: هەرچەندە هێشتا زووە، لێ لاس گیان منیش هەمان هەستی تۆم هەیە، با لێرەدا بمێنینەوە، وەرن دابنیشن هاوڕێیان. کۆسان پاڵدەنێت بە قەدی ئەستووری درەختێکەوە و هەناسەیەکی قوڵهەڵدەمژێت و گوێ بۆ نەغمەی بولبولێک ڕادەگرێت، کە لەو چرکەساتەدا بە دەنگێکی بڵند تەواوی دارستانەکەی پڕ کردبوو لە مەستیی و خۆشیی، تەنانەت خودی درەختەکانیش لەگەڵیدا سەمایان دەکرد. کۆسان چاوەکانی دەنووقێنێت و دەڵێ: ئەی گیان لەو دەنگە، گڵە کوێر بیت، مۆتسارت لەکوێت بێنم ئەو نەغمانە بکەیتە موسیک. تەلاس دەڵێ: مۆتسارت قسەی ڕەق بووە، لێرە بوایە پێدەچوو قسەیەکی ڕەقی بەو بولبولەش بگووتبا. کۆسان دەڵێ: نا قەت دڵی نەهاتووە قسەی ڕەق بەرانبەر بولبول بڵێت، چونکە خودی ئاوازەکانی خۆی ڕەنگدانەوەی نۆتەکانی بولبولن. بولبولیش هیچ شتێک ناڵێت بێجگە لە موسیک. لاس دەڵێ: سەیرە مرۆڤێکی ئاوها مەزن، بەو هەموو بلیمەتییەی خۆیەوە، مرۆڤێکی بچکۆلانەی ناشریین، بە ناخۆشتریین شێوە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکیداکردووە تەنانەت خودی کۆنستانسەی ژنیشی. کۆسان وەک پارێزەرێکی مۆتسارت دەڵێ: مۆتسارت ڕەنگ زەرد و ناشریین و بێهێز بووە وەک جەستە، کورتەباڵابووە باڵای 152 سێنتیمەتر بووە، مرۆڤێکی نەخۆش بووە وەک فریدریش نیچە، ئەو لە ژیانیدا کاتی بۆ هیچ شتێک نەبووە بۆ موسیک نەبێت، هەتا تەمەنی 36 ساڵیی سێجار بە سەختی نەخۆشکەوتووە و هەندێکجار بە نەخۆشیی هێندەی تر ناشریین بووە و بەناچاریی چەند مانگێک لەسەریەک نەیتوانیوە خۆی بشوات. ئەو لە ژیاندا کاتی کەم هەبوو، هەربۆیە بەردەوام لە دەست مردن ڕایدەکرد و دەستی دەستیی بە مردن دەکرد. مۆتسارت بە 36 ساڵیی دەمرێت، لێ تا ئەو تەمەنە 626 پارچە موسیکی بەرهەمهێناوە، 22 ئۆپێرای گێڕاوە و پەنجا سەمفۆنیی داهێناوە و هەژدە کۆنسێرتی تایبەت بووە بە گرنگییدان بە پیانۆ. چارەنووسی ئەم پیاوە وەها بوو هەتا نەمرد لەدایک نەبوو. لاس کتووپڕ دەڵێ: من بیستوومە گوایە دەرمانخوارد کراوە، وەک چلۆن ناپۆلیۆن دەرمانخواردکرابوو لەلایەن دکتۆرە ئینگلیزەکەیەوە ئاوهاش دەڵێن: مۆتسارت دەرمانخوارد کراوە، چونکە دکتۆرەکان توانیوویانە ڕێژەیەک زەرنیخ لە هەناویدا بدۆزنەوە. کۆسان دەڵێ: گوومان زۆر لەسەر چۆنێتیی مردنی مۆتسارت هەیە، بەڵام هەتاوەکوو ئێستا هۆکارێکی کۆنکرێتیی نەخراوەتە بەردەست. تراژیدیای ئەو مرۆڤە

مەزنە لەوەدا بوو، کاتێک مرد کەس بەدوای تەرمەکەیەوە نەبوو، ئەمە لەکاتێکدا مۆتسارت مەزنترین مرۆڤی سەردەمی خۆی بووە، تەلاس دەڵێ: هەتاوەکوو ئێستاش هەر مەزنە. کۆسان دەڵێ: دەمخۆش، لێ تەنانەت لە سەردەمی خۆشیدا تەنانەت کۆنستانسی ژنی خۆشی دوای تەرمەکەی نەکەوت، هەربۆیە بە گوومانم لەوەی لەو کاتەدا هیچ دکتۆرێک پشکنینی لەسەر چۆنێتیی مردنی کردبێت، ڕاستییەک هەیە، کە مۆتسارت نەخۆشبووە، ئەم نەخۆشییەش هۆکاری مردنی بووە، خودی گۆڕەکەی، گۆڕێکی نەناسراوە. ئەو هونەرمەندانەی سکێچی مۆتسارتیان کێشاوە هونەرمەندانێک بوون، کە توانایان هێندە نەبووە، هەتاوەکوو ناوێک تەنانەت لە سەردەمەکەی خۆشیاندا دەربکەن. مەرگی مۆتسارت مەرگی مرۆڤێکی هەژار بوو. کۆنستانسی ژنی لە پەڕاوی مردوواندا بۆی دەنووسێت: لەبیرت ناکەم و هەموو ئەوروپاش لەبیرت ناکەن. لاس دەڵێ: نەک ئەوروپا هەموو جیهان مۆتسارت لەبیرناکەن. ڤۆلفگانگ ئەمادیۆس مۆتسارت تەمەنی حەوت ساڵان بووە کاتێک جاویدترین موسیکی پێشکەشی خەڵکیی کردووە، خودی یۆهان ڤۆلفگانگ فۆن گووتە، گەورە شاعیری ئەڵمانیی لە تەمەنی چواردە ساڵییدا بە موسیکی مۆتسارت سەرسام دەبێت و لەناو دانیشتواناندا هەڵدەستێتە سەرپێ چەپڵە بۆ مۆتسارت لێدەدات و بە گەورە و بلیمەت ناوی دەبات. مۆتسارت هەژار بوو لە پارەدا، لێ دەوڵەمەند لە ستایش و ڕێزدا. ئەو لە تەمەنی حەوت ساڵییدا هەستی بە هەژاریی و نەداراییی خۆیان دەکرد و بە گلەییەوە بە باوکی دەگووت: بابە ئەم هەموو ڕێزە واتای چییە؟ باوکی دەیگووت: واتا تۆ گەورەترین موسیککاری ئەم جیهانەیت. مۆتسارت بە خەمبارییەوە دەیگووت: بەڵام ئێمە لەم جیهانەدا خاوەنی خواردنێکی باش نین. شەوێکی ساردی زستان مۆتسارت و ژنەکەی هیچیان نییە بیسووتێنن، لە تاواندا دێنە دەرەوە لەناو ئەو بەفرەدا گۆرانییان دەگووت و سەمایان دەکرد هەتا گەرمیان بێتەوە، دراوسێکان بەزەییان پێداهاتنەوە و داریان بۆ هێنان بۆ سووتاندن. مۆتسارت مۆمێک بوو خۆی مرد هێندە ڕووناکیی بە خەڵک بەخشیی هەتا بژیین. هاوڕێیان لە تەواوی جیهاندا بە هەزاران کەس لەسەر مۆتسارتیان نووسیوە، باسی تراژیدیاکانی ژیانیان کردووە، بەهیوام لە ئایندەدا بتوانم چەندیین بیۆگرافیی تر لەسەر ئەو مرۆڤە مەزنە بخوێنمەوە. لێ من سەرەتا چوومە ژێر کاریگەرێتیی "ئێریش شێنک"ەوە، پێدەچێت هی ئەوەش بێت، کە من سەرەتا لەوەوە دەستمکردووە بە گەڕان بەدوای ژیانی مۆتسارتدا. بۆ من ئەوەی گرنگ بووە بگەڕێم بەدوای نهێنییەکانی ئەم مرۆڤە لێگێندەرەدا ئەم مرۆڤە بەهرەمەندەدا، کە تەنانەت سەری قەشەکانی ڤاتیکانیشی سوورماندبوو، هەندێکیان پێیانوابوو، کە دەیان جندۆکە چوونەتە ڕۆحی مۆتسارتەوە و ئەو نۆتانەی بۆ دەنووسنەوە، هەربۆیە خستبوویانە ژێر دەیان تاقیکردنەوە و چاودێرییەوە. ئەوەی لە منەوە دەیبیستن لەسەر مۆتسارت لە بیۆگرافییەکەی مۆتسارتەوە پێتاندەگات، کە ئێریش شێنک نووسیوویەتی. پرۆفیسۆر دۆکتۆر ئێریش شێنک لەدایکبووی مای ساڵی 1902ە و لە ئۆکتۆبەری 1974 دا کۆچیی دواییکردووە. ئەم خەمخۆرە موسیکناسە خودی خۆی لە مۆزەخانەی مۆتسارتدا

خوێندوویەتی و پاشانیش هەرلەوێدا وانەی زانستی موسیکی گووتۆتەوە. لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی لە زانکۆی ڤیێننادا لەسەر موسیک کردووە و ساڵی 1956 گەورەترین بیۆگرافیی لەسەر ژیانی مۆتسارت بڵاودەکاتەوە. مۆتسارت لە 27.ژانیوەری ساڵی 1756 دا لە سالتسبورگ لە نەمسا لەدایکبووە و لە 05ی دیسێمبەری ساڵی 1791دا پێنج خولەک دوای کاتژمێر یەکی دوانیوەشەو لە ڤیێننا لە ئەپارتمەنەکەی خۆیدا گیان لەدەستدەدات و دەمرێت و بۆ ڕۆژی ئایندە دەنێژرێت، تراژیدیای گەورە ئەوەیە، کە چەند کەسێک لە هاوڕێکانی دوای تەرمەکەی کەوتن، کە ژمارەیان هێندەی پەنجەکانی یەک دەست بوون، ئەو ڕۆژە سەخت و تۆفان بوو، ژنەکەشی لەگەڵ تەرمەکەیدا نەڕۆیشت. تەلاس بە پەرۆشێکەوە دەڵێ: کۆسان گیان هەتا چەند ڕاستە نازانم، لێ من بیستوومە دەڵێن: تەنانەت خودی گۆڕەکەشی نەناسراو ماوەتەوە، ئیدی سەرچاوەی ئەم زانیارییە چییە و لەکوێدایە نازانم.  کۆسان هیچ لەسەر ئەو کۆمێنتارەی تەلاس ناڵێت: بەشێوەیەک نقوومی ژیانی مۆتسارت بووە، ئەو تەنها پێشی خۆی ڕاست و ڕاست دەڕوات و ئاگای لە هیچی تر نییە، پاشان دەڵێ: من پێموایە مۆتسارت کوڕی ڕاستەقینەی دیۆنیسۆسە. تراژیدیای مۆتسارت لە فۆڕمێکی تردا هاوتای تراژیدیای هەڵهاتن و وێڵگەردییەکەی دیۆنیسۆسە. مۆتسارت هەموو تەمەنی یاخییەکی سەرکەش بوو، یاخییەک لە مردن و شارەوشار هەڵدەهات لەدەستی، چەندیینجار لە کەنارەکانی مەرگەوە هەڵهاتووە و چۆتەوە ناو ئۆپێراکانی و سەری پاشاکان و پاپا و ئەریستۆکراتەکانی هەموو ئەورووپای سووڕماندووە، گەورەترین ستایشی لەناو گوێگرانی خۆیدا بردۆتەوە. لێبەڵێ لە تەمەنی 36 ساڵییدا مەرگ چیدی ڕێگای هەڵهاتنی پێنادات و لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ جیهانێکی نادیار. مۆتسارت تەمەنی کورت بوو، لێ تەمەنی هونەرەکەی لە تەمەنی هەموو پاشاکانی جیهان درێژترە. تەمەنی موسیکی مۆتسارت نەمرە، هەتا مرۆڤێک لەم جیهانە پڕ ئازارەدا بژیی ناوی مۆتسارت و موسیکەکەی لە لوتکەی چراخانی ئەم جیهانەدا ئەدرەوشێتەوە. هەتا جیهان و ژیان هەبێت فلووتی جادوویی مۆتسارتیش بوونی هەیە، "دی تساوبەر فلووتە". لاس دەڵێ: بەڵام لە چەند سەرچاوەی ترەوە باس لە فلووتی جادوویی کراوە، کە مۆتسارت نووسیوویەتی، لێ خۆی لەبەر نەخۆشیی بۆی نەکراوە بچێت سەرپەرشتیی بکات، ئەو سەرچاوانە دەڵێن: لەو ڕۆژانەدا خاوەن قەرزەکان دەچنە سەر مۆتسارت و لەبری پارە کەلوپەلی ماڵەکەی دێننە دەرەوە تەنانەت دەیانەوێت بەو نەخۆشییە تەختەی خەوەکەشی لەژێر قوون دەربهێنن. بڕواننە بیۆگرافییەکانی مۆتسارت، کە لەلایەن ئالفرێد ئاینشتاین و هاینڕیش ئێدواردەوە نووسراونەتەوە. لەناکاوێکدا تەلاس قسەکان بە لاس دەبڕێت و دەڵێ: ببوورن هاوڕێیان، لێ من وردە وردە هەست بە سارديیەک دەکەم، پێمباشە ئاگرێک بکەینەوە. لاس دەڵێ: بۆچیی نا، دروستە با ئاگرێکمان هەبێت. تەلاس هەر لە دەوری خۆیەوە چەند پارچە دارێک هەڵدەگرێتەوە و پووش و پەڵاشی دەوری لە بندا دادەنێت و بە چەرخێک پووشەکانی ژێری دەسووتێنێت و ئاگرەکەیان لەسەرخۆ خۆش دەبێت. کۆسان کۆتەڵە دارێکی ئەستوور لە جێگای خۆیەوە

بەدی دەکات و هەڵدەستێت دەیهێنێت و لەسەر ئاگرەکە دایدەنێت. هەرسێکیان ڕووخساریان بە گڕی ئاگرەکە ڕۆشندەبێتەوە و خۆشییەک دەکەوێتە سەر لێوەکانیان. تەلاس دەڵێ: لە دڵی هەموو کوردێکدا زەردەشتێکی نووستوو هەیە، سەیرە ئەم ئاگرە چەند دوژمنی مرۆڤ و گیاندارانە دەیانقات بەسەرئەوەدا هاوڕێ و دۆستی مرۆڤ و گیاندارانە. ئەم ئاگرە بە دڵ و ڕۆح و گیان دەسووتێت هەتا ڕووناکیی بە ئێمە ببەخشێت و گەرممان بکاتەوە هەتا دوا توانای دەست لە دانەوەی گەرمیی و ڕووناکیی هەڵناگرێت، تا ئەو کاتەی دەبێتە خۆڵەمێش و تێکەڵ بە خاک و خۆڵ دەبێت. یێسووس "عیسا" گووتەنیی: خۆڵەمێش بۆ خۆڵەمێش و تۆز بۆ تۆز. دواکات هەموو شت دەبێت بچێتەوە باوەشی خاک. کۆسان، کە هێشتا بەپێوە وەستاوە، دێتەوە جێگای خۆی و کیسە خەوەکەی دەردێنێت و دەچێتە ناوی و پاڵ دەدات بە درەختەکەوە و دەڵێ: مۆتسارتیش هەمانشێوە هەتا دوا هەناسەی سووتا هەتا ژیانی خەڵکانی تر ڕووناکبکاتەوە بەبێئەوەی هیچ ڕووناکییەکی بۆ ژێر خۆی هەبووبێت. تەلاس و لاس دەچنە کیسە خەوەکانیانەوە و لەبەر گڕی ئاگرەکەدا گوێ بۆ قسەکانی کۆسان شل دەکەن. لاس لە کۆڵەپشتەکەیدا پەڕاوەکەی دەردێنێت و لەبەر ڕۆشنایی ئاگرەکەدا دەستدەکات بە نووسیین، بەبێئەوەی سەرهەڵببڕێت و بۆ چرکەیەکیش چییە لە نووسیین بوەستێت، بەردەوامیی بە نووسیین دەدات تا ئەو کاتەی دوا وشەی هەستەکانی دەخاتە ناو پەڕاوەکەوە و دایدەخاتەوە. کۆسان دەڵێ: شاعیرییش خاوەنی هەمان ڕۆحە، من پێموایە کاتێک شاعیرێک شیعر دەنووسێت ئەگەر بۆمباشی لە تەنیشتەوە بتەقێنیتەوە باکی پێ نییە و ڕێگانادات هەستەکانی پەرتەوازە بکرێت. شاعیر تەواو دەچێتە جیهانێکی ترەوە، ئەو جیهانەش شێوە جیهانێکی میتافیزیکییە. من بیرم دێت لە سەردەمی منداڵییمدا زۆر پەرۆشی شیعر بووم و بەردەوام هەستمدەکرد خاوەنی هەستێکی شاعیرانەم، لە هەرزەییمدا ئەم هەستە زیادی کرد، ئەو دەم لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم، حەزم لە کچێکی دراوسێمان بوو، ڕۆژ دەبۆوە لەبەردەمیماڵیاندا بووم هەتا ئێوارە درەنگ. ئەگەر بەختم بیهێنایە ئەوا کچەکە دەهاتە دەرەوە و پێکەوە گەمەمان دەکرد، ئەگەریش نا ئەوا ئەو ئێوارەیە بە دڵی شکاوەوە دەڕۆیشمەوە ماڵەوە و شەو هەراسان دەبووم. هەندێکجار لە کاتژمێر دوانزدەی نیوەشەودا پێمخۆش بووە بێمەدەرەوە و تەماشای پەنجەرەی ماڵەکەیان بکەم بۆئەوەی بە ڕێکەوتێک ببیبنم. جاران لەگەڵ برا بچکۆلەکەیدا شەڕمان دەبوو، ئیدی لەبەرخاتری ئەو خۆم کرد بە باشترین برادەری براکەی هەتا لە ڕێگای ئەوەوە کارئاسانییم بۆ نزیکبوونەوە لێی بۆ بکرێت. براکەی زۆر یارمەتیی دەدام، بەڵام دایکی بەردەوام ڕێگای هاتنەدەرەوەی لێدەگرت. هەستمدەکرد لە دیدگای دایک و باوکیەوە من ئەو کوڕە نەبووم، کە شیاوی کچەکەیان بم. تەلاس قاقا پێدەکەنێت و لاس و کۆسانیش بەدوایدا. لاس دەڵێ: ئەدی ئەو کچە چیی لێبەسەرهات؟ کۆسان دەڵێ: ئەوەی دەزانم نەبووە خۆشەویستی من، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ ئەو گەیشتووە بەو کەسەی، کە شیاوی ئەوە بووە ببێتە خۆشەویستی ئەو؟ تەلاس دەڵێ: لەوانەیە و لەوانەش نییە. کۆسان دەڵێ: بیرم دێت هەتا

تەمەنی چواردەساڵییش هەر بە تەمای بووم و هەستی شاعیرانەم بۆ دەردەبڕیی. لاس دەڵێ: واتا شیعرت بۆ نووسیوە. کۆسان دەڵێ: ناتوانم بڵێم شیعر، لێ چەندییںجار لەسەر لاپەڕە هەستی خۆمم وەک شیعر بۆ دەربڕیوە، بەداخەوە ئەو لاپەڕانەشم فەوتاندووە و نەمماون، چونکە لەلام گرنگ نەبوون بیانپارێزم. بەڵام ئەوەی سەیرە، ئەوەیە، دوای ئەوەی ئێمە لەو گەڕەکە نەماین، ئیدی لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەو هەستە شاعیرییەم تێدا نەماو و بەجێیهێشتم. تەلاس دەڵێ: بەجێتهێشت یان ئەو تۆی بەجێهێشت؟ کۆسان بیردەکاتەوە و دەڵێ: پێموایە ڕاستە من ئەوم بەجێهێشت. لاس دەڵێ: تۆ ئەوت کووشت. هەموو مرۆڤێک لە سەردەمی منداڵیی خۆیدا بکووژی یەکێک لە هەست و ویست و تواناکانی خۆیەتی بەبێئەوەی بەخۆی بزانێت. تەلاس دەڵێ: من لە ڤان گۆخەوە فێربووم، کە دەڵێ: لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا شاعیرێک هەیە، ئەم شاعیرە هەر زوو لە سەردەمی منداڵییدا دەمرێت و مرۆڤەکە دەمێنێتەوە. ڤان گۆخیش بەدبەختێک بوو وەک مۆتسارت، لێ تەمەنی تەنها ساڵێک لە تەمەنی مۆتسارتی تێپەڕاندا ئەم لە 37 ساڵییدا ماڵئاوایی کرد. زۆرن ئەوانەی دوای مەرگ و سەردەمی ڤان گۆخ قسەیان لەسەر ڤان گۆخ کردووە و ستایشیانکردووە، هەرچەندە ئەو لە سەردەمەکەی خۆیدا ڕەش و ڕووت و برسیی بوو وەک مۆتسارت. ئەندریا ڕۆت، گێهارد ئایمەر، ئەندریا تسیگن هیرت ئەمانە لە زانکۆی فرانکفورت لێکۆڵینەوەیان لەسەر مێژووی هونەر کردووە و گرنگییان بە ژیان و هونەرەکەی ڤان گۆخ داوە. شتێفان کۆڵدەهۆف، یان لایماریی، فریتس مۆنتفۆرت، ماتییاس ئارنۆڵد، دواکات دەیان و سەدانی تر لە سەرتاسەری جیهاندا، یەکێکی وەک مێلیسا ماککویلان هەمانشێوە هەوڵیداوە دوای مەرگ و دوای سەردەمی ڤان گۆخ ستایشی ئەو مرۆڤە مەزنە بکات. مێژووی مرۆڤە بەرزەکان پڕە لە کارەسات. مرۆڤ دەتوانێت پەنابەرێتەبەر زۆر لەو سەرچاوانەی، کە خەمخۆرانی هونەرمەندان و هونەر بەتەنگ هونەرمەند و هونەرەکەیانەوە چوون، یەکێکی وەکوو پرۆفیسۆر ڤێرنەر هۆفمان بەڕێوەبەری هۆڵی پان هونەریی هامبورگ ساڵی 1990 تیشک دەخاتە سەر کۆمەڵێک خاڵی گرنگی ژیانی ڤان گۆخ. لاس دەڵێ: ڤان گۆخیش هەژار بووە، لە هەندێک شوێندا خوێندوومەتەوە، کە تیشک خراوەتە سەر ژیانی وەک هونەرمەندێکی هەژار. تەنانەت ڕۆژێک لە برساندا دەچێتە دوکانێکی سەموون فرۆش لەوێ لەبری پارە وێنەیەک ئەدات بە فرۆشیارەکە هەتا سەموونێکی بداتێ. دیارە فرۆشیارەکە سەرەتا پەسەندی ناکات، لێ ڤان گۆخ لە برساندا زۆر  سەردەکاتە سەر فرۆشیارەکە، ئەویش بۆئەوەی ڤان گۆخی لەکۆڵ بێتەوە وێنەکەی لێوەردەگرێت و سەموونێکی ئەداتێ، ڤان گۆخ بە پەرۆشیی و شادییەوە باوەش بە سەموونەکەدا دەکات و فرۆشیارەکەش بێبایەخ وێنەکە فڕێدەداتە پشت خۆیەوە. کۆسان قسەکان بە لاس دەبڕێت و دەڵێ: باشە تەلاس پێتوانییە هۆکاری خۆکووشتنی ڤان گۆخ بگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە ئەو هەستیارانە تەماشای جیهان و ژیان و مرۆڤی کردووە و ئەم جیهانەی بەدەر لە جەهەننەمێک پڕ لە خەم و ئازار بەهیچی تری نەزانیبێت، بۆیە مردنی بە باشترین ئاڵتەرناتیڤ زانیوە؟ تەلاس دەڵێ: پێدەچێت هەموو لێکدانەوەیەک لەو

ڕووەوە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە، چونکە ئەو ژیانەی ڤان گۆخ تێیدا ژیاوە ژیانێکی زیاتر پڕ ئازاربووە وەک لە ژیانێکی ئاسوودە. جیهانبینیی ئەویش بۆ مرۆڤایەتیی و ژیان چووەتە قۆناغی میتافیزیکییەوە. بڕیینی کەرتێکی گوێی خۆی نیشاندانی ئەو ڕاستییەن، کە ئەو ئامادە نەبووە ئازاری کەس بدات، لێ کاتێک کارێکی وەهای لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا کرد، بە دەستی خۆی سزای خۆیدا، لێ سزایەکی ڕادیکاڵانە. ئەو لە تابلۆکانییەوە بانگەشەی پێکەوە ژیانی هەمووان دەکرد، داوای کردنەوەی کۆمەڵگای نیکارکێشانی دەکرد.

ئەو تەنها 37 ساڵ ژیا، لێ لەو تەمەنە کورتەدا ڕێژەیەکی گەورەی لە هونەر لەدوای خۆی بەجێهێشت، کە هیچ هونەرمەندێکی تر خاوەنی نەبووە. لە دوا 10 ساڵی تەمەنیدا 1700 پارچە کاری هونەریی بەرهەمهێناوە، لەسەردەمی خۆیدا هونەرمەندێکی ناودار نەبووە، لێ لەدوای مەرگیەوە بەرهەمەکانی لە جیهاندا بە گرانترین نرخ دەفرۆشرێتەوە. ماتۆڕی کارە هونەرییەکانی ئەو لە سەرچاوەیەکی ئەفسانەییەوە نەبووە بەڵکوو لە توانا و هێزە ناوەکییەکانی مرۆڤەوە بووە، توانا و هێزە ناوەکییەکانی ڤان گۆخ ڕەنگدانەوەیان لە هونەرەکەیدا دەرکەوتووە. کۆسان دەڵێ: لێ هەر ئەو هێزە ڕەشە ناوەکییەی ڤان گۆخ پاڵنەری ڤان گۆخ بوو بۆ بە ئەڵتەرناتیڤکردنی مەرگ. تەلاس دەڵێ: دروستە ڤان گۆخ خاوەنی دەروونێکی نائارام و شپرزە بووە، لێ بۆچیی ئێمە فاکتۆری ئەم نائارامییەی دەروونی ڤان گۆخ نەگەڕێنینەوە بۆ کۆمەڵگا. خودی ڤان گۆخ ئەمەی لە سکی دایکیەوە نەهێناوە، ئەو وەک کۆرپەیەک، ئارام، ئاسوودە، خاوەن هێز و توانایەکی ناوەکیی لەدایکبووە، ئەوە کۆمەڵگایە دواکات هەر لە قۆناغی منداڵییەوە وەها دەکەن، کە تاکەکانی کۆمەڵ خاوەنی ئەو شێوە و فۆڕم و کەسایەتییە بن، کە ئەوان دەیانەوێت نەک خودی تاکەکە خۆی. تاکیش لەپێناوی هێشتنەوەی خۆیدا بەوشێوەیەی، کە هەیە ناچار کۆمەڵێک ڕێگا هەیە وەک نەویستراو، ئەو دەبێت بییەوێت و پێیدا تێپەڕێت. ویستنی ئەم نەویستراوەش ئەو تاکانە تووشی هەڵچوونی ناوەکیی دەکات، کە دواکات بە زیان بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە. هەڵبژاردنی مەرگ لەم ڕووەوە وەک باشترین ئاڵتەرناتیڤ نە بێدەستەڵاتیی نە قۆناغی دۆڕاندنە بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بە ئاڵتەرناتیڤکردنی مەرگ بەسەر ژیاندا دوندی ئاگاییی و هۆشیاریی خودی تاکە لەم چرکەساتەدا، چونکە تاک لێرەوە دەیەوێت بەها بگەڕێنێتەوە جێگای خۆی، واتا لەو شوێنەدا، کە ژیان هیچ بەهایەکی نامێنێت دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنی لەوێدابوون، ویستی تاکیش لێرەدا ژیانێکی خاوەن بەها و دەستەڵاتە نەک بێبەهایی و لاوازیی و سەرکەچیی. لەو شوێنەدا، کە ڤان گۆخ بۆ سەموونیک ناچار دەبێت دەست لە بەهای خۆی و هونەرەکەی هەڵبگرێت لەپێناوی سکی برسییدا، درک دەکات، کە ئالێرەدا ژیان هیچ بەهایەکی نەماوە کاتی ئەوە هاتووە ئەوەی، کە ماوە بۆ ڕزگارکردن هەوڵی ڕزگارکردنی بدات. ڤان گۆخ هەستیدەکرد ژیانی لێوانلێو بووە لە بێبەهای و نەبوونی توانای ژیانێکی پووخت، هەربۆیە بڕیار

لەسەر خۆکووشتن دەدات. لەم ڕووەوە من ڤان گۆخ بە بەئەمەگترین خوێندکاری نیچە دەزانم، چونکە دواکات ڤان گۆخ کاتی گوونجاوی خۆی ناسیوەتەوە، کە تێیدا بمرێت. بەمشێوەیە ڤان گۆخ ئاگایانە درکی بەوەکردووە، کە ژیانی بەرەو دارمان و بێ واتایی دەڕوات، ئالێرەدا ئامۆژگارییەکەی نیچە بۆ ڤان کۆخ ئەوە بووە، کە ئاهەنگی مردن بگێڕێت. ڤان گۆخ لەکاتێکی گوونجاودا دەستەڵاتی ژیان دەگێڕێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی و توانی بمرێت، لێ مەرگێکی جوان. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: بەلامەوە سەیرە، کە ڤان گۆخ لە سەردەمیی منداڵیی و هەرزەییدا هیچ مەیل و ئارەزوویەکی بۆ هونەری وێنەکێشان نەبووە. بەهرەکەی ئەم سەرەتا لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵییەوە سەری هەڵداوە، بڵێی چیی وەهایکردبێت، کە ڤان گۆخ بڕیار لەسەر فێربوونی هونەری وێنەکێشان بدات؟ تەلاس دەڵێ: سەرنەکەوتن لە کاری تردا. مرۆڤ کاتێک دەزانێت لە بوارێکدا سەرنەکەوتووە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو نشووستییە بە سەرکەوتنێکی تردەدات، ئەمە جەنگێکە لە پرۆسەی ژیاندا، مرۆڤ شەڕکەرێکە، کە هەمیشە بەدوای سەرکەوتندا دەگەڕێت، لەم سەرکەوتنەوە بۆ ئەو سەرکەوتن. مرۆڤ، کە ددانی بە دۆڕاندنی خۆیدا نا واتای وایە خۆی داوە بەدەستەوە و چیدی هەتا مەرگ توانای تۆمارکردنی سەرکەوتنی نییە. تا ئەو دەمەی مرۆڤ دیلی دەستی هێزی نێگەتیڤی بێدەستەڵاتییە وەک کۆیلەیەک هەتا مردن خۆی بە دۆڕاو دەزانێت. ڤان گۆخ بۆئەوەی لەدەست ئەم هەستە نێگەتیڤە ڕزگاری ببێت بانگەشەی نانەوەی شەڕێکی تریدا هەتا تێیدا بە سەرکەوتوویی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، مەرگی ڤان گۆخ لەم شەڕەدا تەپڵی سەرکەوتنی هەتاهەتاییە. من لە زاری ڤێرنە هۆفمانەوە پێتاندەڵێم، کە ڤان گۆخ لە ساڵی 1880ەوە بە چڕوپڕیی دەستدەکات بە کێشانی وێنەی هونەریی و بەرهەمەکانی میلێت کۆپیی دەکات. پاشان دەچێتە بروسل لەوێ لە ئەکادێمیای هونەر دەخوێنێت و فێری کاری هونەری ئەناتۆمیی و پێرسپێکتیڤیتێت دەبێت. ساڵی 1881 دەستدەکات بە کێشانی وێنەی سروشتیی و خۆی بە نیگارکێشانی هۆڵەندیی و ئەورووپیی دەناسێنێت لەوانە وەک ڕاپارد و ماوڤە. ڤان گۆخ ستایشێکی زۆری ماوڤەی کردووە، ساڵی 1882 ماوڤە هاوکاریی ڤان گۆخ دەکات و وانەی پێدەڵێتەوە و لە هونەرمەندانی تری نزیکدەکاتەوە. من پێموایە وەرچەرخان لە ژیانی هونەریی ڤان گۆخ دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی، کە بڕیار لەسەر چوون بۆ فەڕەنسا دەدات. ئەو پێیوابووە، کە هونەری جوان لەژێر تیشکی خۆرێکی بەهێزدا لەدایکدەبێت. ڤان گۆخ لەژێر تیشکی خۆردا باشتر دەیتوانی ڕەنگەکان بناسێتەوە و دەڵێ: من چوومەتە باشووری فەڕەنسا و هەزارەها هۆکارم هەیە بۆ کارکردن، دەمەوێت ڕووناکییەکی تر ببینم و باوەڕ بکەم، کە لەژێر ئاسمانی بێ پەڵە و شییندا نیگاری هاوشێوەی سروشتی یابانیی بکێشم و هەستبکەم، کە شێوەیەکی تر هەیە پێویستە بیهێنمە پێشچاوی خۆم. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: سەیرە زۆر سەیرە، کە من لەمڕووەوە هەست بە بوونی نیچە لەناو ڤان گۆخ دا دەکەم. نیچە لە پەڕتووکی ئێچە هۆمدا تیشکێکی باش دەخاتە سەر ئەو وڵاتانەی خاوەنی گەش و هەوایەکی گەرمن و پێیوایە ئەقڵێکی باش تەنها و تەنها لە گەش

و هەوایەکی گەرمدا لەدایکدەبێت. ستایشێکی زۆری زەردەشت و پاسکاڵ و وڵاتی فەڕەنساش دەکات، ستایشی سیستێمی خوێندنی فەڕەنسیی دەکات، تەنانەت بەمەشەوە ناوەستێت و دەڵێ: هەموو ئەوانەی، کە من لە ئەڵمانیا ناسیوومن و خاوەنی ئەقڵێکی بەها بوون ڕەچەڵەکیان فەڕەنسیی بووە. باس لە کۆسیمای ژنی ڕیشارد ڤاگنەر دەکات، کە ڕەچەڵەکێکی فەڕەنسیی هەیە، باس لە پاسکاڵی فەڕەنسیی دەکات و دەڵێ: من بەتەنها خوێنەرێکی پاسکاڵ نیم، بەڵکوو ستایشی پاسکاڵیش دەکەم، من ئەوم خۆشدەوێت. ڕێکەوت نییە، کە ڤان گۆخ ئاشقی فەڕەنسا بووە، ئەمە وێڕای ئەوەی، کە دەبێت چەند نیگارکێشێکی فەڕەنسییش هەبووبێتن، کە ڤان گۆخ ستایشی کردوون. تەلاس دەڵێ: بەدڵنیاییەوە، هەروەک چلۆن سروشتی فەڕەنسا هۆکاربووە بۆ ڕاکێشانی ڤان گۆخ ئاوهاش نیگارکێشانی فەڕەنساش فاکتۆرێکی گەورەبوون لەسەر ئەو. دیارە ڤان گۆخ ماوەیەک لەگەڵ هونەرمەندیی فەڕەنسیی پاوڵ گاگوین هەم کاری کردووە هەم ژیاوە. لێ دوای چەند مانگێک پەیوەندییان تێکدەچێت، هەندێک لە مێژوودا نووسیوویانە گوایە ڤان گۆخ بە گوێزانێکی ڕیشتاشین هەڵیکووتاوەتە سەر پاوڵ گاگوین. بەهۆی ئەم کارەوە پاوڵ گاگوین ڤان گۆخ جێدەهێڵێت و دەڕوات. بۆ شەوێ ڤان گۆخ تووشی ئازارێکی ڕۆحیی دەبێت و لەژێر پاڵەپەستۆی ئازارێکی دەروونییدا بەشێکی گوێی چەپی خۆی دەبڕێت. لەژێر ئەم کاریگەرێتییەشدا ساڵی 1889 وێنەیەکی خۆی بە گوێیەکی پێچراوەوە دەکێشێت. ئەمە وێڕای ئەوەی ڤان گۆخ هەمیشە هەوڵی دروستکردنی تەبایی نێوان نیگارکێشانیداوە و پێیوابووە، کە نیگارکێشان دەبێت کۆمەڵگایەکی تایبەتیان بۆ خۆیان هەبێت، ئەو و چەندین نیگارکێشی تر خەونێکی گەورەیان بە هەبوونی ئەو کۆمەڵگایەوە دەدی، کە هەتاوەکوو ئێستا وەک یوتۆپیایەک ماوەتەوە. ڤان گۆخ لە ڕێگای سروشتی یابانییەوە دەیویست خەونی نیگارکێشان بهێنێتە دی، کە تەواوی هونەرمەندان لە کۆمۆنەیەکدا کۆبکاتەوە. ئەو دەیگووت: ئێوە خەو بە ژیانێکی پێکەوەییی لە کۆمەڵگایەکی هونەرییدا دەبینن، کەواتە وێنەی گەشانەوەی گوڵ و درەخت بکێشن، کە لە ڕێگایەوە سروشتی یابانییمان بیردەخاتەوە. ئەو ئاواتی ئەوە بوو ئەم خەونەی نیگارکێشان بهێنێتە دی، هەربۆیە گرنگییەکی زۆری بە کێشانی وێنەی سروشت دەدا. ڤان گۆخ چەند هەڵەی شپرزەییی دەروونیی لە خۆشیدا بەدیکردبێت، بەتایبەت لەدوای ئەو ڕووداوەی لەگەڵ پاوڵ گاگوینی هاوڕێیدا تووشی هات لەسەر ویستی خۆی و ئازادانە داوای پەناهەندەیی لەماڵی ڕۆح نەخۆشەکاندا لە "سانت ڕێمی دێ پرۆڤێنس" دا دەکات و لەوێ ماوەی ساڵێک دەمێنێتەوە و درێژە بە کاری هونەریی دەدات. کۆسان بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: باشە تەلاس تۆ  پێتوایە، ئەو هونەرمەندانەی، کە تووشی شپرزەیییەکی دەروونیی دەبن، دەتوانن باشتر پێناسی ژیان و جیهان لە تابلۆکانیاندا بکەن، بە واتایەکی دی، ئەو دەمانەی، کە ئەوان لە ناگاییدا نیگاردەکێشن توانای بەرهەمهێنانی هونەری باڵایان هەیە؟ تەلاس دەڵێ: ڕەگی نائاگاییی وا لەناو هەوڵی گەڕانەوەدایە بۆناو سروشت و دروستکردنەوەی هێزی ئینستینکتی مرۆڤ و بەستنەوەیەتی سەرلەنوێ بە سروشتەوە وەک

بەشێکی لێ دانەبڕاوی سروشت لە ڕوانگەی ئێمیل بێرناردەوە، ئەو تابلۆیانەی، کە ڤان گۆخ لە ماوەی ئەو ساڵەدا لە ماڵی دەروون شکستاندا کێشاونی زمانی شیعری لێڕوواندوون. واتا شاعیرەکەی ناو سینەی ڤان کۆخی سەردەمیی منداڵیی سەرلەنوێ لە ئەتمۆسفێرەیەکی تەمومژاویی دەروونییدا لەدایکدەبێتەوە و ڤان گۆخیش هەوڵی نووسینەوەی هەستەکانی بە ڕەنگ ئەدات. هێرشە دەروونییەکان هۆکارێک بووە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو سروشت ڤان گۆخ چەندییبجاری تر تووشی ئەم شکستە دەروونییانە هاتووە و هەوڵیداوە دەروونی خۆی لە ڕێگای نیگارکێشانەوە هێوربکاتەوە، لێ ئەو وێنانەی لەو کاتانەدا کێشاونی واتادارتربوون وەک لەو وێنانەی، کە لە ئاگاییدا کێشاونی. بێرنارد گووتەنیی: تابلۆکانی زمانی شیعریان لێڕوواوە. لێ مەخابن ژیانی زۆربینەی بەهرەمەندارانی جیهان وەهابووە، ژیانی درامای ئەم مرۆڤە مەزنە بە تراژیدیا کۆتایی دێت و دوا تابلۆی لە 16.07.1890 دا دەکێشێت و دوا نامەی خۆی لە 23.07.1890 دا دەنووسێت و لە 27.07.1890 دا فیشەکێک دەنێت بە سەرسنگی خۆیەوە و لە شەوی 29.07.1890 دا دەمرێت و لە گۆڕستانی ئاوڤێرس دەینێژن. کێ دەزانێت منیش چارەنووسم چیی لێدێت، من پێموایە، کە منیش ئاوها بەو قۆناغەدا تێپەڕم و هەستبکەم ژیانم هیچ بەهایەکی نەماوە ئەوا لەسەر ویست و دەستەڵاتی خۆم کۆتایی پێدێنم و بە باشترین کاتی دەزانم بۆ مردن. ئەم هەستە لە هەموو مرۆڤێکی هونەرمەندا هەیە ئینجا چ موسیککار بێت یان نیگارکێش یان نووسەر و شاعیر. لاس دەڵێ: ئەم مەرگە ڕێژەی لەناو شاعیراندا زیاترە، لای من نموونەی ئیدیاڵ شاعیری ئەڵمانیی هاینڕیش فۆن کلایستە. کۆسان دەڵێ: لێ لاس گیان ئەوەت بیر نەچێت مەرگی هاینڕیش دەمانباتە جیهانێکی دییەوە، هاینڕیش خاوەنی کۆمەڵێک فشاری ڕەشی دەروونیی بوو، ئەم فشارانە هەتا دەهات، زیاتر پاڵی ئەویان دەدا بۆ مەرگ. تەلاس دەڵێ: ئەوەشمان بیرنەچێت بەدەر لە فشارە ڕەشە دەروونییەکان هاینڕیش لە ساڵی 1809وە تووشی نەخۆشیی دەبێت و نەخۆشییەکەی زیاتر لە مەرگ نزیکیدەکاتەوە، بەپێچەوانەی نیچەوە، کە فریدریش نیچە نەیهێشت نەخۆشیی دایبمرکێنێت بەڵکوو ئەو نەخۆشکەوتنی خۆی بۆ قازانجی بیرکردنەوە و نووسینی فەلسەفە بەکارهێنا، ئەو لە نەخۆشییدا هونەری لەسەرخۆبوونی دۆزیەوە. نەخۆشیی چۆکی بە نیچە دانەدا بیر لە خۆکووشتن بکاتەوە، لەکاتێکدا نیچە لە سەردەمی نەخۆشکەوتنیدا خۆی بە دیۆنیسۆس و لەخاچدراو پێناسکردووە خۆی بە ئێچە هۆمۆ پێناس کردووە. لاس بە خەمباریی و کەمێک تووڕەبوونەوە وەکئەوەی بیەوێت بەرگریی لە شاسواری گفتووگۆکەی "هاینڕیش فۆن کلایست" بکات دەڵێ: دروست نییە، ئێمە لێرەدا هەوڵی ئەوە بدەین جوانیی لە مردنەکەی هاینڕیش بکەینەوە، چونکە ئەو لە سەردەمی منداڵییەوە بەوپێیەی، کە ئەو لە ئەتمۆسفێرەیەکی لەباردا نەهاتۆتە جیهانەوە و لە تەمەنێکی زۆر کەمدا یەک لەدوای یەک دایک و باوکی لەکیسداوە، خەمۆکیی ببووە بەشێکی گەورەی ژیانی. ئامانجی هاینڕیش بەرهەمهێنانی هونەری باڵا بوو، هەرکاتێک، کە زانیبێتیی هونەرەکەی ئەو هونەری باڵا

نییە، زیاتر لە مردن نزیکبۆتەوە و بیری لە خۆکووشتن کردۆتەوە. ساڵی 1809 کاتێک دوا بەرهەمی ژۆرناڵی هونەر دەردەکەن، هاینریش لەوە دڵنیایە، کە چیدی بەرهەمی ئەم ژۆرناڵە ناکەوێتە بەردەستی خوێنەر، ئەم کارە بە شکستێک دێنێتە بەرچاوی خۆی و تووشی کێشەی دەروونیی و قەیرانی ژیانی دەکات، ئیدی لێرەوە هاینریش فۆن کلایست زیاتر بیر لە مردن دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە جاری سێهەمی، کە ئەو بەوشێوە شکستییە پەنا بۆ مەرگ بەرێت. مرۆڤەکانی ئێمە نەک لەسەر بەرهەمنەهێنانی هونەرێکی باڵا خۆیان ناکووژن، بەڵکوو کاتێک ئەوان گەورەترین ناپاکیی لە خاکەکەیان و ئازادیی خاکەکەیان دەکەن مێشێک چییە میوانیان نییە.  شاعیرانی ئێمە هێندەی بەتەنگ ستایشکردنی دەستەڵات و پۆلیسەکانیانەوە دەچن بە چارەکی ئەوە بیر لە بەرهەمهێنانی هونەرێکی باڵا ناکەنەوە. تەلاس دەڵێ: لەناو ئێمەدا هەنووکە نوێترین مۆدێل تەکیە و دیوەخانی ڕۆشنبیران و نووسەرانە. کۆسان بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: مۆدێلی ئەم تەکیانە لە خودی پارتەکانەوە داچۆڕیوەتە ناو ئەوانەوە، خودی پارتەکان پشتگیریی لەوجۆرە کارکردنەی نووسەران و ڕۆشنبیران دەکەن. لاس دەڵێ: هەموو ئەم گرنگییدانانە بەمجۆرە دیوەخان و تەکیانە لەپێناوی پەراوێزخستنی هەڵبژاردەیەک لە نووسەرانی ترە، کە بوونیان نە لە بەرژەوەندیی پارت و دەستەڵات و بگرە لە بەرژەوەندیی تەکیەشدا نییە. تەلاس دەڵێ: کێشە ئەوەیە، کە خەڵکانێک بەوپەڕی باوەڕەوە لەناو ئەم تەکیانەدا دێن و دەچن ، چ خەریکی ستایشکردنن، چ خەریکی ئەوەن پێ بکەنە پێڵاوی شێخەکانیانەوە.

لاس، کە بە ڕووخساریەوە دیارە هێندە قووڵبۆتەوە لەنا ئەم گفتووگۆیەدا، وەکئەوەی هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانی ئەم دەرفەتەی کردبێت دەڵێ: تەلاس گیان ئەمە نەک بە تەنها کێشەیەکە بگرە کارەساتێکە. کارەساتیش لە جیهانی ئەپستمیی و ئەدەبیی ئێمەدا بوونی "تەکیە، شێخ، دەروێش"ە. دەروێشەکانی ناو ئەم تەکیەیە لەوەتەی هەن دەفی سەریان بۆ شێخ لێدەدەن و شێخیش بۆ دڵخۆشکردنیان جارناجارێک دەستێک بە سەریاندا دێنێت و ستایشێکیان دەکات. لەمێژە ئەدەب و نووسیین لەناو ئەمانەدا بووە بە پیشەسازیی بەرهەمهێنانی پارە و دەستەڵاتی ئەقڵ. تا ئەو سنوورەی دەروێشەکان ستایشی شێخ دەکەن چاکەیان دەدرێتەوە و تەپاڵەیان بە نرخی زێڕی عەیارە بیست و چوار بۆ دەفرۆشرێتەوە. لەناو ئێمەدا ئەوەی بەهای نەبێت نووسیینی جوانە. کۆسان دەڵێ: کێشەکە کێشەی کەمیی خوێنەری ڕاستەقیینەیە، ئێمە هێندەی خاوەنی خوێنەری کووشندەین خاوەنی خوێنەری دروست و زانا نین. تەلاس دەڵێ: من دەڵێم خوێنەرمان هەیە، لێ ئەم خوێنەرانەی، کە من باسیان دەکەم خودی خۆشیان هەر نووسەرن، هەربۆیە لەپێناوی هێشتنەوەی ناوی خۆیان و داهێنانەکانیاندا پێویستە بخوێننەوە. لاس دەڵێ: دەشێت ئێمە خاوەنی خوێنەر بین، لێ مەرج نییە هەموو خوێنەرێک خوێنەرێکی باش بێت. دەشێت ئێمە خاوەنی نووسەرانێک بین، کە خوێنەرێکی بەردەوامی ئەدەب و فەلسەفەی جیهانن، لێ مەرج نییە ئەمانە هەموویان نووسەری باش بن. بەشێکی گەورەی

مرۆڤ لە جیهاندا بە هۆی چاویانەوە دەبینن و بەردەوام تەماشای سروشت، مرۆڤ، کەلوپەل ... هتد دەکەن، بگرە لە خەویشیاندا دەبینن، لێ مەرج نییە ئەمانە هەموویان خاوەنی چاوێکی باش بن. زۆرینەی مرۆڤەکان بەهۆی گوێیانەوە دەبیستن و ڕۆژانە گوێیان لە سەدان جۆر دەنگە هەتا ئەو دەمەی دەنوون، بگرە لە خەویشیاندا گوێبیستی دەنگێکن، لێ ئەمانە هەموو خاوەنی گوێیەکی باش نین. بەشێکی گەورەی مرۆڤ لە جیهاندا بەهۆی زمانیانەوە قسە دەکەن و ڕۆژانە هەزاران وشە لە زاریانەوە دێتەدەر، لێ ئەمەش واتای ئەوە نییە، کە ئەمانە هەموویان قسەکەرێکی باش بن. ڕەگی هەموو داهێنانێک و بەرهەمهێنانی ئەدەبێک و نووسینێکی جوان توانایە نەک خوێندنەوەی زۆر. مرۆڤ، کە توانا و بەهرەی نەبوو پەڕتووکی هەموو جیهان بخوێنێتەوە نابێتە خاوەنی دێڕێکی جوان، هیچ کاتێک خوێندنەوە بەبێ هەبوونی بەهرە و توانا نابێتە یاریدەدەری مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی نووسینی جوان. فریدریش نیچە بۆیە خاوەنی باشترین پەڕتووک و جوانترین نووسینە چونکە ئەو مرۆڤێکی دێکادێنتە. نیچە بەدەرلەوەی خوێنەرێکی باش بووە، خاوەنی توانایەکی گەورە بووە، شوێنی ژیانی ئەو دوندەکانە، ئەو ئەتمۆسفێرەیەی ئەوی تێدا دەژیی بەهێزەکان نەبێت کەسی دی توانای مانەوەیان تێیدا نییە، دەنا ڕەق دەبێتەوە لە سەرمایاندا. نیچە با وەک خوێنەرێکی باش ستایشی هاینریش هاینە بکات وەک باشترین شاعیر باسی بکات و بەختەوەر بێت بە خوێندنەوەی شیعرەکانی، با ئەو ستایشی پاسکاڵ بکات و بلێ، من بە تەنها ستایشی پاسکاڵ ناکەم بگرە من ئەوم خۆشدەوێت، لێبەڵێ دەیان فەیلەسووف و نووسەری دی هەن، کە نیچە خوێنەریان بووە و پاشان لە تەوقی سەر هەتاوەکوو بنی پێ خستوونیەتیە ژێر ڕێژنەی ڕەخنەوە. ڕەخنەش لای نیچە کارێکی پرنسیپیی ئەقڵانییە، ئەوەی ئەو ئامادە نەبووبێت لە ڕەخنەگرتندا چرکەیەکیش چییە بیرکردنەوەی پێبەخشێت بریتیی بووە لە کلتوور و ڕەوشت و هەست و سۆز. ئا لێرەوە دەکرێت بانگەشەیەک بۆ دوژمنایەتییەک بکەین، کە دەشێت ڕەگی بگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی نزیک، لێ خودی ئەم دوژمنایەتییە بە دوژمنایەتیی کۆتایی نادێت، بەڵکوو نیچە گووتەنیی دواکات هاوڕێیەتیی دوژمنایەتیی لەناو دەبات.

لەلای هەندێک لە نووسەرانی ئێمە پەراوێزخستن و هەوڵی شکاندنی بەهای خەڵکیی و تواناکانیان ماتۆڕی هەڵسووڕاندنی بیرکردنەوەی ئەوانە لەپێناوی چێکردنی جێگایەک بۆ خۆیان لە مێژوودا. لێ چاکتر نییە، مرۆڤ نووسەری ئایندە بێت وەک لەوەی نووسەری مێژوو بێت. کەس گرنگیی بە ڤانگۆخ نەدەدا، بەڵکوو ئەو سەردەمەی ئەوی تێدا دەژیا سەردەمێکی هیچ بوو، بەردەوام هەوڵی شکاندن و برسییکردنی ئەوی دەدا. من هەندێکجار دەڵێم چاکترە وەک ڤانگۆخ لە داخی هاوڕێی بریینداركەر و نووسەری دەروێش بەشێک لە گوێچکەی چەپی خۆم ببڕم. لێ ڤانگۆخ بەمەشەوە ناوەستێت دواکات لە داخی جیهان لە تەمەنی 37 ساڵییدا فیشەکێک دەنێت بەسەر سنگی خۆیەوە و خۆی دەکووژێت. زۆرینەی

خوێنەرانی ئەڵمانیی لە سەردەمی نیچەدا دژ بە خوێندنەوەی نیچە بوون و بێزیزییان پێکردووە، وەک خۆی لە "ئێچە هۆمۆ"دا دەگێڕێتەوە، ڕۆژێک دۆکتۆر هاینڕیش فۆن شتاین سکاڵای خۆی بۆ نیچە دەردەبڕێت و دەڵێ: کاتێک پەڕتووکی "زەردەشت دووا"م خوێندنەوە یەک ڕستەی لێ تێنگەیشتم. نیچە بە دڵێکی گەورەوە سکاڵاکەی وەردەگرێت، وەک خۆی دەڵێ: نیچە جارێک خۆیەتی و جارێکیش نووسینەکانی. ئەمەش تەواو و ڕێک پەیوەندیی بە تێگەیشتنەوە هەیە، دەشێت خەڵکانیک خاوەنی بڕوانامەی گەورەش بن لە بواری ئەکادێمییدا لێ تێگەیشتنیان بۆ جیهان و بۆ نووسین پێدەچێت لە ئاستێکی زۆر نزمدابێت. هاینڕیش فۆن کلایست نیوەی هەموو ئەوروپا گەڕا بەدوای داهێنانی بەرهەمی شیعریی جواندا، لە هەرشوێنێک بیزانیبایە نائومێدە سەری خۆی هەڵدەگرت و ڕووی دەکردە جێگایەکی دی، بگرە هەندێکجار دەگەیشتە ئەو باوەڕەی، چونکە ئەم توانای داهێنانێکی باشی نییە، پێویستە خۆی بکووژێت. وێڕای ئەوەی سەرنووسەرێتیی ڕۆژنامەی لاپەڕەکانی ئێوارانی بەرلیینی پێدەبەخشرێت، لێ هێشتا لەناو نەخۆشیی و بێهیواییدا، کە نەیتوانیوە بگاتە چڵەپۆپە لە نۆڤێمبەری 1811 دا بڕیاری خۆکووشتن دەدات و "هێنریتە فۆگل" وەک ژنێکی پاکیزەی هاوڕێی بڕیاری مردن لەگەڵیدا دەدات، هاینڕیش سەرەتا فیشەکێک دەنێت بە هێنریتەوە و ئینجا فیشەکێک دەنێت بە خۆیەوە و هەردووکیان دەمرن. ئەوە چاوی کوێری سەردەمەکەی هاینڕش فۆن کلایست بووە، کە توانا و بەهرەی ئەو شاعیرە جوانەیان نەدیووە، نەک هاینڕیش خۆی شاعیرێکی باش نەبووبێت. کۆسان بە سەرسووڕمانێکەوە دەست بە قژیەوە دەگرێت و دەڵێ: وای ...... دەبێت ئەو هێنریتەیە چەند هاینڕیشی خۆشویستبێت وا لەگەڵیدا ئامادەیە بمرێت؟ تەلاس دەڵێ زۆر سەیرە دەڵێی ئەڵمانەکان خاوەنی ئینستینکتێکتن بۆ پێکەوە مردن، ئەوەتا لە ڕووخانی بەرلیینیشدا لە جەنگی جیهانیی دووهەمدا چەندەها ژن و مێرد، چەندەها هاوڕێ و خۆشەویست، بگرە خوشک و براش ئامادەبوون پێکەوە بمرن بە خودی ئادۆڵف هیتلەر و ئیفا براونەوە.

لاس بە خۆئامادەکردنێکەوە دەڵێ: هاوڕێیانم هاینڕیش هەمانشێوە مرۆڤێکی بەدبەخت بووە، وەک هەموو مرۆڤە بەهرەمەندەکانی تر. بگرە هەتاوەکوو ئێستا لە سەرتاسەری جیهاندا هەڵبژاردەیەک بەهرەمەند هەیە، کە لە کۆمەڵدا پەراوێز خراون و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بمرن هەتاوەکوو لەدایکبن. هاینڕیش فۆن کلایست لە 18.ئۆکتۆبەری ساڵی 1777دا لە شاری (فرانکفورت ئەن دێر ئۆدەر) لەدایکبووە. ژیانی ئەو ژیانێکی نۆرماڵ نەبووە، هەر لەسەرەتای لەدایکبوونیەوە قەیرانی ژیان بەردەرگای پێگرتووە و باوکی دووجار ژنی هێناوە لە ژنی یەکەم دوو منداڵی هەبووە و لە ژنی دووهەمی، کە دایکی هاینڕیش خۆیەتی بە ناوی "ئولریکە" سێ منداڵی تری هەبووە. لە تەمەنی 10 ساڵییدا باوکی دەمرێت 1788 و چوار ساڵ دوای ئەم کارەساتە دەنێردرێتە ماڵی بێسەرپەرشتاران لە پۆتسدام ساڵێک تێدەپەڕێت و دایکیشی دەمرێت. لە تەمەنی پانزدە ساڵییدا

دەستنیشاندەکرێت بۆ ئەرکی کەشتیوانیی سەربازیی، لێ ئەو زیاتر حەز بە سووپا دەکات و بۆ ماوەی دوو ساڵ دەبێتە سەرباز. هاینڕیش لەژێر کاریگەریێتی ئێمانوێل کانتدا هەتا ساڵی 1804 بەردەوام لە بیرکردنەوەدا نقووم دەبێت بە شیکردنەوەی ژیان، جیهان، مرۆڤەوە. هاینڕیش تووشی قەیرانی کانت هاتبوو، لەم ڕووەوە پێیوابوو، کە قەیرانی ژیان خاوەنی فاکتۆرگەلێکی ترە. پاش ئەوەی ماوەیەک ئەڵمانیا بەجێدەهێڵێت و لە پاییزی ساڵی 1802 دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا، ڕۆژێک کریستۆف مارتین ڤیلاند بەهرە و توانای هونەری شیعر لە هاینڕیش فۆن کلایستدا بەدی دەکات و لە ساڵی 1803 دا دەیبات بۆ شاری "ئۆسمانشتێدت" لە نزیک شاری "ڤایمار". ڤایمار ئەو شارەی، کە لە ساڵی 1897ەوە فریدریش نیچە و ئێلیزابێتی خوشکی تێیدا ژیان و لە 25.08.1900 دا نیچە بۆ دواجار هەناسەی تێدادا و ماڵئاواییی لەم جیهانە کرد. هاینڕیش فۆن کلایست وەک خوویەکی سروشتیی لە هیچ شوێنێک زۆر نامێنێتەوە، هەربۆیە ماوەیەک لەلای خێزانیک بە ناوی "شلیبن" لە لە شاری "درێسدن" دەمێنێتەوە و ماوەیەک خۆشەویستیی لەگەڵ کچەکەی شلیبندا دەکات و پاشان دەڕوات بۆ "بێرن، مایلاند، جنێف، پاریس" لە هەرشوێنی دوودڵیی لەسەر توانای شیعریی خۆی پەیدابکردایە ئەو شوێنەی بەجێدەهێشت و دەڕۆیشت بۆ شوێنێکی تر. پیشەی شاعیران و نووسەرانی سەدەی ناوەڕاست و هەژدە و نۆزدە وەهابووە، هیچیان بەبێ سەفەر نەیانتوانیوە چ بژیین و چ درێژە بە ژیانی نووسینیان بدەن. وەکئەوەی سەفەر خۆراکی نووسینی ئەوان بوویێت. دواجار ئەو دەمەی، کە هاینڕیش فۆن کلایست لە دوا سەفەریدا کاتێک هەستی دوودڵیی لە داهێنانی شیعرییدا لەخۆیدا بەدی دەکات، "قەیرانی دروستکردندا" ،لە قەیرانی توانا و داهێناندا، بیر لە مەرگ دەکاتەوە. ساڵی 1803 لەژێر کاریگەرێتیی قسە بۆ کردندا دەگاتە ئەو باوەڕەی، کە بگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا. دوای ماوەیەک لە بەرلیین دەبێتە فەرمانبەری فەرمانگەی داراییی، لێ دوای ساڵێک واز لە کارەکەی دەهێنێت. لە نیوەی یەکەمی ئۆکتۆبەری ساڵی 1806 دا کاتێک پرۆیسییەکان بەرانبەر بە سووپای ناپۆلیۆن چیدی توانای خۆڕاگرتنیان نامێنێت، دەڕووخێن و ناپۆلیۆن و سووپاکەشی سووک و ئاسان بەبێ شەڕ هەتا بەرلیین ناوەستن. هاینڕیش فۆن کلایست ئەو دەم لەسەر ڕێگای کوونیگشتاینەوە وەک پاتریۆتێکی نیشتیمانی خۆ لە ئامێزگرتوو بەرەو درێسدن بەڕێدەکەوێت، لە ڕێبەندانی ساڵی 1807 دا فەڕەنسییەکان بە تاوانی سیخوڕیی دەستگیریی دەکەن، چەند مانگێک بە دیلێتیی دەیبەنە فەڕەنسا و لە خەرمانانی ساڵی 1807 دا ئازادی دەکەن و دەگەڕێتەوە بۆ درێسدن لەوێ لەگەڵ ئادەم موولەری فەیلەسووف لە بواری مێژوودا ژۆرناڵێک بۆ هونەر دروستدەکەن و هەتا ساڵی 1809 بەردەوام دەبن، لێ کاتێک دوا بەرهەمی ئەم ژۆرناڵە دەردەچێت، هاینڕیش فۆن کلایست لە ڕووی دەروونیی و ڕۆحییەوە تووشی نشووستیی دەبێت و دەکەوێتە قەیرانی ژیانەوە و ماوەیەکی زۆر لە خەستەخانەدا دەمێنێتەوە، لێ دوای چەندیین مانگ نەخۆشیی لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1810 دا لە بەرلیین دەکرێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی لاپەڕەکانی

ئێوارانی بەرلیین. کاتێک هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕۆژنامەیە بە سەرکەوتووی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر لە ئایاری ساڵی 1811 دا فەڕەنسییەکان بە بیانووی خراپیی ڕۆژنامەکەوە بڵاوکردنەوەی قەدەغە دەکەن و پێیان دادەخەن. ئیدی لێرەوە هاینڕیش فۆن کلایست تەواو هیوای بە میدیا و داهێنانی ئەدەبیی و هونەریی نامێنێت و هەست بە تەنیاییەکی بێ سنوور دەکات و تۆزقاڵە زەڕڕەیەک چییە ڕووناکیی لە ژیان و لە ئایندەیدا بەدی ناکات. لە 21ی نۆڤێمبەری ساڵی 1811 دا "هێنریتە فۆگل" وەک ژنێکی هاوڕێی ئامادەی ئەوە بوو، کە لەگەڵ هاینڕیشدا بمرێت. لە ڤان سێس نزیک شاری پۆستدام، هاینڕیش سەرەتا فیشەکێک دەنێت بە هێنریتەوە و پاشان فیشەکێک دەنێت بە خۆیەوە و هەردووکیان دەمرن. هاینڕیش لە سەردەمی خۆیدا یەکێک بووە لە دیارترین دراماتیکەرەکانی ئەڵمانیا، باڵادەستیی ئەو لە ڕێنووس و ڕێزمانی ئەڵمانییدا لە لوتکەدا بووە. چەقی شیعرەکانی بریتیی بووە لە جیهانێک بۆ گرنگیدان بە تاک و ئەرک لەنێوانی تاک و ئەرکدا هەمیشە هەوڵی دەرخستنی ڕاستییەکانیداوە و باسی لە کێشەی نێوان ئیندیڤیدووم و ئەرک کردووە. هاینڕیش بەستراوە بە سروشتەوە، تێکەڵبوو لەگەڵ مێژوودا هەمانکاتیش شاعیرێکی ڕۆمانسیی و هەست ناسک بووە. جارێکیان کچێک نامەیەکی بۆ دەنووسێت، دیارە ئەو کچە هەستێکی ئاشقانەی بۆ هاینڕیش هەبووە، کاتێک هاینڕیش لە نامەیەکیدا وەڵامی ئەو کچە دەداتەوە بۆی دەنووسێت: تۆ نامەیەکت بۆ نووسیووم، کە من لە هەموو تێڕوانینێکەوە، نزیکەی بە خۆشەویسترین ناوی دێنم، من ماچی ئەو دەستانە دەکەم، کە ئەو نامەیەیان نووسیووە، ئەو دڵە ماچ دەکەم، کە هەستی ئەو نامەیەی دەربڕیوە. ماوەتەوە بڵێم، هێنریتە ناهەقی نەبووە ئامادەی مردن بێت لەگەڵ هاینڕیش فۆن کلایست دا. کات بە خێرایی تێدەپەڕێت و لاس هێشتا لە قوڵاییی گێڕانەوەی ژیانی هاینڕیش فۆن کلایستدایە، کاتێک هەستدەکات، کە چیدی تەلاس و کۆسان کەسیان کۆمێنتار لەسەر قسەکانی ئەم نادەن، ئیدی دڵنیا دەبێت لەوەی، کە ئەوان خەوتوون. لەبەرخۆیەوە دەڵێ: نازانم بێشانسیی منە یان هی هاینڕیش فۆن کلایست، کە هەردووکیان خەویان لێکەوت؟! لاس پاڵدەکەوێت و تەماشای ئاسمان دەکات، لەو شوێنەی ئەوەوە بەهۆی چڕیی پڕوپۆی درەختە باڵابەرزەکانەوە بە ئاستەم جلیوەی ئەستێرەکانی بەرچاو دەکەوت. لە بۆشاییەکی کەمەوە ئەستێرەیەک وەک تاکە ئەستێرەی تەنهای ئەو بۆشاییە چاوەکانی لاس ئاسوودە دەکات. لاس بە زەردە خەنەیەکەوە دەڵێ: دەڵێی ئەفرۆدیتەیە و لە ماڵی خۆیانەوە بە پێکەنینەوە نیگام دەکات. چاوەکانی لە ئەستێرەکە ناترووکێنێت تا ئەوکاتەی خەو دایدەگرێت و چاوەکانی لێکدەنێت. لە شەوێکی ئارامی دارستانێکی نامۆدا لە بێدەنگییەکی سەرسامکەردا هەرسێکیان دەچنە خەوێکی قوڵەوە. لە دەلاقەی گەڵاکانەوە ڕووناکییەک بە ستوونیی دێتە خوارەوە و لە بەرزاییی چەند مەترێکدا ڕووناکییەکە دەبێت بە سێ بەشەوە و دەیدات لە نێوچەوانی لاس و تەلاس و کۆسان، وەکئەوەی ڕووناکییەکە لە ئەستێرەکەوە بێتەخوارەوە وەها دەردەکەوێت. ڕەنگی ڕووخساری هەرسێکیان دەگۆڕێت و لێرەوە هەرسێکیان لە خەویاندا دەچنە

جیهانێکی ترەوە. ئیدی لێرەوە کاتەکانی هەرسێکیان بەشێوەیەکی دی دەڕوات. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ئاینده لەژێر تیشکی خۆرێکی بەهێزدا لە خەو هەڵدەستن، بەیانیی باش لەیەکتریی دەکەن و هەریەکەیان بە سەرنجەوە دەڕوانێتە ئەوی تریان و لە چاوانیاندا دەیان پرسیار بۆ قووتکردنەوە بەدیدەکرێت. لاس سەهۆڵبەندانی ئەم بێدەنگییە دەشکێنێت و دەڵێ: هاوڕێیان ئێوەش هەمان هەستی منتان هەیە؟ تەلاس دەڵێ: وەکئەوەی بڵێی سەدەیەک خەومان لێکەوتبێت؟ لاس بە ڕووخسارێکی پڕ خەم و سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: بەڵێ: مەبەستم ئەوەیە. کۆسان دەڵێ: هاوڕێیان کاتی ئەوە نییە، تکایە با بچین کارەکانمان جێبەجێبکەین، من پێشنیار دەکەم، کە لێرەوە هەریەکەمان بەرەو شوێنی خۆی بڕوات و دوای تەواوبوونی کارەکان هەموومان لەلای کییە یەکدەبینینەوە. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: چیی لای کێ؟ کۆسان بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: واتاکەی یانیی چڵەپۆپە. لاس گیان لای کێ؟ کێمان هەیە لە داپیرە کییە زیاتر؟ تۆ دەبێت ئەو توورەکە سپییە، کە پڕی پارەیە هەڵبگریت و بچیت ئاوەنیا لەدەست باوکی ڕزگاربکەیت، تەلاسیش پێموایە دەزانێت کاری چییە. تەلاس بۆ بە بەڵێ وەڵامدانەوەی قسەکەی کۆسان سەری چەند جارێک دادەنەوێنێت. لاس لە پڕێکدا بروسکەیەک بە گیانیدا دێت و ئیدی تێدەگات، وەکئەوەی ئێستا باوەڕ بەوە بهێنێت، کە لە ماوەی خەوتنی ئەودا چەندیین سەدە چ گەڕاونەتەوە بۆ مێژوو چ لەوێشەوە چەندیین سەدەی تریان تێپەڕاندووە. تەماشایەکی کۆسان و تەلاس دەکات و دەڵێ: بەڵێ باش، لە چەند ڕۆژی ئایندەدا لەلای دایە کییە یەکدەبینینەوە. هەرسێکیان لەیەک جیادەبنەوە و هەریەکەیان بە ڕێگایەکدا دەڕۆن و کۆسان و تەلاس پێکەوە دەڵێن: هاوڕێیان لە سێ ڕۆژی تردا لای دایە کییە یەکدەبینینەوە. دەڕۆن و لەناو دارستانەکەدا لە چاو وندەبن.

لە چایخانەیەکدا تەلاس لەگەڵ تەمار دانیشتووە و بەدەم چا خواردنەوەوە دەیەوێت باوەڕی پێبهێنێت، کە لەگەڵی بێت. تەلاس بۆ چەند چرکەیەک لە ڕووخساری تەمار وردەبێتەوە و دەڵێ: سەیرە دەڵێی لەگەڵ لەدایکبوونتدا دایک و باوکت ئەم ڕەشییەی بەرچاویان بینیوویت، بۆیە ناویان ناویت تەمار. بەدەم قاقایەکی پێکەنینەوە تەمار دەڵێ: بۆچوونەکەت جوانە، لێ من کوڕە گەورەیماڵم و تەمەنم 28 ساڵە، کاتێک من لەدایکبووم باوکم منی بە شادەماری ژیانی خۆی زانیوە، هەربۆیە ناوی ناوم تەمار، ئاخر تەمار لەیەککاتدا هەمدەکرێت پێناس لە ڕەشیی بەرچاو بکات هەمیش دەتوانێت پێناسێک بێت بۆ شادەمارێک. من ئەو شادەمارەی باوکمم. تەلاس بە هێمنییەکەوە دەڵێ: ئینجا لەم تەمەنتدا توانیووتە ببیتە شادەماری ژیانی باوکت؟ تەمار بە دڵنیاییەکەوە دەڵێ: باوکم پیاوێکی کاسپکارە، ڕاستە مرۆڤێکی نیشتیمانپەروەرە و هەستێکی توندنی نەتەوەییی هەیە، لێ هەرگیز نە خۆی کاری سیاسیی کردووە، نە هێشتووشیەتی ئێمە کەسمان بیکەین. لەدوای ڕاپەڕیینەوە باوکم هەستەکانی گۆڕدرا و هانیدەداین، کە لە پارتەکان نزیکبینەوە و خزمەتی دەستەڵات بکەین. لەو ڕۆژەوە من تابلۆی سیاسییەکانمان

و سەرۆکەکانمان دەکێشم، تابلۆی شەهیدەکان دەکێشم، پەیکەر بۆ شەهیدەکان دروستدەکەم، بەمشێوەیە لەم تەمەنمدا بوومەتە شادەماری ژیانی نەک باوکم، بگرە تەواوی خێزانەکەمان. ئەگەر من نەبم لەم ڕۆژگارە سەختەدا هەموویان لە برسا دەمرن. لەکاتێکدا برسێتیی وەک هەورێکی تەڵخ ڕووخساری ئەم نیشتیمانەی داپۆشیوە، لێ من لە سایەی دەستەڵاتدا ڕۆژێک چییە برسیی نەبووم، بەهۆی منیشەوە هەتا ئێستا کەس لە ماڵی ئێمەدا برسیی نەبووە. بەپێچەوانەوە ئەگەر لە هەندێک ماڵدا خەڵکیی بەسەرە نان بخۆن ئەوا لە ماڵی ئێمەدا هەموو یەکێمان دووقات نان دەخۆین. تەلاس دەڵێ: هەتا چەند باوەڕت بە کارەکانتە، کە بۆ دەستەڵاتی دەکەیت؟ تەمار هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئەگەر بەینی خۆمان بێت، لەگەڵ هەندێک کارمدا نیم، لێ من کاتێک بۆ ڕۆژنامەیەک یان کەناڵێکی تیلیڤیزیۆن یان ڕادیۆ بدوێم، بەشێوەیەکی دی دەدوێم و هەتا بۆم بکرێت ڕەوایەتیی بە هەموو ئەو کارانە دەدەم، کە بۆ دەستەڵاتم کردووە. تەلاس دەڵێ: تەنانەت خودی ئەو پەیکەر و تابلۆیانەی، کە بۆ کوڕی ئەو سیاسییانەت کردوون، کە لە باروودۆخێکی تایبەتدا گیانیان لە دەستداوە؟ تەمار بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: مەبەستت ئەوانەیە، کە لە ئاودا خنکاون، کە لە کارەساتی وەرگەڕانی ئاوتۆمۆبیلدا مردوون یان شێوەیەک لەمجۆرە مردنانە؟ تەلاس دەڵێ: بەڵێ مەبەستم ئەوانەیە. تەمار بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: نەخێر لەگەڵ هیچیاندا نیم، لێ من بۆ هەر کارێکم لەو کارانە باوەشێک دینارم وەرگرتووە، کە ژیانی خۆم و خوشک و برا و دایک و باوکم پێ ڕزگارکردووە. تەلاس دەڵێ: تۆ بێجگەلەوەی نیگارکێش و پەیکەرتاشیت، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشدا خاوەنی وتاریت و هەڵدەکووتیتە سەر خەڵکانێک، کە ئازادانە بیروڕای خۆیان دەردەبڕن. ئەوەی بەلای منەوە سەیرە، ئەوەیە، کە تۆ نەک بە تەنها دژ بەوانە دەوەستیتەوە، کە دژی دەستەڵات دەنووسن، بەڵکوو وەک تاکێکی کۆنزەڤاتیڤ دژ بەوانەش دەنووسیت، کە خاوەنی بۆچوونی ترن لەسەر خودا و ئایین، بە واتایەکی دی، ئەوانەی دژ بە خودا و ئایینیش دەنووسن. تەمار بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: من ئەقڵییەتی سەرۆک و سیاسییەکانمان دەنووسمەوە، لە کاتێکدا ئەوان شەڕی ئیسلامییەکان دەکەن، لێ دەیانەوێت تای تەرازووی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵدا ڕابگرن. ئەگەر بڕوانیتە سەرۆک و سیاسییەکانمان زۆرینەیان بە ناوی خوا و پێغمبەرەوە دەدوێن و سەدانجار دووبارەی دەکەنەوە، کە ئەلحەمدولیللا ئەوان ئیسلامن و کۆیلەی خودان. ئاخر بۆیە ئەوان کاتێک شەڕی ئیسلامییەکان دەکەن دەیانەوێت کۆمەڵ تێبگەیەنن، کە ئەوان دژی ئەو گرووپەن، نەک دژی ئایینی ئیسلام و خودا. تەلاس دەڵێ: ئێوە هەمیشە خۆتان دابەشکردووە بەسەر دوو بەشدا، هەر لەناو خۆتاندا بەشێکتان خۆیان تەرخانکردووە بۆ لێدانی باڵە ئیسلامییەکان و شکاندنی بەها ئایینییەکان، بەشێکی ترتان خۆیان ئامادە کردووە بۆ بەرزڕاگرتنی بەها ئایینییەکان، ئایا تۆ بۆچیی بەشی دووهەمت هەڵبژاردووە؟ تەمار دیسان بە قاقای پێکەنینەوە دەڵێ: من هەڵمنەبژاردووە، بەڵکوو ئەوان منیان هەڵبژاردووە. ئەوەی لەسەر منە جێبەجێکردنی داواکانە، ئەوەی ئەوانیش لە منی

داوادەکەن، بەرپەچدانەوەی ئەو دەنگانەیە، کە دژ بە ئایین و خودا دەنووسن. ڕاستیشت دەوێت دەتوانم بڵێم، کە دەنگێک لە ناوەوەی مندا هەمیشە بانگەشەی ئەو هەڕەشانە بە گوێمدا دەچرپێنێت، کە لەلایەن باڵە ئیسلامییەکانەوە پراکتیزە دەکرێت. ئەو ئاگادارم دەکاتەوە، کە هیچ دەستەڵاتێکی زاڵ هێندەی دەستەڵاتی مەلا، شێخ، مزگەوت و تەکییەکان زاڵ نییە. لەم نیشتیمانەدا، کە ئیسلامییەکان هەموو شتێکی تێدا دەکەن دەبێت خەم لە مانەوەی خۆم بخۆم، وەک وتم من شادەمارم، نەمانی من لەناوچوونی باوکم و خێزانەکەمە. تەلاس گیان دەزانم، کە تۆش بێجگەلەوەی وەک من هونەرمەندێکی شێوەکاریت، لێ لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی باکگراوندێکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیرییت، جیاوازیی نێوان من و تۆ لەوەدایە، کە تۆ خۆتیت، لێ من نا، من تەنها ماریۆنێتێکی دەستەڵاتم و چیدی نا. لێ پێتوانییە، کە ئا لێرەدا هەبوونی بۆچوونێکی تر لەسەر ئایین و خودا ببێتە مایەی نانەوەی کێشەیەک بۆ تاک، کە ژیانی خۆی تێدا دەخاتە مەترسییەوە؟

تەلاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و چەند جارێک دەست بە دەموچاویدا دەهێنێت و دەڵێ: ئەو کێشانەی، کە ئازادیی ڕادەربڕیین لە کۆمەڵدا دروستی دەکات، فاکتۆرێکی گرنگن لەسەر قووتکردنەوەی پرسیارگەلێک، کە دەشێت مرۆڤ پێشتر یان لە مێژوویەکی دووردا قسەی لەسەر کردبێت یان ئەوەتا نەیکردبێت. مرۆڤ لە هەر ئەتمۆسفێرەیەکدا بژیی هیچ شتێک لەلای ئەو لە ئازادیی بیروڕا دەربڕیین گرنگتر نییە لە ژیاندا. هیچ شتێک بۆ سوکرات لە مردن گرنگتر و پێویستتر نەبوو وەک مرۆڤێکی ئۆپتیمیست، لێ مەرگێکی جوان. تاوانی سوکرات ڕەتکردنەوەی ئێکسیستێنتی خودا بوو، لەلای ئەو شتێک نەبوو ناوی خودا بێت. سوکرات باجی ئەم دەربڕیینەی بە ژیانی خۆیدا، لێ مردن چییە، ئەگەر بە واتا نیچەییەکەی وەک بەشێک و قۆناغێکی تری ژیان، کە دواهەمیین قۆناغە تەماشای نەکەین. ئێپیکوری ئۆپتیمیستیش هەمانشێوە خاوەنی تێڕامانێکی تایبەت و ئیندیڤیدووال بوو لەسەر جیهان و ژیان، لەلای ئەو شتێک نەبوو ناوی جیاکردنەوەی جەستە و ڕۆح بێت، ئەو وەک باوەڕ بە یاسای ئەتۆم دەیگووت: کاتێک جەستە لەناو دەچێت ڕۆحیش لەگەڵیدا وەک بەشێک لە جەستە لەناودەچێت. ئێپیکور لەبەر ڕازییکردنی دڵی خەڵکی باوەڕی بە هەبوون و لەوێدابوونی خودا بوو، دەنا ئەویش وەک ئۆپتیمیستێک هەرشتێک لە دەرەوەی ئەقڵ و هۆش دا بووبێت شیاوی ڕەتکردنەوە بووە. بنچینەی سەرەکیی ناسینەوە لەلای ئێپیکور بریتیی بووە لە هەستی بە ڕاستیی وەرگرتن " بە جدیی وەرگرتن". ناسینەوە لەوێوە دەستپێدەکات، کە خۆی لە پەرچەکردار و ئیدۆلە نیان و نادیارەکان جیابکاتەوە، هەروەها دەبێت ئۆرگانەکانی هەست ناسینەوە وەربگرن. ئێپیکور لەژێر کاریگەرێتیی دێمۆکریت دا باوەڕی بە ئەتۆم هێناوە و دەڵێ: تەنها ئەتۆمەکان و بۆشاییە بێکۆتاکانی چێوە هەن. بەم واتایە لەلای ئەو هەموو بوونبە شتێک و فەوتانیان بریتییە لە پەیوەندیی و جیابوونەوە لە لەوێدابوونی هەمیشەییدا.

هەر لە سەرەتاوە ئەتۆمەکان لە جوڵەدان، کە بە هۆیانەوە پەیوەندیی و جیابوونەوە دێنەئاراوە. لێرەوە ئێپیکور پێ لەسەرئەوە دادەگرێت، کە چارەنووسێکی "بەستراوە" بوونی نییە، بەڵکوو مرۆڤ لە ژیانیدا دەتوانێت خۆی ڕووخسارێک بدات بە ویستە ئازادەکانی. لەسەرێکی ترەوە ئێپیکور ڕۆحیش دەبەستێتەوە بە ئەتۆمەوە، ئەو پێیوایە کاتێک مرۆڤ دەمرێت و ڕۆح و جەستە پێکەوە لەناودەچن. بەمشێوەیە شتێک نییە لەلای ئێپیکور ناوی جیاکردنەوەی ڕۆح و جەستە بێت. لەلای ئێپیکور سێ ترس لەبەردەمی بەختی مرۆڤدا ڕاوەستاوە: یەکەم ترسی مردن. دووهەم ترس لە خوداکان، سێهەم ناڕوونیی دەرهەق بە زانایی حەز و نەبوونی حەز. ئێپیکور پێیوایە هەموو جۆرە ترسێک لە مردن و خوداکان بێهەستیی و نالۆگیکە. چەند خولەکێک پێش مردنی سوکرات، دادگا داوای لێدەکات ئەگەر بێتوو پاشگەزببێتەوە لەوەی، کە ددان بەوەدا دەنێت، کە خودا نییە و ملکەچیی بۆ فەرمانەکانی دادگا بکات، ئەوا دادگا لە تاوانەکەی خۆش دەبێت و سزاکەی بۆ دەگۆڕێت بۆ پێدانی بڕێک پارە بە دادگا. تاوانی سوکراتیش تەنها باوەڕنەبوونی بوو بە خودا. سوکرات بە هاوڕێکانی و بە دادگا دەڵێ: ترس لە مەرگ تەنها ئەوەیە خۆت بە شتێکی تر و بە باشتر بزانیت. مرۆڤ هۆشیار ئەبێت، بەڵام چاوقاییمییە، کە بزانیت شتێک ئەزانیت، کە کەس نایزانێت. مردن چییە، کە تەنها جارێکیش گەورەترین شت نەبێت لەژێر هەموو شتە باشەکانەوە بۆ مرۆڤایەتیی. بەڵام لێشی ئەترسن وەک ئەوەی زانیبێتیان، کە ناقۆڵاترین شت مردنە. فریدریش نیچە لەم ڕووەوە دەڵێ: مرۆڤ دەتوانێت وەک پزیشکێک پرسیار لەوە بکات: لەکوێوە نەخۆشییەکی وەها بە ڕەگ و هەڵچوونەوە هاتە ناو پلاتۆنەوە؟ ئایا سوکراتی شەڕانگێز وای لە پلاتۆن کرد بەرەو خراپیی بڕوات؟ ئایا سوکرات خراپکەری گەنجان بوو؟ ئایا سوکرات شایانی سزادانەکەی بوو؟ بەڵام تێکۆشانی سوکرات بەرانبەر پلاتۆن تێکۆشانێکی ڕەوا بوو بۆ تێگەیشتنی گەل لە هەزارەی یەکەمی دوای مەسیحدا، مەسیحییەت ڕێچکەیەکی پلاتۆنیی گرتبووەبەر کە لە تەواوی ئەورووپادا پەیوەندییەکی ڕۆحیی لەناخی خەڵکییدا دروستکرد، کە پێشتر بوونی نەبوو.

ئایین ئاژەڵێکی دڕندەیە ڕقی لەو کەسانەیە، کە دەستەڵاتی بەسەریاندا دەشکێت. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئاژەڵان چونکە گەورەترین ئاژەڵی ڕاو بوونەوەرێکی پاک و بەڕێزە و ئەو پۆخڵەواتەی بێهێزیی و لاوازیی تێدا نییە، کە لە مرۆڤدا هەیە. مرۆڤ دەبێت جیهان و ژیان و دەستەڵات وەک ئارتوور شۆپنهاوەر بهێنێتە بەرچاوی خۆی چونکە لەلای شۆپنهاوەر ئەو کاتەی ژیان هەبێت ویستیش هەیە، لێ ویستی هێز نەک ویستی ژیان. ئەمەش بەو واتایەی، کە سروشت ژیانی بە مرۆڤ بەخیشوە بێئەقڵییە مرۆڤ بێت داوای شتێک بکات، کە خۆی خاوەنیەتی. مرۆڤ لێرەدا ئەوەی لەسەریەتی بۆ کردن بریتییە لە گێڕانی ئاهەنگی مردن وەک سوکرات، ئیدی ئەم خاڵە گوونجاوترین کاتە بۆ مرۆڤ، کە تێیدا بمرێت. ئەو مەرگەی سوکراتم چەند لا جوانە، کە خۆی هەڵیبژاردووە لەلای نیچە

مەرگی سروشتیی هیچ واتایەکی نییە بە مەرگێکی تراویلکە و سەرابی دەزانیت و بە شتێکی ئاسایی ناودەبات، لێبەڵێ مەرگی خۆویست لە مەرگی سروشتیی مەزنترە چونکە مرۆڤ لە مەرگی سروشتییدا هیچ ڕۆڵێکی نییە و مەرگێکی ترسنۆکانەیە.

تەمار بە سەرسوورمانێکەوە دەڕوانێتە تەلاس و دەڵێ: چیتدەوێت لە من؟ دەتەوێت چیت بۆ بکەم؟ بەدەرلەوەی تەلاس وەڵامی تەمار بداتەوە، کییە هەستێک لە دڵی تەماردا دروستدەکات، کە خۆی وەڵامی خۆی بداتەوە و بڵێ: دەتەوێت بێم لەگەڵت بۆ ئەو شوێنەی، کە ناوی دەنێن جیهانێکی باشتر؟ دەتەوێت ئیدی لە ئێستاوە چیدی پەیکەری بۆ ئەو خەڵکانە دروستنەکەم، کە لە پەیژە دەکەونە خوارەوە و دەستەڵات دەیانکات بە شەهید؟ دەتەوێت دژ بە ئازادیی بیروڕا نەنووسم؟ دەتەوێت لەگەڵتدا بێم بۆ جیهانێک، کە جیهانی ڕاستەقینەی هونەرمەندانە، جیهانێک لە جیهانە پێکەوەییەکەی ڤان گۆخ؟ تەلاس دەڵێ: لەگەڵم وەرە ئەگەر زانیت ئەو جیهانە هی تۆ نییە، ئەوا دەتهێنمەوە بۆ ئێرە و وەکئەوە وابێت، کە تۆ لە ژیانتدا منت نەدی بێت. کییە لە ناوەوەی تەماردا باوەش بە ڕۆحیدا دەکات و گەرمییەکی پێدەبەخشێت، کە بڵێت: ئەزانی چیی تەلاس لە ژیانمدا ئا بەمشێوەیەی ئێستا ئازاد و ئاسوودە نەبووم، هەستدەکەم ئێستا ڕۆحم خاوەنی ماڵ و گەرمییەکی ترە. تەلاس بە بیستنی ئەم قسەیە ڕاستەخۆ هەستدەکات، کە کییە دەستی هەیە لە نەرمکردنی هەست و دڵی تەماردا، هیچی بۆ نامێنێتەوە بەدەرلەوەی بڵێت: با بڕۆین تەمار گیان، کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین. هەردووکیان هەڵدەستن پارەی چاکانیان دەدەن و چایخانەکە بەجێدەهێڵن و لە چاو وندەبن.

کۆسان لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا لەنێوانی دوو کوڕی گەنجدا دانیشتووە و گوێ لە وتەکانی ئاوەسەر دەگرێت. لەبەردەمی مایکرۆفۆنێکدا ئاوەسەر بەپێوە ڕاوەستاوە، ڕووی لە دانیشتوانە و دەستی ڕاستیشی بۆ لیژنەیەکی سێ کەسی درێژ کردووە و دەڵێ: من چلۆن ڕێگا بەم نەزان و گەمژانە بدەم، کە موسیکی من هەڵبسەنگێنن؟ لەناو هۆڵەکەدا تێکەڵەیەک لە قاقای پێکەنین و تووڕەبوون پەیدا دەبێت، لیژنەکە ڕوویان تاریک دەبێت و یەکێکیان بە تووڕەییەوە دەڵێ: ڕێزی خۆت بگرە. پێشکەشکەری کۆڕ لە ئاوەسەر دێتە پێشەوە و پێیدەڵێ: تۆ دەبێت ڕێزی ئەم لیژنەیە بگریت، کە موسیکەکەت هەڵدەسەنگێنن، ئەمانە باڵادەست و زانا و پسپۆڕن، بەهیوام بیربکەیتەوە و واز لە قسەی منداڵانە بهێنیت. ئاوەسەر بە قاقای پێکەنینەوە دەڵێ: باڵای هیچ کەسێک لە من بڵندتر نییە، من باڵابەرزترین موسیککاری ئەم کیشوەرەم، ئەمانە زۆر لەوە کەمترن، کە بتوانن لە موسیکی من بگەن و هەڵیبسەنگێنن. پێشکەشکەری کۆڕ دەڵێ: تەنانەت خودی سەرۆک هەفتەی ڕابوورد لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانییدا وتبووی: موسیکی ئاوەسەر موسیکێکی جوانە، تاکە خراپە، کە هەیبێت ئەوەیە قورسن بۆ تێگەیشتن، باشترە موسیکێک بەرهەم

بهێنێت، که خەڵکیی تێیبگەن. کۆمێنتارت چییە لەسەر ئەم قسەیەی سەرۆک کاک ئاوەسەر؟ ئاوەسەر بە تەوسێکەوە دەڵێ: سەرۆک گێل و نەزانە، شوێنی ژیانی ئەو دۆڵ و دەشتەکانە، منیش لە دوندی شاخەکاندا دەژییم، خۆ ناشێت پێمبڵێیت لەبەر خاتری سەرۆک دابەزەرە خوارەوە؟ سەرۆک هەتا ماوە دەبێت ژیان لە دۆڵ و دەشتەکاندا بەرێتەسەر و لەگەڵ مردنیدا خەڵکیی بیریان بچێتەوە ناوی چیی بوو، من هەتا ماوم لە لوتکەدا لەناو کلووی سپیی بەفری دوندەکاندا دەژییم، دوای مەرگیشم هەرلەوێم، من خۆم دەڕۆم بۆ جیهانێکی نادیار، لێ ناو و کەسایەتیی و موسیکی من تا هەتا هەتایە لە لوتکەکاندا دەمێنێتەوە و هیچ کەسێک ناتوانێت پێمبگات. من ئەو مرۆڤەم، کە سروشت لەسەرو هەموو سەرۆکەکانەوە دایناوم، ئەمە یاسای سروشتە من ناتوانم بیگۆڕم. کۆڕگێڕەکە دەڵێ: بەڵام ئەمە بێڕێزییە بە سەرۆک، ئەو سەرۆکی ئەم نیشتیمانەیە ناکرێت بەوشێوەیە بەرانبەری بدوێیت. ئاوەسەر بە قاقایەکەوە دەڵێ: ناشێت تۆش کوێر بیت و نەبینیت، کە ئیمپراتۆرێک لەبەردەمتدا وەستاوە. ئەو سەرۆکێکی نەزانە و منیش ئیمپراتۆرێکی نۆتەی زانا، کە هاوتام نییە.

کۆسان هەرچیی مووی لەشی هەیە بە قسەکانی ئاوەسەر بەرزبۆتەوە و بیر لە ئایندەی موسیکەکانی لەم نیشتیمانەدا دەکاتەوە. کەمێک خەیاڵی دەڕوات و لەناکاو لە قاقایەکی پێکەنینی گەورەی دانیشتوان بەئاگا دێتەوە، ئینجا گوێڕایەڵی قسەکانی ئاوەسەر دەکات.

کۆڕگێڕەکە بە ئاوەسەر دەڵێ: بەڵام ئەم لوتبەرزییەی تۆ بێجگە لە زیان هیچ قازانجێکت پێناگەیەنێت. ئاوەسەر دەڵێ: من سادەترین مرۆڤم، بەڵام ئەوە کۆمەڵە وەها دەکات، کە من بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم. من هەر ئاهەنگێک دەگێڕم هەزاران چەپڵە و دەیان چەپکە گوڵم دیاریی دەکرێت، لێ ئێواران، کە دەڕۆمەماڵەوە هیچ نییە بیخۆین، کوڕە بچکۆلانەکەم پێمدەڵێت: من چیدی ئارەزووی نان و ماست خواردنم نەماوە، ئارەزووی پەتاتەی کوڵاو و تەماتەم نەماوە، ساوەر دەبینم دەڕشێمەوە. هەندێکجاریش، کە برسیمە و هیچمان نییە بیخۆین، خەو بە پەتاتەیەکی کوڵاوەوە دەبینم. منیش هیچم بۆ نامێنێتەوە بێجگەلەوەی دەستێک بەسەریدا بهێنم و بڵێم: ڕۆژێک دادێت باوکت ئەوەندە پارە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ماڵەوە، کە تۆ دۆشەک و سەرییێکی بۆ خۆت لێ دروستبکەیت. یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە دەنگ بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: تۆ تاکە هونەرمەند نیت، موسیککاری تریش هەیە باری ئابوورییان قورسە، ئەم نیشتیمانە لە هەلومەرجێکی ناسکدا دەژیی، توانای بەتەنگەوە هاتنی هەموو شتێکی نییە. کچێکی جاحێڵی شانزدە حەڤدە ساڵە لە خوارەوە لە ئاوەسەر نزیکدەبێتەوە و دەڵێ: ئاوەسەر ڕاستە دەڵێن: جارێک بە کچی سەرۆکت گووتووە شووم پێبکە، ئەویش وتوویەتی: ڕاستە تۆ خاوەنی موسیکی باڵا و جوانیت، بەڵام خۆت ناشرین و باڵا کورتیت، من حەز لە پیاوی باڵابەرز و جوان دەکەم؟ ئاوەسەر بە قاقایەکەوە دەڵێ: زۆر ڕاستە کچی جوان، لێ کچی سەرۆک گێل و کوێر بوو،

نەیدەزانی لەبەردەم جوانترین و باڵابەرزترین پیاودا ڕاوەستاوە، کە مێژوو بە خۆیەوە بینیبێتی. دەنگی قاقایەکی پێکەنین لەناو دانیشتواندا بەرزدەبێتەوە و کچەکە دەڵێ: ئەگەر ژنت نەبوایە من شووم پێدەکردیت. ئاوەسەر دەڵێ: گەورەترین پیاوی جیهان دەبێت لەسەرچۆک لەبەرپێتدا دابنیشێت و پێتبڵێت: شووم پێدەکەیت؟ کچەکە بە قاقایەکی پێکەنینەوە سووپاسی ئاوەسەر دەکات و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. ئەندامێکی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەنگ بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: من چەندیین ساڵە لەگەڵ موسیکی ئاوەسەردا دەژییم، کێشەی ئەم مرۆڤە ئەوەیە، کە تێناگات، کە کەس لە موسیکەکانی تێناگات، ئەوەی ئێمەش ئیمڕۆ بۆی دەگەڕێین، بەرهەمهێنانی موسیکێکە بۆ نیشتیمان، موسیکێکی ئۆپێراییی بە ناوی نیشتیمانەوە، کە باس لە ئازار و خەمەکان و سەرکەوتنی شۆڕشی نیشتیمان بکات. ئەم موسیکەی ئاوەسەریش نووسیوویەتی ناتوانێت ئەو پێناسانە بدات بەو ئۆپێرایە، بۆیە داوای لێبووردنی لێدەکەین، کە ئەو خەڵاتەی لەلایەن دەستەڵاتەوە تەرخانکراوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم موسیکە نادرێتە ئاوەسەر. ئەم موسیکەی ئاوەسەر نووسیوویەتی بەدەر لە خۆی کەسی تر نازانێت واتای چیی و باسی چیدەکات، کەس تێیناگات خۆی نەبێت، ئێمەش موسیکێکمان دەوێت، کە هەموو کەس توانای تێگەیشتنیان لەبۆی هەبێت.

ئاوەسەر ڕەنگی ڕووخساری دەگۆڕێت و بە ڕیتمێکی تایبەت لە قسەکردنیدا دەڵێ: لەناو ئێمەی کورددا لەکاتێکدا هەرچیی بەهاکانە نغرۆبوون دەکرا کاری موسیک زیاتر ئەوە بوایە، کە نرخ بگەڕێنتەوە بۆ ئەم بەهایانە، جیهانی ئێمە جیهانێکی دەمبەستراو و گوێ کپکراوە، دەبا کاری موسیک کردنەوەی گوێی کۆمەڵگا بوایە، دەکرا موسیک زمانی لە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە بڕواندایە. لەکاتێکدا موسیک ڕۆحێکی دیۆنیسۆسانەی هەیە، کەچیی لەناو ئێمەی کورددا موسیککاران بەدەگمەن درک بەم ڕەچەڵەکە دەکەن، ئەمەشە وەها دەکات، کە من هەموویان بە بچووک تەماشا بکەم. موسیککاری دیۆنیسۆسانە دەتوانێت جیهانێکی پڕ پۆخڵەوات بگۆڕێت یاخوود لانیکەم پاکی بکاتەوە، لێ دەگمەنن ئەو موسیکانەی، کە بتوانن خەیاڵییانە هیوایەک بدەن بە تاکی کورد. قسەکردن لەسەر ڕۆحی گەردوون تەنها لە گەرووی موسیکەوە دێتەدەر، لێ لەناو ئێمەدا هەندێکجار ئاستی موسیک دادەبەزێنرێتە خوارەوە بۆ ستایشکردنی سەرۆک، بۆ ستایشکردنی پارت و دەستەڵات، ئەمانە دەیانەوێت شاخی بەرزی موسیک دابەزێننە خوارەوە بۆ ئاستی درامایەک بە ناوی نیشتیمانەوە لەکاتێکدا موسیک لە دراما گەورەترە.

ئاوەسەر مایکرۆفۆنەکە لێدەکاتەوە و دەیگرێت بە دەستیەوە و دێتە پێشی پێشەوەی شانۆکە و تەماشای ئامادەبوان دەکات و دەڵێ: هونەر کاتێک بەهای نامێنێت، کە مرۆڤ نەزانێت بۆچیی چ دوای دەکەوێت و چ دەیکات. کاتێک ئێمە تەماشای ئەپۆلۆ دەکەین بە سیمبوڵی ئیستاتیکای هونەر و موسیک تەماشای دەکەین، کاتێکیش تەماشای دیۆنیسۆس

دەکەین بە ڕۆحی موسیک و تراژیدیا ناوی دەبەین. لەسەر دەستی هەلەکەسەماکەران تراژیدیا لەناو ئەدەب و هونەر و موسیکی کوردییدا بەرەو نەمان دەچێت. من هیچ کارێکی لۆگیکانە یاخوود ئەقڵگەرانە لەو هەرایەدا نابینم، کە موسیکی کوردیی تێکەوتووە، لەکاتێکدا لەسەر دەستی سوکرات و ئێپیکور تراژیدیا کووژرا. ئەقڵگەریی پلاتۆنێکی شانۆنامەنووس بکات بە دوژمنی سەرسەختی شیعر، سوکراتێک فەلسەفەی ڕەخنەگرتن بکاتە شوێنی شیعری فەلسەفیی و کۆتایی بە شارستانیەتی یۆنانی کۆن بهێنێت، دەبێت لەناو ئێمەی کورددا بەدەر لە نەبوونی ئەقڵ چ شتێکی دی تر هەبێت بەوشێوەیە موسیکی کوردیی وەک سڵقی کەرکووک ڕووتبکاتەوە لە واتا و لە ڕۆحی دیۆنیسۆسانە؟ ئەگەر ئێمە لە ڕۆحی نیچەوە تەماشای لەدایکبوونی تراژیدیایەکی کوردیی بکەین، ئەوا لە موسیکی کوردییەوە ئەو هەلەمان بۆ دەڕەخسێت. لای ئێمانوێل کانت موسیک هۆکارێکی لەزەتبەخشە دەبێت هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بێت وەک سەرجەم هۆکارەکانی دیکەی لەزەت بەخشین نەوەک ببێتە هۆی بێزاریی. من پێموایە موسیکی کوردیی بە ڕێژەیەکی گەورە هێندەی بێزارکەرە کەمتر لەزەتبەخشە. کێشە ئەوەیە، کە ئەمانە هەتاوەکوو سەرۆکەکەشیان، کاتێک دێن ڕەخنە لە موسیکی من دەگرن، باس لە تێنەگەیشتن دەکەن، لەکاتێکدا خەتاکە لە خۆیانەوەیە نەک لە موسیکەکەی منەوە، کە ئەوان لێیتێناگەن. بەڕێزان لە یەکێک لە گووندەکانی سەرسنووردا، جوتیارێک بەیانیان و ئێواران موسیکە سەمفۆنییەکانی من بە دەنگێکی بڵند بۆ مانگاکانی لێدەدات هەتا گوێی لێبگرن، ئەم مانگایانە ئەوەندە چێژ لەو موسیکە وەردەگرن، جوتیارەکە دەڵێ: دەتوانم بڵێم بە موسیکی ئاوەسەر مانگاکانم ڕۆژانە لە سەدا حەوت شیریان زیادی کردووە. ئەوانەی لە موسیکی من ناگەن بە سەرۆکەکەشیانەوە لە مانگا کەمترن. ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن هەڵدەستنە سەرپێ و دەبێت بە هەرا و دەنگە دەنگێک نەبێتەوە. لەناو دانیشتواندا خەڵکیی دەبن بە دوو بەشەوە بەشێکیان قاقا پێدەکەنن و چەپڵە بۆ ئاوەسەر لێدەدەن، بەشێکیش بە تووڕەییەوە دەڵێن: ئەمە سووکایەتییە بە ئێمە و بە سەرۆک نابێت پەسەندی بکەین. کۆسان هەڵدەستێت دەڕواتە پێشەوە بۆ لای شانۆکە. ئاوەسەر مایکرۆفۆنەکە بەجێدەهێڵێت و لەسەر شانۆکە دێتە خوارەوە، چەند کامێرامانێک بەدوایەوە دەڕۆن چەند ڕیکۆردێکی بچکۆلانە لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە دەخرێنە بەردەمی، ئاوەسەر دەڵێ: مانگا بە موسیکی من ئاسوودەیە ئەمانە نەبێت. چەند هاوڕێیەکی ئاوەسەر لە دەستە چەپ و ڕاستیەوە دەڕۆن و پارێزگاریی دەکەن، لە هۆڵەکە دەچنە دەرەوە، لەوێش خەڵکێکی زۆر قەرەباڵغییکردووە، چەند هێلکەیەک لەناو خەڵکەکەوە بەرەو دەموچاوی ئاوەسەر دێن و بە دەموچاویەوە دەشکێن، هاوڕێکانی دەستیانگرتووە و دەیانەوێت لەو قەرەباڵغییە ڕزگاری بکەن، لە پێشەوە کچێکی لاوی تەمەن هەر هەژدە ساڵە بە گوڵەباخێکی سوورەوە دێتە لای ئاوەسەر گوڵەکەی دەداتێ و ماچێکی ڕوومەتی دەکات بەبێئەوەی هیچ بڵێت. دەگەنە دەرەوەی ماڵەکە، تەکسییەکی تۆیۆتا ڕاوەستاوە، هاوڕێکانی ئاوەسەری تێدەکەن و بە شۆفێرەکە دەڵێن: تکایە لێبخوڕە. شۆفێرەکە دەڵێ:

بۆ کوێ؟ یەکێک لە هاوڕێکانی دەڵێ: جارێ نازانین، بەڵام تکایە ئێستا بڕۆ، گرنگ ئەوەیە لێرە دووربکەویتەوە. شۆفێرەکە سلف لێدەدات و دەیەوێت بڕوات، لەناکاو دەرگای دواوە دەکرێتەوە، ئاوەسەر و هاوڕێکانی بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشا دەکەن، کوڕێکی گەنجە خۆی دەکات بە تەکسییەکەدا و دەڵێ: تکایە بمبەن لەگەڵ خۆتان، من دۆستی کاک ئاوەسەرم، دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم. بەبێئەوەی کەسیان هیچ بڵێن، تەماشای کۆسان دەکەن و پاشان ڕووی خۆیان وەردەگێڕن. شۆفێرەکە پێیپێدا دەنێت و لە چاو وندەبن.

لاس تووڕەکەیەکی سپیی لە گەورەیی کیسەیەکی سووپەرمارکێتەکاندا بەدەستەوەیە و لە کایەنێکی گەورەی ماڵێکدا لەگەڵ پیاوێکی قەد و باڵا کەڵەگەتدا ڕاوەستاوە، کایەنێک، کە دەرگایەکی دوو تاکیی گەورەی تەختەی هەیە، هەتا تراکتۆرەکان پێیدا بێنە ژوورەوە و کاکانیانی تێدا بڕێژن. پیاوەکە ئەسمەرێکی کەتەی سمێڵ گەورەیە، چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوەیە و دەڵێ: دەبێت ئەم سەگ ڕەگەزە بەم چەقۆیە لە پشتی ملەوە سەرببڕم. لاس دەیەوێت باوەڕ بە پیاوەکە بهێنێت، کە کچەکەی نەکووژێت و بیدات بەم و لەبری برێک پارە وەربگرێت. لاس دەڵێ: بەڕێز کاک ڕەسول ئاغا جەنابتان پیاوێکی گەورەی سەرۆک هۆزێکن و هەموو کەس دەتانناسێت و بگرە هەندێکیش لێتان دەترسێت، بەوپێیەی خاوەن دەستەڵات و چەکدارن. من پێشنیارێکت بۆ دەکەم، تکایە وەک پیاوێکی زانا و لێبووردە و دەستەڵاتدار وەریبگرە. جەنابتان لەوە گەورەترن، کە دەستتان لە خوێنی کەسێکی ئاوها بێبایەخدا پیس بکەن. من دڵنیاتدەکەمەوە، کە ئەم کارە لە ئێوە ناوەشێتەوە، دەستەکانی ئێوە هی ئەوە نین لە خوێنی بەرەڵلایەکی وەک ئەمەدا پیس ببن. ڕەسول ئاغا بە تووڕەیییەکەوە دەڵێ: چلۆن دەستی خۆم بە خوێنی ئەم قەحبە ڕەگەزە سوور نەکەم، دەزانی ئەمە چییکردووە؟ من هەر دەمزانی ڕۆژێک دادێت تووشی ئەم کارەساتەمان دەکات، ئەم قەحبە دایکە، تەمەنی نۆ ساڵ بوو هەمووجارێک دەرپێکەی پڕ بوو لە شەهوەت، دەتگووت شەیتان لە قوزیدایە، دایکیشی ئەوەندەی شەهوەت نەبوو. ئێستا چواردەساڵە، مەگەر بەس خۆی و خوا بزانیت ئەم ڕەگەز قەحبەیە لە تەمەنی چەندساڵییەوە گان دەدات. لەوانەیە لە پێنج ساڵییەوە خۆی بە پەنجە خۆی کوونکردبێت. ئێستا کاتی سەربڕیینی هاتووە. لاس دەڵێ: ئاخر ئاوها نا گەورەم. ڕەسول ئاغا، کە گوێی لە وشەی گەورەم دەبێت زەنگێک لە ناخیدا لێدەدات و هەست بە خۆشییەک دەکات، هەڵوێستکەیەک دەکات و تەماشای لاس دەکات و دەڵێ: ئەدی چلۆن کاک لاس پێمناڵێیت: چلۆن؟ لاس هەستدەکات، کە ڕەسول ئاغا بە وتەی گەورەم ئاسوودە بووە، بە ئانقەست دووبارە و سێ بارەی دەکاتەوە و تووڕەکە سپییەکەی دەستی دەکاتەوە و ئەیداتە دەست ڕەسول ئاغا و دەڵێ: بەم پارەیە دەتوانیت سەد مەڕ و بزن بکڕیت، بگرە دەتوانیت مانگاشی پێبکڕیت، من دۆستتم و هاتووم

هاوکارییت بکەم. گەورەم بیدە بە من، دەیبەم لەوپەڕ سنوورەکانی خۆمان دەیخەمە چاڵێکەوە و زیندانیی دەکەم، ئیدی لەوێ هەتا ئەو کاتەی دەمرێت دەبێت ژیانێکی پڕ ئازار و خەم بژیی. تۆ ئێستا بیکووژیت یارمەتیی دەدەیت و لەدەست خەم و ئازار ڕزگاری دەکەیت. من دەیبەم چاڵێکی گەورەی لەشێوەی زیندانێکدا بۆ هەڵدەکەنم، سەرەکەی بە شیش لەشێوەی پەنجەرەیەکدا دەگرم، ئیدی با ئەویش هەرلەوێدا، بژیی تا دەمرێت، دەبێت میز و گوو بکاتە ژێر خۆی. من ڕۆژانە لە بەینی شیشەکانەوە خواردن و خواردنەوەی بۆ فڕێدەدەمە خوارەوە و تۆش دەتوانیت جارناجارێک بێیت لەسەرەوە میزی پێدابکەیت، گووی پێدابکەیت، ئەگەر ویستیشت لێیبدەیت و دوایی فڕێیبدەیتەوە ناو چاڵەکەی. ڕەسول ئاغا تەماشای پارەکان دەکات و لە دڵی خۆیدا دەیان پلانی بۆ دادەنێت، داپیرە کییەش لە دەروونییدا خرۆشییەکی گەورەی خۆشویستنی پارەکە دەخاتە دڵیەوە، هەتا ڕەسول ئاغا زیاتر تەماشای پارەکە بکات زووتر لە پەسەندکردنی پێشنیارەکەی لاس نزیکدەبێتەوە، دەست بە سمێڵیدا دەهێنێت و بیری لێدەکاتەوە و لەپڕێکدا دەڵێ: پێشنیارەکەت خراپ نییە، بەڵام من چیی لەو خەڵکە بکەم، کە چاوەڕوانی بینینی خوێنی ئەم قەحبەیەم لێدەکەن؟ لاس دەڵێ: ئاسانە. ڕەسول ئاغا دەڵێ: چلۆن؟ لاس لە کایەنەکە دەچێتە دەرەوە و دەچێت لە خانێکدا، کە بەرانبەر کایەنەکەیە پشتەملی بەرخێک دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە بەردەمی ڕەسول ئاغا و دەڵێ: بەرخی نێر بۆ سەربڕیینە. ئەم بەرخە لێرەدا سەردەبڕیین، دەست و قاچەکانی لە بندا دەبڕیین و لە تەنیشت یەکەوە لەژێر قوونیدا دایدەنێین هەتاوەکوو وەک مرۆڤێکی ڕاکشاو دەربکەوێت. پاشان لە بەتانییەکیەوە دەیپێچین و توونت توونت هەموو بەتانییەکە بە حەبل گرێ دەدەین هەتا کەس نەتوانێت تەماشای ناو بەتانییەکە بکات.من لەیەککاتدا هەم ئەم بەرخە سەربڕدراوە دەبەم هەمیش ئاوەنیا. ڕەسول ئاغا بە تووڕەییەوە دەڵێ: مەڵێ ئاوەنیا بڵێ ئەم قەحبەی دایک قەحبەیە. ناوەکەی خەسارکردووە، ئەم زەوییەک نییە، پاکژکرابێتەوە و تۆو کرابێت و ئاوی خرابێتە سەر. ئەم قەحبەیەکە مەگەر بەس خوا بزانێت چەند شەهوەت کراوەتە قوزیەوە. لاس دەچێت پیکئابەکەی دێنێت و پشتەکەی دەکاتەوە. لە پشتی پیکئابەکەدا سندوقێکی تەختەی گەورەش هەیە، کە لاس خۆی هەر بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی کردووە. لاس دەڵێ: من ئەو قەحبەیە دەخەمە ئەو سندووقە تەختەیەوە، دەبێت لەناویدا دابنیشێت هیچ چاری تری نییە، چۆن جێگای خۆی دەکاتەوە ئەوە کێشەی خۆیەتی نەک من. ڕەسول ئاغا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: با خۆی بکاتە قوزیەوە، خۆ ئەو فێرە هەموو شت بکاتە قوزیەوە. لاس دەڵێ: گەورەم تۆ دەستبکە بە سەربڕیینی بەرخەکە، هەتا بۆشت دەکرێت، جلەکانت لە خوێن وەردە و دەست و مەچەکت بە خوێن سوور بکە. ڕەسول ئاغا دەڵێ: نا جارێ دەبێت بچم بەتانییەکی گەورە و حەبلت بۆ بهێنم. ڕەسول ئاغا کایەنەکە بەجێدەهێڵێت و دەڕوات. لە پشتی کایەنەکەوە بە دووریی دوانزدە بۆ سیانزدە مەترێک دەگاتە خانووەکەیان و بە جنێودان و دەنگە دەنگ خۆی دەکات بە ژووردا. لە ژوورێکدا، کە ژنەکە و دوو کچی تری تێدا داناوە، دەنگی ژنەکەی بە گریان و

شیین و شەپۆڕەوە بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: کوڕە ڕەسول لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە ئەم کارە مەکە. دەنگی گریانی دوو کچەکەی تر بەرزدەبێتەوە و دەڵێن: توو خودا باوە گیان مەیکووژە، توو خوا. ڕەسول ئاغا هەتا هێزی تێدا بێت شەقێک لە دەرگاکە دەدات و دەڵێ: نووزەتان بێت، ئێوەش سەر دەبڕم قەحبەیینە، چاکتان نییە لە پرچەکەی حەواش بدەم بە کێری کەر. بێدەنگ بن. ڕەسول ئاغا لە ژوورێکی تردا بەتانییەکی گەورە هەڵدەگرێت و دێتە دەرەوە، دەچێت لەناو عەرەبانەی تراکتۆرێکدا حەبلێکی درێژ دەردێنێت و ئەڕواتەوە بۆ کایەنەکە و دەرگاکە دادەخات، حەبلەکە ئەداتە دەست لاس و دەڵێ: دەی با ناوی خوای لێبێنین. لاس ڕاستەوخۆ بیردەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: (خودا هەمیشە لە کردنی تاواندا بۆ تاوانکاران لەوێیە، تەنها بەتەنگ هاوار و نووزەی بێتاوانەکانەوە نادێت). ڕەسول ئاغا دەزانێت، کە لاس داڵغەی لێداوە جارێکی تر دەڵێ: لاس گووتم با ناوی خوای لێبێنین. لاس دادەچڵەکێت و دەڵێ: باشە گەورەم دەی فەرموو. لاس بەتانیەکە ڕادەخات و ڕەسول ئاغاش وەک ئەوەی بییەوێت چۆلەکە سەرببڕێت، یەک و دوو بەرخەکە دەدات بە زەوییدا و بە حەبل دەست و پێی دەبەستێتەوە. بەرخەکە وەکئەوەی باش بزانێت ڕەسول ئاغا نیازی چییە، دەستدەکات بە باعە باع. ڕەسول ئاغا یەک دوو شەق لە دەمی بەرخەکە هەڵدەدات و چەقۆکە بە ملیدا دەهێنێت و فیچقەی خوێن لە ملیەوە دەردەچێت و سەرتاپای ڕەسول ئاغا سووردەکات. لاس هاوار دەکات و دەڵێ: گەورەم بچۆ بەرخوێنەکە، گەورەم سەرتاپاتی پێ سوور بکە. بەرخەکە لە پەلەقاژەی مەرگیدا هەرچی خوێنی گیانیەتی وەک فوارە فڕێیدەداتە دەرەوە و سەرتاپای ڕەسول ئاغای پێ سوور دەکات. بەرخەکە دوا نترەی خۆی دەکات و لاس دەڵێ: ئێستا کاتیەتی. ڕەسول ئاغا دەڵێ: کاتی چیی؟ دەبێت بە زووترین کات حەبلەکە لە قاچی بەرخەکە بکەینەوە و دەست و قاچی ببڕیت. لاس حەبلەکە لێدەکاتەوە و ڕەسول ئاغاش دەست دەکات بە لێکردنەوەی قاچ و دەستی، لێ هەرچەند دەکات لەبەر کوولبوونی چەقۆکە قاچی بۆ لێناکرێتەوە. بە دیوارێکی کایەنەکەوە ڕیزێک، بێڵ، خاکەناز، داس، تەورداس هەڵواسراوە ڕەسول ئاغا بە تووڕەیی و جنێودانەوە تەماشایان دەکات و دەڕوات تەورێک بە دیوارەکەوە لێدەکاتەوە و بە تەورەکە یەک و دوو دەست و قاچی بەرخەکە دەپەڕێنێت. لاس خێرا بەرخەکە ڕادەکێشێتە سەر بەتانییەکە و دەست و قاچەکانی لەژێر قوونیدا دادەنێت و ئینجا بەتانییەکەی تێوە دەپێچێت و بە حەبلەکە تووند توونددەیبەستێت و ڕایدەکێشێتە ناو پیکئابەکەیەوە. لاس دەڵێ: گەورەم دەبێت خوێنێکی پاکمان هەبێت، نابێت هیچ ئاسەوارێکی ئەم بەرخە لێرەدا بێت بێجگە لە خوێنێکی پاک. تەماشا دەکەن چەند پارچە خوورییەکی بەرخەکە کەوتووە، هەڵیدەگرنەوە. لاس بە پێڵاوەکانی جێگا پێی بەرخەکە تێکدەداتەوە و دەوروبەری خوێنەکە خاوێن دەکاتەوە، کە ئەگەر کەسێک بەوێدا تێپەڕێت بەهیچ شێوەیەک بیر لەوە نەکاتەوە، کە لەویادا بەرخێک سەر بڕدراوە. لاس دەڵێ: تکایە گەورەم ئێستا ئەو قەحبەیە بهێنە. ڕەسول ئاغا دەڵێ: بڕۆ خۆت بیهێنە ئەوەتا لە خانەکەدا بە دارێکەوە بەستوومەتەوە. لاس دەچێتە خانەکەوە،

بەناو باعەی بەرخ و بۆڕەی مانگاکاندا تێدەپەڕێت دەبینێت لە پشتەوە ئاوەنیا بە دارێکەوە بەستراوەتەوە. ئاوڕێک دەداتەوە و تەماشای ئەملاوئەولای خۆی دەکات هەتا دڵنیابێت، کەسی لێوە دیار نییە، دەچێتە لای ئاوەنیا. ئاوەنیا زیرەی کردووە و بە گریانەوە دەڵێ: ئێستا دەمکووژن؟ کاتی کووشتنم هاتووە؟ لاس سەرەتا بە جوانیی ئاوەنیا حەپەساوە و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئەم جوانییە چییە ئەی هاوار چ دایکێک تۆی دروستکردووە؟ سەرەتا لاس تەنها لە جوانیی ئاوەنیا دەڕوانێت و دەیەوێت تێبگات چلۆن مرۆڤێک دەتوانێت بەوشێوەیە جوانبێت؟ ئاوەنیا بە نووزەی گریانێکەوە بە نزمیی دەڵێ: دەمکووژن؟ لاس دەست لە سەرسووڕمان و تێڕامان هەڵدەگرێت و بە دەنگێکی نزم دەڵێ: نا ئەزییزم، ئێستا کاتی ڕزگارکردنت هاتووە. بە گوێیدا دەچرپێنێت و دەڵێ: هیچ مەترسە باوەڕ بە من بکە، من هاتووم ڕزگارت بکەم. هەرچییەک باوکت گووتی بە قسەی بکە، هەرچییەک من وتم بە قسەم بکە، تەنها بەمشێوەیە دەتوانم ڕزگارت بکەم. ئێستا بە گریان و ترسەوە پێشمبکەوە تکایە. ئاوەنیا، سەری لە لاس دەسووڕمێت، لەلایەک دڵی بە قسەکانی خۆشە و لەلایەک ترسی هەیە فێڵێک بێت لێیبکەن. لاس ئاوەنیا پێش خۆی دەدات و دەیباتە لای ڕەسول ئاغا. ئاوەنیا بە بینینی خوێنەکە و بینینی بەتانییە پێچراوەکەی ناو پیکئابەکە تەواو تەواو تێکدەچێت و بە گریان و شیین و شەپۆڕەوە دەڵێ: وەی تووخوا ئەوە کێت کووشتووە باوە گیان. ڕەسول ئاغا بە تووڕەیییەوە دەڵێ: من باوەی تۆ نیم، قەحبەی کچی قەحبە، بێدەنگبە ئیستا. ئاوەنیا ماکسییەکی شیینی لەبەردایە و سەرتاپای جێگا شەق و لێدان و تەپاڵەیە، ڕووخساری لە خوێنی بریینەکانی دەمووچاوی و تەپاڵە و گریاندا تەواو تەڵخ بووە. لاس دەڵێ: گەورەم ئێستا ئەم قەحبەیە بدە بە خوێنەکەدا با جێگای لەشی لەناو خوێنەکەدا دەربچێت. ڕەسول ئاغا دڕندانە پەلی ئاوەنیا دەگرێت و ئەیدات بە زەوییدا و دەڵێ: قەحبەی کچی قاحبە ڕابکشێ. ئاوەنیا بە گریانەوە هەر دەپرسێ  باوە گیان کێت کووشتووە؟ ڕەسول ئاغا بە دەمدا ئەیدات بە خوێنەکەدا و هەڵیدەگرێتەوە. لاس ماکسییەکە لەبەری ئاوەنیادا دادەکەنێت و لەتەنیشت خوێنەکەوە فڕێیدەدات. ئاوەنیا لە ژێرەوە هیچی لەبەردا نییە، ڕەسول ئاغا دەڵێ: ئەم دایک قەحبەیە هەمووکات وەک تفەنگ لەسەرپێ بووە بۆ گاندان، تەماشا هیچی لەبەردا نییە. لاس دەڵێ: گەورەم درەنگە کاتی ئەوە نییە چەقۆکەتم بدەرێ. ڕەسول ئاغا بە سەرسووڕمانەوە چەقۆکەی دەداتێ. لاس بە چەقۆکەوە لە سەری ئاوەنیا نزیکدەبێتەوە، ئاوەنیا هاوارێکی گەورەی لێهەڵدەستێت بەشێوەیەک، کە دایک و خووشەکەکانی لە ژوورەوە گوێیان لێیە، لەوێ هەرسێکیان ئەیدەنە پرمەی گریان و تێدەگەن، کە ئاوەنیا کووژرا. لاس بە چەقۆکە پرچی ئاوەنیا لە بندا دەقرتێنێت و فڕێیدەداتە سەر زەویی، ئاوەنیا بە ڕووتیی سەردەخاتە سەرپیکئابەکە و  سەری سندوقە تەختەکە هەڵدەداتەوە و بە ئاوەنیا دەڵێ: بچۆ ناوی. ئاوەنیا بە گریانەوە دەڵێ: چۆن بچم جێگام نابێتەوە. ڕەسول ئاغا دەڵێ: دەزانیت گان بدەیت، بەڵام نازانیت لە سنوقێکدا جێگای خۆت بکەیتەوە قەحبەی کچی قەحبە. ئاوەنیا لە ترساندا هەرچۆنێک بێت لە

سندوقەکەدا جێگای خۆی دەکاتەوە. لاس دادەبەزێت و دەرگای پیکابەکە  بە نیوەیی دادەخات هەتا لە دەرەوە خەڵکیی بەتانییە پێچراوە خوێناوییەکە ببینن و بزانن، کە ئاوەنیایە. لاس دەڵێ: گەورەم، من لەناو دەرگای حەوشەدا ڕادەوەستم، بچۆ ژن و کچەکانت بهێنە دەرەوە بۆ ئەوەی تەنها لە دوورەوە بەتانیە خوێناوییەکە ببینن و مەهێڵە بەدوای مندا بێن، ئیدی من خۆم هەرکە ئەوانم بینی، خێرا پێی پێدادەنێم و لێدەخوڕم و لەچاو وندەبم. ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر تۆیە، من خۆم دێمەوە لات و هەواڵی شوێنی ئەم قەحبەیەت پێڕادەگەیەنم. ڕەسول ئاغا دەڵێ: خەمی منت نەبێت، من خۆم دەزانم چیدەکەم، ئێستا تۆ برۆ ونبە. لاس سەردەکەوێت و سلف لێدەدات و دەڕوات لەناو دەرگای حەوشەدا ڕادەوەستێت. لاس دادەبەزێت بۆ کردنەوەی دەرگا گەراجییە گەورەکەی حەوشە. لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئاخر ئەمە دەرگای ماڵە یان هی زیندان؟ ئەم دیوارە پانوپۆڕ و بڵندانە کەی هی ماڵە، ئەمانە بەس هی زیندانن و بەس. دەرگاکە دەکاتەوە و لە دەرەوە قەرەباڵغییەک لە کۆڵانەکەدا دەبینێت، وەکئەوەی هەموو زانیبێتیان، کە ڕەسول ئاغا کچەکەی دەکووژێت و چاوەڕوانی بینینی لاشەکەی دەکەن. لاس لە ئاوێنەکەوە دایک و هەردوو خوشکەکەی ئاوەنیا دەبینێت، کە دەیانەوێت بۆلای پیکئابەکە ڕابکەن و ڕەسول ئاغا ڕێگایان نادات، بەڵام خۆیان لە دەستی ڕادەپرسکێنن و ڕادەکەن. لاس پێ بە بەنزییندا دەنێت و بەخێرایی دەڕوات و کەسیان پێیناگەن. لە دەرەوە خەڵکیی تەماشای پیکئابەکە دەکەن و دەست بۆ بەتانییە پێچراوەکە ڕادەکێشن و دەڵێن: ئەوەتا ئەوە لاشەکەی ئاوەنیایە. ئیدی لە دەرەوە دەنگ و هەرا پەیدا دەبێت و منداڵان ڕادەکەنەوە بۆ ماڵەوە هەواڵی کووشتنی ئاوەنیا بە دەستی باوکی بە دایک و باوکانیان دەگەیەنن. لاس بە تووڕەبوون و شپرزەیییەکەوە لێدەخوڕێت و دەڵێ: ئەمە چییە، ئەم ئەقڵییەتە؟ ئەمە چییە ئەم کلتوورە؟ ئاخ ڕەوشت ئەگەر هێرکولێس و ئەخیلێسیش بوویتایە دەمکووشتیت دەمدایت بە زەوییدا هەتا چیدی نەبیتە مایەی کووشتنی کچان و ژنانی ئەم خاکە. ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێ: ئاوەنیا باوانم دڵت هیچ نەکات هەر ئێستا دێمە لات، تکایە بەرگە بگرە بەساقە. پاش نزیکەی نیوو کاتژمێر لێخوڕیین، لاس دەگاتە جێگایەک دوور لە ئاوایییەوە لە ڕێگا خۆی دەکات بە چڕیی کۆمەڵێک درەختی سەر ڕێگادا و پیکئابەکەی ڕادەگرێت، لە جانتایەکدا، کە لە تەنیشت خۆیەوە دایناوە، پانتۆڵێکی کاوبۆی شیین و تیشێرتێکی سوور دەردێنێت، دەست دەبات بۆ ژێر کوورسییەکەی خۆی و جووتێ کاڵەی ئەدیداسی ژمارە چل دەردێنێت. دەچێتە پشتی پیکئابەکەوە سەری سندوقەکە هەڵدەداتەوە و دەڵێ: ئاوەنیا، ئاوەنیا گیان ببوورە تکایە ببوورە. ئاوەنیا هەم بە ترس و هەم بە هەناسە بڕکێوە هەڵدەستێتە سەرپێ و هاوارێک دەکات. لاس دەست بە دەمیەوە دەگرێت و دەڵێ: تکایە ئەگەر دەتەوێت بژییت هیچ هاوار مەکە و چیت پێدەڵێم ئەوە بکە. لاس دەستی دەگرێت و لە سندوقەکە دەیهێنێتە دەرەوە و پانتۆڵ و تیشێرتەکەی دەداتێ، کە لەبەری بکات. ئاوەنیا بە تووڕەیی و گریان و ترسەوە لێی وەردەگرێت و داوای لێدەکات ڕووبکات بەودیوودا. ئاوەنیا جلەکان لەبەردەکات و ئینجا لاس پێڵاوەکانی دەداتێ و دەڵێ: ژمارە

چله، ئەگەر بۆ پێشت نەبوو داوای لێبووردن دەکەم. ئاوەنیا دەڵێ: نا دەبێت خەمت نەبێت. ئاوەنیا پێڵاوەکانی لەپێ دەکات و لە پیکئابەکە دادەبەزێت و دەڵێ: تۆ کێیت؟ لاس دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: ببوورە لەبەر نەبوونی کات نەمتوانی خۆمت پێبناسێنم، من ناوم لاسە، هاتووم ژیانی تۆ ڕزگار بکەم، کە گەیشتینە جێگای خۆمان، هەموو شتت بۆ ڕووندەکەمەوە. ئێستا تکایە یارمەتییمبدە ئەم بەرخە بکەینە ژێر خاکەوە. ئاوەنیا دەڵێ: بەرخ؟ یانی ئەوە دایکم نییە؟ لاس دەڵێ: نەخێر دایکت نییە، ئەم بەرخە بووە قوربانیی تۆ. لاس حەبلەکە دەکاتەوە و بەتانییەکە لادەبات و بەرخە سەربڕاوەکە پیشانی ئاوەنیا دەدات. ئاوەنیا دەڵێ: وای داپیۆشە. لاس دەڵێ: ئەو خوێنەی تۆی تێدا پاڵخرایت خوێنی ئەم بوو، ئەوەی لەوێ کرا هەمووی فێڵێک بوو من لە باوکتم کرد، هەتا تۆ نەکووژێت و لەدەستی ڕزگارت بکەم. لاس خاکەنازێک لە پیکئابەکەیدا دەردێنێت و دەستدەکات بە هەڵکەندنی چاڵێک بۆ بەرخەکە. ئاوەنیا دەڵێ: هەموو شتت پێیە وەکئەوەی پێشتر پلانت بۆ ئەم کارەت کردبێت. لاس دەڵێ: بەدڵنیاییەوە خۆم بۆ هەموو شت ئامادە کردبوو. پاش ماوەیەک بەرخەکە دەکەنە چاڵەکەوە و دایدەپۆشن و کەمێک چڵەدار و گەڵای وەریوو دەکەن بەسەر شوێنەکەیدا هەتا نەناسرێتەوە. سواری پیکئابەکە دەبن و لە درەختەکاندا دێنە دەرەوە و دەڕۆن لە چاو وندەبن.

کییە لە تێمپلەکەیدا لەسەر کورسییەکی شاهانە دانیشتووە و دەستی بە نووقاویی لەژێر چەناگەی داناوە و بیردەکاتەوە. هەرچەندە کییە بەپێی چرچیی پێستی لەشی لە ڕووخسارییەوە هەتاوەکوو پەنجەکانی پێی، بەپێی سپێتیی قژی، کە وەک کلووی بەفر وەهایە، بەپێی خاویی جوڵانەوەی، کە لە ساوایەک دەچێت تازە بە تازە پێی گرتبێت، ژنێکە تەمەنی تێپەڕاندووە و لەسەر لێوارەکانی زەردەپەڕ دانیشتووە و چاوەڕوانی دواهەناسەدان دەکات، لێ کاتێک قسە دەکات، دەڵێی کچێکی لاوە و هەناوی پڕە لە خۆشەویستیی و ئارەزووی ژیان و پێکەنین. ژنێکی پیری باڵابەرزی باریکەلەی ڕۆح شیرین، کە بۆ هەڵستان و ڕۆیشتنی هەمیشە گۆپاڵێک بەدەستیەوە دەگرێت. لەناکاوێکدا کۆسان، تەلاس، لاس بە خۆیان و هاوڕێ نوێکانیانەوە خۆیان دەکەن بە تێمپلەکەدا و لەبەردەمی داپیرە کییەدا قووتدەبنەوە. کییە تەماشایەکیان دەکات و بە بزەیەکەوە دەڵێ: بەخێربێنەوە. بە یارمەتیی گۆپاڵەکەی هەڵدەستێتەسەرپێ و بەرەوڕوویان دەڕوات، بە سەرنجەوە لەبەردەمیاندا ڕادەوەستێت و یەکەیەکە ناویان دەهێنێت و ستایشیان دەکات، ئاوەنیا لەمسەرەوە لە دەستە چەپەوە لەتەنیشتی لاسەوە ڕاوەستاوە، کییە دەستێک بە ڕوومەتی لاسدا دێنێت، تەزوویەک لە تەوقی سەریەوە هەتاوەکوو نووکی پەنجەکانی پێی لاس دەبزوێنێت، بەشێوەیەک لاس سەری دەسووڕمێت، کە توانای هیچ لێکدانەوەیەکی نامێنێت و دەڵێ: ئەمە تەنها ئەفسانە و فەنتازیایە، ئەمە خەیاڵە و دوورە لە فاکتەوە، من دەبێت بەئاگابێمەوە. کییە بە بزەیەوە دەڵێ: ئەفسانە و فەنتازیایەک، کە لە خزمەتی فاکتدایە لاس گیان باوانم، هێندە ڕەشبین مەبە، هەوڵبدە خۆت لەگەڵ باروودۆخەکەدا

ڕابهێنیت، نەک هەوڵبدەیت، باروودۆخەکە لەگەڵ خۆتدا ڕابهێنیت. خودی خەیاڵ و فەنتازییاکانیش بەشێکن لە سروشتی چ مرۆڤ و چ بیرکردنەوەشیان، هەمانکات مرۆڤیش بەشێکە لە سروشت، ئێستا ڕێگامبدە ئەم کچە جوانە تێر تێر بگرمە باوەش. لاس ئەمجارەیان تەواو تەواو دەروونی دەشڵەژێت، چونکە هێزێک لەناوەوە، پێیدەڵێت: لاس گیان ئەوە منم باوانم، هەنووکە من لەناو تۆدام، من هێند نزیکم لێتەوە هەندێکجار پێش لێدانی دڵت دەکەوم، لاس لەبەرخۆیەوە دەڵێ: شتی وەها نییە. کییە بە لاچاوێک سەرنجێکی لاس دەدات و پێدەکەنێت، ئینجا باوەش بە ئاوەنیادا دەکات و پێیدەڵێ: وەیش باوانم ئاوەنیا گیان، چەند خەمت خوارد چەند ئازارت چەشت، لێ ئێستا خۆشحاڵم، کە لێرەیت، دەزانی من چەند دڵم لات بوو ئەم ماوەیە. ئاوەنیا حەپەساوە و یەک وشە چییە لە دەمیەوە بۆی نادێتەدەرەوە، لێ لە ناخیدا هەست بە خۆشییەک و ئارامیی و دڵنیاییەکی گەورە دەکات، لەناکاوێکدا ئاوەنیا هەتا بۆی بکرێت تووند توونت داپیرە کییە بە خۆیەوە دەنووسێنێت و دەڵێ: چیدی بۆت نییە ئاوها لە تەنگانەدا بەجێمبهێڵێت، ئەزانی من چەند لە مەرگەوە نزیک بووم؟ دەزانی من لەو تەویلە و کایەنانەدا چەند بێهیوابووم لە تۆ. ڕاستت پێبڵێم خەریکبوو باوەڕم لەکیسدەدا، کە خستمیانە سندوقە دارەکەوە، نێوانی من و باوەڕبوونم بە تۆ بەقەد دوورییی نێوان دوو کیشوەربوو، هەرگیز دیستانسی نێوان خۆم و تۆم بەوشێوە گەورە و بەرینە نەدی بوو. من جاران هێندە نزیکبووم لێتەوە هەندێکجار هەڵمی هەناسەدانت پەنجەرەی ڕووخسارمی تەڕ دەکرد. لاس بە سەر سووڕمانێکەوە دەڵێ: ئەوە باسی چییدەکەن؟ ئێوە یەکتر دەناسن؟ ناشێت دایە کییە داپیرەت بێت ئاوەنیا؟ بە حەپەساوییەکەوە ئاوەنیا دەیەوێت بڵێت: خۆ ناشێت بڵێیت من نازانم دایە کییە کێیە؟ لێ دایە کییە بە خێرایی خۆی دەگەیەنێتە ناو مێشکی ئاوەنیاوە و چ بیرکردنەوە چ قسەکردنی دەگۆڕێت و ئینجا ئاوەنیا دەڵێ: ئەزانی چیی لاس گیان، دایە کییە ڕووخسارێکی هێندە میهرەبانی هەیە، کە بینیم وامهەستدەکرد لەوەتەی هەم دەیناسم، چیبکەم بەدەست خۆم نەبوو دەبوایە وای پێبڵێم. لاس بە سەر سووڕمانێکەوە دەڵێ: ئەو هەستە لای منیش هەیە، لێ من هێشتا باوەڕم نییە، کە لە فاکتێکدا بژییم، بەڵکوو هەر دڵنیام خەوتووم، لێ ئەم خەوەم لە هیچ خەوێکی تر ناچێت. ئاوەسەر دووجار لەسەریەک دەکۆکێت و ئینجا دێتە قسە و دەڵێ: دەتوانین بزانین لێرە چ باسە؟ بۆ نموونە، دایە کییە کێیە؟ هەمانکاتیش ئێمە چییدەکەین لێرە و بۆچیی هاتووین؟ تەمار پشتگیریی قسەکانی ئاوەسەر دەکات و دەڵێ: منیش لەگەڵ پرسیارەکانی ئاوەسەردام، دەمەوێت هەمانشت بزانم. کییە دەڵێ: پەلەتان نەبێت، ئێوە دەبێت فێری هونەری لەسەرخۆبوون بن، فێربن وەک منی پیربن، کاتەکانی مرۆڤێکی پیر وەک کاتەکانی مرۆڤێکی نەخۆش لەسەرخۆ دەڕوات، کە کاتیش لەسەرخۆ ڕۆیشت مرۆڤ بواری زیاترە بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردان، لێ ئەگەر کات خێرا ڕۆیشت مرۆڤ هەمیشە بە پەلە کارەکانی دەکات، بە پەلە پرسیار دەکات، بە پەلە وەڵامی دەوێت، بە پەلە هەموو شت دەکات، ئێوە هێندە خێرا و کتووپڕ تێدەپەڕن زۆرییینەیجار بەلای بەختی خۆتاندا دەڕۆن بەبێئەوەی

بیبینن. ئێوە لە شۆفێرێک دەچن و ژیانیشتان ئاوتۆمۆبیلێکە، لێ ئێوە هێندە خێرا لێدەخوڕن و ئاوتۆمۆبیلەکانی تر هەڵدەگرن، کە چاوتان فریای ئەوە ناکەوێت ببینێت، کە کێی تێپەڕاندووە، من هەمیشە دەتانبینم، بەخێرایی بەلای بەختی خۆتاندا تێدەپەڕن. تەمار دەڵێ: لەم خاکەی ئێمەدا ئەگەر پەلەنەکەیت بەخت تۆ هەڵدەگرێت و بەجێتدێڵێت. کییە دەڵێ: لەم تێمپلەی مندا کات گرنگیی نییە، پاشان بەخت ڕاوەستاوە هەتا تۆ پێیبگەیت، نەک بەپێچەوانەوە، ئەوە تۆیت خێرا بەلای بەختتدا تێدەپەڕیت و نایبینیت. ئاوەسەر دەڵێ: چلۆن لەم تێمپلەدا کات لەسەرخۆ دەڕوات. کییە دەڵێ: کات لێرە بەوشێوەیە دەڕوات، کە من خۆم دەمەوێت، دەتوانێت بەخێرایی تیشک بڕوات، دەشتوانێت بوەستێت یاخوود بگەڕێتەوە بۆ دواوە بەو تێمپۆیەی، کە خۆم دەمەوێت. تەمار و ئاوەسەر پێکەوە دەڵێن: جێگای باوەڕ نییە. کییە بە نەرمەپێکەنینێکەوە دەگەڕێتەوە سەر کورسییەکەی و دەڵێ: ئاوەنیا گوڵ، تکایە لەگەڵ ئاوەسەر و تەمار هەتا دەرەوە بڕۆن و وەرنەوە. ئاوەنیا دەڵێ: بەڵێ باش دایە. لاس بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: دایە؟ کییە دەڵێ: لاس هێند سەرت نەسووڕمێت، پاشان خزمایەتیی بە گۆشت و خوێن نییە، کێ ناڵێت من دایکی ڕاستەقینەی ئاوەنیا نیم. تەمار و ئاوەسەر دوای ئاوەنیا دەکەون و لە تێمپلەکە دەچنە دەرەوە، ئاوەنیا پێشیانکەوتووە و دەڵێ: حەز دەکەن بچین بۆ کوێ؟ ئاوەسەر دەڵێ: زۆر دوورنا هەتا بازاڕ دەچین و دێینەوە، ئاوەنیا عەیارانە بە ئاوەسەر دەڵێ: پارەت پێیە؟ بەڵێ: بەڵام زۆر نا، بەس بەشی خواردن و خواردنەوەیەک هەردەکات. لەناکاوێکدا چ جوگرافیا و چ دیمەنی شوێنەکان دەگۆڕێن، لێ گۆڕانێک، کە ئاوەسەر باوەڕی پێنەکات، بە سەرسووڕمانێکەوە بە ئاوەنیا دەڵێ: ئەم شارە بەچیی وەهای لێهاتووە؟ تەمار دەمی داچەقاندووە و تەماشای جوانیی و ڕێکوپێکی شارەکە دەکات و لە دڵێ خۆیدا دەڵێ: ئەمە ڕاست نییە ئەمە خەونە. دەگەنە بەردەمی دوکانێک و ئاوەنیا بە ئاوەسەر دەڵێ: لێرە دەتوانیت شتێک بکڕیت بۆ خواردن. ئاوەسەر دەڵێ: چییان هەیە؟ ئاوەنیا دەڵێ: تەماشا بکە، خواردنی کاری هەویر، خواردنەوەی وەک ئاوی میوەکان. ئاوەسەر دەڵێ: دە با بچینە ژوورەوە داوای شتێک بکەین. هەرسێکیان دەچنە ژوورەوە، تەمار دەڵێ: ڕاستە دەستەڵات ئێستا هەوڵی گۆڕینی ڕووخساری شار و شارستانییەتی شارەکان دەدات، لێ ئا بەم شێوە مۆدێرنە هێشتا هیچ شوێنێکم نەدیوە، ئێرە کوێیە ئاوەنیا؟ بە بزەیەکەوە ئاوەنیا وەڵامی تەمار دەداتەوە و دەڵێ: شارێکی نوێیە، هەر سێ سەد بۆ چوار سەد ساڵێک دەبێت تەمەنی. ئاوەنیا ئاوەسەر ئاگاداردەکاتەوە، کە لە بەردەمییدا دەزگایەکی ئێلێکترۆنیی هەیە دەبێت پەنجە بنێت بە دوگمەیەکی سەوزدا و ژمارەیەک ڕابکێشێت. ئاوەسەر دەڵێ: ژمارە؟ ژمارەی چیی؟ ئاوەنیا دەڵێ: لێرە هەموو شت بە سەرەگرتنە، دەبێت ژمارەیەک ڕابکێشیت. ئاوەسەر دەست بە دوگمەکەدا دەنێت و ژمارەیەکی بۆ دێتەدەرەوە، تەماشای دەکات و دەیخوێنێتەوە چوارسەد و بیست و شەش، بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: ئەمە یانیی چیی؟ یانیی چوارسەد و بیست و پێنج کەس لەپێش منەوەن ئێستا؟ ئاوەنیا بە پێکەنینەوە دەڵێ: نا نا ئەو خەڵکانە هەموو پێش تۆ

لێرەبوون و ڕۆیشتوون، لێ ئێستا هەر ئەو کەسەت لەپێشەوەیە. پاشان سەرەی ئاوەسەر دێت، ئاوەنیا و تەماریش لەگەڵیدا دەڕۆن، ئاوەسەر سڵاو دەکات و ژمارەکەی دەدات بە فرۆشیارەکە. فرۆشیارەکە سڵاوی لێدەکاتەوە و سووپاسی پێدانی ژمارەکەی دەکات و دەڵێ: چییدەخوازیت بەڕێز؟ ئاوەسەر تەماشای خواردنەکان دەکات و دەڵێ: هەموو تەمەنم شتی ئاوهام نەدیوە ئەمانە چیین؟ خواردنن؟ فرۆشیارەکە کچێکی نزیکەی چل ساڵەیە و بەپێکەنینێکەوە، خەڵکیی بۆیە زۆر دێنە لای ئێمە چونکە دوکانێکی کلاسیکیین، خواردنەکانمان کەمێک مۆدێلی کۆنن. ئاوەسەر بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: کۆن؟ من ئەمانەم تا ئێستا لە هیچ شوێنێک نەدیوە. ژنەکە دەڵێ: هەمووشت لای ئێمە کۆنە، تەنانەت ژمارە ڕاکێشانەکانیش، ئەمە لە هیچ شوێنێک مۆدێلی نەماوە، کەچیی ئێمە هەر بەکاری دەهێنین و بە بەشێک لە کلاسیکی دەزانین. ئاوەسەر بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: ئەی ئەوانی تر چیی بەکاردەهێنن؟ ژنەکە دەڵێ: شوێنکەوتووە، لە هەندێک شوێن، پەنجە مۆری ئێلێکترۆنیی، لە هەندێک شوێن چاو. لەپڕێکدا ئاوەسەر دەڵێ: وسبن بەیارمەتیی وس، ئەوە موسیکی منە، ئەوە هی منە، ئاوازی ئەفسووناویی. ژنە فرۆشیارەکە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ڕاستە ئەوە ئاوازی ئەفسووناوییە، لێ ئەو موسیکە هی ئاوەسەرە، گەورە موسیککاری کورد، وەک پێمگووتیت: ئێمە هەرچەندە لە مۆدێرنێتەدا دەژیین، لێ ژیان و فرۆشتن لەم دوکانەدا کلاسیکە. ئاوەسەر بە تووڕەبوونێکەوە، ئاوەسەر منم، منم لەبەردەمتدا ڕاوەستاوم، ئەو گەورە موسیککارە منم، ئاوازی ئەفسووناویی من دامهێناوە من نووسیوومە. ئێستا پارچەیەک کێکم بدەرێ لەگەڵ کۆلایەکدا. ژنەکە دەڵێ: کێک هەینا بەڵام  کۆلامان نییە. ئاوەسەر بە تووڕەبوونێکەوە دەڵێ: ئەی جەنابت دەڵێی: ئێمە کلاسیکین، ناشێت بڵێیت جاران کۆلا نەبووە؟ ژنەکە دەڵێ: با هەبووە لێ کۆلا نزیکەی سەد ساڵ دەبێت گۆڕانی بەسەرداهاتووە و قەدەغە کراوە، چونکە تەندروست نییە. ژنەکە پارچەیەک کێک دەخاتە بەردەمی ئاوەسەر و دەڵێ: ئەمەت بەدڵە؟ ئاوەسەر دەڵێ: بەڵێ، لێ شتێکم بدەرێ بۆ خواردنەوە. ژنەکە دەڵێ: ئاوی گوڵ بخۆرەوە؟ ئاوەسەر ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: خۆ من پەپوولە و هەنگ نیم بە ئاوی گوڵ بژییم. ژنەکە بە سەرنجێکەوە دەڵێ: بەڵام تەندروستە، ئەمەش کلاسیکە، سەیرە تۆ نایناسیت. ئاوەسەر دەڵێ: بمدەرێ تاقیبکەمەوە، بەڵام بەڵێنت پێدەدەم، کە دەبێت لەسەر ئەم کۆمێدیایەی تۆ موسیکێک بنووسم بتکەمە جێگای قاقای پێکەنینی جیهان. ژنەکە دەڵێ: تووڕەبوون باش نییە، چونکە لەم ژیانەدا هەموومان هەوڵدەدەین هێمن و لەسەرخۆبین. ئاوەسەر دەڵێ: دەزانی چیی خاتوون، من ئاوەسەرم، من هەرگیز هێمن نابم، چونکە ژیانی من یەکپارچە دەردەسەرییە. ئەم کێک و ئاوی گوڵە چەند دەکات؟ ژنەکە دەڵێ: پێنج ساین. ئاوەسەر دەڵێ: چیی؟ ژنەکە دەڵێ: پێنج ساین. ئاوەسەر دەستدەکات بە قاقای پێکەنین و دەڵێ: من بیستوومە ساین ئاسمانێکی ساف و بێگەردە، ساماڵە نەک پارە بێت. ژنەکە دەڵێ: بەڵام ساین سەدان ساڵە بەکاردێت، پارەی کوردییە. ئاوەسەر قاقا پێدەکەنێت دەست دەکات بە گیرفانیدا پێنج دیناری ئێراقیی کاغەز و دینارێکی ئاسن و چەند پەنجا فلسییەکی ئاسن

دەخاتە سەر مێزەکە و دەڵێ: کورد ئەم پارەیە بەکاردەهێنێت، نۆتەکانی موسیکی ئاوازی ئەفسووناویی هەتا بێت بڵندتر دەبێتەوە و دەروونی ئاوەسەر زیاتر دەهەژێنن. ژنەکە دەڵێ: داوای لێبووردن دەکەم، من ناتوانم ئەم پارەیە وەربگرم، چونکە ئەم پارەیە، ئێستا بەس لە مۆزەخانەی نەتەوەییی لە هەولێر و سلێمانیی هەیە. ئاوەنیا هەوڵدەدات ئاوەسەر هێمن بکاتەوە و دەڵێ: ئەزانی چیی ئاوەسەر گیان، ئەم خاتوونە ڕاستدەکات، با بچین لە ماڵەوە پارە بهێنین و دێینەوە بۆ ئێرە. ئاوەنیا داوای لێبووردن لە ژنەکە دەکات و لەگەڵ خۆیدا ئاوەسەر دێنێتەدەرەوە. تەمار دەستدەکات بە قاقای پێکەنین و دەڵێ: با بچینەوە ماڵەوە، ئەم شارە لە خەو دەچێت. ئاوەنیا دەڵێ: بەڵام ئەمە ڕاستییە خەون نییە. ئاوەسەر دەڵێ: شتێک نییە لێرەدا ناوی ڕاستیی بێت، ئەمانە هەموو سێبەر و ئەندێشە و خەونن، ئێرە ئەندێشەیەکی مۆدێرنە، شێوەیەک لە شێوەی بەلاڕێدابردنەکانی پلاتۆن، لێ بە کەمێک دەستکارییەوە. ئێستا دەبێت یەکێکمان ئەم شارە جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ سلێمانیی و بێتەوە هەتاوەکوو هەواڵی ڕاستییمان بۆ بهێنێتەوە. بەدەم قسەکردنەوە خۆیان دەکەنەوە بە تێمپلەکەدا و دەچنەوە لای دایە کییە. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: چیی بوو بۆ نەڕۆیشتن؟ ئاوەسەر دەڵێ: چیی؟ بۆ نەڕۆیشتین؟ من نزیکەی یەک کاتژمێر دەمەتەقێمە لەگەڵ ژنێکدا، کە دەیەوێت پارچەکێک و شەربەتی ئاوی گوڵم بە پێنج ساین پێ بفرۆشێت. تەلاس دەڵێ: بەچیی؟ ئاوەسەر دەڵێ: ساین. لاس دەڵێ: ساین ساماڵە نەک پارە. ئاوەسەر دەڵێ: منیش وامگووت. تەلاس دەڵێ: ئەی ساین چییە؟ ئاوەسەر دەڵێ: بە قسەی ئەو ژنە، گوایە پارەی کوردییە. لاس دەڵێ: کامە ژن خۆ ئێوە هەر چەند چرکەیەکە چوونەتە دەرەوە لەکوێ ئەم ژنەتان دی؟ ئاوەسەر دەڵێ: ئێمە لانیکەم یەک کاتژمێرە لە دەرەوە بووین. تەلاس دەڵێ: ڕاست نییە، یەک خولەکیش نابێت نەک یەک کاتژمێر. کییە دەڵێ: ئاوەنیا چەند لە دەرەوە بوون؟ ئاوەنیا دەڵێ: وەک ئاوەسەر گووتی: لانیکەم یەک کاتژمێر. لاس و تەلاس دەڵێن: شتی وەها نییە. کییە دەڵێ: ئاوەنیا گوڵ، تکایە تەمار و ئاوەسەر لێرە بەجێبهێڵە و ئەمجارە تەلاس و لاس بەرە. ئاوەنیا دەڵێ: بەڵێ باش دایە. لاس و تەلاس لەگەڵ ئاوەنیا دەڕۆنە دەرەوە، سەرەتای ڕێگایان ئاسایی دەڕوات بەڕێوە، لێ لەناکاودا ڕێگاکەیان دەگۆڕێت. تەلاس دەڵێ: ئەم شارە لە شاری جادوو دەچێت، لەسەرێکەوە یەکپارچە سروشت و دارستان و شاخە، لە سەرێکی ترەوە شارەوانییە و خانووبەرە داگیریکردووە. لاس دەڵێ: ئەم شوێنە بێجگە لەو تێمپلە هیچ شتێکی تری تێدا نییە. لە دوورەوە دەنگێک دەگاتە گوێیان، لاس دەڵێ: ئەو دەنگە چییە؟ تەلاس دەڵێ: لە هاوار و تووڕەبوون دەچێت. دەڕۆن و دەنگەکە نزیکتردەبێتەوە و دەنگی پێکدادانی تەنەکان دێتەبەرگوێیان. بە بەرزاییەکدا سەردەکەون و خۆیان دادەنەوێنن هەتا تەماشابکەن بزانن لەودیووی بەرزاییەکەوە چ باسە، کە دەبینن هەتا چاوبڕبکات، جەنگاوەرە بە شمشێر و قەڵغان و ڕمەوە، هەتا چاوبڕبکات ئەسپسوارە. بە حەپەسان و سەرسووڕمانەوە تەلاس و لاس دەمیان دادەچەقێنن و لاس دەڵێ: زیادەڕەویی نییە، ئەگەر مرۆڤ بڵێت نزیکەی یەک ملیۆن کەس بەرەوڕووی

یەکبوونەتەوە، مەگەر بەس لە فیلمەکانی هۆلیووددا شتی وەها هەبێت، ئەمە چییە ئاوەنیا. ئاوەنیا دەڵێ: ئەمە شەڕی چاڵدێرانە لە سەردەمی سوڵتان "مورادی ئاق قۆینلوو"دا یەکەمین تەقەلای لەناوبردنی چێوەی خاکی کوردستان دراوە. دوابەدوای موراد، سوڵتان سەلیمی کوڕی کە لەساڵی 1514 دا هەڵی کووتایە سەر ئازەربایجان و ئەرمەنستان و بەرەو تەورێز بەڕێکەوت. لە دووریی 140 کیلۆمەترەوە لە شاری تەورێز لە دەشتی چاڵدێراندا هەردوو لەشکری سوڵتان سەلیم و شا سمایلی یەکەم دەچن بەگژ یەکدا، کە وەک ئێستا دەیبینن. تەلاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: چیی؟ یانی ئێمە ئێستا لە نزیک چاڵدێراندا‌ین و تەماشای شەڕەکە دەکەین؟ ئاوەنیا دەڵێ: بەڵێ لە نزیکەوە شەڕەکە دەبینن. لاس دەڵێ: ئەوە ساڵی 1514 بووە. ئاوەنیا دەڵێ: ئێستا ساڵی 1514 ەیە. لاس دەڵێ: تکایە بەسە ئاوەنیا لەمە زیاتر بەرگەی ئەم هەموو ئەفسانە و فەنتازیایە ناگرم. تەلاس دەڵێ: لەشکری شا سمایلی سەفەویی دەشکێت، وانییە ئاوەنیا؟ بە ئاگاییەکەوە ئاوەنیا دەڵێ: بەڵێ بە پشتیوانیی "مەولانە ئیدریسی بەدلیسیی" سوڵتان سەلیم سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. ئەم دەستەمۆکردنەی میرنشینە کوردەکانیش بێگوومان هەر لەسەر دەستی مەولانە ئیدریسی بەدلیسیی بووە. هەردوو دەوڵەتی زلهێزی سەفەویی و عوسمانلیی لە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمەوە هەوڵوتەقەلای بەهێزکردنی خۆیانیانداوە لەسەر خوێنی کورد. لەم شەڕەشدا وەک دەبینن ئەوەی دەکووژرێت بە زۆرینەی ڕێژە کوردە لە بەرەی هەردوولا. کاتێک فارسەکان کارێکیان دژی دەوڵەتی عوسمانلیی کردبێت و ئەرکەکەیان بە کوردێک سپاردبێت جا ئایا شەڕوشۆڕی میرنشینێک بووبێت یان کۆکردنەوەی باج بووبێت، لە پاداشتی ئەم کارەدا بۆ سووکایەتیی پێکردنی یەکتر لە نێوانی تورک و فارس دا نازناوی "پاشا" و " سوڵتان"یان بە کوردەکان داوە. تورکەکان بۆ سووکایەتیکردن بە فارس ناوی پاشایان لە کوردێک ناوە هەمان کات فارسەکان بۆ سووکایەتی کردن بە تورک ناوی سوڵتانیان لە کوردێک ناوە. هەمان کات بەردەوام میرنشینە کوردەکانیان لەناوخۆیاندا داوە بە شەڕ و قڕیانکردوون. تێکڕای میرنشینە کوردەکان بە درێژاییی سەدەی شانزدەهەم هیچ لایەکیان کۆششیان بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی گەورەی ئازاد نەکردووە هەریەکە لە لایەن خۆیەوە هەوڵیداوە میرنشینەکەی خۆی بپارێزێت جا چ بە شەڕ بووبێت یان بە بەرتیل و باج و ملکەچیی بووبێت. هەندێک جاریش بە فەرمانی چ فارس چ تورک میرنشینێکی تری کوردیان لەناوبردووە لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا. جا ئایا بە درێژاییی ئەم چەند سەدەیە چیمانکردووە؟ چ جیاوازییەکمان لەگەڵ میرنشینەکانی سەدەی شانزدەهەمدا هەیە؟ ئێمە لەم بارووددۆخە ناسکەدا دوو لایەنمان هەبێت نەتوانن خۆیان یەکبخەن ئیتر بۆ ڕەخنە لە میرنشینەکانی سەردەمی عوسمانلیی و سەفەوییەکان بگرین؟ دەنگ و هەرای شەڕ هەتا بێت زیاتر بڵند دەبێتەوە و دەروونی تەلاس و لاس بە یەکجاریی تێکدەچێت، کییە دەچێتە مێشکی ئاوەنیاوە و دەڵێ: کچم ئاوەنیا گوڵ تکایە بیانهێنەوە، هەتاوەکوو ئەقڵیان لەدەستنەداوە. ئاوەنیا دەستێک دەخاتە سەرشانی لاس و دەڵێ: با بڕۆینەوە لاس گیان. لاس و تەلاس دوای ئاوەنیا

دەکەون و هێندە نابات دەچنەوە تێمپلەکەی کییە و تەلاس و لاس بە سەرسوورِمانێکەوە دەڵێن: ئەم کارە چلۆن دەکەیت دایە کییە؟ ئاوەسەر بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: باشە هیچ نەبێت ئێوە هەواڵێکتان بناردایە، کە زوو نادێنەوە، من هەرئەوەندەم دەزانی شەو دادەهات و رِۆژ دەبۆوە، هەفتە دەرِۆیشت و مانگ دەهات. لاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: بۆ ئێمە چەند دەبێت لێرە رِۆیشتووین؟ تەمار دەڵێت: هێندەی من بزانم بە مەزەندەی ئەقڵم، نزیکەی دوو مانگ زیاترە. دایە کییە دەڵێ: تەلاس چەندێک دەبێت رِۆیشتوون؟ تەلاس بە سەرسوورِمانێکەوە دەڵێ: من پێموایە هەر نزیکەی نیووکاتژمێر دەبێت. ئاوەسەر بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: یان ئەوەتا رِوونکردنەوەیەکم دەدەنێ یان ئەوەتا من مێشکم بەرگەی ئەم هەموو فەنتازیایە ناگرێت. لاس، تەلاس، کۆسان، ئاوەسەر و تەلاس لە تەنیشت یەکەوە رِادەوەستن و پێکەوە رِوودەکەنە دایە کییە و دەڵێن: تکایە دایە کییە لەمەزیاتر ماندوومان مەکە، چیی رِوودەدات لێرە؟ دایە کییە، بە هێمنییەکەوە دەستێک دەخاتە بن چەناگەی و دەڵێ: ئەوەی من ویستم سەرەتا لاتان ئاشکرای بکەم، کە کات لەلای ئێمە هیچ گرنگ نییە و پێویست ناکات هیچ خۆ تووندکردنێک پەیرِەوبکەین بۆ کردنی کارێک چونکە کاتمان نییە. ئەوەی لێرە گرنگ نەبێت کاتە، چونکە کات بەدەست خۆمانە، دەتوانین بەوشێوەیە بجوڵێنین، کە خۆمان دەمانەوێت. تەمار دەڵێ: کەواتە دەتوانین دەستکاریی مێژووش بکەین، مێژوویەک دروستبکەین بە قازانجی خۆمان، ئەوەی بمانەوێت تێیدا بکەین و بنووسینەوە. دایە کییە دەڵێ: هیچ کەس بۆی نییە ساختە لە مێژوودا بکات. کۆسان دەڵێ: بەڵام ئەمە ساختە نییە بەڵکوو رِزگارکردنی مێژووە. دایە کییە دەڵێ: مێژوو کاتێک رِزگار دەکرێت، کە ئێوە بچنەوە سەردەمەکەی خۆتان و ئەو کارانە پرِاکتیزە بکەن، کە هۆکارە بۆ رِزگارکردنی مێژوو تەنها بەوشێوە سروشتییە دەتوانرێت چ مێژوویەکی نوێ بنووسرێتەوە چ ئایندە رِزگاربکرێت. لاس بە سەرسوورِمانەوە لە دایە کییە دێتە پێشەوە و دەڵێ: تۆ کێیت دایە کییە؟ ئاوەسەر لەولاوە دەڵێ: تۆ خودایت؟ دایە کییە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: بۆچیی بۆ ئێوە گرنگە بزانن من کێم؟ کۆسان دەڵێ: هەتاوەکوو دڵنیابین لەوەی ئاخۆ لە دەستی ئەهریمەنداین یان ئاهوورامەزدا؟ دایە کییە دەستی لاس دەگرێت و لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ گۆشەیەکی تێمپلەکە و پێیدەڵێ: تەماشای ئەو دیوارە بکە بزانە چییدەبینیت؟ لاس لە دیوارەکە دەرِوانێت و هەتا بێت زیاتر و زیاتر تووشی سەرسوورِمان و واقورِمان دەبێت. لاس بەشێوەیەک دەمی داچەقاندووە، کە لەولاوە تەمار هاواری لێبکات و بڵێ: چییە لاس ئەهریمەن دەبینیت یان ئاهورامەزدا؟ لاس ئاو بە چاوەکانیدا دێتەخوارەوە و لەسەرلا تەماشای دایە کییە دەکات و دەڵێ: بەڵام تۆ .... لاس قسەکەی بۆ تەواو ناکرێت و قورگی پرِدەبێت لە گریان، دایە کییە دەڵێ: بەڵام من چیی لاس گیان؟ لاس وەکئەوەی زۆر لە خۆی بکات قسەکەی دەرپەرِێنێت دەڵێ: تۆ پیریت. دایە کییە دەڵێ: لێ مەرج نییە هەموو کات ئەو شتەی دەیبینیت پێناس لە فاکتی شتەکە بکات. کۆسان و ئاوەسەر، تەلاس و تەمار ئۆقرەیان لەبەر دەبرِێت و رِادەکەن بۆ لای دیوارەکە و تەماشای دیوارەکە دەکەن

هەتا بزانن لاس بە بینینی چیی تووشی ئەو دڵپڕیی و فرمێسکانە بووە، کە تەماشای دیوارەکە دەکەن هەموو پێکەوە دەڵێن: واو ئەفرۆدیتە خودای جوانیی و خۆشەویستیی. لەم کاتەدا دایە کییە هەردوو دەستی لاس دەکاتە دەستیەوە و لەناکاوێکدا دایە کییە ڕەنگ و شێوەی دەگۆڕدرێت و دەبێتەوە بە ئەفرۆدیتە، جوانیی ئەفرۆدیتە لە هەڵهاتنی خۆرێک دەچێت لەبەرەبەیاندا، کە چاو کەم بەرگەی تەماشاکردنی جوانیی دەگرێت. کۆسان و تەلاس، تەمار و ئاوەسەر، کە ئاوڕ دەدەنەوە و تەماشای ئەفرۆدیتە دەکەن دەمیان ئەوەندەی تر دادەچەقێت. ئاوەسەر بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ئیدی هەرچیی ژنی جیهان هەیە بۆ من ئیدیالترین ناشرینی ئەم سەرزەوییەن. ئاوەنیا فرمێسک بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە و لە جێگای خۆی بووە بە پەیکەرێک. لاس باوەش بە ئەفرۆدیتەدا دەکات و دەڵێ: بەڵام بۆچیی ڕاستەوخۆ خۆتت پیشان نەدام و خۆت ئاشکرا نەکرد. ئەفرۆدیتە دەڵێ: لاس گیان تۆ ڕووبارێکیت دەبێت سروشتییانە کۆمەڵێک ڕێگای پێچاوپێچ و درێژ هەیە پێیدا بڕۆیت هەتا دەگەیت بە منی دەریا، ئیدی ئەوسا لە منی دەریادا ون دەبیت، وەکئەوەی  وەک ڕووبار هەر نەبوویبێتیت. دەبێت ببەخشیت ڕێگاکانی تۆ ڕێگای ڕووبارە، ئەمە سروشتی تۆیە بۆ گەیشتن بە من. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: یانی من ئێستا گەیشتووم بە تۆ؟ ئایا سەفەرەکەم کۆتایی هاتووە؟ ئەفرۆدیتە لاس دەنووسێنێت بە سنگیەوە و دەڵێ: ئەوەش بەشێکە لەو ڕێگا پێچاوپێچ و درێژەی ژیانت، کاتی ئەوەش دێت، کە بتگەڕێنمەوە بۆ ئەو سەردەمە. لاس بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: ئەدی ئێستا من لە کوێم؟ لە مێژوودام یان لە ئاییندەدا؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: لە هەردووکیاندا، تۆ ئێستا وەک فیرتووێلێک پێیەکت لێرەیە و پێیەکیشت لەوێ، لەنێوانی مێژوو و ئاییندەدا تۆ تەتەرێکیت، لێ کاری هەمووتان ڕزگارکردنی ئاییندەیە نەک دەستکارییکردنی مێژوو. بێجگە لە ئاوەنیا ئەوانی تر هەموویان لە لاس و ئەفرۆدیتە نزیکدەبنەوە و پێکەوە دەڵێن: ئەفرۆدیتە بۆمان هەیە دەستت تێوە بدەین؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: بێگوومان بۆتان هەیە. ئیدی کۆسان دەست دەکاتە دەستێکییەوە، تەمار دەست بە پرچییدا دێنێت، ئاوەسەر دەست لە ڕووخساری دەدات، تەلاس دانیشتووە و دەست بە پەنجە ناسکەکانی پێیدا دەهێنێت. ئاوەسەر دەڵێ: هیچ خودایەک لەو خودایە جوانتر و پیرۆزتر نییە، کە لەگەڵتدا پێدەکەنێت، کە لەگەڵتدا سەما دەکات، کە ڕێگات پێدەدات دەستی لێبدەیت. تەلاس دەست لە پەنجەکانی پێی ئەفرۆدتە بەردەدات و دەڵێ: لەو خودایە تاوانبارتر نییە، کە چەندیین هەزار ساڵە ئەم خودا جوانەی کووشتووە. ئەفرۆدیتە دەڵێ: بەڵام من نەمردووم. تەمار دەڵێ: لێ بوویتە ئەفسانەیەک و بەس، هێند بێبایەخ بوویت لە پۆلە سەرەتاییەکانی قووتابخانەکاندا نەبێت کەسی تر تۆی بیر نییە، ئەویش لە ئەوروپادا زیاتر دەنا لە زۆر شوێنی تری جیهاندا هەر نازانن تۆ هەیت یان نا. ئەفرۆدیتە چەند هەنگاوێک دێتە پێشەوە و بەرەو لای ئاوەنیا دەڕوات و دەڵێ: بەڵام من لە کۆتر، قاز و قوڵنگ، من لە گوڵ و پەروانە، من لە کەروێشک، کیسەڵ و بۆق، من لە سروشتدام، بەڵام کێشەی ئێوە ئەوەیە، کە نامبینن هەتا ڕووی ڕاستەقینەی خۆمتان نیشان نەدەم. باوەش بە ئاوەنیادا

دەکات و دەڵێ: لێ ئاوەنیا هەمیشە منی بینیووە و درکی پێکردووم. من زۆرجار لە دەروونی ئاوەنیادا بووم و لەگەڵیدا دوواوم، زۆرجار وەک کۆترێک لێی نزیکبوومەتەوە و قسەم بۆ کردووە، زۆرجار گوڵەباخێکی سووربووم و هەتا درەنگان ئاوەنیا بۆنی کردووم و قسەی بۆ کردووم، تەنانەت هەتا ئەو کاتەی چاوەڕوانی مردنی دەکرد، من لە دەروونیدا بووم و بەڵێنی ڕزگارکردنیم پێدابوو، من لاسم بەتایبەت نارد بۆ لای باوکی ئاوەنیا و ڕزگارمکرد، هەرچەندە لە دواچرکەدا ئاوەنیا باوەڕی لەکیسدا و تەواو خۆی دا بەدەست بێهیوایی و مەرگەوە، لێ پاشان زوو هیوای تێکەوتەوە و باوەشی کردەوە بە مندا. کۆسان دەڵێ: باشە ئاوەنیا ئەی بۆچیی تۆ قسەت نەکرد؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: چونکە من پێمگووتبوو، کە بۆی نییە قسە بکات. ئەفرۆدیتە دەست دەخاتە سەر شانی ئاوەنیا و دەڵێ: ڕاستە لەلای ئێوە دەشێت من دایکی ئاوەنیا نەبم، لێ بەشێوەیەکی تر من دایکی ڕاستەقینەی ئاوەنیام، ئەمەش وەهایکردووە، کە نەمرێت و لە ژیاندا بمێنێتەوە چونکە ئاوەنیا ئەرکی گەورەی لەسەر شانە و دەبێت بیکات. تەمار دەڵێ: ئەی باوکی ئاوەنیا کێیە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: باوکی ئاوەنیا هەرکەسێک بێت ئەوا ئەو ئاغا دڵڕەقە نییە، کە دەیویست ئاوەنیا وەک بەرخ سەرببڕێت، پاشان ئەگەر من لاسیشم نەناردایە یاسای مانەوەی ئاوەنیا وەهایدەکرد، کە دەبوو باوکی بکووژێت هەتاوەکوو خۆی لە ژیاندا بمێنێتەوە. کۆسان دەڵێ: ئاواتمە بزانم کێ باوکی ئاوەنیایە؟ ئەفرۆدیتە دەستی لاس دەگرێت و دەیهێنێتە پێشەوە و دەڵێ: باوکی ڕاستەقینەی ئاوەنیا لاسە و منیش دایکی ڕاستەقینەی ئەوم، لێ پێویستییەکی سەردەمیی وەهایکردووە، کە لە ئێمە دووربکەوێتەوە و لە سکی دایکێکی تردا لەدایکبێت و پیاوێکی تر ببێتە باوکی. لەم کاتەدا ئاوەنیا باوەش بە لاسدا دەکات و ئەیداتە پرمەی گریان و دەڵێ: هەر هەستمدەکرد، کە هەستەکانم بۆ تۆ شتێکی ئاسایی نییە، ئینجا توووند توووند دەینووسێنێت بە خۆیەوە و دەڵێ: سووپاس بۆ هاتنت باوە گیان سووپاس، کە هەیت. تەمار بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: ببوورە ئەفرۆدیتە بۆ من قورسە تێبگەم، لێ ئاخۆ لاسیش خواوەندە؟ پاشان بۆچیی ئێوە کچی خۆتان دەدەن بە دایک و باوکێکی ئاوها؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: نەخێر لاس خواوەند نییە، لێ مێردی منە، ئێمەی خواوەندەکانی یۆنانی کۆن ئەو مافەمان هەبووە لەگەڵ مرۆڤی ئاساییدا پێکەوەبین و نەوە بخەینەوە، پاشان ئێمە لە ئایندەدا دەبینە خاوەنی چەند نەوەیەک، کە لای خۆمان دەمێننەوە، لێ یاساکانی سروشت وەها دەکات، کە نەوەکانمان لە سکی دایکانی تردا لەدایکبن و هەرکاتێکیش تووشی کێشە هاتن ئێمە بچین بە تەنگیانەوە. تەلاس بە پەرۆشێکەوە دەڵێ: ئەی کچی ترتان هەیە بێجگە لە ئاوەنیا؟ ئەفرۆدیتە هەتا ئێستا بەس ئاوەنیامان هەیە، لێ بۆ ئایندە پێدەچێت کچی تریشمان ببێت. کۆسان دەڵێ: بڵێی لە سکی خۆتدا لەدایکبێت؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئەوەیان جارێ ناتوانم دڵنیابم. ئاوەسەر دەڵێ: هۆی چییە، کە کچەکانت لە سکی دایکانی تردا لەدایکدەبن؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: هەتا جوانیی من و خۆشەویستیی من و ئازادییەکانم لەناو مرۆڤدا بڵاوبکەنەوە. تەمار دەڵێ: بەڵام لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا ئەم کارە دەبێتە هۆی کووشتنی کچەکان، بۆ نموونە لەناو

کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، یان لەناو هەر ئایینێکی تری توندڕەو و فەناتیکدا، ئەی ئەو کاتانە چییدەکەیت؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئەگەر بواربوو وەک ئاوەنیا ڕزگاریان دەکەین، ئەگەریش نا ئەوا مردنیشیان دەبێتە بەشێک لە ژیانیان و ئیدی دەگەڕێنەوە ئێرە لای من. ئەفرۆدیتە دەگەڕێتەوە لای کورسییەکەی و دەڵێ: ئیمشەو ئارام بنوون، لێ لە سبەینێوە، ئیدی ئەرکەکانتان دەستنیشاندەکرێت و کارتان ئەوە دەبێت، کە پێتان دەسپێردرێت، ئێستا تکایە ئاوەنیا گیان میوانەکانمان بەرە ژوورەکانیان پیشان بدە و خواردن و خواردنەوەش لە هۆڵی نانخواردندا ئامادەیە و هەرکات ویستتان خوارن و خواردنەوەی ئامادەکراو بۆ خۆتان بەرن، لاس لای من دەمێنێتەوە. ئاوەنیا پێشی پیاوەکان دەکەوێت و لەناو دەرگایەکی گەورەدا ئاوڕدەداتەوە و دەڵێ: دایە بۆم هەیە دوایی بێمەوە لای ئێوە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: بەڵێ گوڵی دایە بۆت هەیە. ئاوەنیا و پیاوەکان دەچنە ژوورەوە و ئەفرۆدیتە و لاسیش دەستیان کردۆتە کەمەری یەک و دەچنە ژوورێکەوە و دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن.

بۆ ڕۆژی ئاینده هەموویان لە ژووری نانخواردن لەسەر مێزێکی پان و بەریینی نانخواردن لە نزیک یەکەوە دادەنیشن. بۆ خواردنی بەیانیی نانی گەرم، هەنگوویین، گوێز، مرەبای هەنجیر، سێو و شیری گەرم دانراوە. ئەفرۆدیتە لە جوانیدا یەکپارچە سەرتاپای هەموویانی بە سەرسووڕمان داگیرکردووە. ئاوەسەر دەڵێ: ئەفرۆدیتە دەبێت ببووریت، لێ هەردەبێت بیڵێم، ئەمەندە جوانیت دەڵێی خودی خۆریت و لەم ژوورەدا هەڵهاتوویت، من ئێرەییی بە لاس دەبەم و دەڵێم: دەبێت چ پیاوێک هێندەی لاس بەختەوەر بێت؟ ئەفرۆدیتە بە پێکەنینێکی نەرمەوە دەڵێ: هیچ کەس. ئاوەنیا ڕووخساری یەکپارچە پێکەنین و خۆشییە ڕووخساری لە ڕووخساری ئەفرۆدیتە دەخشێنێت و دەڵێ: لەوەتەی هەم هەرگیز بەوشێوەیەی ئیمشەو ئاسوودە و بەختەوەر نەخەوتووم، هەستمدەکرد جارێک لە سکتدام و جارێکیش لە باوەشتدا، وەکئەوەی دوێنێ شەو تۆ تازە بە تازە سکت بە من پڕبێت و منیش نۆ مانگ لە خۆتدا هەڵبگریت، لەدایکبم و لێوی ساوایەتییم بە گۆی مەمکت ئاشنا بێت. دوێنێ شەو لە تۆدا لەدایکبووم و ژیانێکی تر ژیام، ژیانێک پڕ خۆشەویستیی و نازی دایکێکی خواوەند، ژیانێکی تر لە سەرەتاوە بە سۆز و چێژی ڕاستەقیینەی بەختیاریی ژیان، دوێنێ شەو ژیانی پێشووم وەک خۆڵەمێشی ئاگرێک کردە دەریاوە و لەگەڵ شەپۆلەکانیدا تێکەڵبوون و ونبوون، دوێنێ شەو ژیانی باوکێک ژیام، کە هەر لە سەرەتاوە بە ناز و سۆز لە باوەشی دەگرتم. ئاوەنیا ماچێکی ڕوومەتەکانی دایکی دەکات و دەچێتە لای لاس ماچێکی دەکات و دەڵێ: بابە گیان بەیانییت باش، تۆ مەزنترین باوکی ئەم جیهانەیت، لە تەنیشتیەوە دادەنیشێت و بەیانیی باش لەوانی تر دەکات. کۆسان دەڵێ: باوەڕم نییە هیچ کەسێکی تر وێنەی ئێوە جوان بێت. وێڕای ئەوەی ئاوەنیا ژیانێکی نۆرماڵ نەژیاوە و منداڵێتیی پڕ بووە لە ئازار و ژان، لێ ئەم بەیانییە دەڵێی ئەم کچە لە ژیانیدا ئازاری نەچەشتووە. ئاوەنیا دەستێک بە پرچیدا دەهێنێت و دەڵێ: ئەوە ڕاستە،

من دایکم خواوەندە، ئیمشەو لەودا لەدایکبوومەوە و چواردە ساڵی تەمەنم ژیانێکی تر ژیام، ژیانێک هەمووی خۆشەویستیی بوو هەتا ئەم بەیانییەم چرکەیەک چییە ئازار و خەم میوانی ژیانی من نەبووە. ئاوەسەر دەڵێ: سووپاس بۆ ئەفرۆدیتە، کە توانی ئیمشەو منداڵییەکی تر بە تۆ ببەخشێت، چونکە سەردەمی منداڵیی فاکتۆرێکی گەورەن لەسەر ئایندە، ئەوەی لە منداڵییدا ڕوودەدات شوێنێکی گەورە لەسەر ئایندە دادەنێت. تەلاس دەڵێ: هێندەی من بیستوومە ئاوەنیا منداڵێک بووە هەموو هێز و توانای خۆی لەو چواردە بەهارەی ژیانیدا خەرجکرد. ئەو چرایەک بوو، ئەگەر لاس فریای نەکەوتایە هێندە دەسووتا هەتا دەکووژایەوە. ئەفرۆدیتە دەستی بۆ دیوارێکی هۆڵەکە درێژ دەکات و دەڵێ: وەک ئەم نموونانە. لەناکاوێکدا دیواری هۆڵەکە بەشێوەیەک گۆڕانی بەسەردادێت وەکئەوەی بڵێیت جیهانێکی تر هاتبێتە هۆڵەکەوە و نێوانیان بە شووشەیەک گیرابێت ئاوها دەردەکەوت، تەمار سەری دەسووڕمێت و هەڵدەستێت دەست لە دیوارەکە دەدا، لێ پەنجەکانی بێجگە لە بەردی ڕەقی دیوارەکە هیچی تر ناپێکێت، دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و بە ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئێوەی خواوەند ئاگاتان لە هەمووشتە، وەکئەوەی هەمووجیهانتان لەبەر لوتی خۆتاندا قووتکردبێتەوە. تەلاس بە کەمێک تووڕەییەوە دەڵێ: ئەم هەموو ناهەقییە دەکرێت و کەچیی هێشتا بێدەنگن، ئاوەسەر دەڵێ: خواکان دەیانەوێت ناهەقیی بکرێت. کۆسان دەڵێ: هیچ شتێک ڕێکەوت نییە، تکایە ئەفرۆدیتە تۆ دەڵێیت چیی؟ ئەفرۆدیتە هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: من فریای هەموو شت ناکەوم، خواوەندەکانی تریش کاری تریان هەیە، ئەوانیش سەرقاڵی چاککردنی کارگەلێکی تری ئەم جیهانەن، لێ خواوەندگەلێکی تر هەن، هەم هەوڵی کووشتنی ئێمە دەدەن، هەمیش تاوان لەناو خەڵکییدا دروستدەکەن، ئەو مافە بە خەڵکانێکی تر دەدەن خەڵکانێکی تر لەناوبەرن. لاس سەرێکی لاردەکاتەوە بۆ لای ئەفرۆدیتە و دەڵێ: تۆ مەبەستت لە خواکانی دوای ئێوەیە، خواکانی ئەو ئایینانەی ئێستا جیهانیان خستۆتە ژێرڕکێفی خۆیانەوە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: بەڵێ تەواو و ڕێک مەبەستم لەوانە، ئەوان ئێمەیان کردۆتە ئەندێشە و خەیاڵ و ئەفسانەی وڵاتێک، لێ خۆشیان هیچ نین بێجگە لە ئەندێشە و خەیاڵێکی تر، لێ خەیاڵێک، کە هێندەی زیانی بە مرۆڤ گەیاندووە بە چارەکی ئەوە قازانجی پێنەگەیاندووە. من دەمەوێت خەڵکیی تێبگەن، کە ئەندێشە و خەیاڵ و ئەفسانە و فەنتازیاکانیان لە خزمەتی مرۆڤایەتییدا بەکاربهێنن لە پێناوی چاککردنی ئەو فاکتە تاڵەدا بەکاری بهێنن، کە ژیانی ژەهراویی کردوون. مرۆڤ بەبێ ئەفسانە و فەنتازیا تەنیا بەجێماوێکی بێهێزە لەناو غەدری ژیان و جیهاندا. بیرمان نەچێت مرۆڤ دەتوانێت خاوەنی ئەفسانە و فەنتازیایەکی ڕەشیش بێت، کە زیان بە جیهان، ژیان، مرۆڤ دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەو ئایینانەی دوای ئێمە جیهانیان خستۆتە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە ئەفسانە و فەنتازیایەکی ڕەشن، کە پیاوە ئایینییەکانیان لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیاندا پیادەی دەکەن، ویستی ئەمجۆرە ئایین و خودایانە ویستی پیاوە ئایینییەکانە بۆ گەیشتن بە دەستەڵات. لەناکاودا هاوار و قیژەیەک هەموویان لە گوێگرتن دادەبڕێت و تەماشای

دیوارەکە دەکەن. وەکئەوەی ڕووداوەکە لەبەردەمی خۆیاندا ڕوودات و ئەمانیش هیچ توانایان نەبێت لە ئاستییدا. کچێکی جاحێڵ لە شوێنێکی دوورەدەستدا لە شەقی ئەم پیاوەوە فڕێدەدرێتە قاچی ئەو پیاوی تر. تەمار دەڵێ: ئەفرۆدیتە ئەو پیاوانە کێن و بۆ وا لەو کچە دەکەن؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئەو کچە شانزدەسالأنە و لەبەرئەوەی پەیوەندیی دڵداریی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە سزای دەدەن، ئەو پیاوانەش بریتیین لە (باوک، برا، ئامۆزا، خاڵۆزا، پوورزا)ی کچەکە. ئاوەسەر دەڵێ: باشە ئەمە ئەوە دەهێنێت پانزدە پیاو بێن لە کچێکی شانزدە ساڵانەی بێهێز بدەن؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: بێهێز پیاوەکانن نەک کچەکە، چونکە کچەکە تەنیایە و بەرگەی ئەو هەموو لێدانە دەگرێت و بە شانازیی و شکۆوە لەبەر شەقی ئەواندا ڕادەوەستێت تا ئەو کاتەی چیدی ناتوانێت و دەبێت بمرێت بۆئەوەی سەرلەنوێ لەدایکبێتەوە. دەنگی یەکەم تەقە دێتە گوێیان و دادەچڵەکێن. کچەکە دەکەوێتە سەرزەویی، یەکەم فیشەک باوکی پێوەی نا، فیشەکەکەی دا لەنێوچەوانی. پاشان هەر چواردە پیاوەکەی تر هەریەکەیان فیشەکێکی تری پێوە دەنێن و لاشەکەی بەجێدەهێڵن. دیمەنەکە لەسەر دیوارەکە لادەچێت و دیمەنێکی تر دێت لە حەوشەی ماڵێکدا پیاوێک فیشەکێک دەنێت بەنێوچەوانی کچێکی منداڵەوە. هەموویان هاوارێکیان لێبەرزدەبێتەوە و دەڵێن: ئەوە تەنها منداڵێک بوو. ئەفرۆدیتە دەڵێ: بەڵێ باوکیشی دەزانێت، کە کچەکەی تەمەنی نۆ ساڵە، لێ ئەو پێیوایە، کە کچەکەی لەگەڵ کوڕێکی دراوسێیان دڵداریی دەکات. باوکەکە سیاسەتمەندارە و ئەو مافە بەخۆی دەدات، کە کچەکەی بکووژێت، چونکە دەستەڵات لێیناپرسێتەوە بڵێت: بۆچیی کچەکەت کووشت؟ ئاوەسەر بە هەناسەیەکی درێژەوە دەڵێ: زیندان لەو نیشتیمانەدا تەنها بۆ بێهێزەکان دروستکراوە. دیمەنەکە دەڕوات و دیمەنێکی تر دێت، کوڕێک هەتا هێزی تێدایە چەقۆیەکی گەورە دەکات بە سکی کچێکدا، دەریدەهێنێتەوە و دەیکات بە سەر سنگیدا، دەریدەهێنێتەوە و دەیکات بە شوێنێکی تریدا، کچەکە لە دەستی هەڵدێت دەیەوێت بە جادەیەکدا بپەڕێتەوە ئەوبەر هاوار دەکات (هیلفە) یارمەتییمبدەن، کەس بە تەنگییەوە نادێت، ئاوتۆمۆبیلێک بەخێرایی دێت کچەکە دەکات بە ژێرەوە، کچەکە دەکەوێت، کوڕەکە دێت مەتارەیەکی پێنج لیتریی بەنزیین دەکات بەسەر کچەکەدا و چەرخێکی پێوەدەنێت دەیسووتێنێت، لەوبەرەوە منداڵە پێنج ساڵانەکەی بە گریانەوە تەماشای سووتاندنی دایکی دەکات. هەموو چاوەکانیان پڕبووە لە ئاو هەموو گەرم بوون، هەموو خەمبار بوون و تەمار بەوپەڕی خەمبارییەوە دەڵێ: لێ ئەوە کوردستان نەبوو. ئەفرۆدیتە دەڵێ: نەخێر ئەوە ئەڵمانیا بوو، لێ کچ و کوڕەکە کورد بوون. ئەمانە ژن و مێرد بوون و لەبەرئەوەی پیاوەکە زۆر توندوتیژبووە ژنەکە وازی لێهێناوە، ئەویش هاتووە بەوشێوەیە تۆڵەی خۆیدەکاتەوە بەبێئەوەی هیچ کەسێک لەوسەرجادەیە بییەوێت یارمەتیی ئەو کچە بدات. دیمەنەکە دەڕوات، دیمەنێکی تر دێت لە شوێنێکی چۆڵدا، کە دیمەنەکە پێوەی دیارە کوردستانە لاشەی کچێکی منداڵ کەوتووە و هیچ کەسی بەدەورەوە نییە. کۆسان دەڵێ: ئەو منداڵە کێیە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: کچێکی یانزدە ساڵانەی کوردە لە ناوچەی پشدەر، بەشێوەیەک

کووشتوویانە، کە هیچ جێگا برینێکیان بەسەریەوە جێنەهێشتووە. تەمار دەڵێ: چلۆن کووژراوە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: لە خەودا سەرینیان خستۆتە سەردەمی. ئیدی بەمشێوەیە ماوەی دوو کاتژمێر لەو دیوارەوە تەماشای جیهان و تاوانەکانی پیاوان دەکەن بەرانبەر بە ژنان. دایکێک شەو نەوت دەکاتە پەرەمێزی نانکردنەوە و بە کچەکەی دەڵێ: سبەی زوو، کە هەڵستایت لە خەو هەموو شتم بۆ ئامادە کردوویت، دەستبکە بە دروستکردنی نانی خۆت، من سبەینێ هەوڵدەدەم لە ماڵی پوورت بێمەوە. نیوەشەو باوکەکە هەڵدەستێت نەوتی پەرەمێزەکە خاڵییدەکاتەوە و پڕی دەکات لە بەنزیین. بەرەبەیان کچەکە لە خەوڵدەستێت لەگەڵ داگیرساندنی پەرەمێزەکەدا، ئاگرێکی گەورە کڵپە دەکات و ئاگر لە کچەکە بەردەدات. ئینجا بە خێرایی دیمەنەکان دەڕوات، پیاوێک فیشەکێک دەنێت بە سەری کچێکی دوانزدەساڵیەوە، بیست پیاو ژنێک زیندەبەچاڵ دەکەن و بە بەرد سەری لە خوێنی خۆیدا نقووم دەکەن هەتا دەمرێت. باوکێک و دوو مام کچێکی بیست و دوو ساڵەی خۆیان لاقە دەکەن پاشان یەکێک لە مامەکانی ملی بۆ کووشتن بادەدات، کچەکە لەسەر زەویی بە ڕووتیی دەکەوێت و هێشتا نەمردووە مامەکەی تریان بە پێلەقەیەک ملی دەشکێنێت. ئینجا دەستدەکەن بە کەرت کەرت کردنی لاشەکەی و دەیخەنە سێ جانتاوە. دوو کاتژمێرەکە تەواو دەبێت و ئەفرۆدیتە دیمەنەکان ڕادەگرێت. دوای ماندووبوونیان تەلاس دەڵێ: ببوورە ئەفرۆدیتە من چەند پرسیارێکم هەیە. یەکەم: بۆچیی ئێمەی پیاوت هەڵبژاردووە ئەو دیمەنانە ببینین؟ دووهەم: ئێمە بەتەنها خەڵکانێک نین، کە پێویستمان بە تۆیە یان تۆ پێویستت بە ئێمە بێت، لەم جیهانە زل و زەبەلاحەدا لە هەر چرکەیەکدا لە شوێنێکی ئەم جیهانە ژنێک دەکووژرێت، تۆ بڵێی وازت لە هەموو جیهان هێنابێت و ئەم کاتانەت تەرخانکردبێت بۆ ئێمە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: پرسیارەکەت جوانە، لێ من لەیەککاتدا لە هەموو جیهانم و بگرە لە دەرەوەی جیهانیشم لە ماڵی خۆم، کە وا لەناو ئەستێرەکاندا. کۆسان دەڵێ: ئەی ئەمە ماڵی خۆت نییە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: بێگوومان ئەمە ماڵی منە. تەلاس دەڵێ: کەواتە ئێمە ئێستا لەسەر زەویی نین بەڵکوو لەناو ئەستێرەکاندین. ئەفرۆدیتە سەری بۆ بەڵێیەک دادەنەوێنێت و دەڵێ: ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، کە وەک چلۆن پێمگووتن کات گرنگ نییە، کات بەوشێوەیە دەڕوات، کە من دەمەوێت، ئاوهاش من لەیەککاتدا دەتوانم لە هەموو جیهان بم و لەیەککاتدا لەگەڵ هەموویان دانیشتنی ئاوها بکەم. لە سەرێکی ترەوە منیش کارئاسانییم بۆ خۆم لە جیهاندا کردووە، کە خەڵکانێکی وەک ئێوە چاودێریی و سەرپەرشتیی دەکەن و کەی منیان ویست لە هەناسەدانێکدا دێنەلام و دەگەمە لایان. هەنووکە لەناو ئێوەی کورددا پێویستە هەمان دەستە ڕێکبخەم و ئێوەش بیدەن بە خەڵکی تر هەتا باری شانی هەم ئێوە هەم منیش سووک بێت. پاشان بۆچیی ئێوەم هەڵبژارد؟ ئەویش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە ئێوەش بەشێوەیەک لە شێوەکان کوڕی منن، خاوەنی دایک و باوکی خۆتانن، لێ دایکی ڕاستەقینەی ئێوە منم، ئەمەش وەهایکردووە، کە ئێوە لە خەڵکانی تر جیابکاتەوە. هاوسۆزیی ئێوە بۆ مرۆڤ بە گشتیی و بۆ ژنان بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە

خوێنی من بە دەمارەکانتاندا تێدەپەڕێت. جوانیی کارەکانتان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی من. کۆسان بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: یانی لاس باوکی ئێمەیە، وایە ئەفرۆدیتە؟ ئەفرۆدیتە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: بیهێنە بەردەمی خۆت تەمەنی من چەندە؟ لە بوونیشمەوە هەتاوەکوو ئێستا چەندیین پیاو بە ژیانی مندا تێپەڕیوون و نەوەم لێخستوونەتەوە، لاسیش هەمانشێوەیە. ئەو پیاوانەی دێنە ژیانی منەوە هەست بەو ئازار و ناخۆشییانەی جێهێشتنی من و مردنی خۆیان ناکەن، چونکە کاتەکان لەلای من بە ویستی من دەڕوات. بەختی ئەوان ئەوەیە، کە سەرلەنوێ بەشێوەیەک لە شێوەکان دەردەکەوم و دەچمە ژیانی کوڕێکەوە، نەوەی لێدەخەمەوە هەتا ژیان پڕبکەم لە چێژی خۆشەویستیی، چونکە تاکە ئەرکی مرۆڤ لە ژیاند ئەوەیە بەختیار بێت و بە خۆشەویستیی بژیی. ئەفرۆدیتە دەستدرێژ دەکات بۆ دیوارێکی تر، تەماشا دەکەن لە هۆڵێکی گەورەدا کچێکی گەنجی سپییپۆش لەسەر کورسییەک دانیشتووە، خەریکی خوێندنەوەی پەڕتووکێکە و گوێ لە موسیکیش دەگرێت. ئەفرۆدیتە دەستێک دەجوڵێنێت و دەنگی موسیکەکە بڵندتر دەبێت و ئینجا دەپرسێت کێ ئەو موسیکە دەناسێت؟ کەس وەڵامناداتەوە. ئەفرۆدیتە ڕوو دەکاتە ئاوەسەر و دەڵێ: ئاوەسەر پێتوایە ئەو موسیکە هی کێیە؟ ئاوەسەر دەستێک دەبات بۆ تەوقی سەری و دەست بە خوراندنی سەری دەکات و دەڵێ: هەرچەندە نۆتەکان نامۆنین لام،لێ ئاسان نییە ئەم موسیکە بناسرێتەوە. ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئەمە موسیکی تۆیە، لێ ئەم کچە هەژدە ساڵانە، کچێکی کەڕە و تەنها و تەنها گوێی لەو موسیکانەیە، کە توانای کردنەوەی گوێی ئەویان هەیە، موسیکی تۆش ئەگەرچیی لە ئێستادا لەلای ئێوە بێبەهایە، لێ لە ئایندەدا موسیکی تۆ دەبێتە ترۆپکی موسیکی کوردیی و نموونەی موسیکی جوانی جیهان. ئاوەسەر دەڵێ: ئەو دەمەی خۆم لە ژیاندا نەماوم. ئەفرۆدیتە دەڵێ: دەبێت ببووریت، بەڵێ. ئیدی ئەمە ژیانی بەشێکی گەورەی مرۆڤە لە جیهاندا نەک بە تەنها تۆ. بیهێنە پێشچاوی خۆت مۆتسارت چ ژیانێک ژیا. من مژدەت دەدەمێ، کە تۆ بەدەرلەوەی نەوەی منیت، نەوەیەکی بەوەفای دیۆنیسۆسیشیت. ڕەنگدانەوەی ئەو وا لەناو موسیکەکانتدا، وەک چلۆن ئەو لەناو موسیکی مۆتسارت و ڤاگنەردا ڕەنگدانەوەی هەبوو. کاری تۆ ئەوەیە، کە نرخی موسیک بگەڕێنیتەوە جێگای خۆی. کاری تۆ ئەوەیە گوێی کچێکی کەڕی ئاوها بکەیتەوە، ئەو بە تەنها گوێی لە موسیکێکی جوانە، کە بە دەنگی بڵند پێشکەشبکرێت. گوێکانی ئەم کچە بەس بۆ بیستنی نۆتەی جوان دروستکراوە، ئاخر بۆیە موسیککارانی سەردەمی ئەم کچە، لەکاتی پێشکەشکردنی ئۆکێستراکانیاندا ئەم کچە لە پێشی پێشەوە دادەنێن، هەتا لەدواییدا پێیبڵێن ئاخۆ گوێی لە موسیکەکان بووە؟ ئەفرۆدیتە دەستێک دەجوڵێنێت و دیمەنەکە دەگۆڕێت. دەبینن لە هۆڵێکی گەورە و گرانی ئۆپێرادا، کچەکە لە پێشی پێشەوە دانیشتووە و دەستی خستووەتە ژێر چەناگەی. ئەفرۆدیتە دەستێک دەجوڵێنێت و دەنگی موسیکەکە بڵند دەبێت و دەڵێ: گوێبگرن. دوای تەواوبوونی موسیکەکە دەستدەکرێت بە چەپڵەلێدان، ئەفرۆدیتە دیمەنەکە ڕادەگرێت و دەڵێ: کێتان پێیوایە ئەم موسیکە جوان بوو؟

بەدەر لە ئاوەسەر هەموو دەڵێن: جوان بوو زۆر. ئەفرۆدیتە ڕوو دەکاتە ئاوەسەر و دەڵێ: تۆ پێت جوان بوو ئاوەسەر؟ ئاوەسەر دەستێک بە دەمووچاویدا دەهێنێت و دەڵێ: دەشێت بۆ ئەو خەڵکەی گوێی لێدەگرن جوان بێت، لێ بۆ من، کە خۆم موسیک دەنووسم و نۆتە دادەنێم هیچ جوان نەبوو. ئەوانە بۆ من بریتیین لە کۆمەڵێک نۆتەی شکاو و بێ باڵ، کە توانای فڕینیان نییە. ئەفرۆدیتە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: با بزانین ئەم کچە جوانە هەژدە ساڵانە دەڵێ چیی؟ ئەفرۆدیتە دەستێک دەجوڵێنێت و دیمەنەکە دەگۆڕدرێت، دەبینن کچەکە لەبەردەمی چەندیین کامێرای تێلێڤیزیۆنەکاندا ڕاوەستاوە و کەناڵێکیان لەسەر پارچە کارتۆنێکی سپیی بە خەتێکی ڕەش بۆی نووسیوە: پێتوابوو، کە ئەم ئۆپێرایە، ئۆپێرایەکی جوان بوو؟ پاشئەوەی کچەکە پرسیارەکە دەخوێنێتەوە بە نەرمییەکەوە دەڵێ: گوێی من بەس نۆتەی جوان دەبیستێت، موسیکەکەی ئەم ئۆپێرایەش نەیتوانی گوێی داخراوی من بکاتەوە، ببوورن موسیکەکە جوان نەبوو، من هیچم نەبیست. ئەفرۆدیتە دەستێک دەجوڵێنێت و دیمەنەکە ڕادەوەستێنێت.

ئەفرۆدیتە چەند هەنگاوێک دێتە لای دەستە ڕاستەوە و دەست بۆ دیوارێکی تر درێژ دەکات و دیمەنێکی تر دەردەکەوێت، دەبینین پیاوێکی کوێر بە کۆچانێکەوە تێدەپەڕێت، پیاوەکە گۆچانەکە لەبەرپێی خۆی دەخشێنێت هەتا ئەو شتانە بناسێتەوە، کە دێنە سەرڕێگای، دەگاتە شوێنیک لە تەنیشتیەوە لەسەر دیوارێک بە ڕەنگی ڕەش بە گەورەییی نووسراوە (ئەوەی توانای تێگەیشتن و خوێندنەوەی من نییە کوێرە). پیاوە کوێرەکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: ئەم نیشتیمانە پڕە لە مرۆڤی کوێر، چاوی ئەوان هەموو شت دەبینێت ڕاستیی و جوانیی نەبێت. پیاوەکە گۆچانەکەی لە زەوییەکە دەخشێنێت و درێژە بە ڕۆیشتنی خۆی دەدات. ئەفرۆدیتە دیمەنەکە لادەبات و دەپرسێت: ها ئێوە دەڵێن چیی؟ ئاخۆ ئەو پیاوە ڕاستدەکات، کە دەڵێ: ئەم نیشتیمانە پڕە لە مرۆڤی کوێر؟ تەمار دەست هەڵدەبرێت و دەڵێ: بەڵێ ڕاستدەکات. ئەفرۆدیتە دەڵێ: چلۆن ڕاستدەکات؟ تەمار دەڵێ: من خۆم یەکێکم لەو کوێرانەی چەندیین ساڵە خزمەتی ئەو کوێرانە دەکەم. ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئەو ڕستەیەی، کە بە گەورەییی لەوسەر دیوارە نووسرابوو وتەی تۆیە، بۆیە وا بە گەورەیی نووسرابوو. تەمار دەڵێ: لێ من شتی وەهام نە گووتووە نە نووسیوە. ئەفرۆدیتە دەڵێ: لێ لە ئایندەدا دەینووسیت، چونکە درک بە کوێربوونی خۆت دەکەیت و ڕێگای ڕاستیی دەگریتەبەر، ئیدی چیدی لە خزمەتی دەستەڵاتدا نانووسیت، بەڵکوو لە خزمەتی جوانیی و ڕاستییدا دەنووسیت. کارەکانت دواکات وەهادەکات، کە دەستەڵات لێتتووڕەبێت و هەوڵی سزادانت بدات. هەنووکە کاری تۆ ئەوەیە، کە ئایندە بۆ خۆت بەریتەوە جۆرە وشەیەک بنووسیت، کە کوێرەکانیش توانای خوێندنەوەیان هەبێت. تەمار ئایندە پێویستی بەتۆیە، تۆ نەوەی بەوەفای ئەپۆلۆیت. ئەفرۆدیتە دەست بۆ دیوارەکە درێژ دەکات و دیمەنێکی تر دێتە سەر دیوارەکە و هەموویان سەرنجی دەدەن، کە دەبینن، پۆلیسێک قۆڵی کچێکی تەمەن بیست ساڵەی لە هۆدەیەکدا گرتووە و دەڵێ: گەورەم ئەمە

کچەکەیە. لەپشتی مێزێکی گەورەی ڕەشەوە، کە لە داری ساج دروستکراوە پیاوێکی باریکەلەی دەنگ باریک هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: ئینجا خۆ ئەمە هەر بە تەنها ئێسکە و هیچی تر نا. کچەکەش قۆڵی لە دەستی پۆلیسەکە ڕادەپرسکێنێت و دەڵێ: بەڵێ، لێ ئێسکێک، کە هەموو سەگەکانی پارت و دەسەڵات لێستوویانەتەوە. من ئەو ئێسکەم، کە سەگێک لەم نیشتیمانە بێکەسەدا نەماوە نەیلێسابێتەوە. کابرای پشت مێزەکە لە کچەکە نزیکدەبێتەوە و هەتا هێزی تێدابێت شەپازلەیەک ئەدات لە بن گوێی کچەکە، کچەکەش هەتا هێزی تێدابێت تفێک دەکاتە نێوچەوانی پیاوەکە، ئینجا بە پۆلیسەکە و پیاوەکە بە شەق و بۆکس بەردەبنە سەروگوێلاکی کچەکە هەتا لە خوێنی خۆیدا ئەیگلێنن. ئەفرۆدیتە دیمەنەکە لادەبات و دەڵێ: من ئەو ئێسکەم، کە سەگێک لەم نیشتیمانە بێکەسەدا نەماوە نەیلێسابێتەوە، ئاخۆ ئەم کچە بۆچیی ئەم قسەیە دەکات؟ کۆسان دەڵێ: مەبەستی لەوەیە هەموو پیاوانی پارت و دەسەڵات لەگەڵیدا خەوتوون. تەلاس دەڵێ: بەڵام سەگ کاتێک تێردەبێت لە لێساندنەوەی ئێسکێک ئیدی دەستدەکات بە کرماندنی و دەیخوات. ئاوەسەر دەڵێ: ئەی نەتان بینی چلۆن کابرای دەنگ باریک و پۆلیسەکەی کەوتنە سەروگوێلاکی کچەی داماو، ئەوانیش وەک سەگ دوای لێساندنەوەی ئەو کەوتنە کرماندن و خواردنی. ئەفرۆدیتە دەست بۆ دیوارەکە درێژ دەکاتەوە و ڕووپەڕی ڕۆژنامەیەک دێتە سەر دیوارەکە و هەموو دەستدەکەن بە خوێندنەوەی. وێنەیەکی تەمار لە دەستە ڕاستەوە بە کەمێک گەورەیی لەژێر وێنەکەیدا نووسراوە تەمار تەنیا. لاس ڕاستەوخۆ تەماشای تەمار دەکات و دەڵێ: بۆچیی تەمار تەنیا؟ ئەفرۆدیتە چونکە دواکات تەمار هەموو کەسوکاری لەکیسدەدات و بە تەنیا خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە ناونیشانی تەنیا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت؟ کۆسان دەڵێ: ناشێت لە ئایندەدا ببێت بە گریگۆر سامسایەکی تری فرانتس کافکا و بە قالۆنچەیەکی تر؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: بەڵێ شێوەیەک لەو جیهانە، ئیدی خۆشتان دەزانن لەم سەردەمەدا تەنها ئەو نەوانە نەوەی باشن و ڕێزیان دەگیرێت، کە پارە بۆ خێزانەکانیان پەیدا دەکەن. تەماریش لە ئایندەدا لە خزمەتی دەسەڵاتدا نانووسێت، هەربۆیە دەبێتە نووسەرێکی وەها هەژار، کە ئەندامانی بنەماڵەی خۆیشی دژی دەوەستنەوە و بێڕێزیی پێدەکەن، پارت و دەسەڵات دەیخەنە لیستی پەراوێزەوە، تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەی، کە بە ناویش ئازادن هەتا وتارێکی بۆ بڵاودەکەنەوە سەردەمی وتارەکە تێدەپەڕێت، وێنەکانی پێشانگایان بۆ ناکرێتەوە، کەس پەیکەری لا دروست ناکات، خۆی توانای کڕینی کەرەستەکانی پەیکەر دروستکردنی نییە. ئەم نووسینەی لەم ڕۆژنامەیەدا دەیخوێننەوە، یەکێکە لە تووڕەبوونەکانی تەمار، ئەو لێرەدا خۆی بەو ئێسکە زانیووە، کە هەرچیی سەگەکانی ئەم نیشتیمانە هەیە لێستوویانەتەوە، واتا سوودیان لەم وەرگرتووە، خودی ئەو کچەی ئەو قسەیەی بەو لێپرسراوە گووت، لەژێر کاریگەرێتیی تەماردا ئەو قسەیە دەکات. ئێستا تکایە وتارەکەی تەمار بخوێننەوە.

من ئێسکێکم کەم سەگ هەبووە نەیلێسابێتمەوە، ئەم نیشتیمانەی ئێمەش ئەگەر لە هەر شتێکدا هەژار بێت ئەوا لە سەگدا بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین نیشتیمانەکانی جیهان دەژمێردرێت. دۆستێکم دەڵێ: ئەگەر نووسیینی تۆ سێو بێت ئەوا دەیانی وەک حەوا بۆ زانیین دەیخۆن بەبێئەوەی تووڕەیی تۆی لێببێتەوە ئەمەش بەپێچەوانەی خوداوە. دەیانی وەک پاریس ئەیبەخشنەوە بە جوانترین خواوەند (ئەفرۆدیتە) ئەمەش تووڕەیی هێرا و ئەتێنای لێدەبێتەوە و دەبێتە هۆی وێرانکردنی ترۆیا. هاینریش هاینە ترسێکی گەورەی سێوی لە دڵدایە و لە دیوانی پەڕتووکی گۆرانییەکاندا دەڵێ: سێوەکان کارەسات دەنێنەوە، حەوا لەگەڵیدا مەرگی هێنا، پاریس کڵپەی لە ترۆیا پێهەڵساند، تۆ هەردووکیانت هێنا کڵپە و مەرگ. لەنێوانی دۆستەکەم و هاینەدا دێم و دەچم، ماف بە کامیان بدەم؟ دەتوانم ماف بە هەردووکیان بدەم، لێبەڵێ چیی بە ڕۆژنامە بڵێم؟ منی ئێسک بۆ ناشکێم لەکاتێکدا ئەم هەموو سەگە دوای لێساندنەوەم توووند بۆ شکاندن دەمگەزن؟ بڵێی ئەوانیش خووی خودایان گرتبێت ئەگەرەکوو ویستیان کووشتن نەبێت ئەوا بەس ئازاریان دەدەن؟ لە خۆڕا نییە نیچە قاقا بە خودا پێبکەنێت و پێیبڵێ: ناتەوێت کەس بکووژیی تەنها ئەشکەنجەیان دەدەیت، ئەی ئەشکەنجەی من بۆ دەدەیت؟ ئەی بەختەوەر بە زیان، ئەی خودا نەناسراوەکە، ها ها ها ها. گریمان ئەم سەگانە دوای لێساندنەوەی من نایانەوێت بمکووژن بەڵکوو وەکوو خودا تەنها ئازارم دەدەن، لێبەڵێ پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ بۆچیی ئەوان ئازاری من دەدەن؟ ئەی ئەوە نییە چەندیین ساڵە دەملێسنەوە؟! هاوڕێیەکم گووتی: بەکارهێنانی ڕەوشت لە کاری ڕۆژنامەوانییدا بنچینەی لەوێدابوونی ڕۆژنامەوانە. ئەوەی منیش پێمکرا قاقا پێکەنیین بوو، ها ها ها. وتم: هاوڕێ من لە نیچەوە فێربووم، کە بڵێم تا ئەو شوێنەی، ئێمە باوەڕ بە ڕەوشت دەکەین، لەوێدابوونی خۆمان تاوانبار دەکەین. لە سینەی هەموو نووسەر و ڕۆژنامەوانێکی ڕاستەقیینەدا دڵێکی پڕ ئیگۆ لێدەدات، نووسەر بۆ هەرکوێ بڕوات ئەو وەک سەگێک دوای دەکەوێت. لەوێدابوونی نووسەر و ڕۆژنامەوان بریتییە لە پراکتیزەکردنی ئیگۆکانیان، ئێ خۆ لەخۆڕا نییە نیچە دەڵێ: بۆ هەرکوێ بچم سەگێک بەدوامەوەیە ناوی ئیگۆیە. کارڵ مارکس پێیوابوو، کە هەرچیی شۆڕشەکانی پێشئەوە هەمووی شکستیان هێناوە، لێ شۆڕشەکەی ئەو دەبێت شۆڕشێکی سەرکەوتووبێت. تەواوی جوڵانەوە کرێکارییەکان لە جیهاندا لەسەر ئەم پرنسیپە چ کاریان دەکرد چ دەژیان، هەتاوەکوو چەند سەرکەوتووبوون ئەوە پرسیارێکی ترە، لێبەڵێ ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە، کە بڵێم تەواوی جوڵانەوە ئازادیخوازییەکانی کورد لە هەرچوارپارچەی کوردستاندا شکستیان هێناوە، لێ ئەوەی هەنووکە من چ باوەڕم پێیەتی و چ دەمەوێت، دەبێت سەرکەوێت. ئازادیی! تەنها وشەیەکە لە ئادەم و حەواوە مرۆڤ ژیانی خۆی لەپێناویدا دادەنێت، ئاخۆ بڵێی ژیان یاسایەکی بۆ ئازادیی دانابێت؟ بڵێی سروشت یاسایەکی بۆ ئازادیی دانابێت؟ ئەمە مەتەڵ نییە، تەنها پرسیارە، لێ هەمیشە مرۆڤ کاتێک دەتوانێت وەڵامێکی دروست بۆ ئەم پرسیارانە ئامادە بکات، کاتێک فەرمانی کووشتنی دەردەچێت، ملی بە پەتەکەوەیە و فریای قسەکردن ناکەوێت، لەسەر کورسییەک دانیشتووە و کارەبای لێدەدەن و فریای هیچ ناکەوێت،

گوولەبارانی دەکەن و توانای وتنی هیچی نابێت. نیگەرانم لەوەی ملیان کردووم بە پەتی میدیادا و جەللادەکانم کۆمەڵێک گەمژەی نەزانن، من نەوەی چەکووشم قسەی خۆشم وەشاندنە، ئەوەی دەکەوێتە ژێر منەوە شیاوی ڕێککردنەوەیە دەنا پێویستی بە من نییە.

**ئاوەسەر بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: هەموو مەلێک گۆشتخۆرە و تەنها ناوی گورگ بە بەد چووە. ڕاستە من قسە ڕەقم و ڕەقیی قسەکانیشم پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە دەزانم من مرۆڤێکی مەزنم و گردە پیاوەکان دەیانەوێت منی شاخ سەریان بۆ دانەوێنم، کە قەت نایبینن. لێ من لەچاو تەماردا بۆ ڕەقیی قارچکێکی بچکۆلانەم. ڕاستیش دەکات دواکات چەکووش کاری پێکهێنان و ڕاستکردنەوەیە. لاس بە هەناسەیەکی غەمگینەوە دەڵێ: بەڵێ، لێ بەختی گەورە ئەوەیە ئەو چەکووشە دەست وەستایەکی باش بکەوێت. لەکاتێکدا کتووپڕ هەموویان سەرقاڵن بە قسەکردن لەسەر وتارەکەی تەمار، ئەفرۆدیتە لە چاوترووکانێکدا دەیانباتە سەر لوتکەی شاخێکی بەفریین. هەموویان شۆکێک دایاندەگرێت، هەریەکە لە جێگای خۆیەوە دەڵێ: لەکوێین ئەفرۆدیتە؟ ئەفرۆدیتە ڕەقبووینەوە، ئەفرۆدیتە شتێکمان بدەرێ لەبەری بکەین. کلوو کلوو بەفر ڕووخساریان ڕادەمووسێ، سەرما پەنجەکانیان دەگەزێ، لاس دەڵێ: ئەفرۆدیتە چییدەکەین لێرە؟ ئەفرۆدیتە لەسەر ئەم لوتکەیە، لە سپێتیی ئەو بەفرەدا خواوەندێتیی خۆی دەنوێنێت و دەڵێ: ئێرە شوێنی مرۆڤە بەهێزەکانە، تەنها بەهێزەکان توانای ژیانیان لێرەدا هەیە. تەمار بە لورفە لورفێکەوە دەڵێ: کەواتە شوێنی خواوەندەکانە، چونکە تەنها ئەوان توانای ژیانیان لێرەدا هەیە. ئەفرۆدیتە دەستێک بە پرچیدا دەهێنێت و دەڵێ: ئەی فریدریش نیچە چیی بوو؟ تەلاس دەڵێ: نیچە پێیوابوو، کە ئەو خەڵکی ئەستێرەیەکی ترە. تەمار دەڵێ: بە واتایەکی دی ئەگەر سەرنجی ئێچە هۆمۆ بدەین، لەوێدا نیچە خۆی پێ خواوەندە. ئەفرۆدیتە دەڵێ: ڕاستدەکات، چونکە ئەو لەو دوندانەدا دەژیا، کە مرۆڤی نۆرماڵ تێیدا ڕەقدەبۆوە، شوێنی ژیانی ئەو بەرزاییەکان بوو نەک تەختایی. ئێوە دەبێت فێربن وەک نیچە لە لوتکەدا بژیین، فێربن بازنەیەک بەدەوری خۆتاندا دروستبکەن، فێربن سەربکەون بەرەولوتکە، ئەوانەی بۆ کووشتن دواتاندەکەون لێرەدا لەسەرمایاندا ڕەقدەبنەوە. فێربن شاخ بە دەوری خۆتاندا لێبدەن، شاخی بەفریین، کە تێیدا ئایین، ڕەوشت، کلتوور، خودا و پارە تێیدا ڕەقبێتەوە. مرۆڤ نەوەی هەسارەیەکی ترە، کاری مرۆڤیش گەڕانەوەیە بۆ ڕەچەڵەکی خۆی. کێشە ئەوەیە، مرۆڤ ئاگای لە ژیانی هیچ شوێنێکی تر نییە، تەنانەت خودی دەریا، کە لە بەردەمی خۆیاندایە هێشتا نەیانتوانیوە بزانن دەریا چییە؟ هێشتا نەیاتوانیوە بیسەلمێنن، کە بەدەر لە گیانلەبەرەکانی دەریا، لەژێر زەوی دەریادا ژیان هەیە، گیانلەبەر هەیە. ئاوەسەر بە دەنگێکی تەتەڵە و پەتەڵەوە دەڵێ: ئەفرۆدیتە گیان ناتوانین بڕۆینەوە شوێنی خۆمان من وا خەریکە ڕەق دەبمەوە؟ ئەفرۆدیتە بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: ئەگەر ئێمە ئێستا بچینە خوارەوە وەک ئەوە وەهایە**

هیچمان نەکردبێت، ئێوە دەبێت بە سەرمای ئەم دوندە بتەزن، دەبێت پێش هەموو شتێک مێشکتان لەگەڵ ئەم سەرمایەدا ڕابهێنن ئەوسا جەستەتان. من ئێوەم هێناوەتە ئێرە هەتاوەکوو ئایندە ڕزگار بکەن، ئایندەش بە دانیشتن ڕزگار ناکرێت، بەڵکوو ڕەنج و تێکۆشانی دەوێت. ئەفرۆدیتە دەستەکانی لە شوێنی خۆیەوە بەرز دەکاتەوە و چاوەکانی دەنووقێنێت، لەناکاوێکدا بە دەوری هەموو یاندا گێژەڵوکەیەکی بەفر هەڵدەکات، لەناو گێژەڵوکەکەدا (لاس، تەلاس، تەمار، ئاوەسەر، کۆسان، ئاوەنیا) لە جێگای خۆیاندا ڕاوەستاون بەبێئەوەی هیچ گۆڕانێکیان تێدا ڕووبدات. لە دەستەکانی ئەفرۆدیتەوە یەک لەسەر یەک پەڕتووک دێتەدەرەوە و دەچێتە ناو گێژەڵوکە بەفرییەنەکەوە و تێکەڵ بە خولانەوەی گێژەڵوکەکە دەبێت. ئەفرۆدیتە دەستێک بۆ گێژەڵوکەکە درێژ دەکات، لەناو گێژەڵوکەکەوە ئاوەنیا دێتەدەرەوە بۆ لای ئەفرۆدیتە. گێژەڵوکەکە هەتابێت خێراتر دەسووڕێتەوە، هەتا لە پڕێکدا ڕووناکییەکی لە سنووربەدەر پەیدا دەبێت و لەچاوترووکانێکدا هیچ شتێک لە جێگای خۆی نامێنێت. لاس هاوارێکی گەورەی لێبەرز دەبێتەوە، کۆسان و تەلاس دادەچڵەکێن و تەماشای لاس دەکەن و دەڵێن: ئەوە چیی بوو لاس گیان؟ لاس تەواو شپرزە بووە، سەراپای گیانی تەڕبووە یەک وشەی لە دەم بۆ نایەتە دەرەوە. تەلاس دەستێک دەخاتە سەر شانی و یەک دوو جار ڕایدەوەشێنێت و دەڵێ: لاس گیان هەموو شت تەواوە؟ تەندروستیت باشە؟ لاس لە هەناسەبڕکێیەکی قوڵدا تەماشای تەلاس دەکات و دەڵێ: نا هیچ شت تەواو نییە، تەندروستیشم باش نییە. کۆسان لە کۆڵەپشتەکەیدا مەتارەیەک ئاو دەردێنێت و ئەیداتە دەست لاس، لاس بینی پێوە دەنێت و بەیەکجار هەموو دەخواتەوە. تەماشایەکی هەردووکیان دەکات و دەڵێ: ئێوە چۆنن؟ کۆسان و تەلاس دەڵێن: زۆرباشین، کۆسان تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و دەڵێ: کاتژمێر هەشتی بەیانییە، پێموایە ئەو هاوارەی تۆ نەبوایە لە خەو هەڵنەدەستاین. لاس دیسانەوە دەڵێ: ئێوە دڵنیان هەموو شت تەواوە؟ دیسانەوە دەڵێن: بەڵێ لاس گیان، چیی بووە؟ لاس دەڵێ: نازانم، لێ پێموایە شتێک بووە، لێ چیی نازانم. کۆسان دەڵێ: خەوت بینیوە؟ لاس دەڵێ: لەو باوەڕەدام ئیمشەو یەکەم شەوی ژیانم بووە، کە بەبێ خەوبینین ڕۆژی تێدابکەمەوە، لێ هەستدەکەم، شتێک ڕوویداوە، لێ نازانم چیی. تەلاس دەڵێ: ئەگەر خەویشت نەدیبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە گەش و هەوای دارستانەکە هۆکاری ناخۆشکردنی خەوەکەت بووە. کۆسان دەڵێ: پێموایە، شتێک بخۆین و بکەوینە ڕێگا باشترە، بەدەم ڕێگاشەوە دەتوانین زیاتر و باشتر قسە بکەین. لە مندا هیچ شتێک ڕووی نەداوە، من هەر کۆسانەکەی دوێنێم. تەلاس بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: منیش هەر کوڕەکەی دوێنێم. لاس دەڵێ: من هیچم پێناخورێت، پێدەچێت دوایی بەدەم ڕێگاوە ئارەزووی خواردن پەیدابکەم، لێ ئێستا نا. کۆسان و تەلاس دەستدەکەن بە نانخواردنی بەیانیی و پاش کەمێک خۆیان کۆدەکەنەوە و دەکەونە ڕێگا. کۆسان لەدوای هەردووکیانەوە دەڕوات و دەڵێ: لاس پێتوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێینەوە بۆ نیشتیمان؟ لاس دەڵێ: من جارێ نەگەیشتووم، تۆ با بگەم ئەوسا بیری لێدەکەمەوە. من، کە نەزانم

**دوێنێ شەو چییم لێبەسەرهاتووە، چلۆن بزانم دەگەڕێمەوە یان نا؟ کۆسان و تەلاس ئەیدەنە قاقای پێکەنیین و لە چڕیی دارستانەکەدا وندەبن.**

**لەژێر پردەکەی سلێمانییدا لەناو قەرەباڵغیی کۆمەڵێک باڵندەفرۆشدا ئاویار بە کاوبۆیەکی شیین و تیشێرتێکی ڕەشەوە لەسەر قوون دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی نامەیەکە، نامەیەکی چوار لاپەڕەیی. ئاویار لەبەرخۆیەوە دەڵێ: خوێندنەوەی ئەم نامەیە وەک پێنج کەڕەت نوێژی پێویستی مسوڵمانێک وەهایە، هەموو کەمتەرخەمییەک لێی شیاوی پاساو بۆ هێنانەوە نییە. لاس لە هەرکوێیەکی ئەم جیهانە پڕ ئازار و ژانەدا هەیت، دەبێت ئەوە بزانیت، کە منیش هەنووکە وەک تۆم، لێ من لەناو خاک و ئاو نیشتیمانیی خۆمدا گینگڵ دەدەم، دەشێت سەرلەنوێ لە دۆڵەوە بەرەو بەرزاییەکانی هیوا و ژیان سەربکەوم و دەششێت ڕۆتر بچم.**

هاوڕێی ئازیزم ئاویار گیان، ئەم کاتەت شاد

تۆ پێتوایە، کە من بەهێزم و زاڵدەبم بەسەر گرفتەکاندا
لێ هەنووکە منی شاعیر نووقمم لەناو تەختیی و کۆڵانەکانی سووتاندا،

سووتاو هەتا کەنارەکانی ڕۆچوون بەرەو مەرگ. زۆرجار دەتپرسیی بۆچیی من هێندە ئاڵوودەی هاینریش فۆن کلایستم؟ هەنووکە ئەگەر وەڵامت بدەمەوە دەکرێت بڵێم: کە من هیچ هیوایەکم بەوە نەبووە ڕۆژێک لە کارێکدا بگەمە چڵەپۆپە، ببمە بازرگانێکی سەرکەوتوو، بە سەرمایەدارێکی لێهاتوو، لێ هیوام بووە ببمە شاعیرێکی دەرکەوتوو، دەرکەوتوویەک، کە جێگایەکم لە چڵەپۆپە و دوندەکاندا بۆ بکرێتەوە. من لە نیشتیمانی خۆمدا تەواو بێهیوا بووم لەم سەرکەوتنە، بە چەند مانگێک بەرلەوەی بێمەدەر، بیرکردنەوەی من تەنها لە خۆکووشتندا بوو چیدی نا. هەنووکە باوەڕم وەهایە هەموو ئەو شاعیرانەی خۆیانکووشتووە، ئەو نووسەرانە، ئەو نیگارکێشانە، ئەو هونەرمەندانە، ئەو موسیککارانەی خۆیانکووشتووە دەروونیان پڕ کڵپەی سووتان بووە، بۆیە پەنایان بردۆتەبەر خۆکووشتن. منیش ئەگەر لە کوردستاندا بوومایە دەبوایە خۆم بکووشتایە، ئەو کات دەبوومە مایەی خەمێکی گەورە بۆ کەسوکارم و بۆ تۆش وەک دڵسۆزترین هاوڕێ. بە مەرگم کارێکم دەکرد هەتا هەتایە نەمبینیتەوە، لێ کاتێک بەبێ ماڵئاوایی کۆچم کرد و تەنها نامەیەکت لە ڕێگای هاوڕێیەکمەوە بەدەستگەیشت، کە من ڕۆیشتم و لە سۆراغم مەپرسە، لەم نیشتیمانەدا، کارێکم کرد، کە تۆ

بتوانیت لە ئایندەدا بمبینیتەوە، ئیدی ئەوسا بمبووریت. من پێموایە، چلۆن من کاتێکی زۆرمداوە بە خۆم هەتاوەکوو خۆم لە دەست خۆکووشتن ڕزگاربکەم و ئەم ئاوارەییەم کردۆتە باشترین کلینیک بۆ خۆم، ئاوهاش ئامادە دەبم کات بدەم بە تۆ هەتا بتوانیت لە هەڵهاتنم ببووریت. من لە کوردستان دەمزانی قوڵم، لێ هەنووکە پێموایە من نەک قوڵ تەختیش نیم. ئێستا هەوڵدەدەم قوڵبم، لێ ئەم کارەم چەند ساڵ دەبات هەتا بتوانم قوڵبم، ئەوە پرسیارێکی ترە، کە ناتوانم ئێستا وەڵامی بدەمەوە.

لێرەوە دەمەوێت باسی ناسینەوە و تێگەیشتنی ئەم سووتانەت بۆ بکەم. ئەم سووتانە ئەزموونێک نییە لە ڕۆچوونی هەستە دەروونییە نێگەتیفەکانی مرۆڤدا، لێبەڵێ شیاوی ئەوەیە، کە مرۆڤ وەک سکاڵایەک لە دەروون قووتیبکاتەوە. ئەوەی من لێرەدا بۆت دەنووسم بۆ ئەوەیە، کە تۆ ئەم نەخۆشییەم تێدا بناسیتەوە و هەمانکاتیش تێمبگەیت. فاکتۆرەکان بریتیین لە کۆمەڵێک یەکەی چ لێکەوە نزیک و چ هاندەریش بۆ هاتنەکایەوەی هەستێکی وەها ڕۆچوو بەرەوە دۆڵ. کار و پیشە، خێزان، پەیوەندیی خۆشەویستیی، بازنەی هاوڕێیان، دەشێت لەناو یەکێک لەم یەکانەدا کەلێنێک بۆ سووتان دروستببێت و مرۆڤ لە لوتکەوە ڕۆبچێنێتە دۆڵەوە، دەشێت ببێتە هۆی خۆکووشتنیشی. لە قەیرانە پیشەییەکاندا مرۆڤ زۆر تووشی ئەم دەرد و گرفتە دەبێت، لێ لە دەرەوەی ئەوانیشدا خەڵکانی دی لەژێر هەبوونی چەند فاکتۆرێکی دیدا، وەک سەرەتا پێمگووتیت لەخۆڕا نییە ئەم هەموو شاعیرە خۆیان دەکووژن، هاینرِیش فۆن کلایست لەلای من هەتاوەکوو ئێستا جوانترین نموونەی ئەم ڕۆچوونەیە، کە دوای چەندیینجار هەوڵدانی بۆ گەیشتن بە بەرهەمێنانی ئەدەب و نووسینێکی جوان و لێدانی لەلایەن ڕۆژگارەوە لەسەر دەستی دەستەڵات، ئیدی چیدی هیوای بەوە نەما سەرکەوتن لە کارەکەیدا بەدەستبهێنێت، ئەمە وێڕای ئەوەی، کە کلایست شاعیرێکی سەرکەوتووبوو، لە ئایاری ساڵی 1809 دا دژ بە ناپۆلیۆن و وەدەرنانی لە خاکی ئەڵمانیادا یەکێک بووە لە شاعیرە دیارەکان و شیعرەکانی ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبووە بەتایبەت لە ڕزگارکردنی باکووری ئەڵمانیادا. لێ گرفتەکان، کە دەهاتنە سەرڕێگای هیوای ئایندەی لەلا ڕەش دەکرد.
سووتان مرۆڤ تووشی کۆمەڵێک کۆمپلێکس و سکاڵاکردن لە خود دەکات، کۆمەڵێک تابلۆی ئازاری پێدەبەخشێت، سەیر ئەوەیە، ئەوانەی تووشی ئەم سووتانە دەبن، خەڵکانێکی نۆرماڵ و سادە و ساکار نین، بەڵکوو دەشێت، نووسەرێک، شاعیرێک، زانایەک ... هتد بێت. ئەوەی ئەم مرۆڤانە لە نەخۆشیی سووتان نزیکدەکاتەوە بریتییە لە کەمیی هیوای سەرکەوتن لە بوارێکدا لە بەرهەمهێنانێکدا، تەسکبوونەوەی سنوورەکانی ئازادیی بۆ خود. دەشێت فەرمانبەرێک کرێکارێک لەژێر پاڵەپەستۆی زۆرلێکردن و مامەڵەی خراپ لەگەڵ کردنندا تووشی هەمان گرفتی سووتان بێت. سەرکردنەسەر لەلایەن خەڵکانی بەپرس لە شوێنی کارێکدا، کە کرێکار ناتوانێت بە ئاسوودەیی خۆی تێدابدۆزێتەوە، بۆ نموونە زۆرەملێیی لێکردن بۆ کارکردنی شەو، نەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کرێکارانی تردا، باشتر بڵێم: کرێکارانی دی ڕێگانادەن، کە کەسی ناوبراو ببێتە ئەندامێکی ئەو بازنەیە یان ئەو گۆڕیە. ئا لێرەدا ئەو

کرێکارە دەبێتە خاوەنی هەستەکانی هاینرێش فۆن کلایست لێ لە فۆرمێکی تردا، ئەو هەستە ناسکەی درک بەم دینستانسە پڕ دەرزی ئاژنی خەمانە دەکات لەو کرێکارەدا وەک هەستە ناسکەکەی کلایست وەهایە، هەربۆیە لە لوتکەوە ڕۆدەچێتە ناو دۆڵەوە، دەشێت وەک من هەڵبێت هەتا خۆی نەکووژێت، دەششێت فریا نەکەوێت و وەک کلایست خۆی بکووژێت.

من ئەمەت بۆیە بۆ دەنووسم، چونکە دەتناسم، دەزانم وەک من ڕۆژێک ڕۆدەچیت، بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم ڕێنماییت بکەم، نەک بەوەی من لە تۆ زاناتر بم، نەخێر هاورێم، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی، کە ڕۆژێک دادێت بە ڕێگایەکدا دەڕۆیت، کە من پێشتر پێیدا ڕۆیشتووم و زانیارییت لەسەری دەدەمێ.

سەرەتا ئەم سووتانە زۆر بەشێوەیەکی پۆزەتیف دەردەکەوێت، مرۆڤ هەتا بڵێی چالاکە لە ژیان و کاری ڕۆژانەدا، ژیانی پڕ جوڵەیە جوڵەیەکی دینامیکانە، ڕۆژانەی پڕە لە هزر، ئامادەباشە. تەنانەت لە شوێنی کاردا لەسەر خواستی خود ئامادەیە چەندیین کاتژمێری تر کار بکات. لە ناخەوە بەدزییەوە هەستەکانی دوورکەوتنەوە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان گەورەدەبێت، بەشێوەیەک، کە هیچ شتێک لە دەرەوە ڕێگای پێنادرێت بگاتە ناوەوەی مرۆڤەکە. ئەم پچڕانە لە کرێکارێکی سەر کارەکەوە دەستپێدەکات هەتا دراوسێکان، هاورێکان، خزمەکان، ناسیاوەکان. بەشێوەیەکی کتووپڕ و خێرا قۆناغەکان دەگۆڕێن بۆ قورسبوونی ئەو قورساییەی سەر دەروونی مرۆڤەکە، قورسایییەک، کە کاتژمێر لەدوای کاتژمێر هەوڵی خستنی مرۆڤەکە دەدات و پێیدەڵێت: هەڵنەستیتەوە سەرپێ. مرۆڤ هەست بە ماندووبوونێکی بەردەوامیی دەکات. دواکات هەڕەشەی سووتان و لەکارخستن هەتا بێت نزیکتر دەبێتەوە، لە ڕووی دەرەوە مرۆڤ هەست بە بێهێزیی دەکات، هەست بە ماندووبوون دەکات، لە ناوەوە شڵەژاوە، خۆی تووند کردووە، شپرزەیە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و کتووپڕ مرۆڤ تووشی تووڕەبوونێکی زۆر دەبێت، کە دەبێتە هۆی داچڵەکاندنی دەوروبەرەکەی، ئیدی هەر کەسێک بن. دواهەمیینجار لە مندا لەسەر ڕێگای چوون بۆ کارکردنم بوو. هەرچیی شت هەبوو هۆکاربوون بۆ تێکچوون و سووتانی من، کرێکارەکان پاڵنەری گەورەی دروستبوونی ئەم سووتانەم بوون، ئەوان هەرگیز وەک شاعیرێک نەیاندەویست چ پەسەندم بکەن و چ ڕێزیشم بگرن، ئەوا بە دەوری خۆیاندا سنوورێکی بازنەییان دروستکردبوو، کە بەزاندنی بۆ من لەلای ئەوان دەبوو بە تاوان و دەبوایە چاوەڕوانی سزام بکردایە. ئەو ڕۆژە بیرمکردەوە لە شوێنی کارەکەمدا خۆم هەڵبواسم، لێ دەمویست هەرچیی میدیای ئەو نیشتیمانەیە لە خۆمی کۆبکەمەوە و پێیان بڵێم هۆکاری یەکەم و دواهەمیینی ئەم خۆکووشتنەی من ئەم مرۆڤە بەدفەساڵ و نەزانانەن، ئەمانەن ژیان پڕ دەکەن لە دڕکی زەبەلاح، کە بەهۆیەوە ڕۆحمان زامدار دەبێت. کاتێک گەیشتمە شوێنی کارەکەم، ئەو هەورە تەڵخەم لێدوورکەوتەوە و ئەو ڕۆژە هیچ ڕووی نەدا. هەنووکە تەندروستییم باشە، دەتوانم بڵێم زۆریش باشم، تاکە هەڵەیەک، کە هەم بێت،

ئەوەیە، کە بەردەوام بیر لە کریکاریک دەکەمەوە، کە زۆر ئازاری دابووم، ئیدی نازانم بۆچیی بیری لێدەکەمەوە؟! هەندێکجار دەڵێم: لەوانەیە لەنائاگاییدا حەز بە ئازاردانی ئەو کرێکارە بکەم یان تۆڵەی لێبکەمەوە وەک کەسێک، کە ببووە هۆی سووتاندنی من. لەوانەشە بکووژێک لەناخمدا خەوتبێت و چاوەڕوانی ئەوە بکات من هەڵیبستێنم لە خەو. بکووژێک، کە بیەوێت لە ڕێگای کووشتنی ئەو کرێکارەوە من ئاسوودە بکات. ئەمە کێشەی ئێستای منە، کە دەبێت بە زووترین کات چارەسەری بکەم. خۆشبەختییەک لەم بەدبەختییەی ئێستای مندا ئەوەیە، کە من نیشتیمانم بەجێهێشتووە، دەنا لەوانەیە ئەگەر لەوێ بوومایە و دەستم بگەیشتایە بەو کرێکارە، ئەوا ئەم بکووژەی ناخم لە خەو هەڵدەستاند و تاوانێکم دەکرد. لە نامەی ئایندەدا پێتڕادەگەیەنم، ئاخۆ سەرکەوتووم بەسەر ئەم کێشەیەدا یان ئەو سەرکەوتووە بەسەر مندا. بەڵام سەرقاڵییم بە سەفەرێکەوە لەو باوەڕدام ڕێگا بەم هەستە نێگەتیڤە نادات کاتی تێدا خەرج بکەم، هەربۆیە هیوام وەهایە، کە نەبوونی ئەم کاتەش بۆ ئەم هەستە ببێتە هۆی تۆراندنی لێم و بۆ هەتا هەتایە جێم بهێڵێت.

ئیدی هیوام خۆشییتە هاوڕێی بە ئەمەکم

هاوڕێت
لاس
28.07.1994

**لە نزیک ئاویارەوە نزیکەی چەند خولەکێک دەبێت کچێکی گەنجی جوانکیلە، باریک وەک ڕێواس، بە پرچێکی ڕەشی درێژەوە تەماشای ئاویار دەکات. کامێرایەکی بەدەستەوەیە و چەند هەنگاوێک دێتەپێشەوە و دەڵێ: ببوورە بەڕێز، لێ بۆم هەیە وێنەیەکت بگرم؟ ئاویار تەماشایەکی کچەکە دەکات و دەڵێ: ئەگەر وێنەکەی من ئاسوودەت دەکات بۆچیی نا، فەرموو. کچەکە دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: من ناوم (شەم)ە، و تەمەنم هەژدە ساڵە و خوێندکاری شەشی ئەدەبییم. لەپاڵ خوێندنەکەمدا کاری ڕۆژنامەوانیی دەکەم و ئەندامم لە تیپێکی شانۆی ئەم شارەدا، باشتر بڵێم، لە قووتابخانەکەماندا تیپێکی شانۆمان هەیە و منیش لەگەڵیان کاردەکەم، تیپەکەشمان تیپێکی سەرکەوتووە و ساڵانە بەشداریی لە چەند پێشبڕکێیەکی شانۆییدا دەکەین. هەفتەی ئایندە پێشبڕکێکە دەستپێدەکات، مەرجی ئەم پێشبڕکێیە بریتییە لەوەی، کە شانۆکە نابێت لە سێ ئەکتەر زیاتر ڕۆڵی تێدا ببینێت و شانۆکەش دەبێت هەڵگری هزرێکی ئەدەبیی و فەلسەفیی بێت. ئاویار بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: واو، منیش ناوم ئاویارە و تەمەنم بیست و شەش**

ساڵە. پیشەم گرنگ نییە، من زۆرتر لەژێر ئەم پردەدا دەژییم، لێ بڵێی وێنەکەی من یارمەتییدەرت بێت لەو پێشبڕکێیەدا؟ کچەکە بە پێکەنینەوە دەڵێ: نا، من وێنەکەتم بۆ شتی تر دەوێت، بۆ نموونە ئەگەر بمەوێت لە ڕۆژنامەیەکدا لەسەر گەنجێکی کەنارگیربنووسم، ئەوا تۆ ئیدیالترین نموونەی گەنجی ئەم شارەیت. ئاویار وەکئەوەی ئارەزووی زانینی هەبێت دەڵێ: ئەی چیت بۆ شانۆکەت ئامادە کردووە؟ شەم دەڵێ: دایک و باوکێک و کچەکەیان، کچەکە دەیەوێت سەفەر بکات دایک و باوکی ناهێڵن. ئەم کێشانە زۆرن لەناو ئێمەدا بۆیە، بیرم لێکردەوە، کە ئەم باسە دەشێت سەرکەوتنمان بۆ بەدەست بهێنێت. شەم تەماشای لاپەڕەکانی دەستی ئاویار دەکات و دەڵێ: ئەوە چییە دەیخوێنیتەوە؟ ئاویار تەماشایەکی لاپەڕەکان دەکات و دەڵێ: نامەی هاوڕێیەکی خۆشەویستمە لە تاراوگە نووسیوویەتی بۆم. شەم بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: هەندەران هیوا و ئاواتی هەمووومان، ئینجا دەڵێ: لێ پێناچێت نامەیەکی ئاسایی بێت. ئاویار دەڵێ: لە ڕاستیدا دروست نییە من ئەم چەند لاپەڕەیە ناوبنێم نامە. شەم دەڵێ: بۆچیی؟ ئاویار دەڵێ: چونکە ئەمە شاعیرێک نووسیوویەتی، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەستی مەرگ هەڵهاتووە. شەم دەڵێ: لەم ڕۆژگارەدا مەرگ لەبەردەم ماڵی هەموو گەنجێکدا ڕاوەستاوە. ئاویار دەڵێ: لێ ئەو مەرگەی تۆ باسی دەکەیت، مەرگی شەڕێکە، کە پارتەکان ناویانەتەوە و بە گەنجانی ئەم نیشتیمانەی دەکەن، لێ ئەو مەرگەی هاوڕێکەم لە دەستی هەڵهات مەرگێکی خۆویست بوو. شەم دەڵێ: یانی هاوڕێکەت دەیویست خۆی بکووژێت؟ ئاویار سەرێکی بەڵێی بۆ دادەنەوێنێت. شەم دەڵێ: شاعیران زۆر بیر لە مردن دەکەنەوە، ئەوان هەستناسکترین مرۆڤن. ئەی چیی بۆ نووسیوویت؟ ئاویار دەڵێ: هاوڕێکەم لەم نامەیەدا وەک پسیشۆلۆگێک دێتەبەرچاوم نەک وەک شاعیرێک، باس لە گرفتە دەروونییەکانی خۆی دەکات. شەم ئەمجارە دەچێتە سنووری قسەکردنێکی ترەوە و دەڵێ: تۆ هاوڕێکەت شاعیرە و نامەیەکی ئاوهای بۆ نووسیوویت، لانیکەم تۆش شاعیریت، دەنا ئەو ئامادە نەدەبوو بەوشێوەیە بۆت بنووسێت. ئاویار سەرێکی بەڵێ دادەنەوێنێت و دەڵێ: وایە، لێ وەک پێمگووتیت: من لەژێر ئەم پردەدا دەژیم. شەم وەکئەوەی گوێ لە ئاویار نەگرێت دەڵێ: من ئێستا دەبێت بڕۆم کاتم کەم ماوە، لێ سبەینێ ئەم کاتانە دێمەوە لات (بەدەم قسەکردنەوە وێنەیەکی ئاویار دەگرێت). بەهیوام هەتا سبەینێ شانۆیەکم بۆ بنووسیت، کە بتوانێت لانیکەم ئەگەر کێشەم بۆ دروست نەکات سەرکەوتنم بۆ بەدەستبهێنێت. شەم تەقەیەکی تر لەگەڵ ئاویار دەکات و دەڕوات. ئاویار هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: هەتا سبەینێ ئەم کاتانە، شانۆیەکت بۆ بنووسم، سەرکەوتنت بۆ بەدەستبهێنێت نەک تووشی گرفتت بکات. ئینجا دەڵێ: هیچ سەرکەوتنێک بەبێ گرفت نابێت. هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڕوات لەچاو وندەبێت.

شەوانە هیچ گۆشەیەکی ئەم ناو بازاڕە بە بەتاڵیی نابینرێت، لە بن هەر سەقفێکدا لانیکەم مرۆڤێک لەسەر پارچە مقەبایەک ڕاکشاوە. هەندێک لەم مرۆڤانە جارناجارێک

بەختیان یار دەبێت و دەرگای مزگەوتێکیان لێدەکرێتەوە بۆئەوەی ڕۆژی تێدابکەنەوە. ئەم مرۆڤانە وەک مرۆڤەکانی ئەوروپا بەرنەفرەتی سیستێمێکی سەرمایەداریی نەکەوتوون هەتا بێلانە و بێکار بن، بەڵکوو ئەمانە بە نەفرەتی سیاسەتێک فڕێدراونەتە سەر شەقامەکان. ئەوانەی پێیانوابوو شۆڕشێکیان بەسەر ئەو سیاسەتەدا کردووە، ژمارەی مرۆڤە بێ لانەکانیان زیادکردووە کەمتریان نەکردووە.

دەمەوئێوارە ئەنوا شەکەت و ماندوو، سەرتاپای خۆڵ و گەچ و چیمەنتۆیە خۆی دەکات بە مزگەوتی گەورەدا، لەبەردەمی حەوزە گەورەکەدا دادەنیشێت و دەستدەکات بە شووشتنی دەست و دەموچاوی. لەگەڵ هەڵدانی هەر شڵپێکدا بۆ دەمووچاوی هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و لەبەرخۆیەوە پرتە و بۆڵەیەکی لێدەردەچێت. پیرەمێردێک لەولای ئەنواوە دەنگی لێبەرزدەبێتەوە و دەڵێ: کوڕم هیچ شەرمی ناوێت دەنگت بەرز بکەرەوە و دوعای خۆت بخوێنە، تۆ لە ماڵی خودادایت. ئەنوا بە ورەیەکی کەمەوە تەماشای پیرەمێردەکە دەکات و دەڵێ: مامە گیان شەرم ناکەم. پیرەمێردەکە قسەکەی پێدەبڕێت و دەڵێ: ئەی بۆچیی دەنگ بەرزناکەیتەوە؟ ئەنوا دەڵێ: من هەمیشە لەبەرخۆمەوە جنێودەدەم و تووڕەدەبم. پیرەمێردەکە ڕەنگی تێکدەچێت و دەڵێ: لە ماڵی خودادا جنێودان و تووڕەبوون قەدەغەیە. ئێرە جێگای چەرچیی و مەرچیی و سەرسەرییان نییە، ئێرە جێگای لە خودا ترسانە. ئەنوا دەڵێ: من نە چەرچییم نە سەرسەریی، من کرێکارم. پاشان بۆچیی دەبێت لە خودا بترسم؟ مرۆڤ خودایەکی بۆچییە، کە لێی بترسێت؟ مرۆڤ خودایەکی دەوێت لەگەڵیدا پێبکەنێت و کەی پێویستی بوو ئامادەبێت بۆ یارمەتییدانی. ئەو کاتەی ئێمە پێویستمان بەو بوو، ئامادە نەبوو بێت، کە ئەو لەو ناخۆشییەدا بەتەنگ ئێمەوە نەهات بۆچیی دەبێت من لە ساتەوەختێکی ئاوهادا بیر لەو بکەمەوە؟ پیرەمێردەکە دەستدەکات بە دەنگ بەرزکردنەوە و دەڵێ: هەستە بڕۆ دەرەوە ئێرە جێگای تۆ نییە. ئەنوا دەڵێ: لێمگەڕێ با دەست و دەمووچاوم بشۆم ئەوسا دەڕۆم. پیرەمێردەکە دەستی ئەنوا دەگرێت و بەرزی دەکاتەوە و دەڵێ: بڕۆ لە ماڵی خۆتاندا دەست و دەمووچاوت بشۆ. ئەنوا دەڵێ: ماڵم نییە، تکایە لێمگەڕێ. پیرەمێردەکە بە دەنگێکی بڵندتر دەڵێ: سەمەرە نییە دایک و باوکت دەریانکردوویت، کوڕێکی وەک تۆ بەس شیاوی دەرکردنە. ورده ورده خەڵکی حەوشەی مزگەوتەکە لە ئەنوا و پیرەمێردەکە نزیکدەبنەوە، هەریەکە و لە جێگای خۆیەوە دەڵێ: ئەوە چییە، چیی ڕوویداوە؟ پیرەمێردەکە بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: ئاخر بۆیە خوا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ غەزەبمان لێدەگرێت خاوەنی ئەمجۆرە گەنجانەین. دایک و باوکی باش نەوەی باش و لەخواترس دەخەنەوە و دایک و باوکی خراپیش نەوەی خراپ و کافر دەخەنەوە. ئەنوا هەستدەکات دەوری قەرەباڵغبووە، بەناچاریی هەڵدەستێت و بە پیرەمێردەکە دەڵێ: دایک و باوکم خراپ نەبوون، ئەگەر خراپ بوونایە وەک تۆ لە ژیاندا دەمان. بەبێئەوەی هیچی تر بڵێت بەناو خەڵکەکەدا تێدەپەڕێت و دەڕواتە دەرەوە. لەبەردەمی مزگەوتی گەورەدا لەسەر عەرەبانەیەک دوو سەموون دەکڕێت و بە وشکیی

دەیخوات. چاو بە جادەکاندا دەخشێنێت و بۆ مقەبایەکی باش دەگەڕێت، کە شەو لەسەری بخەوێت. دەگاتە بەردەمی شەربەت فرۆشێک، بیر لە پارەکەی گیرفانی دەکاتەوە و تەماشای شەربەتەکەش دەکات، لە دڵی خۆیدا دەڵێ: دەبێت مرۆڤ بە پارەی کرێکاریی چاوەڕوانیی چییبکات؟ داوای شەربەتێکی مێووژ دەکات، بەیەکجار هەمووی فڕدەکات، پارەکەی دەدات و دەڕوات. لە تەنیشت دووکانێکەوە کارتۆنێکی گەورە دەدۆزێتەوە هەڵیدەگرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ لای مزگەوتی گەورە. خۆر هەتا بێت زیاتر لە کەلەپۆ نزیکدەبێتەوە. لە پشتەوە بەدیووی ژێرپردەکەدا لەبن دیواری مزگەوتی گەورەدا مقەباکەی ڕادەخات و لەسەری ڕادەکشێت. ئەنوا وەکوو منداڵێک خۆی گرمۆڵە دەکات و هەرئەوەندەی دەستی خستە ژێر ڕوومەتەکانیەوە خەوی لێدەکەوێت.

هێشتا خۆر بە تەواوەتیی ئاوانەبووە، دوا دەستی زەردی خۆر هێشتا بەسەر ڕووخساری سلێمانییەوەیە. بازاڕ لەسەرخۆ بە ڕیتم و ڕیتوالێکی نەگۆڕی ژیانی ئەم شارەوە بەرەو چۆڵبوون دەچێت. ئاویار بە خۆی و مقەبایەکەوە بە بەردەمی مزگەوتی گەورەدا تێدەپەڕێت و بۆ جێگایەک دەگەڕێت شەوی تێدا بەسەربەرێت. لە دوورەوە دەبینێت، کەسێک لەسەر مقەبایەک ڕاکشاوە و ڕادەتڵەکێت، سەرەتا بە دیاردەیەکی ڕۆتینی ژیانی ئەم شارەی دەزانێت، لێ کاتێک لە مرۆڤەکە نزیکتر دەبێتەوە دەبینێت خوێن لە دەمیەوە دێتەدەرەوە، ئینجا پەرۆشییەک بۆ ئەو کەسە دایدەگرێت و بەخێرایی بۆلای دەڕوات، تەماشادەکات گەنجێکە بە جلی تۆزاویی و گەچاوییەوە بە لەرزێکی توندەوە وەکئەوەی کارەبا لێیدابێت دەلەرێتەوە و خوێن لە دەمیەوە دێتەدەرەوە. ڕووخساری یەکپارچە شەلاڵی ئاوە، دەڵێی تایەکی کووشندەی گرتووە. سەرەتا ئاویار تووشی شۆک دەبێت و نازانێت چلۆن ڕەفتار لەگەڵ نەخۆشێکی ئاوهادا بکات. ئینجا دادەنەوێتەوە و دەڵێ: بەڕێز، کاکە گیان چیتانە؟ ئەنوا خۆی ڕادەتڵەکێنێت و خوێنێکی زۆرتر لە دەمیەوە دەردەپەڕێنێتە دەرەوە. ئاویار هەر نازانێت چییبکات، تەماشای دەوری خۆی دەکات قووتوویەکی شیری نیدۆی پێنج کیلۆیی دەبینێت پڕی پێدادەکات و ڕادەکات بۆ مزگەوتی گەورە لە حەوزە گەورەکە پڕی دەکات لە ئاو و دێتەوە بۆ لای ئەنوا، بە دەستێکی نێوچەوانی توند دەگرێت و بە دەستەکەی تریشی دەمووچاوی ئەنوای پێدەشوات. بە ترسێکی زۆرەوە ئاویار بەردەوام لەبەرخۆیەوە دەڵێ: چییبکەم؟ من دکتۆر نیم، من چووزانم ئەم گەنجە چ دەردێکێتی! ئەنوا بە کۆکەیەکی درێژی تیژەوە ئەمجارەیان لەگەڵ خوێندا چەند تۆپەڵە شتێک فڕێدەداتە دەرەوە، ئاویار بە قێزێکەوە تەماشای دەکات و دەڵێ: ئەمە چییە؟ خوێنی وشکبۆوەیە یان پارچە گۆشت؟ بەردەمی ئەنوا تەواو بە خوێن سووربووە، ئاویار دەڵێ: دەڵێی بەرخێکیان لەبەرپێیدا سەربڕیووە، دەست دەخاتە بن باڵی و ڕایدەکێشێتە ئەولاوە، سەری بەلادا شۆڕدەکاتەوە و بە دەستێک سەری دەگرێت و قاچیشی لە شانی توند دەکات هەتا نەکەوێت، بە دەستەکەی تریشی قووتووە ئاوەکە دەکات بە سەر و دەموچاویدا. لەناکاودا مەلایەک و چەند پۆلیسێک لەبەردەمیاندا

قووتدەبنەوە مەلاکە دەست بۆ خوێنەکە درێژ دەکات و دەڵێ: خودا ئەمەی پێخۆش نییە، هەموو ئێوارانێک، ئا ئەمانە بەردەمی دەرگای پێ پیس بکەن، مەگەر بەس خودا خۆی بزانێت ئەمانە بە ڕۆژ چیی دەرد دەکەن وا ئێواران بە ڕشانەوە و خوێن فڕێیدەدەنەوە. پۆلیسێکیان شەقێک لەبن قوونی ئەنوا هەڵدەدات. ئەنوا هەتا هێزی تێدا بێت هاوارێک دەکات و دەڵێ: لێممەدەن جەستەم بەرگەی لێدان ناگرێت. پۆلیسەکەی تریان لەقەیەک دەکێشێت بە شانیدا و دەیدات بە دیوارەکەدا و دەڵێ: بەڵام بەرگەی ئەو هەموو زەقنەبووتە دەگریت بیکەیت بە قورگتدا. ئاویار لە پۆلیسەکان دێتە پێشەوە و دەڵێ: تکایە وازی لێبهێنن، ئێمە نازانین ئەم کوڕە چییەتی، لەوانەیە نەخۆشییەکی کووشندەی هەبێت. پۆلیسەکە دەڵێ: دەمتدابخە تۆش یەکێکیت وەک ئەمانە مەگەر تۆشمان دەیان شەو لە بن دیواری دوکانەکاندا دەرنەکردبێت، وەرن پێشمانبکەون. ئاویار دەڵێ: بۆ کوێ پێشتان بکەوین کاکە گیان چیمان کردووە؟ ئەنوا لە جێگای خۆی توانای بەرزبوونەوەی نییە، لێ ئەوەندەی شەق تێهەڵدەدەن لەتاو ئازاری گیانی هەڵدەستێتە سەرپێ و پێشیان دەکەوێت. لەبەردەمی مزگەوتی گەورەدا پیکئابێکی پۆلیس ڕاوەستاوە دەیانخەنە پشتەکەیەوە. ئەنوا دەستدەکات بە گریان و تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ: هەرئەوەندەی گەیشتمە لات کارێکت پێدەکەم با بە دەواری شڕی نەکردبێت. پۆلیسەکان لێدەخوڕن و دەیانبەن بۆ ئاسایش. لەوێ ئەنوا و ئاویار دادەگرن و دەیانبەن بۆ ژووری بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانیی. پۆلیسەکە قاچێک دەدات بە زەوییدا و سڵاوێک دەکات و دەڵێ: گەورەم ئەمانە بە ڕۆژ دەخۆنەوە و ئێوارانیش لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا دەڕشێنەوە و دیوارەکانی مزگەوتی گەورە پیسدەکەن، شەویش لەبەردەم مزگەوتەکەدا لەسەر مقەبا دەنوون، ئەم دیاردەیە ڕووخساری شارە جوانەکەمان ناشریین دەکات. بەڕێوەبەر هەڵدەستێتە سەرپێ و تەماشایەکی ئەنوا دەکات، جلە شڕەکانی پڕ تۆز و خۆڵ و گەچە، بەشێکی تریشی بە خوێن سوور بووە. پاشان بە سەرنجێکەوە دەڵێ: ناوت چییە؟ ئەنوا دەڵێ: ئەنوا ڕێبوار. خەڵکیی کوێیت؟ هەڵەبجە؟ تەمەنت چەندە؟ هەژدە ساڵ. چییدەکەیت لە سلێمانیی؟ کار. کاری چیی؟ کرێکاری بینام.ماڵتان لە کوێیە؟ ماڵم نییە. چلۆن ماڵت نییە؟ ئەی ماڵی دایک و باوکت؟ دایک و باوکیشم نییە. بەڕێوەبەرەکە هەم بە سەرسووڕمانەوە هەمیش بە تووڕەبوونەوە دەڵێ: ئەی خۆ لە کوونە دیوار نەهاتوویتەدەرەوە. ئەنوا بە گریانێکەوە دەڵێ: خۆزیا وابوایە. لە کارەساتی هەڵەبجەدا 16.03.1988 وەک زۆریینەی هاووڵاتییانی شارۆچکەی هەڵەبجە ئێمەش بەرکەوتین، دایک و باوکم، خوشک و برایەکم دەستبەجێ مردن، برایەکی ترم هەتا ئێستا سۆراغی نییە، خۆشم گەیشتمە ئێران لەوێ ماوەیەک تیمارپانکردم پاشان ناردیانم بۆ ئۆردوگایەکی زۆرەملێیی، لەوێ بڕیاربوو لە ڕێگای یووئێنەوە بماننێرن بۆ ئەوروپا بۆ چارەسەر، لێ هەتا ڕاپەڕیینەکەی بەهاری نەوەت و یەک چاوەڕوانییمان بەرهەمی نەبوو. من گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە، لێ هەڵەبجە ژیانی تێدا نەبوو، هاتمە سلێمانیی ئیدی لەوساوە لێرەم، لێ بەبێئەوەی شوێنێکی خەوتنم هەبێت. ماوەیەک لە حامیە، لە حەسیب ساڵح ژیام، لێ لەوێش دەریانکردین.

ئیدی بە ناچاریی لەوساوە هەرجارەی لە شوێنێک دەژییم. سەردانی چەند دکتۆرێکم کردووە، بەو پارانەی بە کرێکاریی دەستمکەوتووە هەتا ئێستا چەندیینجار خۆم نەشتەرگەرییکردووە، لێ دکتۆرەکان دەڵێن: زانستێکی وەها شکنابەین توانای بەسەر نەخۆشییەکەی تۆدا بێت. ئەو ژەهرەی کرا بە هەڵەبجەدا منی لەناوەوە هەپروون بە هەپروون کردووە، هەربۆیە بەرگەی زڵلەیەک ناگرم، کاتێک شەقێکم تێهەڵدەدرێت وەک ئەوە وەهایە ئەم بینایەم بەسەردا بڕووخێنیت، پۆلیسەکانی ئێوە هەموو ڕۆژ بە شەقەکانیان هەرچیی باڵەخانەی ئەم شارەیە بەسەرمدا دەیڕووخێنن. من قوربانییەکی کارەساتی هەڵەبجەم هەموو ڕۆژێکم مەرگێکە، ئەو هەڵەبجەیەی، کە لە هەموو شانزدەی سێیەکدا یەکجار بیرتانە و هەموو ڕۆژێکیش بە شەق قوربانییەکی ئەو شارە لەبەردەم مزگەوتی گەورەوە دەبەن بۆ بنکەکانی ئاسایش و پۆلیس. من لە خۆشییاندا خوێن لە دەممەوە نادێتەدەرەوە من هەناوم هەنجن هەنجن بووە بە ژەهر، من مرۆڤێک نیم ڕۆژانەم بە ئارەق و بیرە بەسەربەرم و شەوانەشم بە ڕشانەوە. بەڕێوەبەرەکە هیچ شتێکی بۆ ناگووترێت بەدەرلەوەی هەوڵی ڕاکردن بدات لە ڕاستیی. بە پۆلیسەکە دەڵێ: هەردووکیان بەرە بۆ نەخۆشخانەی سلێمانیی با تیماریان بکەن. پۆلیسەکە قاچێک دەدات بە زەوییدا و سڵاوێک دەکات و ئاویار و ئەنوا لەگەڵ خۆیدا دەبات و دەڕۆنە دەرەوە. لەبەردەمی دەزگای ئاسایشدا، ئەنوا دەڵێ: خەستەخانەم ناوێت لێمگەڕێ تکایە. ئاویار دەڵێ: لە منیش بگەڕێ تکایە. ئەنوا و ئاویار بە تەنیشت یەکەوە بەرەو تووی مەلیک سەر دەکەون. ئەنوا لە نیوەی ڕێگادا بە ئاویار دەڵێ: بۆ کوێ دەچیین؟ ئاویار دەڵێ: بۆ ماڵی ئێمە. ئەنوا دەڵێ: ماڵتان هەیە؟ ئاویار دەڵێ: بەڵێ، لێ دەمێکە نەچوومەتەوە بۆ ماڵەوە، ئیمشەو بەهۆی تۆوە دەچمەوە بۆ ماڵەوە. ئەنوا دەڵێ: باشە بۆ بەڕێوەبەری ئاسایش هیچی لە تۆ نەپرسیی و وتی بیانبە بۆ خەستەخانەی سلێمانیی، کێ دەڵێ تۆ نەخۆشیت؟ ئاویار دەڵێ: ئەو بەڕێوەبەرە تەنها دەیویست هەتا زووە لەدەست فاکت هەڵبێت، ئاخر ئەوانە بەرگەی ڕاستیی ناگرن. بێدەنگییەک دەکەوێتە نێوانیانەوە، شار وردە وردە تارییک دەبێت، لە پشتەوە جەستەیان هەتا بێت بچووکتر و تارییکتر دەبێت لەناکاوێکدا دیارنامێنن و تەنها تارییکیی دوای ئێوارە دەمێنێتەوە.

شار تارییکە بەدەر لە لۆکز و چرای هەندێک ماڵ لە هیچ شوێنێکی ترەوە ڕووناکیی بەدی ناکرێت، ئاویار لەبەر دەرگای ماڵی خۆیاندا ڕاوەستاوە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت، تەماشایەکی ئەنوا دەکات و دەڵێ: چییان پێبڵێم؟ بڵێم لە کوێ بووم؟ ئەنوا دەڵێ: سەرەتا لە دەرگا بدە، کاتێک دێن دەیکەنەوە و ڕوویان دەبێت بە ڕووتەوە ئەوکاتە بیر لە وەڵامێک بکەرەوە. ئاویار چەند جارێک لەسەریەک لە دەرگا دەدات. پاش چەند چرکەیەک دەنگێک بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: کێ لە دەرگا دەدات؟ ئاویار دەڵێ: منم سارە گیان ئاویار بیکەرەوە. ئاویار بە ئەنوا دەڵێ: ئەوە خوشکە بچکۆلانەکەمە سارە، خۆشەویستی ماڵەوەیە، وەک بەرەبەیانیش هەم جوانە هەم پڕ هێمنیی و هیوایە بۆ دەستپێکردنی

ڕۆژێکی نوێ. لەم دیوەوە گوێیان لە هاواری سارەیە، کە دەڵێ: دایە ئاویارە، ئاویار هاتۆتەوە. ئیدی لەناکاوێکدا ئەستێرەی دایکی و شارانی خوشکی پێکەوە دەگەنە ناودەرگاکە، ئەستێرە یەکەمجار باوەش بە ئاویاردا دەکات و بە گریان و نوزەوە بۆ ماوەیەک بە خۆیەوە دەنووسێنێت و ئەملاوئەولای ماچدەکات و بەردەوام دەڵێ: ئەوە بۆ واتلێکردین کوڕە جوانەکەم، دۆست و دوژمنت پێخۆشکردین، ڕۆژ نەما نەیەنە بەردەرگای ماڵمان و نەڵێن: ئیمڕۆ ئاویارمان بینی، نەڵێن: دوێنێ شەو ئاویار لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا ڕاکشا بوو. سارە باوەش بە ئاویاردا دەکات و ئەملاوئەولای ماچدەکات و دەڵێ: شێتە گیان بەخێربێیتەوە. شاران باوەشی پێدادەکات و بەخێرهاتنەوەی دەکات. ڕندی برا گەورەی و ڕەوەندی برا ناوەنجییەکەی دێن، باوەشی پێدادەکەن و بەخێرهاتنەوەی دەکەن. هەژاری باوکی دێت باوەشی پێدادەکات و بەخێرهاتنەوەی دەکات و دەڵێ: کوڕم هەرچەندە زووخاوی دونیات کردە دڵمانەوە، بەڵام خۆشحاڵم بەوەی، کە هاتیتەوە. ئاویار خوشک و براکانی بە ئەنوا دەناسێنێت و بە دایک و باوکی دەڵێ: ئەم گەنجەش ناوی ئەنوایە، بەڵام بێ نەوایە، هەڵەبجەیییە و یەکێکە لە قوربانییەکانی کارەساتی هەڵەبجە. دایک و باوک و خوشک و براکانی هەموویان لە کارەساتەکەدا تێداچوون، ئەم بەتەنیا ماوەتەوە. ڕۆژانە کرێکاریی دەکات و شەوانەش لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا دەخەوێت. ئیمشەو مەلا و مجەورەکانی مزگەوتی گەورە پۆلیسیان بۆ هێنا و لەبەردەم مزگەوتی گەورە چ شەقیان تێهەڵدا چ دەریانکرد و گرتیشیان، لێ دوایی لە ئاسایش ئازادیانکرد. ئەستێرە هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: وەی دەستیان بشکێت ئەی ئەو خوێنە چییە بە جلەکانتەوە ڕۆڵە گیان. ئاویار دەڵێ: دایە گیان، وەک وتم ئەنوا قوربانیی ژەهراوییکردنی هەڵەبجەیە، کیمیاوییەکە ناوەوەی ئەنوای وێرانکردووە، بۆیە زۆرجار خوێن لە دەمییەوە دێتەدەرەوە، چەندیینجار نەشتەرگەریی کراوە، دوێنێ شەویش، کاتێک دەچووم لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا بنووم بینیم گەنجێک لەسەر مقەبایەک ڕاکشاوە و وەکئەوەی کارەبا گرتبێتی ڕادەتڵەکێت و خوێن لە دەمیەوە دێتەدەرەوە، منیش نەمدەزانی چلۆن یارمەتیی بدەم، چونکە نەمدەزانی چییەتی. هەژاری باوکی دەڵێ: با بڕۆینە ژوورەوە لەناو ئەم دەرگایەدا ڕانەوەستین. بەردەرگا چۆڵ دەکەن، سارە دەرگای حەوشە دادەخاتەوە و هەموویان لە هۆڵی دانیشتن دادەنیشن و ئەستێرە لۆکزێک لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا دادەنێت و دەستدەکەن بە قسەکردن. ئاویار دەڵێ: بەدەرلەوەی هەر گلەیییەکم لێ بکەن یان تاوانبارم بکەن، پێویستە بڵێم: خۆشحاڵم، کە ئیمشەو لەناو ئێوەدام، دەبێت بشڵێم: سووپاس بۆ ئەنوا، کە بووە هۆی ئەوەی ئەم بڕیارەم پێبدات. ئەنوا دەڵێ: من هیچم نەکردووە، نەشمزانیوە ماڵتان لە سلێمانییە. ئاویار دەڵێ: بەڵام بینینی تۆ و ئەوەی لەبەرچاوی مندا بەسەرتدا هات بووە هۆی ئەوەی، کە من بیربکەمەوە و بڕیاری گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە بدەم. ئەستێرەی دایکی دەڵێ: باشە ڕۆڵە گیان، ئەم بڕیارە چیی بوو دات؟ بۆچیی خەوتنی سەر ئەو جادانە و سواڵی ئەو سەرجادانەت لە ماڵەکەی خۆت پێخۆشتر بوو؟ ئاویار هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و بە هێمنییەکەوە دەڵێ: ئەگەر لە

نیشتیمانەکەی مندا ماڵێک هەبوایە بۆ ئەو کەسانەی، کە تووشی گیروگرفتی دەروونیی دەبن ئەوا نەدەچوومە سەر ئەو جادانە بەڵکوو دەچوومە ئەو ماڵە. ئەگەر لە نیشتیمانەکەی مندا کلینیکێک هەبوایە دەچووم خۆم تێدا چارەسەر دەکرد، نەک ژێر پردەکە و بەر مزگەوتی گەورە و ئەو جادانەم بکردایە بە ماڵی دەروونشیکاری خۆم. دایە من بێهێز نەبووم، کە ڕۆیشتووم ئەم ماڵەم بەجێهێشتووە، بەڵکوو ئەوپەڕی بەهێزییم بوو، کە ڕۆیشتم، چونکە من تووشی نەخۆشیی سووتان ببووم، سووتانێکی ڕۆحیی. ئەمە نەخۆشییەکی دەروونییە و نامۆیە بە ئێمە، چونکە ئێمە بەهیچ شێوەیەک گرنگییمان بە دەروونناسیی نەداوە. ئەو مرۆڤەی تووشی نەخۆشیی سووتان دەبێت بیر لە خۆکووشتن دەکاتەوە، لێ من نەمویستووە نە تۆ نە باوکم نە خوشک و براکانم تووشی ئەو خەمە بکەم. خۆکووشتنی من تووشی ئازارێکی ڕۆحیی هەمیشەییی دەکردن، لێ ڕۆیشتنی من وێڕای ئازارەکە هیوایەکیشی تێدابووە بۆ گەڕانەوەم، چونکە ئێوە چەندیینجار هاتوونەتەلام لەو سەرجادانە، دوا تکای من ئەوە بوو، کە کەستان نەیەن بۆ لام و ئەگەر منیشتان بینی خۆتانم پیشان مەدەن، من سووپاستان دەکەم، کە ڕێزتان لەو داوایەی من گرت. هەنووکە من هەست بە چاکبوونەوەی خۆم دەکەم، هەست بە بەهێزیی خۆم دەکەم، من لە لوتکەیەوە کەوتمە خوارەوە بۆ ناو دۆڵێک، ئەمێستا لەو دۆڵەوە بە وزە و توانایەکی گەورەوە سەردەکەومە سەرەوە. ئەوەی لە ماوەی رابووردا لەو سەرجادانە تووشم هات زیانیان پێنەگەیاندووم بەڵکوو بەهێزیان کردووم، ئێوە پێویست ناکات شەرم لە خۆتان بکەن، کە کوڕەکەتان ماوەیەکی درێژ لەو سەرجادانە خەوتووە، بەڵکوو دەبێت شانازیی بە خۆتانەوە بکەن و بە خەڵکیی بڵێن: ئەم دەستەڵاتە دەبێت سووپاسی ئاویاری کوڕی ئێمە و ئەنوای هەڵەبجەییی بکات، کە شەقامەکانی کوردستانیان کردووە بە جێگای تیمارکردنی دەردەکانیان، چونکە لەم نیشتیمانەدا ئەوەی نرخی نەبێت مرۆڤە. مرۆڤەکانی ئەم نیشتیمانە دەبێت خۆیان بە تەنگ مرۆڤبوونی خۆیانەوە بچن. دایە گیان بەهای مرۆڤ و ژیان کاتێکە، کە مرۆڤ بتوانێت لە دەرەوەی ژیاندا شوێنێک قووتبکاتەوە، شوێنێک بدۆزێتەوە، مرۆڤ دەبێت ئەو شوێنە باش بناسێت، ئا لەو شوێنەدا مرۆڤ دەبێت دەست لە بەهای ژیان بدات، کە مرۆڤ لەو شوێنە گەڕایەوە ئەوسا تێدەگات ئاخۆ ژیان بەهای هەیە یان نییەتی. من ئیمشەو لەو شوێنەوە گەڕاومەتەوە. هەژاری باوکی دەڵێ: باشە ئاویار کوڕم ئێستا لای تۆ ژیان بەهای هەیە؟ ئاویار دەڵێ: بابە گیان من لەو سەر جادانە فێربوون، کە سروشت شتێکی بە ئێمە نەداوە ناوی بەها بێت، ئەوە مرۆڤ خۆیەتی بەها بە شتەکان دەدات لە ژیاندا، خودی ژیانیش لەسەر دەستی ئێمە بەهای پێدراوە.

هەتا بەرەبەیان لە دوورەوە سووتانی لۆکزەکەی هۆڵی دانیشتنی ماڵی ئاویار دەبینرێت، هەریەکەیان لە جێگای خۆیانەوە بە قوونەوە، بە ڕاکشانەوە خەوی لێکەوتووە. ئاویار لە گۆشەیەکی تری هۆڵەکەدا دانیشتووە و خەریکی نووسینە دواهەمین ڕستەی شانۆنامەیەک دەنووسێت (دەگەنە بەردەمی دارسێوێک، کە لە پێشی پێشەوەی شانۆکەدا

دانراوە، حەوا دەست دەبات بۆ سێوێک لێیدەکاتەوە، ئەیخاتە لەپی دەستیەوە پیشانی ئامادەبوانی دەدات و دەڵێ: ئەم جیهانە وا لەنێو مشتی دەستەڵاتی خۆمدا، ئینجا قاقا پێدەکەنێت و قەپێکی لێدەدات دەیخوات). پێنووسەکەی دادەنێت، دەچێتە گەرماوەکەوە ریشی دەتاشێت و سەکسووکەیەکی باریک دەهێڵێتەوە، دەگەڕێت بۆ فڵچەیەکی ددان شووشتنی بەکارنەهێنراو هیچ نادۆزێتەوە، پەنجەی درێژ دەکات و کەمێک پاستەی ددان شووشتنی دەخاتەسەر و بە پەنجە ددانی دەشوات، خۆی ڕووت دەکاتەوە دەستدەکات بە خۆشووشتن. نزیکەی بیست خولەکێک بە خۆشووشتنەوە خەریکدەبێت، دێتەدەرەوە لە هۆدەی ڕەوەندی برایدا دەگەڕێت بۆ جلکی پاک، دۆڵابەکەی دەکاتەوە کاوبۆیەکی شیینن، تیشێرتێکی سپیی و جووتێ گۆرەویی ڕەش دەردێنیت. خۆی دەگۆڕێت لەبەردەم ئاوێنەی هۆدەکەی ڕەوەنددا کەمێک کۆڵۆنیا دەدات لە ریشی، کەمێک کرێمی پرچ دەخاتە سەر دەستی و لە دەستی دەسوێت و پاشان دەیهێنێت بە پرچە درێژە ڕەشەکەیدا. لە هۆدەکە دێتە دەرەوە دەچێتە هەیوان جووتێ کالەی ئەدیداسی ڕەوەندی برای لەپێ دەکات و دەڕواتە دەرەوە و دەرگای حەوشە دادەخات. کۆڵانەکەیان تێدەپەڕێنێت تارییک و ڕوونە بەرەو بناری گۆیژە دەکەوێتە ڕێگا، بە ڕیتوالێکی شاعیرانەوە ڕێگا دەبڕێت، دەگاتە بناری گۆیژە هەناسەیەک هەڵدەکێشێت تەماشایەکی شاخەکە دەکات، لقێک داری شکاو هەڵدەگرێتەوە و دەیکاتە گۆچانی دەستی، بە شاخەکەدا سەردەکەوێت، بە هەناسە بڕکێیەکەوە لە ناوەڕاستی شاخەکەدا ڕادەوەستێت، دادەنیشێت و لە سلێمانیی دەڕوانێت، ئەو دەمەی خۆر زمانی دەخاتە ناو دەمی شارەوە و پەلاسی نێودەمی ماچدەکات هەناسەیەکی درێژ هەڵدەکێشێت و دەڵێ: بەیانییت باش سلێمانیی، ئەی گوڵی بە خەم ڕەنگ ئەرخەوانیی. ماوەیەک دەمێنێتەوە و پاشان بە هێمنیی لە شاخەکە دادەبەزێتە خوارەوە و دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە، دەگاتە بەردەمی دەرگا و دەبینێت دایک و باوکی لە خەو هەڵستاون، دایکی لە پەنجەرەکەوە دەیبینێت، بزەیەک بە دەمووچاویەوە دیارە و لەبەرخۆشیەوە قسە دەکات، هەژاری باوکی دێتە بەرپەنجەرەکە و تەماشای ئاویار دەکات. دایکی دێت دەرگا لە ئاویار دەکاتەوە و باوەشی پێدا دەکات و دەڵێ: بەیانیت باس کوڕی شیرینم، ئێستا کوڕەکەی جارانیت، سووپاس بۆ خوا، کە تۆی بۆ هێناومەتەوە. ئاویار بە ڕوویەکی خۆشەوە باوەش بە دایکیدا دەکات و بەیانی باشی لێدەکات و دەڕۆنە ژوورەوە.

نزیکی پێش نیوەڕۆ ئاویار دەگەڕێتەوە بۆ ژێر پردەکەی سلێمانیی، لەناو قیرەقیڕی قاز و دەنگی بڵندی قەلەموونەکاندا چاوی بە شەم دەکەوێتەوە، سەرەتا شەم دەبێت ماوەیەک لێی بڕوانێت هەتاوەکوو بیناسێتەوە ئینجا بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: وەختە بوو نەتناسمەوە، ئەوە لەکوێ خۆت شیک کردووە؟ ئاویار بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: دوێنێ شەو چوومەوە ماڵی خۆمان. شەم بە خۆشییەکەوە دەڵێ: واو ئەم بڕیارەت چلۆن دا؟ ئاویار چەند لاپەڕەیەک بۆ بەردەمی شەم بە دەستیەوە درێژ دەکات

و دەڵێ: ئەوە چیرۆکێکی درێژە، هاتم شانۆنامەکەت بدەمێ، ئەم بەرەبەیانە نووسیوومە. شەم لاپەڕەکان لە دەستی وەردەگرێت و تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: ئادەم و حەوا. واو دڵنیام نووسینێکی بەنرخە. ئارەزووت هەیە کەمێک لەگەڵمدا برۆیت، با لەم هەراوهوریای قاز و قەلە ڕزگارمان بێت. ئاویار دەڵێ: بۆچیی نا با برۆین. شەم دەڵێ: ئەگە ئارەزوو بکەیت، ئەوا دەچین بۆ هۆڵی پرۆڤە، ئێستا هاورێکانم لەوێن چاوەڕوانی من دەکەن. ئیدی هەم تۆیان پێدەناسێنم، هەم تێکستەکەشت، بۆشت هەیە لەکاتی پرۆڤەدا تەماشامان بکەیت، ئەگەر ڕەخنەیەک یان بۆچوونێکت هەبێت پێمانبڵێیت. ئاویار سەرێکی ئامادەبوون دادەنەوێنێت و دەڵێ: سووپاس بۆ متمانەت، من پێمخۆشە با برۆین. بە قەرەباڵغیی ناوبازاڕدا تێدەپەڕن و لە چاو ونەبن.

لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانییدا پێشبڕکێی شانۆی لاوان دەستپێکردووە، لە ڕیزی پێشەوە ستافی هەڵسەنگاندن، کە بریتیین لە سێ پیاو دانیشتوون، هەریەکەیان بۆردێکیان لەسەر کۆشیان داناوە و سەرنجەکانی خۆیان لەسەری دەنووسن. تیپی شانۆکان هەڵبژاردەی قووتابخانەکانی ئامادەیین، مەرجی ئەم پێشبڕکێیەش ئەوەیە، کە ماوەی شانۆکە لە بیست و پێنج خولەک تێپەڕ نەکات و ئەکتەرەکانیش لە دوو کەس کەمتر و لە چواریش زیاتر نەبێت. تەماشاکەران بریتیین لە گەنجانی شار زۆرتریینیشیان گەنجانی قووتابخانەکانن، نوێنەری چەند لایەنێکی سیاسیی پارتەکان بانگهێشتکراون و چەند لایەنێکی تریش خۆیان بەبێ بانگکردن هاتوون لەوانە نوێنەری باڵە ئیسلامییەکان. خەڵکانێکی زۆر هاتوون بۆ سەردانی ئەم پێشبڕکێیە، تیپی براوە خەڵاتی چڵەنێرگزی زێڕیین و برێک پارە وەردەگرێت.

شانۆی یەکەم:

(سوکرات)

لە شەقامی ئامۆنیادا سوکرات ڕووی دەبێت بە ڕووی پیاوێکەوە.
پیاوەکە بە ترس و سەرنجێکەوە دەڵێ: تۆ ناشرینترین بێگانەی ئەم خاکەیت، تۆ دێوێکیت هەرچیی خەتا و تاوانەکانی ئەم جیهانەیە لە ناختدایە.
سوکرات بە سادەیی و بێ خۆ تێکدان تەماشایەکی پیاوەکە دەکات و دەڵێ: بەڕێزتان زۆر بە باشیی منتان ناسیوەتەوە. پیاوەکە و سوکرات بە دوو ڕێگای جیاوازدا تێدەپەڕن و لەسەر شانۆ نامێنن. کاتێک دێنەوە سەرشانۆ، شانۆ لە شێوەی دادگایەکدا ڕێکخراوە. دادوەر دەڵێ: پەشیمانبەرەوە لەوەی، کە دەڵێیت خودا نییە، من سزاکەت لە مردنەوە دەگۆڕم بۆ برێک پارە.

سوكرات به سەرنجێكەوە دەڵێ: ترس لە مەرگ تەنها ئەوەیە خۆت بە شتێكی تر و بە باشتر بزانیت. مرۆڤ هۆشیار ئەبێت، بەڵام چاوقاییمییە، كە بزانیت شتێک ئەزانیت، كە كەس نایزانێت. مردن چییە، كە تەنها جارێكیش گەورەترین شت نەبێت لەژێر هەموو شتە باشەكانەوە بۆ مرۆڤایەتیی. بەڵام لێشی ئەترسن وەک ئەوەی زانیبێتیان، كە ناقۆڵاترین شت مردنە.

كەسێک لەناو دادگاكەدا دەڵێ: سوكرات تۆ پزیشكیت، ئەگەر چارەسەری خۆت پێنەكرێت چلۆن چارەسەری ئێمە دەكەیت؟

سوكرات لەبەرخۆیەوە دەڵێ: سوكرات پزیشک نییە، بەڵكوو خودی مەرگ ئالێرەدا پزیشكە، سوكرات تەنها ماوەیەكی درێژ نەخۆش بوو، ئێستا مەرگ وەک پزیشكێک ڕزگاری دەكات. سوكرات پێكە ژەهرەكە وەردەگرێت و دەیخواتەوە، چەند چركەیەک دوای ئەوە كەف لە دەمیەوە دێتەدەرەوە و دەكەوێت بەلادا. پەردەی شانۆ دادەخرێت و پاش چەند چركەیەكی دی گەنجێكی دی پەردەكان لادەبات و ڕوودەكاتە ئامادەبوان و بە دەنگێكی بڵند هاوار دەكات و دەڵێ: سوكرات ویستی بوو بمرێت، ئەوە ئەسینایییەكان نەبوو ژەهریان دەرخواردی سوكرات دا، بەڵكوو ئەسینایییەكان لەژێر فشاری سوكراتدا ناچاربوون سوكرات ژەهرخواردبكەن. گەنجەكە بەدەست پەردەكە لادەبات و دەچێتەوە ئەودیووی پەردەكە. پەردەی شانۆ دەكرێتەوە و هەر سێ گەنجەكە ڕاوەستاون سەری ڕێز بۆ ئامادەبوان دادەنەوێنن و دەڕۆن لەسەر شانۆ نامێنن. ئامادەبوان چەپڵەڕێزانیان دەكەن و ستافی هەڵسێنگەرانیش تێبینیی خۆیان دەنووسن.

شانۆی دووهەم:

(تۆ كێیت)

كچ و كوڕێكی گەنج لە ناوەڕاستی شانۆكەدا ڕاوەستاون. كچەكە بە كوڕەكە دەڵێ: تۆ ڕەسەنیت؟ یان ئەكتەرێكیت؟ تۆ نوێنەریت یان خودی پەیامەكە خۆی؟

كوڕەكە: منگەیەكی لێوەدێت و چیدی نا.

كچەكە دەڵێ: هم، هەر لە سەرەتاوە زانیم، ئەكتەرێكی كۆپییت و چیدی نا.

كوڕەكە دەڵێ: نیگەرانم كردیت؟

كچەكە دەستێک بە پرچیدا دەهێنێت و دەڵێ: من چەند ساڵە دەگەڕێم بۆ مرۆڤێكی ڕەسەن، لێ منی كڵۆڵ بێجگە لە تۆیەكی ئیدیالترین مەیموون هیچی ترم دەستنەكەوت.

كوڕەكە بە تووڕەیییەوە دەڵێ: ئەی تۆ كێیت بۆ منی ئیدیالترین مەیموون؟ ئەو مرۆڤەی، كە تەماشای هەتكردنم دەكەیت یان ئەو مرۆڤەی دەستی هانام بۆ درێژ دەكەیت؟

كچەكە بە حەپەساوییەوە بێجگە لە (هم)ێک هیچی تری لەدەم نایەتە دەرەوە.

کوڕەکە بەجێیدەهێڵێت و لە نیوەی ڕێگا ئاوڕێک بۆ کچەکە دەداتەوە و دەڵێ: مرۆڤ دەبێت بزانێت چییدەوێت من پێموایە، کە تۆ ڕووی خۆت لە منی مەیموون وەردەگێڕیت و دەڕۆیت. کوڕەکە دەڕوات و کچەکەش بە تووڕەییەوە شەقێک لەبەرپێی خۆی دەدات و دەڕوات شانۆ بەجێدەهێڵێت. پەردە دادەدرێتەوە و پاش چەند چرکەیەک پەردە لادەدرێت، کچ و کوڕەکە سەری ڕێز بۆ ئامادەبوان دادەنەوێنن و چەپڵەڕێزان دەکرێن. پەردە دادەخرێتەوە بۆ شانۆی ئاینده.

شانۆی سێهەم:

(ئادەم و حەوا)

تەختەی شانۆ بە شێوەیەکی ئەفسانەیی وەک بەهەشت ڕازێنراوەتەوە، شانۆ بە چەند گڵۆپێکی نۆرماڵ ڕووناکە و هیچجۆرە ڕووناکییەکی تایبەتی تری پێنەبەخشراوە، حەوا لە ناوەڕاستی بەهەشتدا بە ڕووتیی ڕاوەستاوە و لە دەوروبەری خۆی دەڕوانێت. لە پشتەوە لە چڕیی کۆمەڵێک درەختدا حەوا تارماییەک بەدی دەکات و بەرەولای دەچێت، چەند هەنگاوێکی ماوە بگاتە لای درەختەکان لەناکاو دەنگێکی بارییکی ژنانەی بڵند لەپشتی پژوپۆی درەختەکانەوە بڵند دەبێتەوە و دەڵێ: لە جێگای خۆت ڕابوەستە و چیدی مەیە پێشەوە. حەوا بە سەرسامییەکەوە دەڕوانێتە درەختەکان و لە جێگای خۆی ڕادەوەستێت و هیچ ناڵێت. دەنگی پشت درەختەکان دەڵێ: وەک چلۆن لە من گەیشتی چیمگووت: ئاوهاش دەتوانی قسەم لەگەڵ بکەیت، پارچەیەک گۆشتی بزۆک لە دەمتدا هەیە بەهۆیەوە دەتوانیت قسە بکەیت. حەوا بە سەرسامییەکی ترەوە زمانی درێژ دەکاتە دەرەوە وەکئەوەی زمان لە کەسێک دەربهێنێت، ئینجا چەند وشەیەک وەک چەند نۆتەیەکی شکاوی کەمانێک لە دەمیەوە دێنەدەر، کە کەس لێی تێنەگات. دەنگەکە دەڵێ: ئەمجارەش هەوڵبدەرەوە. حەوا ئەمجارەیان وەکئەوەی جادووی لێکرابێت بە ڕەوانیی دەڵێ: تۆ کێیت؟! دەنگەکە دەڵێ: من دروستکەری تۆم، من خودام. حەوا بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: دەزانی من چەند لە مێژە بۆتدەگەڕێم. خودا دەڵێ: دەزانم هەستمپێکردبوویت، بەردەوام کەمئارەزوویت و لە هیچ شوێنێکی ئەم باخەدا جێگا بە خۆت ناگریت و بێتاقەتیت. حەوا دەڵێ: بێتاقەتیی پێناسێکی سادەیە بۆ ئێستای من، تۆ لە بێتاقەتییدا منت دروستکردووە، لێ من توانای چیم هەیە لە بێتاقەتییدا بیکەم؟! خودا دەڵێ: من ئەم هەموو ئاژەڵەم بۆ دروستکردوویت، دەتوانیت کات لەگەڵ ئەواندا بەسەرببەریت. حەوا دەڵێ: من نامەوێت ئاژەڵ بم، من هەستدەکەم شتێکی ترم و جیاوازم لەوان، ئەوان چیدی توانای ڕەوویینەوەی بێتاقەتیی منیان نییە. من ئێستا خاوەنی گەورەترین کێشەم، کێشەی منیش ئەوەیە، کە لەم باخە

گەورە و گران و جوان و پڕ ئاژەڵەدا خەمبارترین و نابەختەوەرترین بوونیەتم. خودا دەڵێ: بۆچیی نابەختەوەر و خەمباریت؟ حەوا بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: چونکە تەنیام. خودا چەند چرکەیەک بێدەنگ دەبێت و پاشان دەڵێ: هم، باشە، من چارەسەرێکم بۆت هەیە، من پیاوێکت بۆ دروستدەکەم، کە هاوشانت بێت. حەوا بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: پیاو چییە خودا؟ خودا بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: پیاو دەعبایەکی بەدە، دەعبایەک بە کۆمەڵێک هەڵەوە، بە ڕەوەیەک کەڕاکتەری خراپەوە. ئەم پیاوە درۆت لەگەڵ دەکات، فێڵت لێدەکات، ناپاکییت لەگەڵ دەکات. ئەم پیاوە بەرانبەرت لوتبەرز و دەستدرێژکەر دەبێت. بەشێوەیەکی گشتیی ژیانت لێ قورس دەکات و تووشی کێشەت دەکات. ئەم پیاوە لە تۆ گەورەتر و خێراتر و بەتواناتر دەبێت، ئەم پیاوە حەز بە کووشتن دەکات و ڕاوکردنی خۆشدەوێت، ئەم پیاوە ناشرینە لە تووڕەبوونییدا ناشرینتر دەبێت. لێ خوام لەو خوایەی، کە سکاڵا لە بەختی خۆت بکەیت، من دەبێت ئەو بەوشێوەیە دروستبکەم، کە جەستەت ئاسوودە بکات. خۆشەویستیترین کاری ئەم پیاوە جەنگ و کووشتن و دەستدرێژیی دەبێت، ئەم پیاوە کاتی بۆ هەموو شتێکی نابەجێ و ناقۆڵا و زەرەرمەند دەبێت بۆ تۆ نەبێت. ئەم پیاوە وەها هۆشیار دروستناکەم، کە ڕێگا بەخۆی بدات گوێ لە ئامۆژگارییەکانی تۆ بگرێت، من ئەو وەها دروستدەکەم، کە تۆ بە بێئەقڵترین ئاژەڵ بزانێت لەم باخەدا. حەوا دەمووچاوی چەندجارێک دێنێت و دەبات، برۆکانی بۆسەرەوە بەرزدەکاتەوە و دایدەگرێتەوە و دەڵێ: شازیی چارەسەرە خودا، لێ کەی ئەم پیاوە ناقۆڵا پڕ بەڵایەم بۆ دروستدەکەیت؟ خودا دەڵێ: دوای ئەوەی جارێک خەوتیت و لەخەو هەڵستایت من لە پەراسوویەکت ئەم پیاوە بەدەت بۆ دروستدەکەم، لێ مەرجێکیشم لەم کارەدا هەیە. حەوا دەڵێ: چییە مەرجەکەت؟ خودا دەڵێ: بیرت نەچێت ئەم درەختەی منی لەژێردا ڕاوەستاوم، بە تۆزقاڵ چییە بۆتان نییە تووخنی بکەون، هەر نزیکبوونەوەیەکتان لێرە تووڕەبوونی منی لێدەکەوێتەوە و سزاتان دەدەم. ئەم پیاوە زۆر لە خۆی ڕازییە و خاوەنی شانازیی و شکۆی خۆیەتی، مەرجی دووهەمیشم ئەوەیە: تۆ دەبێت بەم پیاوە بڵێیت، کە خودا تۆی لەپێشدا دروستکردووە و پاشان منی دروستکردووە. تۆ دەبێت باوەڕ بەو بهێنیت، کە چیرۆکەکە ئاوهایە، هەتا ئاوهاش بنووسرێتەوە، بیریشت نەچێت ئەمە تەنها نهێنی خۆم و خۆت دەبێت و لەنێوانماندا وەک ژن نابێت دەربچێت. حەوا دەڵێ: بەڵێ باشە خودا، بەڵام، بۆچیی لە بێتاقەتیی خۆتدا پیاوێکی ئاوهات بۆ خۆت دروستنەکرد؟ من پێموایە ئەگەر پیاو باش بێت ئەوا تۆ خۆت دانەیەکت دەبوو. خودا بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: هەڵەی من دروستکردنی تۆ بوو، بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیەم ڕاستبکەمەوە دەبێت پیاوێکت بۆ دروستبکەم. حەوا دەڵێ: بەڵام هەڵە بە هەڵە چاکنابێت، بۆچیی نامکووژیت و کۆتایی بەم هەڵەیە ناهێنیت؟ خودا دەڵێ: من ناتوانم بتکووژم، بەڵکوو پێویستە لەسەرم کارت تێدابکەم بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکەم. قورسایی من لەوەدایە، کە نەتکووژم، من هەڵەیەکی تریش دەکەم هەتا هەڵەی یەکەمم ڕاستبکەمەوە. هاوکێشەکە وەهایە، تۆ هەڵەی یەکەممیت و پیاو دووهەم، لێ ئێوە هەردووکتان بۆ

یەکتریی وەک لاستیکی خەت کووژاندنەوە وەهان بۆ من، کە خۆتان خۆتان دەکووژێننەوە و منیش بێتاوان و پیرۆز دەمێنمەوە. حەوا لچەکانی دادەچەقێنێت و دەڵێ: سەیرە من جارێک دەخەوم و بەئاگادێمەوە ئیدی لەسەر دەستی خودایەک، کە خۆی ژنە ژیانم پڕی دەبێت لە جەنگ. خودا بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: بیرت نەچێت ئێمە خاوەنی گرێبەستێکین لەگەڵ یەکتردا تۆ وەها لە پیاوەکە دەگەیەنیت، کە من لەپێشدا ئەوم دروستکردووە، منیش وەها لەو دەگەیەنم، کە من پیاوم، ئیدی ئەویش وەک پیاو باوەڕ بە منی خودا دەکات وەک پیاوێک نەک وەک ژنێک، چونکە ئەگەر پێیبڵێم من ژنم ئەوا نە ستایشم دەکات نە ڕێزیشم لێدەگرێت. ژنبوونی من نهێنیی من و تۆیە، بە مردنی تۆش ئەم نهێنییە بۆ هەتا هەتایە دەسڕدرێتەوە. حەوا بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: بۆ دەبێت بشمرم. خودا بە قاقای پێکەنینەوە دەڵێ: هەموو گیانلەبەرەکان دەمرن من نەبێت، چونکە من خودام، من نەمرم، من دروستکەری ئێوەم. حەوا لەم کاتەدا بیردەکاتەوە و لە خەیاڵی خۆیدا دەڵێ: بەڵام ڕۆژێک دێت نەوەکانی من کچەکانی من دەبنە بکووژی تۆ. تۆ سەنگەری شەڕێکت لەگەڵ مندا لێداوە، کە لەسەرەتاوە تێیدا وەک دۆڕاو کووژراویت. خودا بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ: بیر لە چیی دەکەیتەوە حەوا؟ حەوا قسە دەبزڕکێنێت و دەڵێ: هیچ خودا، تەنها ئەوە نەبێت بڵێم: ئامادەم بنووم هەتا بەئاگا هاتمەوە ئەم پیاوە بەدە ناقۆڵایە ببینم. خودا لە جێگای خۆیەوە بە دەنگێکی نزم دەڵێ: بنوو حەوا بنوو، دەزانم بیرت لە چیی کردۆتەوە، تۆ بەرلەوەی من لێرەدا بکووژیت، من تۆ فڕێدەدەمە دەرەوە. حەوا دەڵێ: وتت چیی خودا تێتنەگەیشتم. خودا دەڵێ: هیچ حەوا بڕۆ بنوو، منیش دەڕۆم. خودا دەڕوات، حەوا دەچێتە چڕیی دارستانەکەوە لە بن دارێکدا ڕادەکشێت و دەنوێت.

ڕووناکیی لە شانۆکە دەبڕدرێت و تارییکیی هۆڵەکە داگیردەکات، دیمەنی باخەکە دەگۆڕدرێت بۆ شوێنێکی تر. حەوا بەپێوە لەژێر درەختی زانستدا ڕاوەستاوە، مارێکی گەورەی سەوز خۆی لە قەدی درەختەکە ئالآندووە و دەڵێ: حەوا من ناوم هێرایە، دەبینم خەمباریت بۆچیی؟ حەوا دەڵێ: بڵێمچیی هێرا، بێتاقەتم. هێرای مار دەڵێ: ئەدی ئادەم ناتوانێت بێتاقەتییت بڕەوێنێتەوە؟ حەوا دەڵێ: سەرەتا زۆر یارمەتییدام، ڕاستتبوێت لەبەر سێکس کاتمان نەبوو بیر لە بێتاقەتیی بکەینەوە، بەڵام ئێستا ئادەم تێربووە لێم و ئارەزووی لێم نەماوە. هێرا دەڵێ: ئەی ئەگەر کەمێک خۆت بە گەڵا داپۆشیت هەتا ئادەم تامەزرۆی بینینی لەشتی هەبێت و ئارەزووی هەڵبستێت؟ حەوا دەڵێ: بۆم نییە، خودا منی بە ڕووتیی دروستکردووە، پێیخۆش نییە خۆم داپۆشم، ئەگەر ئەو ئەمەی بە کارێکی باشبزانییبایە وەک ئاژەڵەکانی تر بە شتێک دایدەپۆشیم. شتێکی تریش زۆر نیگەران و خەمبارم دەکات، خودا ناهێڵێت لەم درەختە نزیکببمەوە و بەرەکەی بخۆم، ئەو خواردنی بەری ئەم درەختەی لێ قەدەغە کردووم. هێرا دەڵێ: دەبێت چ نهێنییەک لە بەری درەختی زانستدا بێت وا خودا لێی قەدەغە کردوون؟ من پێشنیارت بۆ دەکەم، کە بەری ئەم درەختە بخۆیت و تاقییبکەیتەوە. حەوا دەستدەبات بۆ سێوێک و لێیدەکاتەوە و دەیخاتە

چنگیەوە، سێوەکە لەسەر لەپی دەستی دادەنێت و تەماشای دەکات و دەڵێ: ئەم سێوە دەستەڵاتە، دەستەڵاتیش ئێستانێ وەها لە چنگی مندا. حەوا قەپێک لە سێوەکە دەدات و دەیخوات. تامی سێوەکە لە دەمی حەوادا، چێژێکی تازەیە، لەناکاودا بە هێرا دەڵێ: من دەبێت بچم ئادەم بهێنم هەتا ئەویش لەم سێوە بخوات. حەوا ڕادەکات و هێرای ماریش دەستدەکات بە قاقای پێکەنین و دەنگە باریکەکەی خودا لە گەرووی مارەکەوە دێتەدەرەوە، مارەکە دیار نامێنێت و لە پشتی درەختەکەوە خودا دەڵێ: ئەو شەڕەی تۆ لەگەڵ مندا پلانت کرد، من لە دەرەوەی باخەکەمدا لەگەڵتدا دەکەم. پاش کەمێک حەوا ئادەم لەگەڵ خۆی دەهێنێت بۆ لای درەختی زانست، سێوێکی بۆ لێدەکاتەوە و ئەیداتە دەستی، کە بیخوات. ئادەم دەڵێ: بۆمان نییە ئەم کارە بکەین، خودا تووڕە دەبێت. حەوا دەڵێ خودا ئاگای لێ نییە، پاشان خودا یەکەمجار تۆی دروستکردووە تۆی خۆشتر دەوێت لە من، گوێ لە تۆ دەگرێت ئەگەر قسەی لەگەڵ بکەیت دەمانبوورێت. ئادەم گازێک لە سێوەکە دەگرێت و حەواش گەڵایەکی گەورە لێدەکاتەوە و ئەیخاتە بەرداوێنی، ئینجا بە چەند لاسکە گیایەک بە کەمەریەوە گرێیدەدات. ئادەم دەڵێ: ئەوە چییدەکەیت؟ حەوا دەڵێ: تۆ ئەگەر داوێنم کەم ببینیت، هەمیشە ویستت دەبێت بیبینیت، ئەمەش وەهادەکات، کە لەگەڵمدا بخەویت، هەرجارێکیش لەگەڵم دەنوویت بێتاقەتییم دەڕەوێتەوە، ئیدی بیر لە بێتاقەتیی ناکەمەوە بەڵکوو بیر لە شتی تر دەکەمەوە. گەڵایەکی گەورەی تریش بە داوێنی ئادەمەوە دەبەستێت و دەڵێ: ئێستا هەردووکمان ئارەزووی بینینی داوێنی یەکترمان زیاترە. دەستدەکەنە دەستی یەکەوە و دەڕۆنە قوڵایی باخەکەوە. دەنگێکی گەورەی پیاوانە بەرزدەبێتەوە و دەڵێ: ئادەم و حەوا، من ئێوەم بە ڕووتیی دروستکردووە، ئەگەر بە باشمبزانیبایە شتێکتان لەبەردابوایە، خۆم داوێنم دادەپۆشین، نەک ئێوە بە گەڵا دایپۆشن. ئادەم دەڵێ: خودای گەورە حەوا ئەم کارەی کردووە هەتا زیاتر لەگەڵ یەکبخەوین. خودا دەڵێ: ئێوە بەری درەختی زانستتان خواردووە، کە تووڕەییی منی لێدەبێتەوە. ئادەم دەڵێ: خودای گەورە، حەوا پێیکردم. حەوا دەڵێ: هێرای مار پێیکردم. خودا بە تووڕەییەکەوە دەڵێ: ئێوە سەرپێچییتان لە بڕیارەکانی من کردووە، ئیدی لە ئێستاوە جێگاتان لە باخەکەی مندا نابێتەوە. خودا هاوارێکی لێبەرزدەبێتەوە و بە بروسکەیەکدا ئادەم و حەوا فڕێدەداتە دەرەوەی باخەکەی خۆی. ئادەم و حەوا بەسەریەکدا دەکەونە سەر زەویی، ئادەم دەڵێ: ئێرە کوێیە؟ حەوا دەڵێ: زەوییە. ئادەم دەڵێ: زەویی چییە؟ حەوا دەڵێ: ئەو شوێنەیە، کە تۆی پیاوی ناشرینی بەد و بەدکردار شەڕ و ئاژاوەی بۆ خودا تێدا دەنێیتەوە، ئێرە مەیدانی شەڕی نێوان ئێمەی مرۆڤ و خودایە. ئادەم دەڵێ: تۆ چووزانیت؟ حەوا دەڵێ: پێشئەوەی خودا تۆ لە پەراسووی من دروستبکات، باسی هەڵەکانی خۆی بۆ کردم، هەڵەی ئەو دروستکردنی من بوو، هەڵەی دووهەمی ئەو دروستکردنی تۆ بوو لە من، نانەوەی شەڕیش لەنێوان من و تۆ و نەوەکانماندا، کە لە ئایندەدا ئەم جیهانە داگیردەکەن هەوڵی خودایە بۆ چاککردنەوەی دوو هەڵەی گەورەی خۆی. ئادەم بە قاقای پێکەنینەوە لە حەوا جیادەبێتەوە و دەڕوات و لەبەرخۆیەوە دەڵێ:

خودا منی پیاوی یەکمجار دروستکردووە، تۆشی لە پەراسووی من دروستکردووە نەک بە پێچەوانەوە. حەوا دوای ئادەم دەکەوێت و دەڵێ: خودا ژنە. ئادەم قاقایەکی گەورەتر لێدەدات و دەڵێ: خودا ئەگەر ژن بوایە منی دەکرد بە مێردی خۆی. حەوا تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ: ئەگەر مێردیش بوونیەتێکی باشبوایە خودای ژن مێردێکی دەبوو. ئادەم بەردەوام قاقا پێدەکەنێت و حەواش لەدوایەوە بە تووڕەبوونەوە بەرد دەگرێتە ئاسمان، ئادەم و حەوا دەگەنە بەردەمی شانۆکە و حەوا بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: خودا ڕۆژێک دێت بە نەوەکانم دەتکووژم، بە کوڕێکم دەتکووژم، زەویی خاڵیی خاڵیی دەکەم لە ناوی تۆ لە بتی تۆ لە پەرستگای تۆ. دەگەنە بەردەمی دارسێوێک، کە لە پێشی پێشەوەی شانۆکەدا دانراوە، حەوا دەست دەبات بۆ سێوێک لێیدەکاتەوە، ئەیخاتە لەپی دەستیەوە پیشانی ئامادەبوانی دەدات و دەڵێ: ئەم جیهانە وا لەنێو مشتی دەستەڵاتی خۆمدا، ئینجا قاقا پێدەکەنێت و قەپێکی لێدەدات دەیخوات. گڵۆپی شانۆ دەکووژێتەوە پەردەی شانۆ دادەخرێت.

دەنگە دەنگ دەکەوێتە نێو بینەرانەوە، نوێنەرانی لایەنە ئیسلامییەکان و هەموو ئەوانەی هەستێکی بەهێزیان بۆ ئایینی ئیسلام هەیە دەکەونە دەنگ هەڵبڕیین و ناڕەزاییی دەربڕیین. ئەوانەی وەک ئەدەبێکی ڕەخنەگرانەش دەیانڕوانییە شانۆگەرییەکە لەوانە دەهاتنە دەنگ، کە سەرزەنشتیی شانۆنامەکە و ئەکتەرەکانیان دەکرد. شەڕ و جنێودان و هەڕەشەکردن دەکەوێتە نێوان تاکەکانی بینەرانەوە. بینەران دەبن بە سێ بەشەوە، بەشێکیان پشتگیرییکەری شانۆکەن و بەشێکی تریان دژ بە شانۆکەن و بەشەکەی تریان بێلایەن و دەیانەوێت بەزووترین کات هۆڵی شانۆ جێبهێڵن و بڕۆنە دەرەوە. ناو هۆڵەکە بەشێوەیەک دەشێوێت، کە کۆنترۆڵکردنی کارێکی ئاسان نەبێت. چەند گەنجێک دەوری ئەکتەران دەگرن و دەیانەوێت دەربازیان بکەن. کۆمەڵێک گەنجی تری ئیسلامیی و خەڵکانی باوەڕدار هەوڵدەدەن ئەکتەرەکان ڕابکێشنە ژێر چەپۆکی خۆیانەوە و لێیان بدەن. شەڕی مشتەکۆڵە و شەق وەشاندن دەکەوێتە نێوان پارێزەرانی ئەکتەران و باوەڕدارەکانەوە. لەناکاوێکدا بە لێشاو کۆمەڵێک پۆلیس بە خۆیان تفەنگەکانیانەوە خۆیان دەکەن بە هۆڵەکەدا و بە قۆناغە تفەنگ و مشتەکۆڵە خەڵکەکە لەیەکتریی جیادەکەنەوە و پەلی هەندێکیشیان دەگرن و دەستگیریان دەکەن. هەتا بێت پۆلیس زیاتر خۆی دەکات بە ژووردا و شەڕکەرەکان دەستگیردەکەن. لە دەرەوە قەرەباڵغییەکی زۆر پەیدا بووە، ئاتۆمۆبیلەکان پڕ بوون لە خەڵکی دەستگیرکراو. لەناو هۆڵەکەدا بەشێکی ئامادەبوان ماونەتەوە و لە ترسی ئاژاوە ناوێرن لە جێگای خۆیان بجوڵێن. لەناو ئامادەبواندا ئاویار دەردەکەوێت، هەڵدەستێتە سەرپێ و بەرەو تەختەی شانۆ دەکەوێتە ڕێگا. ئاویار پانتۆڵێکی کاوبۆی شیین و کراسێکی ڕەشی لەبەردایە، دێتە بەردەمی مایکرۆفۆنەکە و ڕادەوەستێت، تەماشایەکی ئامادەبوان دەکات، دووجار بە سەری پەنجە

دەکێشێت بە مایکرۆفۆنەکەدا بۆئەوەی بزانێت کار دەکات یان نەخێر. دەنگێک لە مایکرۆفۆنەکەوە دێت، کۆکەیەکی نەرم دەکات و دەست بە دەمیەوە دەگرێت، ڕووخساری لە ڕووخساری مرۆڤێکی نامۆ دەچێت بە هەموو شت. دەمی لە مایکرۆفۆنەکە نزیکدەکاتەوە و دەڵێ: من دەمەوێت درێژە بەم شەڕە بدەم بە قسە نەک بە مشتەکۆڵە. ئەم بێدەنگییە و ئەم ئارامییەی ئێستاش ئەگەر ناویشی بنێین ئاشتیی هێشتا هەر بەشێکە لەو شەڕ و هەرایەی دەرەوە. لە پشتی پەردەوە شەم گوێی لە دەنگی ئاویارە خورپەیەکی تێدەکەوێت، لە درزێکەوە تەماشای ئاویار دەکات، پەردەکە لادەبات و بەناو شانۆکەدا تێدەپەڕێت، بە پلیکانەکاندا دێتە خوارەوە دەچێتە ڕیزی سێهەم و لە تەنیشت پیاوێکی نزیک پەنجا ساڵەوە دادەنیشێت. تەماشایەکی پیاوەکە دەکات و دەڵێ: ئەوە ئاویاری هاوڕێمە دواهەمیین شانۆ نووسیینی ئەو بوو (ئادەم و حەوا). پیاوەکە هیچ ناڵێت و گوێ لە ئاویار دەگرێت. ئاویار مایکرۆفۆنەکە لە قاچەکەی دەکاتەوە و دەیگرێت بە دەستیەوە و دێتە پێشی پێشەوەی شانۆکە و تەماشای ئامادەبوان دەکات و دەڵێ: وابزانم ئەو دوو گرووپەی، کە بەرهەمەکانیان پێشەکەش نەکرد بەهۆی ئەو تێکدانەوە، چنگ لەسەرشان ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە. دەنگی پێکەنیین لەناو ئامادەبواندا بەرز دەبێتەوە، چەند هەنگاوێک دێتە پێشەوە و دەڵێ: هەتا ئەو ئاژاوەیەی دەرەوە هێمن دەبێتەوە پێمباشە ئێمە لێرە هەوڵی دوواندنی خۆمان بدەین. گەنجێک لە پشتی پەردەکانەوە بە خۆی و کورسییەکەوە دێتە سەر شانۆکە و کورسییەکە بۆ ئاویار دادەنەنێت و دەڵێ: فەرموو بەڕێزم دانیشە و پشووی خۆت وەربگرە لە قسەکردندا. ئاویار سووپاسی گەنجەکە دەکات و لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت و دەڵێ:

بۆچیی مرۆڤ باوەڕ بە خودا دەکات؟ هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ هەبوونی ئەو. ژیان لە جیهاندا بەبێ بوونی خودا ژیانێکی باشترە. ئەرکی مرۆڤ لە ژیاندا بەختەوەرییە، مرۆڤ دەتوانێت مرۆڤانە کارەکانی خۆی بخاتە خزمەتی مرۆڤایەتییەوە بەبێئەوەی پێویستی بە هەڕەشە و ئامۆژگارییەکانی خودایەک بێت. مرۆڤ بۆیە پێویستی بە خودایە چونکە ویستێتی، چونکە ئەو بڕیاری داوە، کە بۆ خودا بژیی. لە جیهانێکدا بەبێ بوونی خودا مرۆڤ توانای کردنی هەموو شتێکی لەگەڵ یەکتریدا هەیە. باوەڕدارێک دەڵێ: من لەلای خوداوە هاتووم، من لەبۆ خودا دەژییم، من دەچمەوە بۆ لای خودا، ئەو لەدایکبوونەوەیەکی ترم پێدەداتەوە، هەستێکی ترم پێدەدات بۆ ژیان. کێشەی بینین و نەبینین یەکێکە لە ڕەگەکانی باوەڕکردن. ئێمەی مرۆڤ ئامادە نین باوەڕ بە هەبوونی جیهانێکی تر لە نادیاردا بکەین، لەکاتێکدا من بەشبەحاڵی خۆم باوەڕم بە جیهانێکی تر هەیە بەبێئەوەی توانای بینینیم هەبێت وەکوو هەوا. هەندێکجار بیردەکەمەوە و دەڵێم: ئەو خەونانەی، کە شەوانە دەیبینم بەشێکن لە ژیانی ئەو جیهانە نادیارە. هەندێکجار سەرنجڕاکێشتریین خەونم بینیوە، لێ هەرکە لە خەو هەڵستاوم ئیدی تەواوی خەونەکەم بیرچۆتەوە، لێبەڵێ من باوەڕم بەوە هەبووە، کە خەونم بینیوە. مرۆڤ بەبێ هەوا ناژیی

لەکاتێکدا هیچ کامێکمان توانای بینی ئەومان نییە، لێ هەموومان باوەڕمان بە بوونی هەوا هەیە. هیچ کامێکمان توانای بینینی خودامان نییە، لێ باوەڕمان بەبوونی ئەو هەیە، لەکاتێکدا مرۆڤ بەبێ خوداش توانای ژیانی هەیە. خودا و هەوا نادیارن، لێ مرۆڤ بێ ئەمیان توانای ژیانی هەیە و بەبێ ئەوی تریان ناژیی. کاتێک مرۆڤ لە هۆڵێکی دوکەڵاوییدا هەناسەی بۆ نادرێت ڕادەکاتە دەرەوە و دەڵێ: پێویستم بە هەوای پاکە. لێبەڵێ کاتێک مرۆڤ لە تەنگوچەڵەمەدا دەبێت و ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە یان ژیانی خۆشەویستێکی، پەنا دەباتە بەرخودا و لێیدەپاڕێتەوە ژیانی ڕزگار بکات. سەمەرە لێرەدا ئەوەیە، کە مرۆڤ هیچ کاتێک نە سووپاسی هەوای کردووە نە ستایشی کردووە لەکاتێکدا هەوا دەیان یان سەدانجار ژیانی مرۆڤی ڕزگارکردووە. مرۆڤ هەم لە خودا دەترسێت هەم کڕنووشی بۆ دەبات و لێیدەپاڕێتەوە، کەچیی خودا جارێک چییە یارمەتیی نەداوە و ژیانی ڕزگار نەکردووە. بگەڕێرەوە بۆ چاڵەکانی عەرعەر، هەڵەبجە، سێوسێنان، شاناخسێ، گۆپتەپەکە، بگەڕێوە بۆ زیندانەکانی بەعس بۆ هەموو ئەو ماڵانەی، کە شەوانە قواست خاسە و تەوارییەکانی بەعس دەیاندا بەسەریاندا و هیچیان شک نەدەبرد خودا نەبێت کەچیی ئەویش ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبووبێت بەتەنگەوە هاتنی ئەوان بوو. ئەمە لەکاتێکدا جارێک نەچووینەتە بەردەرگای هەوا و داوامان لێکردبێت هەڵیبمژین و نیگەرانی کردبین. ئیسلام لە بوونیەوە هەتاوەکوو ئێستا لەسەر داوای خودا جەنگ دەنێتەوە و مرۆڤ دەکووژێت. دیکتاتۆرەکان جەنگیان دەنایەوە و مرۆڤیان دەکووشت پەنایان دەبردە بەر خودا و دەیانگووت: خودا دەیەوێت، ویستی خودایە. تەماشای جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و ئێراک بکەن 1980 بۆ 1988 هەردوولایان پەنایان دەبردە بەر خودا بۆ درێژەپێدانی شەڕ. میشێل فۆکۆ لە پەڕتووکی ئەنالیزەی دەستەڵاتدا لە دەمی ئێرانییەکانەوە لەسەر شۆڕشی ئێران ساڵی 1979 دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئێرانییەکان دەڵێن: لەپێناوی دەرپەڕاندنی "شا"دا ئامادەین هەمووومان بمرین، لێ دواکات ئایەتووڵڵا خومەینیی گووتی: ئێران دەبێت خوێن برێژێت هەتا شۆڕش بەهێز بێت. خومەینیی لە پەنای خودادا هەشت دانە ساڵی ڕەبەق درێژەی بە شەڕی ئێراک دا. مرۆڤ لەسەر داوای خودا دەبێتە بکووژ و چێژ لە کووشتنی مرۆڤ دەبینێت. هیتلەر دەڵێ: من کەسێکم باوەڕم بە خودا و ئایین هەیە، ئەگەرچیی لە هەستێکی وابەستەیی کەنیسەشەوە نەبێت. کاتێک نازییەکان هەنگاوی گەورەیان لە دەستەڵاتیاندا بەرەوپێشنا، هێز و توانایەکی زۆریان خستەگەڕ، کە بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئایینی مەسیحیی و کەنیسەدا بکەن، ئەمەش هەمووی لەپێناوی جەنگییندابوو دژ بە بێباوەڕەکان و مارکسییەکان. ئالێرەوە ئەنتی سێمیتیزم بوو بە ئەنتی نەتەوە، بوو بە ئەنتی جولەکە. لێ خودا چیدی لەسەر هەموو ئەو کارەساتانە نادێتە دەنگ، نیچە ڕاستدەکات، کاتێک لە زانای شاددا دەڵێ: خوداش وندەبێت، خودا مردووە، خودا بە مردوویی دەمێنێتەوە، ئێمە ئەومان کووشت، ئێمە سەرەخۆشیی لە خۆمان دەکەین، ئێمەی بکووژی ناو بکووژەکان. ئەو پیرۆزە گەورەیەی، کە هەتاوەکوو ئێستا خاوەنی جیهان بوو، هەنکوو لەژێر چەقۆی دەستی ئێمەدا خوێنی

لێدەچۆڕێت. کێ ئەم خوێنەی جەستەمان دەسڕێت؟ بە چ ئاوێک دەتوانین خۆمان پاکبکەینەوە؟ هاوڕێیەکم دەیگووت: خودا نەمردووە، بەڵکوو ئەو ئەرکی سەر شانی خۆی ونکردووە، لەبری ئەوەی بەتەنگ خەڵکییەوە بێت و یارمەتییان بدات، دەچێت شۆپینگ دەکات و بە شۆرتێکەوە دەچێتە سەر کەنارەکانی دەریای باکوور، دەریای ڕەش، دەریای ناوەڕاست بۆ گەشت و گوزار کردن و مەلەکردن. لە سەرێکی ترەوە هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ هەبوونی خودا، لێ خەڵکانێک هەن جیهان بەبێ خودا بە جیهانێکی بێ هیوا دەزانن. کاتێک مرۆڤ تاوانێک دەکات ڕاپێچی بەردەمی خودا دەکرێت بۆ لێپرسینەوە. کاتێک لەسەر دەستی دوژمنانی کورد گووندێک شارۆچکەیەک وێران دەکرێت، کورد جینۆساید دەکرێت خودا سەرقاڵی شۆپینگە لە نیۆرک یان لە لەندەن یان لە بەرلیین، لێ کاتێک تاوانکاران ڕاپێچی بەردەمی دادگایەکی دادپەروەرانە دەکرێن، گەمژەیەک لەگەڵ خودادا دێتە دادگاکەوە و دەڵێ: خودا قبوڵ ناکات بەمشێوەیە ڕەفتاربکەین. باوەڕداران دەڵێن: ڕەچەڵەکی مرۆڤ وەهایە، ئەو لە ڕەسەندا باش نییە، بۆئەوەی باش بێت پێویستی بە هێز و خۆشەویستیی خودایە. لێ ئەم دەستەواژەیە هیچ نییە بێجگە لە ناچالاککردنی مرۆڤ. باوەڕداران دەیانەوێت لە ڕێگای خوداوە ڕەوشت بکەن بە قورگی مرۆڤدا هەتا وەک مریشکێک لە قەفەزێکدا بۆ سەربڕیین قەڵەوی بکەن. نە جیهان پێویستی بە خودایەکە نە ژیان پێویستی بە ئایینێکە، لێ لەو ڕۆژەوەی مێژوو دەنووسرێتەوە هەڵبژاردەیەک لە مرۆڤ لەپێناوی دەستەڵاتدا خودا و ئایینیان وەک ئەرگۆمێنتێک بەکارهێناوە بۆ وەرگرتنی دەستەڵات، ئەنالیزەی دەستەڵاتیشیان لە ڕەفتارەکانیاندا دەرکەوتووە. دەستەڵاتدار چییەکات کاتێک دەستەڵاتی بەسەر خەڵکانێکی تردا هەیە؟ ئاخۆ پێغمبەرەکان لە ناپۆلیۆن دەچن یان ناپۆلیۆن لەوان؟ ناپۆلیۆن دەڵێت: هەموو سەگێک خاوەنی سەرداری خۆیەتی. سەگێک چەند بەهێزیش بێت کەسێک دەکاتە سەرداری خۆی، بۆ وەرگرتنی هەر کووتە گۆشتێکیش دەیانجار سووپاسی خاوەنەکەی دەکات. ستالین ئەم تابلۆیە بە وشە ڕەنگدەکات و دەڵێ: تەنها سەگ سووپاسکەرە، ئاخر ستالین ئامادە نەبووە سووپاسی هیچ کەسێک بکات. مرۆڤ بیردەکاتەوە و خودایەک بۆ پەرستن بۆ خۆی قووتدەکاتەوە. هەموو ئەو مرۆڤانەی باوەڕیان بە ئایین نییە بەشێوەیەک بەستراون بە خوداوە. ئەو مرۆڤانە کاتێک لە کارەساتێکی ئاتۆمۆبیلدا یان هەر شێوەیەکی تر لەسەر کەنارەکانی مەرگ و ژیان دێن و دەچن و چەندیین هەفتە یان مانگ لە کۆمادا دەژیین، پاش بەئاگاهاتنەوەیان و چاکبوونەوەیان دەبنە مرۆڤێکی باوەڕداری بەهێز و لەلای ئەوان خودا هێزێکە لەسەرووی هەموو هێزەکانەوە. دواکات دەڵێم: بۆچیی مرۆڤ باوەڕ بە خودا دەکات؟ وەڵامی من ئەوەیە: چونکە مرۆڤ هەست بە تەنیایی دەکات و لەو تەنیاییە دەترسێت، چونکە مرۆڤ دەیەوێت باوەڕ بە خودا بکات، مرۆڤ پێویستی بە خودایە هەتاوەکوو بەتەنها نەمێنێتەوە و نەبێتە بەرپرسیاری هەموو شت. مرۆڤ پێویستی بەوەیە لەگەڵ خودادا چارەنووسی خۆی بێنێتە قسەکردن. لە ڕاستییدا هەموو چرکەیەکی بیرکردنەوە لە ئایین و خودا چرکەیەکی ونبووە. من زیندانی دەروونیی خۆمم

تێکشکاندووه کاتی ئەوە هاتووە ئێوەش دەست بدەنە چەکووشێک و دەستبکەن بە ڕووخاندنی ئەو زیندانە نادیارەی ناوەوەتان. لەناکاو پۆلیسێک دێتە سەر شانۆکە و داوای یارمەتیی لە ئاویار دەکات، کە مایکرۆفۆنەکەی پێبدات. ئاویار بە ڕوویەکی خۆشەوە مایکرۆفەنەکە دەدات بە پۆلیسەکە. پۆلیسەکە بە هەناسەبڕکێیەکەوە دەڵێ: داوای لێبووردن دەکەم نەمدەویست بێم قسەتان لێتێکبدەم، لێ لە دەرەوە هەرایەکی گەورە هەیە و پێویستە زاڵبین بەسەریدا. باشترین شت ئەوەیە بەڕێزتان هەمووتان هۆڵەکە بەجێبهێڵن و بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە. واهەستدەکەین ئەوانەی لە دەرەوە بەدوای هەرادا دەگەڕێن هەتا ئێوە لە ژوورەوە بن ئەوانیش نەڕۆن. تکایە ئێستا بڵاوەی لێبکەن، ئێمە لە دەرەوە هەتا سەر جادە گشتییەکە ئاگامان لێتان دەبێت. ئاویار لەسەر شانۆکە دادەبەزێتە خوارەوە، شەم بەرەوڕووی دەڕوات و بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: ئاویار گیان دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت لە دەرەوە. پۆلیسەکە لەدوای ئاویارەوە دەیەوێت بێتە خوارەوە، شەم سڵاوی لێدەکات و دەڵێ: بەڕێز گیان دەتوانیت لە دەرەوە ئاگات لێمان بێت؟ پۆلیسەکە دەڵێ: بەسەرچاو وەرن بەدوامدا. شەم و ئاویار دوای پۆلیسەکە دەکەون و دەچنە دەرەوە، پۆلیسەکە دوو پۆلیسی تریش ئاگادار دەکاتەوە و ئەوانیش لەگەڵیان دێن. بەناو قەرەباڵغیی و هەراوهوریای ئەو خەڵکەدا هەرسێکیان هەوڵدەدەن ئاویار و شەم دەرباز بکەن. دەنگێک لەناو خەڵکەکەدا بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: ئەوە ئەو کچەیە، کە ڕۆڵی حەوای دەبینی، کوڕینە ڕەجمی بکەن. بە لێشاو خەڵک بەرەوڕووی شەم دێن بۆ دەست لێوەشاندنی، پۆلیسەکان هەتا هێزیان تێدا بێت بە قۆناغە تفەنگ دەکەونە سەروگوێلاکی پەلاماردەران، کۆمەڵێک پۆلیسی تر لە دوورەوە بە ڕاکردن دێن بۆ هاوکاریی هاوڕێکانیان. چوار پێنج پۆلیس تەوقی شەم و ئاویار دەکەن و هەوڵی دوورخستنەوەیان دەدەن. لاندکرۆزەرێکی پۆلیسەکان بە بەگ خۆی دەکات بەناو هەراکەدا، پۆلیسێکی تر دەرگای دواوە دەکاتەوە و شەم و ئاویار سەردەکەون، شۆفێرەکە پێی پێدا دەنێت و دەڕوات، هەراکەران دوای لاندکرۆزەرەکە دەکەون و ئەوەی بەردەستیان بکەوێت لە دار، بەرد، خۆڵ تێیان دەگرن. لاندکرۆزەرەکە خێرای لێخوڕینەکەی زیاد دەکات و دەڕوات لەچاو وندەبێت. بەدوای یەکدا چەندیین لاندکرۆزەر و پیکئابی پۆلیس لەسەری کۆڵانەکەوە دەردەکەون و دێن بەرەو لای هۆڵەکە. دوو پاسی بیست و یەک نەفەریی دێن و بە دەیان پۆلیسیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. پۆلیسەکان دادەبەزن و دەکەونە دەرکردنی خەڵک. ئیدی هەر پۆلیسە و پەلی کەسێک دەگرێت و لە دەوری هۆڵەکەی دووردەخاتەوە. لەدوای چەند کاتژمێرێک بارووردۆخەکە ئارام دەبێتەوە و هیچ کەسێک لەوێ نامێنێت تەنها پۆلیسەکان نەبێت.

بۆ ڕۆژی ئایندە لە هۆڵی ماڵێکدا، کە هۆڵێکی پان و بەریینی ڕازاوەی مۆدێرنە، ئاویار و شەم و، ئاوەسەر و تەمار، سێ کوڕ و سێ کچی تر دانیشتوون. ماڵەکە ماڵی (تەنا)یە یەکێکە لە کچە هاوڕێ دەوڵەمەندەکانی شەم، کە لە قووتابخانە لە یەک کلاسن. باوکی

تەنا یەکێکە لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانیی. پیاوێکی بازرگانە و نرخی کەلوپەل لەو شارەدا لەسەر دەستی ئەو بەرز و نزم دەبێتەوە. تەنا لەسەر قەنەفەیەکی ڕەشی چەرم دانیشتووە، پانتۆڵێکی قووماشی ڕەش و کراسێکی شەرابیی لەبەردایە. هەموو تەماشای تەنا دەکەن و چاوەڕوان دەکەن شتێک بڵێت. تەنا دەستێک بە پرچیدا دەهێنێت و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: بەهۆی دەوڵەمەندبوونی باوکمەوە بوومەتە خاوەنی چ کۆمەڵێک دوژمن چ کۆمەڵێک ناحەزیش. هەر ڕۆژێک دەچمە دەرەوە بە ترسی ڕفاندنەوە دەچم. قازانجی باوکم بۆم تەنها ئەوەیە، کە فێری کردووم لە ژیاندا بمێنمەوە، ئەو هەمیشە دەڵێ: ئێمە لە بەرەی شێرین، ئێمە خواوەندین، ئێمە نەترسین. بەبیرم دێت پێش شەش ساڵ لەمەوبەر، کە ئازەری برامیان ڕفاند، ئەو چەند ڕۆژە ژیانمان لێ تاڵ بوو، شەو و ڕۆژمان بشۆرە بوو (خەمی زۆر گران، کە مرۆڤ هەراسان دەکات). ئەوانەی ئازەریان ڕفاندبوو داوای پێنج سەد هەزار دیناریان دەکرد. ئەم پارەیەش دەبوایە لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا بگەیشتایەتە دەستیان دەنا براکەمیان دەکووشت. دایکم گووتی: پارەکەیان بۆ ئامادە دەکەین و دەیاندەینێ، من ئامادە نیم ڕێگا بدەم کوڕەکەم لە پێناوی پارەدا بکووژرێت. باوکم ئامادە نەبوو پارە بدات. دایکم و باوکم بوو بە شەڕیان، دایکم دەیگووت: تۆ پارەکانت لە ژیانی منداڵەکانت خۆشتر دەوێت. باوکیشم دەیگووت: ڕاست نییە، من هەرگیز پارەم لە منداڵەکانم خۆشتر ناوێت، ئەوەی من ئێستا دەیکەم ئەوەیە، کە منداڵەکانم فێربن لە ژیاندا بمێننەوە. باوکم تەماشای ئێمە و دایکمی کرد و گووتی: ئەوانەی کاریان ڕفاندنی خەڵکییە وەک سەگ وەهان، کە جارێک پلە گۆشتێکت دانێ ئیدی پێت فێردەبن و هەمیشە دێنەوە لات داوای پلێ گۆشتی ترت لێدەکەن. لەو ڕۆژەوە هەتاوەکوو ئێستا من ئەم قسەیەی باوکمم وەک گوارە کردۆتە گوێچکەم و ئەو ساتانەی، کە لە ناخۆشترین بارووددۆخدام هاوکارییم دەکات و فێرم دەکات، کە چلۆن ڕەفتار بکەم. ئاویار دەستێک بە دەمووچاویدا دەهێنێت و دەڵێ: تەنا گیان دەتوانیت ڕوونتر بدوێیت، مەبەستت چییە لەم نموونەیەدا، کە دەیخەیتە پێشچاومان؟ تەنا بە سەرنجێکەوە دەڵێ: من پێموایە مەبەستەکەم ڕوون و ئاشکرایە، ئەوانەی بە هەرچ بیانگەیەکەوە ترس دەخەنە دڵمانەوە لەپێناوی دامرکاندنەوەماندا نموونەی ئەو تووندڕەو و شەڕانگێز و دز و مافیایانەن، کە بۆ وەرگرتنی پارە هەڕەشەی کووشتنمان لێدەکەن. ئەمانەش وەک ئەوان هەمان سەگن، کووتێک لە داواکانیان دەکەیت بە دەمیانەوە سەرلەنوێ دێنەوە داوای کووتێکی ترت لێدەکەن، شەقێک لە دەمیان هەڵدەدەیت چیدی ناوێرن بێنەوە لات. شەم هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: لێ ئێمە شەقمان پێلێنادرێت. بەرانبەری شەم دەنگێک بەرز دەبێتەوە و دەڵێ: ئەو دەمەی تۆ گوێ پێنادەیت و بەردەوامیت لەسەر کارەکانت شەقێکە لە دەمی سەگی هێرشبەری دەدەیت. تەنا دەڵێ: شەم گیان ئەگەر کەسێک هەبێت مایستەری شەق وەشاندن بێت ئەوا کاک ئاوەسەرە. ئاویار دەڵێ: کاک ئاوەسەر لە سلێمانیی دا بە ئیدیالترین نموونەی پیاوی قسە ڕەقی ئەم نیشتیمانە ناسراوە. شەم دەڵێ: کەواتە با هەمووومان ئاوەسەرێکی تر بین. ئاوەسەر دەڵێ:

هەڵەیە ئێوە ببن بە من ڕاست ئەوەیە، ئێوە ببن بەوەی، کە خۆتانن. تەمار لە گۆشەیەکەوە سەرنجی ئاوەسەر دەدات هەتا ئەو کاتەی بێدەنگیی خۆی دەشکێنێت و دەڵێ: کاک ئاوەسەر ڕاستە من و تۆ یەکتریی لە دوورەوە دەناسین و ئەمە یەکەمجارە ڕێکەوتێک لێکمان نزیکبکاتەوە، لێ هەستێک لە مندا دەڵێ: کە ئێمە لە مێژە یەکتریی دەناسین یان لانیکەم لێکەوە نزیکین ئینجا یان کارمان کردووە پێکەوە یان هۆکارێک لێکی نزیککردووینەتەوە. ئاوەسەر دەڵێ: بڵێم چیی کاک تەمار، پێدەچێت، لێ من پێموایە ئێمە، کە ڕۆژانێک لە دوورەوە یەکمان ناسیبێت ئەوا ئیمڕۆ پێویستییەک لە نزیکەوە هەموومان بەیەک دەناسێنێت. شەم قسەکان بە تەمار دەبڕێت و دەڵێ: ببوورن کاک ئاوەسەر و کاک تەمار، لێ ئێمە ئێستا کێشەیەکی کۆنکرێتیی ئازادییمان هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، من پێموایە بیرکردنەوەیەکی ئاوها ئەبستراکت نامانگەیەنێتە هیچ کوێیەکی ئەم کێشەیە. ئەوەی ئێمە دەبێت کاری بۆ بکەین بەدەستهێنانی ئازادییەکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەم کۆمەڵگایە. ئێمە بە تەنها بەعس دوژمنمان نەبوو، بەڵکوو ئەوانەی گۆشت و خوێنی خۆشمانن نموونەیەکی تری بەعسن لە زەوتکردنی ئازادییەکانماندا ئیدی لەمپەڕی ئیسلامییانەوە بۆ ئەوپەڕی دیموکراتەکانیان. تەمار بە سەرنجێکەوە دەڵێ: خاتوو شەم مەبەستت لە کێشەیەکی کۆنکرێتیی چییە؟ شەم بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: کۆنکرێت ئەو کێشە گەورەیەی ئازادیی، کە لەبەردەمماندا قووتبۆتەوە. کۆنکرێت هەموو ئەو شتانەن، کە ئێمە لە هەست و زینی خۆماندا بەڕاست وەریدەگرین. بە واتایەکی دی کۆنکرێت بریتییە لەو شتەی، کە دەیبینین، کە دەیبیستین، کە تامی دەکەین، کە دەیچێژین. تەمار دەڵێ: لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە بڵێین: هەرچ شتێک کۆنکرێت بێت دەتوانرێت بە شتگەلیش ناوبنرێت. دەتوانین قووتابخانەیەک بە نموونەی یەکێک لەو شتانە بهێنینەوە. ئەو ماڵەی پێیدەگووترێت قووتابخانە شتە توانای بینین و دەستلێدانی هەیە، لێبەڵێ لەناو ئەم ماڵەدا سەدان مرۆڤ هەیە، کە لە دەرەوەی ئەم ماڵەدا کەمتر چ دەبینرێن چ دەستیان لێدەدرێت. لەناو ئەم ماڵەدا دەتوانین مرۆڤەکان ببینین و دەستیشیان لێبدەین، لێبەڵێ ئەوەی ناتوانین چ ببینین و چ دەستیشی لێبدەین بیرکردنەوەی خوێندکارەکان و مامۆستاکانی ناو ئەم قووتابخانەیەیە. هەزارەها، میلیۆنەها ماڵ هەیە، کە خێزان، خوێندکار، سەرباز، پێشمەرگە، منداڵ، فەرمانبەر، کرێکاری تێدا دەژیین و خاوەنی بیرکردنەوەی خۆیانن، لێبەڵێ ئێمە ناتوانین چ هەموویان ببینین چ دەستیشیان لێبدەین، لێ ئەمانە هەموو هەن. ئەو کۆنکرێتەی تۆ باسی دەکەیت بەبێ ئەبستراکت بوونی نییە. من هەستدەکەم کێشەی کۆنکرێت و ناکۆنکرێت خەریکە سەرتاپای ئەم کۆمەڵگایە داگیردەکات، ئەمە بێجگە لە هەوڵی سیاسییەکانمان و هەڵبژاردەیەک لە ڕۆشنبیرانی دەستەڵات بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئازادیی و ونکردنی پێناسە ڕاستەقینەکانی ئازادیی هیچ شتێکی تر نییە. تۆ وەک سیاسییەکانمان و ڕۆشنبیرەکانیان هەوڵدەدەیت کۆنکرێت بکەیتە زانست و ناکۆنکرێتیش بە ئەندێشە و خەیاڵ ئەمە هەڵەیەکی کووشندەیە. شەم بە هەستێکی دوو دڵەوە دەڵێ: بەڵام کاک تەمار کۆنکرێتانە لە زانستی کۆمەڵناسییدا ...

تەمار قسەکان بە شەم دەبڕێت و ناهێڵێت تەواوی بکات، چونکە دەزانێت مەبەستی شەم لە قسەکانیدا تەنها کەمکردنەوەی نرخی ئەبستراکتە. تەمار بە بزەیەکی خوێن شیرینانەوە دەڵێ: هەندێک یەکە هەیە، کە لە سەرەتاوە خاوەنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵن پێکەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی، کە ئەم یەکانە بەبێ یەکتریش توانای ژیانیان هەیە، لێبەڵێ بەبێ یەکتریی دەبنە خاوەنی بۆشاییەکی گەورە. دروستە هەمیشە خەڵکانێک پەیدا دەبن و هەوڵی تێکشکاندنی ئەو پەیوەندییە دەدەن و یەکێکیان لەوی تریان جیادەکەنەوە، یەکێکیان دەکەنە زانست و ئەوی تریان بە بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکت، هەنگاو لەدوای هەنگاو بە هێنانەکایەوەی تایبەتمەندبوونێکی ئیندیڤیدووال ئەم جیابوونەوەیە هەتا سەر سنوورەکانی دژە وتە دەبەن. ئەم کێشەی ئازادییەی، کە تۆ باسی دەکەیت ڕاستە لە ڕێگای هەستەوە جێگای درکپێکردنە و کێشەیەکی پراکتیزەکراوە، لێ تۆ ناتوانیت نرخ بۆ ئەبستراکت دانەنێیت. ئاوەسەر تەماشایەکی شەم دەکات و دەڵێ: خاتوو شەم دوو دڵ نیم لە هێز و توانای بیرکردنەوەی بەڕێزتان وەک گەنجێکی سەرکەش و ئەدەب دۆست، لێ بەهیوام لێرەدا لەسەر کێشەی ئازادیی تووشی هەڵە نەبیت و ڕێگایەکی هەڵە بەرەو ئازادیی نەگریتەبەر، ڕێگایەک، کە سیاسییەکانمان و هەڵبژاردەیەک لە ڕۆشنبیران لەپێناوی دیلکردنی مرۆڤدا دەیگرنەبەر. ئەبستراکت بریتییە لە چەمک، بەمشێوەیە مرۆڤ دەتوانێت لەسەر هەموو کۆنکریتێک ئەبستراکتێک بێنێتە ئاراوە. مرۆڤ دەتوانێت وشە تەنها لە ڕێگای چەمکەوە بخاتەگەڕ نەک لە ڕێگای کۆنکریتەوە. ئازادییش ئەو وشەیەیە، کە مرۆڤ لە ڕێگای چەمکەوە دەیخاتەگەڕ نەک لە ڕێگای کۆنکریتەوە. ئازادیی شتێک نییە، کە مرۆڤ بتوانێت بۆنی بکات، چێژی بکات، بیبیستێت یان بیبینێت. ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین یان توانای بینینمان هەیە ئەوەیە، کە ئازادیی لە کۆمەڵگایەکدا بوونی نییە، ئەوەیە، کە لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکێکی کۆمەڵدا هەستدەکەین، ئەو ئازادە یان نائازادە. تەمار داوای لێبووردن لە ئاوەسەر دەکات بۆئەوەی قسەیەک لەسەر باسەکە بکات و دەڵێ: کێشەی ئازادیی: چەمکی ئازادیی لەلای نیچە دیوێکی نادیاری خودی ئازادییمان لەلا ئاشکرا دەکات، کە دەگمەن پەی پێدەبرێت ئەویش نرخی ئازادییە. نیچە دەڵێ: نرخی شتێک لەوەدا نییە، کە مرۆڤ بەهۆی ئەو شتەوە دەگات بەچیی، بەڵکوو نرخی ئازادیی لەوەدایە، کە مرۆڤ چ نرخێک لەپێناویدا دەدات، کە چەند لەسەر ئێمە دەکەوێت؟ مرۆڤ زۆرجار لەپێناوی چەمکێکدا تێدەکۆشێت هەتا لە ڕێگایەوە بگات بە ئامانجێکی تر. ئازادییش یەکێکە لەو چەمکانەی، کە هەمیشە مرۆڤ وەک پلیکانەیەک بەکاری هێناوە بۆ گەیشتن بە لوتکەی ویستێکی دی نادیار لە پشتی ئازادییەوە. زۆرینەی جار ئەم ویستانە سیاسیی و ئابووریین، ئەکتوێلترین نموونە سیاسییەکانی ئێمەن، کە دەیان ساڵی ڕەبەق ئازادییان وەک ڕێگایەک بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە گەورەترین دەستەڵات و زۆرترین سەرمایە. ئەم سیاسییانە ئەو کاتە دەستبەرداری چەمکی ئازادیی بوون، کە لە ڕێگای خەڵکانی ترەوە پێیگەیشتن (ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991). نیچە ڕووی ڕاستەقینەی لیبڕاڵەکان هەڵدەداتەوە و دەڵێ: ئینستیتووتی لیبراڵەکان لەوێدا


دەستبەرداری لیبراڵییەت دەبن، کە پێیدەگەن. لەدواییدا هیچ تووڕەبوون و زیانبەخشیینێکی بنچینەیی نییە، کە زیان بە ئازادیی بگەیەنێت بەقەد ئینستیتووتە لیبراڵییەکان. ئازادیی لەلای نیچە بریتییە لە هەبوونی ویستی بەرپرسیارێتیی خود. کە مرۆڤ ئەو دیستانسەی نێوان خۆی و مرۆڤەکان جیادەکاتەوە و سەقامگیری دەکات. هیچ ئازادییەک بەبێ تێکۆشان بەدەست نەهێنراوە لەلایەن مرۆڤەوە. لەلای نیچە مرۆڤی ئازاد جەنگاوەرە. ئازادیی تەنها ئەوە نییە پێیبگەیت، بەڵکوو دەبێت بیشیپارێزیت. تاکێک، کە هەموو تەمەنی دیل بووبێت و لە پڕێکدا ئازاد بێت دەبێت بەسەر ئەو برینەدا زاڵ بێت و هەست بە کەمیی خۆی نەکات لەدوای ئازادبوونی. نیچە دەڵێ: چلۆن ئازادیی خراپ دەبێت و کۆمپلێکسی تێدەکەوێت لە تاک و نەتەوەکاندا؟ وەڵام: لەدوای ڕاپەڕیین، کە دەبێت زاڵ بیت بەسەریدا، لەدوای نرخی ئەو ماندووبوونەی، کە پێویست دەکات لەسەرەوە بمێنیتەوە. گەورەترین نموونەی مرۆڤی ئازاد لەوێدا دەدۆزرێتەوە، کە بەردەوام ڕاپەڕیین سەردەکەوێت: پێنج هەنگاو دوور لە باڵادەستیی تووندڕەویی و نووساو بە شەپۆلەکانی مەترسیی کۆیلەیەتییەوە. ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی 1991 باشترین نموونەی ئەم تیۆرییەی نیچەیە. سیاسییەکانی ئێمە تا ئەو سنوورە باوەڕیان بە ئازادیی، دیموکراسیی، لیبراڵییەت هەبوو، کە پێیگەیشتن. کۆمەڵگای ئێمە نەیانتوانی کۆنترۆڵی ڕاپەڕیین بکەن و ئازادیی بپارێزن، بەهای ئەو نرخانە قووتبکەنەوە، کە لەپێناوی ئازادییدا خەرجیانکرد. ئەوان بوونە هۆی ئەوەی سیاسییەکان بنووسێنن بە دەستەڵاتێکی باڵادەستی تووندڕەوەوە و خۆشیان پێنج هەنگاو لەو باڵادەستییە نزیکبنەوە و ببنە کۆیلەی دەستەڵاتێکی زاڵ، کە خۆیان بەرهەمیان هێناوە. نیچە وشەی ئازادیی دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆم و ڤێنەدیگ، بەوشێوەیەی، کە ئەوان لێیتێگەیشتوون ئەویش وەک شتێک، کە مرۆڤ هەیەتی و نییەتی، کە مرۆڤ دەیەوێت، کە مرۆڤ داگیربکات. ئەوەی سیاسییەکانی ئێمەش دەیانەوێت بەرقەرارکردنی ئازادیی نییە لە کۆمەڵگادا بەڵکوو داگیرکردنی تاک و کۆمەڵە لەم کۆمەڵگایەدا. ئەرکی ئێمەش وەک تاک لەم کۆمەڵگایەدا گەڕانەوەی ئازادییە بۆ ناو کۆمەڵگا، ئیدی لەوە بەدوا تاکی ئێمە خۆی بەرپرسە لەوەی، کە ئاخۆ دەیەوێت ئازاد بێت یان نا. من دڵنیانیم لە خۆم، کە مرۆڤێکی ئازاد بم چونکە هێشتا شتگەلێک لە مندا هەیە، کە لە ڕاستییدا پەسەند نین لام، لێبەڵێ درێژە بە ژیان لەگەڵیاندا دەدەم، ئالێرەدا من دیلی دەستی کلتوور و یاسا کۆمەڵایەتییەکانم. ئەرکی من ئەوەیە کار بۆ ئازادبوونی خۆم بکەم ژیانێک نەژییم، کە ژیانی من نییە، ئەوە نەبم، کە من نیم. بۆ نموونە من لە ماڵی خۆماندا هەست بەوە ناکەم ئازادم، ئەو ژیانەی تێیدا دەژییم ژیانێکی پڕ خۆتووندکردن و جەنجاڵییە، کە ژیانی من نییە. ژیانێکە، کە بڕیار و دەستەڵاتی منی تێدا نییە. ئازادبوونی من بەتەنها ئەرکی خۆمە نەک کۆمەڵگا، چونکە منم لەناو خۆمدا دیلم، دیلی کلتوور، دیلی شوورەیی، دیلی هەست و سۆز. هیچ کەس توانای ڕزگارکردنی منی نییە خۆم نەبێت نزیکەی دوو کاتژمێر درێژە بە قسەکانیان دەدەن و ڕێکدەکەون لەسەرئەوەی، کە بەردەوام

بن لە کارەکانیاندا و ترس نیشان نەدەن، پاشان کۆتایی بە کۆبوونەوەکەیان دەهێنن و دەڕۆن، تەنا بە تەنیا لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، دەرگا دادەخات و دەچێتەوە ژوورەوە.

**کات دەمەو دوانیوەڕۆیەکی گەرمە** کۆسان و تەلاس و لاس بە چڕیی دارستانێکدا تێدەپەڕن کۆسان دەڵێ: ئەگەر چڕیی ئەم دارستانە نەبوایە ئێستا لە گەرمایاندا یەک هەنگاو نەماندەتوانی بە ڕێگادا بڕۆین. لاس دەڵێ: بەڵام من هێشتا هەر گەرمامە. کۆسان بە دەنگێکی بڵندتر ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێ: تۆ دەڵێی چیی لاس؟ لاس قسەکانی وەکوو فیشەک دەردەپەڕێنێت و دەڵێ: من کە نەزانم دوێنێ شەو چییم لێبەسەرهاتووە، چلۆن بزانم ئێستا گەرمامە یان نا؟ تەلاس بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: کۆسان گیان پێموایە هەتا دەگەینە شوێنی خۆمان تۆ هەر پرسیارێک لە لاس بکەیت ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: من کە نەزانم دوێنێ شەو چییم لێبەسەر هاتووە، چلۆن بزانم .... کۆسان قسەکەی بۆ تەواو دەکات و دەڵێ: گەرمامە، سەرمامە، برسیمە، تینوومە، دەگەڕێمەوە بۆ نیشتیمان ناگەڕێمەوە. تەلاس ئەیداتە قاقای پێکەنین و کۆسانیش بەدوایدا. لاس بێدەنگیی هەڵدەبژێرێت. ماوەیەکی تر ڕێگا دەبڕن و پاشان تەلاس دەڵێ: باشە لاس گیان بۆچیی پێتوایە شتێک تەواو نییە؟ ئاخۆ هیچ پێناسێک یان ڕوونکردنەوەیەکت بۆ ئەو شتە هەیە، کە نازانیت چییە؟ لاس دەڵێ: ئەگەر بمزانیبا ئاوها خۆم پێوە خەریک نەدەکرد، لێ من دڵنیم لەوەی، کە دوێنێ شەو شتێک ڕوویداوە. کۆسان دەڵێ: ئاخر ئەو شتە چییە لاس گیان؟ لاس کەمێک بە تووڕەبوونەوە دەڵێ: ئەگەر بمزانیبا چییە چ پێویستم بە بیرکردنەوە بوو لێی؟ تەلاس دەڵێ: کوڕیینە ئێستا بۆ ماوەی یەک خولەک بچیینە فرێزەرێکەوە وەک ئەوە وەهایە، کە گەیشتبینە شوێنی خۆمان، گەیشتبینە ئامانجێک. لاس بە بیستنی وشەی فرێزەر لە ناخی خۆیدا هەڵوێستکەیەک دەکات و هەست بە سەرمایەکی کتووپڕ دەکات. لاس لە جێگای خۆیدا بە لورفە لورفەوە دەکەوێتە ددانەچەقە و دەڵێ: ڕەقبوومەوە شتێکم بدەنێ لەبەری بکەم. کۆسان و تەلاس بە شۆکێکەوە دەچنە لای لاس و نازانن چیبکەن. کۆسان دەڵێ: هەر بەیانیی، کە لە خەو هەڵستا پێوەی دیار بوو. تەلاس دەڵێ: چیی پێوە دیار بوو؟ کۆسان دەڵێ: ئەنفلۆنزا، ئەنفلۆنزای هاوینە. لاس لە بەیانییەوە وڕێنە دەکات و باس لە ڕوودانی شتێک دەکات، کە ڕووی نەداوە. تەلاس بە ترسێکەوە دەڵێ: باشە ئێمە لەم دارستانەدا ئەنفلۆنزایەکی هاوینە بەچیی چارەسەر بکەین؟ لە چڕیی ئەم دارستانەدا ئێمە ئەنتی بیۆتیکەیەکمان لەکوێ دەستبکەوێت. لاس بە لورفەی تەزیینەوە دەڵێ: ئێوە دەبێت فێربن وەک نیچە لە لوتکەدا بژیین، فێربن بازنەیەک بەدەوری خۆتاندا دروستبکەن، فێربن سەربکەون بەرەولوتکە، ئەوانەی بۆ کووشتن دواتاندەکەون لێرەدا لەسەرمایاندا ڕەقدەبنەوە. فێربن شاخ بە دەوری خۆتاندا لێبدەن، شاخی بەفریین، کە تێیدا ئایین، ڕەوشت، کلتوور، خودا و پارە تێیدا ڕەقبێتەوە. مرۆڤ نەوەی هەسارەیەکی ترە، کاری مرۆڤیش گەڕانەوەیە بۆ

ڕەچەڵەکی خۆی. کۆسان و تەلاس تووشی سەرسووڕمانێکی گەورە دەبن خێرا "کیسەی خەو"ەکەی لاس لەسەر تەختاییەک ڕادەخەن و لاسی تێدەکەن. کۆسان و تەلاس لە تەنیشتیەوە دادەنیشن و چاوەڕێدەکەن، کە لاس کەمێک گەرمی بێتەوە. بەدەم لورفە لورفەوە پاش ماوەیەک لاس خەوی لێدەکەوێت، کۆسان و تەلاس لە خەمێکی گەورەدان و ترسیان هەیە لە چڕیی دارستانێکی ئاوهادا لاس لەدەستبدەن. کات دەگاتە دەمەو دوانیوەڕۆ کۆسان تەماشایەکی لاس دەکات و دەڵێ: تەلاس پێموایە لاس چیدی سەرمای نییە. تەلاس دەستێک دەخاتە سەرنێوچەوانی لاس و بە خەندەیەکەوە دەڵێ: پلەی گەرمای لەشی نۆرماڵە، پێدەچێت چاکبووبێتەوە. کۆسان دەڵێ: دەبا هەڵیبستێنین لە خەو و بڕۆین. تەلاس دەڵێ: نا پێمباش نییە. باشترە لێرەدا بمێنینەوە، سبەینێ دەکەوینە ڕێگا. کۆسان بە هەناسەیەکی قوڵەوە دەڵێ: بەهیوام وابێت، دەنا ئەگەر لاس ئەنفلۆنزای گرتبێت، ئەوا بەدڵنیایی وەک سەفەرەکەی موسا دەبێت چل ڕۆژ بەڕێگاوە بین.

لاس لە هۆڵێکی دانیشتندا لەسەر تاکێ قەنەفەی ڕەشی چەرم دانیشتووە.



هۆڵێکی دیوار ڕەنگ سپیی، دوو تاک پەنجەرەی گەورە، کە دەڕوانن بەسەر دەریادا. لاس لەسەر قەنەفەکەی خۆیەوە چ دەڕوانێتە دەریا و فڕیینی نەورەس و مەلە ئاوییەکان، چ بە سەرسامییشەوە تەماشای ئەو نامە لە چوارچێوە گیراوانە دەکات، کە بە دەستووخەتی

خۆی نووسراون و واژووی خۆی لەسەرە. دەنگی موسیکی ڕیشارد ڤاگنەر (تریستان و ئیسۆلدە) لە هۆڵەکەدا بە کزیی دەگاتە گوێی لاس. لاس سەرنج دەدات بزانێت دەنگەکە لەکوێوە دێت. لە گۆشەیەکدا ستریۆیەکی ڕەشی بارییک دەبینێت لە تەنیشتیەوە وێنەیەکی خۆی و ئەفرۆدیتە. لاس لە واق وڕماندا هێزی نییە لە جێگای خۆی بەرزبێتەوە. لەناکاودا دەرگای هۆڵەکە دەکرێتەوە، ئەفرۆدیتە بە جلێکی سپیی ئاوریشمەوە دێتە ژوورەوە، لاس سەرتاپای بە سەرسامیی دادەپۆشرێت، چاوەکانی زەق، دەمی کەمێک بە کراوەیی. ئەفرۆدیتە دەڵێ: ها باوانم دەڵێی لە مێژە نەتدیوم، بۆچیی ئاوها واقت وڕماوە؟ لاس هیچ وشەیەکی لە دەم بۆ نادێتەدەرێ. ئەفرۆدیتە لەسەر کۆشی لاس دادەنیشێت و ماچێکی ناودەمی لاس دەکات و دەڵێ: لاس گیان ئێمە تەنها چل ڕۆژمان لەبەردەمدایە. لاس هیچ نقەی لێوە نادێت. ئەفرۆدیتە دەستێک بە ڕوومەتی لاسدا دێنێت و دەڵێ: لاس گیان باوانم لێرەیت؟ لاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: چلۆن ئەمە دەکەیت؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: چلۆن چیی دەکەم؟ لاس دەڵێ: چلۆن دەتوانیت لەیەککاتدا تۆ ئێستا لەگەڵ دایک و باوکتدا بەڕێگاوە بیت بۆ شوێنێکی تر یان ئێستا لەگەڵ دایک و باوکتدا لە شوێنێکی تر بیت و هەمانکاتیش لێرە لە قەڵایەکی ئاوها شاهانەدا بیت؟ ئەفرۆدیتە قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: لاس گیان من دڵنیام ڕۆژێک دادێت لەگەڵ ژیانی ئەم دوو جیهانەدا ڕادێیت، کێشە ئەوەیە، کە تۆ هەر لە سەرەتاوە یەک جیهانت چ دیوە و چ ناسیوە، هەر لە سەرەتاوە باوەڕت تەنها بەو جیهانە دیارە بووە، کە تێیدا ژیاویت، لێ لە نادیاردا جیهانگەلێکی تریش هەیە، کە جێگای چ باوەڕ و چ تێگەیشتنی مرۆڤ نییە. تۆ وەک شاعیرێک دەبێت لەپێش هەموو کەسێکەوە درک بە جیهانە نادیارەکان بکەیت، تۆ خۆت دەزانیت، کە خوێندنەوە پردێکە بۆ گەیشتن بە جیهانە نادیارەکان. لاس لەناکاوێکدا لە نائاگاییدا دەستێک دەکاتە ملی ئەفرۆدیتە و دەم دەکاتە دەمیەوە و ماچی دەکات. ئەفرۆدیتە بە بزەیەکەوە دەڵێ: ئەمەم پێخۆشە ئێستا دەزانم، کە دەتەوێت لە ڕێگای ئەم ماچەوە بزانیت، کە خەون نابینیت بەڵکوو لە ڕاستییدا لەلای منیت. لە چل ڕۆژدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی دروستدەبێت، لە چل ڕۆژدا هەلومەرجێک دێتە کایەوە بۆ بیرکردنەوە، ئەم چل ڕۆژە قوربانیی دەوێت، پێدەچێت نزیکترین کەسی تۆ بێت، لە چل ڕۆژدا تۆ دەبێت بگەیت بە من. لاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە لە چل ڕۆژدا کۆتایی بە هەموو شت بهێنین؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە. لاس دەڵێ: گەیشتنە لای تۆ لە هەر کوێیەک بیت، ڕازییکردنی دایک و باوکت، خوازبێنییکردنت، گواستنەوەت. ئەفرۆدیتە دەڵێ: هەموو شت. لاس دەڵێ: لێ هەموو ئەمانە بە چل ڕۆژ ناکرێت. ئەفرۆدیتە دەڵێ: سەرەتای ئەو چل ڕۆژە دەستپێنەکردووە. لاس دەڵێ: کەی دەستپێدەکات؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: کە کاتی خۆی هات. لاس دەڵێ: دەستپێکردنی ئەو چل ڕۆژە لە هەرکاتێکدا بێت هێشتا هەر چل ڕۆژ بەشی تەواوکردنی ئەم کارانە ناکات. ئەفرۆدیتە دەڵێ: دەبێت بکرێت. لاس دەڵێ: لێ ئەمە خەونە، دەنا کارگەلێکی ئاوها بە چل ڕۆژ مەحاڵە. ئەفرۆدیتە دەڵێ: لێ ئەمە خەون نییە، لاس دەڵێ: با خەونە. ئەفرۆدیتە

**دەڵێ: نا خەون نییە، لاس دەڵێ: با خەونە، ئەی قوربانییەکە کێیە؟ لەناکاودا کۆسان دەستدەخاتە سەرنێوچەوانی لاس و دەڵێ: لاس گیان منیش دەزانم خەونە بەساقە، لێ نازانم قوربانییەکە کێیە و حەوسەڵەی ئەم ئەنفلۆنزایەمان لەم دارستانەدا نییە، من ئەنتی بیتۆتیکەت لەکوێ بۆ بێنم؟ لاس بەدەم خەوەوە دەڵێ: ئەمە خەونە. کۆسان دەڵێ: ئاو ڕاستە ئەمە خەونە. تەلاس لەولاوە بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: کۆسان گیان چیبکەین؟ بەڕاستیی من خەریکە تەواو تەواو تووشی خەم دەبم، لاس پێویستی بە دکتۆر هەیە. کۆسان هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: دەزانم تەلاس گیان، بەڵام خۆشبەختانە تای نییە، پێدەچێت ئەگەر ماوەیەکی تریش بخەوێت وڕێنەکەشی نامێنیت.**

**بەرەبەیان لاس تێر خەو دەبێت و لەناو کیسە خەوەکەیدا دێتەدەرەوە و بە دارستانەکەدا بە پیاسە دەڕوات و لە چاو وندەبێت. پاش نزیکەی کاتژمێرێک کۆسان لە خەو هەڵدەستێت و تەماشای کیسە خەوەکەی لاس دەکات و ترسێک دایدەگرێت، تەماشای ئەملاوئەولای خۆی دەکات لە هیچ شوێنێکەوە لاس نابینێت. بە پەلە تەلاس لە خەو هەڵدەستێنێت و دەڵێ: لاس دیار نەماوە. تەلاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: بۆ کوێ چووە؟ کۆسان دەڵێ نازانم. هەردووکیان هەڵدەستنە سەرپێ و هەریەکەیان بەرەو ئاڕاستەیەکی جیاواز هاوار دەکەن لاس، لاس. لە دوورەوە دەنگێک بەرزدەبێتەوە و دەڵێ: ئەوەتام لێرە، وەرن شتێکی سەیرتان پیشان بدەم. کۆسان و تەلاس ڕادەکەن بەرەولای لاس هەتا ئەو شتە سەیرە ببینن، کە لاس دەیەوێت پیشانیان بدات. دەگەنە لای لاس، کە دەبینن، کەڵەشێرێکی باڵابەرزی ڕەنگ سووری کڵاوبەسەر، گەردن پڕ پەڕ وەکئەوەی بڵێی ڕیشی هێشتبێتەوە، کلک ڕەشی پەڕلەپێ لەلای لاسەوە ڕاوەستاوە. چقەکانی کەڵەشێرەکە هێندە درێژە لەکاتی ڕۆیشتندا هێندەی نەماوە بەریەکتریی بکەون. کۆسان دەڵێ: لاس ئەم کەڵەشێرە چییە و لەکوێوە هاتووەتە ئێرە؟ ئەمە کەڵەشێری پاڤلۆڤسکایایە، ڕێژەیەکی زۆر کەمیان لە جیهاندا ماوە. لاس ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ: بەیانییتان باش. نازانم، من نزیکەی کاتژمێرێک دەبێت لە خەو هەڵستاوم، هاتم پیاسەیەک بکەم، ئەم کەڵەشێرەم بینی، ئیدی بەدیاریەوە دانیشتم، هەستدەکەم تەواوی ئەو کاتژمێرە قسەی لەگەڵدا کردووم. کۆسان دەڵێ: سەیرە کاری کەڵەشێر خوێندنە لە بەرەبەیاندا، لێ من گوێم لە دەنگی هیچ کەڵەشێرێک نەبووە بخوێنێت. لاس دەڵێ: منیش گوێم لێ نەبووە بخوێنێت، لێ ئەوەتا لەبەردەمماندا ڕاوەستاوە. تەلاس دەڵێ: لەوانەیە خوێندنی بیرچووبێتەوە. کۆسان دەڵێ: کوڕینە پێدەچێت لەم نزیکانەی ئێمەدا ئاوایی هەبێت، من پێمباشە لێرەدا نەمێنین و بڕۆین هەتا تووشی کێشە نەبووین لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچەیەدا. ئەم کەڵەشێرە واتای ئاواییی، دەنا هیچ کەڵەشێرێک نییە لە دارستاندا بژیی. لاس دەڵێ: بەڵام بیرت نەچێت ئەم دارستانە وەک دارستانەکانی تر نییە، لێرە دەبێت چاوەڕوانی هەموو شتێکی چاوەڕواننەکراو بکەیت. تەلاس دەڵێ: ئا ڕاستە وەک ئەنفلۆنزاکەی دوێنێی تۆ و چاکبوونەوە کتووپڕییەکەی ئیمڕۆت. لاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: ئەنفلۆنزا؟**

ئەنفلۆنزای چیی؟ من تەنها خەوتبووم و هیچی تر نا. تەلاس بە تەوسێکەوە دەڵێ: ئا ئا تەنها خەوتبوویت و هیچی تر نا، سەرنجێکی دەوری خۆی دەدات و حەپەساوییەکەوە دەڵێ: بڵێی ئێمە لە نزیک گووندی پاڤلۆڤۆ نەبین؟ کۆسان دەڵێ: بۆچیی پاڤلۆڤۆ؟ تەلاس دەڵێ: ئەی تۆ دەڵێی ئەم کەڵەشێرە ناوی پاڤلۆڤسکایایە، کەواتە ئێمە دەبێت لە نزیک گووندی پاڤلۆڤۆ بین لە ڕووسیادا. ئەم گووندە مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەموو ماڵێکدا کاری کوورەچێتیی و ئاسنگەریی کراوە. پەرژیینی ئاسنیین، چەقۆ، چنگاڵ، مەنجەڵ و ئەمجۆرەشتانەیان بەرهەمهێناوە. هەندێک دەڵێن ڕەگی ڕەسەنی ئەم کەڵەشێرە لە ئێرانەوە یان لە تورکیاوە هاتووەتە ڕووسیاوە. گووندی پاڤلۆڤۆ بەناوبانگبووە بۆ متووربەکردنی باڵندەکان لە یەکترییدا، جووتکردنی کەڵەشێر و مریشکە ڕەگەز جیاوازەکان کاری ئەمان بووە. ئەم کەڵەشێرەش ڕەگی کەڵەشێرێکی ئێرانیی یان تورکیی، کێ ناڵێت کوردییش نییە لە ڕەسەندا، خۆ لە تەواوی جیهاندا شتەکانی ئێمە بە تورکیی یان ئێرانیی یان ئێراکیی یان سووریی ناسراوە. بەهەرحاڵ کەڵەشێرێکی لای ئێمە و مریشکێکی ڕووسیی، کە دواکات ئەمجۆرە کەڵەشێر و مریشکەیان بەرهەمهێناوە و ناویان ناوە کەڵەشێر و مریشکی پاڤلۆڤسکایا. لاس دەڵێ: لێ پێدەچێت تووخمی کەڵەشێرێکی بوخارا و مریشکێکی ڕووسیی بێت، هەندێک چ لە ڕووسەکان و چ لە ئەوروپییەکانیش ئەو گوومانەیان هەیە لەسەر ئەمجۆرە کەڵەشێر و مریشکانە. کۆسان هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێ: دەبێت هەر ئێستا بڕۆین هیچ گفتووگۆی ناوێت، من نامەوێت چیدی لێرەدا بمێنینەوە. تەلاس دوای کۆسان دەکەوێت و دەڵێ: منیش لەگەڵتدام. لاس بە تەنیا دەمێنێتەوە و لەپڕێکدا دەڵێ: ڕابوەستن منیش دێم. بەدوایاندا ڕادەکات و کۆڵەپشتەکانیان دەکەنەوە پشتیان و دەکەونە ڕێگا.

لە قرچەی نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا لاس بەدەم ڕێگاوە دەڵێ: پێتانوایە ئەو کەڵەشێرە هی ماڵان بووبێت هاتبێتە ئەم دارستانەوە؟ تەلاس بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: کەڵەشێر و مریشک لە هەرکوێیەک دەرکەوتن بە واتای هەبوونی ئاواییی لەو ناوچەیەدا. کۆسان دەڵێ: ڕاستە، چونکە کەڵەشێر و مریشک باڵندەی ماڵیین، تەنانەت قەل و قەلەموونیش، یان کەڵەشێر و مریشکی چینیی چینیی ئەمانە چیدی لە دارستاندا ناژیین بەڵکوو لەلای مرۆڤ دەژیین. لاس دەڵێ: بەڵام بیرتان نەچێت پێدەچێت لە نیشتیمانی ئێمەدا ئاوها بێت، لێ لە شوێنگەلێکی تری ئەم جیهانەدا پێدەچێت وەها نەبێت. تەلاس دیسان بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: لەکوێ بۆ نموونە؟ لاس دەڵێ: لە خۆرهەڵاتی هیندستان ڕێژەیەکی گەورەی کەڵەشێر و مریشیکی کێویی هەیە، کە لە دارستانەکاندا دەژیین. ئەگەر ئێمە ئەو کەڵەشێر و مریشکانە ببینین هیچ لەوانەی خۆمانی جیاناکەینەوە. واتا ڕەنگ و شێوەیان وەک کەڵەشێر و مریشکە ماڵییەکان وەهان. کەڵەشێر بریتییە لە سیمبوڵی شانازیی و ئازایەتیی. تەلاس دەڵێ: دەتەوێت بڵێیت هۆی دەرکەوتنی ئەو کەڵەشێرە بە واتای شانازیی و ئازایەتیی ئێمە یاخوود چیی؟ لاس دەڵێ: پێموایە، لێ مەرج نییە ئەوە تاکە

هۆکار بێت. کۆسان دەڵێ: من پێموایە ئێمە لە نزیک ئاواییەکدا لاماندابێت و ئەو کەڵەشێرە هی ئەوان بووبێت هاتبێتە لای ئێمە. لاس ئەمجارەیان بە دەنگێکی کەمێک بڵندتر دەڵێ: با من بیرتان بخەمەوە. بیرتان بێتەوە، کە ئێمە لە سەرەتای سەفەرەکەماندا لە شوێنێکدا ڕاوەستابووین. شوێنەکە دەشتاییەکی پان و بەرین بوو، لە زۆر شوێندا گژوگیا بە گری هەتاوی گەلاوێژ زەردداگەڕابوون و وشکیانکردبوو، هەرسێکمان لە تەنیشت یەکەوە ڕاوەستابووین و تەماشای پێشەوەی خۆمانمان دەکرد. من گووتم: جوگرافیای ئەم سەفەرەمان تێکەڵەیەکە لە هەموو شت. دەشت، چیا و دۆڵ، دارستانی چڕوپڕ. کۆسان تۆ قاچێکت لەسەر زەویی دەخشاند و دەتگووت: من پێموایە هەرچیی دەشتە وا لە پشتمانەوە، ئێمە ئەومان بڕیوە، لێ ڕێگایەکی درێژ لێوانلێو لە دارستان و دۆڵ و چیا وا لەپێشمانەوەیە. پاشان من گووتم: ئەوەی لە هەموو شت گرنگترە دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە سروشت و گەش و هەوا کاریگەرێتییەکی گەورەی لەسەر کەسایەتیی و بیرکردنەوەمان دەبێت، ئێمە لەو سروشتەدا زیاتر لە سروشت نزیکدەبینەوە و دووردەکەوینەوە لە کلتوور. لە سروشتدا کلتوور نییە، ئینستینکتی ئێمە، کە ئێستا لە پلەی سفردایە لە چڕی ئەو دارستانەدا دەگاتە ئاستێکی باڵا. پاشان گووتم: پێدەچێت دێمۆنی هەریەک لە ئێمە لەو دارستانەدا لە دەرەوەی جەستەی ئێمەدا ڕۆڵێکی کاریگەر ببینێت. تەلاس با بە بیری تۆش بهێنمەوە، کە گووتت: من پێموایە دێمۆنی من دەیان ساڵی تری دەوێت هەتاوەکوو بڕیار لەسەر شێوەی خۆی بدات. من هەرچەندە تەمەنی منداڵییم تێپەڕاندووە، کەچیی دێمۆنی من تازە بە تازە لە هەڕەتی منداڵیی خۆیدا گەمە دەکات، هەندێکجار ترس بەشێوەیەک داگیری دەکات، لە کەمترین ماوەدا چەندیینجار شێوەی خۆی دەگۆڕێت. لەوڕۆژەوە هەتاوەکوو ئێستا من درکم بەوە کردووە، کە هەندێکجار ترس تۆ تەواو داگیردەکات، کەواتە تۆ ڕاستدەکەیت، دێمۆنی تۆ هێشتا بڕیاری لەسەر کەسایەتیی خۆی نەداوە. خاڵی گرنگ لێرەدا کۆسان ئەوەیە، کە تۆ ئەو کاتە بە سەرسووڕمانێکەوە گووتت: پێتانوایە هەرچیی ئەو گیاندارانەی، کە پەیوەندیی بە دێمۆنی مرۆڤەکانەوە هەیە لەو دارستانەدا بەدی بکرێن؟ من دەڵێم بەڵێ: ئەوەتا ئیمرۆ سەرلەبەیانیی ئەو کەڵەشێرەت بینیی (پاڤلۆڤسکایا) ئەوەتا ئێمە هێشتا لە ڕووسیادابن یان لەوانەیە نیشانەیەک بێت بۆ دەرچوونمان لە ڕووسیا. تۆ خۆت گووتت: لە ڕوانگەی چینییەکانەوە هەموو مرۆڤێک خاوەنی دێمۆنێکی خۆیەتی، کە پێناسی کەسایەتیی دەکات، ئەوروپییەکانیش هەمانشێوە، لێ من پێموایە چینیەکان قوڵتر لەم ڕووەوە بیریانکردۆتەوە هەتا بتوانن پێناسێکی دروستی دێمۆنەکانی مرۆڤ بکەن. تۆ خۆت گووتت: بەلامەوە سەیر نییە، ئەگەر لەم سەفەرەدا (جرجێک، کەروێشکێک، مارێک، ئەسپێک، بزنێک، کەڵەشێرێک، بەرازێک، سەگێک) بێتە سەرڕێگامان، لێ بەلامەوە چ سەیرە چ جێگای باوەڕیش نییە ئەگەر (گاکێوییەک، پڵنگێک، مەیموونێک، هەژدیهایەک) بێتە سەرڕێگامان. من ئەو کاتە گووتم: هیچ شتێک ڕێکەوت نییە، هەموو شتێک هۆکارێکی خۆی هەیە. کەواتە ئەگەر ڕۆژێک لە چڕیی ئەو دارستانەدا پڵنگێکت بینی بە ڕێکەوتی

مەزانە. من چەند هەنگاوێک ڕۆیشتمە پێشەوە و ئاوڕێکم بۆ تۆ و تەلاس دایەوە و گووتم: سەفەرەکەی ئێمە سەفەرێکی ئاسایی نییە، کەواتە چاوەڕوانی هەموو شتێکی مەحاڵ بکەن. پاشان گووتم: ڕاستتاندەوێت، من هەتاوەکوو ئێستا دیمۆنی خۆم ناناسم، خۆشحاڵم بەوەی ئەم سەفەرە هۆکارێک بێت بۆ لێکنزیکردنەوەی من و ئەو. ئیدی لە گەرمای ئەم گەلاوێژەدا پێدەچێت ڕۆحمان بگەڕێتەوە بۆ بوونیەت و ڕەچەڵەکی خۆی، ئیدی لێرەوە لە گەلاوێژدا لە ڕووناکیی نزیکدەبینەوە و دەبینەوە بە کوڕی زەردەشت و دەبینە بیرمەندی قرچەی نیوەڕۆ. کۆسان لە جێگای خۆی ڕادەوەستێت و ئاوڕێک دەداتەوە و بە سەرسووڕمانێکەوە بە لاس دەڵێ: لاس ناشێت بیر لەوە بیربکەیتەوە، کە ئێستا من بیری لێدەکەمەوە؟ لاس دەڵێ: بێگوومان. تەلاس بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: مەبەستتان چییە بیر لە چیی دەکەنەوە؟ کۆسان و لاس هەردووکیان تەماشای تەلاس دەکەن و دەڵێن: کەڵەشێر. تەلاس بە پچڕپچڕییەکەوە دەڵێ: دیمۆن؟ لاس و کۆسان هەردووکیان پێکەوە دەڵێن: بەڵێ، دیمۆن. کۆسان دەڵێ: تەلاس ئەو کەڵەشێرە ڕاستە کەڵەشێری پاڤلۆسکایا بوو، لێ هی هیچ ئاواییەک نەبوو، بەڵکوو ئەوە دیمۆن بوو. تەلاس دیسان بە پچڕپچڕیی دەڵێ: هی کێ؟ کۆسان دەڵێ: هی لاس، چونکە لاس کەڵەشێرەکەی دۆزیوەتەوە نەک من و تۆ. تەلاس دەڵێ: هەربۆیە کەسمان گوێمان لە قووقەی کەڵەشێر نەبوو. کۆسان دەڵێ: بێگوومان. تەلاس چاوەکانی زەق دەکاتەوە و دەڵێ: کەواتە ... کەواتە . لاس و کۆسان دەڵێن: کەواتە چیی؟ تەلاس دەڵێ: کەواتە لاس دوێنێ نە ئەنفلۆنزای هەبوو نە نەخۆشیش بوو. لاس بە خێرایی دەڵێ: من نەخۆش نەبووم باوەڕیشم نییە ئەنفلۆزام هەبێت یان هەبووبێت. من تەنها ماندووبووم و خەوتم و چیدی نا. تەلاس دەڵێ: چاوتان لێیە، کەواتە ڕاستە. لاس و کۆسان دەڵێن: چیی ڕاستە؟ تەلاس دەڵێ: جیهانێکی تر. لاس و کۆسان هەردووکیان تەماشای یەکتر دەکەن و پێکەوە دەڵێن: جیهانێکی تر. تەلاس دەڵێ: بەڵێ جیهانێکی تر. ئێمە پێدەچێت لەیەککاتدا لە دوو جیهاندا بژیین، لێ بێجگە لەم جیهانە باوە بیری هیچی ترمان نییە. لێبەڵێ لاس نا. لاس شتێکی ترە ئەو هەندێکجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانە نادیارە، هەربۆیە تووشی ئەو باروودۆخە دەبێت، کە ئێمە چ بە نەخۆشیی ناوی دەبەین چ بە وڕێنەش ناوزەندی دەکەین. لاس نە نەخۆشە نە وڕێنە دەکات، بەڵکوو ئەو بەشێک لەو جیهانە نادیارەی تێدا دەمێنێتەوە، کە ئێمە تێیناگەین. کۆسان دەڵێ: کەواتە دەرگای ئەو جیهانە نادیارە خەونە. لاس چەند هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەڕوات و ئاوڕێک بۆ کۆسان و تەلاس دەداتەوە و دەڵێ: دیمۆنی من کەڵەشێرە و دەرکەوتنی ئەویش بەو واتایەیە، کە من لەیەککاتدا لە دوو جیهاندا دەژییم. لێ لەسەر جیهانی دووهەم ئەو جیهانە نادیارە هیچ شتێک نازانم، بەڵکوو من گوومانێکم هەیە، کە چەند شتێک ڕوویدابێت. کۆسان و تەلاس پێکەوە دەڵێن: بۆچیی تۆ؟ لاس دەڵێ: نازانم. کۆسان و تەلاس پێکەوە دەڵێن: تۆ کێیت لاس؟ لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: هێندەی من بزانم من لاسم، لێ هیچ شتێکی تر لەسەر خۆم نازانم. کۆسان دەڵێ: بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو کەڵەشێرەوە دەتوانیت خۆت بناسیتەوە. لاس دەڵێ: کەڵەشێر. ئەو هەمیشە خاوەنی شانازیی و شکۆی خۆیەتی، ئەو

خاوەنی ئامادەگییەکی تایبەتە لەبۆ کردەکانی، ئەو خاوەنی هۆشیارییەکی ئیندیڤیدووالە، کە شانازیی پێوە دەکات. ئینستینکتی ئەو بریتییە لە چاودێرییکردن، شانازیی بە کارەکانییەوە، ئامادەبوون بۆ جەنگیین، بۆ پێشڕەوییکردن. پێرفێکتبوونی ئەو لەناو ئێمەی مرۆڤدا بووە بە نموونەیەکی ئیدیاڵ لەبۆ کارکردن. کارکردن لە پێشڕەویی و نموونەی پێشڕەوێکدا. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە کەڵەشێر بوونیەتێکە، کە خاوەنی ماستاوکردنی خۆیەتی چ لەبۆ مریشکەکانی دەوری خۆی و چ ئەو مریشکانەش، کە جوگرافیای دەستەڵاتی ئەودا نین. سەرداران زۆرجار لاسایی کەڵەشێر دەکەنەوە، چونکە کەڵەشێر لە کارکردندا چ ماندوونەناسە چ بە ویست چڕوپڕانە کارەکانی خۆی جێبەجێدەکات. ئەو پێیوایە، کە بەهۆی کارکردنی قورسەوە دەگات بە هەموو شت. لە خۆشەویستییدا بووەتە پەند لەناو مرۆڤدا. شانازیی ئەو وەهایکردووە، کە چەندیین مریشکی خاوەن شانازیی و شکۆش ڕابکێشێت بۆ خۆی. ئەو ئەوەندەی خاوەنی هاوڕێی مریشکە کەمتر هاوڕێیەتیی کەڵەشێری تر دەکات. کەڵەشێر تەنانەت هاوڕێیەکی کەڵەشێری خۆی بە زیادە دەزانێت و بە حەیتەیەکی تەنیشت خۆی ناوزەندی دەکات. ژنی کەڵەشێر شێوەیەکی ترە، ئەو پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ کەڵەشێردا دەبەستێت و دەبێتە ژنێکی پاکی کەڵەشێر. کەڵەشێر دەبێت ساڵانە بە کارەکانی خۆیدا بچێتەوە و تەماشای ژیانی دەوروبەری بکات هەتاوەکوو هەموو کێشەیەکی کتووپڕ لە خۆی دووربخاتەوە. هەر کێشەیەکیش دێتە ڕێگای کەڵەشێر ئازایانە بەرەوڕووی دەبێتەوە، ئەگەر لەو شەڕەشدا ببەزێت. لەناکاودا کۆسان بە دەنگێکی بڵند و شپرزەوە دەڵێت: ئەفرۆدیتە. لاس بە حەپەساوییەکەوە تەماشای کۆسان دەکات و دەڵێ: چیی؟ کۆسان دەڵێ: ئەفرۆدیتە. لاس چاوت بکەرەوە، تۆ کوێریت یان چیی؟ ئەو کەڵەشێرەی هاتە سەر ڕێگات نامەیەکە. تۆ خۆت باشدەزانیت، کە دایک و باوکی ئەفرۆدیتە ئامادە نین ئەفرۆدیتە بدەن بە تۆ. لێ تۆ دەبێت ئازایانە بەرەوڕووی ئەو شەڕە بیتەوە، تۆ دەبێت خۆت بۆ سەرکەوتنێک لەو شەڕەدا ئامادە بکەیت. ئەوەی تۆ پێویستە نەیکەیت دۆڕاندنە یان خۆ لادانە لەو شەڕە. ئەرکی تۆ قورسە، دەبێت ماندووبیت لە کارکردندا ئەمەش وەک خۆت دەڵێیت ڕەوشت و ستیلی کەڵەشێرە. لاس من نازانم لەو جیهانە نادیارەدا تۆ چییدەکەیت یان چ ژیانێک دەژیت، لێ بینینی ئەو کەڵەشێرە ئاگادارکردنەوەی تۆیە بۆ پڕاکتیزەکردنی ئەرکەکانت. لاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: ئەرکی چیی کۆسان گیان؟ تەلاس لەناکاو دەڵێ: لاس، کە تۆ نەخۆش بوویت. تەلاس چاوەکانی زەق دەکاتەوە و دەڵێ: مەبەستم ئەوەیە، کە ئێمە واماندەزانی تۆ نەخۆشیت، لێ تۆ دەڵێی: خەوتبوویت. بەهەرحاڵ، تۆ دەتگووت: ئەمە خەونە. کۆسانیش دەستی دەخستە سەرنێوچەوانت و دەیگووت: لاس گیان منیش دەزانم خەونە بەساقە، بەڵام حەوسەڵەی ئەنفلۆنزامان نییە. تۆ هەر دەتگووت: ئەمە خەونە. کەواتە تۆ لەو جیهانەی تریش ئامادە نەبوویت باوەڕ بەو جیهانە بکەیت، بەڵکوو بە خەونت زانیوە، هەربۆیە دەتگووت: ئەمە خەونە. لاس بیربکەرەوە لەو جیهانە چ ئەرکێکت پێسپێردراوە، کە بیکەیت؟ بینینی ئەو کەڵەشێرە بۆ تێگەیشتنی تۆیە. تۆ

ئەرکێکت لەسەرە بۆ کردن. تەلاس لە لاس نزیکدەبێتەوە و چاوەکانی لە چاوەکانی لاس دەبڕێت و توووند شانی دەگرێت و دەڵێ: لاس تەماشام بکە و بیربکەرەوە بزانە ئەرکت چییە؟ بزانە دوێنێ لە خەونتدا لەکوێ بوویت؟ تۆ لە من و کۆسان زیاتر پابەندیت بەو جیهانەوە. من و کۆسان هیچمان بیر نییە، لێ تۆ گوومانت هەیە، ئەگەر ئێمە هەر هەوڵێک لەگەڵ تۆدا بدەین، بۆئەوەی باوەڕت پێبێنین، کە هیچ شتێک نییە، ئەگەر ئێمە هەموو لێکدانەوەیەکت لێزەوت بکەین، ناتوانین ئەوەت لێزەوت بکەین، کە گوومانت هەیە. تۆ هەستێکت تێدایە، کە شتێک نۆرماڵ نییە، کە شتێک بوونی هەیە و نازانیت چییە، لێ ئێستا من پێموایە ئەو شتە جیهانێکی نادیارە و لەو جیهانە نادیارەشدا ئێمە هەرسێکمان بوونمان هەیە. لە دوێنێوە تۆ ئەرکێکت پێسپێردراوە بۆ کردن تکایە بیربکەرەوە بزانە چییە. لاس واقی وڕماوە و نازانێت چیی بکات و چیی بڵێ: لەناکاودا دەڵێ: چل ڕۆژ. کۆسان و تەلاس بە حەپەساویی دەڵێن: چل ڕۆژ؟ یانیی چیی چل ڕۆژ؟ لاس خۆی ڕادەپرسکێنێت و دەڕواتە لاوە و دەڵێ: نازانم، لێ لە بیرەوەرییمدا چل ڕۆژ هەیە. کۆسان و تەلاس تەماشای یەکتر دەکەن و پێکەوە دەڵێن: چل ڕۆژ. کۆسان دەڵێ: مێژووی چل ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلییەکان 1500 ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسا. مرۆڤ لە سەردەمی بابلییەکانەوە باوەڕی بە وێنەی ئەستێرەکان هەبووە، هەروەکوو چلۆن هەتا ئێستا چینییەکان بەکاری دەهێنن، ئەو کەڵەشێرەی لاس یەکێکە لەوان. لە میتۆلۆگیی یۆنانی کۆنیشدا هەمانشێوە قسە لەسەر وێنەی ئەستێرەکان کراوە. لێبەڵێ لەپێش بابلییەکانیشەوە مرۆڤ وێنەی ئەستێرەکانی کێشاوە، کەواتە مێژووی چل ڕۆژ لە مێژووی بابلییەکانیش کۆنترە. لەلای میسۆپۆتامیاییەکان ژمارە چل سیمبۆلە بۆ (ئێنکی). تەلاس دەڵێ: ئێنکی چییە؟ کۆسان دەڵێ: خودایەکی کۆنی سۆمەرییەکان بووە، ناوەکەی بە واتای سەرداری زەویی دێت، لێ خۆی خودای ئاوی شیرین و جەستەپێدەری هۆشیاریی بووە. کوڕی نامووو بووە. ناموو دایکیەتی و باوکی ناوی (ئەن)ە. باوکی خودای ئاسمان بووە. لەلای میسرییە کۆنەکان چل ڕۆژ پابەند بووە بە مردووەکانەوە، چل ڕۆژ دوای مەرگی مرۆڤێک. میسرییەکان خاوەنی ئۆسریسی خواوەند بوون بۆ ئەم چل ڕۆژەی دوای مەرگ. ئۆسریس هەم خواوەندە هەم دادوەر بەسەر مردووەکانەوە لەو جیهانەی تردا لە جیهانی مردووەکاندا لە جیهانی ژێر خاکدا. لە تێستێمێنتە نوێکاندا تەماشای سەفەری موسا بکە لە میسرەوە بۆ ئیسرائیل لە ڕزگارکردنی یەهوودەکاندا. موسا چل ڕۆژی پێچوو. لەلای مەسیحییەکانیش هەمانشێوە لە خاچدانی عیسا و هەڵستاندنەوە و گەڕانەوەی بۆ لای باوکی وەک کوڕی خودا. "کارهەینیی" ڕۆژی لەخاچدانی عیسایە، بە واتای خەم و پەژارەی هەینیی، کە عیسای تێدا لەخاچدرا، "کارشەممە" ڕۆژی خەمی یادکردنی ڕۆژی لەخاچدانی عیسایە، "ئۆستەریەکشەممە" ڕۆژی هەڵستاندنەوەی عیسایە، سێ ڕۆژ دوای مەرگی. عیسایە بەبێئەوەی لاشەیەک بە خاچەکەیەوە بەجێبهێڵێت، کە دەچێتە عەرشی مردووانەوە بە زیندوویێتیی. چل ڕۆژ دوای ئەم هەڵستاندنەوەیە، عیسا دەگاتە عەرشی خودا و دەگەڕێتەوە لای باوکی. ئەم ڕۆژە لەلای مەسیحییەکان ڕۆژێکی گرنگە و ئاهەنگی

بۆ دەگێڕن، ئەم ڕۆژە ڕۆژی فڕینی عیسایە بۆ ئاسمان. لەلای ئیسلامەکان چل ڕۆژ، کە بە چلە ناسراوە پابەندە بە چلەی مەرگی مرۆڤەوە، من پێموایە ئیسلامەکان لە میتۆلۆگیی میسری کۆنیان وەرگرتبێت. وەک پێشتریش گووتم: میسرییەکان ئۆسریسی خواوەندیان هەبووە بۆ ئەم چل ڕۆژەی دوای مەرگ. ئۆسریس لە جیهانی مردووەکاندا لە جیهانی ژێر خاکدا دادوەر بووە بەسەر مردووەکانەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردوون. بەڵام لاس گیان ئەم چل ڕۆژەی تۆ دەبێت چیی بێت؟ بڵێی تۆ موسایەکی نوێ نەبیت، کە پێویست بێت بە چل ڕۆژ ئێمە بگەیەنیتە شوێنی خۆمان. تەلاس دێتە قسە و دەڵێ: سەفەرەکەی ئێمە لە چەند ڕۆژێکی تردا کۆتایی پێدێت. ئەی بڵێی لە چل ڕۆژی تردا پێویست بکات بگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمان؟ لاس دەڵێ: ئەوە کارێکی مەحاڵە. تەلاس دێتە ناوەڕاستی کۆسان و لاسەوە و دەڵێ: ئەی لەبۆ شەیتان ئەم چل ڕۆژەی تۆ چییە؟ لاس پشت دەکاتە کۆسان و تەلاس و تەماشای ئاسمان دەکات و دەڵێ: من دەبێت خەونی تر ببینم و هەوڵبدەم لە خەونەکانمەوە نهێنیی تازە لەگەڵ خۆمدا بهێنمەوە. لاس دیسانەوە ڕوو دەکاتەوە کۆسان و تەلاس و دەڵێ: تکایە با بکەوینەوە ڕێگا، سەفەری ئێمە چەند ڕۆژێکی ماوە نەک چل ڕۆژ. ئەم چل ڕۆژەی من پەیوەندیی بەم سەفەرەوە نییە. هەرسێکیان دەکەونە ڕێگا و لە چاو وندەبن.

**دەمەو ئێوارەیەک ئاویار** لەبەردەمی مزگەوتی گەورەدا لەلای عەرەبانەیەکەوە ڕاوەستاوە و خەریکی هەڵبژاردنی تەماتەیە. لەناکاودا لە دواوە دەنگە دەنگ لەنێوان چەند پۆلیسێک و چەند عەرەبانچییەکدا بەرزدەبێتەوە و یەکێک لە عەرەبانچییەکان لەلاوە بێئەوەی هیچ کامێک لە پۆلیسەکان درکی پێبکەن تای تەرازوویەک دەکێشێت بەسەری پۆلیسێکیاندا. پۆلیسەکە سەربرۆی قڵیشێکی تێدەکەوێت و خوێنێکی بەخوڕی لێدێتەدەرەوە. عەرەبانچییەکان شڵەژانیان تێدەکەوێت، ئیدی هەرچییەک بەردەستیانبکەوێت دەیکێشن بە پۆلیسەکاندا و دەڵێن: ئاخر سەگبابینە ئەگەر پاڵ بە عەرەبانەوە نەنێین بەچیی ژن و منداڵانمان بەخێوبکەین؟ ئاویار بە پەلە تەماتە دەکاتە کیسەیەکەوە و کابرای عەرەبانچییش دەڵێ: کاکە گیان بەسە دەبێت خێرا خۆم قووتار بکەم. ئاویار دوا تەماتە دەکاتە کیسەکەیەوە و دەیەوێت پارە بدات لەناکاو لەو کاتەدا، کە ئاویار پارەکە بەدەستیەوە درێژ دەکات بۆ عەرەبانچییەکە و هەرئەوەندەی سەری نووکی پەنجەی بەردەستی عەرەبانچییەکە دەکەوێت تای تەرازوویەک دەکێشرێت بە پشتی سەریدا. ئاویار کیسە تەماتەکەی لەدەست دەکەوێتەخوارەوە و کابرای عەرەبانچیی بە خێرایی پاڵدەنێت بە عەرەبانەکەیەوە و هەوڵی خۆدەربازکردن دەدات. ئاویار بێجگە لە هەستکردن بە ئازاری سەری گوومان لەوە ناکات، کە خوێنێکی زۆر لە پشتی سەری دەڕوات هەتا ئەو کاتەی خوێنەکە بە پشتەملییدا دێتەخوارەوە و پشتەملی تەڕ دەکات. ئاویار هەست بە گەرمیی خوێنەکە دەکات و دەست دەبات بۆ پشتەسەری و دەستی

دەهێنێتەوە پێشچاوی خۆی. دەستەکەی تری دەبات بۆ پشتی سەری و ئەویش دێنێتەوە پێشچاوی خۆی. ئاویار هەردوو دەستی خوێناویی خۆی بە کراوەیی لەبەر چاویدا ڕاگرتووە و بە حەپەساوییەوە تەماشایان دەکات. پۆلیسێک لەولاوە دەستە خوێناوییەکانی ئاویار دەبینێت و قۆناغە تفەنگێک دەکێشێت بەسەر سنگی ئاویاردا و دەڵێ: پێشمکەوە هیچ و پووچ. ئاویار دەکەوێت بەلادا و دەڵێ: ڕێزی خۆت بگرە، هیچ و پووچ خۆتیت. پۆلیسێکی تر لەولاوە دێت و دەڵێ: چەند خوێن لە بڕۆی غەریب ڕۆیشتووە دەبێت ئەوەندەش لە هی هەمووتان بڕوات بە قۆناغە تفەنگ و شەق دەکەوێتە سەروگوێلاکی ئاویار. قەرەباڵغییەک لەسەر ئاویار دروستدەبێت. شەڕی عەرەبانچیی و پۆلیسەکان هەتا بێت گەرمتر دەبێت. ئەو عەرەبانچییەی شانسی هەبووبێت عەرەبانەکەی دەرباز کردووە و ڕۆیشتووە، هەندێکیان میوەکانیان قڵپکراونەتەوە و بەس عەرەبانەکانیان بۆ دەرچووە. هەر پۆلیسە و بەبێئەوەی بزانێت چ باسە دێتە لای ئاویار و شەقێک یان قۆناغە تفەنگێکی پێدادەکێشێت. بەشێوەیەک خوێن لە دەمووچاوی ئاویار دێتەدەرەوە، کە هیچ کەسێک نەزانێت خوێنەکە لەکوێوە دێت. قوڕولیتەی ئەو ناوە وەها تێکەڵی دەمووچاوی برییندارێ ئاویار بووە ، کە ئاسان نەبێت شوێنی برینەکانی ببینێتەوە. ئاویار لەوسەر زەوییە لەناو لیتاو و تەماتە و سەوزە و میوەی فلیقاوەدا کەوتووە. بەرپرسێکی پۆلیسەکان دێت و دەڵێ: هەڵیگرن بیکەنە پیکئابەکەوە بیبەن بۆ بنکە. دوو پۆلیس ئەملاوئەولای ئاویار دەگرن و هەڵیدەستێننە سەرپێ. لیتاو و خوێن بە دەمووچاوی ئاویاردا دێتەخوارەوە. دەمووچاوی ئاویار لە چوار پێنج لاوە بە شەق و قۆناغە تفەنگ تەقیوە و خوێنێکی بەخوڕی لێدێتەدەرەوە. خوێنەکە قوڕولیتەی دەمووچاوی دەشواتەوە و شوێنی برینەکان ئاشکرا دەکات. عەرەبانچییەک بە دەستی دوو پۆلیسەوە بەلای ئاویاردا تێدەپەڕێت و تەماشای ئاویار دەکات و بە پۆلیسەکان دەڵێ: ماڵوێران خۆم چیتان لەو گەنجە جوانە کردووە، کوڕە ویژدانتان هەبێت خۆ دەڵێی نازییەکانی نۆی نۆڤێمبەری ساڵی 1938تن و ئەویش جولەکەیەکی بێتاوان و بێدەستەڵات. پۆلیسێکیان چەپۆکێک دەکێشێت بە پشتەسەری عەرەبانچییەکەدا و دەڵێ: دەمتدابخە هەتیوو، تۆی عەرەبانچیی چووزانیت نازیی و جولەکە چییە؟! لەگەڵ پۆلیسکەی تردا فڕێیدەدەنە پشتی پیکئابێکەوە و عەرەبانچییەکە دەڵێ: ڕاستەعەرەبانچییم بەڵام کۆمەڵناسییم لە ساڵی 1987دا لە بەغداد تەواوکردووە. پۆلیسێکی تر دێت چەپۆکێک دەکێشێت بە پشتی عەرەبانچییەکەدا و دەڵێ: دەمت دابخە وەختی قسەی زل نییە، دەنا منیش پێتدەڵێم: پێشمەرگەی کۆنم. دوو پۆلیسی تر دێن ئاویار بە سەر و دەمووچاوی شکاوەوە دەخەنە پیکئابەکەوە. پۆلیسێکی تر دێت بە دوو پۆلیسەکە دەڵێ: کە ئاویار دابگرن و بیخەنە پیکئابێکی تایبەتەوە و بە تەنها بیبەن. پۆلیسێکی تر بە تراکتۆرێکەوە دێتە مەیدانەکەوە، چەند پۆلیسێکی تر ئەو عەرەبانانە دەخەنە پشتی تراکتۆرەکەوە، کە لە کاسپکارەکانیان گرتووە. عەرەبانەکان هەرلەوێدا دەشێکێن و پارچەکانیان فڕێدەدەنە پشتی تراکتۆرەکەوە. چەند پۆلیسێکی تر پەلی دوو عەرەبانچیی

تریان گرتووە و دەیانخەنە پشتی پیکئابێکی ترەوە و ئامادەیان دەکەن بۆ بردن. پاشماوەیەک گۆڕەپانەکە چۆڵدەبێت و پۆلیسەکانیش دەکشێنەوە و دەڕۆنەوە بنکەکەی خۆیان.

لە بولێڵی هەمان ئێوارەدا لە ئاسایشی سلێمانییدا لە هۆدەیەکی بچووکی تارییکی پۆخڵدا ئاویار لەسەر زەویی ڕاکشاوە. خوێنی مەیوو و خوێنی وشکبۆوە بە ڕووخساریەوە دەمووچاویان تێکداوە. هەردوو سەربرۆی تەقیوون، ئەڵقەیەکی سووری تارییک دەوری چاوەکانیانداوە، لێوەکانی تەقیوون و خوێنی وشکبۆوە پێوەی ڕەنگی ڕەش و مۆر کردوون. برینێکی گەورە لەسەر لای ڕاستی ژێر چاویدایە، کە زۆرترین خوێنی لێدەڕوات. پۆلیسێک دێتە ژوورەوە و شەقێک لەبەر سکی ئاویار هەڵدەدات و دەڵێ: هەستە سەرپێ بەڕێوەبەری ئاسایش داوات دەکات. ئاویار هێزی نییە هەڵبستێتەسەرپێ، پۆلیسەکە شەقێکی تری تێهەڵدەدات و دەڵێ: پێتدەڵێم هەڵبستە سەرپێ. ئاویار بە دەنگێکی نزم دەڵێ: ئەگەر دەستم بگریت و یارمەتییم بدەیت هەڵبستم باشترە لەوەی شەقم تێهەڵبدەیت، کە ئازارم زیاتر دەکات. پۆلیسەکە بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: گەمژە تۆ لە زیندانی ئاسایشی سلێمانییت نەک لە نەخۆشخانە. ئاویار هێز دەداتە خۆی هەڵدەستێتەسەرپێ، پۆلیسەکە دەڵێ: پێشمبکەوە. ئاویار دەڵێ: ڕێگا پێنازانم. پۆلیسەکە دەڵێ: خۆم پێتدەڵێم چلۆن بڕۆیت. ئاویار لە هۆدەکەی دێتەدەرەوە، پۆلیسەکە دەرگای ژوورەکەی ئاویار دادەخات و پێیدەڵێت، کە لە کوێوە بڕوات. پاش کەمێک دەگەنە بەردەم ژووری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیی. پۆلیسەکە لە دەرگا دەدات و دەنگێک لەو دیوەوە دەڵێ: فەرموو وەرە ژوورەوە. پۆلیسەکە دەچێتە ژوورەوە، سالوتێک بۆ بەڕێوەبەری ئاسایش دەکات و دەڵێ: گەورەم دەستگیراوەکەم لەسەر داوای خۆت هێناوە. بەڕێوەبەر دەڵێ: بیهێنە ژوورەوە. پۆلیسەکە سەرێک دەباتە دەرەوە و بە ئاویار دەڵێ: وەرە ژوورەوە. ئاویار دەچێتە ژوورەوە و بەڕێوەبەر بە پۆلیسەکە دەڵێ: تۆ بڕۆ دەرەوە تا ئەو کاتەی بانگتدەکەمەوە. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: دەمووچاوت لەلام نامۆ نییە، هەستدەکەم جارێک تۆم دیبێت. چەند هەنگاوێک لە ئاویار دێتەپێشەوە و دەڵێ: یەکتر دەناسین؟ ئاویار بە دەنگێکی شەکەتەوە دەڵێ: لە ژیانمدا هاوڕێی هیچ بەرپرسێک نەبووم و هیچ بەرپرسێکیش ناناسم. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: ئەی بۆچیی من هەستدەکەم، کە ئێمە یەکتر بناسین؟ ئاویار دەڵێ: چونکە ماوەیەک پێش ئێستا لە شەوێکدا پۆلیسەکانتان من و ئەنوای قوربانیی کارەساتی هەڵەبجەیان لەبەردەم مزگەوتی گەورەوە بەشەق هێنا بۆ لای بەڕێزتان. تاوانی ئەنوا ئەوە بوو، کە ئازارەکانی جەستەی لەناوەوە ئەنوای ورد ورد دەکرد و لە دەمیەوە دەیهێنایە دەرەوە، مەلاکانی مزگەوتی گەورە و پۆلیسەکانی بەڕێزتان لایان وەهابوو، کە ئەنوا بە ڕۆژ ئەلکهول دەخواتەوە و بە شەویش لەبەردەم مزگەوتی گەورەدا دەڕشێتەوە. من بەڕێکەوت ئەنوام بینی و تەنها ویستم یارمەتییبدەم، ئیدی منیش کەوتمە داوی مەلا و پۆلیسەکانیەوە. لێرە جەنابتان ئازادتانکردین. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ:

ئەها ڕاستە ئێستا بیرمکەوتەوە، ئەی ئێستا ئەنوا چۆنە؟ ئاویار چەند جارێک دەکۆکێت و بە دەنگێکی گڕ وەکئەوەی بڵێی تۆپەڵێک خوێن قورگی گرتبێت دەڵێ: زۆر باشە، لە ماڵی ئێمە دەژیی، باوکم هەوڵی بۆداوە بگاتە ئەوروپا بۆ چارەسەری برینەکانی. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: چلۆن؟ بە قاچاغ؟ ئاویار دەڵێ: نەخێر. دۆستێکی باوکم بازرگانێک و پارەدارێکی گەورەیە، ئەو لە ڕێگای تورکیاوە بەردەوام خەریکی هێنانی کەلوپەلە لە تورکیا و ڕۆمانیا و پۆڵۆنیا و بولگاریاوە، بەنیازە جارێک لەگەڵ خۆی بیبات بۆ پۆڵۆنیا و لەوێوە بە قاچاغ بینێرێت بۆ ئەڵمانیا، ئیدی لەوێ هەم دەتوانێت داوای پەناهەندەیی بکات و هەمیش چارەسەری برینەکانی بکات. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: کارێکی باش دەکات ئەو هاوڕێیەی باوکت. ئێستا پێمبڵێ تۆ بۆچیی دەستگیرکراویت؟ پۆلیسەکان دەڵێن: گوایە برۆی پۆلیسێکت تەقاندووە، کە ناوی غەریب ساڵحە. ئایا ڕاستە، کە تۆ برۆی ئەوت تەقاندبێت؟ ئاویار دەڵێ: ئاخۆ ئەو پۆلیسە یان هیچ پۆلیسێکی تر منیان دیوە، کە من برۆی ئەوم تەقاندبێت؟ بەڕێوەبەرەکە بە سەرنجێکەوە دەڵێ: نازانم بۆ من تۆ لە کەسێکی توندڕەو و سادیست ناچیت، بەڵام دەمەوێت قسەی دەمی تۆش ببیستم. ئاویار دەڵێ: من چووم تەماتە بکڕم، من کیسەکەم بەدەستەوە بوو و خەریکی ئەوە بووم پارەکەم بدەم بە کابرای عەرەبانچیی، هێندەمزانی لەدواوە شتێک کێشرا بە پشتەسەرمدا، کیسەکەم لەدەست کەوتەخوارە و دەنگی تای تەرازوویەک لەبەرپێم هەڵستا. دەستمبرد بۆ پشتی سەرم و هێنامەوە پێشچاوم، تەماشامکرد خوێنە، دەستەکەی ترم برد بۆ پشتی سەرم و هێنامەوە پێشچاوی خۆم تەماشامکرد خوێنە. ئیدی لەناکاودا هەر پۆلیس بوو دەهات و بە بۆکس و شەق و تفەنگ دەکەوتە سەروگوێلاکم. ئەمە چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەم ئێوارەیەی منە لەلای عەرەبانچییەکان. بەڕێوەبەرەکە هاوارێک دەکات و دەڵێ: ڕێبوار. دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە و پۆلیسەکەی، کە ئاویاری هێنا سالوتێک دەکات و دەڵێ: بەڵێ گەورەم. بەڕێوەبەر دەڵێ: بڕۆ ئەو گرووپەی، کە ئەم ئێوارەیە چوون بۆ دەرکردنی عەرەبانچییەکان هەموویان لە هۆدەی کۆبوونەوەدا کۆبکەرەوە و ئێستا خۆشم دێمە لاتان. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: تۆ لێرە لەسەر ئەو کورسییە دابنیشە و پاش کەمێک خۆم دێمەوە لات. پۆلیسەکان هەموویان لە هۆدەی کۆبوونەوە ئامادەن، بەڕێوەبەری ئاسایش خۆی دەکات بە ژووردا پۆلیسەکان هەموو لەبەری هەڵدەستن و سالوت دەکەن. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: کێتان ئەم ئیوارەیە بە چاوی خۆی بینی، کە ئاویار واتە ئەو کوڕەی، کە ئەم ئێوارەیە بە دەمووچاوی شکاوەوە هێناوتانە بۆ ئێرە، دەست لە غەریب ساڵح بوەشێنێت و برۆی بتەقێنێت؟ کەس لە پۆلیسەکان وەڵامنادەنەوە. بەڕێوەبەرەکە یەکەیەکە دەستنیشانی پۆلیسەکان دەکات و دەڵێ: تۆ بینیت؟ نەخێر گەورەم. ئەی تۆ بینیت؟ نەخێر گەورەم. ئەی تۆ؟ نەخێر گەورەم. تۆ نەخێر گەورەم. پاشان بەڕێوەبەر بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: ئەی پێمناڵێن بە چ مافێک سەروگوێلاکی ئەو گەنجەتان شکاندووە؟ یەکێک لە پۆلیسەکان دەڵێ: گەورەم هەردوو دەستی خوێناویی بوو؟ بەڕێوەبەرەکە بە دەنگێکی بڵندتر دەڵێ: لێ هەموو کات دەستی خوێناویی واتای کردنی تاوان نییە، بەڵکوو

زۆرداریپلێکردنیشە. بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: کێتان دەستی لە ئاویار نەوەشاندووە؟ کەس وەڵامناداتەوە. بەڕێوەبەرەکە بە تووڕەبوونێکەوە دەڵێ: ئێوە ئاوێنەیەکتان شکاندووە، کە چاککردنەوەی مەحاڵە. ئەگەر پێکیشیەوە بنووسێننەوە هەر پارچەیەکی ڕەنگی تاوانێکی ئێوە نیشاندەدات. ئێوە لە کەسێکی بێتاوانتانداوە، ئێوە کەسێکی بێتاوانتان دەستگیرکردووە. پۆلیسێکیان دەڵێ: گەورەم ئەگەر بێتاوانە بۆچیی ئازادی ناکەن؟ بەڕێوەبەرەکە دەڵێ: ئەی گەمژە ئەگەر بێتاوانە ئێوە چلۆن بەوشێوەیە زامداری دەکەن و دەیهێنن بۆ ئێرە؟ ئێوە ئاگرێکتان کردۆتەوە، کە بەم نزیکانە خۆتان دەسووتێنێت. هەلومەرجێکی لەبار بۆ تەقینەوەی شەقام دژ بە دەسەڵات لە ئارادایە، ئازادکردنی ئاویار بەوشێوەیە واتای کۆکردنەوەی بەشێکی گەورەی خەڵکییە لەبەردەم پارێزگار و ئاسایشی سلێمانییدا. پۆلیسێکی تر دەڵێ: ئەی چار چییە؟ بەڕێوەبەر دەڵێ: چارە ئەوەیە، ئێمە دەبێت بە تەندروستییەکی باشەوە ئاویار بنێرینەوە بۆ ماڵەوە. پۆلیسێک دەڵێ: ئینجا گەورەم هەتا ئەو برینانە چاکدەبنەوە ئاویار لە زینداندا چلەی دەچێت. بەڕێوەبەرەکە بە تووڕەبوونێکەوە دەڵێ: سووپاس بۆ ئێوەی گەمژە و گێل، کە کێشەکانمان زیاتر دەکەن کەمتری ناکەن. بەڕێوەبەرەکە بەجێیاندەهێڵێت و لەناو دەرگاکەدا هەڵوێستکەیەک دەکات و دەڵێ: بڕۆنەوە جێگای خۆتان. دەچێتە هۆدەیەکی تر لەسەر دەرگاکەی نووسراوە ڕاوێژکاری یاسایی. پیاوێکی تەمەن نزیکەی پەنجا ساڵە لەبەر بەڕێوەبەر هەڵدەستێت و دەڵێ: کاک یووسف فەرموو. بەڕێوەبەر دەڵێ: هەڵکەوت کێشەیەکی گەورەم هەیە دەبێت یارمەتییم بدەیت. ڕاوێژکار دەڵێ: کێشەی چیی؟ بەڕێوەبەر دەڵێ: کێشەی ئەو گەنجەی ئەم ئێوارەیە پۆلیسەکان سەروگوێلاکیان شکاندووە، گەنجێکی بێتاوانە، من ناتوانم ئاوها بەو هەموو برینەوە ئازادی بکەم، سبەینێ تەواوی شارمان لێ هەڵدەستێت. ڕاوێژکار دەڵێ: ئەی چارە؟ بەڕێوەبەر دەڵێ: دەبێت تیماری بکەین و بە تەندروستییەکی باشەوە بینێرینەوە بۆ ماڵەوە. ڕاوێژکار دەڵێ: من ئەو گەنجەم بینی، برینەکانی هێندە سەختن باوەڕم نییە بە ماوەیەکی کەم چاکببێتەوە. بەڕێوەبەر دەڵێ: منیش دەزانم. لەبەرئەوە دەبێت ئەو کوڕە بۆ ماوەیەک لای خۆمان بهێڵینەوە ئەوسا بینێرینەوە بۆ ماڵەوە. بەڕێوەبەر لە ڕاوێژکار دێتەپێشەوە و دەڵێ: ئێمە زۆر کاری دزێو و نابەجێمانکردووە و خۆمان لێگێلکردووە، لێ نازانم ئەم کوڕە هەر لە یەکەمجاریەوە، کە هێنایانە ئێرە هەستێکی ترم پێدەبەخشێت و دەنگێک لە ناوەوەمدا ترسێکم لەم کوڕە بۆ پەیدادەکات. ڕاوێژکار بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: ترسی چیی؟ بەڕێوەبەر ئاوڕێکی سەرسووڕهێنەر لە ڕاوێژکار دەداتەوە و دەڵێ: نازانم، لێ ئەوەی، کە دەزانم ئەم کوڕە دەبێتە هۆی نانەوەی کێشەیەک بۆ ئێمە. ڕاوێژکار دەڵێ: لێ ئەم کوڕە تاوانکار نییە هەتاوەکوو ئێستا هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە، هەردوو جارەکەش، کە هێنراوەتە ئێرە بێتاوان بووە. بەڕێوەبەر دەڵێ: ئاخر کێشەکە ئەوەیە، کە بێتاوانە. بێتاوانیی ئەم کوڕەیە، کە ترسم تێدا پەیدا دەکات. ڕاوێژکار دەڵێ: ئێستا کوڕەکە لە کوێیە؟ بەڕێوەبەر دەڵێ: لە هۆدەکەی خۆمە. ڕاوێژکار دەڵێ: بینێرە بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش لەوێ هەتا برینەکانی چاکدەبێتەوە

ئەوسا بینێرەوە بۆ ماڵەوە. بەڕێوەبەر دەڵێ: برینەکانی بە چەند ڕۆژ چاکدەبێتەوە؟ ڕاوێژکار دەڵێ: من پزیشک نیم، لێ لەوێ دکتۆرەکان دەتوانن پێمان بڵێن. بەڕێوەبەر دەڵێ: تکایە ئەم کارە بگرە ئەستۆی خۆت، ئەو گەنجە بگەیەنە نەخۆشخانەی شۆڕش لەوێ ئاگاداریان بکەرەوە، کە کەس بۆی نییە ئەم گەنجە ببینێت و بۆشیان نییە ئازادی بکەن هەتاوەکوو برینەکانی چاکدەبێتەوە. ئەوەی، کە لە هەموو ئەم شتانە گرنگترە ئەوەیە، کە ئەو گەنجە بۆی نییە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی بکات. ئەو هۆدەیەی، کە بۆ ئەوی تەرخان دەکەن نابێت ئاوێنەی تێدابێت. ڕاوێژکار دەڵێ: تۆ لێرەبە من دەچمە لای ئەو گەنجە، لەگەڵ خۆم دەیبەمە نەخۆشخانەی شۆڕش و ئاگاداری هەموو شتێکیان دەکەمەوە. ڕاوێژکارەکە دەچێتە هۆدەی بەڕێوەبەرەکە سڵاو لە ئاویار دەکات و دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: کاک ئاویار من ناوم هەڵکەوتە بەڕێوەبەر لە کۆبوونەوەیەکی گرنگدایە و منی ئاگادارکردەوە، کە ئاگام لە تۆ بێت، تکایە لەگەڵم وەرە. ئاویار دەڵێ: بۆ کوێ؟ ڕاوێژکار دەڵێ: دەچینە خەستەخانەی شۆڕش هەتاوەکوو برینەکەی پشتی سەرت بۆ چارەسەر بکەن. ئاویار دەڵێ: لێ هەر پشتی سەرم نییە. ڕاوێژکار دەڵێ: لەوێ دکتۆرەکانمان چارەسەرت بۆ دەکەن. ڕاوێژکار و ئاویار بە لاندکرۆزەرێکی ئاسایش دەچن بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش. ئاویار لە هۆدەیەکدا دادەنێن و ڕاوێژکار دەچێتە ژووری بەڕێوەبەری نەخۆشخانە. بەڕێوەبەر لەبەری هەڵدەستێت و هەڵکەوتی ڕاوێژکار دەڵێ: ئەو گەنجەی لەگەڵ خۆم هێناومە، گەنجێکی تایبەتە کەس بۆی نییە بیبینێت، بۆتان نییە ئازادی بکەن هەتاوەکوو ئێمە لە باشبوونی تەندروستیی ئاگاردانەکەنەوە. ئەو هۆدەیەی، کە ئەوی تێدا دەبێت نابێت ئاوێنەی تێدا بێت، تەنانەت تەوالێت و دوشەکەشی نابێت ئاوێنەی تێدابێت، ئەگەر داوای ڕیشتاشینی کرد، هەموو کات سەرتاشێکی باوەڕپێکراوی خۆتان بهێنن بۆی یان پێیبڵێن هەتا ماوەیەک بۆی نییە ڕیشی بتاشێت. چوونەدەرەوەی لەگەڵ خەڵکی باوەڕپێکراوی خۆتان دەبێت. ئەو خەڵکەش نابێت هەموو کەسێک بێت. دوو کەس دابنێن، کە ئاگایان لەو بێت، دەبێت بە باشترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. بەڕێوەبەر دەڵێ: کوڕەکە لەکوێیە؟ هەڵکەوت دەڵێ: لە هۆڵی چاوەڕوانیی. بەڕێوەبەر دەڵێ: با بچین تەماشای برینەکانی بکەین. بەڕێوەبەر و ڕاوێژکار پێکەوە دەچنە هۆڵی چاوەڕوانیی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بە ڕوویەکی خۆشەوە تەوقە لەگەڵ ئاویاردا دەکات و دەڵێ: من ناوم بەهمەن هاوارە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شۆڕشم. تکایە ئەگەر بفەرموویت لەگەڵم بۆ هۆدەی تیمارکردن. هەرسێکیان پێکەوە دەچنە هۆدەی تیمارکردن، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە تەماشای برینەکانی ئاویار دەکات و دەڵێ: ئاساییە ئەمجۆرە برینانە زۆرجار تیمار دەکەین. بەڕێوەبەر ئاویار لەسەر چرپایەک ڕادەکشێنێت و برینەکانی دەمووچاوی بۆ دەسڕێت و دەڵێ: کاک ئاویار دەبێت برینەکانی سەر برۆت و برینەکەی پشتی سەرت و برینەکەی ژێر چاوت واتە لای ڕاستی دەمووچاوت یەکی بە دوو تەقەڵ بدوورینەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەرزی بەنجت لێدەدەم هەتاوەکوو هەست بە ئازاری دوورینەوەکە نەکەیت. پاش ماوەیەک بەڕێوەبەر

برینەکانی ئاویار دەدووریتەوە و ڕووخساری پاکدەکاتەوە. لە قاتی یەکەم ژووریکی تایبەت بۆ ئاویار چێدەکەن و پێیدەڵێن، کە ئەم ژوورە تایبەت هی خۆیەتی و کەسی تر نادێتە لای. بەڕێوەبەر و ڕاوێژکار هەردووکیان ئاویار بە تەنها لە هۆدەکەیدا بەجێدەهێڵن و دەڕۆنەوە ژووری بەڕێوەبەر. لەوێ بەهمەنی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بە هەڵکەوتی ڕاوێژکاری ئاسایش دەڵێ: ئەم برینانە زیاد لە مانگێکی پێدەچێت هەتاوەکوو چاکدەبنەوە. هەڵکەوت دەڵێ: زیاد لە مانگێک چەندە؟ بەهمەن دەڵێ: چل ڕۆژ. هەڵکەوت دەڵێ: لێ چل ڕۆژ ئاسان نییە گەنجێکی ئاوها بەوشێوەیە بشاریتەوە. کەسوکاری بەدوایدا دەگەڕێن، گەنجەکە خۆی پرسیار دروستدەکات، کە چییدەکات لێرە و بۆچیی بۆی نییە بڕواتەوە بۆ ماڵەوە؟ بەهمەن سەرێک لە هەڵکەوت دێنێتەپێشەوە و دەڵێ: ئێمە دەتوانین چارەسەری ئەوەش بکەین. هەڵکەوت دەڵێ: چلۆن؟ بەهمەن دەڵێ: ئێمە دەتوانین دەرزییەک لە ئاویار بدەین، کە لە نائاگاییدا بژیی، واتە بۆ ماوەیەک هەر نەزانێت چییدەکات. ئەو بەس لە ژیاندایە و هیچی تر نا. هەڵکەوت دەڵێ: چلۆن دەتوانیت دڵنیابیت، کە دەرزییەکی ئاوها بۆ چل ڕۆژ بڕدەکات؟ بەهمەن دەڵێ: کەوتۆتە سەر بەهێزیی دەرزییەکە. هەڵکەوت دەڵێ: تۆ دڵنیایت، کە ئەم برینانە بە چل ڕۆژ چاکدەبنەوە؟ بەهمەن دەڵێ: سەد لە سەد. هەڵکەوت دەڵێ: باشە لێیبدە، یان چاکترە پێشتر پرسیار لە کاک یووسفی بەڕێوەبەری ئاسایش بکەین ئەوسا ئەم کارە بکەین. تێلێفۆن بۆ بەڕێوەبەری ئاسایش دەکەن، یووسفی بەڕێوەبەر دێتەسەرخەت. هەڵکەوت دەڵێ: کاک یووسف منم هەڵکەوت، هەواڵێکی گرنگ هەیە سەبارەت بە ئاویار باشترە کاک بەهمەنی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە خۆی بۆت ڕوونبکاتەوە. بەهمەن تێلێفۆنەکە لە هەڵکەوت وەردەگرێت و سڵاو دەکات و دەڵێ: کاک یووسف من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە دەرزییەکی بیرچوونەوە لە ئاویار بدەین بۆ ماوەی چل ڕۆژ، چونکە برینەکانی چل ڕۆژیان پێدەچێت هەتاوەکوو چاکدەبنەوە. ئێمە بۆئەوەی کۆمەڵێک کێشە لە خۆمان دووربخەینەوە، کێشەی وەکئەوەی، کە ئاویار پرسیار دەکات، ئاخۆ ئەو چییدەکات لێرە؟ بۆچیی بۆی نییە بڕواتەوە و ئەمجۆرە پرسیارانە. لێبەڵێ ئەگەر دەرزییەکی ئاوها لە ئاویار بدەین، ئەو تەنها دەژیی و هیچی تر، ئەو لە نائاگاییدا دەژیی بەبێ دروستکردنی پرسیار. یووسفی بەڕێوەبەری ئاسایش دەڵێ: تۆ دڵنیایت، کە ئاویار بە چل ڕۆژ چاکدەبێتەوە؟ بەهمەن دەڵێ: سەد لە سەد. یووسف دەڵێ: بۆئەوەی لە سەد لە سەد زیاتر دڵنیابین، کە چل ڕۆژی تر چاکدەبێتەوە ناکرێت بۆی بکەیت بە چل و پێنج ڕۆژ؟ بەهمەن دەڵێ: با دەتوانین، لێ من دڵنیام هەر چل ڕۆژی پێویستە. یووسف دەڵێ: من هەستێکی ترم هەیە، پێمباشە چل و پێنج ڕۆژ بێت، تکایە هەر ئێستا کارەکەت بکە و خەمی ئەوە بخۆ، کە کەس بۆی نەبێت ئاویار ببینێت. دوو پاسەوانی تایبەت بۆ ئاویار دابنێ و بە باشترین شێوە مامەڵەی بکەن. ئەو ڕۆژەی چاکدەبێتەوە دەستێک جلی جوان و پێڵاوی نوێی لەپێبکەن، پرچی جوان ببڕن و ڕیشی بتاشن و لە ئێوارەیەکدا ببەن لە نزیک ماڵی خۆیانەوە ئازادی بکەن. بەهمەن دەیەوێت تێلێفۆنەکە دابخاتەوە و لەناکاو یووسفی

بەڕێوەبەری ئاسایش دەڵێ: دەتوانرێت چیبکرێت هەتاوەکوو ئاویار ئەم ڕۆژەی بیربچێتەوە؟ بەهمەن دەڵێ: مەبەستت ئەوەیە، کە ئەو هیچی لەبیر نەمێنێت، کە لەلایەن پۆلیسەکانی ئێوەوە تێهەڵدراوە؟ یووسف دەڵێ: بەڵێ. بەهمەن دەڵێ: کاری وا دەکرێت، بەڵام ئێمە بۆ کارێکی وا دەبێت لانیکەم هەفتەیەک لە ژیانی ئاویار لە بیرەوەرییدا بسڕینەوە. یووسف دەڵێ: بەچیی؟ بەهمەن دەڵێ: لە ڕێگای شۆکی کارەباوە دەتوانرێت بەشێک لە بیرەوەریی بسڕێتەوە. یووسف دەڵێ: بیکە. بەهمەن دەڵێ: ئاخر قوربان. یووسف دەڵێ: هیچ ئاخر و مۆخری ناوێت بیکە. بەهمەن دەڵێ: بەڵێ باش. تێلێفۆنەکە دادەخەنەوە، بەهمەن دەرزییەکە بۆ ئایار ئامادە دەکات و بە هەڵکەوت دەڵێ: با بچینە لای ئاویار. هەردووکیان دەچنەوە ژوورەکەی ئاویار و لەملاوئەولایەوە ڕادەوەستن. بەهمەن بە ئاویار دەڵێ: کاک ئاویار بۆئەوەی ئازارەکانت کەمتربێتەوە و شەویش بە ئارامیی بنوویت دەرزییەکی ئازارت لێدەدەم. ئاویار، ئەوەی بە خەیاڵیدا نەیەت ئەو شتەیە، کە لەپشت بیرکردنەوەی دکتۆر بەهمەنی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شۆڕشەوەیە، بە خەندەیەکەوە دەڵێ: لە سمتم یان لە قۆڵم؟ بەهەمەن دەڵێ: هەرکامیان بێت. ئاویار قۆڵی درێژ دەکات و دەڵێ: ئارەزووم نییە پانتۆڵم دابکەنم، فەرموو بیدە لە قۆڵم. دکتۆر بەهمەن دەرزییەکە لە قۆڵی ئاویار دەدات و دەڵێ: ئێستا بە کارمەندێکدا خواردنی ئێوارەت بۆ دەنێرمە سەرەوە، بەهیوای شەوێکی شاد بۆ جەنابتان، من دەبێت بڕۆمەوە خوارەوە بۆ کاری خۆم. ئاویار سووپاسی دکتۆر بەهمەن دەکات بۆ هاوکارییکردنی. هەڵکەوتی ڕاوێژکار دەستی تەوقە بۆ ئاویار درێژ دەکات و دەڵێ: هەرکاتێک هەرچ شتێکت پێویست بوو، کە بە ئێمە بکرێت، لە ڕێگای کاک بەهمەنەوە دەتوانیت پەیوەندییمان پێوەبکەیت، هەڵکەوت دەستی تەوقەی ئاویار دەگووشێت و لەگەڵ بەهمەندا ژوورەکە بەجێدەهێڵن و دەڕۆن.

لە خوارەوە لە هۆدەکەی بەهمەندا هەڵکەوت و بەهمەن شپرزە و سەرقاڵی ئەو بڕیارەی یووسفی بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانین. بەهمەن دەڵێ: کاک هەڵکەوت ئێمە لەپێناوی بیرچوونەوەی ڕۆژێکدا دەبێت قوربانیی بە ژیانی یەک هەفتەی ئەم گەنجە بدەین، کە پێدەچێت هەفتەیەکی گرنگ بێت لە ژیانیدا، تاوانە ئێمە ئەم کارە بکەین. هەڵکەوت دەڵێ: بەڵام ئەگەر کاک یووسف داوای کردبێت ناکرێت ڕەتبکرێتەوە، چونکە ئەو هەموو شتێکی لەپێناوی ڕاگرتنی ئاسایش و ئارامیی شاردایە. بەهمەن دەڵێ: من ئەگەر کارێکی وەهاش بکەم دەبێت کاتێک بیکەم، کە ئاویار ئاگای لێنەبێت. هەڵکەوت دەڵێ: دەرزییەکی خەوی لێبدە. بەهمەن دەڵێ: من ئێستا دەرزییەکم بەناوی دەرزی ئازارەوە لێداوە، کە خۆی بیربچێتەوە، ڕۆژانە ئاوتۆماتیک ژیانی خۆی بیربچێتەوە. ئەگەر ئێستا بچم دەرزییەکی تری لێبدەم ناڵێت ئەم دەرزییە چییە؟ هەڵکەوت دەڵێ: چووزانم بیانوویەک بدۆزەرەوە. بەهمەن دەستێک بە پرچیدا دەهێنێت و دەڵێ: مەگەر ئاوی بۆ هەڵبواسم و دەرزییەکە بکەمە ئاوەکەوە بۆی. هەڵکەوت دەڵێ: بیکە. بەهمەن لە هۆدەکەی خۆیدا دەزرییەکی خەو

دەکاتە کیسەیەک ئاوەوە و هەڵکەوت لە هۆدەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت و دەچێتەوە سەرێ بۆلای ئاویار. سڵاو دەکات و دەڕواتە ژوورەوە و دەڵێ: کاک ئاویار بۆئەوەی زووتر هێزت پێدابێتەوە بە باشمزانی لیترێک ئاوت بۆ هەڵبواسم. ئاویار دەڵێ: سووپاس بۆ خەمخۆرییت دکتۆر گیان فەرموو. بەهمەن دێتە تەنیشت ئاویارەوە و ئاوەکەی بۆ هەڵدەواسێت و بە پلاستەرێک دەرزییەکە لەسەر قۆڵی چەپی دەبەستێت و دەڵێ: بەهیوام شەوێکی ئارامت هەبێت. ئاویار دیسان سووپاسی دکتۆر بەهمەن دەکات. بەهمەن دێتەوە خوارەوە و بە هەڵکەوت دەڵێ: دەبێت نیوو کاتژمێر چاوەڕوان بکەین هەتاوەکوو ئاوەکە دەچێتە لەشیەوە و پاشانیش چەند خولەکێک چاوەڕێدەکەین هەتا خەوی لێدەکەوێت. هەڵکەوت دەڵێ: زۆر باشە تۆش هەتا ئەو کاتە دەزگا پێویستەکانی خۆت ئامادە بکە. بەهمەن دەڵێ: تۆش خەمی ئەوە بخۆ، کە ئێمە ئیمشەو کارەبامان نەکووژێتەوە، لانیکەم هەتا ئێمە کارەکەمان تەواو دەکەین. هەڵکەوت دەڵێ: خەمت نەبێت. هەڵکەوت تێلیفۆن بۆ ئاسایشی سلێمانیی دەکاتەوە و لەگەڵ یووسفی بەڕێوەبەری سلێمانیی دەکەوێتە قسەکردن و داوای لێدەکات، خەمی ئەوە بخوات، کە ئیمشەو هەتا ئەوان کارەکەیان تەواو دەکەن کارەبایان نەکووژێتەوە. نزیکەی چل خولەک تێدەپەڕێت و بەهمەن دەڵێ: کاک هەڵکەوت دەبێت بێیتە سەرەوە لەگەڵم، ئەم کارە هەردەبێت بە هەردووکمان بکرێت و لەنێوانی هەردووکیشماندا بمێنێتەوە. بەهمەن دەزگایەکی ئێلێکترۆنی قەبارە نیمچە گەورەی هەڵگرتووە و پێشی هەڵکەوت دەکەوێت و بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێت. هەڵکەوت ڕادەوەستێت و دەڵێ: تۆ برۆ من ئێستا دێم، دەبێت خەمی ئەوە بخۆم، کە هیچ کەس بۆی نەبێت بێتەژوورەوە. هەڵکەوت دەچێتە دەرەوە بۆ لای پاسەوانەکان و پێیان دەڵێ: کە ڕێگا بەهیچ کەسێک نەدەن بێتەژوورەوە هەتاوەکوو ڕەزامەندیی ئەم و دکتۆر بەهمەن وەرنەگرن. دەڕواتەوە سەرێ بۆ ژوورەکەی ئاویار. دکتۆر بەهمەن دەزگاکەی ئامادەکردووە و دەڵێ: ئاویار خەوتووە، لێ هەرپێویست دەکات، کە بیبەستینەوە. بە هەردووکیان دەکەونە بەستنەوەی ئاویار بە قەرەوێڵەکەیەوە. کابڵێکی دەزگاکە کۆتایی بە ماددەیەکی ڕەقی پلاستیکیی دێت دەیخەنە بەینی ددانەکانی ئاویارەوە، دوو کابڵی تر، کە کۆتاییان بە پارچە پلاستیکێکی خڕ دێت و لە ناوەندەکەیدا مێتاڵێکی خڕی مسی پێوەیە لەملاوئەولای سەری دادەنێن و بە قایشێکی لاستیک تووند لەسەری دەبەستن. بەهمەن و هەڵکەوت لە تەنیشت یەکەوە ڕاوەستاون و بە حەپەساوییەوە تەماشای یەکتر دەکەن. بەهمەن ئارەقە بەنێوچەوانیدا دێتەخوارەوە و دەڵێ: کاک هەڵکەوت ئێستا دەستپێدەکەم. هەڵکەوت دەڵێ: بیکە. بەهمەن دەستێکی لەسەر دەزگاکەیە و دەستەکەی تریشی بە دوگمەی داگیرساندنی دەزگاکەوەیە و بە شڵەژاوییەکەوە دەڵێ: کاک هەڵکەوت ئەم کارەی ئێستا ئێمە دەیکەین، هەندێکجار دەبێتە هۆی کووشتنی نەخۆشەکە، بۆیە وەک دکتۆرێک ئاگادارت دەکەمەوە، کە دەبێت بەرپرسیارێتیی ئەمەش وەربگریت. هەڵکەوت دەڵێ: بیکە من بەرپرسم. بەهمەن دەیەوێت دوگمەکە دابگیرسێنێت، لێ دیسان دەڵێ: ئەم کارەبایەی من ئێستا لە مێشکی ئاویاری دەدەم لەنێوانی 70 بۆ 400 ڤۆڵتدایە واتە نزیکەی 200

میلیئەمپێر هەتا 1،6 ئەمپێر واتە 1600 میلیئەمپێر. هەڵکەوت دەڵێ: بیکە. بەهمەن تەماشایەکی ئاویار دەکات و تەماشایەکی بنمیچەکە دەکات و دەست بە دوگمەکەدا دەنێت دایدەگیرسێنێت. سەرتاپای ئاویار وەک شەقشەقە دەلەرزێت و وەک چلۆن بوومەلەرزەیەک لە زەویی دەدات ئاوها جەستەی ئاویار بۆ ماوەی چرکەیەک دەلەرێنێتەوە. هەڵکەوت دەڵێ: جارێکی تریش. بەهمەن دەڵێ: کاک هەڵکەوت ئاخر. هەڵکەوت دەڵێ: بیکە. بەهمەن دیسانەوە دەست بە دوگمەکەدا دەنێتەوە و ئەمجارەیان بۆ ماوەی زیاد لە چرکەیەک دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی ئاویار هاوارێکی گەورەی لێبەرزدەبێتەوە ئینجا دکتۆر بەهمەن دەست بەدوگمەکەدا دەنێتەوە و دەیکووژێنێتەوە. ئاویار سەرتاپای سەری ئارەقە دەردەکات و بەڕووخساریدا دێتەخوارەوە. بەهمەن خێرا کابڵەکانی لێدەکاتەوە و دەزگاکە دەباتەوە خوارەوە. هەڵکەوت قەرەوێڵەکەی دێنێتەوە جێگای خۆی و بە خاولییەک دەمووچاوی بۆ دەسڕێت و دەڵێ: ئێستا هیچ کێشەیەک بۆ ئێمە دروستناکەیت. دەبێت ببووریت، کە کۆمەڵێک پۆلیسی گەمژە و هیچ بوونە هۆکاری دروستکردنی ئەم ئازارە بۆ تۆ و ئەم کێشەیەش بۆ ئێمە. ئاخر هەموو حکومەتێکی وەک ئێمە پێویستی بەوجۆرە پۆلیسانە هەیە. خودی وڵاتە پێشکەوتووە ئەورووپییەکانیش پۆلیسگەلێکی وەک ئەوانەی ئێمەیان هەیە. پاش چەند خولەکێک بەهمەن دێتەوە سەرێ و دەڵێ: کاک هەڵکەوت تکایە وازی لێبهێنە وەرە خوارەوە. ئاویار هەتا سبەینێ بەئاگا نایەتەوە، کاتێکیش بەئاگاهاتەوە هیچ مەترسییەکی نییە لەسەر ئێوە. ئەگەر ئەم کارەبایە زیانی بە بیرەوەریی هەفتەیەکی زیاتر نەگەیاندبێت ئەوا کەمتری نەگەیاندووە. تکایە ئێستاش خەمی ئەوە بخۆ، کە کارەبامان ببڕێت وەک هەموو شەوانێکی نۆرماڵ، هەتا گوومان نەکەوێتەسەرمان. هەڵکەوت هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: خەمت نەبێت خەمی ئەوەش دەخۆم، کە خەستەخانەی شۆڕش پەرەی پێبدرێت هەتا دیوە ناشرینەکانی خۆمانی تێدا چ بشارینەوە چ جوانیش بکەین. هەڵکەوت شەو شاد لە بەهمەن دەکات و دەڕوات. دکتۆر بەهمەن خاولییەک بەنێوچەوانی ئاویاردا دەهێنێت و دەڵێ: تۆ یەکەم قوربانیی ئەم کارەمیت، ئەگەر سەرم نەخۆیت ئەوا هیچ نەبێت لە پارتەکەمدا لەلای چەند بەرپرسێک سەرم بڵند دەکەیت.

هەفتەیەک بەسەر دیارنەمانی ئاویاردا تێپەڕیوە کەسوکاری چەندیینجار پەیوەندییان بە پۆلیس و ئاسایشی سلێمانییەوە کردووە و هیچ کەس هەواڵی نازانێت. چ لە بنکەکانی پۆلیس و چ لە ئاسایشیش هیچ زانیارییەکیان لەسەر ئاویار دەستناکەوێت. هەردووکیان دەڵێن: ئێمە کەسێکمان دەستگیرنەکردووە بەو ناوە. هاوڕێکانی ئاویار بەوبۆنەیەوە هەڵدەستن بە زنجیرە چالاکییەک بۆ دۆزینەوەی ئاویار. بە هەزاران وێنەی ئاویار کۆپییدەکەن و بڵاوی دەکەنەوە. لەسەر کۆپیی وێنەکان بە فۆنتێکی گەورە نووسراوە: ئەم گەنجە ناوی (ئاویار هەژار)ە ماوەیەکە دیارنەماوە و کەسوکاری بەدوایدا دەگەڕێن، تکایە

بۆ دۆزینەوەی یارمەتییمان بدەن. لەژێر کۆپی وێنەکاندا بە هەمان فۆنت ژمارەیەکی تێلێفۆن نووسراوە، بە فۆنتێکی تری بچکۆلانەتر لەژێر ژمارەی تێلێفۆنەکەوە نووسراوە(تکایە لەهەرکوێیەک ئەم گەنجەت بینیی پەیوەندیی بکە بەو ژمارە تێلێفۆنەی سەرەوە).

لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانیی لەبەردەم میوانێکی خەیاڵییدا، کە تەنانەت لە ڕێڕەوەکان و پەنادیوارەکاندا هەتاوەکوو ناو دەرگای هاتنەژوورەوەش چەندەها میوان بە پێوە ڕاوەستاون، ئاوەسەر لەسەر تەختەی شانۆ دەمی ناوە بە مایکرۆفۆنەکەی دەستیەوە و دەڵێ: خۆشەویستانم میوانانی ئازییز و هێژا، خۆشحاڵم بە ئامادەبوونتان، خۆشحاڵم بە بینینتان. دەمەوێ ئەم ئێوارەیە پێتان بڵێم، کە ئەم ئێوارەیە تەنها ئێوارەیەک نییە بۆ موسیک بەڵکوو ئێوارەیەکیشە بۆ گەڕان بەدوای ڕاستییدا. هەر شاکارێک لەم ئێوارەیەدا ببێتە میوانی ڕۆحی ئێوە دەبێتە هەوڵێک بۆ هەڵدانەوەی پەردەی ڕاستییەکانی دیارنەمانی هاوڕێی خۆشەویستمان ئاویار هەژاری شاعیر و نووسەر. ئیسۆڵدەی شەکرەژن جارێکیان بە تریستانی پاڵەوانی دلبەری دەڵێ: لەبۆ تۆ دڵ لەسەر دڵ و دەم لەسەر دەم. تریستان لە وەڵامدا بە ئیسۆڵدە دەڵێ: خۆشەویستییمان، خۆشەویستیی تریستان، هی تۆ هی من، خۆشەویستیی ئیسۆڵدە. ئەم ئێوارەیە هی ئاویارە، خۆشەویستیی ئێمە لەبۆ ئەو خۆشەویستییەکی دیارە، هی ئەو و هی ئێمە، خۆشەویستیی ئاویار خۆشەویستیی ئێمەیە، هی هەمووشمان هی نیشتیمانێکی زامدارە. ئاوی ئاموون توونی بابا بچیت، زۆرجار گوێمان لەمجۆرە لێتووڕەبوون و نەفرەتلێکردنە بووە، لێ ئاویار ئەو گەنجە شاعیر و نووسەرەیە نەک تەنها بەرنەفرەتی خوداکان بەڵکوو بەر نەفرەتی هەمووشت کەوتووە. ئاویار لێگێندەیەکە واتا مێژوویەکە لەبۆ خوێندنەوە، داستانێکە. ئەو هۆڵندییەکی فرەڕ نییە بەڵکوو کوردێکی فرەڕە، کەشتییەکەی ئەو ئەم نیشتیمانەیە، ئەو کاپیتانێکی سەرکەش و دڵسۆزە، کە ڕێگانادات تووڕەبوونی هیچ خواوەند و ئۆسیانێک کەشتییەکەی نقووم بکات. لێگێندەی هۆڵەندییە فرەڕەکە هەرچەندە لە سەدەی هەژدەوە بە نووسیین کەوتۆتە بەردەستی خوێنەر، لێ چیرۆکەکە زۆر لەوە کۆنترە، کە خەڵکیی دەماودەم بۆ یەکترییان گێڕاوەتەوە. ڤاگنەر لە سەفەرەکانیدا ساڵی 1841 بە پاپۆڕ بۆ وڵاتانی وەک نەرویج و شۆتلاند بەهۆی باوبۆران و شەپۆلی گەورەی دەریاوە چووەتە ژێرکاریگەرێتیی ترسێکەوە لە نغرۆبوون و بیری لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەی هۆڵەندییە فرەڕەکە کردۆتەوە، ئەمەش وەها دەکات، کە ڤاگنەر ساڵی 1843 ئەم چیرۆکە بە موسیک بنووسێتەوە. ئێستاش خۆشەویستانم من لە ترسی نغرۆبوونێکی ئاوها پەنام بردۆتەبەر دێر فلینگندە هۆلێندەری ڕیشارد ڤاگنەر و دەڵێم: تەنها یەک هیوام بۆ ماوەتەوە، ئەی هیوا کەنگێ دیواری ئەستووری شەوە درێژەکانم دەشکێنیت؟ ئەو ڕۆژەی تۆ دەردەکەویت ئەو ڕۆژەم گەنجتریین ڕۆژە. میوانە ئازییزەکان لەم ئێوارەیەوە من بە ئۆڤەرتوور یەکەمیین جێگاپێی ونبوونی ئاویار هەڵدەگرم. ئاوەسەر ئاوڕدەداتەوە بۆ دواوە بۆ لای

موسیکژەنەکان و دەستەکانی بۆ ژەنین دەجولێنێت. دەنگی موسیک بە ئارامیی و لەسەرخۆ لە ئینسترۆمێنتەکانەوە بەرزدەبێتەوە، میوانەکان وردە وردە مووی جەستەیان بەرزدەبێتەوە، بێدەنگییەکی ئەفسووناویی هۆڵەکە داگیر دەکات، میوانەکان دەڵێی پەیکەرن و لەوێدا دانراون، لە دوورەوە ئەگەر تێیان بڕوانیت واهەستدەکەیت، کە بیریان چۆتەوە هەناسە بدەن. سیانزدە خولەک و نیو لە بێدەنگییەکی بێ وێنەدا، لێ لەگەڵ ژەنینیینی دوا نۆتەی موسیکەکەدا و ئاوڕدانەوەی ئاوەسەر بۆ سووپاسکردنی میوانەکان، ئیدی ڕێژنەی چەپڵەیەک دادەکات، کە وابزانیت هەتاهەتایە کۆتایی نادێت.

ئاوەسەر مایکرۆفۆنەکە دەگرێتەوە بەدەستیەوە و ڕوو دەکاتەوە ئامادەبوان و دەڵێ: خۆشەویستانم ئەم ئێوارەیە ئێوارەی عەرەبانە شکاوەکانە، ئێوارەی ونبوونی ئاویارە. بە سەمفۆنیی ژمارە چلی ڤۆڵفگانگ ئەمادیۆس مۆتسارت یادی تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر ونبوونی ئاویاردا دەکەینەوە. ئەم ئێوارەیە ئێوارەی گەڕانە بەدوای جێگاپێی ڕاستییەکاندا. بەڵێنتان پێدەدەم، کە لەم ئێوارەیەوە بە نۆتە هەرچیی جێگاپێی تاوانێک لە ونبوونی ئاویاردا هەیە بیدۆزمەوە. ئێستاش ئێوە و یەکێک لەو عەرەبانچییانەی، کە لە ئێوارەی شکاندنی عەرەبانەکاندا لەوێ بووە. عەرەبانچییەک، کە خۆی یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو ئێوارەیە، عەرەبانچییەک، کە گەنجێکی بە دەستی دوو پۆلیسەوە بینیوە، گەنجێک، کە لە عیسایەکی لەخاچدراو دەچوو، گەنجێک، کە بەپێی پیاهەڵدانەکانی ئەم عەرەبانچییە کوڕێکی تەمەن ژێر سیی ساڵ، باریکەلەیەکی ڕەقەڵەی پرچ درێژ هەتا سەر شان. چاو قاوەیی، پرچ ڕەشی قەترانیی، سەکسووکەیەکی باریکی هێشتبۆوە. پانتۆڵێکی کاوبۆی شین و کراسێکی سپیی لەبەردابووە. خۆشەویستان پیاهەڵدانەکانی ئەم میوانە خۆشەویستەمان تەواوڕێک خۆی لە ئاویاردا دەدۆزێتەوە، چونکە ئەو ڕۆژەی ئاویاری تێدا ونبووە، ئاویار کاوبۆیەکی شین و کراسێکی سپیی لەبەردابووە، ئەمە قسەی دایک و خوشک و براکانیەتی، کە ئاویاریان ئەو ڕۆژە بەوشێوەیە بینیوە. خۆشەویستان ئاویار: کوڕێکی بیست و شەش ساڵەیە پێدەچێت زۆربینەتان ئەوە بزانن، کە ئاویار گەنجێکی شاعیرە، باریکەلەیەکی ڕەقەڵەی پرچ درێژ هەتا سەر شانە. چاوەکانی قاوەیین، پرچی ڕەشی قەترانییە، هەمیشە سەکسووکەیەکی باریکی هێشتۆتەوە، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندێتییەکانی ئەو. خەڵکی سلێمانییە، لە سلێمانیی دەژیی، شانۆنامە دەنووسێت، ڕۆمان دەنووسێت، شیعر دەنووسێت. ئەو مرۆڤێکی دێکادێنتە و کوڕی خێزانێکی هەژارە. باوکی لەبەر مزگەوتی گەورە سەوزە دەفرۆشێت، سێ برا و دوو خوشکن. باوکی ناوی هەژارە و دایکی ناوی ئەستێرەیە. براکانی ناویان (ڕند، ڕەوەند) خوشکێکی ناوی شارانە و خوشکە بچکۆلەکەشی، کە لە هەموویان بچووکترە ناوی (سارە)یە واتە بەرەبەیان. ئازیزانم فەرموون ئێوە و بەڕێز کاک ساکۆ شێرکۆی عەرەبانچیی. ساکۆ لەپشتی پەردەوە لە تەنیشتەوە دێتەسەر شانۆ و خۆی بۆ ئامادەبوان دادەنەوێنێت و لەبەردەمی

مایکرۆفۆنەکەدا ڕادەوەستێت و سڵاو لە ئامادەبوان دەکات و دەڵێ: خۆشەویستانم شانازییە بۆ من، کە کۆمەڵناسییم تەواوکردووە و ئیمڕۆ بە شێرکۆی عەرەبانچیی ناوم دەرکردووە، ئاخر لەم وڵاتەدا نرخی هیچ شتێک لە نرخی نان گرانتر نییە. ئامادەبوان دەستدەکەن بە چەپڵەلێدان بۆی. جێگای شانازییە، کە من خاوەنی باوکێکی مامۆستا بووم و دایکیشم ژنی ماڵەوە بوو. خێزانێکی نیمچە گەورەبووین و پارەی مامۆستایی باوکم، کە مامۆستای قووتابخانە سەرەتاییەکان بوو بەشی ژیانی نەدەکردین، هەربۆیە هەموومان ناچاربووین هەر لە منداڵییەوە لە پاڵ خوێندندا کار بکەین، ئیدی هەر لە محەلەبی و شەکرلەمە و گوڵەبەڕۆژەی برژاو فرۆشتنەوە بیگرە هەتاوەکوو کرێکاریی بینا هەموومان کردوومانە. هاوینان بە خۆمان عەرەبانەکانمانەوە دەچووینە دارەسووتاوەکان یان بەرمزگەوتی گەورە، یان بەرسینەماکان لەوێ پاقلەمان دەفرۆشت، قاورمەمان دەفرۆشت، نۆکاومان دەفرۆشت، ئەزبەریدمان دەفرۆشت، کوڕە دەنکە هەنارمان دەفرۆشت. کورت و پووخت عەرەبانچێتیی بەشێک بوو لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە. ئێمە هەمووومان بەوشێوەیە خوێندمان تەواوکردووە. لەناو خێزانی ئێمەدا بە کچ و کوڕمانەوە هەمووومان خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی باڵاین، لێ هیچ کامێکمان نانی بڕوانامە ناخۆین، بەڵکوو نانی ئەو پیشەیە دەخۆین، کە بەهۆیەوە خوێندمان پێ تەواوکرد. خوشکەکانم بە بەرگدروویی خوێندنیان تەواوکردو و ئێستاش هەر بە بەرگدروویی دەژیین نەک بە بڕوانامەکانیان. براکانیشم هەروەها. براکانم قابلەمەی نۆکاو و قاورمە فرۆشتنەکانیان ناگۆڕنەوە بە بڕوانامەکانیان. ئاخر نانی ئەوان ئەوەتا لە قاورمەدا لەبەردەمی سینەماکاندا. بەهەرحاڵ، خۆشەویستانم من ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی خۆم و عەرەبانەکەمیان دایەبەر شەق بە دوو پۆلیس پەلیانگرتم و بردیانم سواری پیکئابێکم بکەن لەناو قەرەباڵغیی هەراوهۆسەی ئەو ئێوارەیەدا من گەنجێکی باریکەلەی ڕەقەڵەی پرچ ڕەشی پرچ درێژی، کە پرچی هەتا سەرشانی درێژکردبۆوە، کە سەکسووکەیەکی تەنکی پرۆفیسۆرانەی هێشتبۆوە، بە کاوبۆیەکی شین و کراسێکی سپییەوە بەدەست دوو پۆلیسەوە بینی. لانیکەم کراسەکەی پێشتر سپیی بوو، چونکە ئەوکاتەی من بینیم بە قوڕولیتەی ئەو ناوە و خوێنی سەر و دەمووچاوی ڕەنگی سپێتیی بە کراسەکەیەوە کەمتر دەردەکەوت. یەهوودەکان خاوەنی شەوی شووشە شکاوەنن، لێ ئێمە لە سای سەری دەستەڵاتێکی ئاوهادا بووینە خاوەنی ئێوارەی عەرەبانە شکاوەکان. نازییەکان لە 09.11.1938 دا دەستیانکردن بەدەستگیرکردن و قەلاچۆکردنی یەهوودەکانی ئەڵمانیا، هەر لەو شەوەدا چوارسەد یەهوودیان کووشت، ئیدی هەر سەربازە و بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی بیری لە جۆرێک کووشتنی یەهوودەکان کردەوە. دەستەڵاتی ئێمە هێشتا نەیانتوانیوە بەوشێوەیە مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن، ئاخر ئێمە هەر گۆشت و خوێنی خۆیانین. دەستەڵاتی ئێمە شەرم لە هیچ شتێک ناکات لە هەژاریی نەبێت لە عەرەبانچییەکانی نەبێت. من ئەو ئێوارەیە لە ئێوارەی عەرەبانە شکاوەکاندا ئەو گەنجەم بە دەستی دوو پۆلیسەوە بینیی، لێ مەخابن من ئاویار ناناسم و لە ژیانمدا نە یەک دێڕیم خوێندۆتەوە

نە بینیوومە، بەڵام هەستەکانم پێمدەڵێت، کە ئەو گەنجەی من لەو ئێوارەیەدا بینیم ئاویارە. کارەسات لێرەدا ئەوەیە، کە هیچ دەزگایەکی پۆلیس و ئاسایش ئامادە نییە ڕاستییەکان بە کەسوکاری ئاویار بڵێن، کە ئەوان سەروگوێلاکی ئاویاریان شکاندووە و بردوویانە، یان لە شوێنێکدا فڕێیانداوە یان زیندانییان کردووە. ئاخر من بەوشێوەیەی، کە ئاویارم بینی هیچ گومانم نییە، کە ئێستا لە یەکێک لە زیندانەکانی ئەواندا هەربەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. ئێستاش خۆشەویستانم نامەوێت زیاتر کاتتان بکووژم، سووپاس بۆ ئامادەبوونتان و کاتێکی خۆشتان لەم ئێوارەیەدا بۆ دەخوازم بە یادی تێپەڕبوونی هەفتەیەک بەسەر ونبوونی ئاویاردا لە یادی ئێوارەی عەرەبانە شکاوەکاندا، بە ئومێدی ئەوەی لە نزیکترین کاتدا ئاویار بگەڕێتەوە ناو کەسوکار و هاوڕێیانی خۆی. ئامادەبوان بە هەستێکی گەرمەوە ئەیکەنە چەپڵەلێدان و بە دەنگی چەپڵەی بڵند ستایشی ساکۆ و ئامادەبوونی لەم ئێوارەیەدا دەکەن. ساکۆ شانۆکە بەجێدەهێڵێت و دەڕواتەوە پشتی پەردە. هێشتا دەنگی چەپڵەی ئامادەبوان هێمن نەبۆتەوە ئاوەسەر دێتەوە و لەبەردەمی مایکرۆفۆنەکەدا ڕادەوەستێت و دەڵێ: خۆشەویستان ئامادەبوانی هێژا بەشی دووهەمی پرۆگرامی ئیمڕۆمان سەمفۆنیی ژمارە چلی ڤۆڵفگانگ ئەمادیۆس مۆتسارتە. ئاوەسەر ئاوڕ بۆ تیپەکەی دەداتەوە و دوو بۆ سێ چرکە چاوەکانی دادەخات و هیچ جوڵەیەک ناکات پاشان هەردوو دەستی بەرزدەکاتەوە، سەرەتا دەستی ڕاستی دەجوڵێنێت و ئینجا دەستی چەپی بۆ ژەنینێکی نەرم دەجوڵێنێت و ئینجا هەردوو دەستی بەناویەکدا تێکەڵ دەکات بۆ پێکەوە ژەنینێکی خێراتر و درێژە دەدات بە نیشانەدان بۆ ژەنین. ئامادەبوان لە بێدەنگییەکی بێ وێنەدا نقووم دەبن و هەست و ڕۆحیان تێکەڵ بە سەمفۆنیی ژمارە چلی مۆتسارت دەکەن. ئیدی ئەو ئێوارەیە نزیکەی دوو کاتژمێر زیاتر ئامادەبوانێکی زۆر و ئاوەسەر و تیپەکەی و هاوڕێیانی ئاویار بە موسیک تێدەکۆشن بۆ دۆزینەوەی ئاویار.

**لە بوڵێڵدا کۆسان کۆڵەپشتە**کەی دادەنێت و ئاوڕێک بۆ تەلاس و لاس دەداتەوە و دەڵێ: هاوڕێیان ئیمشەو لێرە بەسەر دەبەین. لاس و تەلاس بە هەناسەیەکی قوڵەوە کۆڵەپشتەکانیان دادەنێن و دەڵێن: زۆر باشە. تەلاس دەڵێ: لە ڕاستییدا دەمێک بوو دەمویست بڵێم: بەسە چیدی ناڕۆین، لێ باش بوو کۆسان ئەم کارەی بۆ من کرد. لاس دەڵێ: من کەمێک کۆتەرە دار کۆدەکەمەوە بۆ سووتاندن، هەستدەکەم ئەم شوێنە شێی هەبێت، ئەگەر ئاگرێکمان نەبێت پێدەچێت شەو سەرمامان بێت. کۆسان دەڵێ: باشدەکەیت لاس گیان. تاریکیی هەتا بێت زیاتر باڵی بەسەر دارستانەکەدا ڕادەکێشێت. هەرسێکیان بەدیار ئاگرێکی بچووکەوە لەسەر قوون دانیشتوون و خەریکی نانخواردنی ئێوارەن لەناکاودا تەلاس هاوارێکی لێبەرزدەبێتەوە و بە قوونەخشکە دەڕواتە دواوە و دەست بۆ

پێشەوەی خۆی درێژ دەکات. لاس و کۆسان بە ترسێکەوە چ تەماشای تەلاس دەکەن و چ ئاوڕ بۆ دواوەی خۆیان دەدەنەوە هەتا بزانن تەلاس دەستنیشانی چییان بۆ دەکات. لێ ئەوان هیچ نابینن، هیچ شتێک لەدواوەی ئەوانەوە نییە بێجگە لە تارییکیی. کۆسان دەڵێ: تەلاس گیان چییە؟ تەلاس دەڵێ: کوێرن نابینن؟ لاس دەڵێ: چیی نابینین؟ تەلاس دەمی تەتەڵەوپەتەڵە دەکات و بە ترسێکەوە نیمچە هەڵستانێک هەڵدەستێتەسەرپێ و نیمچە دانیشتنێکیش دادەنیشێت ئینجا دەڵێ: ئەو هەموو مرۆڤە ڕەش پێستە نابینن کە لەبەردەمماندا ڕاوەستاون و تەماشامان دەکەن؟ کۆسان و لاس بە سەرسووڕمانێکەوە ئاوڕدەدەنەوە و هەردووکیان تەماشای یەکتر دەکەن و هەڵدەستنەسەرپێ و چەند هەنگاوێک دەڕۆنە پێشەوە. تەلاس بە ترسێکەوە بە دەنگی بڵند دەڵێ: نەکەن نەچن، تکایە نەچن دەتانکووژن. لاس دەگەڕێتەوە و لە کۆڵەپشتەکەیدا بە پەلە لایتێک دەردێنێت، دایدەگیرسێنێت و دەڕواتەوە پێشەوە. بە ئەملاوئەولای خۆیدا دەیسووڕێنێت و ڕووی دەکاتە پێشەوە هیچ شتێک نابینێت بێجگە لە قەدی درەخت و گژوگیا. ئاوڕ بۆ تەلاس دەداتەوە و دەڵێ: تەلاس گیان هیچ شتێک لێرەدا نییە، من دڵنیام، کە ئەمە بێجگە لە پارانۆید هیچ شتێکی تر نییە، واتە تۆ شتگەلێک دێنیتەپێشچاوی خۆت، کە لە فاکتدا بوونیان نییە. تەلاس کەمێک هێوردەبێتەوە و دێتەوە جێگای خۆی دادەنیشێت و دەڵێ: بەڵام من دڵنیام، کە ئەوانم بینی، لێ ئێستا نەمان ڕۆیشتن. کۆسان و لاس بە سەرسووڕمانەوە تەماشای تەلاس دەکەن، تەماشایەکی یەکتر دەکەن و بێدەنگ دەبن. پاش کەمێک بێدەنگیی لاس دەڵێ: من باوەڕدەکەم، کە تۆ ئەوانت بینیبێت، لێ گرنگە لەوە بگەین، بزانین بۆچیی ئەوان هاتوون؟ یان بۆچیی بەتەنها تۆ ئەوانت دیوە؟ کۆسان دەڵێ: تەلاس هیچ ترسێک لەدڵتدا هەیە؟ تەلاس دەڵێ: ترس لە چیی؟ کۆسان ترس لەوەی لەم ڕێگایەدا تووشی کارەساتێک بین. تەلاس دەڵێ: لە ڕاستییدا پێشتر ترسم نەبوو، لێ ئیمرۆ هەر لە دوانیوەڕۆوە ترسێک داگیریکردم هەربۆیە دەشمویست پێتان بڵێم: بەسە چیدی ناتوانم. لەڕاستییدا نەتوانینەکەم ئەو ترسە بوو، کە نەیدەهێشت چیدی بڕۆم. لاس دەڵێ: تەنها دوو ڕۆژی ترمان سەختە، ئەم دوو ڕۆژە تێپەڕێنین ئیدی لە کێشەی گەورەی ئەم ڕێگایە ڕزگارمان دەبێت. تەلاس دەڵێ: بەچیی وەها دڵنیایت، کە تەنها دوو ڕۆژمان ماوە؟ لاس دەڵێ: چونکە لە نەخشەکەماندا بە دوو ڕۆژی تر دەگەینە ئەو جێگایەی، کە دەتوانین بە ئاوتۆمۆبیل سەفەر بکەین. نزیکەی کاتژمێرێک تێپەڕدەکات و هەرسێکیان لە قسەکردن ماندوودەبن. هەریەکەیان لەناو کیسەخەوەکەی خۆیدا خەوی لێدەکەوێت و لە دوورەوە تەنها ئاگرە بچکۆلانەکە و سێبەرەکانیان بە ڕاکشاوی دیارە. لە نیوە شەودا ڕەشپێستەکان دێنەوە، هەتا زیاتر لە کۆسان و تەلاس و لاس نزیکببنەوە باشتر دەناسرێنەوە. هەندێکیان دەست و پێیان بە زنجیر بەستراوەتەوە، هەندێکی تریان زنجیرەکانی پێیان قرتاوە و ئەوانەی دەستیان قفڵدراوە. ڕەشپێستەکان هەشت کەسن، هەر بیستیان بازنەیەک بە دەوری کۆسان و تەلاس و لاسدا دروستدەکەن. بە تیلەیەکی ئێجگار

**خەمبارەوە تەماشایەکی یەکتر دەکەن و بەبێئەوەی هیچ بڵێن وەکئەوەی تاریکیی هەڵیانبلووشێت دیارنامانێنن.**

لە یەکێک لە ڕۆژ و مانگەکانی سەدەی هەژدەدا دوو پیاوی کەڵەگەتی سوورووسپیی چاوشیینی ڕووس، کە تەمەنیان لەنێوان چل بۆ پەنجا ساڵدا دەبوو، لە دارستانێکی چڕی گەورەدا هەشت ڕەشپێستی ئەفریقییان بە دەست و پێی بەستراوەوە پێش خۆیانداوە. یەکێک لە پیاوەکان لە پێشەوە بە شووڵکێک لە ڕەشپێستەکانی دەدا و دەیگووت: خێراتر خێراتر بڕۆن. پیاوەکەی تریش لەدواوە هەمانشێوە بە شووڵکێکی تر دەیکێشا بە پشتی ڕەشپێستەکاندا و دەیگووت: مەیموونینە خێرا، خێراتر هەتا نەهاتوون. ڕەشپێستەکان یەک وشە لە پەیڤی ڕووسیی پیاوەکان تێنەدەگەیشتن، ئەوەی، کە ئەوان لێی حاڵی دەبوون تەنها پەیڤی شووڵکەکانی دەستی پیاوەکان بوو. ئەوان بەو لێدانەدا تێدەگەیشتن، کە پیاوەکان دەیانەوێت خێراتر ڕێگاببڕن. ئەوان هەشت کەسی ڕووت بوون تەنها داوێنیان بە پارچەیەک چەرمی ئاژەڵ داپۆشرابوو. پشتی هەریەکەیان جێگای دەیان شووڵک و قامچیی پێوە بوو. پیاوە ڕووسەکەی پشتەوە بە تووڕەییەکەوە دەڵێ: قەت لە ژیانمدا وەک ئێستا بێئەقڵ نەبووم، کە دوای بێئەقڵێکی وەک تۆ بکەوم. بۆ کوێش؟ بۆ ئێرە. بۆچیی؟ بۆ کڕینی کۆیلە. کابراکەی پێشەوە دەڵێ: بەسە بیبڕەوە ئەم هەموو گلەییە، تۆ خۆت لە من باشتر دەزانیت هاتنمان بۆ ئێرە تەنها لەبەر هەرزانیی نرخی کۆیلەکانە و هیچی تر. هەموو بازرگانییەکیش مەترسیی خۆی هەیە. هیچ دەوڵەمەندێک بەبێ مەترسیی پارە نەهاتۆتە باخەڵیەوە. خۆت دەزانیت کڕین و فرۆشتنی کۆیلە یاسای هەیە. ئەمانە کاڵان وەک قووماش هیچ کەس بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکات بەبێ ڕەزامەندیی بەریتانیای گەورە. تەواوی ئەوروپا دەیانەوێت مافی کڕین و فرۆشتنی ئەم کۆیلانە بۆ خۆیان بەرن. دەمێک ئیسپانیا، دەمێک پۆرتوگال، دەمێکە فەڕەنسا، هۆڵندا، تەنانەت دانیمارکێکی قوون هەڵبچڕاو دەیەوێت مافی کڕین و فرۆشتنی ئەمانە بۆخۆی بەرێت. ئیمڕۆ گەورەترین کڕیار ئەمریکایە، لەلای ئەمریکاییەکان هیچ گرنگ نییە چلۆن ئەمانە دەگاتە دەستیان گرنگ ئەوەیە هەرزان بکەوێتە دەستیان. ئێمەش هاتووین بۆ ئێرە بە هەرزان دەیانکڕیین. هەرئێمشەو دەیانگەیەنینە شوێنی خۆمان. ئەمانە بۆ فرۆشتنەوەن، ئیدی ئەوانەی دەیانکڕن دەیانکەنە خزمەتکاری خۆیان یان بە بەلەم دەیانگەیەننە ناوەندی ئۆسیانەکان و دەیانکەنە پاپۆڕەوە هەتا نیۆرک ناوەستن، ئەمە کێشەی ئێمە نییە. کاتێک پارەی ئەم کۆیلانە دەچێتە گیرفانمانەوە دڵنیام بیردەکەیتەوە، کە جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ ئێرە بۆئەوەی کۆیلەی نوێ بکڕیین و بیانفرۆشینەوە. ئیدی ئەوسا کڕیارەکانمان کۆیلەکان ڕەوانەی ئەمریکا دەکەن. ئاخر ئیمڕۆ هیچ کاڵایەک لە ئەمریکادا وەک کۆیلە ڕەواجی نییە. بۆ من گرنگ نییە کێ ئەم ڕەشپێستانە لە ئەفریقاوە دەگەیەنێتە ڕووسیا، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە، کە من بە هەرزان دەستمبکەوێت. کابرای دواوە دەڵێت: تورکەکان دەیهێنن. کابرای پێشەوە دەڵێ: بەڵام فارسەکانیش دەیکەن. بیرت نەچێت لە ساڵی

7ی زایینەوە محەممەد ئازادیی بە بازاڕیی کڕیین و فرۆشتنی کۆیلەداوە. ئاخر ئەو نەیویستووە دڵی ناسکی دەوڵەمەندەکانی مەککە بشکێنێت. تاکە شتێک، کە ئەو بۆ کۆیلەکانی کردبێت ئەوەیە، کە خاوەن کۆیلەکان دەبێت مامەڵەیان لەگەڵ کۆیلەکانیاندا باش بێت. کابرا قاقا پێدەکەنێت و شووڵک لەسەر شووڵک ئەدات بە پشتی کۆیلەکانی بەردەمیدا و دەڵێ: بێگوومان مامەڵەم باشە لەگەڵ کۆیلەدا. دیسانەوە قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: ئەی تۆ دەڵێی چیی هاوڕێم؟ کابرای دواوە دەیەوێت وەڵامبداتەوە و لەناکاودا شریخەی تفەنگ بەرزدەبێتەوە و گوولەیەک سەرسنگی کابرای دواوە دەپێکێت و دەکەوێتە سەرزەویی. لە دوورەوە دەنگەدەنگێک پەیدا دەبێت و کابرای پێشەوە تفەنگەکەی ڕادەکێشێت و دەکەوێتە تەقەکردن. دەبێت بە شەڕە تفەنگ و چەند کۆیلەیەک بە دەست و پێی بەستراوەوە بەردەکەون و دەکووژرێن. کابرای ڕووس دەکەوێتە جنێودان و شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت و بەخێراییی دەکەوێتە کووشتنی کۆیلەکان و بەرەودواوە ڕادەکات و لە چڕیی دارستانەکەدا وندەبێت. پاش چەند خولەکێک چوار پیاوی کەڵەگەتی ڕووسی تر دێن و تەماشادەکەن هەموو کۆیلەکان بەدەست و پێی بەستراوەوە کووژراون و لەوێدا کەوتوون. یەکێک لە ڕووسەکان دەچێتە سەرلاشەی کابرای کۆیلەچیی و شەقێک لە لاشەکەی دەدات و دەڵێ: گوومکردە سەر لاشەت کۆیلەچیی بەراز، ئینجا تفێک دەکاتە سەر لاشەکەی و شەقێکی تێهەڵدەدات و دەڵێ: ئەوەی دووهەم ڕاپکردووە، ئەگەر خێرابکەین ئەوا دەیگەینێ و دەیگرین. یەکێک لە ڕووسەکان دەڵێ: ئەی ئەم هەموو لاشەیە؟ ڕووسێکی تریان دەڵێ: دەتەوێت بڵێی چیی؟ ناشتنیان کاری ئێمە نییە، خەڵکانێکی تر هەردەبێت بیاننێژن. پێکەوە بە ڕاکردن بە خۆیان و تفەنگەکانیانەوە دەکەونە دوای کابرای کۆیلەچیی دووهەم و لە چاو وندەبن. هەمووی چەند خولەکێک تێپەڕناکات لە دوورەوە دەنگی تەقاندنی تفەنگەکانیان بەرزدەبێتەوە و هاوارێک بەدوایدا. **کۆسان و تەلاس و لاس هەرسێکیان پێکەوە لەیەککاتدا لەخەو ڕادەچڵەکن و تەماشای یەکتر دەکەن. لاس دەڵێ: ئێوەش ئەوەتان بینی، کە من بینیم؟ کۆسان و تەلاس دەڵێن: ڕەشپێستەکان؟ لاس دەڵێ: بەڵێ. کۆسان و تەلاس تەماشای یەکتر دەکەن و دەڵێن: بەڵێ بینیمان. لاس هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: ئالێرەدا کووژراون، ئالێرەدا کراون بەژێر خۆڵەوە. تەلاس دەڵێ: یان نەکراون بەژێر خۆڵەوە و لاشەکانیان گورگ خواردوویەتی. کۆسان دەڵێ: باشە بۆ دەبێت هەرسێکمان پێکەوە یەک خەو ببینین؟ تەلاس دەڵێ: باوەڕدەکەم چونکە ئێوە باوەڕتان نەبوو، کە من ئەوانم بینی. لاس دەڵێ: تەنها باوەڕنەکردنەکە نەبوو. کۆسان دەڵێ: ئەی چیی بوو؟ لاس دەڵێ: بۆئەوە بوو، کە بزانین چلۆن ئەوروپای جاران مامەڵەیان لەگەڵ مرۆڤدا کردووە، مرۆڤگەلێک تەنها لەبەرئەوەی ڕەنگ و ڕوویان جۆرێکی تر بووە. تەلاس دەڵێ: لەو باوەڕەدام، کە ڕەشپێستەکان نەوتی سەدەکانی ناوەڕاست بوون. کۆسان دەڵێ: چیی نەوت؟ تەلاس دەڵێ: بیهێنەبەرچاوی خۆت، چلۆن هیچ وڵاتێک نییە بەبێ ڕەزامەندیی ئەمریکا و بەریتانیا مامەڵەی نەوت بکات، ئاوهاش ئەو سەردەمە یاسایان بۆ مامەڵەکردنی ڕەشپێستەکان داناوە. ئاخر ئەوان کاڵابوون، کاڵایەکی گرنگ وەک نەوت. ئەمریکا لە مێژووی خۆیدا**

پانزده میلیۆن کۆیلەی ڕەشپێستی کڕیوە. نیۆرک چەقی سەرەکیی و گەورەی کڕیین و فرۆشتنی ڕەشپێستەکان بووە. لاس دەڵێ: بەهیوام زوو ڕۆژمان لێبێتەوە و بڕۆین لێرە. کۆسان دەڵێ: من پێمباشە هەڵبستین بڕۆین لێرە. تەلاس دەڵێ: بۆچیی؟ کۆسان هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: ئەگەر بە گوێرەی خەوەکە بێت، ئەوا ئێمە لەسەر ئێسک و پروسکی هەشت مرۆڤی ئەفریقیی نامۆ و بێ گۆڕ خەوتووین. تەلاس و لاس بەبێئەوەی هیچ بڵێن خێرا دەکەونە خۆکۆکردنەوە و کەلوپەلەکانیان هەڵدەگرن و دەکەونە کووژاندنەوەی ئاگرەکەیان. لاس لایتەکەی دەردێنێت و دەڵێ: زۆر نزیک لە منەوە بڕۆن هەتا لەیەکتریی ون نەبین. لاس پێشیاندەکەوێت و ئەوانیش بەدوایدا دەڕۆن. بە تارییکیی دارستانەکەدا نزیکەی نیوو کاتژمێرێک ڕێگا دەبڕن و لە شوێنێکدا، کە خۆشیان نازانن کوێیە ڕادەوەستن. لاس دەڵێ: هیچ ئاگرمان ناوێت هەر لە جێگای خۆمانەوە کیسە خەوەکانمان دەردێنین و هەریەکە لێی بخەوێت هەتا ڕۆژدەبێتەوە. تەلاس دەڵێ: بەهیوام ئێستا لەسەر ئێسک و پروسکی هیچ کەس ڕانەوەستابین. هەریەکە دەچێتە کیسە خەوەکەی خۆیەوە و پاش چەند خولەکێک خەویان لێدەکەوێتەوە.

لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا لاس بە پەرۆشییەکەوە تەلاس و کۆسان لە خەو هەڵدەستێنێت و دەڵێ: بەیانییتان باش هاوڕێیانم، دەبێت بیوورن، لێ دەبێت بڕۆین. تەلاس بە پرچێکی ئاڵۆزکاو و ڕووخسارێکی خەواڵووەوە دەڵێ: هیچ نەبێت نانی بەیانیی بخۆین ئەوسا بەڕێبکەوین. کۆسان هەستاوەتە سەرپێ و خەریکی کۆکردنەوەی کیسە خەوەکەیەتی و دەڵێ: کێشە ئەوەیە، کاتێک لاس هەستێکی بۆ دێت ئیدی دەبێت ئێمەش دوای بکەوین، ئەگەر نا ئەوا تووشی کێشە دەبین، ئینجا من نامەوێت لە چەقی ئەم دارستانەدا تووشی کێشە بم. تەلاس گیان ئەمە لاسە هەرگیز لە خۆڕا و بۆ خۆشیی هیچ کەس لە خەو هەڵناستێنێت و بەبێ نانخواردنی بەیانیی دوای خۆی بخات. تەلاس باوێشکێکی تر لێدەدات و دەڵێ: چیبکەین کلکمان وا لەژێر دەستی لاسدا. هەرسێکیان دەکەونە ڕێگا بەیانییەکی جوانە جوانتر لە هەموو بەیانییەکانی پێشووتر. دارستان هەستێکی تری هەیە جیاوازتر لە هەموو ڕۆژەکانی پێشووتر وەکئەوەی بڵێی ئیمڕۆ ڕۆژێکی تایبەت بێت. ماوەی نزیکەی کاتژمێرە ڕێگایەک هیچ کامیان وشەیەکیان لە دەم نایەتەدەرەوە، هەرسێکیان سەرقاڵی چێژوەرگرتنن لە جوانیی ئەم بەیانییەی دارستان. جۆرە خۆشئاوازێک دەخوێنن، کە لە ڕۆژانی پێشوودا یەک جووکە چییە لێوەیان نەهاتووە. تەنانەت ئاسکەکان بە خۆیان و کاریلەکانیانەوە بەبێ ترس دێن و دەچن وەکئەوەی ئەوانیش هەواڵی تایبەتمەندێتیی ئەم بەیانییەیان پێگەیشتبێت. لەناکاودا کۆسان دیواری بێدەنگییان دەشکێنێت و دەڵێ: هاوڕێیان هەستێکی زۆر سەیر لە مندا هەیە. تەلاس دەڵێ: چ هەستێک کۆسان؟ کۆسان دەڵێ: هەرئاوها ئاسان بۆم پێناس ناکرێت. لێ هەستێکە لە هەموو شت، هەست بە دڵنیایی دەکەم، هەست بە ئاسوودەییی دەکەم، هەست بە جوانیی سروشت و خۆشیی ژیان دەکەم، کە ڕۆژانی پێشتر بەوشێوەیە نەمبووە. لاس لە

پێشیانەوە دەڕوات و جارناجارێک ئاوڕێکیان بۆ دەداتەوە و هیچ ناڵێت. کۆسان لە ناوەڕاستدا دەڕوات ئاوڕێک بۆ تەلاس دەداتەوە و دەڵێ: ئەم بەیانییە نرخێکی تایبەتی خۆی هەیە، لێ نازانم بەهای چۆنە؟ تەلاس دەڵێ: ئەوە کێشەی سەرەکیی مرۆڤە، ئاخر ئێمەی مرۆڤ نرخی هەموو شتەکان دەزانین تەنها بەهاکان نەبێت. لاس ئاوڕێکیان بۆ دەداتەوە و دەڵێ: بەهای هەموو شتێک لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئاخۆ شتی ناوبراو توانای چیی هەیە؟ بەهای ئەم بەیانییەش لەوەدایە، کە ئاخۆ ئەم جیاوازتر لە بەیانییەکانی تر توانی بەرهەمهێنانی چیی هەیە؟ تەلاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئێستاش با دابنیشین بۆ نانخواردنی بەیانیی. هەرسێکیان لە نزیکی یەکەوە سێگۆشەیەک بۆ دانیشتن دروستدەکەن. لە کۆڵەپشتەکانیاندا نان و پەنیر دەردێنن و دەستدەکەن بە نانخواردن. ڕووخساریان پڕە لە ماندووبوون، لێوەکانیان وشکی شەکەتییە، جلەکانیان خۆڵاویی و چڵکن. لاس دەڵێ: هێندەمان نەماوە یەک شەوی ترمان لەپێشدایە ئیدی لە دارستاندا نامێنین. تەلاس چاوەکانی زەقدەکاتەوە و بە سەرنجێکی گەورەوە دەڵێ: تۆ بڵێی ماگیی ئەم بەیانییە لەوەدا نەبێت، کە دەزانێت هێندەمان نەماوە لەم دارستانەدا؟ تۆ بڵێی دارستان بیەوێت بۆ هەتاهەتایە لە باوەشی خۆیدا بمانهێڵێتەوە و نەیەوێت بڕۆین؟ کۆسان بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: شتی وەها مەحاڵە تەلاس. تەلاس دەڵێ: بۆچیی مەحاڵە؟ فەرموون پێمبڵێن کام بەیانییتان لەم دارستانەدا هێندەی ئەم بەیانییە جوانە؟ لاس دەڵێ: هیچیان، لێ ئەگەر سروشتی دارستانیش وەهای بوێت ئێمە بمێنینەوە، ئەوا ناکرێت، چونکە ئامانجی ئێمە ئەم دارستانە نییە بەڵکوو شوێنی ترە. هەریەکەمان خۆشەویستێکمان لە شوێنێک چاوەڕێمان دەکات، هەریەکەمان ئەوانەی خۆشیانویستووین ڕێگایانداوین بڕۆین بۆ ئەو شوێنەی دەمانەوێت، بۆ ئەو شوێنەی پێمانوایە خەونەکانمانی تێدا دێتەدی. کۆسان دەڵێ: چەند ستەمە یەکێکت خۆشبوێت و ڕێگای بدەیت بڕوات. لاس دەڵێ: بەڵام کەسوکارتان ئێوەیان خۆشویستووە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگایانداون بڕۆن بۆ شوێنی خەونەکانتان. تەلاس دەڵێ: ئەوەیان ڕاستە، لێ بیهێنە بەردەمی خۆت، تۆ کچێکت خۆشدەوێت و ئەو دەیەوێت بڕوات بۆ شوێنێکی تر، کە پێیوایە لەوێ خەونەکانی دێنەدی. تۆ پێتوایە دەتوانیت ڕێگای بدەیت بڕوات؟ لاس هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: تۆ ئەگەر ئەوت خۆشبوێت دەبێت ڕێگای بدەیت بڕوات، ئەگەر بۆتکرا ئەوا دەتوانیت لەگەڵی بڕۆیت یان بەدوایدا بڕۆیت. کۆسان دەڵێ: لاس گیان هەرئاوها ئاسان نییە. هاوڕێکەی من ڕێگای بە خۆشەویستێکی سەردەمی منداڵیی خۆی دا بڕوات، لێ ڕۆیشتنێکی ئاوها نا، کە ئەو بتوانێت لەگەڵی بڕوات، ڕۆیشتنێکی ئاوها نا، کە بتوانێت بەدوایدا بڕوات، بەڵکوو ڕۆیشتنێک، کە هەتا هەتایە نەتوانێت بیبینێتەوە. ئەو شووی کرد بە کوڕێکی تر، ئەمە لە کاتێکدا خەونی ئەو کچە تەنها ئەو برادەرەی من بوو. لاس دەڵێ: من پێموایە خەونی ئەو کچە شووکردن بووە، نەک برادەرەکەی تۆ، ئەگەر وابوایە ئەو دەهاتە لای برادەرەکەی تۆ نەک کەسێکی تر. برادەرەکەت کارێکی ڕاستیکردووە، ئەو کچەکەی بە دڵ خۆشویستووە بۆیە ڕێگایداوە بڕوات دوای خەونەکانی

بکەوێت، خەونی ئەو کچەش شووکردن بووە بە کەسێک، کە لە فاڤۆریتی خۆیدا داینـاوە، برادەرەکەی تۆ نەیتوانیوە خەونی ئەو کچە بهێنێتە دی هەربۆیە پەنای بۆ ئاڵتەرناتیڤی دووهەم بردووە. برادەرەکەشت لە خۆشەویستییدا ڕێگای بەو کچە داوە بڕوات بۆ شوێنی خەونەکانی. ئێمە ناتوانین هەتا مەرگ کەسێک لەلای خۆمان گلبدەینەوە لەبەرئەوەی خۆشماندەوێت، ڕۆژێکدادێت دەبێت ڕێگایان بدەین بڕۆن. ئێمەش جۆرێک خۆشەویستییمان هەیە بۆیەکتریی، لێ دواهەمیینکات بۆ سبەینێ دەبێت ڕێگا بەیەکتریی بدەین بڕۆین. بڕۆین دوای خەونەکانمان بکەوین، چونکە پێدەچێت خەونی هەریەکێکمان لە جێگایەکی تر بێت. کۆسان دەڵێ: خەونی من لە میونشن دێتەدی. تەلاس دەڵێ: من دوو ئاڵتەرناتیڤم هەیە، ئەگەر لە بەرلین نەبوو ئەوا دەبێت بچمە ستۆکهۆڵم. کۆسان تەماشایەکی لاس دەکات و دەڵێ: ئەی تۆ لاس؟ لاس لچەکانی لەسەریەک دێنێت و دەبات و تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ: خەونی من لە ئەڵمانیا دێتەدی، لێ من شوێنێکی سەقامگیرم نییە بۆ هێنانەدی خەونەکەم، ئەوەندەی دەزانم من دەبێت سەرەتا بچمە باکووری ئەڵمانیا بچم بۆ سەری سەرەوە بۆسەر چڵەپۆپەی ئەڵمانیا. تەلاس بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: بیسوومە دەڵێن: قوونی ئەڵمانیا بەرلینە، لێ چڵەپۆپەکەیم نەبیستووە. لاس نیمچە قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: فلێنسبورگ. چڵەپۆپەی ئەڵمانیا فلێنسبورگە، شارێکە ئاوی زۆرە. بۆ من باشە، ئاخر من خۆم ماسیگرم، ژیانم هەتا ئێستا لەسەر ئاو بووە، ماسیی دەریاچەی دوکان نەماوە زیرەی لە من نەکردبێت. بەدەست خۆم نەبووە ژیانی ئێمە لەسەر فرۆشتنی ماسیی دەڕۆیشت هیچ چارەیەکی ترمان نەبوو. ماوەی نیوکاتژمێرێک دەمێننەوە و پاشان کۆسان دەڵێ: هاوڕێیان بابڕۆین، با بچین لە جوانترین بەیانیی ئەم سەفەرەماندا دواهەمیینجار بۆنی تەواوی ڕێگاکانی ئەم دارستانە بکەین. هەرسێکیان هەڵدەستن و کۆڵەپشتەکانیان دەکەنە شان و دەڕۆن. لاس پێشیان دەکەوێت و کۆسان دەکەوێتە ناوەڕاستیانەوە. ئەو ڕۆژە بە وزە و توانایەکی گەورە و تایبەتەوە ڕێگایەکی زۆر دەبڕن، بەشێوەیەک، کە لە باوەڕی هیچ کەسێکیاندا نییە، کە لە ڕۆژێکدا ماوەیەکی ئەوەندە زۆر ڕۆیشتبن. لە شوێنێکدا لاس هەڵوێستکەیەک دەکات و تەماشای نەخشەکەی دەستی دەکات و دەڵێ: هاوڕێیان چەند هەنگاوێکمان ماوە بگەینە تەلبەندەکانی سنور تکایە هەرکە گەیشتین هەریەکەتان بگەڕێن بۆ شوێنێکی دڕاوی تەلبەندەکە. ئەو شوێنە هەر بە چەند پارچە تەلێکی فافۆن دوردراوەتەوە هەتا خەڵکانی تری پێدا تێپەڕبن و ئەوانیش سەرلەنوێ بیدورنەوە بۆ خەڵکانی دوای خۆیان. نزیکەی سەد مەترێک دەڕۆنە پێشەوە و لەناکاودا لەناو چڕیی ئەو دارستانەدا تەلبەندەکەی سنور دەردەکەوێت تەلاس هاوار دەکات و دەڵێ: کۆسان و لاس وەرن شوێنە دوردراوەکە لێرەیە. تەلاس بە خێرایی تەلەکان دەکاتەوە و لێوەی دەچنە ئەو دیوەوە. کۆسان و لاس ڕادەکەنە چڕیی دارستانەکەوە و تەلاسیش سەرلەنوێ دەکەوێتە چاککردنەوەی شوێنە دڕدراوەکە هەتا پۆلیسەکانی سەرسنور شکی پێنەکەن. تەلاس هەڵدەستێتە سەرپێ و تەماشای ئەملاوئەولای خۆی دەکات هەتا دڵنیابێت لەوەی، کە کەس نەیدیون، ئینجا ڕادەکاتە ناو چڕیی دارستانەکەوە

و دەچێتە لای کۆسان و لاس. لاس دەڵێ: هاوڕێیان دەتوانین ڕابکەین و دەشتوانین نۆرماڵ بڕۆین، من هەستێکم هەیە، کە پێمدەڵێ: پێویست ناکات ڕابکەین، من هەست بە ئارامییەکی سەیر دەکەم لە پۆڵۆنیادا، لانیکەم لەم چرکەساتەی ئێمەدا، وەکئەوەی بڵێی پۆلیسەکانی سەرسنور ئیمرۆ پشوویان هەبێت و لە ماڵەکانی خۆیان نەیەنەدەرەوە. کۆسان و تەلاس بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای لاس دەکەن و دەڵێن: بەڵێ باش ڕاناکەین و نۆرماڵ دەڕۆین. لاس پێشیان دەکەوێت، کۆسان لە ناوەڕاستدا و تەلاسیش لەدواوە، دەکەونە ڕێگا و لە چاو وندەبن.

دەمەو ئێوارە لە چڕیی دارستاندا کۆڵەپشتەکانیان دادەنێن، هەرسێکیان شەکەت و ماندوو، لێ بەختەوەر و ئاسوودە. لاس دەڵێ: سەیرە جەستەم شەکەت شەکەتە، لێ لە ناوەوە هەست بە ئاسوودەییەکی گەورە دەکەم، وەکئەوەی لە کارێکدا سەرکەوتنێکی مەزنم بەدەستهێنابێت. کۆسان دەڵێ: منیش هەمانشێوە. تەلاس دەست دەبات بۆ کیسە خەوەکەی و خۆی تێدەخزێنێت و ڕادەکشێت و دەڵێ: هیچ شتێک لەم ڕاکشانەی ئێستای من خۆشتر نییە، تەنانەت سێکسیش. چاوەکانی دەبڕێتە ئاسمان و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: نازانم چلۆن پێناسی بکەم، لێ ئیمرۆ خۆشترین ڕۆژی ئەم سەفەرەمان بووە. لاس ئاگرێک دەکاتەوە و لەگەڵ کۆساندا کۆسانی دەستدەکەن بە نانخواردن. کۆسان دەڵێ: تەلاس چییە دەڵێی نیازت نییە شتێک بخۆیت؟ تەلاس دەڵێ: با بەڵام حەزمکرد سەرەتا تەنها ڕابکشێم. تەلاس دەستەکانی لە کیسە خەوەکەیدا دەردێنێت و بە قوونەوە دادەنیشێت، دەست درێژدەکات بۆ کۆڵەپشتەکەی و سەموونێک و قووتوویەک گۆشت دەردێنێت و دەستدەکات بە خواردنی. لاس بەدەم نانخواردنەوە دەڵێ: کوڕینە ئاگاتان لە ئاو بێت، چونکە نازانین کەی ئاوێکی تر دێتە سەرڕێگامان. کۆسان دەڵێ: مەتارەکەی من بەشی هەتا سبەینێ ئێوارەش دەکات. تەلاس دەڵێ: من ئەگەر نەیخۆمەوە بەشی هەتا بەرلینم دەکات. هەرسێکیان ئەیدەنە قاقای پێکەنیین و لاس دەڵێ: من دەنووم، شەوتان شاد و خەوی خۆش ببینن. کۆسان دەڵێ: شەو شاد دەڵێی مریشکیت هەر لە ئێوارەوە دەنوویت. تەلاس قوومێک ئاو دەخواتەوە و ڕادەکشێت، دەستەکانی دەکاتەوە ناو کیسە خەوەکەی و دەڵێ: کۆسان گیان شەو شاد، منیش ئیمرۆ هۆگری خەو بووم. کۆسان کەواتە منیش هیچم بۆ نامێنتەوە بێجگە لە خەوتن، شەو شاد. کۆسان دەچێتە کیسە خەوەکەیەوە و هەرسێکیان بە ئارامیی دەچنە خەوێکی قوڵەوە.

هەرسێکیان لە خەوێکی وەها خۆشدان وەکئەوەی بڵێی نیازیان نەبێت لە خەو هەڵبستن. لە کاتژمێر نزیکەی نۆی سەرلەبەیانییدا دەنگی بڵندی باڵندەیەک لە خەویان هەڵدەستێنێت. تەلاس چاوەکانی دەکاتەوە و تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات لە پشتی سەریەوە باڵندەیەکی ڕەنگاڵە دەنگێکی بڵندی لێبەرزدەبێتەوە و دەیداتە شەقەی باڵ، بەدوایدا دوو باڵندەی تریش بە دەنگی بڵندەوە دەفڕن. کۆسان منگە منگێکی لێبەرزدەبێتەوە

و چاوەکانی دەکاتەوە و دەڵێ: خۆ زوورِنایەکیش هەرئەوەندە دەنگی تیژە. تەلاس بە قوونەوە دادەنیشێت و دەڵێ: بەیانییتان باش. کۆسان دەڵێ ژیانت باش. هەردووکیان تەماشایەکی لاس دەکەن و حەپەسان ڕووخساریان داگیردەکات. کۆسان دەڵێ: لاس و بەیانییەک ئێمە لە خەو هەڵستابێتین و ئەو هێشتا خەوتبێت؟! تەلاس دەڵێ: دەبێت ئەم ڕۆژە بچێتە مێژووەوە. کۆسان دەستێک درێژ دەکاتە سەرشانی لاس و چەند جارێک ڕایدەژەنێت و دەڵێ: لاس گیان هەڵبستە لە خەو کاتی ڕۆیشتنە. لاس ئەژنۆکانی توونـد لە سنگی جووتکردووە و دەستەکانی خستۆتەوە نێوەندی ڕانەکانیەوە، دەڵێی منداڵێکی سێ ساڵەی هۆگری دایکە و یەکەم شەویەتی بێ دایکی نووستبێت. لەکاتێکدا کۆسان هەوڵدەدات لە خەوی هەڵبستێنێت ئەو بە دەم خەوەوە وڕێنە دەکات و دەڵێ: دەمەوێت بنووم و هەڵنەستمەوە، ئاخر لە خەودا هێند ئاسوودەم ترسم هەیە بەئاگا بێمەوە، لێگەڕێ بنووم، نەبادە هەڵبستم و ڕۆژێکی شووم تف لە تەختی نێوچەوانم بکات. تەلاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: چیی چیی؟ ئینجا دەستەکانی لە شانی لاس توونـد دەکات و چەند جارێک ڕایدەژەنێت و دەڵێ: لاس لاس هەڵبستە لە خەو ماڵەکەم هەڵبستە. لاس بە ترسێکەوە بەئاگا دێتەوە و دەڵێ: چیی بووە؟ چیی ڕوویداوە؟ کۆسان دەڵێ: ڕووداو لە تۆ ڕوویداوە. لاس بە حەپەساوییەوە دەڵێ چیی بووە دیسان چیمکردووە؟ کۆسان بە سەرسوورِمانێکەوە دەڵێ: نازانم، لێ پێموایە خەوت دەبینیی و کاتێک من ویستم بەئاگات بهێنمەوە بەدەم خەوەوە وڕێنەت دەکرد. لاس دەڵێ: گووتم چیی؟ تەلاس دەمووچاوی بۆ حەپەسان پیشاندان دەگۆڕێت و دەڵێ: نەتدەویست هەڵبستیت لە خەو چونکە دەترسایت ڕۆژێکی شوومت هەبێت، باشتر بڵێم دەتگووت: دەمەوێت بنووم و هەڵنەستمەوە، ئاخر لە خەودا هێند ئاسوودەم ترسم هەیە بەئاگا بێمەوە، لێگەڕێ بنووم، نەبادە هەڵبستم و ڕۆژێکی شووم تف لە تەختی نێوچەوانم بکات. بە بیستنی ئەم قسەیە لاس شپرزە دەبێت و دەستوبرد پەلاماری کۆڵەپشتەکەی دەدات و پەڕاوی هۆنراوەکانی دەردێنێت و دەستدەکات بە نووسیین. کۆسان لە جێگای خۆیەوە تەماشای دەستی لاس دەکات، کە بە خەتێکی تایبەت و ئینديڤیدووال چەند وشەیەکی یەکەمی بە ڕەنگی ڕەساسییەکی تۆخ و فۆنتێکی گەورە دەنووسێت و ئەوانی تریش بە ڕەنگی ڕەش و گەورەییەکی ستاندارد دەنووسێت **وا هاتمە لات، ئەمە زەویی** تەختی من، ئەوە ڕۆحێکی زامدار، ئەوە دڵی هەنجنهەنجنکراوی من. تەلاس لەولاوە تەماشایەکی کۆسان دەکات و بە ئیشارەتی دەمووچاوی کۆسان تێدەگەیەنێت، کە تەماشای دەستی لاس نەکات. لاس نزیکەی نیووکاتژمێرێک تەنها بە نووسیینەوە خەریک دەبێت، بەبێئەوەی نە کۆسان و نە تەلاس یەک وشەی لەگەڵدا بڵێن و ئەتمۆسفێرەکەی لێتێکبدەن. پاش تەواوبوونی لە نووسیین دێتەوە لای کۆسان و تەلاس و داوای لێبووردنیان لێدەکات. پاشان لە کۆڵەپشتەکەیدا نانێک و پارچەیەک پەنیر دەردێنێت و دەستدەکات بە نانخواردن، ماوەیەک هەرسێکیان بێدەنگیی هەڵدەبژێرن و پاشان لاس دەڵێ: هاوڕێیان ئەگەر بکەوینە ڕێگا خراپ نییە. هەرسێکیان خۆیان کۆدەکەنەوە و لاس لە پێشەوە، کۆسان لە ناوەڕاستدا و تەلاس

لەدواوە دەکەونە ڕێگا، هەرهێندەی ماوەیەکی کەم ڕێگا دەبڕن لاس بەدەم ڕێگاوە دەڵێ: کۆسان گیان دەتوانیت بۆم بگێڕیتەوە ئەم بەیانییە چیی ڕوویدا؟ کۆسان دەڵێ: ئەگەر تۆ پێمبڵێیت ئەم بەیانییە چیت نووسیی ئەوا منیش پێتدەڵێم، کە چیی ڕوویدا. لاس دەڵێ: من لە خەومدا بە ئەڵمانیی قسەم دەکرد. کۆسان و تەلاس هەردووکیان ئەیدەنە قاقای پێکەنین. لاس بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: پێموابوو بە ئەڵمانیی قسەم دەکرد. کۆسان دەڵێ: لێ تۆ ئەم بەیانییە بە کوردیی نووسییت: وا هاتمە لات، ئەمە زەویی تەختی من. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە ئاوڕێکدەداتەوە و دەڵێ: تۆ تەماشای دەستم دەکەیت، کە دەنووسم؟ کۆسان دەڵێ: نا نا هەر ڕستەی یەکەمت بوو، ئەویش پێموایە لەبەرئەوە بوو، کە دڵنیانەبووم لە خەوهەڵستابێتیت. لاس دەڵێ: شتێکی سەیر بوو، لێ هەستدەکەم تەنها خەونێک نەبوو، ڕیالیەتی پێوە دیار بوو. من لە ژیانێکی تردا بووم، لەو ژیانەدا نائاسوودە بووم، ژیانم بەهای نەبوو. ئەو ژنە ئەڵمانەی لە خەونمدا بوو کەسێکی نزیک بوو لێم، لێ نازانم چلۆن، ناوی هایکە بوو. تەلاس دەڵێ: تۆ دڵنیایت، کە بە ئەڵمانیی قسەتان دەکرد؟ لاس دەڵێ: نازانم، پێدەچێت کوردییش بووبێت. پەیڤەکە بۆ من گرنگ نییە، ئەوەی، کە گرنگە ئێمە بە پەیڤێک قسەمان لەگەڵ یەکتر دەکرد، کە لەیەکتریی دەگەیشتین. من ئەم بەیانییە بەرلە هەرشتێک ئەو گفتووگۆیەی نێوانمانم بە هۆنراوە نووسییەوە. کۆسان تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ: ئێمە بە ئاسانیی دەگەینە ئەڵمانیا. ئەگەر هەڵە نەبم سبەینێ لە ئەڵمانیاین. لاس هەڵوێستکەیەک دەکات و ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ: ئەو قسەیەت بە ڕاستە کۆسان؟ کۆسان سەرێک بۆ بەڵێ دادەنەوێنێت و دەڵێ: بەدڵنیاییەوە بە ڕاستمە. لاس خەونەکانی تۆ هیچی نۆرماڵ نین، کوڕە تۆ خۆشت نۆرماڵ نیت. تۆ ئەم بەیانییە خەوت بە ژنێکی ئەڵمانییەوە بینیوە و لەگەڵیدا بە پەیڤێک قسەتکردووە، کە لەیەکتریی گەیشتوون، ئیدی ئەو پەیڤە ئەڵمانییە یان کوردییە هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. ئینجا با منیش پێتبڵێم، کە ئەم بەیانییە چیی ڕوویدا؟ ئەم بەیانییە هەرسێکمان لە خەوێکی وەها خۆشدا بووین وەکئەوەی بڵێی نیازمان نەبووبێت لە خەو هەڵبستین. لە کاتژمێر نزیکەی نۆی سەرلەبەیانییدا دەنگی بڵندی باڵندەیەک لە خەوی هەڵدەستاندین. تەلاس لەپێش منەوە لە خەو هەڵستا لە پشتی  سەریەوە باڵندەیەکی ڕەنگاڵە دەنگێکی بڵندی لێبەرزبۆوە و دایە شەقەی باڵ، بەدوایدا دوو باڵندەی تریش بە دەنگی بڵندەوە فڕیین. باوەڕبکە زووڕنایەکیش هەرئەوەندە دەنگی تیژ بوو. تەلاس بەیانیی باشی کرد و پاشان هەردووکمان تەماشایەکی تۆمان کرد و حەپەسان ڕووخساری داگیرکردین. من گووتم: لاس و بەیانییەک ئێمە لە خەو هەڵستابێتین و ئەو هێشتا خەوتبێت؟! تەلاس گووتی: دەبێت ئەم ڕۆژە بچێتە مێژووەوە. من دەستێکم لە شانتەوە دا و چەند جارێک ڕامژەنیت و گووتم: لاس گیان هەڵبستە لە خەو کاتی ڕۆیشتنە.  لێ تۆ هەڵنەستایت و گووتت: دەمەوێت بنووم و هەڵنەستمەوە، ئاخر لە خەودا هێند ئاسوودەم ترسم هەیە بەئاگا بێمەوە، لێگەڕێ بنووم، نەبادە هەڵبستم و ڕۆژێکی شووم تف لە تەختی نێوچەوانم بکات. ئا ئەمە ڕوویدا لاس گیان ئا ئەمە، بۆیە دەڵێم سبەینێ لە

ئەڵمانیاین و چارەنووسێکی نوێ ژیانمان دەنووسێتەوە، لێ نازانم تۆ تووشی ئەو ژیانە ناخۆشە دەبیت، کە لە خەوەکەتدا هەستتپێکردبوو یان نا؟ من بەهیوام تووشی نەبیت. ڕێگا دەبڕن و ماوەیەکی درێژ هیچ گفتووگۆیەک ناکەن و هەریەکەیان لە دەریای خەیاڵی خۆیاندا مەلە دەکەن. پاش کەمێک ڕۆیشتنی تر لەناکاوێکدا دارستانەکە کۆتایی پێدێت و جادەیەکی پان و بەریین دێتە سەرڕێگایان. لەوبەری جادەکەوە دارستانەکە دیسانەوە دەستپێدەکات. ئەم جادەیە جەستەی ئەم دارستانەی لە ناوەندا کردووە بە دوو کەرتەوە و بۆ هەتا هەتایە لێکی دابڕاندوون. لەناکاوێکدا پیاوێکی تەمەن نزیکەی شەست ساڵە لە دارستانەکە دێتەدەرەوە و خەریکی داخستنی زنجیری پانتۆڵەکەیەتی. پیاوەکە بە سەرنجێکەوە تەماشای هەرسێکیان دەکات بە دەنگێکی نەرم دەڵێ: سڵاو. کۆسان و تەلاس و لاس بە واقوڕمانێکەوە تەماشای کابرا دەکەن و هیچ ناڵێن. بۆ ماوەی چەند چرکەیەک دەبنە بەشێک لە دارستانەکە و وەک سێ درەخت لەناکاودا لەوێدا دەڕوێن. کابرا چەند قسەیەک دەکات و کەسیان لێی تێناگەن، چەند هەنگاوێک دێتەپێشەوە لێیان و چەند قسەیەکی تر دەکات و ئەوان هێشتا هیچ تێناگەن. لاس بە ڕووسیی سڵاوێک دەکات و چەند وشەیەکی ڕووسیی پێکەوە دەبەستێت بۆئەوەی کابرا تێبگەیەنێت، کە ئەوان پۆڵۆنیی نازانن. کابرا بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: منیش کەمێک ڕووسیی دەزانم، لێ ئەڵمانیی و پۆڵۆنیی وەک یەک باشدەزانم. کاتی خۆی لەپێش جەنگی جیهانیی دووهەمدا ماڵی ئێمە لە گووندێکی سەرسنووری پۆڵۆنیا بوو واتە هێشتا خاکی ئەڵمانیا بوو، لێ لەدوای ڕووخاندنی بەرلیین و کۆتاییهاتنی جەنگ گووندەکەی ئێمە بوو بە بەشێک لە خاکی پۆڵۆنیا. پاش نزیکەی هەشت نۆ ساڵ دایک و باوکم بڕیاریاندا بگوێزنەوە بۆ ئەڵمانیا. کابرا هەناسەیەکی قوڵهەڵدەمژێت و دەڵێ: ئا بگوێزینەوە بۆ ئەڵمانیا، ئاخر ئەو خاکەی، کە پێشتر ئەڵمانیا بوو، لەدوای جەنگەوە چیدی ئەڵمانیا نەبوو، بەڵکوو هەمان خاک بوو بە موڵکی وڵاتێکی تر، کە پۆڵۆنیایە. خێزانی ئێمە وەک هەموو ئەو خێزانە ئەڵمانانەی، تری ناو گووندەکە ئەڵمان بوون نەک پۆڵۆنیی، هەربۆیە هەموومان هەستمان بە نامۆبوونی خۆمان دەکرد. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خێزانە ئەڵمانەکانی گووندەکەی ئێمە وازیان لە ماڵ و خاکی خۆیان دەهێنا و دەگەڕانەوە بۆ ناو ئەڵمانەکان واتە ئەڵمانیا. لاس قسەکان بە کابرا دەبڕێت و بە ڕووسیی دەڵێ: ئێمەش دەچین بۆ ئەڵمانیا. کابرا دەڵێ: ئێوە هەڵهاتوون، ڕاستە؟ لاس دەڵێ: بەڵێ. کابرا دەڵێ: خەڵکی کوێن؟ لاس دەڵێ: کوردین، لە باشووری کوردستانەوە هاتووین. کابرا دەڵێ: ببوورە نامەوێت هەستت بریینداربکەم، لێ باشووری کوردستان کوێیە؟ لاس دەڵێ: ئەو خاکەیە، کە لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بە باکووری ئێراک ناسراوە. کابرا دەڵێ: ئەها ئێراک، وڵاتی سەددام حسێنی دیکتاتۆر، ئەو دیکتاتۆرەی لە بەهاری 1988 دا گازی ژەهراویی کرد بە کوردەکاندا. لاس دەڵێ: بەڵێ لە هەڵەبجە نزیکەی پێنج هەزار مرۆڤی کوردی کووشت. کابرا دەڵێ: وایە لە ئاپڕیلی 1991یشدا هەمووتانی دەرکرد، من لە هەواڵەکانی تێلێڤیزیۆندا کوردەکانم لەسەر سنووری وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران و سووریا دەبینی و

داوایان دەکرد ڕێگایان بدەن بچنە خاکەکەیانەوە. ژیانێکی پڕ کارەسات بوو. کابرا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: من دەچم بۆ وارشۆ، لێرەدا لامدا بۆ پشوویەکی کورت منیش خۆمکرد بەم دارستانەدا چونکە پێویستم بە میزکردن بوو. کابرا قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: لێ دیارە میزکردنەکەشم تەنها لەبەرئەوە بووە، کە ئێوە ببینم. لاس دەڵێ: دەتوانیت لەگەڵ خۆت بمانبەیت بۆ وارشۆ. کابرا دەڵێ: نا نا، ئەی ئەگەر تووشی کێشەیەک بووین؟ لاس بە پەیڤێکی ناتەواوی ڕووسیی دەیەوێت کابرا تێبگەیەنێت، کە ئەمان کێشەی بۆ دروستناکەن و بگرە پارەشی دەدەنێ ئەگەر لەگەڵ خۆی بیانبات. کابرا دەڵێ: چەند دەدەن؟ لاس دەڵێ: دوو سەد دۆلارت دەدەینێ. کابرا دەستێک بۆ سەری دەبات و چەند جارێک تەپڵی سەری دەخورێنێت و دەڵێ: سێ سەد دۆلارم بدەنێ نەفەری سەد دۆلارتان بەردەکەوێت، دەتانبەم. لاس لەگەڵ کۆسان و تەلاس دەکەوێتە قسەکردن و هەرسێکیان ڕێکدەکەون، کە بڕۆن لەگەڵ کابرا. لاس بە کابرا دەڵێ: ئامادەین بێین لەگەڵت بە سێ سەد دۆلار. کابرا بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: باشە خۆشحاڵم، وەرن با بڕۆین. کابرا ئاوتۆمۆبیلێکی "فاو ڤی" کۆمبی پێیە و دەڵێ: دە با بڕۆین. سندوقی دواوەیان بۆ دەکاتەوە هەتا کۆڵەپشتەکانیانی تێبکەن، تەلاس و کۆسان دەچنە دواوە و لاسیش لە تەنیشت کابراوە لە پێشەوە دادەنیشێت. لەکاتێکدا کابرای شۆفێر بە سەرنجەوە تەماشایەکی لاس دەکات، لاس بیری دەکەوێتەوە، کە پارەکە بدات بە کابرا، لێ سەرەتا خۆی بە کابرا دەناسێنێت. دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: من ناوم "لاس"ە. کابرای شۆفێر تەوقە لەگەڵ لاس دەکات و دەڵێ: لاس، منیش ناوم "تۆماس"ە "تۆماس شوومان". تەلاس دەستێکی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: منیش "تەلاس"م "تەلاس ساماڵ" تۆماس ئاوڕدەداتەوە و تەوقە لەگەڵ تەلاس دەکات و دەڵێ: خۆشحاڵم. کۆسان دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: منیش "کۆسان"م " کۆسان ماندوو" هەمدیسان تۆماس دەستی تەوقەی درێژ دەکات و دەڵێ: زۆر بەختەوەرم کۆسان، کۆسان ماندوو. لاس دەستدەکات بە گیرفانیدا و سێ سەد دۆلار دەردێنێت و ئەیدات بە تۆماس. تۆماس پارەکە وەردەگرێت و دەیکاتە گیرفانیەوە و دەڵێ: سووپاس، ئێستاش با بڕۆین. تۆماس سلف لێدەدات و ئاوتۆمبیلەکە لە پارکەکە دێنێتە دەرەوە و دەچنە سەر جادەی گشتیی و دەڕۆن و لە چاو وندەبن.

**لە کاتژمێر بیست و دووی شەودا** تۆماس هەرسێکیان لەبەردەمی وێستگەی شەمەندەنەفەری وارشۆدا دادەبەزێنێت. هەرسێکیان سووپاسی تۆماس دەکەن و دادەبەزن. سەرەتا ماوەی چەند خولەکێک بە سەرسووڕماویی لە جێگای خۆیاندا ڕادەوەستن، پاشان بڕیار دەدەن بچنە ژوورەوە. لەوێ تەلاس دەڵێ: هاوڕێیان دەمەوێت پێتانبڵێم، کە ئیدی لێرەوە ئازادین و هەریەکەمان دەتوانین ڕێگای خۆمان بگرینەبەر. کۆسان دەڵێ: مەبەستت

چییه؟ تەلاس دەڵێ: مەبەستم ئەوەیە، کە ئیدی دەتوانین لەیەکتریی جیاببینەوە. کۆسان دەڵێ: بەڵام ئێمە پێکەوە سەفەر دەکەین. تەلاس دەڵێ: ڕاستە، لێ هەریەکێکمان چارەنووسێکی تایبەتمان هەیە، کە پێناس لە خۆمان دەکات. لاس بە ڕووخسارێکی ماندووەوە تەماشایەکی کۆسان دەکات و دەڵێ: کۆسان گیان تەلاس ڕاستدەکات، هەریەکێکمان چارەنووسێکی تایبەت و جیاوازمان هەیە، ئێمە ناتوانین ئەو داوایە لەیەکتریی بکەین، کە هەتا مەرگ لەگەڵ یەکتردا بین، دەبێت لێبگەڕێین، ئێمە هەریەکێکمان خەونێکمان هەیە ئەگەر یەکترمان خۆشبوێت ئەوا پێویستە لەسەرمان ڕێگا بەیەکتریی بدەین دوای خەونەکانمان بکەوین. لاس باوەشێک بە تەلاسدا دەکات و دەڵێ: برۆ تەلاس گیان، لێ دەمەوێت لە ئایندەدا یەکببینینەوە. تەلاس باوەش بە لاسدا دەکات و دەڵێ: بەدڵنیاییەوە. کۆسان زۆر لە خۆی دەکات و پاشان باوەش بە تەلاسدا دەکات و دەڵێ: هەرچەندە بە دڵم نییە، لێ وەک لاس دەڵێ: دەبێت ڕێگات بدەم برۆیت، چونکە تۆش خاوەنی خەونێکیت. تەلاس بەڵێنم پێبدە، کە بیتبینمەوە جارێکی تر. تەلاس باوەش بە کۆساندا دەکات و دەڵێ: بەڵێن بێت. تەلاس لە وێستگەکە دێتەدەرەوە و لەچاو وندەبێت. لاس و کۆسان هەردووکیان ماندوون و هەردووکیان برسییانە. لاس تەماشای جزدانەکەی دەکات، دەبینێت، کە تەنها 100 دۆلاری پێماوە. دەچێت لە سێرڤیزێکی پارە گۆڕینەوە دەیکات بە پارەی پۆڵۆنیی. پارە پۆڵۆنییەکان بەشێکی کاغەزە و ئەوی تریشی وردەی مێتاڵ. لە وێستگەکەدا لاس ژنێکی هەژاری سواڵکەر دەبینێت و دەستدەکات بە گیرفانیدا و هەرچیی وردەکانی گیرفانی هەیە ئەیدات بە ژنە سواڵکەرەکە و کاغەزەکان دەهێڵێتەوە بۆ خۆی. ئەو شەوە هەتا بەیانیی بە تێلێفۆنکردنەوە خەریکدەبن و کەسیان دەستناکەوێت. لاس ژمارەی تێلێفۆنی قاچاخچییەکی پێیە، لێ ئەو شەوە کەس تێلێفۆن هەڵناگرێت، ناچار لاس و کۆسان لە وێستگەدا ڕۆژ دەکەنەوە. بۆ بەیانیی لاس دەچێت لە دوکانێکی سەموونفرۆشدا چەند سەموونێک بکڕێت، ئەوەی ئەو بەیانییەک وەک داچڵەکینێکی گەورە لاس تووشی خەمێکی گران دەکات ئەوەیە، کە هەموو پارە کاغەزەکانی سەموونێک ناکات. لاس بۆی دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆری پارەکانی داوە بەو ژنە سواڵکەرە و بەشێکی کەمی بۆ خۆی هەڵگرتووە، کە سەموونێک ناکات. ئالێرەدا بۆی دەردەکەوێت، کە مەرج نییە هەر پارەیەک کاغەز بوو ئیدی واتای وایە پارەیەکی زۆرە. چەند جارێکی تر تێلێفۆن دەکاتەوە بۆ ئەو ژمارەیەی، کە پێیەتی، لە جاری چوارەمدا کەسێک هەڵیدەگرێت، ئەو کابرایە خۆیەتی، کە لاس بەدوایدا دەگەڕێت، کوڕێکی گەنجی کوردە، لە تێلێفۆنەکەدا لاس پێیڕادەگەیەنێت، کە ئەوان لە وێستگەی شەمەندەنەفەری وارشۆن و دەیانەوێت بچن بۆ ئەڵمانیا، کابرا دەڵێ: کەمێکی تر دێمە لاتان. لە دەوربەری کاتژمێر یانزدەی پێشنیوەڕۆدا کوڕە کوردەکە دێت بۆ لایان. کوڕەکە ناوی کارزانە دەیانباتەوە بۆ ماڵەوە. سەرەتا کارزانی قاچاخچیی دەستدەکات بە مامەڵەکردن لەگەڵ لاس و کۆساندا، هەرسێکیان لەسەر نەفەری حەوت سەد دۆلار ڕێکدەکەون. کۆسان پارەکەی خۆی کاش دەدات بە کارزانی قاچاخچیی و لاسیش لە ڕێگای

هاوڕێیەکیەوە لە ئەڵمانیا لە شاری مانهایم، کە ناوی نامۆیە پارەکەی دەدات. کارزان تێلێفۆن بۆ نامۆی هاوڕێی لاس دەکات و ژمارەیەکی کۆنتۆی پێدەدات، کە هەتا سێ ڕۆژی تر ڕێژەی حەوت سەد دۆلار بخاتە سەر کۆنتۆکەی. لاس و کۆسان سێ ڕۆژ لە ماڵی کارزاندا دەمێننەوە و لە سێهەمیین ڕۆژدا کارزان هەردووکیان بە شەمەندەنەفەر لەگەڵ کوڕێکی پۆڵۆنییدا دەنێرێت بۆ لای پۆڵۆنییەکی تر لە شاری شتێچین. پێشتر کارزان بە تێلێفۆن لەگەڵ هاوڕێ پۆڵۆنییەکەیدا قسە دەکات و لە ناردنی ئەم دوو نەفەرە ئاگاداری دەکاتەوە. لاس و کۆسان بە شەمەندەنەفەر لە وارشۆوە بەڕێدەکەون بۆ شاری شتێچین، کوڕێکی پۆڵۆنیی لەگەڵیاندا دێت و لە فارغۆنێکی تردا بەدوور لەوان دادەنیشێت، جارناجارێک دێت چاودێرییەکیان دەکات و دەچێتەوە جێگای خۆی، نەبادە ئەمان بگیرێن و ئەویش بەهۆیانەوە تووشی گێچەڵی پۆلیس بێت. لە گەیشتنیاندا بۆ شاری شتێچین کوڕە پۆڵۆنییەکە لاس و کۆسان دەبات بۆ هۆتێلی ڕامادە لەوێ کابرای قاچاخچیی پۆڵۆنیی دەبینن. قاچاخچییە پۆڵۆنییەکە ناوی (دانیڵ)ە پێشیاندەکەوێت و دەیانبات بۆ ماڵی پیرەژن و پیرەمێردێکی پۆڵۆنیی، لەوێ خزمەتێکی باشیان دەکەن. دانیڵ بەیانیان دەچێت بۆ کار لە هۆتێلی ڕامادە و ئێوارانیش دێتەوە بۆ ماڵی پیرەژن و پیرەمێردەکە و هەواڵی هەبوون و نەبوونی ڕێگا بە لاس و کۆسان دەگەیەنێت. هەرسێکیان بە ڕووسییەکی شکاو قسە دەکەن، لێ لەیەکتریی دەگەن. لە ڕۆژی دووهەمدا دانیڵ ئێوارەیەکیان دێتەوە و دەڵێ: با بڕۆین لە دەرەوە دوو نەفەری تریش چاوەڕێدەکەن ئەوانیش کوردن، ئەو ئێوارەیە هەتا سەر سنووری ئەڵمانیا دەڕۆن، لە کاتژمێر نۆزدەی ئێوارەدا لە تۆفان و بارانێکی زۆردا دەیانەوێت بە پێ لە سنوور بدەن لەکاتژمێر سفری نیوەشەودا دەگیرێن و دەبرێن بۆ بنکەیەکی پۆلیسی سەرسنور، لەوێ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەستبەسەر دەکرێن. پۆلیسە ئەڵمانەکان وەرگێڕێکی فارس بۆ کۆسان و لاس دەهێنن. لاس دەڵێ: من کوردم و هاتووم بچم بۆ ئەڵمانیا داوای مافی پەناهەندەیی بکەم. هاتووم بەس بژییم، من بیستوومە دەڵێن: ئەڵمانەکان ڕێز لە سەگیش دەگرن، داوام وایە ڕێز لە من و هاوڕێکەشم وەک دوو مرۆڤی کورد بگرن و ڕێگامان بدەن بچینە ئەڵمانیاوە هەتاوەکوو لە ئەڵمانیادا وەک دوو پەناهەندە بژیین. بەرپرسی پۆلیسی بنکەکە دەستدەکات بە گریان و دەڵێ: داوای لێبووردن دەکەم ئەو داوایە لە توانای مندا نییە، من وەک پۆلیسێکی ئەڵمانیی کار بە یاساکانی ئەڵمانیا دەکەم و بۆم نییە لە یاسا لابدەم، هیچ یاسایەکیش ڕێگای بە من نەداوە، کە هیچ کەسێک بەبێ پاسپۆرت و ڤیزە بنێرمە ئەڵمانیاوە. داوای لێبووردن دەکەم پێویستە من ئێوە بنێرمەوە بۆ پۆڵۆنیا، ئێوە دەتوانن لە پۆڵۆنیادا داوای ژیانی پەناهەندەیی بکەن. بۆ ڕۆژی ئایندە دەیانگەڕێننەوە بۆ پۆڵۆنیا و دەیاندەنە دەست پۆلیسی پۆڵۆنیا، لەوێش لە بنکەیەکی پۆلیسی پۆڵۆنییدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ زیندانیی دەکرێن. لەسەر دیواری زیندانەکە بە خەتی کوردیی نووسراوە لێرە سێ ڕۆژ زیندانیی دەکرێیت و پاشان ئازاد دەکرێیت. لە ڕۆژی سێهەمدا ئازادیان دەکەن، هیچیان پارەیان پێ نییە، شوێنێکیان نییە بۆی بچن، تێیدا بخەون خواردنێکی گەرمی تێدا بخۆن. لەسەر جادە

و زبڵدانەکاندا پاشماوەی جگەرە هەڵدەگرنەوە و دەینێن بە لێویانەوە، پاشماوەی خواردن هەڵدەگرن و دەیخۆن و شەوانەش دەچن لە وێستگەی شەمەندەنەفەردا ڕۆژ دەکەنەوە. دوو ڕۆژ بەمشێوەیە بەسەردەبەن هەتا ئەو کاتەی پۆلیسێکی پۆلۆنیی لێیان قووتدەبێتەوە و داوای پاسپۆرتیان لێدەکات. هەردووکیان شەکەت و ماندوو، هەردووکیان تینوو و برسیی، لاس تەماشایەکی پۆلیسەکە دەکات و دەڵێ: تۆ جگەرەیەکم بدەرێ منیش پاسپۆرتت دەدەمێ. پۆلیسەکە جگەرەیەک لە پاکەتەکەی دەردێنێت و ئەیداتە دەستی لاس، پاش تێڕامانێکی کەم لاس دەڵێ: بەیارمەرتیی جگەرەکی تریشم بدەرێ، پۆلیسەکە بە حەپەساوییەکەوە تەماشای لاس دەکات و جگەرەیەکی تریشی دەداتێ، لاس ئەویش وەردەگرێت و دەڵێ: لێ دەبێت ببووریت پاسپۆرتمان نییە. پۆلیسەکە بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: چلۆن نیتانە؟ ئەی چلۆن هاتوون بۆ ئێرە؟ لاس دەڵێ: بەبێ پاسپۆرت. پۆلیسەکە هەردووکیان لەگەڵ خۆی دەبات و دەیانگەیەنێتە بنکەیەکی پۆلیس، لەوێ ئەفسەرێکی پۆلیس دەڵێ: چلۆن پاسپۆرتتان نییە؟ لاس دەڵێ: دەبێت ببووریت ئێمە کوردین و لە وڵاتی ئێمە لە سایەی دەستەڵاتی سەددام و حکومەتەکەیەوە ئێمە وەکوو کورد مافی هەبوونی پاسپۆرتمان نەبووە، ئەوانەشی پاسپۆرتیان بویستایە دەبوایە ڕەزامەندیی حیزبەکەی سەددامی لەسەربوایە، ئێمەش وەک کورد هەمووومان ئەو شانسەمان نەبووە، کە بتوانین دڵی ڕەقی حیزبەکەی سەددام نەرمبکەین و پاسپۆرتێکمان هەبێت. لەو بنکەیە سێ ڕۆژ وەک سزا زیندانیی دەکرێن، لاس و کۆسان زۆریان پێخۆش دەبێت، لانیکەم لەوێ شوێنێکی گەرم هەیە تێیدا بخەون و ڕۆژانەش خواردنی خۆیان وەردەگرن. لە ڕۆژی سێهەمدا ئازادیان دەکەن، لاس و کۆسان ڕازیی نابن و دەیانەوێت هێشتا لەوێ بمێننەوە، لێ پۆلیسەکان بەزۆر پەلیان دەگرن و دەریاندەکەنە دەرەوە. لاس و کۆسان بەپێ دەگەڕێنەوە بەرەو وێستگەی شەمەندەنەفەرەکە، لە نیوەی ڕێگادا لاس دەڵێ: کۆسان با بچین سەردانێکی هۆتێلەکە بکەینەوە بەشکم ئەو "دانیڵ"ە پۆلۆنییە ببینینەوە و بزانین کارێکمان بۆ ناکات. پاش کەمێک دەگەنە هۆتێلەکە و دانیڵ دێت بەرەو ڕوویان و دەڵێ: من دوو ڕۆژە بەدواتاندا دەگەڕێم. لاس دەڵێ: دوو ڕۆژیان لە وێستگەی شەمەندەنەفەر بووین و سێ ڕۆژیش لە بنکەی پۆلیس زیندانیی بووین و ئێستاش بەڕێکەوت هاتینەوە لای تۆ. دانیڵ دەڵێ: ڕێکەوتێکی باشە، من ئێستا دەتانبەمەوە ماڵەوە و شەوێش دەتانگەیەنمەوە سەرسنور. لەگەڵ دانیڵ بەڕێدەکەون بۆ ماڵەوە، لەوێ دانیڵ بەجێیاندەهێڵێت هەتاوەکوو ئێوارە. لە کاتژمێر نزیکەی حەوتی ئێوارەدا دانیڵ دێتەوە لایان و دەڵێ: ئێستا دەتوانین بڕۆین. دانیڵ سلف لێدەدات و هەردووکیان لەگەڵ خۆی دەگەیەنێتە سەرسنور. لەوێ دادەبەزن و دانیڵ پێشیان دەکەوێت و ئەوانیش بەدوایدا، نزیکەی شەش کاتژمێر بە پێ ڕێگا دەبڕن و دەگەنە خاکی ئەڵمانیا، لە قەراغێکدا ئاوتۆمۆبیلێکی پۆلۆنیی چاوەڕوانیان دەکات سەردەکەون و هەتاوەکوو بەرلینیان دەبات. شۆفێرەکە لە یەکێک لە بەنزیینخانەکانی بەرلیندا دایاندەبەزێنێت و دەڕوات بەجێیان دەهێڵێت. لەگەڵ یەکەمیین هەڵمژیینی هەناسەیەکی قوڵی لاسدا، کۆسان دەڵێ: ئێستا چیی بکەین؟ لاس تەماشایەکی

کۆسان دەکات و هیچ ناڵێت، لەولایانەوە ژنێکی ئەڵمان خەریکی بەنزیین تێکردنە، لاس دەچێتە لای و بە ئینگلیزیی پێیدەڵێت: بە یارمەیتیی دەتوانیت یەک مارکم بدەیتێ؟ دەبێت تێلێفۆن بۆ هاوڕێیەکم بکەم و هیچ پارەمان پێ نییە. ژنەکە تەماشایەکی لاس دەکات و هیچ ناڵێت. لاس تەماشایەکی ژنەکە دەکات و ئەمجارەیان دەڵێت: ئەی بە یارمەتیی، دەتوانیت پێمبڵێیت چلۆن بچم بۆ وێستگەی شەمەندەنەفەر؟ ژنەکە لە بەنزیین تێکردن تەواو دەبێت و دەڕواتە ژوورەوە بۆ سێرڤیزەکە هەتا پارەکەی بدات، لاس بەجێدەهێڵێت و دیسان هیچ ناڵێت. لاس هەناسەیەک هەڵدەمژێت و دەڵێ: پرسیار ئەوە نییە، کە بڵێم من کێم؟ بەڵکوو پرسیاری لەوە گرنگتر ئەوەیە، کە بڵێیت: مرۆڤ چییە؟ کۆسان دەڵێ: ئاژەڵێکی ناتەواو، کە توانای ژیانی لە سروشتدا نییە، ناچار دەبێت بیربکاتەوە هەتاوەکوو توانای ژیانی لە سروشتدا هەبێت. دەستێک دەخاتە سەر شانی لاس و دەڵێ: خۆمان ئەدەینە بەرڕێگایەک، دڵنیام هەرچۆنێک بێت دەگەینە وێستگەی شەمەندەنەفەری بەرلین. هەردووکیان دەکەونە ڕێگا و بەنزیینخانەکە بەجێدەهێڵن. کاتژمێر یەکی دوانیوە شەوە، جموجۆڵی خەڵکیی لە بەرلیندا کەمبۆتەوە، هەردووکیان کوێرانە خۆیانداوەتە بەرڕێگایەک،نزیکەی دوو دانە کاتژمێر ڕێگا دەبڕن، لەناکاوێکدا چەند نمەیەکی باران ڕووخساریان تەڕ دەکات، لاس و کۆسان تەماشایەکی یەکتر دەکەن، کۆسان دەڵێ: بەهیوام باران دانەکات. هەمووی چەند هەنگاوێکی تر ڕێگا دەبڕن و باران هەتا بێت بە لێزمە زیاتر دادەکات. کۆسان و لاس بە ڕاکردن خۆیان دەکەن بە بن پلیکانەی ماڵێکدا. پلیکانەیەک، کە هەمووی هەر دوو مەتر بڵند دەبوو، هەردووکیان بە قوونەوە لەسەر زەویی دادەنیشن و چاوەڕوان دەکەن باران خۆشبکاتەوە. نزیکەی کاتژمێرێک لەبن پلیکانەکەدا دەمێننەوە و باران هێدیی هێدیی خۆشدەکاتەوە. شەقامەکە جوڵەی تێدەکەوێت، تاک و تەرا ئاوتۆمۆبیلێک تێدەپەڕێت، خەڵکیی تاک تاک لەسەر جادەکە دەردەکەون. ئەو خەڵکانەی، کە لە ڕەساسیی ڕۆژێکی نوێدا یان ئەوەتا دەچن بۆ کار یان لە کار هاتوونەتەوە، یان لە باخەڵی خۆشەویست و دۆستەکانیاندا هاتوونەتە دەرەوە و ڕێگای ماڵەوەیان گرتۆتەبەر. کۆسان دەڵێ: باشترە لەبن ئەم پلیکانەیەدا بێینەدەرەوە و بکەوینە ڕێگا، نەبادە ئێستا لەم ماڵەدا خەڵکانێک بێنەدەرەوە و پرسیار بکەن، کە ئاخۆ ئێمە چییدەکەین لەبن ئەم پلیکانەیەدا. هەردووکیان کوێرانە خۆیان ئەدەنە دەستی شەقامەکانی بەرلین. لاس دەڵێ: دەبێت چەند تاوان لەم شارەدا کرابێت؟ لەسەر دەستی دەستەڵاتی نازیی و پاشانیش لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا؟ لە 30.01.1933 دا ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی ئادۆڵف هیتلەر دەستەڵاتیان گرتە دەست، لە سەرەتای ئەپریلی هەمان ساڵەوە دەستیانکرد بە سووتاندنی هەموو ئەو کتێبانەی، کە لە قازانجی ئەواندا نەبووە، لە شیعرێکی سادە و ساکارەوە بیگرە هەتا لێکۆڵینەوە دەروونیی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و مێژوویییەکان. چەند لیستێکیان دروستکردبوو، کە دەبوایە پەڕتووکەکانی ئەو کەسانە لە ماڵان و قووتابخانە و زانکۆکاندا کۆبکرێنەوە و بسووتێنرێن لەوانە: ئاوگوست بێبل، ئێدوارد بێرنشتاین، هوگۆ پرۆیس،

ڤاڵتەر ڕاتناو، ئەمانە نووسەری سیاسیی بوون. زاناکانیش وەک: ئالبەرت ئاینشتاین، سیگموونت فرۆید. شاعیران وەک: بێرتهۆڵد برێشت، ئالفرێد دولبین، شتێفان تسڤایگ، ئارتوور شنیتسلەر. تەنانەت نووسەران و بیرمەندانی کۆنیش کەوتنە بەر ئەم ڕقەی نازییەکان وەک: کارڵ مارکس، هاینریش هاینە، کار گەیشتە ئەوەی لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1933 دا خوێندکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستەکان لە تەواوی گۆڕەپانەکانی وڵاتدا گردێک لە کتێبیان کۆدەکردەوە و دەیان سووتاند. بە زانکۆکاندا دەگەڕان و کتێبخانەکانیان خاڵییدەکردەوە لەو کتێبانە. جۆزێف گۆبلێس لە گووتارێکیدا بۆ خەڵکی بەرلین دەڵێ: لێرەدا بنچینەی ڕۆحیی جەماوەری نۆڤێمبەر نغرۆ دەبێت. ئاخر کۆسان گیان هاینریش هاینە بەناهەق ناڵێ: لەکوێ پەڕتووک بسووتێنرێت، لە کۆتاییدا لەوێدا مرۆڤیش دەسووتێنرێت. هەوڵوێستی نازییەکان بەرانبەر بە پەڕتووک لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1933دا بانگەشەی کووشتنی خەڵکانی ئازادییخواز و یەهوودەکان بوو، ئیدی لەدوای ئەمەوە، تەنها ئەو پەڕتووکانە چاپدەکران، کە لە قازانجی نازییەتدا بوون، کە ویستی ئەوانی لەسەر بوو، ئەو مێژووە دەنووسرایەوە، کە ئەوان دەیانویست. کۆسان دەڵێ: بەرلین نەک لە سەردەمی هیتلەردا بەڵکوو لەدوای هیتلەریش لە ئازاردا ژیاوە، کۆمۆنیستەکان چیان بە خەڵکی ئەم شارە نەکردووە، کێ هەبووە توانای بەزاندنی دیواری بەرلینی هەبووبێت؟ هەر لە سەرەتای ڕووخاندنی بەرلینەوە مێژوویەکی تری پڕ کارەسات لاپەڕەکانی ئەم شارەی گرتەوە. جەنگی بەرلین لە ناوەڕاستی نیسانی ساڵی 1945ەوە هەتاوەکوو دووهەمیین ڕۆژی مانگی ئایاری خایاند. 250،000 کەس لەم شارەدا مردن، کە نزیکەی 100،000 کەسیان خەڵکی سڤیل بوون. 450،000 کەس برییندداربوون، بیهێنە بەرچاوی خۆت دەبێت چ شارێک هەبووبێت لە مێژوودا بەقەد ئەم شارە خوێنی ڕشتبێت؟ یەکێتیی سۆڤیەت بەرلینی کردە قوربانیی جەنگی ساردی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1949 دا سنوری دەستەڵاتی خۆی بە ناوی (دی دی ئێر)ەوە جیاکردەوە (کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات). لە 13ی ئاوگوستی 1961 دیواری بەرلین بە درێژیی 167،8 کیلۆمێتەر هەتا 09ی نۆڤێمبەری 1989 سەدان قوربانیی چ لە دروستکردنیدا و چ لە ڕووخاندنیشیدا لێکەوتەوە. لە دروستکردنیدا بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەڵمانیا لەنێوانی 125 بۆ 206 قوربانیی لێکەوتۆتەوە. لاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: شارێکی سەرسامە، باوەڕم نییە من بتوانم لەم شارەدا بژییم. کۆسان تەماشایەکی ئاسمان دەکات و دەڵێ: ڕۆژبۆوە و هێشتا وێستگەی شەمەندەنەفەرمان نەدۆزیوەتەوە. لاس دەڵێ: گرنگ ئەوەیە لە بەرلینین.

بە ماندووبوونێکی زۆرەوە هەردووکیان بە پارکێکدا تێدەپەڕن لە دوورەوە پەیکەرێکیان لێدیارە، هەر لە سەرەتاوە هەردووکیان سەرنجیان بۆ لای پەیکەرەکە دەڕوات، کاتێک دەگەنە بەردەمی پەیکەرەکە کۆسان دەڵێ: ئەفرۆدیتە و ئارێس. لاس دەستێک بە پەیکەرەکەدا دەهێنێت، دەستێک وەک چلۆن دەست بۆ ئاوریشمێک دەبەیت، ئاوها بە

نیانیی دەیەوێت هەست بە بوونی پەیکەرەکە لە ڕۆحیدا بکات. لاس تەماشایەکی کۆسان دەکات و دەڵێ: تریتۆن و نیمفەیە نەک ئەفرۆدیتە و ئاریس. تریتۆن خوای دەریایە، ئەو کوڕی پۆزایدۆن و ئەمفیتریتە. تریتۆن سەر و شانی هی مرۆڤە قاچەکانی پێشەوەی هی ئەسپە و پشتەوەشی هی دۆلفینە. نیمفە خودایەکی مێیینەیە دەستەڵاتی خودایەتیی ئەو لە خواری خوارەوەی خواوەندەکانی ترەوەیە، ئەم خودای سروشتە. زۆرجار لەگەڵ دیۆنیسۆس و ئەفرۆدیتە و ئارتێمیس دا دەکەوتە ڕێگا. ئارتێمیسیش خودایەکی مێینەیە ئەویش وەک دیۆنیسۆس بەر نەفرەتی هێرا کەوتبوو، چونکە دایکی (لێتۆ) لە تسۆیس سکی هەبوو. کاتێک هێرا بەم سکپڕبوونە دەزانێت دەکەوێتە هێرشکردن بۆسەر لێتۆ و پیتۆنی ئەژدیهای دەخاتە دوا، هەمانکاتیش داوا دەکات، کە هەر خاکێک خۆری لێبدات لێتۆ بۆی نەبێت تێیدا بژیی. پاشان لێتۆ بەهۆی "با"ی باشوورەوە بەرەوە دوورگەی دێلۆس بەڕێدەکەوێت و لەوێ بە یارمەتیی پۆزایدۆن داڵدەدرێت. پۆزایدۆن بە شەپۆلێکی گەورە دوورگەکە دادەپۆشێت هەتاوەکوو خۆری لێنەدات، بەمشێوەیە توانی لێتۆ لە هێرا بشارێتەوە. پاش ماوەیەک لێتۆ لەو دوورگەیەدا دوانەی دەبێت، کە بریتیبوون لە ئەپۆلۆ و ئارتێمیس. ئارتێمیس بەیەکێک لە خواوەندە مێیینەکانی یۆنان دەژمێردرێت، کە لە جوانییدا شانی لە شانی ئەفرۆدیتە و هێرا و ئەتێنە داوە. نیمفەی خواوەند مرەربووە هەروەکوو مرۆڤ شیاوی مردن بووە. جارێکیان ئەفرۆدیتە و ئێرۆسی کوڕی لە گوڵچاندندا دەست بە پێشبڕکێیەک دەکەن، ئەفرۆدیتە دەبینێت ئێرۆس خێراترە لەو و خەریکە دەیباتەوە نیمفە دێت و یارمەتیی ئەفرۆدیتە دەدات، ئەم کارە ئێرۆس زۆر تووڕە دەکات و نیمفە لە ژنە خواوەندێکەوە دەگۆڕێت بۆ کۆتر. کۆسان سەرێک هەڵدەبڕێت و دەڵێ: کێ هەیە بتوانێت منیش بکات بە کۆترێک، هەتاوەکوو جیهان وەک خۆی بەبێ سنورە دەستکردەکان ببینم، هەتا بگەڕێمەوە بۆ ناو سروشت، لێ بەبێ سروشتی دووهەم. لاس بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: ئێ ... ها؟ چیی؟ کۆسان دەڵێ: سروشتی دووهەم، کلتوور، کلتوور بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە و سروشتی دووهەمیەتی. لاس دەڵێ: با بڕۆین منیش دەمەوێت ببمەوە ئاژەڵە ناتەواوەکەی سروشت، ئەقڵ لە زیان زیاتر هیچی تری پێنەبەخشین. بەڕێدەکەون بۆ دۆزینەوەی وێستگەی شەمەندەنەفەری بەرلین. دوای چوار پێنج جار پرسیارکردن لە ژنان و پیاوانی بەرلین لە کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانییدا دەگەنە وێستگەی شەمەندەنەفەری بەرلین. هەردووکیان سەریان لە قەرەباڵغیی و گەورەییی شاری بەرلین سووڕماوە، هەنووکە لەبەردەمی وێستگەی شەمەندەنەفەری بەرلیندا بەبێ پارە، بەبێ زانینی پەیڤی ئەڵمانیی، بە نەشارەزاییی هیچ شتێکیان پێناکرێت. لاس دەڵێ: بەرلین پڕیەتی لە کورد و عەرەب، من دەچم چاوێک بەو خەڵکەدا دەگێڕم، هەر کەسێک ببینم شێوەی لە کورد یان لە عەرەب بکات ڕاستەوخۆ پرسیاری لێدەکەم، کە ئاخۆ پارەی تێلێفۆنکردنێکم دەداتێ یان نا؟ کۆسان دەڵێ: زۆر باشە من لە جێگای خۆم ناجوڵێم، تکایە زوو وەرەوە. لاس ملی ڕێگا دەگرێتەبەر و چاو بەو خەڵکەدا دەخشێنێت بزانێت کێ لە کورد یان لە عەرەب دەچێت. دەگاتە قەرەباڵغییەک و دەبیستێت دوو گەنج پێکەوە بە کوردیی

قسە دەکەن، دەچێتە لایان و سڵاویان لێدەکات. لاس دەڵێ: ئیمڕۆ گەیشتوومەتە بەرلین و پێویستم بە تێلێفۆنکردنە، لێ هیچ پارەم پێ نییە، داوا دەکەم، ئەگەر بتوانن یارمەتییەکم بدەن. یەکێک لە کوڕەکان دەستدەکات بە گیرفانیدا و کارتێکی تێلێفۆن دەردێنێت و دەڵێ: من ئەم کارتەم پێیە نزیکەی چوار مارکی هێشتا لەسەرماوە، فەرمووو بۆ تۆ. لاس بە سووپاسەوە کارتەکەی لێوەردەگرێت و دەڕوات لە خانەیەکی تێلێفۆندا تێلێفۆن بۆ هاوڕێکەی مانهایمی دەکات. لاس بە شپرزەییەکەوە هاوڕێکەی ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەو ئێستا لەبەردەم وێستگەی شەمەندەنەفەری بەرلیندا ڕاوەستاوە. هاوڕێکەی دەڵێ: تێلێفۆن دابخەرەوە و نزیکەی چارەکێکی تر تێلێفۆن بکەرەوە، من هاوڕێیەکم لە شاری بەرلینە، ئێستا تێلێفۆنی بۆدەکەم و ئاگاداری دەکەمەوە، کە بێت بەدواتدا. لاس تێلێفۆنەکە دادەخاتەوە و نزیکەی چارەکێک چاوەڕوان دەکات. ئەو چارەکەی بە چارەکەساڵێک لێدەڕوات و دەڵێی بەپێ خاوسیی لەسەر ئاگر ڕاوەستاوە. لەدوای چارەکەکە لاس تێلێفۆن دەکاتەوە. هاوڕێکەی دەڵێ: لاس گیان کەمێکی تر هاوڕێکەم بە ناوی خۆشەوییەوە دێتە لات، تکایە لەبەردەم وێستگەدا بوەستە و بۆ هیچ شوێنێک مەڕۆ. تێلێفۆن دادەخەنەوە و لاس دەگەڕێتەوە بۆ لای کۆسان، لە دوورەوە دەبینێت، کە دوو پۆلیس ئەملاوئەولای کۆسانیان گرتووە و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن. لاس لە ترساندا لە پەنایەکدا خۆی دەشارێتەوە هەتاوەکوو پۆلیسەکان لە چاو وندەبن ئینجا دێتەوە بەردەم وێستگەی شەمەندەنەفەری بەرلین. لەوێدا نزیکەی نیوو کاتژمێر چاوەڕوان دەکات، لەدواوە کەسێک دەست دەکاتە سەر شانی، لاس زیرە دەکات وادەزانێت، کە پۆلیسەکان هاتوونەتەوە و ئەمیش دەگرن، کە ئاوڕ دەداتەوە دەبینێت کوڕێکی پرچ ڕەشی باریکەلەی ئەسمەرە و بە کوردیی دەڵێ: تۆ کاک لاسیت؟ لاس بە خەندەیەکەوە دەڵێ: بەڵێ من ئەوم. کوڕەکە دەستی تەوقە درێژ دەکات و دەڵێ: من ناوم خۆشەوییە و کاک نامۆ ناردوومی بەدواتدا. لاس دەستی تەوقەی دەگووشێت و دەڵێ: خۆشحاڵم، بەڵێ ئاگاداری کردمەوە. خۆشەویی دەڵێ: با جارێ بڕۆین لەو دوکانە تورکە دۆنەرێک بخۆین، دڵنیام برسیتە، ئەوسا دێینەوە بلیتت بۆ دەبڕم بۆ مانهایم. لاس دەڵێ: زۆر سووپاس بەڵێ ئەوەندەم برسییە نەبێتەوە. خۆشەویی و لاس پێکەوە دەڕۆن بۆ دوکانە تورکەکە، لەوێ سەرو دۆنەر دەخۆن و پاشانیش دوو چایان بۆ دێنن، پاش پشوویەکی درێژ خۆشەویی و لاس دەگەڕێنەوە بۆ وێستگەی شەمەندەنەفەر، خۆشەویی بلیتێک بۆ لاس دەکڕێت هەتاوەکوو شاری مانهایم. شەمەندەنەفەرەکەی لاس کاتژمێر بیست و یەک و بیست و دوو خولەکی شەو دەردەچێت و پێنج و چل و سێ خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی ئاینده دەگاتە مانهایم. خۆشەویی نزیکەی نیوو کاتژمێرێکی تر لەگەڵ لاسدا لە دەوروبەری وێستگەی شەمەندەنەفەردا دەمێنێتەوە و پاشان بەجێیدەهێڵێت و دەڕوات. ئەو ماوەیە لاس هەتاوەکوو کاتی ڕۆیشتنی لە پلانی ڕۆیشتنەکەی دەڕوانێت، کە چلۆن بڕوات بەبێئەوەی هیچ هەڵەیەک بکات، بەبێئەوەی ڕێگای شەمەندەنەفەرێکی هەڵە بگرێتەبەر. لە وێستگەی شەمەندەنەفەر دێتەدەرەوە و دەڕواتە ناو بازاڕ خۆی بە تەماشاکردنی شارەوە خەریک دەکات هەتاوەکوو کاتی

ڕۆیشتنی. لە کاتژمێر بیست و سیی خولەکدا دەگەڕێتەوە وێستگەی شەمەندەنەفەر، دەچێتە سەر هێڵی شەمەندەنەفەرەکەی، لە کەناردا ڕادەوەستێت و چاوەڕوانی هاتنی شەمەندەنەفەرەکەی دەکات، لەگەڵ هاتنی هەر شەمەندەنەفەرێکدا دڵی خورپە دەکات، ئاخۆ ئەوە شەمەندەنەفەرەکەی ئەوە یان نا؟ ڕۆیشتنەکانیان بۆ شارەکان و کاتەکانی ڕۆیشتنیان بەراود دەکات. شەمەندەنەفەر لەدوای شەمەندەنەفەر دەژمێرێت، لە کاتژمێر بیست و یەک و دوانزدە خولەکدا شەمەندەنەفەرەکەی خۆی دێت، بە پەلە سەردەکەوێت و دەڕواتە فارغۆنەکانەوە، بلیتەکەی ئەو شوێنی دانیشتنی لەسەر نییە، لە فارغۆنێکی گەورەدا ڕادەوەستێت، تەماشا دەکات خەڵکێکی کەم لەم فارغۆنەدا دانیشتووە، لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ئەگەر ئەم کورسییە گیرا بوو ئەوا ناچاردەبم هەڵبستم و بڕۆمە کورسییەکی تر.

کاتەکانی ئەم سەفەرەی لاس بە هێواشیی دەڕوات، لە گۆڕینی شەمەندەنەفەرەکاندا لاس تووشی خۆتووندکردن و شپرزەییەک لە ترساندا دەبێت، لێ دواکات ڕێگای ڕاستی خۆی دەدۆزێتەوە. لە کاتژمێر پێنج و چل و سێ خولەکدا شەمەندەنەفەرەکەی دەگاتە مانهایم، لەوێ لەسەر هێڵەکە نامۆ چاوەڕوانی دەکات. لاس بە خۆی و کۆڵەپشتێکی چڵکنەوە دادەبەزێت، لە دوورەوە نامۆ دەستێکی بۆ بڵند دەکاتەوە، بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوی لاس و بەرەوڕووی دەڕوات، دەگاتە لای نامۆ و باوەشی پێدا دەکات و ئەملاوئەولای ماچ دەکات. نامۆ کۆڵەپشتەکەی لێوەردەگرێت و بەخێرهاتنێکی گەرمی دەکات. لە وێستگەی شەمەندەنەفەر دەچنە دەرەوە و بە هێڵی ئاسنینی ناو شار ڕێگایماڵەوە دەگرنەبەر.

نامۆ کوڕێکی تەمەن سیی ساڵانە و ژنێک و دوو منداڵی هەیە، کچەکەی تەمەنی دوو ساڵە و کوڕەکەشی تەمەنی حەوت ساڵانە. ڕێزێکی زۆر لە لاس دەگرن و هەفتەیەک بە پشوویەکی درێژەوە لەلای خۆیان دەیهێڵنەوە. لە کۆتایی هەفتەی یەکەمدا لاس بەرەو شاری کوولن بەڕێدەکەوێت هەتاوەکوو لەوێ داوای مافی پەناهەندەیی لە یەکێک لە کەمپەکانی ئەو شارەدا بکات. لەبەردەمی دەرگای کەمپەکەدا کوڕێکی عەرەبی جەزائیریی ڕاوەستاوە، لاس سڵاوێک دەکات، کوڕەکە بە عەرەبیی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: خەڵکی کوێیت؟ لاس دەڵێ: کوردم. کوڕە جەزائیرییەکە دەڵێ: کوردی ئێراقیت؟ لاس دەڵێ: بەڵێ. کوڕەکە دەڵێ: ئێراقییەکی زۆر لێرەن زۆربینەیان کوردن. کوڕە جەزائیرییەکە پێش لاس دەکەوێت و دەڵێ: وەرە ژوورەوە لێرە دەبێت خۆت ناونووس بکەیت. لاس دەچێتە پرسگەکە و کوڕە جەزائیرییەکە بە ئەڵمانیی بە پاسەوانەکە دەڵێ: ئەم گەنجە تازە گەیشتووە و دەیەوێت لێرە خۆی ناونووس بکات. پاسەوانەکە لاس لەگەڵ خۆیدا دەباتە هۆدەیەک، کۆڵەپشتەکەی دادەنێت و دەڵێ: چاوەڕوان بکە دێمەوە لات. لاس لەو هۆدەیەدا نزیکەی چارەکێک چاوەڕوان دەکات، پاشان گەنجێکی ئەڵمانیی دێت لاس لەگەڵ خۆی

دەبات بۆ هۆدەیەکی تر لەوێ بەتانییەک و سەرچەفێک و سەرینێکی پێدەدات و دەڵێ: تکایە وەرە لەگەڵم. لاس دوای گەنجە ئەڵمانەکە دەکەوێت و دەیبات بۆ هۆدەیەک، کە سێ گەنجی تری کوردی لێیە. چوار سیسەمی نووستنی لێیە و یەکێکیان بەتاڵە، کوڕەکە دەڵێ: ئەمە جێگای تۆیە، لاس کەلوپەلەکانی لەسەر دادەنێت، پاشان کوڕەکە دەڵێ: تکایە دیسان وەرە لەگەڵم، هەتاوەکوو خواردنی ئیمڕۆت بدەمێ. لاس دوای کوڕەکە دەکەوێت و دەچنە جێگایەکی تر، کە چێشتخانەی کەمپەکەیە، لەوێ چەند پارچە گۆشتێکی پێچراوە و سەموونێک و چەند پارچە پەنیرێکی دەداتێ و دەڵێ: تۆ درەنگ کەوتوویت، ، لێ هەوڵبدە ئەم خواردنە بەشت بکات و بەیانیی وەرەوە خواردنی تەواوی ڕۆژەکەت وەربگرە. کوڕە ئەڵمانەکە دەڕوات و لاسیش دەگەڕێتەوە بۆ هۆدەکەی خۆی، سڵاو دەکات و دەچێتە سەر سیسەمەکەی دادەنیشێت. پاش کەمێک بێدەنگیی لاس دەپرسێت: ژیانتان چلۆنە لێرە؟ ئاخۆ مرۆڤی کورد ئەو شانسەی هەیە لێرە ڕێگای بدەن وەک پەناهەندە بژیی؟ یەکێک لە گەنجەکان دەڵێ: ئەگەر چارەنووست بڕیاری لەسەر دابێت ئەوا بەڵێ، ئەگەریش نا ئەوا نەخێر. لاس دەڵێ: مەبەستت چییە؟ پیاوێکی تەمەن سەرو شەشت ساڵانە لەسەر تەختەیەکی نووستنی تر دەڵێ: هەندێکمان لێرە دەگوێزرێینەوە بۆ شوێنی خراپ، کە چارەنووسێکی باشی نییە، هەندێکیشمان بۆ شوێنی باش یان هەر لێرە لەم شارە دەیانهێڵنەوە و ڕێگایان پێدەدەن لێرە بژیین، شتەکە شانسە هیچ پەیوەندیی بە توانا و نەتوانینی مرۆڤەکانەوە نییە، هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە، کە تۆ بە هەق کێشەی سیاسییت هەبێت یان سیاسیی بیت، ڕۆشنبیربیت یان هیچ نەزان و گێل.

دوای "دە" ڕۆژ چاوەڕوانیی، ڕۆژێک لاس ئاگادار دەکرێتەوە، کە خۆی ئامادە بکات بۆ گوێزانەوەی. لاس لە وەرگێڕێک دەپرسێت، کە ئاخۆ بۆ کوێی دەگوێزنەوە؟ وەرگێڕەکە دەڵێ: گرووپێکتان بۆ شاری گێلدەرن، تکایە کەلوپەلەکانت ئامادە بکە و وەرەوە بۆ بەردەمی ئۆفیسەکە لەوێوە بە پاس دەتانبەن بۆ گێلدەرن. لاس دەچێتەوە هۆدەکەی خۆی، کۆڵەپشتەکەی هەڵدەگرێت و ماڵئاوایی دەکات، پیاوە پیرەکە دەڵێ: گێلدەرن شارێکی باشە هەتا ئێستا هیچ کەس گلەیی نەکردووە، بەختت هێنای بەهیوام سەرکەوتوو بیت، لاس سووپاسی کابرا پیرەکە دەکات و دێتەدەرەوە. لە خوارەوە لەبەردەمی ئۆفیسەکەدا پاسێکی بچکۆلانەی فاو ڤی ڕاوەستاوە بە لاسەوە شەش کەس ئامادە کراون، کە بگوێزرێنەوە بۆ گێلدەرن، کارمەندێک یەکە یەکە ناوەکانیان دەخوێنێتەوە و پێیاندەڵێت، کە سەربکەون، لاس دواهەمیین کەس دەبێت، کە ناوی دەخوێنرێتەوە، سەردەکەوێت و کارمەندەکەش دەرگاکەیان بۆ دادەخات و چەپۆکێک دەکێشێت بە پاسەکەدا وەک ئاگادارکردنەوەیەکی شۆفێرەکە، کە دەتوانێت لێبخوڕێت. کاتژمێر 09:45 خولەک دەرچن و کامپەکە بەجێدەهێڵن. تەواوی ڕێگاکە لاس تەنها سەرنج لە شوێنەکانی شار و جادە و بان و سروشتی ئەو ناوچەیە دەدات، بە تەنها ئەم کوردە و پێنج کەسەکەی تر بریتیین لە یوگسلافیی، ئەفغانیی، عەرەب. دەستدەکات بە گیرفانیدا و لاپەڕەیەک دەردێنێت، کە

ژمارەیەکی تێلێفۆنی لەسەر نووسراوە بە ناوی دکتۆر نەبەردەوە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و لاپەڕەکە دەکاتەوە گیرفانی. لە کاتژمێر 12:19 خولەکدا دەگەنە بەردەمی کەمپەکەی شاری گێلدەرن، دادەبەزن و کارمەندێکی دەزگاکە هەر شەشیان وەردەگرێت و پێشیاندەکەوێت بۆ ژوورەوە. کارمەندەکە بە گوێرەی ئیدێنتیتێتیی نەتەوەکان هەر ڕەگەزە و دەکاتە ژوورێکەوە، کە هاوڕەگەزی خۆی تێدا دەژیی. لاس دەباتە هۆدەیەک، کە کوردێکی تێدا دەژیی، پیاوێکی تەمەن نزیکەی سیی ساڵە، کە بەتەنیا لە هۆدەکەدایە، کارمەندەکە لاس بەجێدەهێڵێت و دەڵێ: دوای کاتژمێرێک وەرەوە بۆ لام هەتاوەکوو کەلوپەلت بدەمێ. لاس دەچێتە ژوورەوە و سڵاو لە پیاوە کوردەکە دەکات و دەڵێ: من ناوم لاسە تازە هاتووم. پیاوە کوردەکەش دەستی تەوقەی دەگووشێت و دەڵێ: منیش ناوم سەریاسە ماوەیەکە لێرەم.

بۆ ڕۆژی ئایندە لە پاشنیوەڕۆیەکی درەنگدا لاس لە خانەیەکی تێلێفۆنەوە تێلێفۆن بۆ دکتۆر نەبەرد دەکات، دوای زەنگی دووهەم تێلێفۆنەکە هەڵدەگیرێت و دەنگی دکتۆر نەبەرد دەکەوێتە بەرگوێی لاس. سەرەتا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و پاشان دەڵێ: دکتۆر نەبەرد سڵاو، منم لاس، ئێستا لە ئەڵمانیام و لە شاری گێلدەرنەوە تێلێفۆنت بۆ دەکەم. دکتۆر نەبەرد بە قاقایەکی پێکەنینەوە خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: خۆشحاڵم، بە گەیشتنت لاس گیان چۆنیت؟ لاس دەڵێ زۆر باشم سووپاس، پێمخۆش بوو تێلێفۆنت بۆ بکەم و ئاگادارتبکەمەوە. دکتۆر نەبەرد دەڵێ: منیش دەمەوێت ژمارەیەکی تێلێفۆنت بە هەزار مارک پێبفرۆشمەوە، ئینجا قاقا پێدەکەنێت. لاس بەدوایدا قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: ئەی قوربەسەر لاسی داماو. دکتۆر نەبەرد دەڵێ: نا نا مەترسە من ژمارەکەت دیاریی دەکەم، ژمارەی تێلێفۆنی ماڵی ئەفرۆدیتەیە. لاس لە خۆشیاندا هەناسەی بۆ نادرێت، خێرا پێلێک (قەڵەم جاف)  لە گیرفانی دەردێنێت، دکتۆر نەبەرد دەڵێ: هیچت پێیە بۆ نووسیین؟ لاس دەڵێ: بەڵێ پێمە. دکتۆر نەبەرد دەڵێ: زۆر باشە ئەمە ژمارەکەیە بنووسە. لاس لەژێر ژمارەکەی دکتۆر نەبەردەوە لەسەر لاپەڕەکە ژمارەکەی ماڵی ئەفرۆدیتە دەنووسێت. دکتۆر نەبەرد دەڵێ: پێمخۆشە ئێستا تێلێفۆنیان بۆ بکەیت، کە هاتیشیتە ئێرە دەبێت بێیتە سەردانم. لاس دەڵێ بەدڵنیاییەوە دکتۆر گیان. تێلێفۆنەکە دادەخاتەوە و لە خۆشیاندا قاقایەک لێدەدات و ئینجا تێلێفۆن بۆ ماڵی ئەفرۆدیتە دەکات، لە دوای یەکەم زەنگ ئەفرۆدیتە دێتە سەر خەت و دەڵێ: بەڵێ هالۆ. لاس قورگی وشکبووە و دەڵێ: ئەفرۆدیتە منم لاس. ئەفرۆدیتە هەرچیی خۆشیی دڵی خۆی هەیە لە چاوەکانیدا کۆیدەکاتەوە چونکە دایک و باوکی بەرانبەری دانیشتوون و ناوێرێت خۆشحاڵیی خۆی نیشان بدات. ئەفرۆدیتە دەڵێ: دایە باوە، لاسە گەیشتۆتە ئەڵمانیا. باوکی دەڵێ: پێی بڵێ بزانە لە کوێیە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: لاس لە کوێیت؟ لاس دەڵێ: لە شاری گێلدەرنم نزیکی هۆڵندا، دەتوانم سبەینێ بێمە ماڵتان؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: نازانم دەبێت پرسیاری دایک و باوکم بکەم. ئەفرۆدیتە ڕوو دەکاتە دایک و باوکی و دەڵێ: لاس پرسیار دەکات، کە ئاخۆ

بۆی هەیە سبەینێ بێت بۆ سەردانمان؟ باوکی ئەفرۆدیتە لە جێگای خۆیەوە بە دەست نەخێرێک پیشانی ئەفرۆدیتە دەدات، ئیشارەتێکی ڕەتکردنەوە، کە ڕاستەوخۆ ڕووخساری ئەفرۆدیتە خەمبار دەکات. دایکی، کە لەسەر کورسییەکی تر دانیشتووە بە دەنگی بڵند دەڵێ: با بێت بەخێر بێت. ئەفرۆدیتە خێرا ڕووخساری وەک گوڵ دەگەشێتەوە و دەڵێ: دایکم دەڵێ: بەڵێ بەخێر بێت. هەر کە گەیشتیتە ئێرە تێلێفۆن بکە من و دایکم دێین بەدواتدا. لاس لە خۆشیاندا تێلێفۆنەکە دادەخاتەوە و دەچێتە وێستگەی شەمەندەنەفەر بۆ کڕینی بلیتێک. بلیتێک دەکڕێت، کە بۆ ڕۆژی ئاینده لە کاتژمێر 13:19 خولەک سەفەر بکات لە کاتژمێر 20:45 خولەکی ئێوارە بگاتە شاری فلێنسبورگ. لاس بە دڵێکی خۆشەوە دەگەڕێتەوە بۆ هۆدەکەی خۆی، دەچێتە ژوورەوە و سەریاس دەڵێ: لەکاتی خۆیدا هاتیتەوە پەتاتە و گۆشتم سوورکردۆتەوە بۆ هەردووکمان. لاس بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: سووپاس سەریاس. لەسەر مێزێکی بچکۆلانە، کە لە ناوەڕاستی تەختە خەوەکەی هەردووکیاندا دانراوە نانی ئێوارە دەخۆن. لاس دەڵێ: سەریاس من بەیانیی سەفەر دەکەم بۆ شاری فلێنسبورگ بۆ ماڵی دۆستێکم، لەوانەیە چەند ڕۆژێکم پێبچێت. سەریاس دەڵێ: کارێکی باش دەکەیت، لە ڕاستییدا ئێمە پێویستمان بەوەیە، کە جارناجارێک بڕۆین سەردانی دۆستێک یان کەسێکمان بکەین ئەگەر هەمانبێت. ئەو ئێوارەیە هەتا درەنگان دادەنیشن و باس و خواستی یەکتر بۆ یەکتریی دەگێڕنەوە، لاس بە خەیاڵی ئەفرۆدیتەوە دەچێتە سەر جێگا و پێشئەوەی بنوێت دەڵێ: ئەفرۆدیتە تکایە وەرە لام وەرە خەونم، پاش کەمێک چاوەکانی دەچێتە خەو، لاس وەک ساوایەک دەخەوێت، کە ڕۆژی ئاینده سەریاس ناچار دەبێت لە کاتژمێر یانزدە و سیی خولەکی پێشنیوەڕۆدا لە خەوی هەڵبستێنێت. سەریاس دەڵێ: لاس گیان وەک بەرد نووستووی تۆ کاتژمێر 13:19 خولەک دەبێت لە شەمەندەنەفەرەکەتدا بیت. لاس هەڵدەستێت بە قوونەوە دادەنیشێت و دەڵێ: کاتژمێر چەندە؟ سەریاس دەڵێ: یانزدە و سیی خولەکی پێشنیوەڕۆ. لاس لە جێگاکەی دێتەدەرەوە و دەڵێ: زۆر درەنگە. سەریاس بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: خۆ هەڵمنەستاندیتایە هەتا ئێوارە دەنووستیت. لە دۆلابێکدا دەستدەداتە خاولییەکی گەورە و دەڕوات بۆ دوشکردن.

کاتژمێر 13:19 خولەکە لاس لە یەکێک لە فارغۆنەکانی ناوەڕاستی شەمەندەنەفەرەکەدا لە تەنیشت پەنجەرەکەوە دانیشتووە و تەماشای پلانی لێخوڕیینی شەمەندەنەفەرەکە دەکات و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: سەری لە بڕی دەرناکەم، لێ هەر دەگەمە فلێنسبورگ. لەناکاودا گەنجێکی ڕەشتاڵە دێت و دەپرسێت، کە ئاخۆ کورسییەکەی بەرانبەر لاس ئازادە یان نا؟ لاس دەڵێ: منیش نازانم، منیش هەرئاوها ئاسان دانیشتووم، لێ پێدەچێت نەشگیرابێت. کوڕەکە بەپێکەنینێکەوە دادەنیشت و دەڵێ: خۆمان و شانسمان. کوڕەکە تەماشایەکی لاس دەکات و دەڵێ: خەڵکی کوێیت؟ لاس دەڵێ: کوردم. کوڕەکە دەڵێ: عەرەبیی دەزانیت؟ لاس دەڵێ: بەڵێ دەزانم. کوڕەکە دەڵێ: زۆر باشە، من خەڵکی لوبنانم. پاش کەمێک بێدەنگیی کوڕەکە دەپرسێت: سەفەر بۆ کوێ دەکەیت؟ لاس دەڵێ: بۆ

فلێنسبورگ باکووری ئەڵمانیا. کوڕەکە دەڵێ: من دەچم بۆ دوسلدۆرف بۆ ماڵی باوکم. لاس دەڵێ: من لە دوسلدۆرف دەبێت داببەزم و شەمەندەنەفەرەکەم بگۆڕم. لاس ڕێگای نێوان گێلدەرن و دوسلدۆرف بە قسەکردن لەگەڵ ئەو کوڕەدا دەباتەسەر، لەکاتی گەیشتنیاندا بە شاری دوسلدۆرف کوڕەکە ماڵئاوایی لە لاس دەکات و دەڕوات. لاس لە شەمەندەنەفەرەکەی دێتە خوارەوە و دەگەڕێت بۆ هێڵەکەی تری، کە بەرەو شاری هامبورگ لێدەخوڕێت، بە پلیکانەیەکدا دێتە خوارەوە بۆ ناو هۆڵەکەی ژێر هێڵەکانی شەمەندەنەفەرەکان، دەگەڕێت بۆ هێڵەکەی خۆی، پاش کەمێک دەیدۆزێتەوە و بە پلیکانەیەکی پاندا سەردەکەوێتەوە سەرێ بۆسەر هێڵەکان، شەمەندەنەفەرێک ڕاوەستاوە لاس خێرا سەردەکەوێتە سەرێ و دەچێت لە فارغۆنێکدا دادەنیشێت. هەمووی چەند چرکەیەک دەبات و شەمەندەنەفەرەکە دەست بە ڕۆیشتن دەکات، چەند خولەکێک تێدەپەڕێت و پاشان کیژێکی باریکەلەی پرچ سووری بلیتبڕی ئەڵمان دێت و داوای بلیت لە لاس دەکات. لاس دەستدەکات بە گیرفانیدا و بلیتەکەی پێدەدات. کچەکە بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: ئەم شەمەندەنەفەرە دەچێت بۆ فرانکفورت نەک هامبورگ، بەڕێزت بە هەڵە سەرکەوتوویت، تکایە لە وێستگەی ئایندە دابەزە و بگەڕێرەوە بۆ دوسلدۆرف هەتاوەکوو لەگەڵ شەمەندەنەفەرێکی تردا بچیت بۆ هامبورگ. کچەکە بلیتەکە دەداتەوە دەست لاس. لاس تێدەگات، کە بە هەڵە سەرکەوتووە، ڕووخساری تێکدەچێت و سووپاسی کچەکە دەکات. پاش نزیکەی نیوو کاتژمێر ڕێگا شەمەندەنەفەرەکە لە شارۆچکەیەک ڕادەوەستێت، لاس بەخێرایی دادەبەزێت و دەگەڕێت بەدوای هێڵێکدا، کە بەرەوە دوسلدۆرف بڕوات، پرسیار لە بلیتبڕێکی پیاو دەکات، پیاوەکە لیستەیەک لە گیرفانی دەردێنێت و بە دەست ئیشارەت بۆ هێڵەکەی تەنیشت خۆیان دەکات، کە نیوو کاتژمێری تر لەم هێڵەوە شەمەندەنەفەرێک دەچێت بۆ دوسلدۆرف. لاس تووڕەبوون دایدەگرێت، لێ بە ناچاریی دەبێت چاوەڕوانی شەمەندەنەفەری ئاینده بکات. نیوو کاتژمێر تێپەڕ دەکات و شەمەندەنەفەرەکە دێت، لاس بە شپرزەییەوە سەردەکەوێت، لە فارغۆنێکدا لە تەنیشت کچێکی (پانک)ەوە دادەنیشێت. هەتا دەگەنە شاری دوسلدۆرف لاس بە جلوبەرگ و ڕەنگی پرچ و چۆنێتیی بڕینی پرچی ئەو کچە سەری دەسووڕمێت، کچەکە نزیکەی هەشت گوارە لە هەر گوێیەکیدایە، لوتەوانەیەکی گەورەی زیڵبەری لە لوتدایە، ناوەڕاستی لچی ژێرەوەی کووتیوە و ئەڵقەیەکی تەسکی زیڵبەری تێکردووە. کچەکە بیستۆکەیەکی ناوە بە گوێکانیەوە و لەگەڵیدا جارناجارێک سەری خۆی ڕادەوەشێنێت. مەراقی گەورەی لاس هەتا دابەزینیشی ئەوەیە، کە بزانێت ئەو کچە گوێ لە چ جۆرە موسیکێک دەگرێت؟ شەمەندەنەفەرەکە دەگاتە دوسلدۆرف و ڕادەوەستێت، کچەکە لەپێش لاسەوە دادەبەزێت، لەبەردەمی دەرگای فارغۆنەکەدا کوڕێکی (پانک) ڕاوەستاوە، هەر کە کچەکە دادەبەزێت دەم دەکاتە دەمیەوە و ڕێگای هاتنەخوارەوە لە نەفەرەکانی تر دەگرن. لاس دادەبەزێت و تەماشایەکیان دەکات و دەڕوات بەرەو لای بلیتبڕێکی تر و پرسیاری شەمەندەنەفەرێکی تر دەکات بۆ هامبورگ. بیلتبڕەکە دەست بۆ هێڵەکەی تەنیشتیان درێژ

دەکات و دەڵێ: لێرەوە. لاس دەپرسێت کەی؟ بلیتبڕەکە پەڕاوێکی پلانی لێخوڕیین لە گیرفانی دەردێنێت و تەماشایەکی دەکات و دەڵێ: نزیکەی کاتژمێر و نیوێکی تر. لاس سووپاسی دەکات و هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: سێ کاتژمێرم بەفیڕۆدا، ئێستا من کاتژمێر و نیوێکی تر لێرە چیبکەم؟ ئاوڕێک دەداتەوە و دەبینێت کچ و کوڕە (پانک)ەکە هێشتا ماچی یەکتر دەکەن، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: تەماشای ماچی خەڵکیی بکە. ئا لاس تەماشای ماچی کچان و کوڕانی دوسلدۆرف بکە. چەند هەنگاوێک دەڕوات دەچێت لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات. تەماشای ئەو چێوەیە دەکات، کە تێیدایە، هەرچیی شتەکانی ناو ئەم چێوەیەیە لە پەیوەندییەکی پتەودان لەگەڵ یەکتریدا، ئەوەی پەیوەندییەکی کاتیی لەگەڵ شتەکانی تری ئەم چێوەیەدا هەیە شەمەندەنەفەرەکانن، کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕادەوەستن و پاشان دەستدەکەنەوە بە ڕۆیشتن، ئەوەی دەمێنێتەوە سکەکانی شەمەندەنەفەرەکەیە. ئەوەی لاس دەیبینێت لەو چێوەیەدا بەشێکە لە ڕێکخستنێک لە جیهانێک، کە وا لەژێر ڕکێفی بیرکردنەوەی ئەودان، هەموو شتێکی ئەو چێوەیە وا لەژێر دەستەڵاتی بیرکردنەوەی ئەودا وەک ئۆبیەکت. ئەوەی لاس لەناکاوێکدا تووشی شۆک دەکات، ئەوەیە، کە هەستپێدەکات ئەو مرۆڤانەی تری ناو ئەم چێوەیە بەشێکی دەستەڵاتی بیرکردنەوەی ئەم نین، ئەوان وەک مرۆڤ ناچنە ناو ئەم ئۆبیەکتەوە، بەڵکوو لە دەرەوەی سنورەکانی ئۆبیەکتەوە ڕاوەستاون. مرۆڤێکی تری ناو ئەم چێوەیە وەک لاس ڕامانی خۆی بۆ چێوە و شتەکانی ناو ئەم چێوەیە هەیە، خاوەنی جیهانێکی تایبەت و ئیندیڤیدووالی تایبەتی خۆیەتی، خاوەنی پریسپێکتیڤییەتی خۆیەتی، ئەوەی، کە لاس لە توانایدا نییە ئەوەیە، کە ئەو ناتوانێت مرۆڤێکی تری ناو ئەم چێوەیە وەک سوبیەکتیڤیتێتێکی ئیندیڤیدووال بخاتە ناو ڕێکخستنی جیهانەکەی خۆیەوە و ئۆبیەکتیڤیرەی بکات. لاس لێرەدا دەبێتە مەترسییەک بۆسەر ئازادیی تاکێکی تر و سوبیەکتیڤیتێتەکانی و هەمانشێوەش بەپێچەوانەوە بۆ لاس. کاتژمێر و نیووێکی ڕەبەق لاس تەنها لە شتەکان دەڕوانێت و لەناو ئەم هەموو شتانەدا مرۆڤەکان وەک دەیان جیهانی تایبەت و ئیندیڤیدووال و جیاواز دەبینێت و دەڵێ: لەناو ئەم هەموو شتانەدا لەناو ئەم هەموو ئۆبیەکتیڤیتێت و سوبیەکتیڤیتێتانەدا ئازادیی ڕەگ و بناغەی پرنسیپەکانی سوبیەکتیڤیتێتە بۆ مرۆڤ وەک تاکێکی ئیندیڤیدووال. دوو خولەک پێش کاتی ڕۆیشتنی شەمەندەنەفەرەکەی دێت، هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڕواتە شەمەندەنەفەرەکەوە، دەگەڕێت بۆ شوێنێکی بەتاڵ بۆ دانیشتن لەناو قەرەباڵغیی کۆمەڵێک گەنجی خوێندکاردا کورسییەک بەتاڵە، لاس دەچێتە پێشەوە پرسیار دەکات ئاخۆ ئەو کورسییە ئازادە یان نا؟ دەڵێن بەڵێ. لاس دادەنیشێت. بەلێشاو خەڵکی تر دێنە شەمەندەنەفەرەکەوە، جێگای دانیشتن کەمە، خەڵکەکان بەناچاریی لەناو دەرگاکەدا بەپێوە دەوەستن، شەمەندەنەفەرەکە جوڵەیەکی تێدەکەوێت، لێ ناڕوات، پاش نزیکەی خولەکێکی تر لەکاتی خۆیدا شەمەندەنەفەرە دەست بە ڕۆیشتن دەکات. لاس دیسان تەماشایەکی پلانی لێخوڕیینەکەی دەکاتەوە، لەکاتێکدا، کە دڵنیایە شەمەندەنفەرەکە

شاری هامبورگ دواهەمیین وێستگەیەتی، بیردەکاتەوە، کە سەرخەوێک بشکێنێت. تەماشایەکی گەنجەکانی دەوری دەکات، چاوەکانی لێکدەنێت و دەنوێت.

لەدوای سێ کاتژمێر و نیوو ڕێگا، شەمەندەنەفەرەکەی دەگاتە چەقی وێستگەی شەمەندەنەفەری هامبورگ. لاس بە خەمبارییەکەوە دادەبەزێت، چونکە دەبێت نزیکەی سێ کاتژمێری تر چاوەڕوانی هاتنی شەمەندەفەرەکەی تری بکات، کە پێیدەچێت بۆ شاری فلێنسبورگ. یەکەم کار، کە لاس لە دابەزیینیدا دەیکات، دانیشتنێتی لەسەر کورسییەکی سەر هێڵەکە، تا ئەو کاتەی هیچ نەفەرێکی تر لەسەر هێڵەکە نامێنێت ئینجا لاس لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستێت و بە پلیکانە کارەباییەکەدا سەردەکەوێتە سەرەوە بۆ لای دوکانەکانی ناو وێستگەکە. لە ڕێستورانتێکی بچکۆلانە لادەدات، لەفەیەکی پەنیر و کۆلایەک دەکڕێت و بە پێوە لەلای یەکێک لە مێزە خڕەکانی بەردەمی ڕێستورانتەکەدا دەستدەکات بە خواردنی لەفەکەی. کوڕێکی باڵابەرزی پرچ ڕەش دێت ئەویش داوای لەفەیەکی هێلکە و پەنیر و کۆلایەک دەکات، خواردنەکەی وەردەگرێت و بەرێکەوت لاس و کوڕەکە تەماشایەکی یەکتر دەکەن، وەکئەوەی لە ناخی یەکتردا هەست بە کوردبوونی یەکتریی بکەن، کوڕەکە بە کوردیی دەڵێ: جەنابت کوردیت؟ لاس دەڵێ: بەڵێ کوردم. کوڕەکە خواردنەکەی لەسەر مێزەکەی لاس دادەنێت و دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و دەڵێ: من ناوم ئازاد مەدهۆشە هاتووم دەچم بۆ ئاهەنگەکەی حەمەزا. لاس دەستی تەوقەی ئازاد مەدهۆش دەگووشێت و دەڵێ: منیش ناوم لاسە و دەچم بۆ شاری فلێنسبورگ، لێ شەمەندەنەفەری یەکەمم لەکیسداوە و ئێستا دەبێت نزیکەی سێ کاتژمێر چاوەڕوان بکەم هەتاوەکوو شەمەندەنەفەرێکی تر دێت. ئازاد دەڵێ: خۆشحاڵم بە ناسینت. ئەگەر پێتخۆش بێت دەتوانیت بێیت بۆ ئاهەنگەکە هەتا کاتی ڕۆیشتنت، هۆڵەکە بەپێ پێنج خولەک لێرەوە دوورە. لاس دەڵێ: بۆچیی نا، باشترە بێم کات لەوێ بەسەربەرم وەک لێرە. ئازاد دەڵێ: کاک لاس هامبورگ وەک ئۆسیانێک وەهایە چەند تێیدا بژییت، لێ هێشتا کۆمەڵێک نهێنیی هەیە نایاندۆزیتەوە، من نزیکەی بیست ساڵ دەبێت لەم شارەدا دەژییم، کەچیی هێشتا وا دەزانم بە کۆمەڵێک شتی ئەم شارە نامۆم یان ئەوەتا ئەوان بە من نامۆن. هامبورگ شاری دەوڵەتە لە خاکی یەکەی کۆماری ئەڵمانیادا. دووهەمیین گەورە شاری ئەڵمانیایە و حەوتەمیین گەورە شاری ئەوروپایە، بە خۆرهەڵاتی ئەوروپاشەوە لەدوای (لەندەن، بەرلیین، مادرید، ڕۆم، پاریس، بوخارست). نزیکەی زیاد لە دوو ملیۆن و نیوو خەڵکی تێدا دەژیی. هەندێک مێژووی ژیان لە هامبورگدا دەگێڕنەوە بۆ چوار هەزار ساڵ بەرلە لەدایکبوونی یێسووس (عیسا)، لێ ئەوەی دەبەسترێتەوە بە مێژووی ئاوەدانییەوە لەم شارەدا دەستەڵاتی پاشایەتیی کارڵی گەورەیە. یەکەمیین کەنیسە لە هامبورگدا بۆ بە کریستکردنی هاووڵاتییان ساڵی 810 زایینیی لەسەر دەستی کارڵی گەورە دروستدەکرێت. (گراف ئادۆڵف)ی سێهەم فۆن شاوەنبورگ و هۆلشتاین لە سەدەی دوانزدەهەمیندا یەکەمیین گەڕەکی بازاڕ و مامەڵە بە هاوکاریی (فریدریش)ی

کایسەر دادەمەزرێنێت. لە ساڵی 1189 دا یاسای مافەکانی دەربەند بۆ بازاڕ و مامەڵە دەردەچێت. هامبورگ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەی بازاڕ و بازرگانیی دەسەنێت بەشێوەیەک، کە لەو دەمەدا ببێتە خاوەنی شەش سەد فابریکی دروستکردنی بیرە. لە سەدەی چواردەدا دەبێتە گرنگترین شاری بازرگانیی ئەڵمانیا، دەبێتە سەنتەری پێکەوەبەستنی بازرگانیی نێوان دەریای خۆرهەڵات و باکوور لە ناوچەکەدا. لە ساڵی 1510وە هەتاوەکوو ئێستا هامبورگ بە شارێکی دەوڵەمەندی ئەڵمانیا دەناسرێنرێت. ساڵی 1867 هامبورگ دەبێتە ئەندامی دەوڵەتەکەی بیسمارک و دەبێت بە یەکەیەکی دەوڵەتی ئازادی ئەڵمانیا. هانزە بریتیی بوو لە بەرەی شارە بازرگانییەکان، ئەو شارانەی، کە بەهۆی دەریاکانیانەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانییان دەکرد، بەرەکان مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزدە هەتاوەکوو کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە. بازرگانەکانی ئەم دەڤەرە دامەزرێنەری ئەم بەرەیە بوون. بەدەر لە شارە گەورەکانی ناو ئەم بەرەیە، کە ڕێژەیان دەگەیشتە شانزدە شار، دوو سەد ناوچەی بچووکی تر وەک گووند و شارۆچکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەسترابوونەوە بەم بەرەیەوە. ئەم یەکگرتنە بازرگانییە وەها دەکات، کە بەرژەوەندییەکانی یەکتر بپارێزن و دەستدرێژیی نەکەنە سەریەکتریی. باوەڕی ئایینی ئەم شارە بە ڕێژەیەکی گەورە لەسەر پێی ئێڤانگێلیی ڕاوەستاوە، هەربۆیە باکووری ئەڵمانیا بە گشتیی لە زۆرینەی بۆنە و پشووە ئایینییەکانی باڵی کاتولیکەکان بێبەشن. لاس دەڵێ: ئاخر من پێموایە هەموو ئەمانە پەیوەندییان بە کێشەی مارتین لوتەرەوە هەیە، ئێڤانگێلییەکانیش هەڵگری ڕێگای ئەون دەشێت بۆ خەڵکانێکی باوەڕدار نەک ئەڵمانیی بگرە نەتەوەکانی تریش، کە نەتەوەی کریستن مارتین لوتەر سیمبوڵی ڕیفۆرم بێت لە ئایینی مەسیحییدا، لێبەڵێ من سوورم لەسەر ئەو باوەڕەی نیچە، کە مارتین لوتەر هیچ شتێک نەبووە بێجگە لە خزمەتکارێکی دڵسۆزی کەنیسە. نیچە دەڵێ: مارتین لوتەر هیچ شتێک نییە بێجگە لە مووفتییەکی مەحاڵ، کە لەسەر بنچینەی مەحاڵ هێرش دەکاتە سەر کەنیسە و سەرلەنوێ بە ڕیزبەندیی دایدەڕێژێتەوە. لە دوورەوە دەنگێک دێت (کاک ئازاد) لاس و ئازاد هەردووکیان دەڕواننە پێشەوەی خۆیان هەتاوەکوو بزانن، ئەو دەنگە لە کوێوە دێت، لەناکاودا کوڕێکی قەڵەوی بچکۆلانەی پرچ کورت دەردەکەوێت، کوڕەکە بە پێکەنینێکەوە دەستێک بڵند دەکاتەوە، پاش گەیشتنی بۆ لای ئازاد بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ماڵ کاول ئەوەندە بچکۆلانەم هەتا سەرم بەر گوونت نەکەوێت چاوت لێمنابێت. ئازاد بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: نا نا بێستوون گیان گوێم لە دەنگت بوو، دیسانەوە بە قاقای پێکەنینەوە دەڵێ: کوڕە دەنگم چ پەیوەندییەکی بە باڵامەوە هەیە؟ ئازاد دەڵێ: بێستوون گیان ئەمەش کاک لاسە دەچێت بۆ شاری فلێنسبورگ، لێ شەمەندەنەفەرەکەی نزیکەی یەکی دوانیوەشەو دەردەچێت و دەیەوێت بێت بۆ ئاهەنگەکەی حەمەجەزا. بێستوون دەستی تەوقە بۆ لاس درێژ دەکات و دەڵێ: بۆچیی نا، دەی با بڕۆین هاوڕێیان هەموویان لە ژوورەوەن و چاوەڕوانی ئێمە دەکەن. هەرسێکیان لە وێستگەکە دەچنە

دەرەوە، لە شووشەی دەرگای وێستگەکەوە بەژنیان هەتا بێت بچووکتر دەبێتەوە تا ئەو کاتەی نابینرێن و دیارنامێنن.

لە کاتژمێر 00:35 خولەکی دوانیوەشەودا لاس دەگەڕێتەوە سەر هێڵی شەمەندەنەفەرەکەی بەرەوڕووی فلێنسبورگ. شەمەندەنەفەرەکەی ڕاوەستاوە، خەڵکێکی کەم لە فارغۆنەکاندا دەبینرێت، لاس سەردەکەوێتەسەرەوە و دەچێتە فارغۆنێکەوە دادەنیشێت،کە تەنها سێ کەسی تێدا دانیشتووە. شەمەندەنەفەرەکە هەتاوەکوو وڵاتی دانیمارک دەڕوات، لاس لە شوێنێکدا لە تەنیشتی پەنجەرەکەوە دادەنیشێت، چەند جارێک تەماشای دەوری خۆی و دەرەوە دەکات وەکئەوەی بۆ شتێک بگەڕێت و نەیدۆزێتەوە لە کۆڵە پشتەکەیدا پەڕاوە شینەکەی دەردێنێت و لەبەردەمییدا لەسەر مێزە بچکۆلانەکەی بەردەمی خۆیدا دایدەنێت. بە سەرنجەوە لاپەڕەی یەکەمی هەڵدەداتەوە و یادی ئەو ڕۆژە دەکاتەوە، کە تێیدا ئەم پەڕاوەی کڕی، لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە و لەگەڵ هەر لاپەڕەیەکدا لە بیرەوەرییدا لێکدانەوەیەک دەردێنێت. نزیکەی دوو کاژمێر و نیوو لەگەڵ بیرەوەرییەکانیدا دەژیی و پاشان لەبەرخۆیەوە دەڵێ: ئازادیی پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە، ئێمە کاتێک هۆشیاریی ئازادییمان نەبێت، ئێمە کاتێک ڕۆحێکمان بۆ ئازادیی نەبێت، نە ئازاد دەبین نە ئازادیی لەلامان نرخێکی دەبێت. دەنگێکی ژنانە لە بڵندگۆکانی شەمەندەنەفەرەکەوە بەرزدەبێتەوە و دەڵێ: بەڕێزان چەند خولەکێکی تر دەگەینە وێستگەی شەمەندەنەفەری فلێنسبورگ. لاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و پەڕاوەکەی دەکاتەوە کۆڵەپشتەکەی و دەڕوات لەناو دەرگای فارغۆنەکەدا بۆ دابەزیین ڕادەوەستێت. چەند خولەکێک تێدەپەڕێت و شەمەندەنەفەرەکە دەگاتە وێستگەی فلێسنبورگ، لەکاتێکدا شەمەندەنەفەرەکە بە خاویی بە وێستگەکەدا بۆ وەستان دەڕوات، لاس لە پەنجەرەی دەرگاکەوە ئەفرۆدیتە و دایکی دەبینێت، لاس هەتا بێت دڵی خێراتر لێدەدات وەکئەوەی دڵی بییەوێت لە سینەی بێتەدەرەوە هەست بە سەرمایەکی کتووپڕ دەکات، شەمەندەنەفەرەکە ڕادەوەسێت، لاس بە پلیکانەی شەمەندەنەفەرەکەدا دێتە خوارەوە، ئەفرۆدیتە و دایکی بەرەوڕووی دێن. لاس لە بیرکردنەوەیدا دەیەوێت توووند توووند باوەش بە ئەفرۆدیتەدا بکات و بە حەزەوە پەلاسی ناودەمی ماچبکات، لێوەکانی بمژێت و زمانی بلێستەوە، لێ ئاگایی ئەو و کلتوورەکەی ڕێگای پێنادات، ناچار دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و سڵاوێکی لێدەکات، دەستی تەوقە بۆ دایکی ئەفرۆدیتە درێژ دەکات و دەڵێ: نیمفە خانم سڵاو. دایکی ئەفرۆدیتە بە خۆشحاڵییەوە سڵاو لە لاس دەکات و بەخێرهاتنی دەکات. ئەفرۆدیتە دەستێک جلکی سپیی لەبەردایە و پرچی بە بڵاویی بەسەر شان و ملیدا هاتۆتە خوارەوە، بە پلیکانەکاندا هەرسێکیان دێنە خوارەوە، لاس چاوێکی هەر لەسەر ئەفرۆدیتەیە، دەگەنە ناو دەرگەی دەرەوە، نیمفەی دایکی ئەفرۆدیتە دەپرسێت ئاخۆ بەپێ بڕۆن یان بە تاکسیی؟ ئەفرۆدیتە و لاس تەماشایەکی یەکتر دەکەن و پاشان هەردووکیان دەڵێن: بە پێ. لاس و ئەفرۆدیتە لەتەنیشت یەکترەوە ڕێگا دەبڕن بەشێوەیەک، کە لاس دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەفرۆدیتە و

دایکیەوە. لاس بە هەڵمژینی هەوای فلێنسبورگ هەست بە هەبوونی جیهانێکی نادیار دەکات و دەڵێ: یەکپارچە هەست بە هەناسەدانێکی تر دەکەم، بەڕاستیی فلێنسبورگ جیاوازترە لە هەر شارێکی تری ئەڵمانیا، کە من دیوومە، هەرچەندە زۆرم نەدیوە، لێ تەواو و ڕێک هەست بە شتێکی تر لەم شارەدا دەکەم. دایکی ئەفرۆدیتە دەڵێ: هەر خۆیشی شتێکی ترە جیاوازتر لە هەر شارێکی تر. ڕەشەباکەی سلێمانیی بە دوو جار بەهێزتر بەشێکە لە سروشتی ئەم شارە، ئاوێکی زۆری هەیە و زۆرجار دۆلفیینەکان یان ئەوەتا سەریان لێدەشێوێت یان ئەوەتا حەز دەکەن خۆیان نیشانی ئەم شارە بدەن، خۆیان دەگەیەننە کەنارەکانی ئاوی ئەم شارە، هەندێکجار هەستدەکەم، کە کەسێکیان یان شتێکیان لەم شارە بەجێهێشتووە و دەیانەوێت لەگەڵ خۆیان بیبەنەوە بۆ ناو دەریا. ئەفرۆدیتە و لاس تەماشایەکی یەکتر دەکەن و خەندەیەک سەر لێوی هەردووکیان ڕووناکدەکاتەوە، خۆشییەک چاوەکانیان گەش دەکاتەوە. ئەفرۆدیتە بە سەری نووکی پەنجەی دەستی لاس دەگرێت و بەدەم قسەکردنەوە دەگەنە ماڵەوە. دایکی ئەفرۆدیتە دەرگا دەکاتەوە و دەچنە ژوورەوە. لاس و ئەفرۆدیتە لە هۆدەی دانیشتندا لەسەر قەنەفەیەکی قەیفەی قاوەییی دادەنیشن. دایکی ئەفرۆدیتە دەچێتە چێشتڕارەکەوە "موبەق، مەتبەغ" سێ گلاس و شووشەیەک شەربەتی سێو دێنێت بۆ خواردنەوە لەسەر مێزێکی شووشە، کە لەبەردەمی قەنەفەکەدا دانراوە دایدەنێت، ئەفرۆدیتە شەربەتەکە تێدەکات و دەڵێ: لاس باوکم دوێنێ سەفەرێکی کتووپڕی کرد بۆ لای دۆستێکی نزیکەی دوو هەفتەی تر دێتەوە. لاس دەڵێ: بەداخەوە پێمخۆش بوو بیبینم. دایکی ئەفرۆدیتە دەڵێ: بۆ ناشێت زوو بڕۆیتەوە؟ لاس دەڵێ: لەڕاستییدا من، کە هێشتا چارەنووسم نادیارە ناتوانم زۆر لە کەمپەکەم دووربکەومەوە، هەربۆیە تەنها یەک هەفتە دەتوانم بمێنمەوە. دایکی ئەفرۆدیتە دەڵێ: دەی کێشە نییە خۆ هەر دێیتەوە بۆ ئێرە ئەوسا دەیبینیت. لاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: بەدڵنیاییەوە دێمەوە و دەیبینم. دایکی ئەفرۆدیتە هەڵدەستێت و دەڵێ: لاس هەرچەندە کات درەنگە، لێ هەر دەچم تەنها خواردنێکی سووکت بۆ ئامادە دەکەم. لاس سووپاسی دایکی ئەفرۆدیتە دەکات و دەڵێ: نیمفە خانم، لە هامبورگ شتێکم خوارد برسیی وەها نیم. نیمفە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ترست نەبێت بۆئەوەی زۆر قەڵەو نەبیت ئێمەش لەگەڵت دەخۆین. بەپێکەنینێکەوە هۆدەکە بەجێدەهێڵێت و دەڕوات. ئەفرۆدیتە چاوەکانی ئەبڕێتە چاوەکانی لاس و هیچ ناڵێت، لاس دەستدەکات بە گیرفانیدا و چکلێتێک دەکاتە دەستیەوە. ئەفرۆدیتە بەسەر سووڕمانێکەوە دەڕوانێتە چکلێتەکە و دەڵێ: لاس گیان ئەوە چییە؟ لاس دەڵێ: چکلێتە. ئەفرۆدیتە دەڵێ: لێ چکلێتێکی کۆنە و کاغەز و شکۆلادەکەی بەیەکەوە نووساون. ئەفرۆدیتە کەمێک لە چکلێتەکە وردەبێتەوە و دەڵێ: ناشێت ئەوە ....؟ لاس سەرێکی لەبری بەڵێ گووتن بۆ دادەنەوێنێت. ئەفرۆدیتە باوەشێکی توووند بە لاسدا دەکات و تێر لێوەکانی دەمژێت و دەڵێ: من ئەم چکلێتەم شەوێک پێش ڕۆیشتنمان دایتێ هەتا لە ڕێگا بە یادی منەوە بیخۆیت. لاس دەڵێ: دڵم نەدەهات بیخۆم، هەستمدەکرد ئەم چکلێتە شانسم دەداتێ، هەستمدەکرد، کە تۆ هەمیشە لەگەڵمدایت،

بڕیارمدا نەیخۆم هەرکات تۆم بینییەوە پێکەوە بیخۆین، لێ ئێستاش بە کەڵکی خواردن نەماوە. ئەفرۆدیتە بە سەرنجێکەوە دەڕوانێتە لاس و دەڵێ: سبەینێ پێکەوە دەچینە سەر دەریا و دەیکەینە دەریاوە. لاس دەڵێ: بەڕاستییتە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئەی بۆچیی نا؟ ئەفرۆدیتە چکلێتەکە بە دوو پەنجە بەرزدەکاتەوە و تەماشای دەکات و دەڵێ: بچووکبۆتەوە، خۆڵاویی بووە. لاس دەڵێ: ئەم چکلێتە لەلایەکەوە ئاسوودەی دەکردم و لەلایەکی تریشەوە شێتبوونێک شێتیی کردبووم، چونکە نەمدەزانی چیی لێبکەم و دڵیشم نەدەهات فڕێیبدەم، لێ ئێستا خۆشحاڵم، کە گەیاندمەوە دەستی خۆت. ئەو شەوە هەتاوەکوو بەرەبەیان هەرسێکیان پێکەوە دادەنیشن و چیرۆکی ژیانی خۆیان بۆ یەکتریی دەگێڕنەوە، پاش شەکەتبوونێکی تەواو، نیمفە دەڵێ: لاس گیان تۆ دەتوانیت لە هۆدەکەی ئەفرۆدیتە بخەویت و ئەویش دێتە لای من. ئەفرۆدیتە بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: ئەی ناکرێت منیش لەلای لاس بنووم؟ هەرسێکیان ئەیدەنە قاقای پێکەنین و نیمفە دەڵێ: من دەچم ددانم دەشۆم و دەچمە جێگا، شەو شاد لە لاس دەکات و دەڵێ: ئێوەش دوامەکەون با بۆ بەیانیی تێرخەو بن. ئەفرۆدیتە دەڵێ: بۆ بەیانیی نا بەڵکوو بۆ ئیمڕۆ، کاتژمێر چوار و نیووی بەیانییە ڕۆژێکی نوێیە. نیمفە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: چییبکەم دەمم ڕاهاتووە، لە هۆدەی دانیشتنەکە دەچێتەدەرەوە. ئەفرۆدیتە باوەش بە لاسدا دەکات و توووند توووند بەخۆیەوە دەنووسێنێت، لاس دەمی لە دەمی ئەفرۆدیتە نزیکدەکاتەوە و دەمدەکاتە دەمیەوە، ئەفرۆدیتە دەمی دەگێڕێتەوە دواوە و دەڵێ: لاس، پەلەی چیتە؟ من و تۆ کاتێکی ناکۆتامان هەیە بۆ یەکتریی. لاس تێناگات و دەڵێ: مەبەستت لە کاتێکی ناکۆتا چییە؟ ئەفرۆدیتە بە نەرمە پێکەنینێکەوە لە باوەشی دێتەدەرەوە و دەڵێ: ناکۆتا وەک ژمارەکان، چلۆن ژمارەکان ناکۆتان ئاوهاش کاتی ئێمە ناکۆتایە. دەستی لاس دەگرێت و دەیبات بۆ هۆدەکەی خۆی، هۆدەیەک لێوانلێو لە خۆشەویستیی، ناکۆتا لە گەڕان بەدوای خۆشەویستییدا، بۆنی هۆدەکە بۆنێک بوو لە بۆنی هیچ گوڵێک نەدەچوو. لاس دەپرسێت ئەم بۆنە چییە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: هی باخەکەی خۆمە، باخی گوڵەباخ، گوڵەباخەکانی جیهانێکی دوور، لێ نزیک لە منەوە، نزیک لە نیمفەوە. لە دەرەوەی هۆدەکەی ئەفرۆدیتە، لە نزیک پەنجەرەکەوە درەختێکی کاستانیانی باڵابەرز لەبەر ڕۆشنایی چەند گڵۆپێکدا وەک تابلۆیەکی کلاسیکیی خۆی پیشانی لاس دەدات، لاس دەڵێ: من ناتوانم لێرە خەوم لێبکەوێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو گڵۆپانەدا، لەناکاودا دەنگی هاقەی کۆترێک دەگاتە گوێی لاس، چاوەکانی زەق دەکاتەوە و دەڵێ: ڕووناکیی و هاقەی کۆتر. ئەفرۆدیتە ئەیداتە قاقای پێکەنین و دەڵێ: لەو ڕۆژەوەی ئێرۆس نیمفەی وەرگێڕاندووە بۆ کۆتر هەتاوەکوو ئێستا بۆ هەرکوێیەک چووبێتم، ڕێکەوتێک وەهایکردووە، کە لە تەنیشت پەنجەرەکەمەوە کولانەی دوو کۆتر هەبن، یان هیچ نەبێت لەسەر تاقی پەنجەرەکەم کولانەیان کردووە، بەبێئەوەی چرکەیەک چییە لە نزیکی منەوە هەست بە ترسێک بکەن. زۆر جار باوکم بە تووڕەبوونێکەوە دەڵێ: ئەم کۆترانە تەنها بەد دێنن بۆ ماڵمان و هیچی تر. یەکەمجار، کە هاتین دوو کۆتر هاتنە باڵکۆنەکەمان لەوێ لە

قوژبنێکی باڵکۆنەکەدا لەسەر گڵۆپێک کولانەیەکیان دروستکرد، ئەم کۆترانە بەردەوام دەهاتنە ژوورەوە بۆ لامان، باوکم بە تووڕەبوونەوە دەریدەکردن، ئیدی دەرگای باڵکۆنی دادەخست هەتا نەهاتنایەتە ژوورەوە. ئێوارەیەکیان من و دایکم لە بازاڕ هاتینەوە بۆ ماڵەوە، تەماشامکرد کۆترەکان لەوێ نین، پرسیارم لە باوکم کرد گووتم: ئاخۆ ئەم دوانیوەڕۆیە کۆترەکانی دیوە؟ باوکم بە ساردییەکەوە گووتی: نا ئیمڕۆ دوانیوەڕۆ نەهاتوونەتەوە، لەوانەیە چووبێتن بۆ شوێنێکی تر. ئەو ئێوارەیە خەمێکی گەورەم لە کۆترەکان خوارد. کاتێک چوومە چێشتڕاخەکەمان لەوێ بۆنی گۆشتی سوورەوەکراوم دەکرد، کاتێک لە باوکم پرسیی ئاخۆ ئەو نانی ئێوارەی خواردووە؟ گووتی: نا وەختە بمرم لەبرساندا. ئیدی زانیم، کە باوکم کۆترەکانی سەربڕیوە و خواردوونی. بۆئەوەی منیش درکی پێنەکەم چێشتڕاخەکەی پاککردۆتەوە و تەنانەت پەڕی کۆترەکانیشی فڕێداوە هەتا لە ماڵەکەدا نەمێنێتەوە، لێ ئەوەی باوکم نەیتوانیبوو ونی بکات بۆنی گۆشتی برژاوی کۆترەکان بوو. دوای ماوەیەک ئەم دوو کۆترە بە ڕێکەوتێک هاتنە سەر پەنجەرەکەم، دوو کۆتری سپیی سپیی، دوو کۆتری هۆڵەندیی کۆن کاپووتسینەر، یان پێرووکە، چونکە وەک ئەوە وەهایە، کە پێرووکەیەکیان لەسەردابێت. ئێمە پێیاندەڵێین: کۆتری پەریی. کە هاتن من لەسەر جێگاکەم ڕاکشابووم تەماشای ئەلبوومێکم دەکرد، هەردووکیان پێکەوە لەسەر تاقی پەنجەرەکەم نیشتنەوە و ڕوویان لە من بوو، من بێجگە لە پەڕ هیچ شوێنێکی تری دەمووچاویانم نەدەبینی، پرسیارم لە خۆم دەکرد، ئاخۆ ئەوان چلۆن دەتوانن پێشچاوی خۆیان ببینن؟ ئەو ڕۆژە لەلای من لەسەر پەنجەرەکە مانەوە، دەمەو ئێوارە پێش تاریکبوون، چوومە خوارەوە بۆ لای خاوەن ماڵەکەمان، ئاخر ئەویش هەر لەم ئاپارتمەنەدا دەژیی لە قاتی خوارەوە. ئاگادارمکردەوە، کە دوو کۆتر لەسەر لێواری پەنجەرەکەی منن، ئەگەر خاوەنیان نەبوو، ئەوا پێمخۆشە بۆ من بن. خاوەن ماڵەکەمان پیاوێکی تەمەن نزیکەی شەست ساڵەیە، پیاوێکی میهرەبانە، هات لە گەڵم، هەتاوەکوو لە حەوشەی پشتی ماڵەکەوە تەماشای کۆترەکان بکات، لەگەڵ یەکەم تەماشاکردنی کۆترەکاندا خاوەن ماڵەکە ئاشقی کۆترەکان بوو و گووتی: لە ئێستا بەدواوە ئەم کۆترانە هی تۆیە و کەس بۆی نییە دەستیان بۆ ببات. منیش لە خۆشیاندا ئەو شەوە هەتا درەنگان بەدیاریانەوە لەم دیووی پەنجەرەکەوە مامەوە، نەمهێشت باوکم پێیان بزانێت. بۆ سبەینێ خاوەن ماڵەکەمان چوو بوو لە بازاڕ کۆلانەیەکی گەورەی بۆ کڕیبوون و بە درەختەکەوە بۆی هەڵواسیبوون، ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەو کۆترانە لەو کولانەیەدا دەژیین، خاوەن ماڵەکە لە خوارەوە گەنمیان پێدەدات، ئیدی ئەو بووە بە خەمخۆریان و منیش لێرەوە چێژ لە جوانیان وەردەگرم، جارجارە پەنجەرەکەم دەکەمەوە و لەگەڵیان قسە دەکەم یان مشتێک گەنم لە دەستمدا دادەنێم و ئەوانیش دەیخۆن. ئەو گڵۆپانەش شەوانە دادەگیرسێت هی ئەم خانووە نییە، بەڵکوو هی سەر جادەکەیە، کەواتە خاوەن ماڵەکەمان بۆی نییە داوا بکات ئەو گڵۆپانە لابرێت چونکە من خەوم لێناکەوێت. لاس بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: ئەگەر لە کوردستان بوایە ئەوا هەمووجار بە بەردە

دارلاستیک دەمشکاندن. ئەفرۆدیتە بە پێکەنینەوە دەڵێ: پێویستی بە شکاندن نەدەکرد، چونکە کارەبا نییە هەتا ڕۆشنی بکاتەوە. دەنگی دایکی ئەفرۆدیتە بەرزدەبێتەوە و دەڵێ: ئەفرۆدیتە گیان کاتی خەوە باوانم، لاسیش ماندووە، لێگەڕێ کەمێک بنووین ئیدی دوایی چیی زۆرە کات زۆرە بۆ قسەکردن. ئەفرۆدیتە بە خێرایی ماچێکی تەنکی لێوەکانی لاس دەکات و دەڵێ: شەو شاد، ئەگەر هەر خەوێکت بینی ئەوان خەتاکەی بکەرە ئەستۆی ژوورەکەی من، بە پێکەنینێکەوە هۆدەکە بەجێدەهێڵێت و دەڕواتە لای دایکی، لە جێگاکەدا ڕادەکشێت و دەڵێ: شەو شاد دایە گیان. دایکی دەڵێ: ئەی ددانت ناشۆیت؟ ئەفرۆدیتە بەخێرایی لە جێگاکەی دێتەدەرەوە و دەچێت بۆ شووشتنی ددانەکانی، پاش کەمێک دێتەوە و ماچێکی دایکی دەکات و دەڵێ: شەو شاد. دایکی شەو شادی لێدەکات و گڵۆپ دەکووژێننەوە و دەنوونن.

لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم تیشکی خۆردا دەرگای خەونێک لە مێشکی لاسدا دەکرێتەوە. لاس لە شوێنێکی تاریکدایە تەماشای هەرلایەکی خۆی دەکات لە تاریکیی زیاتر هیچ شتێکی تر بەدی ناکات، پاش کەمێک لە دوورەوە بە تۆزقاڵ تروسکەی ڕووناکییەک دەردەکەوێت، لاس ڕاستەوخۆ چاوەکانی ئاڕاستەی ڕووناکییەکە دەکات و دەڵێ: لە هیچ شوێنێکی تردا ناتوانرێت وەک لە تاریکیدا تروسکەیەک بەدی بکرێت، هەرچیی ڕووناکییە بەبێ تاریکیی وەک ئەوە وەهایە، کە نەبن. من لەکوێم؟ بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و هیچ وەڵامێکی پێ نییە. پاش کەمێک دەڵێ: من لە شوێنێکدا دەجوڵێمەوە، کە منی ئێستا تێدا نیم، لێرەوە ڕووناکییەکی کەم دەبینم، کە گوڵێک نییە. من نازانم، ئاخۆ ئەمە خۆمم لێرە یان بیرکردنەوەمە؟ من جیاوازیی نێوان بیرکردنەوە و بوون ناکەم، من بوونم لێرە هەیە، کەواتە بیردەکەمەوە، من بیردەکەمەوە، کەواتە من لێرەم. لە دوورەوە ڕووناکییەکە بە خەتێکی باریک دەگاتە بەردەمی لاس، وەکئەوەی بیەوێت بۆ لای خۆی بەرێت. لاس بە ڕووناکییەکەدا دەڕوات و دەڵێ: ئاخۆ ئەمە ڕاستییە یان دەرکەوتەیەکە، درەوشاندنەوەیەکی دەروونییە؟ دەشێت بوونی من لێرە هەموو من نەبێت، بەڵکوو بەشێک لە من بێت. لەم تاریکییەدا هیچ شتێک نییە بەقەد ئەم ڕووناکییە باریکە جوان بێت، لێ جوانیی ئەو هەموو جوانیی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە جوانیی. من بیردەکەمەوە، من لە کوێم؟ لێ ئەمە هەموو بیرکردنەوەی من نییە، بەڵکوو بەشێکە لە بیرکردنەوە. لاس چەند سەد مەترێک بە ڕووناکییەکەدا تێدەپەڕێت، ئیدی لێرەوە ڕووناکییەکە هەتا بێت قەبارەیەکی گەورەتر و پانتاییەکی گەورەتر پەیدا دەکات، لاس دەڵێ: ڕووناکیی لە ڕەنگێکی سپییدا دەبینرێت، کەواتە ڕەنگیی سپیی بوونی هەیە، کەواتە ڕووناکیی و سپیی بوونیان هەیە. لەناکاوێکدا ڕووناکییەکە لاس بە خێراییەکی خەیاڵیی بەناو خۆیدا تێدەپەڕێنێت، لە هەندێک شوێندا دەوەستێت دیمەنێکی پیشان دەدات، لاس لە دیمەنی یەکەمدا خۆی دەبینێت، دەبینێت، کە حەوت مانگە هیچ پەیوەندیی بە ئەفرۆدیتەوە نەماوە، پەیوەندیی نێوانیان لەسەر کێشەیەکی دەرەکیی قەدەغەکراوە، ئەفرۆدیتە داوای

جیابوونەوەی لێدەکات. ڕووناکییەکە دیسانەوە بە خێرایی لاس بەناو خۆیدا تێدەپەڕێنێت هەتا گەیشتنی بە شوێنێکی تر، لاس دیمەنێکی تر دێتەبەرچاوی: لەسەر ڕێگای قووتابخانەی ئەفرۆدیتە ڕاوەستاوە، بە دڵەڕاوکێ و ترسێکەوە نەبادە ئەفرۆدیتە تەنها نەبێت. ڕووناکییەکە لاس بەناو خۆیدا تێدەپەڕێنێت بۆ دیمەنێکی تر: لاس لەسەر ڕێگایەکدا بە چاوی پڕ فرمێسکەوە دەڵێ: بۆچیی وەها دەکەیت، کە من و ئەفرۆدیتە لێکجیابینەوە؟ نیمفەی دایکی ئەفرۆدیتە دەڵێ: من نیم، من هیچ خەتایەکم لەم کێشەیەدا نییە، بەڵکوو باوکیەتی. ڕووناکییەکە بە خێرایی لاس دەبات بۆ دیمەنێکی تر: ئەفرۆدیتە و لاس لە هۆدەیەکدا بەتەنها دەمیان لەناو دەمی یەکتردایە. ڕووناکییەکە تێدەپەڕێت و بەخێرایی لاس دەباتە بەردەم دیمەنێکی تر: ئەفرۆدیتە وێنەیەکی خۆی ئەدات بە لاس، وێنەیەکی تارییک، کە تەنها ڕووخساری ئەفرۆدیتەی لەسەرە، ڕووخساری ئەفرۆدیتە لەو وێنەیەدا لە مۆمێکی داگیرساو دەچێت، مۆمێک، کە بۆ تارییکیی پێدەکەنێت. ڕووناکییەکە تێدەپەڕێت بۆ دیمەنێکی تر: لاس بە شپرزەییەوە دەگەڕێت بۆ وێنەکەی ئەفرۆدیتە لە هیچ شوێنێک نایدۆزێتەوە. ڕووناکییەکە دەگاتە شوێنێکی تر: لاس دەبینێت کچێکی پرچ ڕەش، کە تەنها پشتەوەی دەبینێت نەک ڕووخساری لە گیرفانی کراسێکی لاسدا وێنەکەی ئەفرۆدیتە دەردێنێت و دەیکاتە گیرفانی خۆیەوە و دەڕوات. ڕووناکییەکە دەگاتە شوێنێکی تر: لاس لەبەردەمی کتێبخانەیەکدا ڕاوەستاوە و تەماشای یادگارەکانی ئەفرۆدیتە دەکات و دەڵێ: هەموو یادگارێکتم هەیە، تەنها ئەو وێنەیە نەبێت، کە لێیان دزییم. ئەفرۆدیتە لەدواوە باوەشێکی پێدا دەکات و دەڵێ: واز لەو وێنەیە بهێنە، ئیدی با لێرەوە ئەو وێنەیە وەک مێژوویەک وەهابێت، ئەو کەسەی ئەو وێنەیەی لێ بردوویت تەنها وەک ماتریاڵ بردوویەتی، لێ ئەوەی لە دەروون و مێشکی تۆدایە هیچ هێزێک نییە بتوانێت لێت بدزێت. ڕووناکییەکە بە خێرایی دەگاتە دیمەنێکی تر، پیاوێکی سپییکەڵە، پرچێکی قاوەییی هەتا سەرشانی هەیە، چاوەکانی هەنگوینیین، سمێڵێکی باریکی نیمچە سپیی و سەکسووکەیەکی باریکی هێشتۆتەوە، جلێکی ڕەشی لەبەردایە و ئێخەیەکی سپیی گەورەی هەیە، لە جلوبەرگی قەشەکان دەچێت، لێ ئەم شەبقەیەکی بەدەستەوە گرتووە. لاس بە حەپەساوییەکەوە دەمی تەتەڵە و پەتەڵە دەکات و دەڵێ: تۆ؟ "ڕێنێ" تۆ. "ڕێنێ دێکارت"؟ لاس هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: لاس، ئەمە تەنها خەوێکە، ڕێگا بە خۆت مەدە ببیتە پاڕانۆید. دێکارت بە پێکەنینەوە دەڵێ: تۆ دڵنیایت، کە ئەمە خەوە؟ لاس دەڵێ: ئێ، دڵنیا؟ دێکارت دەڵێ: بەڵێ دڵنیا. لاس دەڵێ: نازانم، لێ ئەوەی، کە دەیزانم ئەوەیە، کە گوومانم هەیە. دێکارت دەڵێ: ئێمە ناتوانین، خاڵیی لە گوومان لە بوونیەتی هیچ شتێک دڵنیابین، بەوشێوەیەی، کە ئێمە خۆمان بە ڕاست وەریدەگرین. لاس دەڵێ: ئەی ناتوانین لانیکەم دڵنیابین لەوەی، کە خۆمان و ئەو شتانە بوونمان هەیە؟ دێکارت دەڵێ: گوێبگرە لاس: ئەگەر من لە هەموو ئەو شتانە بەگوومان بم، ئەوا ناتوانم بڵێم، کە دوودڵ نیم، کە گوومانم نییە، کە بیردەکەمەوە ئەگەر گوومانم هەبێت، کەواتە ئەمە دڵنیاییەکە، دڵنیاییەکە، کە منم "من بیردەکەمەوە، منم". لاس لەبەر خۆیەوە دەڵێ: ئەمە خەونێکە و

هیچی تر. دێکارت دەڵێ: لاس، هیچ جیاوازییەک لەنێوانی ئاگایی و خەوندا نییە. لاس دەڵێ: لێ بەگوومانم لەوەی، کە ئەمە ڕاست بێت. دێکارت دەڵێ: دوودڵیی تۆ و گوومانەکانت هیچ کەسێک ناتوانێت لێتزەوتبکات، تاکە شتێک، کە تۆ ئێستا لێی دڵنیابیت ئەوەیە، کە تۆ ئێستا خاوەنی گوومانیت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: دەتەوێت بەئاگابێیت یان ئەوەتا دەتەوێت لە خەونێکدا بژییت؟ لاس دەڵێ: کێشە ئەوەیە، کە من نازانم چیمدەوێت، گوومانم هەیە، لە هەردوو جیهان، خەون و ئاگایی. دێکارت دەڵێ: لاس جەستەی تۆ بێجگە لە ماشینێک هیچ شتێکی تر نییە، ماشینێک، کە شیاوی شکاندن و لەناوچوونە، لێ تۆ، بوونی تۆ بیرکردنەوەتە نەک جەستەت، کەواتە تۆ لە بیرکردنەوەدا لە خەوندا بیت یان لە ئاگاییدا چ لە باسەکە دەگۆڕێت؟ لاس بە تووڕەییەوە دەڵێ: لێ دێکارت بیرت نەچێت، بیرکردنەوە بۆ نیچە پیشەیە نەک بوون، ئەوەی بەدوای ڕاستییدا بگەڕێت نابێت ببێتە کەسێکی خەوشدار، چونکە دەربڕینی وەک من بیردەکەمەوە، منم هیچ شتێک نییە بێجگە لە سەرلێتێکچوونێک بێجگە لە شێتێتییەک. ڕووناکییەکە بەخێرایی لاس تێدەپەڕێنێت و لەدواشەوە دەنگی قاقای پێکەنینی دێکارت دێت، ڕووناکییەکە لاس ڕادەگرێت و لەناکاوێکدا ئێسکی سەری دێکارت دێتەبەردەمی و لەژێریدا نووسراوە پاریس،لاس دادەچڵەکێت و ڕووناکییەکە تێیدەپەڕێنێت بۆ پێشەوە و لەناکاوێکدا دیسان دەوەستێت و ئێسکی قاچەکانی دێکارت دێتە بەردەمی و لەژێریدا نووسراوە ستۆکهۆڵم، لاس دەنگێکی بڵندی لێبەرزدەبێتەوە و ڕووناکیەکە تێیدەپەڕێنێت بۆ پێشەوە. دەنگێک بڵند دەبێتەوە و دەڵێ: لاس. لاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: کێیە؟ کێ بانگم دەکات؟ دەنگەکە دەڵێ: منم پاسکاڵ. لاس دەڵێ: چیتدەوێت پاسکاڵ؟ پاسکاڵ دەڵێ: دەمەوێت پێتبڵێم: لاس دەڵێ: دەتەوێت چیم پێبڵێیت؟ پاسکاڵ دەڵێ: دەمەوێت پێتبڵێم: کە مرۆڤ بوونەوەرێکی نابەختەوەرە. لاس دەڵێ: بۆچیی؟ بۆچیی مرۆڤ بوونەوەرێکی نابەختەوەرە؟ پاسکاڵ دەڵێ: لەبەر ڕۆحی، کە وەک فریشتە وەهایە و لەبەر نزمییشی، کە وەک ئاژەڵێک وەهایە. ڕووناکییەکە لاس تێدەپەڕێنێت و دەنگی قاقای پێکەنینی پاسکاڵ لەدواوە دەگاتە گوێی لاس. ڕووناکییەکە تێدەپەڕێت و لە شوێنێکدا ڕادەوەستێت، پیاوێکی سەر کەچەڵ، کە تەنها لاتەنیشتەکانی پرچێکی ڕەشی پێوەبوو لاپەڕەیەک ئەداتە دەستی لاس و هیچ ناڵێت. لاس دەڵێ: تۆ. پیاوەکە سەرێکی بۆ دادەنەوێنێت و هیچ ناڵێت. ڕووناکییەکە لاس تێدەپەڕێنێت و لاس بە ڕێگاوە لاپەڕەکە دەخوێنێتەوە، کە لەسەری بە گەورەیی نووسراوە: ژیان خاوەنی باشە و خراپەیە، سەرکەوتنی باشەکان بەسەر خراپەکاندا و لەناوبردنیان ئەرکی سەرشانە. لەناکاودا دەنگێکی بڵند بە تووڕەییەوە دەڵێ: ئەمە بیرکردنەوەی ئینگلیزە، ناوازەیەکی ئینگلیزییە، دۆسیەی ئەو سەر پانەیە جۆن ستوارت میل. لاس دەڵێ: نیچە، ئەو دەنگە نیچەیە، کەواتە ئەو پیاوەی ئەم لاپەڕەیەی دامێ میل خۆی بوو. لەناکاودا نەڕەیەکی بڵند بەرزدەبێتەوە، کە لە نەڕەی ئاژەڵێکی کێویی و دڕندە دەچوو، لێ لاس نازانێت چ ئاژەڵێکە، ترسێکی گەورەی لێدەنیشێت و نازانێت چیبکات، ڕووناکییەکە هەتا بێت لاس بە خێرایی تێدەپەڕێنێت و

دەنگەکەش هەتا بێت بڵندتر دەبێت لەناکاویێکدا چەپۆکی ئاژەڵەکە لە تارییکییەوە دێت و ئەیدات بەسەری لاسدا، لاس لەسەر هێڵی ڕووناکییەکە بەردەبێتە خوارەوە بۆ قوڵایی تاریکیی و لە چاو وندەبێت.

شوێن نەخۆشخانەی "دیاکۆ"یە لە شاری فلێنسبورگ لە ئەڵمانیا، لاس لە وێستگەی چڕوپڕ خەوێنراوە، ئەفرۆدیتە و نیمفەی دایکی بە پێوە بەدیاریەوە ڕاوەستاون. دکتۆر "هێربەرت شتێر" بە ئەفرۆدیتە و دایکی دەڵێ: لاس لە کۆمادایە، ئیدی لێکدانەوەیەکی دەروونیی بووەتە هۆکاری دروستبوونی ئەم کۆمایە، هەتا ئەو ڕۆژەی لاس بەهۆش خۆی دێتەوە دەبێت بەم دەزگایانە بژیی، ئەگەر هاتوو ئەم دەزگایانە بکووژێنینەوە ئەوا لاس دەمرێت، ئەمەش بەبێ ڕەزامەندیی کەسوکاری ناکرێت. ئەفرۆدیتە دەڵێ: ئێمە کەسوکاری ئەوین، من دەستگیرانی ئەوم، بڕیار بوو لەم هەفتەیەدا یەکتریی مارە بکەین، لێ ئیدی ئەم کارەساتەی بەسەردا هات. دکتۆر هێربەرت شتێر درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ: مرۆڤ، کە لە کۆمادایە، هەندێکجار دوای چەند مانگێک هەڵدەستێتەوە، لێ هەڵستانەوەکەی هەندێکجار بەشێوەیەکە، کە نەخۆشەکە هیچ شتێک لە مێشکیدا نامێنێت، ئیدی دەبێت وەک منداڵێکی ساوا لە سەرەتاوە دەستپێکەیتەوە، کە فێری قسەکردنی بکەیت، نەخۆشەکە هیچ شتێک لەسەر خۆی نازانێت و نازانێت چیی لێبەسەر هاتووە، هەندێکیان ئەو چرکەیەیان بیردێتەوە، کە تێیدا چوونەتە کۆماوە، هەندێکیان هەر هیچ. هەندێک نەخۆشی تر پانزدە بۆ بیست ساڵ لە کۆمادا دەژین و پاش هەڵستانەوەیان وا دەزانن، شەو خەوتوون و بەیانیی لە خەو هەڵستاون، ئەمانە هەموو شتیان بیردێت، لێ کاتێک دوای بیست ساڵ کەسوکاریان دەبینن و نایانناسنەوە یان ژیان مۆدێرنتر بووە تووشی شۆکێکی گەورە دەبن و پێویستیان بە تێراپیی دەبێت. هەندێک نەخۆشی تر هەن لەدوای پانزدە شانزدە ساڵ خۆیان دەمرن. ئێمە چارەنووسی لاس پێنازانین، تەنها ئەوە نەبێت، کە ئێستا دەزانین مێشکی کار دەکات، دڵی کار دەکات، لێ بۆ ئایندە هیچ گەرەنتییەکمان نییە، ئەوە کەوتۆتە سەر بەرگەی ئێوە هەتا چ سنوورێک تواناتان لەگەڵ سەردانی لاس بەوشێوەیەدا دەبێت. ئەفرۆدیتە دەڵێ: هەتا مردن. دکتۆر هێربەرت شتێر بە خەندەیەکەوە دەستی تەوقە بۆ ئەفرۆدیتە درێژ دەکات و دەڵێ: خۆشحاڵم، کە پۆزەتیڤ بیردەکەیتەوە، ڕۆژێکی خۆشتان هەبێت، دکتۆرەکە دەچێتە دەرەوە و ئەفرۆدیتە بە گریانێکەوە باوەش بە دایکیدا دەکات و دەڵێ: دایە تکایە پشتگیریم بکە. دایکی توووند باوەشی پێدا دەکات و دەڵێ: هەتا مردن.

**به قەدپاڵی شاخێکەوە لە دارستانێکی** چڕدا لە خانوویەکی تازە دروستکراودا، خانوویەک، کە هێشتا بۆنی چیمەنتۆ و گەچی لێدێت، خانوویەک وەکئەوەی بەتایبەت بۆ سەردارێک یان بەرپرسێکی باڵا دروستکرابێت ئاویار لەسەر قەنەفەیەکی ڕەشی چەرم دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی کۆنی هاوکارییە. بەرانبەری کوڕێکی باریکەلەی، پرچ قاوەیی، چاو نێرگزیی، سپییکەلە دانیشتووە. ئاویار سەرێک هەڵدەبڕێت و دەڵێ: کاک گالا دەورەدان پێمناڵێیت ئەم هەموو ڕۆژنامە کۆنانەتان لەکوێ دەستکەوتووە؟ گالا دەڵێ: بڵێمچیی ئەمەش بەشێک بووە لە ئەرک و کارەکانی ئێمە. لە شۆڕشی نوێوە هەتاوەکوو ڕاپەڕیین خەڵکانێک هەبوون ئەرکیان تەنها دروستکردنی ئەرشیف بوو، کۆکردنەوەی هەموو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بوو، کە لەلایەن بەعسەوە دەردەچوو. هەنووکە لە ڕێگای ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەوە، ئێمە دەتوانین چاو بەو چاوپێکەوتنانەدا بخشێنین، کە لەسەردەمی ئەنفالدا لەگەڵ کۆمەڵێک جاش و ڕاوێژکار و پیاوانی بەعسدا کراوە. ئەوانە کاتی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا زانیارییان لەسەر ئۆپەراسیۆنی ئەنفال بڵاوکردۆتەوە. ئەم زانیارییانە گرنگە بۆ ئەوەی، کە ئێمە لە ئایندەدا ئێسک و پروسکی ئەو خەڵکە ئەنفالکراوانە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا بدۆزینەوە. ئاویار بە سەرنجێکەوە دەڵێ: لێ ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانە لەژێر دەستەڵاتی بەعسدان، تۆ ناتوانی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوەکان لە چنگی بەعسەوە بگوێزیتەوە بۆ کوردستان. گالا هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێ: ئێستا نا، لێ هەرکاتێک کۆتایی بە دەستەڵاتی بەعس هێنرا دەتوانین ئەم کارە بکەین. ئاویار بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: کێ دەتوانێت کۆتایی بە دەستەڵاتی بەعس و بنەماڵەی سەددام حسین بهێنێت؟ ئەڵمانەکان چەند توانیان کۆتایی بە دەستەڵاتی نازیی و هیتلەر بهێنن ئێراقییەکانییش هەرئەوەندە. لێبەڵێ مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، کە دەستەڵاتێکی دەرەکیی بەهێزتر لە بەعس توانای ئەم کارەی هەیە، هەروەک چلۆن لەسەر دەستی هێزگەلێکی دەرەکیی کۆتایی بە دەستەڵاتی هیتلەر هات، ئاوهاش هێزێکی بەهێزتر لە بەعس توانای ڕووخاندنی دەستەڵاتی سەددام حسینی هەیە. گالا تەماشایەکی ئاویار دەکات و دەڵێ: مەبەستت ئەمریکایە؟ ئاویار بە قاقایەکی پێکەنینەوە دەڵێ: ئەی بێگوومان مەبەستم ئەمریکایە، لێبەڵێ ئەمریکا دەیتوانی لە بەهاری 1991 دا کۆتایی بە دەستەڵاتی بەعس بهێنێت، لێ ئەو دەم لە بەرژەوەندییاندا نەبوو سەددام حسین بخەن،ئاخر سەددام حسین ئۆبیەکتێک و ماریۆنێتێکی ئیمپریالیستی جیهانە، تا ئەو کاتەی بوونی ئەو لە قازانجی ئەواندایە لە ژیاندا دەمێنێتەوە، هەرکاتێکیش ئەو گرنگیی خۆی بۆ ئەوان نامێنێت وەک داشێکی دامە دەخرێت و لە مەیدانەکەدا نامێنێت. ئاویار سەری دێنێتە پێشەوە و چاوەکانی زەق دەکاتەوە و دەڵێ: سەددام حسین چەقی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیستی جیهانە ئەوان لەسەر سکی ئێراق دەژیین، لەبەرئەوە لەبیر خۆتانی بەرنەوە، بەعس بە هێزی شڕوپڕ و بێ تاکتیک و ستراتیژیەتی ئۆپۆسیزیۆنی ئێراقیی ناڕووخێت. بەعس ئێستاش لەو دەستەڵاتەدایە، کە نەک هەموو کورد بگرە هەموو ئێراقییەک زیندەبەچاڵ بکات،

هەموو ئێراقییەک بکووژێت، لە زیندانی توووند بکات، ئەشکەنجەی بدات هەتا مەرگ. میتهۆدەکانی بەعس لە ئەشکەنجەداندا بێ وێنەن، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بیگرە هەتاوەکوو سەردەمی نازییەت لە ئەڵمانیادا، لە نازییەتەوە بیگرە هەتاوەکوو ئێستا هیچ دەستەڵاتێک وێنەی بەعس نییە لە توووندوتیژییدا، هیچ دەستەڵاتێک وەک ئەو ئاشقی پیشاندانی هێز و قودرەت نییە. ئەوانەی نەیاری بەعسن دەبێت ئاوات بە مەرگ بخوازن، کاتێک بە زیندوویی دەکەونە بەردەستی بەعس. ئاخر مەرگ لەلای ئەمجۆرە زیندانییانە لوکسوسە، هایلایڤە، کە دەستیان ناکەوێت. ئەشکەنجەدان و تۆڵەسەندنەوە، گەورەترین حەز و ویستی مرۆڤە لەسەرو هەموویانەوە پاشا و سەردارەکان. کێ هەیە دڵی بەعس و سەددام حسینی بریینداركردبێت و ئاسان لەژێر دەستیان دەرچووبێت؟ من باوکم ساڵی 1987 بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ سەرەونگووم کرا، هیچ کەس نەیدەزانی لەکوێیە، زۆرینەمان لەو باوەڕدابووین، کە هەر لە ژیاندا نەمابێت. باوکم تۆمەتێک کرابووە پاڵی، کە ئەو هەر ئاگاشی لێ نەبوو. ڕاپۆرتێک لەسەر باوکم نووسرابوو، کە گوایە سیخووڕیی بۆ ئێران کردووە. باوکم لە سلێمانییەوە گوێزرابۆوە بۆ بەغداد، لەوێ شەش دانە مانگی ڕەبەق ئەشکەنجەی باوکمیان دابوو، ئەشکەنجەدانێک، کە ناچێتە ئەقڵ و باوەڕی هیچ کەسێکەوە، ئەمە بێجگەلەوەی، کە چەندیین کەسی تریان بە بەرچاوی باوکم و چەندیین زیندانیی ترەوە ئەشکەنجە دابوو بۆ ترساندنیان. من واز لەوەی باوکم دێنم، لێ ئەوەت بۆ دەگێڕمەوە، کە باوکم بە چاوی خۆی دیبووی. گالا بە سەرنجێکەوە تەماشای ئاویار دەکات و دەڵێ: باوکت چیی دیبوو؟ ئاویار ڕۆژنامەکە لەسەر مێزەکەی بەردەمی دادەنێت و دەڵێ: هیچ شتێکت لەسەر ژیانی ڕۆبەرت فرانچۆیس دایمنس بیستووە؟ گالا چاوەکانی زەق دەکاتەوە و دەڵێ: ئەمە یەکەمیینجارمە ناوی ببیستم. ئاویار دەڵێ: ڕۆبەرت دایمنس لە سەرەتای ساڵی 1715 لە فەڕەنسا لەدایکبووە و ساڵی 1757 لە پاریس مردووە. گالا دەڵێ: زۆر نەژیاوە بە گەنجیی مردووە، بۆچیی؟ ئاویار دەڵێ: چونکە لودڤیگی پاشای فەڕەنسا بڕیاری لەسەردابوو. لودڤیگ لە فێبرواری ساڵی 1710 لەدایکبووە، سێهەمیین کوڕی لویس فۆن بورگوند بوو. برا گەورەکانی لودڤیگ هەر بە منداڵیی مردوون. دوای مەرگی باپیری ساڵی 1711 و مەرگی باوکی ساڵێک بەدوایدا 1712 هەلومەرجێکی بۆ دێتەپێشەوە، کە جێگای باوکی بگرێتەوە، ساڵی 1715 تاجی پاشایەتیی دەکرێتەسەری و دەبێتە پاشای فەڕەنسا. ڕۆبەرت دامینس ڕۆژێکیان بە فەڕەنسییەکان دەڵێ: ئازادیی تەنها بە مردنی پاشا دێتەئاراوە. دامینس بە باوەڕەوە ئەم قسەیەی کردبوو، هەربۆیە لە 5.01.1757 دا بە چەقۆوە هەڵدەکووتێتە سەر لودڤیگ، لێ پاشا تەنها بە سووکیی برییندار دەبێت، پاسەوانەکانی لودڤیگ دێن دامینس دەگرن و پاشا داوایان لێدەکات، کە نەیکووژن، تەنها زیندانیی بکەن. ئەشکەنجەدانێک ئەشکەنجەی دامینس دەدەن، کە نەک تەنها فەڕەنسا بگرە هەموو جیهان بە مێژووی مرۆڤایەتییشەوە دەهەژێنێت. جەللادەکەی نموونەی دڕندەیی مرۆڤە، کاتێک پۆلیسەکان شاپڵێتەی ئاگر دەنێن بە دەستی دامینسەوە، لەبەر بێهێزیی ئاگرەکە دەستی باش ناسووتێت، بگرە

ئازارێکی ئاوهاش ناگەیەنێت بە دامینس. جەلادەکە دێت هەردوو قۆڵی وەک کەوانێک بۆ سەرەوە بڵند دەکاتەوە و بە گازێکی پۆلایین دەکەوێتە لێکردنەوەی گۆشتی جەستەی. یەکەمجار لە پووزەکانیەوە دەستپێدەکات، مێژوو دەگێڕێتەوە و دەڵێ: وێڕای ئەوەی جەلادەکە کابرایەکی کەتە و بالابەرز و بەهێز بووە، لێ پێویستی بە بەکارهێنانی هێزێکی زۆربووە بۆ لێکردنەوەی گۆشتی جەستەی دامینس. لە جێگای هەر پارچە گۆشتێک مس و قوورقشمی تواوەیان تێکردووە. بە کەوچێکی ئاسنیین شلەمەنییەکی ماتریاڵیی گەرمی کووشندەیان تێکردووە. هاواری دامینس لەتاو ئازار گەیشتۆتە ئەوپەڕی شاری پاریس. هەر چوار پەلیان بە چوار ئەسپەوە بەستبۆوە لەگەڵ لێکردنەوەی هەر کووتە گۆشتێکدا و تێکردنی ئەو شلەمەنییە کووشندە گەرمە لە جێگای برینەکە چوارپەلیان بە ئەسپەکان ڕاکێشاوە، نزیکەی چارەکێک بەمشێوەیە ئەشکەنجەیان داوە، پاشان دادوەر لێیدەپرسێت ئاخۆ هیچ پرسیارێکی هەیە؟ دامینس هیچ وەڵامناداتەوە. ئەسپەکان توانای پارچەپارچەکردنیان نابێت، دیسانەوە گۆشتی لێدەکەنەوە و شلەمەنیی گەرمی کووشندەی زیاتر تێکدەن. دادوەر دەپرسێتەوە ئاخۆ هیچ قسەیەکی هەیە؟ دامینس دەڵێ: لێبووردن تکایە لێبووردن و ڕەحمتان هەبێت. پاشا داوا دەکات دوو ئەسپی تریش زیاد بکەن بۆ لەیەکترازاندنی. بە شەش ئەسپ دامینس لە چەند لاوە ڕادەکێشن، لێ کەرت کەرت نابێت. جەلادەکان دەڵێن: باشترە خۆیان بە چەقۆ لەت لەتی بکەن، لێ پاشا داوا دەکات سەرلەنوێ لە سەرەتاوە دەستپێبکەن. جەلادەکان دووبارە لە سەرەتاوە دەستپێدەکەنەوە ئەمجارەیان لە چەند شوێنێکەوە بە چەقۆ گۆشتی لەشی هەتا سەر ئێسقان دەبڕن تا ئەو کاتەی ئەسپەکان جەستەی لەیەکتریی هەڵدەوەشێنن و هەریەکەیان بەشێکی لەشی ڕادەکێشێت و کەرت کەرتی دەکەن.

لە هاوینی ساڵی 1987 دا باوکم لە یەکێک لە زیندانەکانی ناوەڕاستی ئێراقدا، کە هەتاوەکوو ئێستاش باوکم بە تەواوەتیی نازانێت لە کوێ زیندانیی بووە، تەنها ئەوە نەبێت، کە هەندێکجار گوومان دەکات، کە لە ئەبووغرێب بووبێت و هەندێکجاریش لە نوگرەسەلمان. بە هەرحاڵ ئەو ڕۆژە زۆرینەی زیندانییەکانیان لە حەوشەیەکدا کۆکردبۆوە، بێگوومان حەوشەیەکی گڵ نەک چیمەنتۆ یان قیرتاوکراو. تەواویی زیندانییەکان، کە باوکیشمی تێدابوو دەبوایە تەماشای چۆنێتیی ئەشکەنجەدانی بەرپرسێکی بالای شیعەیان بکردایە. ئەم پیاوە عەرەبە، کە پیاوێکی لەژێر ئەشکەنجەدا لاوازبوو، بە ڕووتیی هەر چوار پەلیان بە چوار لاندکرۆزەرەوە بەستبۆوە، یەکێک لە جەلادەکان بە گازێکی ئاسنیینی گەورە گۆشتی جەستەی لێدەکردەوە و جەلادێکی تریش تێزابی دەکردە شوێنی برینەکانەوە، جەلادێکی تریش دەستی بەرزدەکردەوە و نیشانەی ڕۆیشتنی بە شۆفێری لاندکرۆزەرەکان دەدا و پاشان دەستێکی ڕاوەستانی بۆ ڕادەوەشاندن. سەرتاپای جەستەی ئەم پیاوەیان بە گاز بریندار کرد و لە جێگەی تێزابیان ڕۆکرد، هیچ شوێنێکت لە جەستەی ئەم پیاوەدا بەبێ برین نەدەبینی، تەنانەت دواجار تێزابیان کردە

دەمیشیەوە، کابرا ئەوەی لە توانایدا بووبێت بە دەنگێک، کە لە توانای گووتنی ئەودا بووبێت تەنها گووتبووی خاتر ئەڵلا، ئیدی لە چاوترووکانێکدا لاندکرۆزەکان ئەمجارەیان بە تەکانێکی گەورە جەستەی کابرای عەرەب لەیەکتریی جیادەکەنەوە و لەیەکتریی هەڵدەوەشێنن. باوکم و زیندانییەکانی تر تووشی داچڵەکیین و ترسێکی گەورە دەبن، کە دوای ئەم کابرا عەرەبە سەرەی ئەمانیش دێت. باوکم دەیگێڕایەوە دەیگووت: چەندیینمان لە جێگای خۆمانەوە لە ترساندا میز و گوومانکرد بە خۆماندا، پاشان ئەفسەرێک هاتوو گووتی: ئەوانەی ناپاکییان بەرانبەر بە شۆڕش و بە حیزب و بە سەرۆکی فەرماندە سەددام حسین خوا بیپارێزێت ئاشکرا دەبێت ئا بەمشێوەیە کۆتایی بە ژیانیان دێت. ئیدی پاسەوانێک دێت هەموویان بە شەق دەکاتەوە ژوورەوە. تەواوی ئەو ڕۆژە هیچ کەسێکیان یەک وشەیان لە دەم نەهاتۆتەدەرەوە و چاوەڕوانی ئەوەیانکردبوو، کە بانگبکرێن بۆ مردن بەشێوەی ئەو کابرا شیعەیە. لێ خۆشبەختانە باوکم لەدوای شەش مانگ دوای ئەوەی بۆیاندەردەکەوێت، کە باوکم بێتاوانە و هیچ سیخوڕییەکی بۆ ئێران نەکردووە ئازاد دەکرێت. گالا هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و مچوورکە بە گیانیدا دێت و دەڵێ: بەڕاستی کارەساتە دەستەڵاتێکی ئاوها فەرمانڕەوایەتیی خەڵکانێک بکات، کە بێجگە لە چاوەڕوانیی ئەشکەنجە و مردن چاوەڕوانی هیچ شتێکی تر ناکەن. ئاویار دەڵێ: ترسی هەرە گەورەی من ئەوەیە، کە ئەو پارتانەی بە ناوی ئۆپۆسیزیۆنەوە دژایەتیی بەعس دەکەن ڕۆژێک لە ڕۆژان نەتوانن هیچ شتێکی تر بکەن بێجگە لە لاساییکردنەوەی بەعس. ئاخر کاک گالا شەڕی بەعس تەنها شەڕێکی فیزییکیی نییە بەڵکوو شەڕێکی دەروونییشە. پێمناڵێیت چ سوودێکی هەیە کاتێک تۆ فیزیکییەن بەسەر بەعسدا سەردەکەویت و بەڵام دەروونییەن بەعس لە دەروونتدا دەژیی؟! ئا لێرەدا تۆ هیچ نیت بێجگە لە بەعسییەکی تر. گالا بە سەرنجێکەوە دەڵێ: ئاویار ئاخۆ بیرت لەوە کردۆتەوە، کە چیدی بیر لە مێژوو نەکەیتەوە؟ ئاویار بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: مەبەستت چییە؟ بیر لە چ مێژوویەک نەکەمەوە؟ گالا بە وریاییەکەوە دەڵێ: مەبەستم ئەوەیە، کە ئەم مێژووەی ڕۆبەرت فرانچۆیس دایمنس و کابرای عەرەبی شیعە بێجگە لە ئازار هیچ شتێکی ترت بۆ بەرهەمناهێنێت. ئاویار بە قاقایەکی پێکەنیینەوە دەڵێ: دەزانی چیی گالا گیان؟ گالا بە خەندەیەکەوە دەڵێ: نا نازانم. ئاویار دەڵێ: من هەموو ڕۆژێک هەوڵدەدەم بەبیرم بێتەوە، کە بزانم تۆ لەکوێوە دەناسم؟ چلۆن دەزانم ناوت گالایە، دوێنێ باسی چیمانکرد؟ چیمان خوارد؟ بۆ کوێ چووین؟ نازانم بیرم نامێنێت، لێ دەزانم، کە ناوت گالایە، ئەویش بەهۆی ئەوەی، کە تۆ هەموو ڕۆژێک دێیت یان هەموو ڕۆژێک لێرەیت، لێ پێموایە ئەگەر دوو ڕۆژ لەسەریەک نەتبینم ئەویشم بیرنامێنێت. کاری سەرسووڕهێنەر لێرەدا ئەوەیە، وەکئەوەی هێزێک لە ناوەوەمدا وەها بکات، کە شتێکم بیربێتەوە لە ڕێگای ئەم بەبیرهاتنەوەیەوە هەوڵدەدەم قسە بکەم واتە ئەو مێژووە بگێڕمەوە، کە بە بیرمهاتۆتەوە. من باشدەزانم، کە مێژوو چەند قازانجی هەیە ئەوەندە زیاتر زیانی دەروونیی بە مرۆڤ دەگەیەنێت، من ماوەیەک ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەستدەکەم ئاسوودەترم وەک لە جاران. گالا

به سەرنجێکەوە دەپرسێت بۆچیی ئاسوودەتریت؟ ئاویار بە پێکەنینەوە دەڵێ: چونکە من لە مرۆڤەوە هەوڵی گۆڕاندنی خۆم دەدەم بۆ شتێکی تر. گالا دەڵێ: ئەو شتە چییە؟ ئاویار سەری دێنێتەپێشەوە و هەردوو دەستی بەشێوەی چۆق دەنووسێنێت بەسەریەوە و دەڵێ: ئاژەڵ، ئینجا مانگایەک بم یان بزنێک یان مەڕێک بۆ من هیچ کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە، کە من بیرمدەچێتەوە چیمخواردووە، چیمکردووە، چیمگووتووە. من بیرمدەچێتەوە، کە بڵێم: جارێکیان بوو، هەبوو نەبوو ... هتد. کاتێک قسەم بۆ دەکەیت، من دەمەوێت وەڵامت بدەمەوە، لێ تا تۆ لە قسەکانت تەواو دەبیت من بیرمدەچێتەوە، کە ویستوومە چیت وەڵامبدەمەوە، بگرە ئارەزووی قسەکردنیشم نییە. ئا لێرەدا من هیچ نیم بێجگە لە ئاژەڵەکەی نیچە، ئەو ئاژەڵە بەختەوەرەی، کە کاتێک مرۆڤێک قسەی بۆ دەکات، تا ئەو لە قسەکانی دەبێتەوە ئاژەڵەکە بیری دەچێتەوە، کە ویستوویەتی چ شتێک وەڵامی مرۆڤەکە بداتەوە. گالا سەرلەنوێ بە سەرسووڕمانێکی گەورەوە دەڵێ: ئەو ئاژەڵەی نیچە لەکوێیە؟ ئاویار دەڵێ: وا لەناو بەکارهێنان و زیانەکانی مێژوودا بۆ ژیان. ئەم پەڕتووکە بۆ ئێمە نامۆیە، لێ کۆڵەکەی گەورەی دەروونناسیی ئێمەیە. ئاویار بە تووڕەبوونێکەوە هەڵدەستێتەسەرپێ و بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: ئەگەر سەرانی یەکێتیی و پارتی دیموکرات هەموویان ببوونایە بەو ئاژەڵەی نیچە هەرگیز تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە نەدەبووین، لێ ئەوان لەوەتەی هەن دەڵێن: جارێکیان بوو. ئەم جارێکیان بووە ئایندەی کوردی خستۆتە مەترسییەوە. ئەمانە ناتوانن دەستبەرداری مێژوو بن ئەمانە ناتوانن ببنە ئاژەڵەکەی نیچە، ئەمانە نایانەوێت ڕۆژێک چییە بەبێ گووتنی: جارێکیان بوو بژیین، ئەمان پێویستیان بەم مێژووەیە بۆ پراکتیزەکردنی تۆڵەسەندنەوە. ئەمانە تەنها بە مردنیان توانای بیرچوونەوەیان هەیە، دەنا هەتا لە ژیاندا بن کۆیلەی دەستی مێژوو و جارێکیان بوو دەبن. ئاویار دێتە ناوەڕاستی هۆدەکە و بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: هەبوو نەبوو مەلا مستەفایەک هەبوو، هەبوو نەبوو جەلال تاڵەبانییەک هەبوو. هەبوو نەبوو فوارەی خوێن جەمەدانیی و پشتوێنی سەر کەمەری پیاوەکانی ئەم خاکە بوو. گالا تووشی شۆکێکی گەورە دەبێت و بەخێرایی لە هۆدەکە دەڕواتە دەرەوە لەناو دەرگاکەدا پاسەوانێک بە تەفەنگەکەیەوە بەشپرزەییەوە دەیەوێت خۆی بکات بە ژووردا، گالا ڕایدەگرێت و دەڵێ: بڕۆ دەرەوە هیچ نییە. گالا ئاوڕێک بۆ ئاویار دەداتەوە و تەماشایەکی دەکات، ئاویار قاقا پێیپێدەکەنێت و دەڵێ: وەرە وەرە گالا بۆ کوێ دەچیت وەرە با ببینە ئاژەڵەکەی نیچە هەتا سەرانی ئەم خاکە ئێرەییمان پێبەرن. گالا و پاسەوانەکە دەچنە دەرەوە و ئاویاریش لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دەستەکانی وەک چۆق بە سەریەوە دەنووسێنێت و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

لە ژووری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییدا تەمار و ئاوەسەر لە تەنیشتی یەکەوە لەسەر قەنەفەیەک دانیشتوون. گەش و هەوای ژوورەکە هەردووکیانی بێزارکردووە، تەمار بەردەوام خۆی بە خوراندنی سەریەوە خەریکدەکات و جارناجارێک دەڵێ: ئەم کاکی

بەڕێوەبەرە بۆ نەهاتەوە؟ ئاوەسەر هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڵێ: ئارامت بێت تەمار، خۆت دەزانیت کاکی بەڕێوەبەر کاتی سەر خوراندنیشی نییە ئەوەندە کاری زۆرە. تەمار دەڵێ: سەیرە ئاوەسەر بۆن و بەرامەی بەعس لە هیچ دامودەزگایەکی ئەم وڵاتە نەڕۆیشتووە. ئاوەسەر قاقایەک لێدەدات و دەڵێ: سەیرتر لەو وتەیەی تۆ ئەوەیە، کە تۆ ئەم قسەیە دەکەیت، تۆیەک، کە هەتا ماوەیەکی کورت لەمەوبەر پشتگیریی ئەمانەت دەکرد و ستایشت دەکردن. ئەگەر جاران کەسێک ئەم قسەیەی تۆی بکردایە و تۆ گوێت لێبوایە خۆ ئەمەندەت قسە دەدا بە ڕوویدا هەتا شەرمەزار دەبوو و داوای لێبووردنی دەکرد. تەمار دەستێک بە دەمووچاویدا دەهێنێت و دەڵێ: ڕاستە، لێ من ئێستا گۆڕاوم هێزێکی نادیار لە جیهانێکی نادیارەوە شەپازلەیەکی دا بە پەناگوێمدا هەتا بەئاگابێمەوە. گۆڕانێک گۆڕاوم وادەزانم هەرچیی خەم و ئەرک و چارەنووسی ئەم نیشتیمانە هەیە لەسەر شانی من دانراوە. لەماڵەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهام کەمدەبێتەوە، نرخم هێند دابەزیوە تەنانەت وەڵامی سڵاوکردنیشم نادەنەوە. ئاوەسەر دەڵێ: کێ پارەی نەهێنایەوە بۆ ماڵەوە شیاوی ئەوە نییە بەخێرهاتنەوەی بکەیت، ئەمە یاسای ئێستای ژیانی ئێمەی کوردە لەم نیشتیمانە هەتککراوەدا. منیش گۆڕاوم تەمار، منیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تووڕەتر دەبم لەم دەستەڵاتە، جاران دەمتوانی ددان بە خۆمدا بگرم، لێ ماوەیەکە وادەزانم ئەگەر پەلە نەکەم ئەوا چارەنووسێکی ڕاوەستاو لەسەر من بەجێمدەهێڵێت. بەیانییان، کە هەڵدەستم لە خەو وەک چلۆن پەلە بکەیت بگەیتە وێستگەی پاسێک لە کاتی خۆیدا هەتا بەجێتنەهێڵێت ئاوها پەلەدەکەم بگەم بە شوێنێک، بە شتێک، کە چاوەڕوانی هاتنی من دەکات. منیش هەستدەکەم هێزێکی نادیار لەپشتی ئەم گۆڕانەی منەوەیە، هێزێک لە جیهانێکی نادیارەوە، لێ جیهانێکی نادیار هەر لەم جیهانەی ئێمەدا. تەمار من باوەڕم بە جیهانگەلێکی ناکۆتا هەیە، کە یەکێکیان وا لەناو خودی ئەم جیهانەی ئێمەدا، لێ ئێمە نایبینین. جیۆردانۆ برونۆ بە ناهەق نەیگووتووە: ئەگەر خودا ناکۆتابێت، ئەگەر دەستەڵاتی خودا ناکۆتابێت، کەواتە دەبێت جیهانگەلێکی ناکۆتاش بوونیان هەبێت. تەمار دەڵێ: جیهانە میتافیزیکییەکان هەمیشە بەشێک بوون لە بیرکردنەوەی من. ئاوەسەر دەڵێ: سەیرە، تۆیەک، کە هەتا ماوەیەک لەمەوبەر پێت تووند لەسەر زەمینی فاکت وەک ڕیالیستێک داکووتیبوو، لێ ئێستا بیر لە جیهانە میتافیزیکییەکان دەکەیتەوە. تۆیەک، کە دەچوویت بەگژ هەموو بیرکردنەوەیەکی ئیدیاڵییدا و وەک زیانێک بۆ مرۆڤایەتیی پێناست دەکرد، کەچیی ئێستا وەک ئیدیاڵیستێک بیردەکەیتەوە. تەمار دەڵێ: بەلامەوە گرنگ نییە، ئەوەی بۆ من ئێستا جێگای سەرنج و نرخە، ئەوەیە، کە ئێستا دەڵێم: ڕاستە، دەتوانرێت جیهانێکی میتافیزیکیی بوونی هەبێت، جەنگیینیش دژ بەم توانیینە هیچ ئامانجێکی نابێت. هەنکووکە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی، کە مرۆڤ دەبێت لە مرۆڤبوونی خۆی بێتەدەرەوە هەتا توانای باوەڕکردنی بە شتیگەلێک هەبێت، کە لە توانای باوەڕی ئەودا نییە. ئێمە هەموو شتێک بە مێشکێکی مرۆڤانەوە تەماشادەکەین، مێشکێک، کە توانای لەکارخستنیمان نییە. بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە تۆ وەک مرۆڤێک

دەتوانیت مێشکت لەم جیهانە دابپڕێنیت هەتا بچیتە جیهانێکی ترەوە، دەتوانیت بزانیت چیی ڕوودەدات لەو جیهانەی تردا؟ یان ئەو کاتەی چیدی تۆ مێشکت بەکارناهێنیت؟ ئاوەسەر بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای تەمار دەکات و دەڵێ: نازانم. تەمار دەڵێ: یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە، کە بیرکردنەوە لە جیهانێکی میتافیزیکیی هەمیشە لەلایەن خەڵکانێکەوە وەک خۆهەڵخڵەتاندنێک بەکارهاتووە، وەک سەرلێشێواندن و شێتییەک تەماشاکراوە، لێ خودی ئەم بۆچوونانەش هەر بۆچوونێکە لە دیدگای مرۆڤەوە. ئاوەسەر بیهێنەبەرچاوی خۆت ئێمە دوو کەسایەتیی جیاوازین، لێ هێزێکی دەرەکیی هەردووکمانی گۆڕیوە. هێزێک لە جیهانێکی نادیارەوە، جیهانێک پێدەچێت هەر لەناو ئەم جیهانەی خۆماندا بێت. ئاوەسەر کتووپڕ هەڵدەستێتەسەرپێ و دەڵێ: هەستە با بڕۆین تەمار. تەمار بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای ئاوەسەر دەکات و دەڵێ: لێ ئێمە چاوەڕوانی یووسف دیلان دەکەین. ئاوەسەر دەڵێ: جیهانێک لەناو ئەم جیهانەی ئێمەدا، توانای یارمەتییدانی ئێمەی هەیە نەک یووسف دیلان. بەڕێوەبەری ئاسایش خۆی دەکات بە ژووردا و گوێی لە ناوی خۆی دەبێت و دەڵێ: یووسف دیلان چیی؟ تەمار هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: لە چاوەڕوانییدا بەجێیهێشتین، با بڕۆین ئاوەسەر. هەردووکیان تەماشای یووسف دیلان دەکەن و دەڕۆنە دەرەوە. یووسف دیلان بە حەپەساوییەکەوە لەناو دەرگاکەدا لە پشتەوە تەماشایان دەکات، تەمار ئاوڕێک دەداتەوە و تەماشای یووسف دیلان دەکات، یووسف دیلان هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دێتە ژوورەوە و دەرگاکە دادەخات.

لەبەردەرگای ئاسایشدا تەمار دەڵێ: ئاوەسەر دەتوانیت پێمبڵێیت بۆچیی نەتویست قسە لەگەڵ یووسف دیلان بکەین؟ ئاوەسەر دەڵێ: هەر لەم جیهانەی ئێمەدا جیهانێکی تر هەیە، کە ئێمە نایبینین، ئەویش ئەو جیهانەیە، کە دەستەڵات کارە پۆخڵەکانی خۆی تێدا دەشارێتەوە. ئاویار دەبێت خۆمان بیدۆزینەوە، ئاویار لە یەکێک لە زیندانەکانی ئەم دەڤەرەدایە، لە یەکێک لە ماڵە بەرپرسەکانی ئەم دەستەڵاتەدایە. تەمار دەڵێ: بەچییدا دەزانیت؟ ئاوەسەر دەڵێ: بە قسەکانی تۆدا. دوو جیهان لەناو یەکدا یەکێکیان دیار ئەوی تریان نادیار. ئەوەی، کە دیارە ئەوەیە، کە دەستەڵات هەمیشە دەیەوێت ڕوویەکی جوانی خۆیمان نیشان بدات، ئەوەشی، کە نادیارە ڕووی ڕاستەقینەی دەستەڵاتە، ڕووی ڕاستەقینەی ئەوانیش ڕوویەکی دزێو و ناشیرینە. ئێستا پێمبڵێ تەمار، تۆ نزیکترین کەس بوویت لە دەستەڵاتەوە، کۆمەڵێک نهێنیی لەژێر سەرتدایە، چ شوێنێک لەلای دەستەڵات شوێنی شاردنەوەی نهێنییەکانە؟ تەمار بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: هەر شوێنێک موڵکی پارت و دەستەڵات بێت دەکرێت شوێنی شاردنەوەی نهێنییش بێت. کۆمیتەکان، مەڵبەندەکان، بنکەکانی ڕێکخستن، زیندانەکان، تەنانەت خودی نەخۆشخانەکان. ئاوەسەر هەڵوێستکەیەک دەکات و دەڵێ: کەواتە لە کۆمیتەکانەوە دەستپێدەکەین. تەمار دەڵێ: چلۆن دەتوانیت لە کۆمیتەکانەوە دەستپێبکەیت؟ تۆ دەبێت بیانوویەکت هەبێت هەتاوەکوو بچیتە کۆمیتەکانەوە. ئاوەسەر دەستێک دەبات بۆ

چەناگەی و دەڵێ: بیانگەمان زۆرە. تەمار دەڵێ: یەکێک لەوانە؟ ئاوەسەر دەڵێ: بۆئەوەی بیرکردنەوەی سیاسییەک بە لاڕێدابەریت پرسیاری بیرەوەرییەکانی سەردەمی شاخی لێ بکە، پرسیاری شەهید و بەرەکانی جەنگ و ئازادیی لێبکە. تەمار دەڵێ: ئەی بە چ بیانوویەکەوە ئەم پرسیارانە دەکەیت؟ ئاوەسەر بە بیانووی بەرهەمهێنانی شانۆیەکەوە، فیلمێکەوە، ئۆپێرایەکەوە. تەمار دەڵێ: لێ شوێنەکان زۆرن. ئاوەسەر دەڵێ: ئێمەش ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرین، کە زۆر جێگای گوومانن. لەناکاوێکدا ئاوەسەر دەست لە تاکسییەک ڕادەگرێت، تاکسییەکە فاو ڤییەکی مۆدێل کۆنە، دەنگی ماتۆڕەکەی هێند بڵندە دەڵێی دەنگی تراکتۆرە، لەکاتی وەستان و ڕۆیشتندا جیکەیەکی بڵندی بێزارکەری لێدێت. پێشئەوەی سەربکەون تەمار دەڵێ: نەدەکرا دەست لە تاکسییەکی ڕێکوپێکتر ڕابگریت؟ ئاوەسەر دەڵێ: ئەگەر بەختت باشتری بهێنایە دانەیەکی باشتر لەم ڕێککەوتەدا دەهات. ئاوەسەر لە پێشەوە دادەنیشێت و تەماریش دەچێتە دواوە، کورسییەکانی تاکسییەکە چ دڕاوە و چ هەمووی تۆزە، شۆفێرەکەش پیاوێکی تەمەن نزیکەی پەنجا ساڵەی گووندنشیینە، دەستێک جلکی کوردیی ڕەساسیی لەبەردایە و کڵاو و جامانەیەکی گەورەشی بەستووە. کابرای شۆفێر جگەرەیەک بە لا لێویەوەتی و بە دیالێکتێکی شارەزووریانە قسە دەکات. ئاوەسەر و تەمار تەماشایەکی یەکتر دەکەن و دەستدەکەن بە قاقای پێکەنیین. شۆفێرەکە دەڵێ: بۆ کوێ دەچن؟ ئاوەسەر دەڵێ: خۆشمان نازانین. شۆفێرەکە دەڵێ: ئەی بەزیادی خێرم نەکرد. ئاوەسەر و تەمار دیسانەوە ئەیدەنە قاقای پێکەنیین و پاشان ئاوەسەر بە شۆفێرەکە دەڵێ: تۆ هەتا چ ئاستێک ئەم حیزبانە دەناسیت؟ کابرای شۆفێر دەڵێ: ئەوەندەی ئەمانە دەناسم ژنەکەی خۆم ناناسم. ئەگەر ئەمانەش نەبوونایە من ئیشم چیی بوو لە شار؟ منێکی جوتیار چ ئیشم بە تاکسیی لێخوڕیین هەیە؟ لەسەر دەستی ئەمانە ڕەز و باخ و بێستان و گووند و ژیانیشمان ڕۆیشت؟ ئاوەسەر دەڵێ: لەسەر دەستی ئەمانە یان بەعس؟ کابرای شۆفێر دەڵێ: ئەگەر هەڵەی ئەمانە نەبوایە هەرگیز نە ئەنفال دەکراین، نەک هەڵەبجە بەو دەردە دەچوو نە خاکەکەشمان کاول دەبوو. ئەگەر لە شەڕی ئێران و ئێراقدا ئەمانە نەبوونایە بە برای گیانیی ئێران ئێمەش بەو دەردە نەدەچووین. سەددام حسین هەموو تۆڵەیەکی لە کورد دەکردەوە. ئێمە باجی هەڵەکانی ئەم پارتانەماندا. ئاوەسەر و تەمار بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشایەکی یەکتر دەکەن و هیچ ناڵێن. تەمار بە کابرای شۆفێر دەڵێ: ئەی پارتەکان مامەڵەیان چلۆن بوو لەگەڵتاندا؟ کابرای شۆفێر دەڵێ: ئێستا چۆنن ئەوساش هەر وابوون. ڕاکەڕاکیان بوو بەدوای گومرگ وەرگرتندا، هەندێک کەس هەبوون لە بەدبەختییاندا لە ڕۆژێکدا تووشی گومرگی سێ پارت دەبوون، لەولا پارتی دیموکرات، لە لایەکی تر شیوعییەکان، کوڕە ئەگەر بەخت ڕەش بوونایە تووشی پاسۆکیش دەبوون، ئینجا یەکێتییش ئێخەی دەگرتن، ئەوەی ئەوان دەیانویست تەنها کۆکردنەوەی پارە بوو. ئەو پێشمەرگانەی، کە کاریان کۆکردنەوەی پارە بوو، جلوبەرگیان لە هی هەموو پێشمەرگەکان جوانتر بوو، گیرفانیان پڕ دینار بوو، کوڕە هەندێکیان دەهاتن لەلای ئێمە

هەر جارەی گیسکێک، بەرخێکیان دەکڕیی و بە یەکێک لە گووندنشینەکاندا دەیان ناردەوە بۆ شار. من زۆرجار بە شۆفرلێتێک کەلوپەلم دەهێنا بۆ شار بۆ فرۆشتن، هەر جارەی پێشمەرگەیەکیش نامەیەکی دەدامێ بۆ کەسوکاری، جارێکیان پێشمەرگەیەکی باریکەلەی کورتەبالا هات بۆ لام، دەستێک جلکی کوردیی شاڵی خورمایی کاڵی لەبەردابوو، پرسیاری لێکردم ئاخۆ دەتوانم نامەیەکی بۆ بەرمەوە بۆ کەسوکاری لە سلێمانیی؟ منیش گووتم: ئەگەر ئەدرێسەکەم بداتێ ئەی بۆ نا؟ پێشمەرگەکە وتی: ئەدرێسەکەمان ئاسان دەدۆزرێتەوە، لێ لەگەڵ نامەکەدا گیسکێکیشم هەیە ئەگەر بە ئەرک نەبێت ئەویشیان بۆ بەریت. منیش بیرمکردەوە دەیبەیت، جێگات لێدەگرێت نایبەیت ئەم کاکەیە ڕقت لێهەڵدەگرێت. کوڕە گووتم: دەبیهێنە نامەیەک و گیسکێک. خەریک بوو سلفم لێدەدا بڕۆم، پێشمەرگەکە هاتە لام و گووتی: پێیان بڵێ: ئەم گیسکە ناوی شلەخەجێیە. ئاوەسەر و تەمار ئەیدەنە قاقای پێکەنیین. تەمار دەڵێ: دیارە کوردەکانی هەندەرانیش ئەم دیاردەیە لە ئەوانەوە فێربوون، یەکێکیان لەوێوە بێتەوە بۆ کوردستان، ئیدی ناسیاو و نەناسیاو دەیان ئەرکی قورسی دەخەنە سەرشان، ئینجا لێرەوە کەسوکاری نامەنێرەرەکان بە نامەهێنەرەکاندا دەیان کیلۆ فاسۆلیای وشک و پاقلە و گەزۆ و حەڵوا دەنێرنەوە بۆ هەندەران. کابرای شۆفێر لەناکاودا دەڵێ: ئەرێ برالە پێت نەگووتم بۆ کوێ دەچن؟ ئاوەسەر دەڵێ: بۆ بن بناری گۆیژە. کابرای شۆفێر دەڵێ: چیی دەکەیت لە بن بناری گۆیژە؟ ئاوەسەر دەڵێ: دەمەوێت سەربکەومە سەرەوە و لەوێوە تەماشای شار بکەم، بزانم شوێنە شاراوەکانی ئەم پارتانە لەکوێیە؟ کابرای شۆفێر قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: شوێنی شاراوەی ئەم پارتانە لە دەرەوەی شارە نەک لەناو شاردا. کاتی خۆیشی شوێنی شاراوەیان هەبوو لە دەرەوەی ئاواییدا. بەو بنارانەوە یان لە چڕیی داربەڕووەکاندا هۆدەیەک یان دوانیان لە قوڕ دروستدەکرد و دەیانکردە بنکەیەکی خۆیان بێئەوەی کەس پێیبزانێت. تەمار دەڵێ: ئینجا ئەم هۆدانەیان لە چڕیی ئەو بەڕووانەدا بۆچیی بوو؟ کابرای شۆفێر دەڵێ: بۆ ئەوەی تێیدا نهێنییەکانیان بپارێزن. تەمار دەڵێ: نهێنیی چیی؟ کابرا دەڵێ: خەڵکیان تێدا زیندانیی دەکرد، کوڕێکی هەڵهاتوو یان کچێکی هەڵهاتوویان تێدا حەشار دەدا. لەگەڵ کچە لادێییەک یان ژنە لادێییەک ڕێکدەکەوتن و لەوێ یەکتریان دەبینیی. ئاوەسەر و تەمار تەماشایەکی یەکتر دەکەن و هەردووکیان پێکەوە بە کابرای شۆفێر دەڵێن: تکایە لە شوێنێکدا ڕایبگرە دادەبەزین. کابرای شۆفێر سەری دەسووڕمێت و دەڵێ: بەڵێ باش. لە جادەکە لادەدات و بە دەنگێکی بڵند و جیکەجیکێکەوە بە قەراغی شۆستەکەدا سەردەکەوێت و ڕادەوەستێت. ئاوەسەر دوو دیناری دەداتێ و کابرای شۆفێر تەماشایەکی دینارە کاغەزەکان دەکات و بە سەرسووڕمانێکەوە ئەڕوانێتە ئاوەسەر و هیچ ناڵێت. ئاوەسەر و تەمار دادەبەزن و دەڕۆن خۆیان دەکەن بە کۆڵانێکدا. ئاوەسەر دەڵێ: ئاوەنیا لەبەر هەر هۆیەک بێت زیندانییە، لێ (هەردووکیان تەماشای یەکتر دەکەن) و پێکەوە دەڵێن: لە دەرەوەی شاردا. تەمار دەڵێ: ئێستا بەهۆی ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە هەوڵدەدرێت خانووبەرە بۆ گووندەکان دروستبکەن، چیی زۆرە

کەلوپەلی خانوو دروستکردن زۆرە. خەڵکێکی زۆر بە دزینی ئەو کەلوپەلانە دەوڵەمەند بوون، هەر لە وەرگێڕێکەوە بیگرە هەتا ئەندازیار و کارمەندەکانی تریش. ئەو کەلوپەلانە هێندەی لە بازاڕی ڕەشدا کڕیین و فرۆشتنی پێدەکرێت بە چارەکی ئەوە خانووبەرەی بۆ گووندەکان پێدروستناکرێت. ئێستا هەر بەو کەلوپەکانە بەدڵنیاییەوە بنکە و بارەگای پارتەکان و خانووی تایبەتی پارتەکان و لێپرسراوەکانیان دروستدەکرێت. ئاوەسەر دەڵێ: ئێستا دەچین بۆماڵی ئاویار قسە لەگەڵ دایک و باوکی دەکەین، ئەگەر لەوێ بن، پاشان دەبێت بەدوای زانیارییدا بگەڕێین، زانیاریی لەسەر ئەو خانووانەی، کە لە دەرەوەی شاردا دروستدەکرێن بۆ پارتەکان، بۆ لێپرسراوەکانیان. پاش کەمێک دەگەنە بەردەمی ماڵی ئاویار، لە دەرگا دەدەن، دایکی ئاویار دەرگایان لێدەکاتەوە و دەچنە ژوورەوە.

بەهمەن هاوار لە هۆدەکەی خۆی لە نەخۆشخانەی شۆڕش لەسەر کورسییەکی ڕەشی چەرم دانیشتووە و تێلێفۆن دەکات، سەر مێزەکەی بەردەمی بێجگە لە تێلێفۆنەکە فایلێکی گەورەی سەوزی لەسەرە. دکتۆر بەهمەن بەدەم تێلێفۆنکردنەوە لاپەڕەکانی فایلەکە هەڵدەداتەوە و دەیخوێنێتەوە. بەدەم خوێندنەوەی لاپەڕەکانەوە دەڵێ: پرسیار لێرەدا ئەوەیە: لەکەیەوە درک بەم باروودۆخە دەکەیت؟ پاشان کاک گالا ئێمە گووتمان ئاویار بە شتی ترەوە خەریکبکەن نەک گفتووگۆی ئاوهای لەگەڵدا بکەن. چونکە هەموو گفتووگۆیەک هۆکارە بۆ دروستکردنی ئالارم لە ناوەوەی ئاویاردا، ئالارمی سەرلەنوێ بەئاگاهاتنەوە. چاکتربوو دەستێک گەمەی کارتت لەگەڵدا بکردایە نەک گفتووگۆیەکی ئاوهات لەگەڵدا بکردایە. گالا بە دەنگێکی شپرزە و هەڵچووەوە دەڵێ: کاک دکتۆر بەهمەن گیان، خەتای من نییە، کە ئاویار ئارەزووی گفتووگۆ دەکات و بیری شتی دەکەوێتەوە، خەتای من نییە، کە بیرەوەرییەکی باوکی بۆ من دەگێڕێتەوە، خەتای من نییە، کە ئاویار دەڵێ: ئازادیی تەنها بە مردنی پاشا دێتەئاراوە. دکتۆر بەهمەن شۆکێک لێیدەدات و دەڵێ: چیی چیی؟ گالا دەڵێ: مەرگی پاشا، بەڵێ ئێستا ئاویار لەنێوانی وەبیرهاتنەوە و ڕاماندا ڕاوەستاوە، پێیەکی لە مێژوودایە و پێکەی تریشی لە لەبیرچوونەوەدا. من هەستدەکەم، کە ئاویار ئێستا لە ترسی ئەوەی شتی بیرنەکەوێتەوە پێیخۆشە ببێت بە ئاژەڵێک هەتا خەم بە مێژووەوە نەخوات. ئاویار تراژیدیای ژیانی ڕۆبەرت فرانچۆیس دایمنسی بۆ گێڕامەوە، دڕندایەتیی لودڤیگی پاشای فەڕەنسای بۆ گێڕامەوە، کە چلۆن ئەشکەنجەی دایمنسی داوە و لەت لەتیکردووە. دکتۆر بەهمەن بە ترسێکی گەورەوە دەڵێ: ئەگەر ئاویار شتی وەهای باسکردبێت ئەوە ئاویار هەموو سنوورەکانی دەستەڵاتی زانستی مێدیسینی بەزاندووە. گالا تۆ بگەڕێرەوە لای ئاویار هەوڵبدە بە شتی پڕوپووچەوە خەریکی بکە هەتاوەکوو من دەگەمە لاتان. گالا دەڵێ: کەی دێیت؟ دکتۆر بەهمەن دەڵێ: نازانم جارێ، لێ درەنگترین کات لە ئێوارەدا دێم. تێلێفۆنەکە دادەخاتەوە و لێوەکانی خۆی دەگەزێت. چەند جارێک لە دەرگا دەدرێت هیچ گوێ پێنادات، دەرگاکە دەکرێتەوە کارمەندێکی نەخۆشخانەکە دەڵێ: دکتۆر بەهمەن دوو نەخۆشمان بۆ هاتووە، یەکێکیان برینێکی کۆنی

قاچیی هەویکردووە و ئەوی تریشیان سکی دێشێت. دکتۆر بەهمەن وەکئەوەی لە خەو ڕایبچڵەکێنن بەئاگا دێتەوە و دەڵێ: بەڵێ باش وا هاتم. لەگەڵ کارمەندەکە دەڕواتە دەرەوە و دەرگا دادەخەن.

ئاویار لە هۆڵەکەدا لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر پیاسە دەکات و جارناجارێک لە وێنەی ئەو منداڵە دەڕوانێت، کە بە گەورەیی بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە. منداڵێکی تەمەن نزیکەی یانزدە ساڵانێک، پرچێکی بلۆندی تارییک و چاوەکانی پڕ فرمێسک. لە ناکاوێکدا ئاویار لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا ڕادەوەستێت و گوێ لە دەنگی ئەو ماچەرە کۆترە دەگرێت، کە لە پڕێکدا پەیدابوو. دەنگی کۆمەڵێک چۆلەکە وەک باکگراوندی دەنگی ماچەرە کۆترەکە لە کۆرسی گۆرانییەک دەچوون، کە کچێک بۆ خۆشەویستەکەی بڵێت. تووڕ تووڕ تووڕ بە دەنگێکی نەرم و نیان و چۆلەکەکانیش وەک کۆرسێک لەگەڵیدا جیو جیو جیو. ئاویار بە خێرایی ڕادەکاتە دەرەوە هەتاوەکوو کۆترەکە ببینێت لەناو دەرگاکەدا لەناکاو گالا پەیدا دەبێت و بە ڕاکردنەکەی ئاویار دەحەپەسێت و دەڵێ: ئەوە چییە ئاویار بۆ کوێ ڕادەکەیت؟ ئاویار بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: دەچم نامەیەک وەردەگرم. گالا بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: لەکوێ؟ ئاویار بە تەنیشت گالادا تێدەپەڕێت و دەڵێ: تۆ لاچۆ لەویادا ئێستا پێتدەڵێم. ئاویار دەچێتە حەوشە و گالاش بەدوایدا. لە باخەکەیاندا لەسەر لقێکی نزمی دار هەنجیرێک ماچەرە کۆترەکە هەڵنیشتووە و دەخوێنێت تووڕ تووڕ تووڕ. ئاویار تەماشایەکی گالا دەکات و دەڵێ: تەماشا بکە ئەوە پۆستەچییەکەمە و ئەو دەنگەش نامەکەیە تووڕ تووڕ تووڕ. گالا بە حەپەساوییەکەوە دەڕوانێتە کۆترەکە و ئینجا تەماشایەکی ئاویار دەکات و دەڵێ: سەیرە. ئاویار دەڵێ: چیی سەیرە؟ گالا دەڵێ: بوونی ئەو کۆترە لێرە. ئەمانە دەگمەنن لەلای ئێمە، هێندەش لە مرۆڤی ئێمە دەترسن هەرگیز ڕێگا بەخۆیان نادەن هێند لە مرۆڤەوە نزیکبن. ئاویار دەڵێ: تەماشای بکە چاوەکانی ڕەش و ئەڵقەیەکی پرتەقاڵیی دەوری داوە، لەلای ڕاست و چەپی ملیدا سێ خەتی ڕەش و سپیی هەیە لە سەرەوە بە ڕەش دەستپێدەکات و لەژێرەوە بە سپیی کۆتایی دێت. لەسەر پشتی لە ڕاستییدا تێکەڵەیەکە لە ڕەنگی پرتەقاڵیی و سوور، لێ نەخشێنراو بە خاڵی ڕەش. باریک، شۆخ، ئێسک سووک لێوانلێو لە خۆشەویستیی. ئەمە کۆتری ئەفرۆدیتەیە، دەرکەوتنی ئەو لە ئێستادا بە واتای سەرهەڵدانی گۆڕان. گالا بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: گۆڕانی چیی؟ ئاویار بە ڕوویەکی ئێجگار خۆش و شیرینەوە دەڵێ: گۆڕان بەرەو خۆشەویستیی، کۆتر دروستکراوی ئەفرۆدیتەیە و دەرکەوتنیشی بە واتای پەیدابوونی خۆشەویستییە. بەم نزیکانە خۆشەویستەکەم دێتە لام و لە ئامێزی خۆشەویستیی خۆیم دەنێت. ئاویار و گالا لە گەرمەی قسەکردندان، ئەوەندە نازانن ماچەرە کۆترەکە هەڵدەفڕێتە سەر لێوارێک لەبەردەمی گالا و ئاویاردا، هێند لێیان نزیکبۆتەوە، کە ئەگەر دەستی بۆ درێژ بکەن دەتوانن بیگرن. گالا تەواو دەحەپەسێت، کۆترەکە چاوەکانی لە چاوەکانی ئاویار بڕیوە و هیچ دەنگێکی لێوە نادێت وەکئەوەی

بڵێیت بە چاو قسە لەگەڵ ئاویاردا بکات. ئاویار بە ئەوپەڕی خۆشییەوە دەڵێ: پێمدەڵێت دەبێت بڕۆم لێرە، چونکە کاتی ڕۆیشتنم هاتووە. گالا بە حەپەساوییەوە دەڵێ: چلۆن دەزانیت واتپێدەڵێت؟ ئاویار دەڵێ: نازانم، لێ ئەوەی، کە دەیزانم ئەوەیە، کە ئەو پێمدەڵێت دەبێت بڕۆم. ئەفرۆدیتە هەرگیز کۆتر نانێرێتە سەر ڕێگای هیچ کەس ئەگەر نەیەوێت پەیامێکی پێبدات. ئەم کۆترەش لە خۆڕا نەهاتووە بۆ ئێرە، بەڵکوو هاتووە بۆ ئێرە هەتاوەکوو پێمبڵێت، کە من دەبێت بڕۆم، گالا بە ترسێکەوە دەستێک بۆ کۆترەکە درێژ دەکات، کە بیگرێت، ئاویار هەوڵدەدات دەستی بگرێت و دەڵێ: نا نەکەیت گالا. گالا دەستی ڕادەپسکێنێت و دەست درێژ دەکات بۆ کۆترەکە، پێشئەوەی دەستی بە کۆترەکە بگات ئەو دەنگێکی لێ بەرزدەبێتەوە (توور) هەڵدەفڕێت و دەڕوات لە چاو وندەبێت. ئاویار هاوارێک بەسەر گالادا دەکات و دەڵێ: تۆ شێتیت چییت؟ چیی دەبوو ئەگەر لێبگەڕایتایە؟ کێ دەزانێ چەند ساڵی ترمان پێویستە هەتاوەکوو کۆترێکی تری ئاوها ببینینەوە؟ ئاویار بە تووڕەیی بەرەو دەرگای حەوشە دەڕوات و گالا بەدوایدا و دەڵێ: بۆ کوێ دەچیت؟ ئاویار دەڵێ: دەچمە دەرەوە پێویستم بە پیاسەیەک هەیە. گالا دەڵێ: باشە دێم لەگەڵت. ئاویار دەڵێ: لێ من نامەوێت، پێمخۆشە تەنها بم. ئاویار لە دەرگای حەوشە دەڕواتە دەرەوە و بەرەو شاخەکەی بەردەمیان مل دەنێت. گالا لە دواوە هاوارێک دەکات و دەڵێ: ئاویار. لێ ئەو هیچ ئاوڕناداتەوە و بەرەو پێشەوە دەڕوات. پاش کەمێک دەگاتە بەردەمی شاخێک لەناکاوێکدا ڕادەوەستێت و وەک درەختێک لە جێگای خۆیدا دەڕوێت و تەماشای شاخەکە دەکات. لەبەر پێیدا بەردێکی گەورە کەوتووە، تەماشایەکی دەکات و قاچی چەپی لەسەر دادەنێت. تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات، تەماشای ئاسمان دەکات و چریکەی هەڵۆیەک لە تروسکایی ئاسمانەوە دەگاتە گوێی. تەماشای شاخەکە دەکاتەوە و لەسەر لوتکەکەی چەند گابەردێکی گەورە بەدی دەکات و تەماشایەکی تری بەردە گەورەکەی ژێر پێی دەکات. دەنگێک دێتە گوێی، لێ نازانێت دروست دەنگەکە لەکوێوەیە. سەری بڵند دەکاتەوە و گوێڕادێرێت. دەنگەکە دەنگی خلبوونەوەی وردە بەردە لە شاخەکەوە بۆ بنار، لێ ئاویار نازانێت بۆچیی ئەو بەردانە گلۆردەبنەوە. ئەمجارەیان بە وردیی سەرنجی شاخەکە دەدات، کە دەبینێت ئاژەڵێکی بچکۆلانەی کێوییە و بەخێرایی بە شاخەکەدا هەڵدەزنێت. ئاژەڵەکە پێدەچێت لە ترسی ئەوەی، کە ئاویار درکی پێنەکات بەخێرایی بەشاخەکەدا سەربکەوێت، لێ بەهۆی خێرا ڕۆیشتنەکەیەوە چەندیین بەردەچەقەنە فڕێدەداتە خوارەوە و خۆی ئاشکرا دەکات. ئاویار دیسانەوە تەماشایەکی بەردەکەی ژێرپێی دەکات و سەر بەرزدەکاتەوە و دەڕوانێتە گابەردەکانی سەر لوتکە، چریکەیەکی تری هەڵۆکە لە ئاسمانەوە دەگاتە گوێی ئاویار، سەرێک بەرزدەکاتەوە بۆ ئاسمان و دەڕوانێتە هەڵۆکە و دەڵێ: تسۆیس (زۆیس). دەڕواتە پێشەوە و بە شاخەکەدا هەڵدەزنێت و دەڵێ: هەڵەی سیسیفۆس درکاندنی ڕاستیی نەبوو، بەڵکوو ئەو دەبوایە هەر چیی گابەردی سەر لوتکەیە فڕێیبدایەتە خوارەوە نەک لە بنارەوە سەریان بخاتە سەرەوە. پاش کەمێک دەگاتە سەر لوتکەی شاخەکە، تەماشایەکی خوارەوە دەکات، دەنگی چریکەی

هەڵۆکە دەگاتەوە گوێچکەی، سەرێک هەڵدەبڕێت و تەماشای هەڵۆکە دەکات، کە بەسەر سەریەوە دەخولێتەوە، دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵاودەکاتەوە و دەڵێ: ئێستا پێتدەڵێم، کە سیسیفۆس دەبوایە چیبکردایە، پێیەک لە گابەردێک توونت دەکات و هەتا هێزی تێدابێت پاڵی پێوەدەنێت، بەردەکە گلۆردەبێتەوە خوارەوە. ئاویار لەناکاوێکدا تووشی تووڕەبوونێک دەبێت و بەوپەڕی تووڕەیی خۆیەوە دەکەوێتە خلکردنەوەی هەموو ئەو گابەردانەی سەرلوتکە، لە وەشاندنی شەقێکدا باڵانسی ڕاگرتنی جەستەی لەکیسدەدات و لە لوتکەوە بە تل دەکەوێتەخوارەوە، ئاویار چەند هاوارێک لێهەڵدەستێت و دیسانەوە چریکەی هەڵۆکە دەگاتەوە گوێی. لە دوورەوە گالا دەردەکەوێت، دەبینێت، کە ئاویار لە شاخەکەوە دەکەوێتە خوارەوە، بە ڕاکردن دەگاتە لای ئاویار و دەڵێ: ئاویار گیان ماڵ وێران ئەوە چییدەکەیت؟ ئەم هەموو ڕۆژە چاوەڕوانمانکرد هەتا برینەکانی ڕووخسارت چاکببنەوە، لێ تۆ ئێستا بە دەستی خۆت دەستتپێکردەوە. ئاویار دەمووچاوی لە سێ لاوە بریینی گەورەی تێکەوتووە و دەستەکانی برییندار بوون. گالا دادەنەوێت و هەردوو دەستی لە بن باڵی ئاویار توونت دەکات و هەڵیدەستێنێتە سەرپێ، ئاویار تەماشایەکی گالا دەکات و دەڵێ: سووپاس گالا، چیی ڕوویدا؟ بۆچیی کەوتمە خوارەوە؟ گالا بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: دەبوایە من ئەم پرسیارەم لە تۆ بکردایە، لێ گرنگ نییە، ئێستا با بڕۆینەوە ماڵەوە دەبێت دەمووچاوت تیماربکرێت. گالا دەیەوێت بچێتە ژێر باڵی ئاویار، لێ ئاویار ناهێڵێت و دەڵێ: سووپاس گالا دەمەوێت خۆم بڕۆم. ئاویار تەماشایەکی ئاسمان دەکات دەبینێت هەڵۆکە بە ئاسمانەوە نەماوە. گالا دەڵێ: بۆچیی دەگەڕێیت؟ ئاویار دەڵێ: ئاخ بۆ هیچ هەر حەزم بە تەماشاکردنی ئاسمان بوو. پاش کەمێک دەگەنەوە ماڵەوە، لەبەر دەرگای حەوشەدا دکتۆر بەهمەن هاوار ڕاوەستاوە، ئاویار و گالا دەگەنە لای و سڵاو دەکەن، گالا دەڵێ: ئاویار بەسەر شاخێکدا سەرکەوتووە و کەوتۆتە خوارەوە. دکتۆر بەرهەم بە ناخۆشحاڵییەکەوە تەماشای دەمووچاوی ئاویار دەکات و دەڵێ: سەر بڕۆی ڕاستت دەبێت لانیکەم بە یەک تەقەڵ بدوورینەوە، ئەوانی تر بەبێ دوورینەوەش توانای چاکچبوونەوەیان هەیە. بچنە ژوورەوە من دەچم لە ئاتۆمۆبیلەکەمدا کەرەستەکانی بریینپێچیین دێنم.

پاش کەمێک دکتۆر بەهمەن دێتەوە، لەناو دەرگاکەدا گالا بەرەوڕووی دێت و بە گوێیدا دەچرپێنێت و دەڵێ: دکتۆر بەهمەن گیان چیی بکەین؟ ئەم کوڕە لە بەئاگاهاتنەوە نزییک نزییکبۆتەوە. بریینەکانی دەمووچاوی هەمووی بەرەو چاکبوونەوە ڕۆیشتبوون و ئێستا بە دەستی خۆی چەند بریینێکی تری لە ڕووخساریدا دروستکردووە، کە پێموایە چل ڕۆژی تری دەوێت هەتاوەکوو چاکبێتەوە. دکتۆر بەهمەن دەستێک دەکاتە سەر شانی گالا و دەڵێ: هێندەی نەماوە کاتەکەی تەواو بێت، هێزێکیش هەیە، کە لە ناوەوەی ئاویاردا بەهێزترە لە ویستەکانی ئێمە، ئەو هێزە ئاویار دەهێنێتەوە یادی خۆی. بیرت نەچێت مرۆڤ بریتییە لە ڕۆح و بوون، ئازادییش بریتییە لە بنچینەی هەرە سەرەکیی

کاردانەوەکانی مرۆڤ، کە ڕۆح لێرەدا ڕۆڵێکی باڵای تێدا دەبینێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاویار وەک مرۆڤێکی کورد ڕۆحێکی هەیە بۆ ئازادیی. هەموو مرۆڤێک ئەو توانایەی هەیە، کە خودی خۆی بێت و هۆشیارانە بیربکاتەوە. ئەم بوونیەتە، کە مرۆڤە ئازادیی تێیدا چەقی ڕەخنەگەرییە لەودا. ئەو لێرەدا تەنها وەک بەشێک لە گەردوون نادێتە پێشەوە، بەڵکوو وەکوو نامۆیەک لەم گەردوونەدا قووتدەبێتەوە. ئەزانیت بۆچیی؟ گالا بەسەر سووڕمانێکەوە دەڵێ: نەخێر دکتۆر گیان. دکتۆر بەهمەن بە گوێی گالادا دەچرپێنێ و دەڵێ: چونکە ئەو ئیدی لەم خاڵە بەدواوە وەکوو نامۆیەک سروشتێکی تری تایبەتی بۆ خۆی چێکردووە، سروشتی دووهەم لە سروشتدا، کلتوورێکی بۆ خۆی چێکردووە، کە بووە بە تاکە فاکتی ژیانی ئەو. ئاویار پەروەردەکەری ئازادییە لە خودی خۆیدا، ئەو ئێستا مرۆڤێکە پرسیار لە خۆی دەکات و دەڵێ: من کێم؟ هەوڵدەدات خۆی بناسێتەوە، دەگەڕێت بەدوای خۆیدا. کاتێک پێدەزانێت، کە ئەو مرۆڤێکە، ئیدی سەرلەنوێ دەکەوێتەوە گەڕان. گالا دەڵێ: گەڕان بەدوای چییدا؟ دکتۆر بەهمەن دەڵێ: گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارێکی نوێدا. گالا چاوەکانی زەق دەکاتەوە و دەڵێ: پرسیارێکی نوێ. دکتۆر بەهمەن دەڵێ: بەڵێ. مرۆڤ چییە؟ ئا ئەمەیە لێرەدا پرسیارەکە. دکتۆر بەهمەن گالا بەجێدەهێڵێت و دەڕواتە لای ئاویار. جانتای برینپێچییەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دادەنێت و دەڵێ: کاک ئاویار گیان دەمەوێت کەمێک برینەکانی دەمووچاوت پاکبکەمەوە ئەگەر یارمەتیی هەبێت. ئاویار بە خەندەیەکەوە بەدڵنیاییەوە دکتۆر ...! دکتۆر بەهمەن قسەکەی بۆ تەواو دەکات و دەڵێ: دکتۆر وەفیق ئەحمەد. ئاویار بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: خۆشحاڵم بەڕێز دکتۆر وەفیق ئەحمەد. دکتۆر بەهمەن کەمێک دێسێنفیکتسیۆن لە دەستی خۆی دەدات و بە لۆکەیەک خوێنی سەر برینەکانی دەمووچاوی ئاویار دەسڕێت. پاشان لەسەر هەر شوێنی برینێک مەرهەمێکی پێدا دەسوێت. ئاویار دەڵێ: دکتۆر گیان بە ناوەکەتدا وادەزانم بەڕاستی عەرەبیت، لێ هەستێک تێمدا دەڵێ: کە بەڕێزتان کورد بن. دکتۆر بەهمەن دەڵێ: ڕاستە، لێ من بەدەست خۆم نەبووە، باوکم بە گەنجێتیی دوورخراوەتەوە بۆ باشووری ئێراک، ئەو کات دایک و باوکم هێشتا منداڵیان نەبوو، من یەکەم منداڵیان بووم، کە لە ڕومادیی لەدایکبووم و ئەو کاتەش حکومەت ڕێگای نەداوە، کە باوکم ناوێکی کوردییم لێ بنێت، باشتر بڵێم هەر بەقەست لە فەرمانگەی ناونووسکردن فەرمانبەرێکی بەعسیی منی ناو ناوە وەفیق. ئیدی باوکم نەک بەوەی ناوەکەی پێخۆشبووبێت، بەڵکوو بۆئەوەی، کە نرخێک بۆ ئەو ڕۆژگارە دابنێت هەر بە وەفیق بانگی کردووم. ئاویار دەڵێ: هەڵەیە بڵێیت نرخێک بۆ ئەو ڕۆژگارە، من پێموایە باوکت نرخێکی بۆ ئازادیی داناوە، تۆش یەکێکیت لەو نرخانەی، کە لە پێناوی ئازادییدا خەرجی کردووە، باوکت بۆئەوەی ئازادیی بپارێزێت، هەمیشە هێناویەتە پێشچاوی خۆی، کە بزانێت لەپێناوی ئازادییدا چ نرخێکی خەرج کردووە، بەهای ئازادیی ئا لێرەدایە. باوکت دوور خراوەتەوە، ئازار دراوە، بۆی نەبووە بە ئازادیی ناوێک لە تۆ بنێت، هەموو ئەمانە نرخن، کە مرۆڤ لە ئازادییدا خەرجی دەکات. باوکت ماوە ئێستا؟ دکتۆر بەهمەن سەرێک

هەڵدەبڕێت و تەماشای ئاویار دەکات و دەڵێ: ئەم مەرهەمە هەوڵدەدات ئازاری برینەکانت کەمبکاتەوە و زووتریش چاکبێتەوە. نەخێر باوکم نەماوە، من تەمەنم چوار ساڵان بوو، ئێوارەیەکیان تەرمی باوکمیان هێنابۆوە بۆ دایکم. ئاویار دەڵێ: بەچیی مردبوو؟ دکتۆر بەهمەن دەڵێ: کارەساتی ئاوتۆمۆبیل. ئاویار دەڵێ: ڕاست نییە، کووژراوە، لێ کارەکەیان وەهاکردووە، کە خەڵکیی باوەڕبکەن، کە باوکت بە کارەساتی ئاوتۆمۆبیل مردووە. دکتۆر بەهمەن دەڵێ: دایکیشم وەهای هەستدەکرد، لێ لەدوای مەرگی باوکمەوە دایکم بۆی هەبوو بگەڕێتەوە بۆ سلێمانیی. لەدوای من دایکم منداڵێکی تریشی لە باوکم بوو، خوشکەکەم دوو ساڵ لە من گەنجترە. دکتۆر بەهمەن دەستی تەوقە بۆ ئاویار درێژ دەکات و دەڵێ: خۆشحاڵبووم بە ناسینت، من دەبێت بگەڕێمەوە بۆ نەخۆشخانە، بەدڵنیایی چەندیین نەخۆشی تر ڕوومان تێدەکەن. ئاویار هەڵدەستێتە سەرپێ و دەستی تەوقەی دکتۆر بەهمەن دەگووشێت و دەڵێ: زۆر سووپاس دکتۆر وەفیق ئەحمەد زۆر سووپاس. دکتۆر بەهمەن جانتاکەی کۆدەکاتەوە و دەڕواتە دەرەوە. گالا بەدوایدا دەڕوات، لەبەردەمی ئاوتۆمبیلەکەی دکتۆر بەهمەندا هەردووکیان ڕاوەستاون، گالا دەڵێ: بەنیازی چییت؟ دکتۆر بەهمەن دەڵێ: خۆشبەختییەک لەم بەدبەختییەدا ئەوەیە، کە ئاویار ناتوانێت خەڵک بناسێتەوە، بەهۆی کەوتنەخوارەوەکەیەوە مێشکی جوڵاوە و ناتوانێت بیری ڕووداوەکانی بکەوێتەوە، لێ هەرئەوەندەی بیری کەوتەوە، ئیدی مەترسییەکی گەورە پەیدا دەبێت. گالا دەڵێ: ئەی چارە؟ دکتۆر بەهمەن لە جانتاکەیدا ترۆپکەیەک دەرمان دەردێنێت و دەڵێ: بۆ نانخواردنی ئێوارە سێ ترۆپ لەم دەرمانە بکەرە ئاوەکەیەوە، دەبێت وریا بێت ئەو گلاسەی ئەو ئاوی پێدەخواتەوە دەبێت لەبەردەمی ئاویاردا بێت، نەک تووشی هەڵەبیت خۆت یان پاسەوانەکە بیخۆنەوە، چونکە ئەم دەرمانە ئاویار بۆ ماوەی هەشت هەتا نۆ کاتژمێر دەخەوێنێت بەبێئەوەی بەئاگابێتەوە. واتە هەشت کاتژمێر دەتوانیت تۆپ لە تەنیشتیەوە بتەقێنیت ئەو بەئاگانایەت. هەرئەوەندە خەوی لێکەوت دەیبەیت لە دوورترین شوێندا بەجێیدێڵیت، باشترین شوێن شوێنێکی شاخاوییە، چونکە ئەگەر جارێکی تریش بکەوێتەخوارەوە ئەوا ئاسەواری برینە کۆنەکان نامنێت و برینە نوێکان جێگایان دەگرنەوە. ئاویار لەبەردەم دەرگای بەئاگاهاتنەوەدا ڕاوەستاوە، پێشئەوەی ئەوە ڕووبدات دەبێت هەموومان ڕووخساری خۆمانی لێ بشارینەوە. کە هاتیتەوە هەموو ئاسەوارێکی ئاویاریش لەوماڵەدا دەسڕیتەوە و هەردووکتان دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانیی.

دکتۆر بەهمەن سەردەکەوێتە ئاوتۆمۆبیلەکەیەوە و سلف لێدەدات دەڕوات.

گالا بە شپرزەییەکەوە ترۆپکەکە دەکاتە گیرفانییەوە و دەڕواتە ژوورەوە. لەناوەڕاستی چێشتڕارەکەدا ڕادەوەستێت و دەستدەکات بە خوراندنی تەپڵی سەری. پاشان دەستدەداتە

ئاوەیەکی تیڤاڵی گەورە، لەسەر چاوێکی گەورەی گڕەدانەکە (تەباغی غاز) دایدەنێت. لە شەبەکەیەکدا، کە پڕی پەتاتەیە نزیکەی دوانزدە بۆ سیانزدە پەتاتە دەردێنت و دەکەوێتە پاککردن و قاشکردنیان. نزیکەی کاتژمێرێک کات لە چێشتخانەکەدا بەسەر دەبات و پاشان دێتەدەرەوە و دەچێتە لای ئاویار و دەڵێ: ئاویار گیان برسییتە وایە؟ ئاویار دەڵێ: ڕاستتبوێت ئا، بەڵام وابزانم هی ئازارەکانی دەمووچاومە، نازانم بۆچیی کەوتمەخوارەوە لەو شاخە. گالا بەپێکەنینێکەوە دەڵێ: ئاخ گەورەبوویت بیرتدەچێتەوە، هەمیشە دایکم وای پێدەگووتم هەرکات برینێک لە جەستەمدا دروستبوایە و ئازاری زۆر بدامایە، دەیگووت: کە گەورەبوویت بیرت دەچێتەوە. لە ناوەڕاستی هۆڵی دانیشتنەکەدا مێزێکی تەختەی نانخواردن و شەش کورسیی لە دەوری دانراوە، گالا سێ قاپی پانی سپیی و سێ چنگاڵ و چەقۆش دادەنێت و دەڵێ: من ئەم ماڵەم بۆیە پێخۆشە، هەرکات دێم دەبێت ژیانێکی تر بژییم، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمدا کەمتر بەدی دەکەم. ئاویار دەڵێ: بۆ نموونە؟ گالا دەڵێ: لەم ماڵەدا هەرکات هاتبێتم پێویست بووە بە چنگاڵ و چەقۆ نانبخۆم. لەم ماڵەدا گێنەراتۆرێکی گەورە هەیە، کە هەرکات ویستت کارەبات بۆ بەرهەمدێنێت، لەم ماڵەدا بێجگە لە کلاسیک موسیک گوێت لە هیچ شتێکی تر نابێت و بۆشت نییە هیچ موسیکێک لەگەڵ خۆتدا بهێنیت بۆ ئەم ماڵە. لەم ماڵەدا پیانۆیەکی ڕەشی قەترانیی گەورە هەیە، گالا دەست درێژ دەکات بۆ پیانۆکە، کە لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا دانراوە و دەڵێ: لێ هەتا ئێستا هیچ کەسێکم نەدیوە یەکجار پەنجە بە یەک دوگمەیدا بهێنێت. ئاویار بیهێنەبەرچاوی خۆت هەشتا و هەشت دوگمەی ڕەش و سپیی، دەستەکانی بڵند دەکاتەوە و دەڵێ: ئەگەر ئەم دەستانە ئەو توانایەیان هەبوایە ئاخۆ چیان دەژەند؟ دیوارەکانی ئەم ماڵە بە تابلۆی گەورە و گران ڕازاوەتەوە، زۆرینەی تابلۆکانیش کلاسیکن یان باس لە میتۆلۆگیی یۆنانی کۆن و خواکانیان دەکەن. ئەوەی لەلای من جێگای سەرسووڕمانە و وەک مەتەڵێک ماوەتەوە ئەوەیە، کە ئاخۆ چ سیاسییەکی دڵڕەق دیوێکی وەها ناسکی لەخۆیدا زیندانییکردووە؟ هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و دەڕواتەوە چێشتخانەکە پەتاتە سورەوەکراوەکان دەخاتە سەر قاپێکی پان و بەریین و لەگەڵ چنگاڵێکی گەورەدا دەیبات لە ناوەڕاستی مێزەکەدا دایدەنێت. دێتەوە و ئەمجارەیان دوو گلاس ئاو دەبات، یەکێکیان بۆ خۆی دادەنێت و ئەوی تریش بۆ ئێشکگرەکە. تەماشایەکی ئاویار دەکات و دەڵێ: ئاویار گیان وەرە دەی خواردن دەخۆین، تکایە بانگی هاواریش بکە. ئاویار دەچێتە ناو دەرگای ماڵەکە و بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: هاوار خواردنی ئێوارە ئامادەیە. گالا دەچێتەوە چێشتخانەکە و قاپێکی قوڵی گەورە ترشیاتی کوردیی لەگەڵ سێ قاپی قوڵی تری بچکۆلانە و سێ کەوچکی بچکۆلانەش بۆ ترشیات خواردن دەهێنێت. ئاویار و هاوار لە جێگای خۆیان دادەنیشن و ئامادەن بۆ خواردن، گالا دەڵێ: شتێکم بیرچووە ئێستا دێمەوە، دەچێتەوە چێشتخانەکە بە ترسێک و دڵەڕاوکێیەکەوە گلاسێک ئاو دادەنێت و دەستدەکات بە گیرفانیدا تروپکەکە دەردێنێت، ئاوڕێک بۆ دواوەی خۆی دەداتەوە نەبادە کەسێک لەدوایەوە وەستابێت، سێ ترۆپ دەکاتە گلاسە ئاوەکەی ئاویارەوە و هەڵیدەگرێت دەیبات

لەبەردەمی ئاویاردا دایدەنێت و دەڵێ: دەی فەرموون خواردنێکی خۆش. ئاویار و هاوار دەڵێن: بۆ تۆش. ئاویار دەیەوێت پەتاتەیەک بەرێت بۆ دەمی و چنگاڵەکە بە هەواوە لەنێوان دەمی و دەستیدا ڕادەگرێت و دەڵێ: شتێک ناتەواوە. گالا بە ترسێک و شڵەژانێکەوە دەڵێ: چیی ناتەواوە؟ ئاویار لچەکانی توووند دەخاتە سەریەک و دەڵێ: موسیک. گالا هێوردەبێتەوە و دەڵێ: ڕاستە، هەڵدەستێت دەچێتە لای سی دی پلەیەرەکە، کە ستریۆیەکی ڕەشی مۆدێل سۆنیی یابانییە و دەڵێ: ئاویار حەزت لە چییە؟ ئەم ئێوارەیە، ئێوارەی تۆیە. ئاویار ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێ: بە ڕاست؟ گالا هەم بە ڕوویەکی خەمبار و هەمیش بە ڕوویەکی ترساوەوە دەڵێ: بەڵێ بە ڕاست. ئاویار دەڵێ: باخ. گالا دەڵێ: ئۆی باخ زیاد لە دوانزدە سی دی باخ هەیە لێرە. ئاویار دەڵێ: دەستبدەرە دانەیەک و بیکەرە سی دی پلەیەرەکەوە. گالا دەڵێ: بەڵێ باش. چاوەکانی دەنووقێنێت و سی دییەک ڕادەکێشێت. چاوەکانی دەکاتەوە و سی دییەکە دەکاتە ژوورەوە. ئینجا دەڵێ: لە یەکەم موسیکەوە دەستپێبکەم یان ئەوەش بە ڕێکەوتێک. ئاویار دەڵێ: با ڕێکەوت بێت. گالا کۆنترۆڵی سی دی پلەیەرەکە دەگرێت بەدەستیەوە و چاوەکانی دەنووقێنێت و پەنجە بە ژمارەیەکدا دەنێت و دەنگ لە سی دی پلەیەرەکە بەرزدەبێتەوە. بە کەمانچە و فلوت موسیکەکە دەستپێدەکات، لێ فلوتەکە ڕۆڵێکی گەورەتری هەیە و کەمانچە و چەلۆکان بوونەتە باکگراوندنی فلوتەکە. ئینجا دەنگی ژنێک بڵند دەبێتەوە و بە ئەڵمانیی دەڵێ: ئیش هابە گینوگ (بەسمە). گالا دێتەوە جێگای خۆی و دەڵێ: بەدڵتە ئاویار؟ ئاویار دەڵێ: چلۆن بەدڵم نییە؟ منیش بەسمە، بەسمە ئیدی دەمەوێت بژییم. گالا دەڵێ: ئەو موسیکە دەناسیت؟ ئاویار دەڵێ: بەڵێ، ناوی (بەسمە)یە، ئیش هابە گینوگ. موسیکێکی ئایینییە، لێ بۆ من کۆمەڵێک نۆتەی هێورکەرەوە، من بۆ ئەو نۆتانە تێکستی خۆم هەیە، باخ دەڵێ: بەسمە، دڵنەواییم تەنها، تەنهایە، کە دەمەوێت عیسا هی من و منیش هی عیسا بین پێکەوە. منیش دەڵێم: بەسمە ئەم هەموو خەمی خاکە، تاجە چقڵیینەی تەوقی سەرمە. بەسمە بەس، گەرووم پڕە لە هاوار و کەچیی دەنگم ناگاتە گوێی هیچ کەس. گالا تەواو خەمبار دەبێت و بێدەنگییەکی سەیر هەرسێکیان داگیردەکات. هەرسێکیان بەبێدەنگیی قاپەکانیان پڕدەکەن و دەستدەکەن بە پەتاتە خواردن بە ترشیاتی کوردییەوە. ئاویار حەوت خولەک و هەژدە چرکە بە خواردنەکەیەوە بەسەردەبات لەگەڵ دوا نۆتەی موسیکەکەدا لە حەوتەمیین خولەک و هەژدە چرکەکەدا گڵاسە ئاوەکەی بەیەکجار دەخواتەوە و دەڵێ: بەسمە، ماڵئاوا هاوڕێیان هەنووکە کاتی هەرەسمە. مێزەکە بەجێدەهێڵێت و دەڵێ: سووپاس بۆ خواردنەکە، دەچێت لەسەر قەنەفەکە پاڵدەداتەوە و گوێ لە موسیکی ئایندەی باخ دەگرێت. گالا یەکپارچە سڕبووە و ترسی هەیە، کە ئاویار درکی پێکردبێت، کە دەرمانی خەو کراوەتە ئاوەکەیەوە. هاوار هەڵدەستێت و دەڵێ: سووپاس بۆ خواردنەکە. گالا دەڵێ: نۆشی گیان. هاوار دەچێتەوە دەرەوە بۆ ئێشکگریەکەی، گالا مێزەکە کۆدەکاتەوە دەستدەکات بە شووشتنی قاپەکان. نزیکەی نیوو کاتژمێری پێدەچێت، کاتێک لە چێشتڕاڕەکەدا دێتە دەرەوە دەبینێت، کە ئاویار لەسەر

قەنەفەکە خەوی لێکەوتووە. پاڵتۆیەکی ئەستووری خاکیی دێنێت و دەیکاتە بەری ئاویار، پێڵاوەکانی لەپێ دەکات و بانگی هاوار دەکات. هاوار دێتە ژوورەوە و دەڵێ: ها گالا چییە؟ گالا دەڵێ: هاوار برۆ دوو بەتانیی و بالیفێکم بۆ ئامادە بکە و بیهێنە خوارەوە بۆم بۆ لای لاندکرۆزەرەکە. هاوار دەڵێ: بەڵێ باش. گالا دەچێتە دەرەوە دەرگای پشتەوە دەکاتەوە و ئامادەی دەکات. دەچێتەوە ژوورێ، هاوار بەرەوڕووی دێت، گالا دەڵێ: ئەو شتانە بخەرە ئاوتۆمۆبیلەکەوە و وەرەوە بۆ لای من. هاوار بەتانییەکان و بالیفەکە دەکاتە لاندکرۆزەرەکەوە و دەچێتەوە بۆ لای گالا. گالا دەڵێ: دەزانم ئاویار قورسە، لێ دەبێت بیبەینە لاندکرۆزەرەکەوە. هاوار دەڵێ: نیازی چییتە گالا؟ گالا دەڵێ: ئەوەی پێویستە بیکەم، ئاویار ئازاد بکەم. بە هەردووکیان ئاویار هەڵدەگرن و بە نقە نقە دەیگەیەننە لای لاندکرۆزەرەکە و لەدواوە پاڵیدەخەن، گالا دەرگا دادەخات و دەڵێ: وەرە سەربکەوە هاوار، من بەخێرایی گێنەراتۆرەکە دەکووژێنمەوە و دەرگاکان دادەخەم. گالا دەڕوات و پاش کەمێک دێتەوە، تاریکیی خەریکە تەواو تەواو باڵی خۆی بەسەر خاکدا ڕادەکێشێت، گالا سلفێک لێدەدات و دەڵێ: دەبێت شوێنێک بێت لانیکەم لێرەوە دوو کاتژمێر دووربێت. هاوار دەڵێ: بیرت لە کوێ کردۆتەوە؟ گالا دەڵێ: هێشتا نازانم. دەروبەری سەرگەڵو یان قەیوان ماوەتت پێباشە؟ لەوێ ئاواییی هەیە، هەندێک ماڵی تاک و تەرا گەڕاونەتەوە گووندەکانی خۆیان بۆ کشتووکاڵ. هاوار دەڵێ: ئەی لە دۆڵەڕووت؟ خۆ لەو ناوە چەند سەربازگەیەکی بەجێهێشتراو هەیە، دەتوانین لەوێی دابنێین. گالا دەڵێ: نابێت لە شوێنی ئاوهادا بێت، چونکە دوایی پێدەزانرێت، کە ئاویار لەلایەن کەسێکەوە یان گرووپێکەوە لەویادا بەجێهێڵدراوە، دەوروبەری قەیوان و شاناخسێ باشە، چونکە ناوچەیەکی سەخت و شاخاوییە، هەرچەندە ترسی سەرمام هەیە، لێ چارم ناچارە. گالا بەرەو شاناخسێ دەکەوێتە ڕێگا.

لە تاریکییدا تەنها بەرپێی خۆیان دەبینن، بە گەوەی شاخێکدا هەڵدەزنێن، لەدواوە بە تۆزقاڵ تەنها سێبەرەکانیان دیارە، دەنگێک بە نزمی دەکەوێتە گوێ، دەنگێکی ژنانەیە و دەڵێ: ئاسان لەسەرخۆ، پێتڕاناگەم. دەنگی خشپەی پێکان کەمدەبێتەوە و دەنگێکی دی دەکەوێتە بەرگوێ، دەنگێکی پیاوانەیە و دەڵێ: ڕیحان، ئەوەندەمان نەماوە بگەینەسەرەوە، من دوێنی ئێوارە بە تەنیا هاتووم بۆ ئێرە، ئێوە هێشتا لە سلێمانیی بوون، من بە ئاوتۆمۆبیلەکەی خۆم هەموو شتێکم لێرە ئامادە کردووە، دوو پەتووم لەسەریەک ڕاخستووە و کردوومە بە دۆشەک دوو سەرییینیشم داناوە، پەتوویەکی خوریی ئەستووریش بۆ هەردووکمان، بیرم نەچێت مەتارەیەک ئاویشم ئامادە کردووە لەگەڵ کیسەیەک هەنجیری وشک. ڕیحان دەڵێ: هەنجیری وشک بۆچیی؟ ئاسان دەڵێ: گووتم نەبادە برسییمان بێت. ڕیحان دەگاتە لای ئاسان و ئینجا هەردووکیان پێکەوە سەردەکەون، پاش کەمێک دەگەنە جێگاکەی خۆیان، ڕیحان بە هەناسە بڕکێیەکەوە دەڵێ:

واو دەڵێی بەرهەیوانێکی بچکۆلانەیە بە سنگی ئەم یاڵەوە. ئاسان دەڵێ: ئێرە جوانترین شوێنە، کە من بۆ ئەمشەوم بە شیاو زانیبێت. ڕیحان لەسەر پەتووەکان دادەنیشێت و دەڵێ: ئەی نیازت چییە؟ ئیمشەو لێرە بمێنینەوە؟ ئاسان دەڵێ: ئێمەی گەنج لەو نیشتیمانەدا بێجگە لە درۆ هیچ چارەیەکی ترمان نییە، تۆ لەو باوەڕەدایت، کە ئەگەر ئەم درۆ گەورەیە نەبوایە ئێمە هەرگیز دەمانتوانی ئاوها شەوێک پێکەوە بەسەر بەرین؟ ڕیحان بیهێنە پێشچاوی خۆت، تۆ کچێکی بیست و سێ ساڵەیت و منیش کوڕێکی بیست و پێنج ساڵە، لێ هیچکامێکمان هەتاوەکوو ئێستا لە باوەشی هیچ کەسێکدا نەنووستووین، دەبێت چ شتێک لەوە خەمبارتر بێت؟ هەتاوەکوو دەرهێنانی کورتە فیلم، کلیپی گۆرانیی هەبێت من و تۆش ڕێگامان دەکەوێتە ئەم سروشتە، ئەم سروشتەش تاکە لانکەی ڕاستەقینەی ئازادییەکانی ئێمەیە، ئێمە لەم سروشتەدا ئازادانە لەدایکبووین وەک بەشێک لە سروشت، لێ هەر بەدەستی خۆمان کارێکمانکردووە، کە ئازادییەکانمان لەناو کلتوورێکدا زەوتبکرێت، ڕیحان ئێستا کلتووری کوردیی بووەتە سروشتی ئێمە، ئێمە بیرمان چۆتەوە، کە سروشتی ڕاستەقینەی ئێمە ئەم گەردوونەیە. ڕیحان دەڵێ: تۆ پێتوایە، کە کەس بەدواماندا ناگەڕێت؟ ئاسان دەڵێ: من دڵنیام، کە چەند کەسێکی داماوی تری وەک من و تۆ لە گرووپەکەدا هەیە و هەوڵدەدەن بوارێک بدۆزنەوە، کە لەیەکتریی نزیکببنەوە، هەربۆیە دەڵێم: ئەوان هێندەی لە خەمی ئەوەدان، کە ئیمشەو لەیەکتریی نزیکببنەوە لە خەمی ئەوەدا نین بەدوای ئێمەدا بگەڕێن. لە سەرێکی تریشەوە ئێمە چیدی منداڵ نین هەتاوەکوو شەو تا بەیانیی لە تاومان خەویان لێنەکەوێت، ئەگەر کەمێک شانسمان هەبێت بەیانیی شتێک ڕوودەدات، کە بەهۆیەوە دیارنەمانی ئیمشەوی ئێمەیان بیربچێتەوە. ڕاستت بوێت من چەند دژی کۆمەڵێک کلیپی گۆرانیی کوردیی بم، لێ پشتگیریی دەکەم، هەتاوەکوو بەهۆیەوە لەگەڵ تۆدا ڕێگام بکەوێتە شوێنێکی ئاوهاوە و بەتەنیا بم لەگەڵتدا. ڕیحان دەڵێ: زۆر مەڵێ وەرە جێگاوە لەگەڵم. ئاسان بە پێکەنینێکەوە خۆی فڕێدەداتە باوەشی ڕیحانەوە و دەم دەکاتە دەمیەوە. ڕیحان پەنجەکانی لە پرچی ئاسان تووند دەکات و ئاوێزانی دەبێت. ئاسان پەتووەکە هەڵدەگرێت و ئەیدات بە خۆیاندا. لەژێر لێفەکەدا بەدەم ماچکردنەوە دەکەونە ڕووتکردنەوەی یەکتریی. ڕیحان دەڵێ: ئاسان جلەکانمان لە شوێنێکدا دابنێ، کە ئاسان بیدۆزینەوە. ئاسان دەڵێ: خەمت نەبێت لایتێکی دەستیم لەگەڵ خۆمدا هێناوە تەنها بۆ کاتی پێویست. ڕیحان، لێ داگیرساندنی لایت، ئاشکرامان دەکات. ئاسان دەڵێ: من دەڵێم بۆ کاتی پێویست ناڵێم ئێستا دایدەگیرسێنم. ڕیحان دەمدەکاتەوە دەمی ئاسان و دەڵێ: بە دڵی خۆت چییدەکەیت بیکە هەقم نییە. ئاسان دەکەوێتە ماچکردن و لێساندنەوەی ڕیحان، دەستەکانی بە نەرمیی بە هەموو جەستەیدا دەهێنێت، لەپڕێکدا ڕیحان دەستی ئاسان دەگرێت و دەڵێ: ئاسان من هێشتا کچم. ئاسان دەڵێ: منیش ئەمە یەکەمجارمە، هەردووکیان ئەیدەنە قاقای پێکەنین و ئاوێزانی یەکتردەبنەوە. دەنگی ڕیحان هەتا بێت بڵندتر دەبێتەوە و تێکەڵ بە حەز و ئارەزووەکانی ئاسان دەبێت، جارناجارێک قاقایەکی

پێکەنیین لێدەدات دیسانەوە دەنگی بەرزدەبێتەوە. بە سنگی شاخێکەوە لەناو دڵی تارییکییدا ئاسان و ڕیحان ڕۆحیان بۆ یەک داگیرساندووە.

نزیکەی دوو کاتژمێرە گالا بەڕێگاوەیە، هاوار دەڵێ: گالا پێتوانییە ئەم شوێنە شوێنێکی باش بێت؟ گالا دەڵێ: لە ڕاستییدا من لە کوڕەوەکەدا بەم ڕێگایەدا هاتووم، لەوانەیە تاک و تەرا چەند ماڵێک هاتبێتنەوە، لێ دڵنیام ئا لێرەدا هیچ ئاواییەک نییە، دەتوانین بوەستین، گالا ئاوتۆمۆبیلەکەی ڕادەگرێت و دەیکووژێنێتەوە، هەردووکیان دادەبەزن و لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانن. گالا دەڵێ: هاوار تۆ بەتانییەکان و سەرییەنەکە لە شوێنێکی باشدا ڕابخە، شوێنێک بێت لە جادەکەوە دوور بێت. هاوار دەڵێ: من پێمباشە لە بناری شاخەکەدا بەتانییەکان ڕابخەین. گالا دەڵێ: لێ هەتا بناری شاخەکە دوورە ئاویارمان پێ هەڵناگیرێت، هاوار دەڵێ: بەڵام دەبێت بیکەین. هاوار بەتانییەکان دەبات لەبن بناری شاخەکەدا لەسەر شوێنێکی تەخت ڕایدەخات و سەرینەکەش دادەنێت، دێتەوە و لەگەڵ گالا ئاویار هەڵدەگرن و دەیبەن لەسەر بەتانییەکان درێژی دەکەن. دەنگی ئاوتۆمۆبیلەکە و دەنگی پێی گالا و هاوار و قسەکردنیان ڕیحانیان لە خەو هەڵستاندووە، بە دزییەوە و بە وریایی لە جێگای خۆیەوە تەماشایەکی خوارەوە دەکات، لێ تەنها تارمایی پیاوەکان دەبینێت و گوێی لە دەنگیانە. بە وریایی ئاسان لە خەو هەڵدەستێنێت و دەستێک دەخاتە سەر دەمی هەتاوەکوو قسە نەکات، ئینجا بە ئیشارەت تێیدەگەیەنێت، کە تەماشای خوارەوە بکات، ئاسان گوێی لە دەنگی پیاوەکانە، تەماشا دەکات تەنها تارمایی پیاوەکان دیارە و ناناسرێنەوە. گالا و هاوار سەرییەنەکە دەخەنە ژێر سەری ئاویار و بەتانییەکی پێدادەدەن. کەمێک بەدیاریەوە دەوەستن و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ لای ئاوتۆمۆبیلەکەیان، سەردەکەون دەرگاکانیان دادەخەن، گالا سلف لێدەدات و پێچ بە ئاوتۆمۆبیلەکە دەکاتەوە، لەکاتی پێچکردنەوەدا لایتەکانی ئەیدات لە جێگاکەی ڕیحان و ئاسان، هەردووکیان لە ترساندا زیرە دەکەن، کە درکیان پێبکەن، لێ هاوار و گالا هەر لە خەیاڵیشیاندا نییە تەماشای دەوروبەری خۆیان بکەن، ئاوتۆمۆبیلەکە پێچدەکاتەوە و دەڕۆن لە چاو وندەبن. ڕیحان و ئاسان بە هەناسەبڕکێیەکەوە دەکەونە لەبەرکردنەوەی جلەکانیان، ڕیحان دەڵێ: نەیانبینین. ئاسان دەڵێ: نا نەیانبینین. بەڵام چیان لە خوارەوە بەجێهێشتووە؟ ڕیحان دەڵێ: کەسێکیان بەجێهێشت، پێدەچێت کووشتبێتیان. ئاسان دەڵێ: لێ پێنەدەچوو، کە کەسێکیان کووشتبێت. من لە دەمی باوکمەوە چەندیینجار ئەو چیرۆکانەم گوێ لێبووە، کە کوڕان باوکی پەککەوتەی خۆیانیان لە شاخەکاندا بەجێهێشتووە، پێموایە ئەو دوو کوڕە باوکیان نەخۆش و پەککەوتەیە و لێرە لە بناری ئەم شاخەدا بەجێیانهێشت هەتا بمرێت. ڕیحان دەڵێ: ئاسان دەرپێکەم، ئاسان دەڵێ: نازانم بە خۆت بوو. ڕیحان دەڵێ: تۆ داتکەند، کەواتە تۆ دەزانیت لەکوێدا داتناوە. ئاسان چەندجارێک دەستی بەئەملاوئەولای خۆیدا دەگێڕێت و دەرپێکەی ڕیحان دەدۆزێتەوە و ئەیداتە دەستی و دەڵێ: یەکەمجارم بوو دەرپێی کچێک دابکەنم و یەکەمجاریشمە دەرپێی کچێک بدەمەوە دەستی. ڕیحان دەرپێکەی

وەردەگرێت و ماچێکی ناو دەمی ئاسان دەکات و دەڵێ: لێ ئەمە دواهەمینجاریشت نابێت، تازە تۆ دەبێت هەتا پیر و خەرۆ دەبیت دەرپێی من دابکەنیت و بیشیدەیتەوە دەستم. پاش کەمێک هەردووکیان خۆیان ئامادە دەکەن، ئاسان دەڵێ: هەموو شتی خۆتت لەبەردایە ڕیحان گیان؟ ڕیحان دەڵێ: بەڵێ، ئەی تۆ؟ ئاسان دەڵێ: منیش، ئێستا با بچینە خوارەوە بزانین ئەو کەسە کێیە بەجێیانهێشت. ئاسان پێشدەکەوێت و ڕیحان بەدوایدا، دەگەنە لای ئاویار، هەردووکیان دڵیان لە ترساندا خێرا لێدەدات، هەردووکیان دەستیان دەلەرزێت و هەناسەیان سواربووە، ئاسان لایتەکەی دەردێنێت و ئەیدات لە ڕووخساری ئاویار دەبینێت دەمووچاوی هەمووی برینی نوێیە، ئاسان دەڵێ: ئەمە پیاوێکی پیری نەخۆش نییە، ئەمە کوڕێکی گەنجی دەمووچاو بریندارە، لێ بۆچیی بریندارە؟ بڵێی لێیاندابێت؟ لایتەکەی نزیکتر دەکاتەوە و سەرنجی برینەکان دەدات و دەڵێ: پێدەچێت کەوتبێتە خوارەوە لە شوێنێکی بەرزەوە، برینەکان برینی لێدان نییە. ئاسان دەستێک دەکاتە سەر شانی ئاویار و دەڵێ: کاکە گیان، برالە، ئاویار بەئاگا نایەتەوە. ڕیحان بە ترسێکەوە دەڵێ: پێدەچێت مردبێت؟ ئاسان دەستێک لەبەردەمی ئاویاردا ڕادەگرێت و هەست بە گەرمیی هەناسەدانی دەکات و دەڵێ: باوەڕناکەم مردبێت هەناسە دەدات. ئینجا گوێچکەی دەنێت بە دڵی ئاویارەوە و دەڵێ: گوێم لە ترپەی لێدانی دڵیەتی. لەوانەیە حەبی خەویان دابێتێ هەتاوەکوو لێرەدا فڕێیبدەن. ڕیحان دەڵێ: بەڵام بۆچیی فڕێیبدەن، دەستبکە بە گیرفانیدا بزانە هیچ پێناسێکی پێیە؟ ئاسان هەموو گیرفانەکانی دەگەڕێت، لێ هیچ شتێک نادۆزێتەوە و دەڵێ: هیچی پێ نییە. باشترە جوان دایپۆشین هەتاوەکوو خۆی لە خەو هەڵدەستێت، هەرچەند تەماشاش دەکەم باوەڕم نییە هەتاوەکوو سبەی بەیانیی لە خەو هەڵبستێت. ئاسان تەماشایەکی ڕیحان دەکات و دەڵێ: بەیانیی بیانوویەکی باشمان هەیە بۆ ونبوونمان، دەڵێین ئەم پیاوەمان بە خەوتوویی دۆزیوەتەوە و ئاگامان لێی بووە هەتا ڕۆژبۆتەوە. ڕیحان خۆرێک لە دڵیدا هەڵدێت و دەڵێ: کەواتە با بچینەوە سەرێ. ئەمجارەیان ڕیحان پێشدەکەوێت و ئاسان بەدوایدا، دەگەنەوە سەرجێگاکەی خۆیان، ئاسان لەسەر سنگی ڕیحان درێژ دەبێت و دەکەونە ماچکردنی یەکتر، تووند تووند یەکتر دەکەنەوە باوەش و ڕیحان کەمێک دەمی لەسەر دەمی ئاسان لادەبات و دەڵێ: دیسان خۆمان ڕووتبکەینەوە؟ ئاسان دەڵێ: کەسمان نازانین کەنگێ شەوێکی تری ئاوها دێتە ڕێگامان، دەکەونە داکەندنی جلەکانیان و پەتووەکە دەدەنەوە بە خۆیاندا، ڕیحان دەنگی بەرزدەبێتەوە و دەکەوێتەوە پێکەنیین، هەتا دەرەنگانی شەو ئاسان و ڕیحان دەنگیان دێت و پێدەکەنن هەتا ئەو کاتەی تەواو شەکەت دەبن و خەویان لێدەکەوێت.

لەبەرەبەیاندا دەنگی بڵندی قەلەباچکەیەک، کە لەمبەری شاخەکەوە بۆ ئەوبەر دەفڕیی ئاسان هەڵدەستێنێت لە خەو، ڕاستەوخۆ تەماشایەکی خوارەوە دەکات، کە دەبینێت ئاویار هێشتا خەوتووە. ئاسان ڕیحان لە خەو هەڵدەستێنێت و دەڵێ: گوڵیی بەیانییت

باش ماڵەکەم، هەڵبستە ڕۆژبۆتەوە، دەبێت خێرا خۆمان بگۆڕیین و بڕۆینە خوارەوە بۆ لای ئەم گەنجە خەتووە فڕێدراوە. ڕیحان چاوەکانی هێشتا خەواڵوون و دەڵێ: خۆشتریین خەو خەوتووم و خۆشتریین لە خەو هەڵستانیشم هەیە، دەمدەکاتە دەمی ئاسانەوە و دەڵێ: بەیانییت باش دڵی من، دەزانیت چەند ئاشقتم؟ ئاسان دەڵێ: چەند؟ ڕیحان دەڵێ: بەقەد گەورەیی ئەم جیهانە. ئاسان دەمدەکاتە دەمی ڕیحانەوە و ماوەیەکی درێژ ماچی دەکات و دەڵێ: لێ ئێستا دەبێت هەڵبستین دەنا درەنگە. ئاسان و ڕیحان دەکەونە خۆ گۆڕیین، ڕیحان خەریکە بڵێت: کوا دەرپێکەم، ئاسان بە دوو پەنجە دەرپێ ڕەشەکەی ڕیحان هەڵدەگرێتەوە و ئەیداتە دەستی و دەڵێ: ئەوەتا دەزانم ویستت بڵێی چیی، خۆت گووتت من هەتا پیر و خەرۆ دەبم دەبێت دەرپێی تۆ دابکەنم و بیدەمەوە دەستت. پاش کەمێک ئاسان دەڵێ: پێشنیار دەکەم، کە ئەم بەتانییانەش لەگەڵ خۆمان بەرینە خوارەوە. ڕیحان دەڵێ: من سەرییەنەکان و کیسە هەنجیرەکە هەڵدەگرم و تۆش بەتانییەکان. ئاسان دەڵێ: زۆرباشە با بڕۆین، ئاسان دەستدەداتە بەتانییەکان و هەرسێکیان لولدەکات و هەڵیدەگرێت و بە شاخەکەدا دەچێتە خوارەوە. ڕیحان بەدوایدا دەڕوات و دەڵێ: پێتباش نییە، کە ئەم شتانە لەلای ئەو کوڕە دابنێین هەتاوەکوو هەست نەکرێت، کە هی ئێمەن. ئاسان دەڵێ: با وای لێدەکەین، دوانیان لەژێریدا ڕادەخەین و دانەیەکیانی پێدادەدەین، کیسە هەنجیرەکەش دەخۆین، خۆت دەزانیت وزەمان زۆر خەرجکردووە. دەگەنە لای ئاویار و ئاسان دەستێک دەخاتە سەر شانی ئاویار و دەڵێ: کاکە گیان بەیانییت باش. ئاویار هیچ دەنگی لێوە نایەت و بەئاگا نایەتەوە. ئاسان دەڵێ: ڕیحان گیان من هەڵیدەبڕم و تۆش ئەم دوو بەتانییە لەژێریدا ڕابخە. ئاسان سەر و پشتی ئاویار بەرز دەکاتەوە و بەشێکی دوو بەتانییەکە بە قەدکراویی دەکاتە ژێر پشتیەوە، ئینجا قاچ و سمتی بڵندەکەنەوە و نیوەی بەتانییەکانی تریشی دەخەنە ژێر. پەتووە گەورە ئەستوورەکەی پێدادەدەن، لێ هێشتا دوو سەریین دەمێنێتەوە، ڕیحان دانەیەکیان دەخاتە ژێر سەری ئاویار و ئەوی تریش لە تەنیشتیەوە دادەنێت. ئاسان و ڕیحان تەماشایەکی یەکتر دەکەن، ڕیحان دەڵێ: چییبکەین؟ ئاسان دەستەکانی بڵند دەکاتەوە و دەڵێ: نازانم. ڕیحان بە داچڵەکینێکەوە دەڵێ: ئاسان. ئاسان دەڵێ: چیی ڕیحان؟ ڕیحان دەڵێ: دەستت. ئاسان تەماشایەکی دەستەکانی دەکات، کە دەبینێت کەمێک خوێنی وشکبۆوەی پێوەیە. ئاسان شپرزە دەبێت و دەڵێ: ئۆی هی تۆیە، دەبێت بیشۆم. ڕیحان دەڵێ: مەتارە ئاوەکە. ئاسان دەڵێ: لە سەرەوەیە بیرم چووە، ئینجا ئاسان بەخێرایی بە شاخەکەدا سەردەکەوێت و دەچێتە سەرەوە مەتارە ئاوەکە هەڵدەگرێت و دەستەکانی پێدەشوات و دێتەوە خوارەوە و بە ڕیحان دەڵێ: گوڵیی تەماشای خۆت بکە نەبادە شوێنێکت خوێنی پێوە بێت و تووشی کێشە بین. ڕیحان دەڵێ: هیچم پێوە نییە تەماشامکرد، لێ بەتانییەکانمان دڵنیام خوێنی پێوەیە. ئاسان دەڵێ: ئێستا بەتانیی ئێمە نییە، بەڵکوو هی ئەم کوڕە داماوەیە، ئەگەر خوێنیشی پێوە بێت، کێشە نییە، ئەوا خەڵکیی باوەڕدەکەن، کە خوێنی برییەنەکانی

دەمووچاوی ئەم کوڕە بێت. ڕیحان بە قاقایەکەوە دەڵێ: پاشان خۆ مەڕمان سەرنەبڕیوە کەمێک خوێنە و هیچی تر.

ئاسان دەڵێ: من لە خەمی ئەوەدام، کە ئاخۆ ئەم کوڕە کەی بەئاگادێتەوە. ڕیحان دەڵێ: چەند دووریین لە شوێنەکەی خۆمانەوە؟ ئاسان دەڵێ: لە خێمەکەوە؟ ڕیحان دەڵێ: بەڵێ: ئاسان دەڵێ: زۆر نا هەر نیووکاتژمێر ڕێگایە بەپێ. ڕیحان دەڵێ: تۆ بگەڕێرەوە بۆ خێمەکە و هەواڵ بە هاوڕێیان بگەیەنە، منیش لێرە ئاگام لێی دەبێت هەتا دێیتەوە. ئاسان دەڵێ: لێ ڕیحان ئەگەر ئەو دوو پیاوە هاتنەوە و تووشی کێشە بوویت؟ ڕیحان دەڵێ: نادێنەوە من دڵنیام لەوە. ئاسان ماچێکی دەمی ڕیحان دەکات و دەڵێ: زۆر باشە، بە زووترین کات دێمەوە. ڕیحان لە تەنیشت ئاویارەوە لەسەر بەشێک لە بەتانییەکە دادەنیشێت و ئاسانیش دەڕوات و لە چاو وندەبێت. پاش نیووکاتژمێرە ڕێگایەک لە دوورەوە لە خێمەکەیانەوە دەردەکەوێت، ئەو لاژەبێژەی، کە کلیپی لاژەکەی بۆ دەکەن ئاسان دەبینێت و دەڵێ: ئەوە ئاسانە، ستافی ئەم کارە، کە بەڕێکەوت هەموویان لەژێر خێمەکەدا دانیشتوون خێرا لە خێمەکەدا دێنە دەرەوە و لەبەردەمی خێمەکەدا کۆدەبنەوە هەتا ئاسان دەگاتە لایان. ڕووخساری هەریەکێکیان پڕە لە گوومان و لە شڵەژان و دڵەڕاوکێ، هەریەکەیان لە بیرکردنەوەی خۆیاندا وەک تاکێکی ئیندیڤیدووال و جیهانێکی تری تایبەت لێکدانەوە لەسەر هاتنەوەی ئاسان بە تەنیا دەکەن، لە یەک چرکەساتدا پێنج لێکدانەوەی جیاواز، لە یەک چرکەساتدا پێنج گوومانی جیاواز، لە یەک چرکەساتدا پێنج دڵەڕاوکێی جیاواز. ئەوان گرووپێک بوون، لێ لەیەککاتدا چ پێناسێک بوون بۆ ئێکسکلوسیڤییەت، چونکە هەریەکەیان لە بیرکردنەوەدا لە دەرەوەی گرووپەکە بوون، لە دەرەوەی (ئەوان)، چ پێناسێکیش بوون بۆ ئینکلوسیڤییەت، چونکە لە دەرەوەی ئەم هەلومەرجە و مامەڵە تایبەت و ئیندیڤیدووالەدا ئەوان تاکگەلێکن لەناو خۆیاندا، ئەوان خۆیان خۆیان بوون. مرۆڤ لە سەرەتاوە لەژێر فشاری دایک و باوکدا پەروەردە دەبێت، لە دەرەوەی خێزاندا دەچێتە ژێر فشاری مامۆستا و پەروەردەی قووتابخانەوە، دەچێتە ژێر فشاری پەروەردەی ئاوتۆریتێتیی دەستەڵاتەوە. لێبەڵێ سروشتی مرۆڤ وەهایە، لە دەرەوەی سروشتی دووهەمی خۆیدا، کە کلتوورە ئەو هێشتا وەک بەشێک لە خۆی دەمێنێتەوە، بەشێکی ئۆرگیناڵ لە سروشتی یەکەمی خۆی، ئەم ئۆرگیناڵییتیەتەش تەنها لەو هەلومەرجانەدا دەردەکەوێت، کە گرۆیەک لەیەککاتدا سەرنج لە باروودۆخێک لە کارەساتێک دەدەن. کاتێک دوو مرۆڤ یان زیاتر شایەتحاڵی کارەساتی وەگەڕاندنی ئاوتۆمۆبیلێک دەبن، ئەگەر ڕۆژنامەوانێک بە جیا چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکات دەرهەق بە گێڕانەوەی چۆنێتیی ڕوودانی کارەساتەکە، ئەوا دەبینین، کە هیچ گێڕانەوەی تاکێک لە مانە وەک دەربڕینێکی ئیندیڤیدووال لە هی یەکێکی تریان ناچێت، ئەمەش بەشێکە لە مانەوەی ئۆرگیناڵیتێتییەت لە تاکەکانی کۆمەڵدا. ئاسان دەگاتە بەردەمی خێمەکە و هەموویان پێکەوە بە پەرۆشەوە پێشئەوەی بپرسن چیی ڕوویداوە؟ چییتان

لێبەسەرهاتووە؟ دەپرسن: ئەی ڕیحان کوانێ؟ ئاسان بە شپرزەییەکەوە دەڵێ: بەیانییتان باش، ڕیحان زۆر باشە و خەمیتان نەبێت، لێ ئەو کوڕەی دۆزیوومانەتەوە باش نییە، ڕیحان لەوێ بەدیاریەوەیەتی هەتا ئێمە دەچینەوە لایان. هەموو پێکەوە کام کوڕ؟ ئاسان دیسان بە خۆتووندکردنێک و شپرزەییەکەوە دەڵێ: ئاخر هۆی دیارنەمانمان دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو کوڕە، دوێنێ ئێوارە. یەکێک لە کوڕەکانی ستاف دێتەپێشەوە و دەڵێ: ئاسان هێوربەرەوە ئێمە نامانەوێت لێپرسینەوەتان دەرهەق بە ونبوونتان لێبکەین، چیی ڕوویداوە؟ چ کوڕێکتان دۆزیوەتەوە؟ ئاسان دەڵێ: باشە باشە هەوڵدەدەم هێورببمەوە. گەنجێکە دوێنێ دوو پیاو لەناو کۆمەڵێک بەتانیی و سەرییندا لە بناری شاخێکدا بەجێیانهێشت، لێ کوڕە پێدەچێت دەرمانی خەوی درابێتێ، ئینجا یان بە حەب یان بە دەرزیی کوڕە نازانم من دکتۆر نیم، لێ پێوەی دیارە، کە دەرمانی دراوەتێ، چونکە لە خەوێکی قوڵدایە، هێز نییە بتوانێت بەئاگای بهێنێتەوە. یەکێک لە کوڕەکان دەڵێ: ئەی چاوەڕوانی چییدەکەن با بڕۆین بیهێنین. هەموویان ڕادەکەن بەرەو لای لاندکرۆزەرەکانیان، ئاسان دەڵێ: ئێمە خۆمان دوو ئاوتۆمۆبیلمان پێیە نازانم جێگامان دەبێتەوە ئەگەر ئەو کوڕەش بهێنینەوە لەگەڵ خۆماندا؟ یەکێک لە کچەکان دەڵێ: ئاسان ئەوە دەڵێی چیی ئێمە دەتوانین هەموومان بچینە یەک لاندکرۆزەرەوە و ئەوی تریان تەرخان بکەین بۆ ئەو کوڕە. ئاسان دەستێک دەبات بۆ سەری و دەڵێ: ئەوەش ڕاستە، با بڕۆین. هەموویان سەردەکەون و بەرەو لای ڕیحان بەڕێدەکەون. لە ڕێگادا سەرلەنوێ دەیانجار بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو کوڕە بەجێهێڵدراوە دەردەبڕن، یەکێک دەڵێ: پێدەچێت زیندانییەکانی سەردەمی شەڕی نێوان یەکێتیی و پارتی دیموکرات بێت. یەکێکی تر دەڵێ: لەوانەیە لە یەکێک لە ماڵەکانی ئەم گووندانەی دەوروبەردا بووبێت و ماڵەکە ڕووتیانکردبێتەوە، لەوانەیە قاچاخچیی یان بازرگان بووبێت. یەکێکیان دەڵێ: مادام گەنجە، پێدەچێت کچێک لە پشتی ئەم کێشەیەوە بێت. پاش کەمێک دەگەنە لای ڕیحان و دادەبەزن، ڕیحان بەرەو ڕوویان دێت و دەڵێ: بەیانییتان باش، هێشتا لە خەو هەڵنەستاوە. ستافەکە بە دیتنی ئەو دیمەنەی، کە ئاویاری تێدایە هەر بیریان دەچێتەوە، کە دوێنێ شەو ڕیحان و ئاسان نەهاتوونەتەوە. هەموویان بەخێرایی دەچنە پێشەوە و لێی ورددەبنەوە، یەکێک لە ئەندامانی ستافەکە، کە کوڕێکی لاوازی سپییکەلەی دەنگ گڕە دەڵێ: ئەوە ئاویاری شاعیرە. هەموویان پێکەوە تەماشای کوڕەکە دەکەن و دەڵێن: چیی؟ کوڕەکە دەڵێ: ئاویار، ئاویاری شاعیر. تەماشایەکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و دەڵێ: ئیمڕۆ چلهەمیین ڕۆژیەتی، چل ڕۆژە ئەو کوڕە دیار نییە. ڕیحان دەڵێ: ئەی کەواتە چاوەڕوانی چییدەکەن؟ دەستی بدەنێ لەگەڵمدا، ئەم کوڕە دەبێت بگاتە نەخۆشخانە. چەند کچ و کوڕێک لەگەڵ ڕیحاندا دەستدەدەنە ئاویار و لەدواوە دایدەنیشێنن، ئاسان و ڕیحان لەدواوە لەگەڵ ئاویاردا دادەنیشن، کوڕێکی گەنجی تریش لەپێشەوە لەگەڵ شۆفێرێک. ڕیحان سەرێک دەردێنێت و دەڵێ: پێموایە کارەکانمان تەواو بووە، پێویست ناکات ئێمە بگەڕێینەوە، خۆتان کەلوپەلەکان کۆبکەنەوە و وەرنەوە بۆ سلێمانیی. لاندکرۆزەرەکە

دەڕوات و لەچاو وندەبێت. گەنجەکانی تریش سواری ئاوتۆمۆبیلەکانیان دەبنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ خێمەکەیان.

لەپێش نیوەڕۆدا ئاویار دەگەیەننە نەخۆشخانەی سلێمانیی، ئاسان و ڕیحان لەملاوئەولای ئاویارەیەوە، کە بەسەر چوارپێچکەیەکی نەخۆشەوە لێدەخوڕدرێت دەڕۆن. دوو سستەر و پزیشکێک هەوڵدەدەن قسە لەگەڵ ئاویاردا بکەن، دکتۆرەکە دەستی کردۆتە دەستی ئاویارەوە و تەماشای ڕیحان دەکات و دەڵێ: ناوی چییە؟ ڕیحان دەڵێ: ئاویار، ئاویاری ناوە. دکتۆرەکە دەڵێ: ئاویار تکایە ئەگەر گوێت لە دەنگمە ئەوا دەستم بگووشە. ئاویار هیچ وەڵامناداتەوە. دکتۆرەکە دەڵێ: ئەم کوڕەتان لەکوێوە هێناوە؟ چیی لێهاتووە؟ من پێویستم بە زانیارییە هەتاوەکوو بتوانم یارمەتیی بدەم، ئەشکەنجە دراوە، کراوە بەژێر ئاوتۆمۆبیلەوە، کەوتۆتە خوارەوە یان چیی؟ ئاسان دەڵێ: دکتۆر گیان ئێمەش وەک تۆی لێدەزانین، ئێمە دوێنێ شەو ئەممان لە بناری شاخێکدا دۆزیوەتەوە، دوو پیاو لە چەند بەتانییەکیانەوە پێچا بوو، هێنایان لەو بنارەدا فڕێیاندا، ئەمە ئاویارە ئاویاری شاعیر، ئیمڕۆ چلەمیین ڕۆژیەتی. دکتۆرەکە هەڵوێستکەیەک دەکات و دەڵێ: سیی و نۆ ڕۆژە ونە، سیی و نۆ ڕۆژە ڕفێنراوە، سیی و نۆ ڕۆژە بێ سەروشوێنە، ئیمڕۆ چلەیەتی، چلەمیین ڕۆژ، دوێنێ شەو فڕێدراوە هەتاوەکوو ئیمڕۆ لە چلەیدا بدۆزرێتەوە. ڕیحان دەڵێ: مەبەستت چییە دکتۆر؟ دکتۆرەکە دەڵێ: ئەم کوڕە ڕفێنراوە، کەواتە لەدەست خەڵکانی ئاساییدا نەبووە، ئەم برینانەشی نوێن، تەمەنیان هەر ڕۆژێک دەبێت، ئینجا یان ئەوەتا ئەم کوڕە هەوڵیداوە ڕابکات و کەوتووە، دەمووچاوی بەر شت کەوتووە، یان ئەوەتا لە باڵەخانەیەکەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە. ئاسان دەڵێ: لێ ئێمە لە بناری شاخێکدا دۆزیوومانەتەوە نەک لە شاردا. دکتۆرەکە دەڵێ: کەواتە لە شاخێکەوە خۆی فڕێداوەتە خوارەوە. ئەم برینانە هی ئەوە نیین، کە لێیدرابێت، بەڵکوو زیاتر لە برینگەلێک دەچن، کە لە ئاکامی کەوتنەخوارەوە و کارەساتی وەرگەڕانی ئاوتۆمۆبیلدا دروستدەبن. دکتۆرەکە بە سۆندەیەکی باریک قۆڵی ئاویار دەبەستێت و بە سرنجێک خوێنی لێدەردێنێت و بە سستەرەکان دەڵێ: هەر ئێستا بیگەیەننە ژووری نەشتەرگەریی و ئاوی بۆ هەڵبواسن، من کەمێکی تر دێمەوە لاتان. دکتۆرەکە بە ئاسان و ڕیحان دەڵێ: بە خوێنەکەیدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو هیچ ماددیەکی بێهۆشکەر یان خەولێخەریان دابێت بە ئاویار. تکایە کەسوکاری ئاگاداربکەنەوە هەتا بێن بۆ سەردانی. دکتۆرەکە دەڕوات و ئاسان دەڵێ: ڕیحان گیان من دەچم هەوڵدەدەم ماڵی باوکی بدۆزمەوە، تۆ لێرەبە ئاگات لێبێت هەتا دێمەوە. ڕیحان دەڵێ: زۆر باشە، تکایە خێرابە و ئاگات لە خۆت بێت. ئاسان لە نەخۆشخانەکە دەچێتەدەرەوە و ڕیحانیش دەڕوات لە شوێنی چاوەڕوانییدا لەسەر کورسییەک دادەنیشێت.  لە دەستە ڕاستیی ڕیحانەوە دوو پیاوی تەمەن سەرو چل ساڵان دانیشتوون، یەکێکیان بەشێکی گەورەی پرچی سپیی بووە و ئەوی تریشان بەشێکی کەمی لاجانەکانی، هەردووکیان ڕێکپۆشن، هەردووکیان ڕووخساریان پڕە

لە خەم، نیگەرانیی و گوومان. یەکێکیان بەوی تریان دەڵێ: ڕات چییە بەرانبەر بە کۆبوونەوەکەی ڕامبوویێ، ئەوەی فەڕەنسا؟ کابرای دووهەم دەڵێ: بڵێمچیی، یەکێتیی نیشتیمانیی و پارتی دیموکرات چەندیینجار بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕ کۆبوونەتەوە و ئاشتیینامەیەکیان ئیمزاکردووە، لێ تەمەنی درێژی یان چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک بووە. شەڕی ئەمان شەڕە لەسەر پارە و دەستەڵات، من پێموایە، ئەو داهاتەی، کە لە ئیبراهیم خەلیلدا ڕۆژانە دەچێتە گیرفانی پارتی دیموکراتەوە جێگای پەسەندکردنی یەکێتیی نەبێت. کچێکی گەنجی باریکەلە دێتە لای پیاوەکان و دەڵێ: دکتۆرەکان دەڵێن: ئێستا بۆتان هەیە بێنە ژوورەوە. هەردووکیان هەڵدەستنەسەرپێ و یەکێکیان دەڵێ: ئەی تەندروستیی چۆنە ئێستا؟ کچەکە دەڵێ: لە ڕاستییدا بەرەو باشبوون دەڕوات، دکتۆرەکان داوا دەکەن، کە هەفتەیەک لەژێر چاودێریی خۆیاندا بیهێڵنەوە. کچەکە پێشیان دەکەوێت و پیاوەکانیش بەدوایدا دەڕۆن.

پاش نزیکەی کاتژمێر و نیوویێک چاوەڕوانیی، ڕیحان لە دوورەوە ئاسان دەبینێت، هەڵدەستێتەسەرپێ و بەرەوپیری ئاسان دەڕوات. ئاسان چەندیین کەسی تری لەگەڵ خۆی هێناوە، لەوانە هەژاری باوکی ئاویار و ئەستێرەی دایکی ئاویار و ڕند و ڕەوەندی برای. ئاسان دەڵێ: ڕیحان گیان تکایە ببوورە لە دواکەوتنم، لێ دۆزینەوەی ماڵیان کارێکی قورس بوو. دایک و باوکی ئاویار بە شڵەژانێکەوە دەڵێن: ئەی ئاویار لەکوێیە؟ لە چ ژوورێکە؟ ڕیحان دەڵێ: لە ڕاستیدا منیش نازانم، هێندە نەبێت، کە بردوویانە بۆ هۆڵی نەشتەرگەریی. ئەو دکتۆرەی، کە ئەوی وەرگرتووە داوای لێکردم چاوەڕوان بکەین. ئەستێرەی دایکی ئاویار دەڵێ: من ناتوانم چاوەڕان بکەم، چل ڕۆژە کوڕەکەمم نەدیوە ئێستاش چل چرکەی تر توانای ڕاوەستانم نییە، تکایە ژووری نەشتەرگەریی لەکوێیە؟ ڕیحان دەست بۆ ڕێڕەوێکی باریک ڕادەکێشێت و دەڵێ: لێرەوە بۆی دەچیت. ئەستێرە دەڕوات و ئەوانیش هەموو بەدوایدا، لە ناوەندی ڕێگاکەدا دکتۆرەکەی ئاویار دەردەکەوێت و دەگاتە لایان. ڕیحان دەڵێ: دکتۆر گیان ئەمانە دایک و باوک و براکانی ئاویارن هاتوون ئاویار ببینن. دکتۆرەکە بە ڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنیان دەکات و دەڵێ: دوو هەواڵم پێیە یەکیان خۆش ئەوی تریش ناخۆش. ئەستێرەی دایکی ئاویار خێرا دەڵێ: یەکەمجار ناخۆشەکە. دکتۆرەکە تەماشایەکی دایکی ئاویار دەکات و دەڵێ: هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە، کە لە مێتهۆدەکەماندا بۆماندەرکەوتووە، کە ئاویار تووشی بیرچوونەوە بووە. باوکی ئاویار دەڵێ: واتە ناتوانێت بزانێت، کە ئەو کێیە؟ کە ئێمە کێین؟ دکتۆرەکە لچەکانی لەسەریەک توووند دادەنێت و دەڵێ: کارێکی ئاسان نییە. ڕندی برا گەورەی ئاویار دەڵێ: ئەی هەواڵە خۆشەکە چییە؟ دکتۆرەکە دەڵێ: هەواڵی خۆش ئەوەیە، کە ئاویار لە ئایندەیەکی نزیک یان دووردا دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی، واتە بیری دێتەوە، کە ئەو کێیە، ئێستاش ئێمە بەهۆی دەرزییەکەوە بەئاگامان هێناوەتەوە، چونکە لە ڕێگای پشکنینی خوێنەکەیەوە بۆمان دەرکەوت، کە دەرمانی خەولێخستنیان داوەتێ. ئێستا

ئاویار بە ئاگایە و لە هۆدەی ژمارە 255ە، لێ من هێشتا هەواڵە ناخۆشەکەم تەواو نەکردووە، هەموویان بە خەمبارییەوە گوێ لە کۆتایی هەواڵە ناخۆشەکە دەگرن، دکتۆرەکە دەڵێ: لە مێتهۆدەکەماندا، کە وێنەی مێشکی ئاویارمان گرتووە، بۆمان دەرکەوتووە، کە بەشێک لە مێشکی ئاویار زیانی پێگەیشتووە. باوکی ئاویار دەڵێ: ئەمە واتای چییە؟ دکتۆرەکە دەڵێ: واتای ئەوەیە، کە ئاویار بەشێک لە ژیانی خۆی بیرنەماوە، بۆ نموونە پێدەچێت ئەم چل ڕۆژەی، کە ئەوی تێدا دیارنەماوە لە بیری ئەودا نەمابێت، واتە نەزانێت لەکوێ بووە، نەزانێت چیی لێبەسەرهاتووە. ئەستێرەی دایکی ئاویار هەم بە تووڕەییەکەوە هەم بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: بەچیی تووشی ئەم شتە بووە؟ دکتۆرەکە دەڵێ: ئەمجۆرە باروودۆخانە تەنها لە ڕێگای ئەزموونی کارەباییەوە دروستدەبێت. باوکی ئاویار بە داچڵەکینێکەوە دەڵێ: پێتوایە، کە ئاویار کارەبای لێدرابێت؟ دکتۆرەکە دەڵێ: نەک پێموایە، بەڵکوو دەزانم، کە کارەبای لێدراوە، مێتهۆدەکانی ئێمە ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە. ئەستێرەی دایکی ئاویار دەستدەکات بە گریان و باوکیشی بە خەمبارییەکەوە دەستێکی تەوقە بۆ دکتۆرەکە درێژ دەکات و دەڵێ: زۆر سوپاس بۆ خۆماندووکردنت دکتۆر گیان. دکتۆرەکە دەڵێ: سووپاسی ناوێت، من بۆ ئەوە لێرەم، کە ژیانی خەڵکیی لە مەترسییەکانی مەرگ و ئازار ڕزگار بکەم. دکتۆرەکە دەڕوات و ئەوانیش بەرەو هۆدەکەی ژمارە دوو سەد و پەنجاو پێنج دەکەونە ڕێگا.

ئاویار لەسەر چرپایەک ڕاکشاوە، پرچە ڕەشە ئاڵۆزکاوەکەی لە شانی تێپەڕیوە، ڕیشی درێژ بووە، دایکی بە گریانەوە دەچێتە لای و باوەشی پێدا دەکات، چاوەکانی باوکی پڕ فرمێسک بوون، لێ وەکئەوەی بەربەستێکیان هەبێت، فرمێسکەکان ناکەونە خوارەوە و لە چاوەکانیدا قەتیس دەبن، براکانی لە دەوری کۆدەبنەوە، ڕووخساریان پڕ خەم و تووڕەییە، ئاویار کەسیان ناناسێتەوە و نازانێت چ باسە. دایکی دەست بە دەمووچاوی ئاویاردا دەهێنێت و دەڵێ: ڕۆڵە گیان ئاویار منم دایکت. ئاویار بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای دەکات و دەڵێ: دایکم؟! باوکی دەست دەکاتە سەر دەستی ئاویار و لەم کاتەدا بەربەستی فرمێسکەکانی دەتەقێن و فرمێسک وەک ڕووبارێکی خاوڕەو بە ڕوومەتەکانیدا دێتە خوارەوە و دەڵێ: ئاویار کوڕم دەمانناسیتەوە؟ من باوکتم. ئاویار دەڵێ: حەزم لە شتێکە بیخۆم. دایکی بە گریانەوە دەڵێ: حەزت لە چییە بیخۆیت بەساقەت بم؟ ئاویار دەڵێ: نازانم هەرشتێک بێت. دکتۆرەکەی ئاویار خۆی دەکات بە ژووردا و دەڵێ: داوای لێبووردن دەکەم، لێ لەبەر کارێکی گرنگ دەبێت بچنە دەرەوە. ڕوو دەکاتە دایک و باوکی ئاویار و دەڵێ: تکایە ئێوە لەگەڵ من وەرن بۆ هۆدەکەی خۆم، پێویستە قسەتان لەگەڵ بکەم. دایکی ئاویار دەڵێ: لێ کوڕەکەم حەزی لە شتێکە بیخوات. دکتۆرەکە دەڵێ: خۆمان خواردنی بۆ ئامادە دەکەین، ئەوە کێشەیەک نییە. دەرگا لەسەر ئاویار دادەخەن و دایک و باوکی ئاویار دوای دکتۆرەکە دەکەون بۆ هۆدەکەی خۆی.

دکتۆرەکە لەسەر کورسییەکەی خۆی دادەنیشێت و لەسەر مێزەکەی ئەکتەکەی ئاویار هەڵدەداتەوە، دایک و باوکی ئاویار لەبەردەمی مێزەکەدا لەسەر دوو کورسیی دادەنیشن، باوکی ئاویار بە خەمبارییەکەوە دەڵێ: دکتۆر گیان دەتەوێت چیمان پێبڵێیت؟ دکتۆرەکە لاپەڕەکانی ئەکتەکەی ئاویار هەڵدەداتەوە و دەڵێ: ئاویار پێدەچێت ڕۆژێک یان زۆرتریینی دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە شوێنێکەوە کەوتبێتە خوارەوە، ئینجا ئەگەر ئاویار خۆی کەوتبێتە خوارەوە یان فڕێیاندابێتە خوارەوە ئەوە هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەوەی لێرەدا بۆ من گرنگە ئەوەیە، تێبگەم، کە هۆکاری برینەکانی ئاویار دەگەڕێتەوە بۆ کەوتنەخوارەوەی لە شوێنێکی بڵندەوە، بەوپێیەش، کە ئاویار لە بناری شاخێکدا دۆزراوەتەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە ئاویار لە شاخێکەوە کەوتۆتەخوارەوە، ئینجا یان لە ئەنجامی ڕاکردنیدا یان بە دەستی ئەنقەست فڕێدانە خوارەوەی. سەر برۆی ئاویارمان بە دوو تەقەڵ دووریوەتەوە، لێ برینەکانی تر پێویست بە دوورینەوە ناکات، خۆیان یەکدەگرنەوە. خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە بگەڕێین بەدوای ڕەگی هۆکاری خۆ لەبیرچوونەوەی ئاویاردا. ڕاستە ئاویار دەرمانی خەوی پێدراوە، لێ ئەو پێشئەوەی دەرمانی خەوی درابێتێ، کۆمەڵێک مێتهۆدی تری مێدیسینی لەسەر تاقیکراوەتەوە، باشتر بڵێم لە ڕێگای ئەم مێتهۆدانەوە هەوڵدراوە، کە بەشێک لە خانەی مێشکی ئاویار بسڕنەوە هەتاوەکوو هەندێک شتی لە بیردا نەمێنێت. دایکی ئاویار بە گریانێکەوە دەڵێ: باشە بۆچیی؟ بۆ وایان لە کوڕەکەم کردووە؟ دکتۆرەکە دەڵێ: من نازانم بۆچیی، لێ لەم نیشتیمانەدا بەدەر لە هۆکارە سیاسییەکان هیچ شتێکی تر شکنابەم، پێدەچێت ئاویار شایەتحاڵی کارەساتێک بووبێت، بۆئەوەشی ڕێگا لە دەرکەوتنی ڕاستیی بگیرێت پێویست بووە، کە ئاویار چ ون بێت و چ بیریشی نەمێنێت، کە چیی دیوە. ئەوەی، کە زیاتر جێگای ناخۆشحاڵیی منە، ئەوەیە، کە هۆکاری خۆ لەبیرچوونەوەی ئێستای ئاویار ئەو کەوتنەخوارەوەیەتی زیاتر. ئەو چل ڕۆژ ونبوو، ئەوەی ئەم کارەی لەگەڵ ئاویاردا کردووە، بەرپرسێکی سیاسیی یان سەربازیی نەبووە، بێگوومان دکتۆرێکی مێدیسین بووە وەک من وەک هەر دکتۆرێکی تر. باوکی ئاویار بە خەمێکەوە دەڵێ: من وامزانی، کە کاری دکتۆر ڕزگارکردنی مرۆڤە لە ئازار و مردن نەک هۆکارێک بۆ ئازار و مردن. دکتۆرەکە دەڵێ: باوکی ئاویار پێدەچێت مرۆڤێک دکتۆرێک یان زانایەکی باش بێت، لێ مەرج نییە مرۆڤێکی باش بێت. ئەم دکتۆرەی، کە وەهایکردووە ئاویار بیری نەمێنێت، کە چیی بینیوە و چیی لێبەسەرهاتووە، پلانەکەی تەنها بۆ چل ڕۆژ بووە و هیچی تر نا. واتە ئەوان نەیانویستووە، کە ئاویار بکووژن، تەنها ویستوویانە، کە ئاویار بیری نەمێنێت، کە ئەو چیی دیوە و چیی لێبەسەرهاتووە. لێ ڕێکەوتێک وەهایکردووە، کە ئێستا ئاویار خۆی بیربچێتەوە بەبێئەوەی، کە هۆکارێکی مێدیسینیی لەپشتی خۆلەبیرچوونەوەی ئاویاردا بێت. دایکی ئاویار بە گریانێکەوە دەڵێ: کێ دەڵێت، کە ئەم کەوتنەخوارەوەیەشی بەشێک نەبووە لە پلانی ئەو کاکی دکتۆرەی، کە ئاویاری بەم دەردە بردووە؟! دکتۆرەکە دەڵێ،

ئەوەیان کەس نازانێت، مرۆڤ پێویستی بەدواداچوون هەیە، مرۆڤ دەبێت بزانێت، کە ئاویار لە چ شاخێکەوە کەوتۆتە خوارەوە هەتاوەکوو خەڵکانی پسپۆڕ بنێرینە ئەو شوێنە و لێکۆڵینەوە بکەن و ڕاپگەیەنن، کە ئاویار خۆی کەوتۆتە خوارەوە یان فڕێیانداوەتە خوارەوە. دایکی ئاویار دەڵێ: لەوانەیە دوێنێ یان پێرێ بیری هاتبێتەوە، کە چیی دیوە یان چیی لێبەسەرهاتووە، بۆیە هیچ چارەیان نەبووە بێجگەلەوەی لە شاخێکەوە بیخەنە خوارەوە. دکتۆرەکە ئەگەر ئاوها بێت، ئەوا دەبێت ئێمە ددان بە خۆماندا بگرین هەتاوەکوو ڕۆژێکی دی بەشێوەیەکی سروشتی ئاویار دێتەوە هۆش خۆی و ڕاستییەکانمان پێدەڵێت. باوکی ئاویار بە دڵێکی پڕەوە دەڵێ: پێتوایە چەندی پێدەچێت هەتاوەکوو ئاویار بتوانێت خۆی بیربێتەوە؟ دکتۆرەکە دەڵێ: من مرۆڤێکی ڕیالیستم و نامەوێت بچمە ژێر کاریگەریی سۆزەوە، لێ ڕاستیی ئاویار ئەوەیە لەوانەیە هەتا مەرگی ئاوها بمێنێتەوە لەوانەشە لە ماوەیەکی چاوەڕواننەکراودا بێتەوە هۆش خۆی، ئینجا ئەو ماوەیە چل ڕۆژی ترە یان چل ساڵی تر ئەوەیان پرسیارێکی ترە، کە زانست وەڵامێکی بۆی نییە. تاکە شتێک، کە ئێمە بتوانین بۆ ئاویاری بکەین تێراپییەکە، کە یارمەتیی دەدات بەهۆش خۆی بهێنێتەوە، ئەویش لەم نەخۆشخانەیەی ئێمەدا ناکرێت، بەڵکوو لە کلینیکەکانی ئەوروپادا دەکرێت، ئەڵمانیا باشترین شوێنە بۆ ئەم کارە، بیبەن بۆ هامبورگ. لە چەکمەجەی مێزەکەیدا پەڕاوێکی گەورە دەردێنێت و لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، لە یەکێک لە لاپەڕەکاندا ئەدرێسێک دەدۆزێتەوە و لەسەر لاپەڕەیەک بۆ دایک و باوکی ئاویاری دەنووسێت.

ASKLEPIOS Klinik Hamburg
Abt. für Psychiatrie und Psychotherapie
Pferdeweg 52
21075 Hamburg
Germany
Telefon: 0049/40/1818863243

ئەدرێسەکە ئەداتە دەست باوکی ئاویار و دەڵێ: ئەگەر ئەتانەوێت کوڕەکەتان چاکبێتەوە ئەوا بە زووترین کات بگەیەننە ئەم نەخۆشخانەیە لە ئەڵمانیا. باوکی ئاویار بە سەرنجێکەوە دەڵێ: دیارە بەڕێزتان قسە لە تێریی دەکەن، من بەچیی بتوانم ئاویار بگەیەنمە هامبورگ؟ دکتۆرەکە دەگەڕێتەوە لای کورسییەکەی و دەستدەداتە پێلێک و دەڵێ: بەم نامەیەی، کە من ئێستا بۆت دەنووسم. باوکی ئاویار بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: نامە بۆ کێ؟ دکتۆرەکە دەڵێ: باوکی ئاویار بەهیوام لەگەڵ مندا بتوانیت کەمێک لۆگیکانە بیربکەیتەوە، ئێمە هەمووومان قوربانیی دەستی سیاسەتین، ئینجا هی بەعس بێت یان هی پارتەکانی خۆمان، کاری هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە مرۆڤ چلۆن بتوانێت نەبێتە قوربانیی دەستی سیاسەتی دەستەڵات و پارت؟ من دۆستێکم هەبوو، دەیگووت: ئێمە

پێویسته دابەش بین، هەندێکمان بەعسیی بین، هەندێکمان پارتی دیموکرات، هەندێکمان یەکێتیی نیشتیمانیی، دانەیەک یان دوانیشمان شیوعیی، بۆئەوەی بتوانین پارسەنگی لەویدابوونی خۆمان ڕابگرین. لەم شارەدا تەنها یەکێتیی نیشتیمانیی باڵادەسته، بەدەر لەوانیش من هیچ کەس و لایەنێکی تر شکنابەم لە ونبوون و نەخۆشبوونی ئاویاردا تاوانباری بکەم، ئاویار قوربانییەکە و پێویستی بە یارمەتیی هەیە، ئینجا لەو پێناوەدا پێویسته هەموو ڕێگایەک بگریتەبەر. من نامەیەکت بۆ پارتی دیموکرات بۆ دەنووسم، کە بە زووترین کات کوڕەکەت بگەیەننە ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردن چونکە گرنگترین زانیاریی یەکێتیی لەلایە.

نزیکەی چارەکێک دایک و باوکی ئاویار چاوەڕوان دەکەن هەتاوەکوو دکتۆرەکە لە نووسینی نامەکەی دەبێتەوە، چوار لاپەڕەی ئا چوار، پاشان ئەکتەکەی ئاویاریش لەگەڵیدا دەکاتە زەرفێکی نامەی گەورەوە و دەڵێ: من خۆم ئەکتێکی تری بۆ دروستدەکەم، پاشان لەسەر زەرفی نامەکە ڕستەیەک دەنووسێت و لەژێروەی واژووی خۆی لەسەر دەنووسێت و ئەیداتە دەست باوکی ئاویار. کاتێک باوکی ئاویار ڕستەی سەر نامەکە دەخوێنێتەوە بە حەپەساوییەکەوە تەماشای دکتۆرەکە دەکات و دەڵێ: ئێ ........ دایکی ئاویار تەماشایەکی باوکی ئاویار دەکات و دەڵێ: چییە؟ باوکی ئاویار زەرفی نامەکە پیشانی دایکی ئاویار دەدات، دایکی ئاویار بە دەنگێکی نزم دەیخوێنێتەوە "*بگات بە دەستی ڕێزدار .......*" دایکی ئاویار تەواو سەری دەسووڕمێت و دەڵێ: ئاخر ...! دکتۆرەکە دەڵێ: هەر ئیمڕۆ بڕۆن، تکایە دوامەکەون، ئەم کارەش تەنها نهێنیی نێوان خۆمان دەبێت و هیچ کەسێکی تری لێ ئاگادار ناکەنەوە. دایک و باوکی ئاویار تەماشایەکی یەکتر دەکەن و سەرێک بۆ یەکتریی بۆ ڕازیبوون دەجوڵێنن. باوکی ئاویار دەستی تەوقە بۆ دکتۆرەکە درێژ دەکات و توووند دەستی دەگووشێت و سووپاسی دەکات. دایکی دەستی تەوقەی بۆ درێژ دەکات و بە دڵێکی پڕەوە سووپاسی دەکات. دایک و باوکی ئاویار دەگەنە ناو دەرگای ژوورەکە و دەیانەوێت بچنە دەرەوە، دکتۆرەکە ڕایان دەگرێت و دەڵێ: باوکی ئاویار، داوا دەکەم، کە ئاویار بیست و چوار کاتژمێرە کەسێکی خۆتانی لەلابێت، نەبادە ئەوانەی ئەم کارەیان بەسەر هێناوە بیر لە شتێکی تر بکەنەوە. هەرکاتێکیش لە سەری ڕەش پێیانگووتیت، کە کوڕەکەت بگەیەنیتە لایان ئەوا بە زووترین کات بیگەیەنە لایان. باوکی ئاویار دەڵێ: سووپاس بۆ هاوکارییت و ڕێنماییەکانت، بەهیوام نموونەت زیاد بێت. دایک و باوکی ئاویار دەڕۆنە هۆدەی 255 بۆ لای ئاویار، لەوێ کوڕەکانیان ئاگادار دەکەنەوە، کە دەبێت شەو و ڕۆژ لەلای ئاویار بن و ڕێگا بە هیچ کەسێکی بێگانە نەدەن، بگاتە لای ئاویار بەبێ پەسەندکردنی ئەمان. باوکی ئاویار دەڵێ: من دەبێت هەر ئێستا بڕۆم کاری گرنگم هەیە، کە پەیوەندیی بە ژیانی ئاویارەوە هەیە، تکایە ئاگاتان لە خۆتان بێت. ڕند و ڕەوەند هەردووکیان پێکەوە دەڵێن: بەڵام بابە ....! دایکیان قسەکانیان پێدەبڕێت و دەڵێ: لێگەڕێن باوکتان بڕوات، گرنگە، من خۆم دوایی زانیارییتان دەدەمێ. ڕند و ڕەوەند

به سەرسووڕمانەوە دەڕواننە دایک و باوکیان و هیچ نالێن. باوکیان ماڵئاوایی دەکات و دەڵێ: درەنگترین کات سبەینێ پاش نیوەڕۆ دێمەوە، دەڕوات و لەبەرچاو وندەبێت. ڕند و ڕەوەند و ئەستێرەی دایکیان لە دەوری ئاویار کۆدەبنەوە و بە ماتەمینیەکەوە بێئەوەی هیچ بڵێن لە ئاویار دەڕوانن.

لەناکاوێکدا دەرگای ژووری ژمارە 255 دەکرێتەوە ئاوەسەر بە خەمبارییەوە خۆی دەکات بە ژووردا و تەمار بە تووڕەییەوە بەدوایدا دێت، سڵاو دەکەن و تەوقە لەگەڵ دایک و براکانی ئاویاردا دەکەن،ئاوەسەر دەڵێ: لە ڕێگای ئاسان و ڕیحانەوە زانیمان، کە ئاویار لێرەیە، گووتیان کەس ناناسێتەوە و تووشی لەبیرچوونەوە بووە، ئایا ڕاستە؟ دایکی ئاویار چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و بە سەردانەوانەنێک وەڵامی ڕاستیی هەواڵەکەی دەداتەوە. شەم دێتە ژوورەوە و بەدوایدا نزیکەی هەشت کەسی تر خۆیان دەکەن بە ژووردا، شەم چاوەکانی پڕ فرمێسکن بە سەری لێوێک سڵاوێک دەکات، چەپێک گوڵەباخی سووری بە چەند گەڵایەکی پان پێکەوە گرێداوە لە تەنیشت ئاویارەوە لەسەر مێزێکی بچکۆلانەی سپیی دایدەنێت و لە تەنیشت ئاوەسەرەوە ڕادەوەستێت و بە دایکی ئاویار دەڵێ: هەموو سلێمانیی دەزانن، کە ئاویار دۆزراوەتەوە، دەزانن، کە کەس ناناسێتەوە، سووپاس بۆ کاک ئاوەسەر و کاک تەمار، کە هەڵستاون بە کارێکی گەورە. دایکی ئاویار دەڵێ: چ کارێک کچی شیرینم؟ شەم دەڵێ: لەسەر داوای کاک ئاوەسەر و کاک تەمار، ئەم دوانیوەڕۆیە یەکێتیی نووسەران و هونەرمەندان لە گۆڕەپانی ئازادیی لەبەر دەرکی سەرا کۆڕێک بۆ ناڕەزایی دەربڕیین بەرانبەر بە ونبوون و دۆزینەوەی ئاویار بەوشێوەیە سازدەکەن. دایکی ئاویار سووپاسی ئاوەسەر و تەمار دەکات. ئاوەسەر و تەمار بە دەنگێکی نزم دەڵێن: شایانی نییە. دایکی ئاویار دەستەکانی لەناو یەکترییدا هەڵدەگلۆفێت و دەڵێ: دەچم گوڵدانێک بۆ گوڵەکان دێنم. ئاویار لە پڕێکدا وەکئەوەی تازە لە خەو هەڵستابێت چاوەکانی دەکاتەوە ئەوەی، کە ئەو دەیبینێت و تەماشای دەکات مەگەر بەتەنها خۆی بزانێت چ پێناسێکی لەبۆی هەیە. هەریەکە لە جێگای خۆیەوە سڵاوێک لە ئاویار دەکات، لێ ئەو هیچ کاردانەوەی نییە، لەپڕێکدا بە قوونەوە دادەنیشێت و دەڵێ: ئەرێ بۆچیی لێرە کۆبوونەتەوە؟ هەریەکە لە جێگای خۆیەوە دەڵێ: ئاویار سڵاو، ئاویار گیان چۆنیت؟ ئاویار منم نامناسیتەوە؟ ئاویار لە کوێ بوویت؟ ئاویار هیچت لەبیرە؟ دایکی ئاویار دێتەوە، گوڵدانێکی شووشەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، چەند پەرداخێک ئاوی تێدەکات و گوڵەکانی شەمی دەکاتە ناو، ئاویار بە سەرنجێکەوە تەماشای گوڵەکان دەکات، وەکئەوەی هەرگیز پێشتر بەو جوانییە گوڵی نەدیبێت. ئاوەسەر بە خەندەیەکەوە دەڵێ: جوانن وا نا ئاویار؟ ئاویار دەستێک بە پەڕەی گوڵێکیاندا دەهێنێت، لەمکاتەدا وەکئەوەی هێزێکی نادیار بێتە جەستەی ئاویارەوە، تەماشای ئاوەسەر دەکات و دەڵێ: جوانن بەڵێ، لێ ئەمان هەموو جوانیی نین، بەڵکوو بەشێکن لە جوانیی. تەمار دەڵێ: ئاویار تەماشاکردنی تۆ بۆ گوڵەکان تەماشاکردنێکی نۆرماڵ نییە، وەکئەوەی ئەم گوڵانە

جۆرێکی تر بن یان خاوەنی جوانییەکی تر بن. ئاویار بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: ڕاستە چونکە ئەم گوڵانە، گوڵەکانی دەستی خودی ئەفرۆدیتە خۆین، خۆی بەرهەمی هێناون، هێزی ئەویان تێدایە، بەشێک لە جوانیی ئەویان تێدایە. دکتۆرەکەی ئاویار دێت لە دەرەوە ئەو قەرەباڵغییەی بەردەم ژووری 255 دەبینێت بێزاردەبێت و دێت دەیەوێت خەڵکەکە لە هۆدەکە بهێنێتەدەرەوە، لەبەردەمی دەرگاکەدا دەیەوێت قسە بکات، لێ کاتێک گوێی لە دەنگی ئاویار دەبێت بێدەنگ دەبێت و هیچ ناڵێت، بەناو خەڵکەکەدا تێدەپەڕێت و لە نزیک ئاویارەوە ڕادەوەستێت. ئاویار دەست بە پەڕەی گوڵەکاندا دەهێنێت و بۆنیان دەکات، لەگەڵ هەڵمژینی بۆنی هەریەکێکیاندا هەست بە وزە و توانایەکی زیاتر دەکات. دکتۆرەکەی هەست بە ڕووداوێکی نادیار لە ئاویاردا دەکات، لێ هیچ وەڵامێکی بۆ گوومانەکانی پێ نییە. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: ڕاستە گوومانم هەیە، لێ بێگوومانم لەوەی، کە گوومانم هەیە. ئاویار تەماشایەکی شەم دەکات و دەڵێ: دەیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە هەموو شتێک لەم جیهانەدا لە بوونمەوە هەتاوەکوو ئێستا ناسیوومە، هەنووکە بەشێوەیەکی تر دەیبینم. ئەیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە مرۆڤ میهرەبانترە، هاوڕێترە، ڕووخۆشترە، ئاشتییخوازترە. ئەیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە ئازار و خەم و پەژارە بوونیان نییە، ئەیهێنمە بەرچاوی خۆم، توانای ڕۆیشتنمان بەخێرایی ڕووناکیی هەیە، توانای فڕینمان هەیە، لە چاوەکانمانەوە ئاگر دێتەدەر، جەستەمان بریندارنابێت، ناسووتێت لەناوناچێت لە کارەساتێکی ئاتۆمۆبیلدا یان تەقینەوەیەکی بۆمباییدا. ئەیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە توانای سەفەرمان چ بۆ مێژوو چ بۆ ئایندە هەیە. ئەیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە باران دەبارێت و تەڕنابین. ئەیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە لەم جیهانەی بیرکردنەوەمدا هەموو شت بە جۆرێکی ترە، لێ ئەوەی ناتوانم بیهێنمە بەرچاوی خۆم یاسا سروشتییەکانە، ئەگەر بیشیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە لەم جیهانەدا یاسای سروشت نەبێت، ئەوا دەبێت بیهێنمە بەرچاوی خۆم، کە لەم جیهانەدا چیدی مرۆڤ نین بەڵکوو بوونمان لەژێر ناوێکی تردا دەناسرێت. کە لەم جیهانەدا هەموو شت جۆرێکی ترە ئەوا بەدڵنیاییەوە بیرکردنەوەش جۆرێکی ترە، سپیی ڕەشە و ڕەشیش سپیی، چاکە خراپەیە و خراپەکەش چاکە، ڕووناکیی تارییکییە و تارییکییش ڕووناکیی. لەم جیهانەدا ئەوەی بتوانم بیهێنمە بەرچاوی خۆم، ئەوەیە، کە سنوور لەنێوانی چاکە و خراپەدا نامێنێت. ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگییە ئەوەیە، کە من لە جیهانێکی تردا دەژییم و هەموو شتیش جۆرێکی ترە، لانیکەم لە بیرکردنەوەی مندا. لە هەمان جیهاندا، کە من و تۆی تێدا دەژیین جیهانێکی تر هەیە، لێ لەوی تریاندا من دەژییم، لەو جیهانەی مندا هەموو شت جۆرێکی ترە، بۆ من جێگاکان، مرۆڤەکان، وتەکان هەموو ڕۆژێک شتێکی ترن. ڕاستە من هیچ شتێک لەو جیهانەی تۆدا ناناسم و ناناسمەوە، لێ شتێک دەمبەستێتەوە پێوەی، ئەویش جەستەمە، دەنا بوونی من تەنها بیرکردنەوەیەکە، ئەویش لە جیهانێکی تردایە نەک لێرە. جەستەی من قاوغێکە، ماشینێکە هیچی تر نا، جەستەی من شیاوی

لەناو چوونە، لێ بوونم نا، چونکە بوون و لەوێدابوونی من تەنها بیرکردنەوەیەکە، کە نەمرە.

ئەوانەی هاتوون بۆ سەردانی ئاویار بە خودی دکتۆرەکەی ئاویاریشەوە تووشی سەرسووڕمانێکی گەورە دەبن و هیچ وەڵامێکیان بۆ سەرسووڕمانەکەیان پێ نییە. دکتۆرەکەی ئاویار دەڵێ: دەزانم سەرسووڕمان وشەیەکی گوونجاو نییە بۆ ئەم بارووودۆخە، چونکە مرۆڤ بە شتێک سەری دەسووڕمێت، کە ئەقڵ و هۆشی ئەو توانای تێگەیشتنی لەبۆی نەبێت، لێ دەتوانم تەنها بڵێم شتێک تەواو نییە، لێ نازانم ئەو شتە چییە. تەمار دەڵێ: وەک چلۆن کانت دەڵێ: پێویستە من دەست لە زانین هەڵبگرم هەتاوەکوو جێگایەک بۆ باوەڕ بکەمەوە، ئاوهاش من هەنووکە دەبێت دەست لە هەموو زانینێک هەڵگرم هەتاوەکوو جێگا بۆ وەڵامێکی مێتافیزیکییانە لە مێشکی خۆمدا بۆ ئەم بارووودۆخە بکەمەوە. با من سەرلەنوێ دڵی ڤیتگنشتاین بشکێنم بەوەی، کە ئێستا بەدەر لە چەند ڕستەیەکی مێتافیزیکیی، کە لە لای ئەو بێبایەخن هیچ شتێکی تر یارمەتیی من نادات بۆئەوەی بتوانم تێبگەم. من جارێک تووشی ئەم لێکدانەوەیە بووم، وا ئێستاش سەرلەنوێ تووشی دەبمەوە. دکتۆرەکەی ئاویار بە ڕوویەکی خۆشەوە داوا لە هەموویان دەکات، کە ژوورەکەی ئاویار جێبهێڵن، چونکە ئەو بە باشی دەزانێت، کە دەوری قەرەباڵغ نەبێت. هاوڕێکانی ئاویار دەچنە دەرەوە و دەڕۆن، دکتۆرەکەی ئاویار داوا لە براکانی دەکات، کە ئاگایان لە ئاویار بێت و هیچ کاتێک لێرە نەڕۆن، تەماشایەکی ئەستێرەی دایکی ئاویار دەکات و دەڵێ: بە یارمەتیی دایکی ئاویار من دەبێت قسەت لەگەڵدا بکەم. دایکی ئاویار لەگەڵ دکتۆرەکەدا دەڕوات و لە گۆشەیەکدا ڕادەوەستن، دکتۆرەکە دەڵێ: شتێک لە ئاویاردا تەواو نییە، ئەو کەس ناناسێتەوە، لێ خاوەنی توانایەکی نادیارە لە قسەکردندا، من هەوڵدەدەم کەمێکی تر پەیوەندیی بە سەری ڕەشەوە بکەم، ئەرکی من ئەوەیە لە کەمترین ماوەدا ئاویار بگەیەنمە ئەڵمانیا و ئەرکی ئێوەش ئەوەیە، کە ئاویار نەڕفێنرێت. دایکی ئاویار بە ترسێکەوە دەڵێ: بۆچیی بیڕفێنن؟ دکتۆرەکە دەڵێ: چونکە دەترسن، من ئێستا دەبێت بڕۆم، تکایە دەوری چۆڵ مەکەن. دکتۆرەکە دەڕوات و دایکی ئاویاریش بە ترسێکەوە دەگەڕێتەوە لای کوڕەکانی. ڕندی برا گەورەی ئاویار دەڵێ: دایە گیان، چ شتێک هەیە لە ئێمەی دەشارنەوە، تکایە پێمانبڵێ هەتاوەکوو ئێمەش باشتر ئاگامان لە خۆمان بێت. ڕەوەندی برا ناوەنجییەکە دێت و دەڵێ: ڕاستە دایە پێمانبڵێ. دایکی ئاویار دەڵێ: بەڵێ باشە، لێ دەبێت بەڵێنم بدەنێ، کە لەناو خۆماندا بمێنێتەوە و نەچێتەدەرەوە. کوڕەکان بەڵێندەدەن. دایکیان دەڵێ: ئاویار ڕفێنراوە، ئەم چل ڕۆژەی ڕابوورد لە شوێنێکی نادیار بووە، ئاویار شایەتحاڵی شتێکە، کە ئێمە نازانین ئەو شتە چییە، لەلایەن خەڵکانێکەوە ڕفێنراوە، کارەبایان لێداوە، بەشێکی مێشکیان سڕیوەتەوە، لانیکەم ژیانی چەند ڕۆژێکی، پاشان دەرزیی لێدراوە یان دەرمانی دراوەتێ، کە خۆی و ژیانی ڕۆژانەی بیربچێتەوە، دوێنێ یان زۆرترییینی دوو ڕۆژ

لەمەوبەر بەهۆی کارەساتێکەوە خۆی لەبیرچۆتەوە، بیرەوەریی نەماوە، هیچ شتێک لە یادیدا نەماوە، تەنانەت نازانێت ناوی چییە. ئەم کارەساتە یان بە دەستی ئەنقەست بووە یان ڕێککەوتێک بووە بێ دەستی ئەنقەست، ئاویار لە شاخێکەوە کەوتۆتە خوارەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە هیچی بیرنەمێنێت. لێ ژیانی ئاویار هێشتا لە مەترسییدایە، ئەو قسانەی، کە کەمێک لەمەوبەر کردنی، بەپێی وتەی دکتۆرەکە ئاسایی نین و شتێک لە ئاویاردا تەواو نییە، دکتۆرەکەی دەڵێ: هێزێکی نادیار هۆکاری ئەم قسانەن، ئەمەش ژیانی ئاویار دەکاتە ژێر مەترسییەوە. ئاویار دەبێت بگەیەنرێتە ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردن دەنا لەوانەیە چل ساڵ بخایەنێت هەتا دێتەوە هۆش خۆی یان لەوانەیە هەتا مردن نەیەتەوە هۆش خۆی. ڕند دەڵێ: ئەڵمانیای چیی؟! ئێمە پارەی بەغدادمان نییە ئینجا ئەڵمانیا. دایکیان بە وریاییەکەوە تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات و بە گوێی کوڕەکانیدا قسەیەک دەچرپێنێت، کوڕەکانی بە حەپەساوییەکەوە تەماشای دایکیان دەکەن و دەڵێن: لێ دایە. دایکیان دەڵێ: لەم نیشتیمانەدا ئەوەی گرنگە لە ژیاندا بمێنیتەوە، ئەمانە بە هەموو کۆڵانێکدا تێدەپەڕن ئەگەر بەرژەوەندیی خۆیانی تێدابێت، بۆچیی ئێمە لەپێناوی ژیانی کوڕێکماندا بە ڕێگایەکی ئاوهادا کوڕەکەمان نەگەیەنینە ئەڵمانیا، کە لە توانای ئێمەدا نییە؟ پاش کەمێک بێدەنگیی هەردووکیان دەڵێن: ڕاستدەکەیت دایە، ئێمەش لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێوەداین. ڕند و ڕەوەند تەماشای یەکتر دەکەن و دەڵێن: ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئاگامان لە ئاویار بێت جارێکی تر ونی نەکەن.

کاتژمێر شانزدەی دوانیوەڕۆیە، لە گۆڕەپانی ئازادیی دا تەختەیەکی شانۆ سازکراوە، لەسەر شانۆکە چەندیین بڵندگۆی گەورەیان داناوە، لەگەڵ دوو مایکرۆفۆنی قاچدار، گۆڕەپانەکە جمەی دێت لە گەنجان، زۆرینەیان چ هاوڕێی ئاویارن و چ ئاویار دەناسن. پۆلیسەکانی ئاسایش دەوروبەریان گرتوون، چەندیین لافیتەی گەورە هەڵواسراوە، لەسەر هەندێکیان نووسراوە "ئاویار لەو جیهانەوە هاتۆتەوە، کە ڕووی ڕاستەقینەی دەستەڵاتی تێدایە"، "ئاویار تاکە شایەتی جیهانەکەی تری دەستەڵاتە"، "دەبێت تاوانبارن ڕاپێچی بەردەمی دادگایەکی دادپەروەرانە بکرێن"، "ئاویار چاوەکانی خۆی بە قەرز داوە بە ئێمە، هەتا تەماشای جیهانی ڕاستەقینەی دەستەڵات بکەین"، "دەستەڵات نەک ژیانمان کورت دەکاتەوە، بەڵکوو ژیانیش لە ژیانی ڕۆژانەماندا کەم دەکاتەوە". دەیان نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیرانی شار لە گۆڕەپانەکەدا کۆبوونەتەوە پرۆتستۆی ونبوون و دۆزینەوەی ئاویار بەوشێوەیە دەکەن. تەمار لەسەر تەختەی شانۆکە ڕاوەستاوە و بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: ئالێرەدا ئیمڕۆ دوای دۆزینەوەی ئاویار بەوشێوەیە، لەم ئازادییەدا،کە درک بە نەبوونی ئازادیی دەکەین، لەدوای چل ڕۆژ بابەت ئەوە نییە، کە ئێمە بەهۆی ئازایەتیی کەم و زۆرەوە توانای کردنی چیمان هەیە، بەڵکوو بەهۆی بیر و هۆشیارییەوە توانای دانانی چ سنوورێکمان بۆ دەستەڵات هەیە؟ چەندیین ساڵە ئێمە کوێرانە دوای پاڵەوانێک کەوتووین، بەدوای پاڵەوانێکدا دەگەڕێین ڕزگارمان بکات، لە

حەسرەتی ئازادییدا، دەبەنگترین مرۆڤمان لە خۆمان کردووە بە پاڵەوان و دوای کەتووین، لە حەسرەتی ئازادییدا نەزانترین مرۆڤمان کردووە بە پاڵەوان و دوای کەوتووین، لە خۆشەویستییماندا بۆ ئازادیی ترسنۆکترین، گەمژەترین، ناپاکترین مرۆڤمان لە خۆمان کردووە بە پاڵەوان و دوای کەوتووین، جەللادمان کردووە بە پاڵەوان و ستایشی دەکەین، دزمان لێ بووە بە پاڵەوان و ستایشی دەکەین. مرۆڤی کوێر ئیمرۆ ئەو مرۆڤە نییە، کە زگماکانە یان بەهۆی کارەساتێکەوە چاوەکانی لەدەستداوە و بە گۆچان دەڕوات، بەڵکوو کوێر ئەو چاو ساغەیە، کە لەم ئازادییەدا درک بە نەبوونی ئازادیی نەکات. کلتووری ئەم پارتانە، کلتوورێکە ناپەسەند، ئەوەی لەسەر ئێمەیە هێنانەکایەوەی ڕێگایەکی ترە بۆ پێدا ڕۆیشتن، ڕێگایەک بۆنی ئەقڵ و هۆشیاریی لێ بێت، ڕێگایەک خاڵیی بێت لە هەموو توونددوتیژییەک، ڕێگایەکی مرۆڤانە تا ئەوپەڕی مرۆڤانە، ڕێگایەک مرۆڤی بەهێز و هۆشیاری تێدا بەرهەم بێت، ڕێگایەک لە کۆیلەوە بمانکاتە مرۆڤی ئازاد. گەنجێک بە دەنگی زۆر بڵند لەناو خەڵکەکەدا هاوار دەکات و دەڵێ: ئێمە پێویستمان بە سەردارێکی ڕاستەقینەیە، کە بتوانێت ئازادمان بکات، مردن بۆ سەردارانی ناپاک. تەمار دەڵێ: هاوڕێیانم، خۆشەویستانم، لەم بارووددۆخەدا گرنگ ئەوە نییە، کە مرۆڤ بەدوای باشترین سەرداردا بگەڕێت، یان مرۆڤ پێویست بێت چیی بکات هەتاوەکوو سەردارێکی کاریزمایی بەرهەمبهێنێت، بەڵکوو کاری زۆر لەوە گرنگتر ئەوەیە، کە مرۆڤ چیی بکات هەتاوەکوو سەردارێکی خراپ بەبێ ڕشتنی خوێن دوور بخاتەوە. چارەسەری کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە بە بەرهەمهێنانی ئەقڵ دەبێت، با ئێمە چیدی وێڵی سەلماندنی ڕاستیی بیروبۆچوونەکان نەبین، چاکترە ئێمە هەڵە لە تیۆریی و بیروبۆچوونەکاندا بدۆزینەوە. تەمار دەمی لە مایکرۆفۆنەکە نزیکدەکاتەوە و بە دەنگێکی بڵند دەڵێ: بەڵێ دەتوانین، ئێمە دەتوانین ئازادیی ڕاستەقینە بەدەستبهێنین. پێکڕای خەڵکەکە بە دەنگی بڵند لەدوای ئاویارەوە هاوار دەکەن و دەڵێن: بەڵێ دەتوانین ئازادیی ڕاستەقینە بەدەستبهێنین، بەڵێ دەتوانین.

لە کاتژمێر هەژدەدا چوار گەنج لەگەڵ دکتۆرەکەی ئاویاردا دەچنە ژووری 255ەوە، دکتۆرەکە دەڵێ: دایکی ئاویار، ئەم بەڕێزانە ئێستا ئاویار دەبەن بۆ شوێنی مەبەست. ڕند و ڕەوەندی برای ئاویار تەماشای دایکیان دەکەن و دەڵێن: شوێنی مەبەست کوێیە؟ دکتۆرەکە دەڵێ: بەڕێزان، کاتمان زۆر نییە، ئەگەر پەلە لەم کارەدا نەکرێت، پێدەچێت کارەسات ڕوو بدات، ئیمرۆ لە بەردەرکی سەرادا ئەوەی بە دەستەڵات کراوە، مەگەر تەنها لە خەودا یان لە فیلمێکدا ببینرێت، ئێستا ئاویار بووەتە ناوکی کێشەیەکی گەورە بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی، ئەگەر دەتانەوێت کوڕەکەتان بژیی، ئەوا فەرموون کوڕەکەتان بدەنە دەست ئەم بەڕێزانە، یەکێکیشتان بۆتان هەیە لەگەڵیدا بڕۆن، ئینجا هەرکامتان بن. ڕند دەڵێ: من دەڕۆم، دایکی و ڕەوەندی برای ڕاستەوخۆ ڕەزامەندیی دەردەبڕن. گەنجەکان ئاویار دەکەنە سەر کورسییەکی خڕەڕی نەخۆش و یەکێکیان پاڵی پێوە دەنێت،

گەنجەکان پەلە دەکەن و دکتۆرەکە بە دایکی ئاویار دەڵێ: ئێوە بڕۆنە ماڵەوە من خۆم ئیمشەو هەواڵتان بۆ دەهێنمەوە ماڵەوە، هەرکەس لێیپرسین ئاویار لەکوێیە، بڵێن نازانین، منیش دەڵێم کەسوکاریان بردوویانەتەوە. دکتۆرەکەی ئاویار بە ڕێگایەکی تایبەتدا دەڕوات و وندەبێت، چوار گەنجەکە بە وریاییەوە ئاویار لە نەخۆشخانەکە دەردەکەنە دەرەوە، لە حەوشەکەدا، ئاوتۆمۆبیلێکی فریاکەوتنیان بۆ ئامادە کردووە و دەیکەنە ناوی، ڕندی برای ئاویاریش لەگەڵیاندا سەردەکەوێت، دەگەنە بەردەم دەرگای گشتیی، پاسەوانەکان دەرگایان بۆ دەکەنەوە و ئاوتۆمۆبیلەکە بە خێرایی دەچێتە سەر جادەکە و تێدەپەڕێت.

پێنج خولەکێک دوای بردنی ئاویار سێ گەنجی چەکدار دێنە ژووری 255ەوە، دەبینین جێگاکەی ئاویار بەتاڵە و لەسەر مێزەکەی تەنیشتی چەپکێک گوڵ لە گوڵدانێکدا دانراوە، یەکێک لە چەکدارەکان بۆنێکی گوڵەکان دەکات و دەڵێ: زۆر نییە بردوویانە. لە ژوورەکە دێنە دەرەوە سستەرێک بەرەوڕوویان دێت، یەکێکیان لێیدەپرسێت، ئاخۆ ئاویار لێرە ماوە یان نا؟ کچەکە ئاویار ناناسێت، یەکێک لە چەکدارەکان دەڵێ: ئەو گەنجەی لە ژووری 255 خەوێنرابوو. سستەرەکە دەڵێ: ئەها دکتۆر دەهریی بەرپرسی هۆدەی 255ە. چەکدارێکیان دەڵێ: لەکوێ دکتۆر دەهریی بدۆزینەوە؟ سستەرەکە دەست بۆ هۆدەکەی دکتۆر دەهریی ڕادەکێشێت و پیشانیان دەدات، چەکدارەکان کچەکە بەجێدەهێڵن و دەڕۆنە لای ژوورەکەی دکتۆر دەهریی، لە دەرگا دەدەن، دکتۆر دەهریی دەڵێ: فەرموو وەرە ژوورەوە. چەکدارەکان دەچنە ژوورەوە و یەکێکیان دەڵێ: بەڕێزت بەرپرسی هۆدەی 255یت؟ دکتۆر دەهریی هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: بەڵێ فەرموون، دەتوانم چلۆن یارمەتییتان بدەم؟ چەکدارەکە دەڵێ: هاتووین بۆ لای ئاویار، لێ لە هۆدەکەی خۆی نەماوە. دکتۆر دەهریی بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێ: ئەها ئەو گەنجەی، کە ئەم بەیانییە هێنایان، بەڵێ: کەسوکاری هەمووی هەر چەند خولەکێک پێش ئێستا هاتن بردیانەوە بۆ ماڵەوە، گووتیان نامانەوێت لە نەخۆشخانە بێت، لە ڕاستیدا ئێمەش نەمانتوانی ڕێگایان لێبگرین، خۆشتان دەزانن، خزمەتگووزارییەکانی ئێمە وەک پێویست نین و توانامان نییە، لەبەرئەوە بۆ ئێمە باشە، ئەگەر خەڵکیی نەخۆشەکانیان بەرنەوە ماڵەوە خۆیان خزمەتیان بکەن. چەکدارەکان هۆدەکە بەجێدەهێڵن و بێ هیچ قسەکردنێک دەڕۆن، پاش چەند چرکەیەک بەرپرسەکەیان دەگەڕێتەوە و بە دکتۆر دەهریی دەڵێ: ئەگەر دەربکەوێت، کە درۆ دەکەیت، ئەوا تۆ لەبری ئاویار دەبەین. دکتۆر دەهریی بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ: ئێ .... من؟ چەکدارەکە لە هۆدەکە دەڕواتە دەرەوە و ئاوڕێکدەداتەوە و دەڵێ: بەڵێ تۆ.

لەبەر دەرکی سەرا شەڕی نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران دەستپێدەکات، چەند پۆلیسێک بە شەق و دار بڵندگۆکانی سەر شانۆکە دەشکێنن و فڕێیدەدەن، چەندیین پۆلیسی تر بە

پاڵ و بە تێهەڵدان خەڵکیی لە گۆڕەپانەکە دووردەخەنەوە، ئیدی بەلایانەوە گرنگ نییە، کێ دەکەوێتە بەردەستیان گرنگ ئەوەیە، دووریان بخەنەوە. هاوار و هاوار فیکەی خۆپیشاندەران دەسترێژی پۆلیسەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن، خەڵکەکە لە ترسی پێکەوتن خۆیان لە بن دیوارەکاندا دەشارنەوە و ڕادەکەن، چەند پۆلیسێک دەسترێژ بە ئاسماندا دەکەن، چەند پیکئابێکی پۆلیس و پاسێکی کۆستەریان ئامادە کردووە بۆ گواستنەوەی گیراوەکان، لە یەکێک لە پیکئابەکاندا ئاوەسەر و تەمار و شەم دەبینرت، شەڕی نێوان پۆلیس و خەڵک هەتا بێت خوێناویی تر دەبێت، چەندیین برییندارى لێدەکەوێتەوە. ئاوەسەر بە تەمار و شەم دەڵێت: دڵتان هیچ نەکات، ئەمە سەرەتای گۆڕانێکە، کە چەندیین ساڵ دەخایەنێت، ئەمە ئەو چرایەیە، کە لەپێناوی دانەوەی ڕووناکییدا هەموو هێز و توانای خۆی بەکاردەهێنێت هەتا دەکووژێتەوە. لەناکاو  کوڕێکی باریکەلەی گەنج لە پیکئابەکە نزیکدەبێتەوە و بە گوێی ئاوەسەر و تەماردا دەچرپێنێت و دەڵێ: ئاویار گواسترایەوە، بەپێی هەواڵەکە هەتاوەکوو ئەڵمانیا ڕایناوەستێنن. پۆلیسێک دێت بە دەنگێکی تووڕە دەڵێ: لاچۆ لێرە، دەنا تۆش لەگەڵیاندا سەردەخەم، گەنجەکە هیچ ناڵێت و بە پێکەنینێکەوە تەماشای پۆلیسەکە دەکات و دەڕوات. ئاوەسەر و تەمار و شەم دەستی یەکتریی دەگرن و پێکەوە لە پیکئابەکە خۆیان فڕێدەدەنە خوارەوە و ڕادەکەن و بە دەنگی بڵند دەڵێن: ئاویار. پۆلیسێک میلی تفەنگەکەی ڕادەکێشێت و دەیەوێت تەقەیان لێبکات، لەدواوە یووسف دیلانی بەڕێوەبەری ئاسایش دەستی پۆلیسەکە دەگرێت و دەڵێ: بێ ئەقڵ مەبە، لێگەڕێ با بڕۆن، ئیمڕۆ بێت یان سبەی هەردەبێت خۆمان بدەین بەدەست ئازادیی خەڵکەوە، ڕووی ناشرینی ئێمە بە تەقەی ئێوەی پۆلیس جوان نابێتەوە.

**لە تروسکەی ئاسماندا** لەسەر ئەستێرەی ئێواران و بەیانیاندا لە کۆشکێکی ڕازاوەدا لە هۆڵێکی بەریینی ڕووناکدا ئەفرۆدیتە بە جلێکی سپییەوە لەسەر کورسییەک دانیشتوە و پەڕاوە شیینەکەی ئاویاری لە کۆشدایە دەیخوێنێتەوە. لاس بە دەستێک چاکەت و بیجامەوە دێتە لای ئەفرۆدیتە و ماچێکی دەکات و دەڵێ: بەیانییت باش. ئەفرۆدیتە بە خەندەیەکی خواوەندانەوە دەڵێ: ژیانت باش دڵم، دەزانیی چیی؟ لاس چاوەکانی هەڵدەگلۆفێت و دەڵێ:  ڕەخنەت لە هۆنراوەکانم هەیە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: نا ڕەخنەم، نییە، لێ خۆم حەز دەکەم هەموو بەیانیانێک بەر لە نانخواردن ئەم پەڕاوەی تۆ لەسەر کۆشم دابنێم و هۆنراوەکانت بخوێنمەوە، لێ بیرت نەکردۆتەوە، کە ئاخۆ ژیانت لەو جیهانە دیارەدا چۆن بردبێتە سەر؟ لاس دەڵێ: لە ڕاستییدا هەموو ڕۆژێک بیری لێدەکەمەوە، لێ چاوەڕوانم کردووە، کە خۆت ڕۆژێک، ژیانم لەو جیهانە دیارەدا پیشان بدەیت. ئەفرۆدیتە دەستێک بەرز دەکاتەوە و لەسەر دیوارەکەی بەرانبەریان، لاس خۆی لە سالۆنێکدا دەبینێت، کە پرچی پیاوێکی ئەڵمان دەبڕێت، تەماشایەکی ئەفرۆدیتە دەکات و دەڵێ: چەند قەڵەو بووم، ئەم سالۆنە هی کێیە؟ ئەفرۆدیتە دەڵێ: هی خۆتە. شوێنێکی

تر دێته پێشەوە لە هۆدەیەکدا لاس و ئەفرۆدیتە و دوو کوڕی تەمەن هەشت بۆ نۆ ساڵان دانیشتوون تەماشای تێلێڤیزیۆن دەکەن، دەنگی گریانی منداڵێکی ساوا بەرز دەبێتەوە و لاس هەڵدەستێت لە جۆلانێیەکی ئێلێکترۆنییدا ساواکە دەردێنێت و دەڵێ: وەیش کووبانی نالیی بم، کە جوانە، کوڕە جوانەکەی بابە. دوو کوڕەکەی تر لەولاوە هاوار دەکەن و دەڵێن: ئەی ئێمە بابە؟ ئێمە جوان نین؟ لاس بە پێکەنینێکەوە دەڵێ: با ئێوەش جوانن، هەمووتان جوانن. لاس قاقا پێدەکەنێت و دەڵێ: من سێ منداڵم هەیە؟ ئەفرۆدیتە تەماشایەکی لاس دەکات و دەڵێ: ئەمە ژیانی تۆیە لە 2009 دا، ئەفرۆدیتە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ: من دەچم خواردنی بەیانیی ئامادە دەکەم، دەستێک دەکاتە سەر سکی و دەڵێ: لەوانەیە ئاوەنیای کچیشم برسیی بێت. لاس بە حەپەساوییەکەوە دەڵێ: چیی؟ ئەفرۆدیتە بە خەندەیەکەوە دەگەڕێتەوە ماچێکی لاس دەکات و دەڵێ: سکم بە ئاوەنیا پڕە، ئاوەنیای کچمان، کە تۆ لەدەست ڕەسول ئاغا ڕزگارت کرد، ناشێت بیرتچووبێتەوە؟ لاس دەمی تەتەڵە و پەتەڵە دەکات، فرمێسک بە چاوەکانیدا دێتەخوارەوە و دەڵێ: چۆن بیرمدەچێتەوە مەگەر بەس ئاوەنیا و من بزانم ئەو ڕەسول ئاغایە چ دڕندەیەک بوو. ئەفرۆدیتە دەڕوات و ئاوڕێک دەداتەوە و دەڵێ: ئەو نا کۆمەڵ، چونکە ئەو تەنها ویستەکانی کۆمەڵی جێبەجێدەکرد، کۆمەڵ ئەو کاتە ئاسوودە دەبوون، کە ڕەسول ئاغا کچەکەی بکووشتایە، لێ ئەو ئامادەی دانووستاندن بوو، ئامادەی فێڵکردن بوو لە خەڵک هەتا چ بەهای خۆی تێدا بهێڵێتەوە و چ لەبری کووشتنی ئاوەنیاش بڕێک پارە وەربگرێت، بیرت نەچێت ڕەسول ئاغا دڵنیا بوو لەوەی، کە تۆ کچەکەی بەریت ئیدی چیدی نایبینێتەوە، لێ بەلایەوە گرنگ نەبوو، گرنگ ئەوە بوو، کە کچەکەی لەبەرچاوی خەڵکییدا نەمێنێت، ئیدی بۆ کوێی دەبەیت، چیی لێدەکەیت بیکە. ئەفرۆدیتە لە هۆڵەکەدا نامێنێت و لاس بەتەنیا دەمێنێتەوە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و لەسەر کورسییەکەی ئەفرۆدیتە دادەنیشێت و لەسەر دیوارەکە تەماشای ژیانی خۆی لە 2009 دا دەکات، پەڕاوە شینەکەی هەڵدەگرێت و لەسەر کۆشی دایدەنێت و دەستدەکات بە خوێندنەوەی، لەپڕێکدا لەسەر دیوارەکەی بەرانبەریەوە، دەنگی لاس بەرزدەبێتەوە و دەڵێ: ئەفردۆدیتە وەرە نالییم لێبگرە، من چل ڕۆژی تر دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان دەبێت بچم ڤیزەیەکی ئێراک وەربگرم. لاس لەسەر کورسییەکەی ئەفرۆدیتە بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشای دیوارەکە دەکات، وێنەی سەری لاس لەسەر دیوارەکە بە گەورەییی دەردەکەوێت و دەڵێ: پێویست بە سەرسووڕمان ناکات چل ڕۆژی تر دەڕۆمەوە.

لاس ئاوڕ دەداتەوە و چاوەڕوان دەکات ئەفرۆدیتە بێتەوە، لێ تەنها دەنگی گۆرانیی گووتنی دەگاتە گوێی لاس، ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای دیوارەکە دەکات، دەبینێت هیچی لەسەر نەماوە بێجگە لە ڕەنگی دیوارەکە خۆی نەبێت، هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێت و بە پێکەنینێکەوە سەری شۆڕدەکاتەوە بەسەر پەڕاوە شینەکەدا و دەستدەکات بە خوێندنەوە.

## ئەفرۆدیتە

# "گەڕانێکی بێ کۆتا بەدوای تۆدا"

### هۆنراوە



لە فڕینی هەموو کۆترێکدا تۆ دەبینم
مرۆڤێکی وێڵم، بەبێ ئەشق هیچ واتایەکی نییە ژیینم،
ئەم هەموو بۆقەم ماچکرد
ڕێگام بەم هەموو کیسەڵە گرت
کەسیان هێلێنای من نەبوون
خاوەنی ئەم هەموو برایە بووم
کەچیی کەسیان وەک هێکتۆری پاریس نەبوون،
لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری دەریایەک گەڕام
شەپۆلێک چییە هەواڵی سەفەری تۆی پێنەدام،
بۆنی ئەم هەموو گوڵانەم کرد

باوەشم بە هەڵکردنی هەموو "با"یەکدا کرد،
ئەو شوێنانەی دەستم پێیڕاگەیشتووە
تەواوی ئەو کەنارانەی مەلەیەکم تێداکردووە،
بۆتگەڕام
لەو ڕۆژەوە لە گەڕانێکی بێکۆتادام،
لەوڕۆژەوە بەدوای تۆدا ویڵم
بێسانەوە بەدوای تۆدا هێلانەکانم جێدەهێڵم،

ئەفرۆدیتە بگەرە لام
خۆشەویستییم بدەرێ، ئەشق بکە بە ماڵ و جێم،
لەوەتەی هەم لە هەموو خوداکان بەگوومانم
لەوەتەی هەم بەبێ ئەشق واتای نەبووە ژیانم،
لەوەتەی هەم بۆتدەگەڕێم
کەچیی جارێک چییە نەهاتیتە سەرڕێم،
پەیکەرێکت بۆچێدەکەم بەقەد گەورەییی ژوورەکەم
جوانیی ببەخشەوە بە ژیانم
ئەشق بکە بە مەرهەمی زامەکەم،

زانابە ئەفرۆدیتە
من نابینام تۆ دییەی منیت
نیانبە ئەفرۆدیتە
من پێم نییە تۆ هەنگاوی منیت،
بۆچیی دەبێت ئەم هەموو ژانە بچێژم؟
پشت لە هەموو خوداکان ئەمن تەنها بە تۆ دەبێژم،
خۆشەویستییم بدەرێ
کوانوویەک لە هەست و سۆز
لێگەڕێ مۆمی هەموو ساڵێکم لەسەر ئەشقێکی هێلێنایی هەڵبکرێ،
ئەم سێوەی دەستم بەس هی تۆیە
تۆ جوانترین خودای
تۆ بۆ ژیان ڕێگای ئەشق و
لە تارییکییدا چرای،
ئاشقی ئەدۆنیس بوویت

لە باوەشی ئارێسدا  بە وێنەی گوڵی نێرگز بوویت،
لە تۆڕی هێفایستۆسدا خوداکان پێتان پێکەنین
دوو ئاشقی ڕووت بوون
جلتان داکەندبوو
شەرمتان داکەندبوو
ڕەوشتتان داکەندبوو،
وا ئێمەش ڕێگای ئێوە دەگرین
لێ ئێمە وەک ئێوە دەرباز نابین
هەزارانمان لەسەر ماچێک لەم ڕێگایەدا ئاسان دەمرین،

بەو خەندە هەژێنەرەوە
بەو ڕووخسارە بزوێنەرەوە،
بمدەرێ ئارەزووی ژیان
بمدەرێ تنۆکێ ئاوی لێوت بە دڵ و بە گیان،
چەند بە نهێنیی خۆشمدەوێی
جار  نییە بە چرپە بۆ ڕۆحی شەکەتم نەدوێی،
دەتنووسێنم بە خۆمەوە
لە گلێنەی چاوەکانما هەڵمگرتوویت
من تا مەرگ خۆشەویستیی تۆ دەنووسمەوە،
بە تۆ دەژییم
بێ تۆ دەگرییم،
بێکەسترین نامۆی ناو نەدارانم
بەدوای خۆشەویستییدا بە وێنەی ڕەشەبا و بارانم،
سووپاس بۆ ئەو خەندەیەی پێتبەخشیم
بریینێکی شیینەوە بووم، بەدەر لە چاوی هەستی تۆ
هیچ کەسێکی دی نەیدیم،
من دەریام بۆیە خۆشدەوێ، چونکە تۆ پێت تێخستووە
هەمووجارێ "با" ڕادەمووسم
چونکە نهێنیی پەرچەم و قژی تۆی لە خۆگرتووە،

لێگەڕێ بتدۆزمەوە
ڕۆمانێکی هەزاران لاپەڕەی

ڕێگامبده بتخوێنمەوە،
با ئاوێزانت بم
بەم هەموو حەسرەت و داخەوە
گەرەکمە لە ترپەی لێدانی دڵتا کەڕەتێک بم،
تۆ کچی دەریایت
لێوان لێو لە هەست
هەتا مەرگ بۆ خۆشویستن ڕەوایت،
بەو چاوانە، کە سیمبوڵی خۆشویستنە
بەو لێوانە، کە کەپری ئارامگرتنە،
بەو برۆیانە، کە وێنەی ئەپۆلۆی کەوانە،
لە ڕۆحما هەڵمگرتوویت
خۆشویستنێک خۆشمدەوێیت
لەگەڵ خۆمدا بۆ هەرکوێ بچم دەستمگرتوویت،
لەم جیهانە پڕ شەڕ و ئاژاوەیەدا کوێ نەما بۆت نەگەڕێم
بە ئاگردا بە ئاودا تێپەڕیم
"با"ی ڕێکەوتێک تۆی هێنایە سەررێم،
نەمزانی کام قوڵنگ بە سواری موشلێک هێنایتیە ئەم کەنارە؟
چەند کۆتر لە گالیسکەیەکدا هەڵیانگرتیت
هەڵفڕیین بۆ ئەم هەوارە؟

تۆ نەبیت من لێرە بوونم نییە
تۆنەبیت ئەم ژیانە لەم جیهانە گڕگرتووەدا بۆ من واتای نییە،
ئای چەند تەنیام ئەو کاتانەی قاقا پێدەکەنم
چەند غەمگیینم ئەو دەمانەی دەفی سەرم بە گریان دەژەنم،
من کێم هەبووە لە ئەژنۆی ڕووتی خۆم زیاتر؟
کێ هەبووە وەک من لە درەختی هەڵوەریووی پاییز ڕووتەڵەتر؟
منی دیۆنیسۆس
منی هەڵهاتوو بەرەو دوندی هەڵگوورد بەرەو زاگرۆس،
منی ڕێبوار بەدوای ئاریادنایەکدا
منی خۆڵەمێش لە سکی سەمەلەیەکدا،
مینۆسێک نەبوو کچێکی بۆ من هەبێت
سەمەلەیەک لە ئەزەڵەوە نەبوو دایکی من بێت،

من چیم هەیە بەدەر لە تراژیدیا
مەستیی چارەی من ناکات
هاوارێک لە گەرووماندایە بەقەد پانتایی دونیا،

لێگەڕێ خۆشمبوێیت
شەوان لەگەڵ جلیوەی ئەستێرەدا
هەموو دەمێک لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا دەمەوێیت،
من کە تۆم لە هەناوما هەڵگرتووە
من کە ڕووخساری خەمبارم بە ئەوینی تۆ شتووە،
ڕۆژێکدادێت لە ئامێزتا بنووم
ڕۆژێکدادێت لەتاوت دێوانە بم
ئیدی تا هەتایە دەستم لە ئاوی ئەشقی کەس هەڵنەسووم،
وەرە هێلێنای من
با جیهان بکەم بە نیشتیمانی خۆشەویستییت
یەکەم دیدەن لە گلێنەی چاوەکانما هەڵمگرتیت،
ژیان گەمەیەکی منداڵانەیە
جیهان شەڕێکی بێسانەوەیە،
وەرە با پێکەوە ئەم ژیانە بکووژین و ئەو ژیانەی دەمانەوێت دروستیبکەین
ژیانێک تێیدا من و تۆ دەست لە گەردنی یەکدیی بکەین،
ژیانێک بەبێ مێژوو بەبێ مۆراڵ
ژیانێک بەدوور بێت لە بیرکردنەوەی زاڵ،
ژیانێک بێ سروشتی دووهەم
ژیانێک تێیدا تەنها سروشتی یەکەم ببێتە مەرهەم،

ئەفرۆدیتە یارمەتییمبدە بیربکەمەوە
یارمەتییمبدە لەم مێژووە دووربکەومەوە،
من چیمداوە لەم ڕەوشتە؟
لەم خەمە باڵابەرزە و لەم کلتوورە باڵاکورتە،
بمگەڕێنەوە بۆ سەردەمێک بەبێ مێژوو
ئەو سەردەمەی ڕەوشت تێیدا بوونی نەبوو،
ڕێگامەدە چیدی مرۆڤ دەرگا لە ڕەوشت بکەنەوە
لێگەڕێ مرۆڤ ڕەوشت تێپەڕێنێت


لێگەڕێ ئاشقان بەرد فرێبدەنە بەهاکانەوە،

لە قرچەی نیوەڕۆدا
لەگەڵ ستوونیی تیشکی خۆردا،
لە زەردەشت تووڕە دەبم
لەنێوانی چاکە و خراپەدا
من چڵێک نێرگزی دەستی تۆ دەبم،
زەردەشت تۆ بۆ شەڕی دەستەڵات ڕەوشتت داهێنا
ئاخر سروشت کوا ڕەوشتی هەبووە
ئەی زانای نازانا؟
لەوڕۆژەوە هەتا ئێستا هەمووومان دیلی ڕەوشتین
مێژوو دەماننووسێتەوە
هەمووومان مێگەلی داهێنانەکەی زەردەشتین،
دیلی خەڵوەت
دیلی ئیدیۆلۆگیی و بڕیارەکانی دەوڵەت،
مەرگی هەمووومان وا لەناو بڕیارەکانی دەوڵەتدا
ویستی هەمووومان وا لەناو گیرفانە چاوچنۆکەکانی ڕەوشتدا،
زەردەشت تۆ شەڕی دەستەڵاتتکرد
خراپترت کرد چاکت نەکرد،
من نیشتیمانێکم دەوێت بەبێ دەوڵەت
نیشتیمانێک لە خۆشەویستیی و لە مرۆڤایەتییدا کەڵەگەت،
لە نیشتیمانێکدا خودایەکم دەوێت وەک ئەفرۆدیتە ئەشقپرژێنمان بکات
خودایەکم دەوێت وەک دیۆنیسۆس سەرمەستانە لەگەڵ هەموان سەمابکات،

ئەم ویستە هی منە
ئەوەی تۆم لێدووردەخاتەوە ناحەزتە و دوژمنی منە،
ڕەوشت بنچینەیەکی سروشتیی نییە
دروستکردنی دیوار لەنێوانی ئێمەدا هیچ واتایەکی نییە،
ڕەوشت چییە بێجگە لە درۆیەکی گەورە
هێند تووڕەم لەم کلتوورە
هاوارم وەک گرمەی هەورە،
لەو شوێنەی ڕەوشت باڵادەستە، ئەشق هیچ واتایەکی نییە

لەو شوێنەی ڕەوشت بوونی نییە، دەریای ئەشق بنی نییە،
ڕەوشت ئاژەڵێکی دڕندەیە، ڕقی لەو کەسانەیە، کە دەستەڵاتی بەسەریاندا دەشکێت
بێهێز ئەو مرۆڤەیە، لەوەتەی هەیە لەدەستی کاهینەکانی ڕەوشت هەڵدێت،
من دەمەوێت نیوە مرۆڤێک بم
من دەمەوێت نیوە قوڵنگ نیوە مرۆڤ بم،
چاکترە تۆ چرام بیت ئەفرۆدیتە
پێمخۆشە بەس تۆم هەبێت، ئەمە باوەڕە ئەمە ویستە،
مەلاکان لەپێناوی داڕمانی مرۆڤدا کاردەکەن
ئەوان لەپێناوی بەندکردنی مرۆڤدا ئاگر و ئاسن پەیڕەودەکەن،
من دژ بەم بەهایانەم
ئەم بتانە تێکدەشکێنم
ڕۆڵەی تۆ و دیۆنیسۆسی ئاریادنەم،

ئەم هەموو ماڵە ڕۆیشتم
لەسەر پلیکانەی هەموویانەوە بەربوومەوە
کەسێک دەستی نەگرتم،
بە خەندەوە سڵاوم لە زۆرینەتانکرد
بە کینە ڕووتان لێم لادا
نانم بە ساجی کەستانەوە نەسووتاوە
ڕۆژێک چییە بەرۆکی دڕاوی منتان بەرنەدا،
شەڕی شەیتان و ئادەمە ئەم شەڕە یان شەڕی مرۆڤ و خودا؟
تووڕەبوونی ئادەمە یان بیرکردنەوەی حەوا؟
کێیە ئەو کەسەی وێنەی باشە و خراپە دەکات؟
شەڕی زانیینە یان دەستەڵات، کە حەوا ویستەکانی لەنێو چنگی خۆی دەکات؟
کێ ساتان نییە؟
لە دەروونی کێدا تێکشکاندن و کینە ماڵێکی نییە؟
ئەو هەوایەی هەڵیدەمژم بە تفی نێودەمی ساتان تەڕبووە
ئەو سڵاوەی دەیکەم، ساتان کەپری گوومانی تێدا هەڵداوە،
گوومان ژیانی هەموومانە
ئەو کەسەی ساتان لە ماڵیدا نەبێت، مرۆڤێکی میهرەبانە،



ئەم خودایە لەکوێوە هات؟
ئەم ئیبلیسە ئەم  شەیتانە ئەم ساتانە لەکوێوە هات؟
خواکانی یۆنان و تراژیدیاکانی چیان لێهات؟
کێ توانای کووشتنی ئەم هەموو خودایانەی بۆ خودایەکی دڵڕەق هەبوو؟
موسا بۆ ئازادیی جولەکە پێویستی بە ئایینێک بوو
عیسا نە خودا نە کوڕی خودا بوو
نامۆی ڕاستیی، دژ بە پیلاتۆس سەربازێکی بێ شیر و قەڵغان بوو،
ویستی محەممەد دەستەڵات بوو
بۆ گەیشتن بە لوتکە پێویستی بە پردی خوێن بوو،
بکووژی شارستانیی و تراژیدیان
بکووژی جوانیی و ئەشق و ئاریادنان،
ئەفرۆدیتە لەکوێیت؟
وا زریانی خوێن دەیبات ئەم جیهانە
خودایەک پەیدابووە مرۆڤ دەکاتە کۆیلەی ئەم ژیانە،
ڕۆژی ئاگر و ئاسن هات، تۆ نەهاتیت
وەرزی کۆمەڵکووژیی و گازی خەردەل هات، تۆ دەرنەکەوتیت،
سەدەی سەربڕیین و کووشتن و ڕفاندن هات، تۆ نەهاتیت
ئەهریمەن بوو بە ئاهورا، کەچیی کەس هەواڵی
گۆرانی تارییکیی بە خۆرهەتاوی پێڕانەسپاردیت،
ئەفرۆدیتە "با"یەک هەڵبکە بمانباتەوە بۆ یۆنانی کۆن
ئەگەر ئەم جیهانە لەدەست کلتوور ڕزگار نەکەیت
ڕۆژێک دادێت باوەڕداران  لەگەڵ نانی نیوەڕۆدا لەسەر خوانێک دەمانخۆن،

من چیم هەیە بەدەر لە تروسکایی
بەدەر لە تراژیدیای جودایی،
ویڵم بەدوای سۆزدا
گەڕیدەم بەدوای وێنەکانی تۆدا،
ئەو وێنانەی لە گوڵ و پەروانە و کۆترەکاندا دەیدۆزمەوە
وێنەی ئەو ماچە بەجێماوانەی، کەس دڵی نادێت بیانسڕێتەوە،
لە باوەشی هەرکەسێکدا گڕدەگرم
لەسەر لێواری سوێی هەر حەزێکدا وچاندەگرم،
هۆشم تەنها لەلای خۆشەویستییە
ئازادم بیرکردنەوەم وەکی جڵەوی ماسییە،
ئازادم لەمپەڕی ئەشقەوە بۆ ئەوپەڕی باوەڕ
باکم نییە نە لە مەرگ نە لە حەپەی سەگوەڕ،
شیعر ڕێگام ڕووناکبکەرەوە
هیوایەکت داوەتە دەستم و ئەشقت لێدوورخستوومەتەوە،
وەڵامی ئەم هەموو پرسیارەم بە شیعر بۆ نادرێتەوە
پەڕاگەندەیەکی لانەوازم، بێجگە لە ئەژنۆکانم کێ باوەشم بۆ ئەگرێتەوە،
دەڕۆم ڕێگا دەبڕم بە چەم و دۆڵ و دەشت و دارستاندا
لەژێر خۆر و هەور و ڕەهێڵەی باراندا،
دەڕۆم و هەستدەکەم ساتیرێکم*
خەمبارم و پێموایە بەدوای تۆدا دێوانەیەکم،
لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ مێژوو
دەبێت بە دیدەنت شاد بم درەنگ یان زوو،
لەوێندەر لەناو جوانیی یۆنانی کۆندا
لەگەڵ ئەپۆلۆ و ئەدۆنیسدا،
مەست و سەرخۆش لەگەڵ دیۆنیسۆسدا سەما دەکەم،
دەچمە کەنارەکانی تسیپەرن* بۆنی کەفاوی لەدایکبوونت دەکەم،

بمبوورە کزەی جەرگم
هەوایەک بوویت دەمویست لە سییەکانمدا هەڵتبگرم،
هەم ئاسوودەم هەم خەمبار
کە بیر لە بۆنکردنت دەکەمەوە دەمەوێت هەستەکانم بدەم لە دار،
کە ڕۆحم لە دیلانێی ئاهتدا ڕادەژێنم
بەهار دێتەوە ژیانم، گوڵی هیوایەک دەڕوێنم،
ئەم مەودای کات و شوێنە

ئەم هەموو یاسایە و ئەم هەموو سوێنە،
ئەم تاڵە سپییانە و ئەم ڕووخسارە شیرینە
تەنها ژمارە و ڕەنگن
ئەو ڕەنگ و ژمارانەی چ دۆست چ دوژمنی ژیینە،
من تەنها بیر لە تۆ دەکەمەوە
دەشێت هیوام لە تۆدا سەوز بێت
یان لە وەرزێکتدا خوێنی نێوچەوانم بسڕمەوە،
ئەمە دڵخۆشییەکە لە مەترسییدا
ئەو مەترسییەی هەردووکمان پاڵەوانین تێیدا،

بەم هەموو ئەندێشەیەوە بۆ کوێ بچم؟
بەدوای تۆدا لە چرپەی "با" نەبێت لە هیچی تر ناچم،
تۆ کە وەک "تیشک" تیژڕەو بیت چۆن پێتبگەم؟
تۆ کە بە پەیڤی دەریا دەدوێیت
منی مرۆڤ چۆن تێتبگەم؟
لەم هەموو کەفە ڕامام
قوڵییتم لێبووە نێوانی ئەوپەڕی دونیا و شام،
بە قوڵیی ڕۆحی شەپۆلەکاندا تێپەڕیم
بێجگە لە ویستی ئەشق هیچ کەسێکی تر نەیدیم،
ئەم ڕێگایە دەگرمەبەر
یەکەم هەنگاوم خۆشییە، نازانم لەوسەریشەوە چۆن دێمەدەر،

ئەم جیهانە پڕ خەنجەر و بۆمب و شەڕە
وەک ئاژەڵێکی کێویی و دڕە،
چاوەکانم دەنووقێنم و بە فەنتازیا دەیکەمە بەهەشتێک
دووری دەخەمەوە لە نینۆکی دڕی هەموو دەستێک،
جیهان مێتافیزیکیانە جوانە
ئەم جیهانەی ئێستا لێوان لێوە لە خوێن
پڕی هاوار و گریانە،
ئەگەر ئەم خودایەی ئێستا ببینم
ئەگەر هاتوو دەستی نەخستە بینم،
لێیدەپرسم بۆ هێندە تینووی خوێنیت؟
بۆ هێندە دۆستی شەڕ و دوژمنی ژینیت؟
جیهان پڕە لە ئازار

کیشوەرێکی پڕ قاقایە، کیشوەرێکی دی نقوومی برسێتیی و هەژار،
ئەی خودا تاک و تەنهاکە تۆ پاڵتۆیەکی خەڵکیی بۆ دەستەڵات لەبەرت دەکەن
ئاگرێکیت کەنیسە و مزگەوتەکان بۆ نانەوەی شەڕ هەڵتدەکەن،
تۆ ئەوانیت، ئەوان تۆن
تا ئەو کاتەی ئەمان هەبن، خەڵکییش لاشەی ڕۆڵەکانیان بەدەستی خۆیان دەشۆن،
چییدەبوو ئەگەر خواکانی یۆنانت نەکووشتایە؟
هەرکاتێک ئارەزوومان بوایە، سەمایەکمان لەگەڵ دیۆنیسۆسدا بکردایە،
سێوێکمان بدایەتە دەستی ئەفرۆدیتە و ئەشقمان لێوەربگرتایە،

لەوەتەی هەین وێڵین بەدوای ڕاستییدا
لەوەتەی هەین نیگای تراژیدیا دەکەین لە کۆڵانەکانی کامەرانییدا،
دەبێت وێڵی چیی بین؟
دەبێت قوربانیی کام گیانداری ڕاوی خودا بین؟
وێڵی ڕاستیین نەک هی خۆشیی
ئەو دەمەی لەم ڕێگایەشدا دەمرین کەسێک نایەتە لات ئەی یار بۆ سەرەخۆشیی،
لە لێڵیی بەرەبەیانێکدا لەسێدارەمان دەدەن
بەرلەوەی خۆرهەڵبێت وەکوو کۆتر بە ئاسمانی مەرگدا هەڵمان دەدەن،
ڕۆژێکی نوێ دەستپێدەکەن
لە بڵندگۆی دەستەڵاتەوە بانگی سەرکەوتنی ئەقڵ و ئاگاییی دەدەن،

ڕەق وەک بەرد
ئەو دەمەی دەستەڵات ژیانت لێدەکات بە دەرد،
ئەی مرۆڤ تۆ چەکووشیت کاری تۆ وەشاندنە هەنووکە
ڕوانینی تۆ بۆ دۆڵ نییە، جوڵەت دەبێت سەرتبخاتە سەر لوتکە،
ئەی چەکووش من و تۆ براین
هەردووکمان لەسەر کووتاندن تەباین،
هەند تێتدا قوڵبوومەتەوە، هەستدەکەم، کە من تۆم
بوونت لە کەڕاکتەر و نووسینمدا نەبێت واهەستدەکەم تەنیام بۆ خۆم،

لەگەڵ خۆمدا هەڵتدەگرم
تۆم هەبیت کام لوتکەی دەستەڵات بڵندە ئێخەی ئەگرم،
من خۆم هەم ئیدی داوای ژیانی چییبکەم؟
باشترە بژییم بۆ مردن
نەک چرای مردنێک بۆ ژیان هەڵبکەم،

**ئەوەی من دەمەوێت دەستەڵاتە**
**ئەوەی من بۆ ملکەچیی وەرینەگرم خەڵاتە،**
**دەستەڵات بۆ ئازادبوونم**
**من، کە ئازادبووم دێوی هیچ هەڕەشەیەک بە مێروو نازانم،**
**ئازادم مەرگێک دەمرم هەڵبژاردەی خۆمە**
**دەنگێک لە مندا دەژیی وەک هەڵبەزە و بازی پاڵەوانەکانی ڕۆمە،**

**ئەم هەموو وشانە هیچیان واتایان نەماوە**
**جیهان لە ئاژەڵێکی پیر دەچێت پێی هەڵهێنانەوەی شکاوە،**
**ناوەکان پێناس لە واتاکانیان ناکەن**
**دەشێت ناهەقیی هەق بێت بۆیە ڕەنگەکان گاڵتە بە بوونی یەک دەکەن،**
**هیچ شتێک لەسەر هەق نییە هێز نەبێت**
**بێهێز بوونی نییە تا  ئەوکاتەی دەستەڵات لەدەست دەگرێت،**

**کە هاتم بۆ لات سێوێک لەگەڵ خۆم دەهێنم**
**ڕووت ڕووت دەبمەوە لە تووڕەییی**
**لە ئەشقت نزیکدەبمە، هەرچیی خەمە دەیڕەنجێنم،**
**ئەشق لە خەمی ژیان دوورمدەخاتەوە**
**ئەشق هەڵچوونێکی سروشتییە لە ئەفرۆدیتە نزیکماندەکاتەوە،**

**کە هاتم بۆ لات باسی خزمایەتیی خۆمت بۆ دەکەم**
**تاکە جارێک چییە ناتوانم گوڵی خزمایەتییم لەگەڵ دایک و باوکیشمدا بۆن بکەم،**
**سروشتی من وەهایە**
**وەک بوودیستێک بوونم وا لە مێژوودایە،**
**وەک نیچە دەشێت کوڕی خانەدانێکی "ماد" بم**
**یان کوڕی خودی زەردەشت بم،**
**کێ دەڵێ: فۆکۆ باوکم نییە؟**
**ئەی هۆی چییە باکم بەهیچ شتێکی ئەم جیهانە نییە؟**
**من نەوەی تراژیدیام**
**لە ڕاستییدا نەبێت لە هیچی تردا نەژیام،**
**دژ بە هەموو شتێکم**
**لەمپەڕی سەرۆکەکانەوە بۆ ئەوپەڕی مزگەوت و کەنیسەکان**
**من لە قۆچەقانیی هەموو ڕەخنەیەکدا بەردێکم،**
**من نەوەی بە ئەمەکی نیچەم**

جەنگاوەرێکی ئازا و نەترس دژ بە دڕندەییی ئەم جیهانە هیچەم،
ئەوەی ئێستا بمەوێت ئاشکرای بکەم ڕەگی پتەوی ئەم دیدەیە
دیدێک سەرسامت دەکات، کاتێک پێتدەڵێم باوکی ڕاستەقینەی من نیچەیە،

من شیعر بۆ ئەوە نانووسم، کە ببمە شاعیر
لەگەڵ خۆمدا دەدوێم، پەیڤم کردووە بە هاوبیر،
دەگەڕێم بەدوای ڕاستییدا
خۆم و بیرەوەرییەکانی منداڵییم وێڵین لە کۆڵانەکانی تەنیاییدا،

منداڵییم پڕە لە تابلۆی ئاڵۆز
لە تووڕەبوونی منداڵانی کۆڵان
لە هاواری دایک و باوک لە گەمژەییی گەورەکانی هۆز،

منداڵییم پڕە لە نیگەرانیی
لە نەبوونی ئازادیی
لە برسێتیی و هەژاریی،
هەنووکە گەنجێکی وێڵم
ئازارەکانی منداڵییم لەگەڵ خۆمدا دەبەم و
نیشتیمانەکەم جێدەهێڵم،
من منداڵییم لە سینەمدا هەڵگرتووە
گەنجێکی سەرکەشم بۆ تەوقەکردن لەگەڵ زۆر کەس
دەستکێشێکی ئاسنیینم لەدەستکردووە،
بەبیرم دێت لە پۆلی چواری سەرەتاییبووم
منداڵێکی برسیی و قاوەییی بووم،
دوای ئەوەی مامۆستا شەش داری توندی لێدام
دوای ئەوەی دوا تفی دەمی پێدا سووام،
کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەرچی سابوون و شامپۆی ماڵ هەبوو لە خۆمدا خەسارمکرد
بە لفکە ئاسەواری دار و تفی دەمی مامۆستاکەم ڕنە دەکرد،
ئیدی لەو ڕۆژەوە منداڵێکی دڵشکاوم
من هەنووکە گەنجێکی هەڵهاتوو لە نیشتیمان و
نەمامێکی دوورە دێراوم،
نیگای خۆم دەکەم
دەبینم ئەوە نیم، کە پێناس لە خۆم دەکات
هێلکەیەکم خۆم دەشکێنم

لەگەڵ گەرمای قرچەی نیوەڕۆدا بۆن و بەرامەم هەموان کاس دەکات،

تەنها تروسکایی تۆ شک دەبەم
هەموو ئەو کاتانەی ڕۆحم برسیی هەستە
من تەنها ئەویینی تۆ بۆ دەمم دەبەم،
من بە هەوا و خۆشەویستیی تۆ دەژییم
من لە گڕی ئەم ئاگرەدا بۆ تۆ نەبێت
بۆ سوێی هیچ سووتانێکی دی ناگرییم،
دەزانم نێوانمان بەقەد زەویی و ئاسمان لێکەوە دوورن
کەچیی هەستەکانمان موو بە نێوانیاندا ناچێت
وەک گوڵی بەربەیانیی ڕووسوورن،
وەک دوانەی لێکجیانەکراوە
وەک دوو هەستی لە مشتی کلتووردا فلیقاوە،
پێکەوە دەڕۆین
لە هەرکوێیەکدا دەرفەتێک بوو
گێلاسی هەستی یەک دەخۆین،
لێوەکانمان سووری ئەو هەستە گێلاسییانەن
تەنیاییمان گیرۆدەی ئەو مەینەتییانەن،
مەینەتیی سنوورە قەدەغەکراوەکان
مەینەتیی دەرگا قفڵدراوەکان،
ئەگەر ڕەوشت پیاوێک دەبوو بە دەستی خۆم دەمکووشت
ئەگەر ئەم کلتوورە سەتڵێک شیری مانگا دەبوو
بە پێ لەقەیەک دەمڕشت،
ئەگەر مێژوو چۆلەکەیەک بوایە
بۆی دەبوومە منداڵێکی لاسار و بە دارلاستیکێک دەمکووشت،
تا گەیشتن بە جیهانێک بەبێ کلتوور، بەبێ ئایین، بەبێ ڕەوشت
تا گەیشتن بە مرۆڤایەتیی، تا ئەو پەڕی مرۆڤایەتیی
بۆ تۆ دەبم بە دیوار دەبم بە پشت،
باوانم وا لەسەر خۆ بە نهێنیی سووپای شمشێرەکانی بەردەمت دەکووژم
بە گژ دێوی ڕەوشتدا دەچم
ئەو دەمەی شەکەت و ماندووم، گوڵی گۆنا و مەمکت دەمژم،

خۆشمدەوێی بەقەد ژیان
خۆشەویستییت نافرۆشم بە زێڕی هەموو جیهان،

وەک دارشەقی ژێر باڵی کەوتنمی
ئەگەر بەیانیان نوێژێک هەبێت
بۆ تۆی ئەکەم، ئەی گوڵی جوان،

ئەفرۆدیتە هیچ سنوورێکت بۆ ترس نەهێشتۆتەوە
ئاگرێکت بە ئەشق کردۆتەوە
ورد و درشت تێیدا دەسووتێن
تینوویەکن گڕی داوێنی سوێیان خواردۆتەوە،

ئەگەر مێژوو و ڕەوشت
ئەگەر کلتوور و ئایین لە خۆ دووربخەنەوە ورد و درشت،
دەگەڕێینەوە بۆ سروشت
دەبینەوە ئاژەڵێکی نائاگای دارستان
ئاشقی یەک دەبنەوە نەوە و دایک
نەوە و باوک
خۆشەویستیی قەدەغە ناکرێت، ئەشق دەبێتە نموونەیەکی ئیدیاڵ بۆ جیهان،

هاوڕێکەم ئاشقی خوشکەکەیەتی و بۆی نییە لەگەڵی بژیی
خوشکەکەی ئاشقێکی سەرکەشە
لەگەڵ ڕژانی تنۆکی هەموو سوێیەکیدا بۆ ئەشقی براکەی دەگریی،

ئەفرۆدیتە چییدەکەی؟
ئەم هەموو ئاشق و نەوەیە
ئەم هەموو خۆشەویستییە ئاوارەیە،
لە گڕی ئەشقێکدا دەسووتێن
خۆ ناکرێت ڕێگا بدەیت لەبەردەمی مزگەوت و کەنیسەکاندا هەڵبواسرێن،
هەتا کەی ناگەڕێیتەوە؟
فوارەی خوێنی ئەم کووشتنە بەچیی ئەگیرسێنرێتەوە؟
ئەستێرەیەکیت هەزاران میل لێمانەوە دوور
بەبێ تۆ لێرە ڕۆژانە کووشتن "با"یەکە هەڵدەکات سەرەوژوور،

هەنووکە لەم دوندەدا
لەناو کڕێوە و سەرمای ئەم شوێنەدا،
کێ توانای مانەوەی لەگەڵمدا هەیە؟

ئەوەی من دەخوێنێتەوە و تێمدەگات هزری هەیە،
ئا لێرەدا من هەموو شتێکم
من لە لوتکەدام، لەم ئاسمانەدا من خۆم ئەستێرە و مانگێکم،
چ پێویست دەکات ترسم هەبێت
مێشی وشەی کێ هەیە چەکووشی ڕەخنەی منی بەرنەکەوتبێت؟
ئەوەی هەیە لای من نەبووە
ئەگەر شاخیش بێت بۆ من دۆڵە
ساوایەکی پیرە هێشتا زمان و پێی نەگرتووە،
ئالێرەدا لە لوتکەدا
لەژێر سەرما و کڕێوەی ئەم شاخەدا،
دەیانبەستێت ئایین و باوەڕ و خودا
ڕەقدەبنەوە کلتوور و ڕەوشت لە سەرمادا،
بازنەیەک بە دەوری خۆم و بیرکردنەوەمدا دەکێشم
لێرە من تەنیام، کەس بۆ بەرزیی لەگەڵمدا سەرناکەوێت
چ پێویست دەکات ئاخیان لەبۆ هەڵکێشم،
 من ئاوها دروستبووم
تەنیایەک بووم لە بەرزییدا ژیاوم
فێری بنار و دۆڵ و دەشت نەبووم،
تەنیایی من وەهابووە
دەهاتمە لای مرۆڤ، سڵاوم دەکرد
کەچیی هیچ کەس وەڵامێکی بۆ من پێ نەبووە،
لەگەڵیاندا پێدەکەنیم
هاوڕێکانم ڕوویان لار بوو
بێگانەکان پێیاندەگووتم: بۆچیی دەگرییم؟
لەگەڵ سووریی بەیانیاندا هەڵدەستم
بەدەر لە تەنیاییەکی ئاسوودە کەسێکی تر نییە بیگرێت دەستم،
هەموو ڕۆژێک لەگەڵ سووریی  بەیاندا ڕەوشتێکی نوێ دەکووژم
منی گەورە ساوایەکم، دوای کووشتنی هەر ڕەوشتێک
گۆی مەمکی ئەفرۆدیتە دەمژم،

من دەرگایەکی داخراوم بە ئێوەی نەزان ناکرێمەوە
ئاخر بۆیە لەوەتەی هەن بەسەرمدا دەڕشێنەوە،
وەکوو گوڵێک هەرکامێکتان دێت پەڕێکم لێدەکاتەوە
ئێوەی نەزان پێنازانن، کە پەپوولە هاوڕێمە

**به ماچی پەلاسی نێو دەمی ئازارەکانم دەشواتەوە،**
**لە جیهانێکی نادیاردا من نەوەیەکی هەڵکەوتووم**
**دیۆنیسۆس هاوڕێمە، لە باوەشی ئەفرۆدیتەدا دەنووم،**
**من نەمرم، ئێوەش، کە لەدایکبوون مردن**
**من بە باخێک گوڵەوە گەیشتمە یۆتۆپیا**
**ئێوەش بەدەر لە دڕکوداڵ، چرۆیەک چییە سەری تێدا دەرنەکردن،**
**من لێرە لە لوتکەدا**
**لەژێر کڕێوەی بەفر و نیشتیمانی نیچەدا**
**قاقا بە نەزانیینتان پێدەکەنم**
**لێرەوە "با"یەک هەڵدەکەم**
**کامە پیرەداری بالابەرزی بوونتانە، بە سانایی لەناوی دەبەم،**
**من بۆ ئێوە ئەقڵێکی دوژمنم**
**لە لوتکەدا دەژییم**
**ناسکم وەک گوڵ، بۆیە ئەفرۆدیتە بۆتە ژنم،**

**لێگەڕێ با بڵێن**
**ئەوان، کە ناتناسن خەریکن لەسەر ناوەکەت بەشەڕدێن،**
**کراسەکەت کورتە**
**سنگت ڕووتە**
**خەمی گەورەی دایک و باوکت شووکردنتە،**
**تەواوی گەڕەک لێت تووڕەن**
**دراوسێکان ئابڕووتکاوی ئەو لێوە سوورەن،**
**دەیان ڕاپۆرتت لەسەر نووسراوە**
**یەک قسەی چاکی پێنەگووتراوە،**
**بێئەوەی تۆ ناوی کەسیان بزانیت، تۆ لای ئەوان لەکەداریت**
**تۆ کەسیان ناخوێنیتەوە، چونکە لە پێستی خۆتدا سەرداریت،**
**هەموو لێیان خوێندوویت**
**تۆ دوێنێت بیرنەماوە، لێ ئەوان دەزانن مانگی پێشوو بۆ کوێ ڕۆیشتوویت،**
**خەڵکیی پێیانوایە لەشفرۆشیت**
**بۆ هەرکوێ چوویت سلاوێکیان لێنەکردیت**
**گولێ سەرت نەسووڕمێت ئەگەر سبەی ئاسایش دەرگای پێگرتیت،**

**سەری منیش لەگەڵ خۆتدا پڕ بکە لە لمی ئەم ڕوانینە**
**من قووڵییت بە قووڵیی دەریا دەپێوم**

چوونە ناو قووڵییتەوە ویستە، ئەمە ژیینە،
چیی لەو ژیانە جوانترە پڕی بێت لە سەرکەشیی؟
چەند لاوازە ئەو ژیانەی خاڵیی بێت لە خۆشەویستیی،
دەشێت ڕۆژێک لەگەڵ خۆڵەمێشیی ئاگرێکدا بە (با)یەک لەناوچم
دەشێت لەگەڵ هەڵکردنی ئەو (با)یەدا من لەناو تۆدا ڕۆچم،
من چەند دەریا و (با)م ڕامووسیوە
ئەوەندەش ژیانی دەرزیی ژەنگاویی خەمم دیوە،
ڕۆژێک دادێت دەبمە لم
لەنێو مشتی سوێکانمدا لە نووکی پێ هەتا تەوقی سەرت لە باوەش دەگرم،
ئا لێرەدا دەمە لم، تۆش وەک کۆترێک چینەم تێدادەکەیت
بە سەری خۆتمدا دەکەیت،
بە مشت هەڵمدەگریت و تێکەڵ بە دەریام دەکەیت،
ئەگەر هەموو بوونیەتێک تەخت بێت ئەوا تۆ قووڵییت
ئەگەر گێلیی لە تەختییدا بێت، ئەوا تۆی قووڵ ژیرییت،
قووڵیی تۆلە ویستەکانتدایە
ئەو ویستە ئازادانەی لە کردارتدایە،
ئاسوودەییی خۆی لە سەرما دەپارێزێت
تۆ هەمیشە گەرمپۆشبوویت
ئەوەی ڕووتە کوا بەرگەی (با)یەکی پاییز دەگرێت؟
خەڵکیی تەماشای پێشەوە دەکەن
کەچیی تۆ باوەڕت بەدواوەیە
مێژوونووس نیت، کەچیی هەمیشە نیگای برییینی دواوەت کوولاوەیە،
خەڵکیی بە هەڵپە هەوڵدەدەن بچنە ئایندەوە
تۆ لەسەرخۆ دەگەڕێیتەوە بۆ دواوە
دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو شوێنەی، کە هێشتا مێژوو و ڕەوشت بوونیان نەبوو
دەچیتەوە بن درەختی زانست بیردەکەیتەوە و دەڵێی: کێ دەڵێ مارەکەی بن ئەم درەختە
خودی خودا خۆی نەبوو؟
تۆ کچی ئەفرۆدیتەیت
بیرکردنەوەت هی سیمۆنە بۆڤوارە
پرسیارەکانت هی نیچە
تۆی سەرکەش هەمیشە تفەنگی زمانت بۆ تەقاندن سوارە،
لێرەوە دەبمە لمی گەوزانت
لە کەناردا بم یان لە دەریادا
ئەوەی من دەمەوێت، ویستێکە تێکەڵ بە ژیانت،

ئەی گوڵ لەسەر سێوێک خودا بانگی
شەڕێکی هەتاهەتاییی لەگەڵ مرۆڤدادا
لەسەر سێوێک هێرا و ئەتێنە
ئاگریان لە ترۆیا بەردا،
سێو چەند جوانییت بەو ئاڵوواڵییە
بە دەستی حەواوە بیت یان هی پاریسەوە
دواکات هەر خواکان بەئاگادێنیتەوە،
گوڵم ئەم سێوەی لە دەست تۆشدایە سوورە وەک خۆشەویستیی
گۆرانیی ئەویینی من بۆ تۆ زیاترە لەوەی خۆت ئەیبیستیی،
تۆ گەورەترین کەسایەتییەکانی بوونمیت
هەرچیی نهێنیی تر هەیە لەگەڵمدا دێتە گۆڕەوە
ئاخر گوڵم تۆ هەنووکە ژیینمیت،
ئەم سێوە هەر سێوەکەی حەوایە
هەر سێوەکەی پاریس بۆ ئەفرۆدیتەیە،
کێ دەزانێ چ ئاگرێک دەکرێتەوە
ئەو دەمەی پەردە لەسەر ڕووی نهێنییت هەڵدەدرێتەوە؟
من ئەگەرچیی لە دەرگاوە بڕۆم
"با" لە پەنجەرەوە دەمهێنێتەوە لات
دەمەوێت بە نهێنیی لە خۆمدا هەڵتبگرم
کەچیی هەنگی ماچێک باسی نهێنییەکانمت بۆ دەکات،
هەتا تۆ نەبوویت من ڕەشەبای هەڵکردووی
ئەم دەربەندە بووم
ئەمێستا بەدەست تۆوە کۆلارەیەکی بەرزەفڕی لەدەست بەربووم،
من هەنگێکم بانگهێشتی گەلێک گوڵم بەدەستگەیشتووە
لێ تا ئێستا سوێی ماچێکم دیاریی هیچ سەری زمانێک نەکردووە،
لەوەتەی هەم یەک چرکە بیرم لە خودا نەکردۆتەوە
دەرگای سەرسامییم بۆ هیچ ئایینێک نەکردۆتەوە،
کەچیی چرکە نییە بیر لە تۆ نەکەمەوە
شەو نییە لە خۆری ئامێزتا وەکوو زەردەشت ڕۆژ نەکەمەوە،
من هەنووکە ڕیالیسترین مرۆڤی ئەم جیهانەم
هەرچیی بەهایە بێ بەهای دەکەم
من دەزانم، کە ئێستانێ ئیدیالترین ئاشقی ئەم ژیانەم،

پلانی تسۆیسە، کە ئێریس سێوێک گلۆردەکاتەوە
پلانی خودا خۆیەتی، کە حەوا سێوێک لە درەختی زانست دەکاتەوە،
نانەوەی شەڕ ویستی هەردووکیانە
تەماشابکە لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا ڕۆژانەی مرۆڤ چەند کەم ژیانە،

تەماشابکە گوڵم من بەبێ تۆ چەند تەنیام لە قاقای پێکەنییندا
چەند پەراوێزم لە گۆمی مەنگی خەمبارییدا،
لەوەتەی هەم دەگەڕێم بۆ وەڵامێک
ڕێگا نەما پێیدا نەڕۆم
ڕامانێک نەبوو پێمبدات سەرە داوێک،

وەکوو گوڵێک چاوەڕێی منی هەنگ دەکەیت
پەڵاسی نێودەمت بمژم
چاوەڕێیت ئاسوودەییت پێبدەم و ئازارەکانت بکووژم،
لێ من بەم هەموو خەمەوە
بەم هەموو ئازاری مێژووەوە،
توانای هەڵهێنانەوەی پێکانم نییە
بە سنگەخشکێ بەرەو لات دێم
جار نییە لە ڕێگاتا ژانێکی دی نەیەتە سەرڕێم،
ئیدی هەست بە نامۆیی دەکەم
ئیدی لە تەنیاییدا بیری ئامێزێکی گەرمت دەکەم،
گوڵم نامۆیی من چەندیین توێژە
هەرکامێکیان هەڵدەیتەوە نۆتەیەکی خەمبار و سوێ درێژە،
دەچمە ناو خەڵکییەوە و سڵاوێک دەکەم
نە بزەیەکم تێدەگیرێت نە وەڵامێکم ئەدرێتەوە
من ئەو تەنیایەم، کە لە پێستی خۆمدا هەست بە نامۆیی دەکەم،
براکانم چیببوون بۆ من بەدەر لە ژان؟
هاوڕێکانم چیان بۆ کردم بێجگە لە هەڵبەستنی درۆ و بووختان؟
جاران سووپاسیان دەکردم ئەگەر دێڕێکم بدانایە
هەنووکە سووپاسیشیان بکەم دێڕێکم ناخوێننەوە
ئاخر بۆیە منی تینوو ئەگەر ئەوان تنۆکێ ئاویش بن نایانخۆمەوە،
لێرەوە دەبمە زەردەشتێکی دی
دیواری چین بە دەوری کێوی پیرۆزی بوونما دروستدەکەم
دیستانسێک لەنێوان خۆم و ئەواندا پەیدادەکەم

هەتا ماون بۆنم نەکەن
ڕاپەڕینی من دژ بە ئەوان دوورکەوتنەوەیە
بە جۆرێک ئازاری ئەم مەودایە دەچێژن
دەبێت بەدەر لە من بە خەمەوە تەماشای دووریی کەسی تر نەکەن،

ئەرکی من ئێستا ئەوەیە بگەم بە ترۆپکی هەستێک
دەمەوێت دڵی بە خەم گووشراوم
بکەمە نێو لەپی دەستێک،
دەستێک لە پەڕەی گوڵ
دەستێک بیکەم بە لانکە وماڵی دڵ،
ئێستانێ دەستی تۆ نەبێت دڵمی بدەمێ
کەسێکی دی شکنابەم خۆشەویستییمی
بەو نرخە پێبفرۆشم و لێمبکڕێت،

تۆ پێتوابوو من بەهێزم
شاعیرێکی ڕووت و ڕەجاڵ شیاوی ستایش و ڕێزم،
تۆ پێتوابوو من پۆڵام
لە ئاگردا لە قەیراندا
من لەبۆ خەڵکیی قەڵام،
لێ من چیدی توانام نەماوە
وشەیەکم واتام ئازارە
بە ڕووخسارم هەڵمەخڵەتێ
دەروونم وەک سنگی کێڵگە برییندارە،
ئەگەر ڕووباری ئاوی هەستی ئەم خاکەشم بڕژێتەسەر
گەشبینییم سەوزنابێتەوە
ڕەشبینێکم لە هەست و ژیانی خۆمدا دەربەدەر،
تۆ پێتوابوو من بەرگەی ئەم هەموو خەمە دەگرم
واتدەزانی شیعرم دەستەسڕە و چاوی گریەی ڕۆژەکانمی پێدەسڕم،
لێ من لە کەناری ئەم دەریایەوە
بەدەم گڤەی ئەم ڕەشەبای نامۆییەوە،
گۆرانییەک دەڵێم:
ژیانم پڕی جەنجاڵییە
هیوام لە خۆشەویستیی خاڵیی خاڵییە،
تۆ پێتوایە منی لاس ڕێگایەک پێدەزانم

لێ نازانیت من دەسووتێم ڕەوتی ژیانم ڕوو لە چۆڵییە،
لەوەتەی هەم لە گەڕاندام
گەڕان بەدوای جیهانێکی نەبوودا
لە فەلسەفەوە دەستمپێکرد لە تۆ نزیکبوومەوە
بە گوومانەوە چوومە بەردەم تێمپلەکانی بوودا،
لەبەردەم ئاوێنەی ژوورەکەمدا
خاوەنی هەستێکم بە خوڕ دەگریی بەسەر خۆمدا،
بە مشتێک ئاوێنەکەم کەرت کەرت دەکەم
خوێن لە نووکی تیژی هەموویانەوە فیچقە دەکات
کەچیی ئازارێک چییە بە دەست و پەنجەی خۆم ناگات،
تۆ پێتوایە من زاڵم بەسەر هەموو شتێکدا
لێ من لێرەوە تەنیا گۆرانییەک دەچڕم
ژیانی خۆم دەفرۆشم و بە نرخی خۆم خۆشەویستیی دەکڕم،
من ئەوە نیم، کە دەمەوێت ببم
کە ئەوەش نەبم، کە هەم باشترە نەبم،
من پرسیارێکت لێدەکەم ڕاست وەڵاممبدەرەوە
بڵێی من لە خۆڕا هەرچیی بریینی کۆنە بیکوولێنمەوە؟
وەرە لەگەڵمدا پیاسەیەک بکە
لە ڕووخسارم بڕوانە و تەماشای سووتانی دەروونم بکە،
تۆ پێتوایە زاڵم بەسەر هەمووشتێکدا
لێ من شاعیرێکم لێرەوە تنۆکێ خۆر دەچنم و دەیکەم بە بەری گۆرانییەکدا،
ژیانم پڕ جەنجاڵییە
پێسیمیستێکم بیرکردنەوەم لە دەربازبوون خاڵیی خاڵییە،
هەموو ڕێگاکانم تاقیکردەوە و ڕێگایەک پێنازانم بۆ لای تۆ
لەم بەرازییەوە گۆرانییەک بە ڕووی (با)دا دەڵێم
خۆر ڕووم ڕادەمووسێ
ڕووخسارم پڕ دەبێت لە ڕەنگی گەنم و جۆ،

بەوپەڕی شەکەتیی و ماندووبوونەوە دەگەڕێم
قاقای پێکەنیین، قوڵپی گریان، حەز و ئارەزوو دێتە سەرڕێم،
لێ من نازانم عەوداڵی کامیانم
لە بێتاقەتییدا نووقمم یان لە ژیان بە گوومانم؟
لە سپییدەوە هەتا قرچەی ئەم نیوەڕۆیە
لەوپەڕی وشکەساڵیی بیرکردنەوەوە هەتا گەڕانی ئەم ئاوەڕۆیە،

**من لەم کۆڵانەوە بۆ ئەو کۆڵان**
**لەم گەڕەکەوە بۆ ئەو گەڕەک**
**لە حەوشەوە بۆ بەرهەیوانی ماڵان،**
**دێم و دەچم**
**دەگەڕێم و لێوی حەسرەتی خۆم ئەمژم،**
**دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە**
**نیگای خۆم لە ئاوێنەیەکی تردا دەکەم**
**لە ئان و ساتدا بە مشتێکی تر ئاوێنەکە ورد و خاشدەکەم،**
**لێ دیسان پێتوایە من بەهێزم و ڕێگاکان پێدەزانم**
**پێتوایە من لاسی خەزاڵی ئەم ژیانەم و**
**خەمی مرۆڤایەتییم خستۆتە سەرشانم،**

**پێتوایە بەهێزم بۆ خەمی نیشتیمانم**
**ڕێگایەک پێدەزانم بیکەمە مەشخەڵی ژیانم،**
**لێ من لەم بەرزاییەوە**
**بەم جەستە باریک و دڵە پەشێوەوە،**
**گۆرانیی کوردەکان دەڵێم**
**لە گڕ و خوێنی ئەم غەدرەدا بۆ یەکگرتنێک دەگەڕێم،**
**پێتوایە من بەهێزم، لێ من لێرەدا تەنها گۆرانییەک بۆ کوردەکان دەڵێم:**
**کوردستان**
**وەک گوڵێکی گەشاوەی جیهان،**
**لە هەڵستاندا بۆ پاراستن**
**برایانە کردە و گفتمان پاک و ڕاستن،**
**لە زاخۆوە هەتا حەمریین**
**لە تەوێڵەوە هەتا باخەکانی خانەقیین،**
**کوردستان وەک خۆری گەش**
**وڵاتی خۆر ئازاد و سەرکەش،**
**گفتی کوردیی**
**لە ئاشتییدا لە شەڕدا**
**دەروونمان پڕ دەکەین لە دەنگی ئازادیی،**
**لە جیهاندا ناوت دیارە**
**ژیانت پڕکردووین لە کڵپە**
**لە ڕێگاماندا داگیرساویت بەم ڕۆژگارە،**
**یەکگرتن و ماف و ئازادیی**

ئاواتمە بۆت ئەی دایکی نیشتیمان
خوشک و برایانە بە هەست و سۆز
دەیپارێزین ئەم خاکە بە دڵ بە گیان،
کوردستان کوردستان لەسەرو هەموو شتێکەوە
لەژێر خۆری ئازادییدا لێگەڕێن بەختەوەرییمان بدرەوشێتەوە،

پڕ پڕم لە خەمی تۆ
منی ڕەنگ هەڵبزڕکاو نە ڕەنگی گەنمێکم نە هی جۆ،
ژانێکت کردۆتە دڵمەوە
وەک جەللادێک هەر ڕۆژەی کووتێک لە جەستەم دەکاتەوە،

کە لێت دوورم هەست بە خۆشییەکی بێ سنوور دەکەم
کە لێت نزیکم، هەست بە خەتا دەکەم،
نە ئەوەیە بتوانم لێت دوور بم
نە دەشمەوێت نزیکت بم،
هەموو ڕۆژێک لە دوورییتا لەدایک دەبم
لە نزیکتەوە دەمرم
ژانێکم بەهۆی تۆوە هەرجارەی ڕەنگێک دەگرم،
ئەم جیهانە بۆ من هیچ شتێک نییە بێجگە لە جەهەننەمێک
لە ژیاندا ڕووناکییم بۆ خۆم نییە دەسووتێم وەکوو مۆمێک،
ئەو مێشهەنگەم پەلاسی نێودەمی هەرچیی گوڵە ماچییدەکەم
ئازارچێژێکم لەوەتەی هەم بەدوای سێبەری بەختیارییدا ڕادەکەم،

لێرەوە بیگۆرافیی خۆم و خۆت دەنووسمەوە
ڕێبوارێکم هەر ڕۆژەی دەرگا لە داوایەکم دەکەیتەوە،
بەیانییان بە شاتووی هاویینی ساڵ لێوم شیین دەکەیت
شاعیرێکم جارێک دەمخەیتە قاقای پێکەنیین و
جارێکیش چاوانم پڕ فرمێسک دەکەیت،

هەندێکجار وام لێدەکەیت بێ بەها تەماشای ژیان بکەم
کۆمەڵ ڕەوشتی قووتکردۆتەوە دەیانەوێت وەک ملوانکە لە ملتی بکەم،
ئێستانێ لە دەرەوەی ژیاندا شوێنێک چێدەکەم
من ئەم شوێنە وەک ناوی خۆم دەناسم
ئالێرەدا دەست لە بەهای ژیان دەدەم

دێمەوە لای تۆ ڕەوشت بە دیوارەکانی ژیاندا هەڵدەواسم،
سروشت بەهای بە ژیان نەداوە
ئەوە ئێمەین بەهامان داوە بەو
سروشت ڕەوشتی پێنەداوین
ئەوە ئێمەین ڕەوشتمان کردووە بە ئەرکی سەرشانی ئەم و ئەو،
ڕەوشت ڕەتکردنەوەی ویستەکانی ژیانە
تۆ، کە دەتەوێت ڕێچکەشکێن بیت دەبێت بێ ڕەوشت بیت
ئەمە یاسای گۆڕینی جیهانە،
مرۆڤ دەبێت ئاوها بێت
وەک دینامیت تێکدەری ستراکتووری جیهان و ژیانی باو بێت،

تۆ گووتت کۆتر نیشانەکانی ڤینۆسە
کە بۆنی گوڵێکت دەکرد دەتگووت: ئەمەش بەشێکی هەوەسە،
ڕۆمەکان ستایشی ئەفرۆدیتەیان دەکرد
لەناو خواکانی خۆیاندا جێگەیەکیان بۆ چێکرد،
ئەم کۆترانە خودایەک پڕ لە خۆشەویستیی و جوانیی
لە گالیسکەیەدا ڕادەکێشن،
ئەم کۆترانە لە ئاسمانەوە خۆشەویستیی ڤینۆس دەگەیەننە سەر زەویی و
لەوێشەوە خەمەکانی ئەشق بۆ ئاسمان هەڵدەکێشن،
ئەم کۆترە شیینکەییەی سەر ڕێی من چیی لێم دەوێت
نامەیەک بۆ تۆ یان ئەشقم پێدەفرۆشێت و خەمەکانم لێدەکڕێت؟
کەی ببینم لە گالیسکەیەکدا کۆترەکان هەڵتبگرن بۆ لای من؟
سەرت بخەمە سەر سینەی پڕ ئاهم، ئەی دڵی من،
قەت وەک ئێستا سەرنجی کۆترم نەداوە
هیچ کات وەک ئێستا کۆتر لە زنەی چاوەکانما لە شەقەی باڵی نەداوە،
خۆزیا چواردەورم بە کۆتر دەگیرا
گوێم پڕ دەبوو لە نۆتەی گمە
دەبووم بە مشتێ گەنم
دەڕژامە بەر دەنووکیان بەم هەتاوە گەرمە،
ڕەنگی خۆرە یان هی خۆیان وا بووە بە گەردانەی گەردنیان
لە تاوا لاڵە زمانم لەبەر لارولەنجە و هەڵفڕینی نەرم و نیانیان،



**شاعیرێکی دڵڕەق**
**بە مشتێ خڕە بەردەوە هاتە سەرڕێم**
**تەوێڵی هەستی سوورکردم و ناهەقیی لێکردم بە هەق،**
**لێرە نامۆییی پاڵتۆیەکیی هەمیشەییی بەرمە**
**من چوار وەرزەم زمستانە و دوودڵییش چەتری سەرمە،**
**دوو ڕۆح لە سینەمدایە**
**ئەمیان خەمۆک و نامۆ**
**ئەوی تریان کراسی بەهاری ژیینی لەبەردایە،**
**ئەمیان خەزان ژیانیەتی**
**ڕەنگی گوڵەجۆ ڕەنگی نیگا و ڕووخساریەتی،**
**ئەویان ئاڵوواڵە**
**شەڵاڵی حەزە باکی نییە لە هەوری خەم**
**لە گریانی گەواڵە،**

کێیان، کێیان لە سینەمدا دەردەکات؟
کێیان باڵادەست دەبێت و خاکی ناوەوەم داگیردەکات؟
یان ڕێکدەکەون و ناوەوە و دەرەوەم دابەشدەکەن
ئەمیان لێوەکانم بە گوڵی قاقا ڕەنگ دەکات
ئەوی تریشیان لە قووڵاییمدا کەپرێک بۆ تەنیاییم چێدەکات،
تۆش ئەی شاعیرە ئەشکەنجەدەرەکە
پەیژەش بۆ قوڵاییم دابنێیت بەهیچ ناگەیت
چرای شیعرت چەند تیشکداربێت قوڵیی من ڕووناکناکاتەوە
بەدەر لە کەوتنەخوارەوەت بە هەڵگرتنەوەی هیچ نهێنییەکی ترم ناگەیت،
شاعیرێکی کەڕ و کوێریت
نە ڕاستیی دەبیستیت
نە جوانیی هیچ ڕاستییەکیش دەبینیت،

بۆ ئەوەی سەرەتایەک بدۆزمەوە
دەبمە قرژاڵ
پاشەوپاش دەڕوانمە جیهان
پاشەوپاش بیردەکەمەوە، دەبمە شاعیرێکی وشە تاڵ،

مرۆڤ دەبێت تەقە لە ڕەوشت بکات
دیواری زیندانەکان بشکێنێت و دەروونی ڕزگار بکات،
تاک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەک
مرۆڤایەتیی تێپەڕێنێت و نهیلیستیەت بکات بە چەک،

وەک بەهارێک بۆنپرژێنم دەکەیت
وەک نمەیەک باران بۆ ژیان تەڕتەڕم دەکەیت،
چەند ئاسوودەم بەو ئامێزانە
بە ماچێک بەختەوەرم دەکەیت
ئەو کاتانەی سەرم پوورەی ژانە،

من ئاوێنەم و شیعرەکانیشم خۆم
کە شیعرەکانم تەماشام دەکەن خۆیان دەبینن
پیتەکان گریان و خەم، قاقا و پێکەنین لە قوڵییمدا دەردێنین،
بەدوای خوێنەرێکی کورددا دەگەڕێم، کە بە بۆچوونی من قوڵ بێت
دەمەوێت تێبگەم هەتا کوێ لە پیاسەی بیرکردنەوەیەکدا هاوڕێگام دەبێت؟

کێ پێناسی ڕۆحی کوردم بۆ دەکات؟
کێ هەیە ڕێچکەشکێن بووبێت بیری لە ڕۆحی کورد کردبێتەوە؟
ئەم نەتەوەیە لە فەرامۆشکردنی ڕۆحی خۆیدا گەمژە بووە
کێمان هەبووە بۆ ڕۆحی تەزیووی تاکێک ئاگرێکی کردبێتەوە؟
کلتوورێکمان هەیە بۆ ژێردەستیی
بۆ ئازادیی دەبێت ڕۆحمان پەروەردە بکەین،
ڕەوشتێکمان هەیە بۆ بەرەنگاریی
لێ بۆ گەیشتن بە لوتکە دەبێت هێزی خۆمان نیشان بدەین،
با بژیین بۆ مردن با نەمریین بۆ ژیان
ئێمە ئەگەر قودرەتێکمان نەبێت چلۆن نیشتیمانێکمان دەبێت ناونرابێت کوردستان؟
ئەمە یاسای جیهانە تەنها بەهێزەکان لەسەر هەقن
ئەمە یاسای سروشتە تەنها بەهێزەکان دەمێننەوە
ئەم خەڵکانە کۆیلەن ڕاهاتووی شەقن
مۆمێکن بۆ ژیان دەگریین ڕۆژێک دادێت دەتوێنەوە،

لە خەونیشدا بتبینم منی وشکهەڵهاتوو سەوز دەبمەوە
تۆ لە تووخمی خواکانیت
ئاخر بۆیە منی مۆم بۆ دیتنت ئەتوێمەوە،

دەمەوێت ڕاستییەکانت پێبڵێم
ئەو دەمەی زارم هەڵدێنمەوە
دیوارێک دێتە سەرڕێم،
دیوارێک زارم دەبەستێت
دیوارێک لەنێو خۆیم دەنێت،
دیوارێک دەمپارێزێت
نەبادە بەرگەی ڕاستیی نەگریت و
وەکوو دێوێک سەیرم بکەیت،
دیوارێک ڕێگا نادات
لەگەڵ گوومانەکانی ژیاندا تێکەڵم بکەیت،
ڕاستیی جوانییە
لێ لای مرۆڤ تەنها ئەو شتە جوانە
کە خۆی بە جوانی دەزانێت
جوان ئەو بوونیەتەیە، کە بە هەردوو دەست
ئاوێنەیەک لەبەر ڕووخساری مرۆڤدا ڕادەگرێت،

مرۆڤ سروشتی ئاوێنەییی کردووە
هەر شتێک خۆی تیا نەبینێت جوان نییە
جوانیی جیهان ئێستا لای مرۆڤ
ئەوەیە، کە وەک جاران سروشتیی نییە،

شەڕانگێزەکان بەهێزن
لە کات و شوێنی خۆیدا دەردەکەون
لەلای خەڵکیی بەڕێزن،
پێویستییەک ئەمانە قووتدەکاتەوە
پێیەکیان لە مێژوودایە کەچیی ئایندە ژیانیان دەنووسێتەوە،
فەڕەنسا تۆی پێویست بوو ناپۆلیۆن
هەتا فەڕەنسا هەبێت نەوە لە دوای نەوە
بە گەردنی پەیکەرەکەتدا هەڵدەواسن هەزاران مەدالیۆن،

کە خەمبارم ئامێزت ئەملاوێنێ
بە ماچێکت ئەو دڵە ناسکەم ئەسرەوێ،
دەستت توووند لە کەمەرم گیربکە
بە نیگات مۆمێک لە دەروونی شکستما هەڵبکە،
تۆ بە تەنها کچێک نیت بۆ ئارامیی ئەو دڵەم
ڕووبارێکیت لە ئەویین منیش تینوویەکی بێ حەوسەڵەم،
خواوەندێکیت دارتووی خەمەکانم ئەوەرێنیت
ڕۆمانێکیت کە ئەتخوێنمەوە ئازارەکانم ئەڕەنجێنیت،
هەڵاوی هەناسەیەک بۆ یادگار لەسەر گەردنم جێبهێڵە
ئەگەر خەمۆکیی ویستی لەگەڵ خۆیم بەرێت تۆ مەهێڵە،
ئەگەر هەستم بە تەنیایی کرد هەردوو قۆڵت لە گەردنم بکە
من دیلی خەمێکی هەمیشەییم شەوێک وەرە ڕزگارم بکە،
سپیدەیە شەونمی سەر گەڵاکان و سەر پرچت بەئاگان
بێدەنگیی ئەم دارستانە تێکەڵبووە لەگەڵ جریوەی پاسارییەکان،
هەستە گوڵم کاتمان نییە دەبێت بڕۆین
ئاو نییە پێویستە دەمووچاومان بە یەکەم تیشکی خۆر بشۆین،
بەیانییت باش ئەی بووکی دارستان
ئەی ئەویینی من
من تۆم نەبێت واتای نامێنێت لەلام ژیان،
گوێم لە وەڕەی سەگە

هەستە بڕۆین گوێم لە دەنگی پێی پیاوەکانی ئاغا و بەگە،
گوێم لە ماتۆڕی ماشیینەکانی پۆلیسە
ئەو پۆلیسەی بیەوێت بمانگرێت
مرۆڤێکی گەمژە سەگی دەستەڵاتێکی نەگریسە،
(بەهاوارەوە)
هەستە گوڵم ئێمە تاوانبارترین مرۆڤی ئەم خاکەین
دوو گەنجی ئاشق پاڵەوانی ئەم ڕێگا بێباکەین،
هەستە بڕۆین بۆ شوێنێک مرۆڤی لێ بژیی
دەستی تۆ بۆ گرتنی گوڵ بێت
ژیانت پڕ بێت لە قاقا جارێک چییە چیدی نەگریی،

پۆلیسێک لە دوورەوە بە بڵندگۆکەی دەڵێ:

ڕێبوار ئاوارە، لانە ژێر ئازاد بکە
پێنج خولەک کاتت هەیە، بە توندوتیژیی ناچارمان مەکە،

بە دڵە خورپەوە لانە کتووپڕ ئامادەیە بۆ ڕاکردن
هەڵوێستکەیەک دەکات، چەند چرکەیەک دادەنێت بۆ لێو سوورکردن،
دەستی دەنێتە دەستی ڕێبوارەوە ماچێکی لێوەکانی دەکات
هەنگاوێک بۆ پێشەوە بە قاقاوە خۆی بۆ ڕاکردن ئامادە دەکات،
ڕێبوار بە دەنگێکی بڵند دەڵێ:
لانە ئازادە
ئەی پۆلیسی دیلکردنی ئازادیی بەرۆکمان بەردە،
لانە هی منە من هی ئەوم
ئەو تیشکی خۆر من تریفەی مانگە شەوم،
وەکوو "با" بە دارستانەکەدا ڕادەکەن
پێ لەسەر هەر شوێنێک دەنێن مۆمی ئەشقیان هەڵدەکەن،
دوو ئاشقی نەترسن
بە شاخێکدا هەڵدەزنن هەناسەی یەکدیی ڕادەمووسن،

لە ڕادیۆیەکەوە:
ئاژانسی هەواڵەکان ڕایانگەیاند، کە لە ماوەی ڕابووردا ڕەوی کچان و کوڕانی لاو زیادی کردووە. دوێنێ کچێکی شانزدە ساڵە و کوڕێکی هەژدە ساڵ لە شارۆچکەی ڕانیە لە دەست کەسوکاریان هەڵهاتوون و ڕوویانکردۆتە چیا. هەواڵەکان ڕایانگەیاند، کە لە شوێنێکی

نەدۆزراوەدا کچان و کوڕانی ئاشق شوێنێکیان بۆ خۆیان چێکردووە و ناویان ناوە جیهانی ئێمە. شایانی باسە لەو جیهانی ئێمەیەدا هەندێک لە کچانی ئاشق منداڵیان لە خۆشەویستەکانیان خستۆتەوە. بەرپرسێکی پۆلیس لە شاری ڕانیە بە ڕادیۆکەمانی ڕاگەیاند، کە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەگەر هەتا ئێوارەی ئیمڕۆ ڕێبوار و لانە دەستگیرنەکەن ئەوا گرتنیان دەچێتە خانەی مەحاڵەوە. سەبارەت بە جیهانی ئێمە ئەو پۆلیسە ڕایگەیاند، لە جادوویەک دەچێت، کە تەنها ئاشقان دەتوانن دەرگاکەی بکەنەوە.

وەک مۆمێکی داگیرساو
وەک پرچی زێڕیینی هەتاو،
ئەدرەوشێتەوە ڕووخسارت
نیگات دەکەم دڵتەنگم بە تیلەی چاوی خەمبارت،
چیی بکەم هەتا ئەم گۆمی بێدەنگییەت بشڵەقێنم؟
چۆن بتوانم دار شاتووی خەمەکانت بوەرێنم؟
بە سوێوە لێوەکانم دەبەم بۆ لێوت
ناهێڵێت هەناسەم تێکەڵی هەناسەت بکەم
ڕوومەتی وێنە سێوت،

کە نزیکم لێت وەک شنەیەک وام
کە دوورم لێت بیرتدەکەم
لێوەکانت وەک پەپوولە دەکەونە دوام،
بیری هەڵمی هەناسەت دەکەم
لە سێ پلەی سەدییدا بە هەناسە
وێنەی سێوی ڕووخسارت دەکەم،
وەرە لام با سەرما پەنجەکانم نەگەزێ
باوەش بە جەستەی تەزیووما بکە
با ڕۆحم گەرمیی حەزت هەڵبمژێ،

فیزیکییەن مەودای نێوانمان تاڵەموویەکە
ڕۆحییەن دووریی نێوانمان گێڕانەوەی مێژوویەکە،
چەند دووریت لێمەوە ئەو کاتەی بە دەرزی خەم دەفی سەرم دەژەنیت
چەند نزیکیت لێمەوە ئەو کاتانەی بە لەوێدابوونم پێدەکەنیت،
نیهیلیستێکم هەموو شت لەلام وەیخەمە
ئێستا بمرم یان لە هەشتا ساڵییدا بەهای نییە لام
تێکشکاندنی بەهاکان پیشەمە،

سێ کووچکەی خۆشەویستیی ئێمە
لەسەر پێی مێژوویەک ڕاوەستاوە
چەند دوورمبخەیتەوە لە خۆت
ئەویینی تۆ ڕێگا و جێمە،
ئەو ئاسۆیەی تێتدا هەڵهاتووە تاریکە شەوە
منم تریستان* زامدارێکم لەم کەنارەدا فریامبکەوە،
نیگارت دەکەم بە گەوەی شاخی بیرەوەرییەکانمەوە
من توونی باباتم لە دەرگام بدە با ژیانمت بۆ بکەمەوە،

لێرە بەندی وەی خەمم
لێرە جارێک تنۆکی باران جارێکیش دڵۆپێ ئەشکی شەمم،
نێوانی خۆشەویستیی و ڕق باریکە وەک تاڵێ موو
ڕۆژانێک بوو یەک گیان بووین
هەنووکە خەریکە دەبینەوە بە دوو،
لەیەککاتدا شنەی شەماڵی قاقات و کڵپەی ئاگری تووڕەبوونتم
مەودایەک نەماوەتەوە بۆ خۆشەویستیی
هەنووکە هەوری خەم، بۆرانێکی ڕۆژانەتم،
دەمڕەنجێنی بە ژەهری وتەتەوە دەناڵێم
لە نەورەسێکی خەمبار دەچم گۆرانیی بۆ مەرگێکی جوان دەڵێم،

گەڕانێکی بێکۆتا بەدوای تۆدا
ئەی ئاسوودەیی تۆ ئامانجیت لەم ڕێگا پڕ هەنسک و خەمەدا،
کەی دەتدۆزمەوە؟
پرسیارێکی کلافەییم دەمەوێت گرێکانم بکەمەوە،
لەوەتەی هەم لە گەڕاندام بەدوای بەختەوەرییدا
ئاخر تاکە ئەرکی من بەختەوەربوونە
هەڵکێشانی ڕەگی خەمە لە ژیانێکی پڕ دەردەسەرییدا،
هەنووکە بەم هەموو خەمەوە
دەست بۆ تاڵێ لە پرچی خۆر دەبەم
بەم هەموو نیگەرانییەوە
تەنها گەرمیی تۆ شکدەبەم،
بریینێکی ڕیش سپییم
شەو نییە مۆمێک بۆ تەنیاییم هەڵنەکەم،

تەنیاییی پێکێک شەرابی فرێنکیی* نییە لە بارێکدا بیخۆمەوە
تاڵە موویەکە نێوانمان کەچیی هەستدەکەم لە هیچ کوێیەکدا جێگام نابێتەوە،
لەگەڵ خۆردا ڕێگا دەبڕم
بە شنەی "با"یەک تنۆکی تکاوی یادگارێکی تاڵ
لە بیرەوەرییمدا دەسڕم،
لەگەڵ خۆردا دەڕۆم
لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ڕووخسارم بە وشە ئەشۆم
وشەگەلێک کەس نەیگووتووە
لە گێلاسی گەیوو دەچن، کە بۆ وەرییین باڵیان گرتووە،
لەگەڵ خۆردا پیاسەدەکەم
لە هەناویا وەکوو مۆمێک ئەتوێمەوە
بۆنی ئارەقەی جەستەی دەکەم،
شەش ڕۆژ بەرلە پاییز
جیهان وێنەیەکی دی شکنابات وەکوو من زییز،
گوێم لە ترپەی لێدانی دڵتە
تێکەڵ بە هەناسەدانت بووم
نامۆیەکی شەکەتم هۆگری نۆتەکانی دەنگت بووم،
تۆ ئەو مەتەڵەی شانزدەی سێپتێمبەری
من نەبێت هیچ کەس هەڵتناهێنێ
نهێنییەکی نامەبەری،
نامەی خەمەکانی من بۆ قووڵاییی
لەگەڵ هەموو وەڵامێکدا بستێک زەویی بیرکردنەوەم جێناهێڵیت بە بۆشاییی،
زەویی ژێرپێی من بیرکردنەوەیە
گوڵی وشەی تیا دەچێنم
بۆ هێشتنەوەی جوانیی گوڵ وەک خۆی
چەکووشی پرسیاریان بۆ دەڕوێنم،
لەگەڵ خۆردا پیاسەدەکەم
نامۆیەکی سەرەڕۆم
هەست بە تەنیاییی خۆم دەکەم،

من لە منداڵییەوە فێرنەبووم کەویی بکرێم
من لە ئەزەڵەوە ڕانەهاتووم ڕەنگبکرێم،
نە خودام هەیە نە ڕەوشت
ئیدی با ئێوەش بەردبارانم بکەن

لە وردتانەوە هەتا درشت،
نە ئایینم هەیە نە باوەڕ
با گوێکانیشم وەڕسبن لە حەپەی سەگوەڕ،
داوام لە دایک و باوکم نەکردووە دروستمبکەن
لێ ڕەوای خۆمە نەهێڵم زنجیرێک لە دەست و پێ و قفڵێکیش لە دەمم بدەن،
ویستم نەبووە فلیقاوەی ژێر بەرداشی ئەم خەڵکە بم
ئازارێکی نهیلیستم بە مردووییش نەڕەیەکی دەنگ بڵندی دژ بە ئێوە دەبم،
لە ڕەساسییدا دەژییم
ئیمشەو ئارەزووم هەیە بگرییم،
دەمەوێت پەڵاسی نێودەمی دیلێکی ڕەساسیی بکەم
دەمەوێت توند بینووسێنم بە خۆمەوە
دەمەوێت مۆمێک بۆ ئازادیی هەڵبکەم،
من خۆم دیلم کەچیی هەوڵی ئازادکردنی تۆ دەدەم
کلتوور پێیەکی شکاندووم
کەچیی گوڵێک لە ئێخەی هەنگاوی تۆ ئەدەم،
ڕێگایەکت هەیە بۆ ئازادیی
ڕەساسییەکی خەمباریت
کەسێک دارە دارەی پێ نەکردی
گریانێکی بێدەنگ بوویت
تاوانبارێک ئارەزووی لەسەر ڕۆدەکردیت،

لەگەڵ زەردەپەڕدا
لەگەڵ هەنسکی خەمەکانمدا،
بە چرپە دەتدوێنم ئەی خۆر
دوا دەستی هانات بە سەرمدا بهێنە
ناخم پڕ بکە لە ڕووناکیی ڕزگارم بکە لە بریینی شیین لە بریینی مۆر،
سبەی پاییزە
دوای دەیان ساڵ ئەم دڵەم هەروەک سەرەتا زییزە،
ئەی خۆر بمکەرە هەناوتەوە
بریینێکم لە شاتوویەکی وەریوو دەچم
کەسێک شکنابەم لەم سەرڕێگایەدا کۆمبکاتەوە،

لە یەکەم شەوی پاییزدا
لەژێر نمەی بارانێکی کەمدا،

**به چرپه ئەدواین**
**خاڵیی خاڵیی بووین لە خەم**
**بەتەنها بۆ یەکدیی ئەژیاین،**
**لە دوورەوە ڕووناکییەک نیگای دەکردین**
**لە نزیکەوە هەناسەمان چواردەوری بە هەڵم دەگرتین،**
**لە دوو مۆم دەچووین، کە بەسەریەکدا دەتوێنەوە**
**لە دوو تینوو دەچووین، کە لە یەک کانیی دەخۆنەوە،**
**لەنێوانی هەڵم و هەناسەدا ئارەزوویەکی شاراوەین**
**نووساوین بەیەکەوە دوو مرۆڤی نامۆ و بریین کولاوەین،**

**ئازادیی مرۆڤ لەوەدایە، کە توانای بڕیاردانی هەبێت**
**بەختەوەریی ئەو لە ئازادبوونیدایە**
**ئاخر مرۆڤ، کە ئازاد نەبوو هەرگیز ناتوانێت بەختەوەربێت،**
**ئەی مرۆڤ تاکە ئەرکی تۆ ئەوەیە بەختەوەربیت**
**من بەزەییم پێتدانایەتەوە، چونکە دەمەوێت خاوەن هێز بیت،**
**هێز بۆ ئەوە نا فەرمانڕەوایی خەڵکیی بکەیت**
**بەڵکوو تاکە سەرداری ژیانی خۆت بیت،**
**ئەی مرۆڤ خاڵییبە لە بەزەییی و لێوانلێوبە لە هێز**
**هێزێک بتگەیەنێتە سەرومرۆڤایەتیی و مرۆڤێکی خاوەن ڕێز،**

**نێوانی بەختەوەرییی و خەمۆکیی من تاڵەموویەکە**
**ڕەنگی من ڕۆژێک ئاڵە وەک گوڵ**
**ڕۆژێکیش تەمی سەر ڕووخساری ئاواییەکە،**
**نێوانی خۆشەویستیی و ڕق نووکە دەرزییەکە**
**سەرەتا منت خۆشویست بە دڵ**
**هەنووکە بیرکردنەوە لە خۆشەویستیی وەک ئازاری دوورییەکە،**
**چوار ڕۆژە، کەچیی دەڵێی زەمەنێکە**
**چوار بارانی سوێیە، کەچیی دەڵێی بیری تەقیووی حەوشەی ماڵێکە،**
**چوار ڕۆژە، کەچیی دەڵێی چلساڵە**
**دوو مەتر چوار گۆشە شکدەبەین**
**سنگمان داوە بە سنگی یەکەوە دەروونمان پڕ لە ناڵەی شمشاڵە،**

**لە بەستەڵەکی تەمەندام**
**نامۆیەکم نقوومی بێدەنگیی**

وا ئاسان نامدۆزیتەوە، لە قوولاییی تارییکییدام،
خۆرم بدەرێ بۆ گەرمبوونەوە
پاڵتۆی تووڕەییی دایپۆشیوم
ماچمبکە بۆ ڕووتبوونەوە،
بمدەرێ خۆر
لێرە لە تارییکییەوە زیاتر تامەزرۆیم
تارییکیی چاوگەی دوودڵییە
من لێرە ئاوەڕۆیم،

ئەم دیوارە تێکدەشکێنین
لە مێژووەوە دەڕۆین بۆ ئایندە
ئەم سنورە بە بیرەوەرییەکانمان ئەسپێرین،
ئەم سنورە دەبەزێنین
زنجیرەکانی دەست و پێمان بە هاوارێک ئەپسێنین،
ئازادیی ئێمە لە نەمانی ئەم سنورەدایە
بەبێ ڕووخانی ئەم دیوارە
خۆری ئایندەی ئێمە قەت هەڵنایە،

جیهانێکی تر
لەوێندەر کوردستانێک لێرە ئازادتر،
کوردستانێک لە ئازادییدا
نیشتیمانێک لە ئاشتییدا،
لەوێندەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی
لێرەڕا کلتوورێک بۆ ژێردەستیی،
لەوێڕا کورد خاوەن هێز و دەستەڵات
لێرەڕا بێهێزییەک لە باکوورەوە بۆ باشوور
لە خۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات،
بۆئەوەی بە ئازادیی لە ئاشتییدا بژیین
دەبێت ئەم کلتووری ژێردەستییە بکووژیین،

وەرە با هاوڕێی یەکبین
وەرە با لە خۆشییدا تۆنی قاقای یەک پێکەنیین بین،
لە ناخۆشییدا یەک و
لە خەمدا یەک هەنسک و دڵۆپی یەک گریان بین،

وەرە پشت بنێین بە پشتی یەکەوە
لە هەرکوێوە مەترسیی ڕووی تێکردین
پێکەوە تێکیبدەینەوە،
وەرە با دەست بکەینە ملی یەکتر
ژیانێک بژیین لە جاران زۆر بەختەوەرتر،

داوا دەکەیت ئەم هەورە ڕابماڵم
خۆرەتاو بکەمە میوانی ماڵم،
شەستەی ئەم بارانە بە من خۆشناکرێتەوە
ئەو مۆمە کوژاوەیەی ناو دڵت تەنها بە من هەڵدەکرێتەوە،
تەڕ تەڕم
بەم هەموو خەمەوە نامۆیەکی هەنگاو سڕم،
تۆ وادەزانیت من بەهێزم و بەرگەی ئەم هەموو ژانە دەگرم
لێ من تەنها شاعیرێکم لێرە فرمێسکەکانم بە وشە دەسڕم،
ژیانم پڕە لە جەنجاڵیی
نامۆیەکم هەموو شتم لا ئاساییە
نهیلیستێکم لە هەموو باوەڕێک خاڵیی خاڵیی،

مرۆڤ چەند ملیۆن ساڵی ویست هەتاوەکوو بووە کۆیلەی ئایین
بوو بە ویستێکی گەورەی ئازار و خاڵیی خاڵییش لە ژیین،
ترس ئەرکی سەرشانی مرۆڤی ئیمڕۆیە
ترس لە سزا
ترس لە یاسا
ترس لە خودا
ئەوەی مرۆڤی ئیمڕۆ پێویستیەتی درۆیە،
درۆ بەشێکی گەورە و گرنگی ژیانی مۆدێرنە
درۆ بۆ مانەوە لە ژیاندا هەوێنە،
هەوێنی بەرهەمهێنانی هونەرێک، کە لەگەڵماندا لەدایک دەبێت
هەوێنێک هەتا ئێمە لە ژیاندا بین ئەویش نامرێت،
کێ هەیە ئیمڕۆ پێویستی بە درۆ نەبێت؟
کێ هەیە ئیمڕۆ لەپێناوی ژیاندا سەری زمانی چرۆی درۆی نەگرتبێت؟
لە ئیندیڤیدووالەوە بووین بە خێزان
لە خێزانەوە بووینە هۆز
لە هۆزەوە بووینە نەتەوە،

کەچیی هەروەک یەکەمیینجار دەیان دەرگامان بۆ شەڕ لەسەرپشتە و یەک دەرگامان بۆ پێکەوە ژیان نەکردۆتەوە،

لەگەڵ سپیدەی بەیانییدا
لەگەڵ وەرییینی دەیان گەڵای گازەڵییدا،
دەڕوانمە ئەو دیمەنەی سروشت لە ئیمڕۆدا
سەرنج ئەدەم لەو مەلانەی دێن و دەچن لەبەردەمی پەنجەرەکەمدا،
پاییزە درەختەکان بەرگیان دادەکەنن
کچە چنارەکان دەست بە مەمکی یەکتردا دێنن،
پەلەیانە سنگی ڕووتیان بدەنەبەر یەکەم نمەی باران
خەو بە بەفرەوە دەبینن لە باوەشیاندا بینوێنن تا بەری بەیان،

بەم هەموو نیانییەوە
بەم هەموو نازی جوانییەوە
بە سەری پەنجە ئەمدوێنی
جوتیاری ئەشقیت
شەتڵی ئەویین لە ڕۆحما ئەڕوێنیت،
وەک ئاگرێک جەستەم پڕدەکەیت لە کڵپە
ئەمسووتێنیت و خۆیشت لەناکاودا هەڵدێیت بە هەڵپە،

لەگەڵ وەرییینی هەر گەڵایەکدا
دەنکێ لە ملوانکەی بەختەوەرییم بەردەبێتەوە
ڕۆژێک دادێت وا وشکبم تا هەتایە سەوز نەبمەوە،
دەمەوێت لە جیهانێکدا ئازاد بژییم
دەمەوێت خۆم بم نەک تا مەرگم بۆ نەبوونی خۆم بگرییم،
چۆن ببم بە خۆم؟
خۆمێک، کە پێناس لە سروشتم بکات،
چۆن دەربازبم لێت؟
دەربازبوونێک، کە لە ئاوتۆریتێتی دەستەڵات خاڵیی خاڵییم بکات،
چەند ئەستەمە ژیانێک بژییت، کە چرکەیەکی ویستی خۆت نەبێت؟
چەند سەختە بە باڵێکدا سەرکەویت و پێی هەڵهێنانەوەت نەبێت؟
ترسم هەیە لە خۆم
زیرەم کردووە لەوەی بەیانییەک هەڵبستم لە خەو و دەمووچاوم بە دیلێتیی بشۆم،
دیلی ئاوتۆریتێت

دیلی ژیانێک، کە چرکەیەکی هی خۆم نەبێت،
هەستدەکەم بەشێکم لە کۆیەکی سەپێنراو نەک لە سروشت
خاڵیی خاڵییم لە ئینستینکت
لێوان لێوم لە ترس لە هێرشەکانی حکومەت و ڕەوشت،
دەگەڕێمەوە باوەشی سروشت
دیوارێکی بڵند بە دەوری خۆمدا دروستدەکەم
دیوارێک لە گابەردی بەرەنگاریی
دەجەنگم دژ بە ئاوتۆریتێتی حکومەت
بە هێزی مێشک بە هێزی مەچەک و مشت،

ئەوەی ئەو بە خۆشییەوە دەیەوێت نەزانیینە
ئەوەی چێژێک بە ژیانی ئەو دەدات کولاندنەوەی برییەنە،
ئەو ژنێکە یاریی بە ئازارەکان دەکات
یان پیاوێکە لەسەر هەموو ژانێک مۆمێک بۆ بەختەوەریی خۆی هەڵدەکات،

من هەنووکە، کە درۆیەک بکەم
بە زانیین و ویستەوە، تەنها ڕاستییم گووتووە
بە ناخی خۆمدا ڕۆیشتووم، دەستی ڕەسەنایەتیی خۆم گرتووە،
ئەی ڕەسەنایەتیی ناخی خۆم دەمەوێت بتناسم
دەمەوێت بەرزت بکەمەوە بۆ لوتکە و بێهێزییت بە دەستی خۆم هەڵبواسم،

لەژێر نمەی بارانێکی نۆڤێمبەردا
تەڕ تەڕ لەگەڵ سەما و فڕیینی باڵندەکاندا،
دەگەڕێم بۆ فریکوێنتسێک
بۆ شەپۆلێکی نادیار
بۆ ژیانێکی ژیریار،
بۆ جیهانێک لەناو جیهانی دیاری ئێمەدا
جیهانێک بەهێزتر بەسەر تواناکانی ئێمەدا،
ئێمەیەک، کە باوەڕمان بە جیهانگەلێکی ئاوها نییە
کە هەستمان بۆ ئەودیوو سنورەکانی بیرکردنەوەمان نییە،
باوەڕمان بە هەوا هەیە، کەچیی کەسمان نایبینیین
شەپۆل شەپۆل گوێ لە ئێستگەکانی ڕادیۆ دەگرین
بێئەوەی کەسمان خەتێکی چییە بیبینیین،

کێ هێشتا خۆشی دەوێم؟
کێ دەتوانێ بێئەوەی دڵم بشکێنێ لەگەڵی بدوێم؟
بمگەنێ بەم هەموو داخە سوورەوەبوانەوە
تیمارم بکەن بەم هەموو پەڵە شینەوەبوانەوە،
پەڵەی برینی من لە هیچ کەسێکی تر ناچێت
دەروونی من هێند وێرانە بە سەدان پزیشک ئارام نابێت،
من کێم هەبوو بەدەر لە خۆم؟
تەنیایەکم ڕۆژێک نییە ڕووخسارم بە گریان نەشۆم،
گریانێکی ناوەکیی و بێدەنگ
تەنیاییەکی نادیاری بێڕەنگ،
پێتانوایە من کوڕی قاقا و پێکەنینم
نابینن، کە هیچ واتایەکی نەماوە ژیینم،
ژیانم بێ بەهایە، ئەوەی هەمە بیدۆڕێنم ئەدەبەکەمە نەک ژیان
ڕۆژانەم پڕ ئازارە، وەرن کولێرەی خەم لای من بەرن بەری بەیان،

چەند تەنیام لەم خەونانەدا
چەند بێدەنگم لە ئاگری ئەم خەمانەدا،
یەکترمان خۆشدەوێت یان ڕقمان لە یەکترە؟
سنورەکانی یەک پێنازانین یان حەزمان بە ئازاردانی یەکترە؟
خەونێکم هەیە وا لێرە وشکدەکات
ژیانێکم هەیە وا لێرە ئارەزووی مردن دەکات،
لێناگەڕێن بڕۆم خەونەکانی خۆم بژییم
یان ویستمە لێرە تەنها بۆ خەونەکانم بگرییم؟
کە مرۆڤ خەونێکی هەبوو دەبێت لێبگەڕێن خەونەکانی بژیی،
ئەو مرۆڤەی دوای خەونەکانی نەکەوێت
هەتا مەرگی بۆ نەهێنانەدییان دەگریی،
لێمبگەڕێ بەر لە کریستمس تایم بڕۆم
لێمبگەڕێ خەونێکم بژییم
لێمبگەڕێ پێبکەنم و تا هەتایە چیدی نەگرییم،
ئەم بەیانییە لە ڕەگەوە خۆم هەڵدەکێشم
لەگەڵ خۆمدا بەشەڕ دێم
ڕەنگی بیرکردنەوەیەکی تر دەڕێژم،
لەم بومەلێڵەدا مۆمێک بۆ ئایندە پێدەکەم

بینای بیرکردنەوەم بە خشتی خەیاڵ لێدەدەم
وەها دروستدەبمەوە، کە بەسەر سەردەمەکەی خۆمدا بازبدەم،
هەر ئێستا دەچمە لای ئەندازیارێک نەخشەی ژیانێکی نوێم بۆ دروستبکات
ژیانێکم دەوێت لە ئایین و ڕەوشت و ئاوتۆریتێت خاڵیی
ژیانێکم دەوێت قۆڵەکانی وەک ملوانکە لە ملم بکات،

**وا هاتمە لات، ئەمە زەویی** تەختی من
ئەوە ڕۆحێکی زامدار، ئەوە دڵی هەنجنهەنجکراوی من،
شەوم تێپەڕاندووە و ڕۆژ لەپێشمەوە
باری دەیان ساڵ خەمم بەخۆمەوە بەستووە
هاتووم لێرە لەلات بم نامەوێ چیدی بڕۆمەوە،
ئەفرۆدیتە دەشێت من لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ناوەندی ڕۆمدا سووتێنرابێتم
دەشێت خودی سیسیفۆس بووبێتم
زنجیرێکی بەهێزم لە گەردنی تاناتۆس ئاڵاندبێ
بۆ تووڕەکردن دەیانجار تسۆیسم لە شیرینی خەودا ڕاچڵەکاندبێ،
ئارێس نەبایە من دەمێک بوو مەرگم کووشتبوو
دەمێک بوو ملوانکەی ئەفسانەیەکم لە گەردنی ئەویش کردبوو،
تاوانی من ئەوە بوو بە ئاسۆپۆسم گووت: تسۆیس کچەکەتی ڕفاندووە
من هیچم نەکردبوو
پاشایەک بووم ڕاستییم بۆ خوای ڕووبار درکاندبوو،
پاداشتی من سەرچاوەیەکی ئاو بوو
سزای من سەرخستنی گاشەبەردێک بوو بۆسەر لوتکە
بەرلە گەیشتنم خلدەبۆوە، ژیانم لێوانلێوی ئازار و ژان بوو،


**سیسیفۆس: دروستکەری وێنە: فرانتس فۆن شتوک** 1920

هایکە: دەستێک بەسەرمدا دێنێت و بەرانبەرم دادەنیشێت
ئەو هیچ ناڵێت، تەنها نیگاکانی دەمدوێنێت،

لاس: هایکە منم لاس
منم خەمبار وەک خۆرئاوابوون
منم تەڕتەڕ وەک گێلاس،
تەڕ وەک بارانێک چلۆن بەخۆشییەوە بۆ ژیانی سروشت دادەکات
وەک دڵۆپێک فرمێسک، کە لە خۆشییاندا کوڵمی کچۆڵەیەک تەڕ دەکات،
منم لاس خەمبار وەک زەردەپەڕ
وەک کەلاوەکانی دوای کارەسات و شەڕ،

هایکە: ئەگەر چا نا ئەوا کافێ؟

لاس: کافێ تکایە.

هایکە: خەمەکانی تۆ زەردە وەک هاوینێکی بێ بارانی دێ
وەک خەمە شاراوەکانی دڵی کچێ،

لاس: نامەیەک بە کلوویەک بەفردا
نامەیەک تەڕ تەڕ لە نیوەڕۆیەکی دیسێمبەردا،
ئەو دەمەی تاریکی گووند دەگرێتە باوەش
دەبمە ئێشکگرێکی خۆبەخش،
ئەو دەمەی چیدی پێکانم توانای ڕاگرتنی جەستەمیان نامێنێ
ئەو دەمەی سەرم وەک هەور بۆ خەوێک دەگرمێنێ،
لە دەرگای تاریکیی شەو دەدەم
چرایەک دەرگام لێدەکاتەوە
دەست بۆ ڕووخساری سوورەوەبووی دەبەم،
چرایەک، کە نامسووتێنێ
چرایەک، کە لەگەڵ خۆیدا دامدەگیرسێنێ،
چرایەک لەگەڵ خۆیدا لەگەڵ شەودا دەمکاتە مێژوویەک
مێژوویەک جوانتر لەوەی، کە هەمە
مێژوویەک ڕووناکتر لەوەی، کە ناوی شەمە،

هایکە: دەیان پرسیار بە هەناسەبڕکێوە تەپەتەپ لە دەرگای بیرکردنەوەیان دەدام
دەیان وەڵام لە قوڵاییەوە بەردی شەڕیان بۆ هەڵدەدام،
من پەپوولەیەکم تەنها هاوڕێی گوڵەکان نیم
بە حەزەوە لە گڕی هەموو چرایەک نزیکدەبمەوە
ئازارچێژێکم بە هەڵپروسکانی باڵەکانمەوە ئەتلێمەوە،
سەیرە، کە تۆ من ناسووتێنیت
ئەوەی هەنووکە بێباڵی کردووم تۆ نیت،
ئەوەیە، کە تۆ دادەگیرسێنێت و دەتکووژێنێتەوە
تۆ سەگێکی پەتکراویت بەقەد درێژیی پەتەکەت دەڕۆیت
ڕۆژێک لە دەرەوە دەنوویت، ڕۆژێکیش دەرگات لێدەکاتەوە،

لاس: بە سەرسووڕمانێکەوە: ئاخر هایکە من سەگ نیم
نائاگایەک، دیلێک یان شتێکی دیم،

هایکە: بە هەناسەیەکی قوڵی سووتێنەرەوە
تۆی شاعیر لە شوێنکی وادا هەتا مەرگت سەگێکی پەتکراویت
بە بیرەوەرییەکانت دەژییت، نامۆیەکی دۆڕاویت،

لاس: ئاخر هایکە

هایکە: دەزانم پەتی بەرگەت باریکە،
بەرگەی ئەو هەموو مانەوەیە دەگریت هی وشە نەبێت
جێگات بۆ دەیان گابەردی خەم هەیە بۆ ئازادابوونی خۆت نەبێت،
ئەم دڵەی تۆ بۆ خەڵکیی ڕۆشناییە و بۆ خۆت بۆمبا
هاکا ڕۆژێک پێتدا تەقییەوە پارچەی گەورەت دەبێتە تۆزی بەر گڤەی "با"،

لاس: چەندیین ڕۆژە جەستەم سەراپای ژانە
سەرم پوورەی خەم
دڵم هەوارگەیەکی چۆڵ، ئەوەی ئەو ڕقی لێیەتی ژیانە،
لێرە بێ بەهایی ژیانم نیشاندەدەن
کەی بیانەوێت بۆ تووڕەکردنم لە دەرگام دەدەن،
لێرە فێردەکرێم چلۆن قێزم لە خۆم و لە ژیان بێتەوە
بەری خۆری ئاسوودەییم بە بەردی خەم پێدەگرن، تا هەتایە نەکرێتەوە،
من لێرە هیچ نیم بێجگە لە ماریۆنێتێک

کۆیلەیەکم خاڵیی لە هەموو خەڵوەتێک،
بیر لە ئازادیی دەکەمەوە، لێ نازانم چلۆن
هۆگری ئەم دیلێتییە خۆبەخشەم
سێ پاسارییی ڕۆحم دەخۆن،
ئەوان جریوەی خۆیان لە ڕۆحی تێکشکاوی مندا دەخوێنن
چ کاتێک من دەمم لە قوڕی ڕۆژگارێک بچەقێت
ئەوان بە دەنووک دەفی سەری خۆکووشتنم دەژەنن،

هایکە: ڕۆژانە بە هەموو شەوێکی تۆ خۆشبەختم
ئەو شەوانەی بیر لە سبەی ڕۆژم دەکەمەوە تێدەگەم چ بەدبەختم،
چ بەدبەختم لە هەر هەنگاوێکدا بەبێ تۆ
سەگەکەشم هەست بە تەنیاییم دەکات، بۆیە شەو و ڕۆژ گرتوومیەتە خۆ،
دڵخۆشم بە هەموو چرکەساتێکی دوانیوەڕوانت، هەموو شەوانێک
بە هیوای تۆوە لە خەو هەڵدەستم، هەموو بەری بەیانێک،
دەترسم ڕۆژێک دابێت نەیەیتەوە
ترسم هەیە لەوەی دەرگا لە هیچ نامەیەکم نەکەیتەوە،
دەترسم لەسەر ئەم ڕێگایە لە چاوەڕوانیی تۆدا ئاوی پێم دابێت
تۆش دوا هەناسەت لە سپیدەی بەیاندا دابێت،
ئاخر ئەو دڵەت جێگای ئەم هەموو خەمەی چلۆن تێدا دەبێتەوە؟
ئاخر کەسێک تۆی خۆشبوێت چلۆن دەرگای ڕۆیشتنت لێناکاتەوە؟
ئێواران بە هەموو نیوەڕوانێکی تۆ دڵخۆشم
مەی خۆرەوە نیم، کەچیی هەموو کۆتایی هەفتەیەک بە بیرەوەرییەکانت سەرخۆشم،
هەموو کۆتایی هەفتەیەک بە ڕۆژانی ڕابووردت بەختەوەرم
بە بۆنی شەوانت دەژییم، ئەی لاسی من ئەی سەروەرم،

لاس: هەناسەیەکی قوڵ
پڕ کسپە، پڕ هاوار و قیژەی شوڵ،
سەری لە بێشەی دەستیدا دەژەنێت
ئەژنۆکانی بە خەمەوە لە باوەش دەنێت،
بە دەنگێکی لانەواز دەڵێ: ئەژنۆکانم دۆستی هەمیشەییمن
ئەوان هاوڕێی کوێرەوەرییمن،
کێ مابوو بە گریەوە جێمنەهێڵێت؟
کێ مابوو بۆ بەختەوەریی گلێنەی چاوەکانم دەرنەهێنێت؟
دەترسم بمرم و بە ئەفرۆدیتە نەگەم

دەترسم بمرم و چیدی بۆنی ئەگریجە و گەردنی نەکەم،

هایکە: بە ڕووخساری مانگێکی گەشەوە
بە دوو ئەبرۆی کەوان و دوو چاوی مەستەوە،
بە ڕیتم و ڕیتوالێکی خواوەندانەوە دەڵێ: مێژوو پرۆسێسی گۆڕانێکی لەسەرخۆیە
تۆش دەگۆڕێیت، چاوەکانت بکەرەوە ناسینەوە ڕێگای تۆیە،
دڵخۆشم بە هەموو دیدەنێکت ڕۆژ و شەو
ئەی لاسی من، ئەی دیدە خەمبار، ئەی شەوانی پڕ لە خەو،
خەونی سەوزبوونەوەی وەرزەکان
خەوی ڕۆچوونەوەی زامەکان،
خەوی ژیان
خەوی ڕەوینەوەی ژان و گریان،
وەرە توونـد تووند لە خۆمت بگرم
وەرە هەرچیی ئەشکی تەمەنتە بە لەپی لێو بۆت بسڕم،
وەرە بنوو لە ئامێزما
وەرە لەلات بم هەتا هەتایە نەڕۆم، ئەگەر خواوەندەکانیش بنێرن بە شوێنما،

لاس: بە وەنەوزەوە دەڵێ: بمنوێنە
دەست بۆ هەرکوێیەکی جەستەم بەریت پڕە لە نەفرەتی ژیان، ژیانم لێرە پڕی جوێنە،
بمنوێنە
بە هەناسە و بە تروکانی چاو بمدوێنە،
دەمەوێت بنووم و هەڵنەستمەوە
ئاخر لە خەودا هێند ئاسوودەم ترسم هەیە بە ئاگا بێمەوە،
بەئاگام مەهێنەرەوە نەبادە ڕۆژێکی ڕەش چاوەڕوانم بکات
لێگەڕێ بنووم نەبادە هەڵبستم و ڕۆژێکی شووم تف لە تەختی نێوچەوانم بکات،

ڕەگی ئەم گفتوگۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەیانییە سەرسووڕهێنەرەم، کە کۆسان و تەلاس لە خەویان هەڵستاندم. وەک بۆیانگێڕامەوە ئێمە هەرسێکمان لە خەوێکی وەها خۆشدان بووین وەکئەوەی بڵێی نیازمان نەبووبێت لە خەو هەڵبستین. لە کاتژمێر نزیکەی نۆی سەرلەبەیانییدا دەنگی بڵندی باڵندەیەک کۆسان و تەلاس لە خەو هەڵدەستێنێت. تەلاس چاوەکانی دەکاتەوە و تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات لە پشتی سەریەوە باڵندەیەکی ڕەنگاڵە دەنگێکی بڵندی لێبەرزدەبێتەوە و دەیداتە شەقەی باڵ، بەدوایدا دوو باڵندەی تریش بە دەنگی بڵندەوە دەفڕن. کۆسان بە منگە منگێکەوە گووتبووی: خۆ زووڕنایەکیش

هەرئەوەندە دەنگی تیژە. پاشئەوەی ئەوان دەبینن، کە من هێشتا نووستووم سەریان دەسووڕمێت و کۆسان دەڵێ: لاس و بەیانییەک ئێمە لە خەو هەڵستابێتین و ئەو هێشتا خەوتبێت؟! تەلاس گووتبووی: دەبێت ئەم ڕۆژە بچێتە مێژووەوە. کۆسان هەوڵیدابوو لە خەوم هەڵبستێنێت، لێ بەئاگانەهاتبووم، وەک بۆیانگێڕامەوە وەک منداڵێکی سێ ساڵەی هۆگری دایک نووستبووم. نووستنێک، کە یەکەم شەوی منداڵێکی سێ ساڵە بێت بەبێ باوەشی دایکی. منداڵێکی سێ ساڵە، کە ئەژنۆکانی توونند لە سنگی جووتکردووە و دەستەکانی خستۆتەوە نێوەندی ڕانەکانیەوە. لەکاتێکدا کۆسان ویستبووی لە خەوم هەڵبستێنێت من بە دەم خەوەوە وڕێنەم کردووە و گووتوومە: دەمەوێت بنووم و هەڵنەستمەوە، ئاخر لە خەودا هێند ئاسوودەم ترسم هەیە بەئاگا بێمەوە، لێگەڕێ بنووم، نەبادە هەڵبستم و ڕۆژێکی شووم تف لە تەختی نێوچەوانم بکات. لێ من دەڵێم: هەموو وڕێنەیەک جۆرێکە لە ڕاستیی. من دڵنیام ئەم وڕێنانەی من ڕاستییەکانی ئایندەن، لە ئایندەشدا دەبینین، کە ئاخۆ من تووشی ئەو ڕۆژگارە شووم و ناخۆشانە دەبم یان نا؟ ئەگەر ئێستاش نەزانم هایکە کێیە ئەوا لە ئایندەدا بۆم دەردەکەوێت. ئاخر بۆچیی دەبێت ئەو بە من بڵێ: وەرە هەرچیی ئەشکی تەمەنتە بە لەپی لێو بۆت بسڕم، وەرە بنوو لە ئامێزما، وەرە لەلات بم هەتا هەتایە نەڕۆم، ئەگەر خواوەندەکانیش بنێرن بە شوێنما. کێ هەبێت وا بە کۆ باس لە خواوەندگەلێک بکات نەک خودایەکی تاک و تەنها؟! کێ هەبێت خواوەندگەلێک بنێرن بە شوێنیدا و ئەویش باکی پێی نەبێت؟

هایکە: سێ ڕۆژ و سێ شەوە
ئەوەی ئارەزوویم بۆی نەبێت خواردنە خەوە،
نەخۆشخانە نەما هەواڵی تۆی لێ نەپرسم
ئەم هەموو پەیامەم بۆ ناردیت
لە هەواڵی مەرگت زۆر دەترسم،
هایکە چیی بکات؟
ئەم هەموو ئاوی چاوە لە کوێ ڕۆبکات؟
سێ ڕۆژ و سێ شەوە چاوم لەسەر ڕێگای دەرکەوتنتە
ئەو ڕۆژەی ئەم زنجیرەی دەست و پات دەشکێنیت ڕۆژی سەرکەوتنتە،

لاس: شەو و ڕۆژ لە خەمی ئەم ژیانەدام
چاوەڕوانی بچووکترین هانام دەکرد
میهرەبانێک لە دەرگای نەدام،
من بەم هەموو ژانەوە لە عیسایەک دەچم

له خاچدراوێکم پێی هەڵهێنانەوەم نییە بۆ هیچ کوێیەک بچم،
کێ هێشتا خۆشیدەوێم؟
کێ لە خەمدا هاوڕێمە، کێ لەم تارییکییەدا دێتە سەرڕێم؟
کێ دەستی بۆ سەری پەنجەی ژانم درێژدەکات؟
کێ دەیەوێت لە کڵپەی ئەم ئاگرەدا دەرمبهێنێت نەک تەماشای سووتانم بکات؟
کزەیەکی ساردی پاییز
ڕێگایەکی گازەڵیی هێند ئەم دڵەی من زییز،
نەورەسێک بەسەر سەرمەوە دەزریکێنێ
دەنگێک لە ناخمدا بە چرپە ئەمدوێنێ،
دەنگێک میهرەبانتر لە نۆتەکانی باران
بە ڕیتوالێکی کریستماسەوە دەمباتەوە بۆ ڕۆژگاری جاران،
جارانێک، کە وەک ئێستا دیلی هیچ شتێک نەبووم
نامۆیەک بووم وەکوو ئێستا نووقمی خەم نەبووم،
هەنووکە ژیانم لەژێر دەستی خەمدایە
ڕۆژگاری شووم چاوی بە ڕوومدا هەڵنایە،
پێویستە بەم ڕێگایەدا بڕۆم
ڕۆژانە دەیانجار ڕووخساری ماندووم بە گریەی خۆم بشۆم،
من فێربووم گریانێکی وشک بگرییم
فێربووم لە تەنیاییدا بۆ خەمی مرۆڤ بژییم،
بە بیرمدێ، کە منداڵ بووم
نووقمی ئازار گیرۆدەی خەم و ژان بووم،
لەگەڵ جریوەی پاسارییدا بەری بەیان
خەمی من هیچ نەبوو بێجگە لە خەمی نان،
نانێک، کە لە گەرووی شێردا بوو
نانێک، کە لە نێوان شەقی بەعس و گوللەدا پەیدا دەبوو،
منداڵێ بووم لەنێوانی ئازادیی و ناندا ڕاوەستابووم
من هەردووکیانم دەویست
بەبێ نان نە دەژیام، ئازادییشم بەقەد نان خۆشدەویست،
من فێربووم بۆ هەردووکیان بگرییم بەبێئەوەی پێڵووم تەڕ بێ
منداڵێ بووم، گریانێکی وشک دەگریام بەبێئەوەی کەس پێمبزانێ،
کەس توانای کردنەوەی کۆدەکانی ئەم گریێەی منی نییە
دڵم هێند تەنگە تاکە نۆتەیەکی بۆ پێکەنینێک تیا نییە،
پەلەیانە هەموو شتیان بۆ بگێڕمەوە
ڕۆژ نییە لە دەرگام نەدەن

منی بێدەست توانام نییە دەرگا لە کەسیان بکەمەوە،
شەو نییە زەنگم بۆ لێنەدەن
منی وێرانە ڕۆح زمان لە دەممدا نییە وەڵامیان بدەمەوە،
من نازانم لە ئایندەدا چییم بەسەردێ
لێ دەزانم ئێستا دڵم بەرگەی خەمێکی دی ناگرێ،
من "با"م لەکوێ هەستمکرد قەتیس بووم درزێک بۆ دەربازبوون دەدۆزمەوە
من دیل ناکرێم مشتی ڕۆژگار چەند توند لێمبدات، بە بێدەنگیی هەڵدەستمەوە،

هایکە: بە هەناسەیەکی قوڵەوە
بە دەستێکی لەرزیوو و ڕووخسارێکی سپیی سپییداگەڕاوەوە،
تۆ خەمی هەموو کەسێک دەخۆیت، خەمی خۆت نەبێت
زارت پڕە لە ئامۆژگاریی بۆ هەموو کەس، وەکئەوەی ژیانی خۆت کێشەی نەبێت،
دەیان گرێی دەیان مەلی تەرەت کردۆتەوە
کەچیی تاکە جارێک چییە بیرت لە خۆت نەکردۆتەوە،

لاس: دەستی ناوەتە ژێر چەنەی خەم
چاوەکانی لە زنەی کانییەک دەچن
ڕووخساری دەسووتێ وەک شەم،
بە خەیاڵ دەڵێ: دەمهەژێنی
وەک شاتووی شینەوەبووی گەییوو
لەبەرپێی حەزەکانتا ئەموەرێنی،
من بەم تەمەنەوە باڵەفڕەی ویستەکانی تۆم چۆن پێدەکرێت؟
من بەم هەموو خەمەوە
نازی ئەم هەموو ئارەزووەی تۆم چۆن پێهەڵدەگیرێت؟
لێگەڕێ گۆزەی سەرم لەبەرپێی خولیاکانتدا نەشکێ
لێگەڕێ ئەم پەنجانەم هەتا مەرگ گوڵی خونچەی باشە بگرێ،

هایکە: دەزانم، کە هەست بە نامۆیی دەکەیت
دەبینم خۆت لە بەردی سەرێگاکان لادەدەیت،
لێرە مرۆڤەکان هەست بە بەتاڵیی دەکەن
لێرە مرۆڤەکان لە بەتاڵییدا یاریی بە هەستەکانی یەکتر دەکەن،
ژیانیان لەنێوانی کار و خەودا دابەشکردووە
ئەم هەموو کاتەیان داوە بە خەو و کار
کەچیی هەموو تەمەنیان ڕۆژێکیان لە خوێندنەوەی کتێبێکدا خەرج نەکردووە،

ئێرە چیدی وڵاتی هزر و شیعر نییە
کەس گۆرانییەکی نوێ بۆ ئەڵمانەکان نانووسێت
لێرە کەس خۆشەویستیی بۆ بیرکردنەوە نییە،
چاوەڕێی چییدەکەیت؟
لێرە خەم وەک سێوی پاییز دەتڕزێنێت
شەوانە شەڕانگێزیی مرۆڤەکان شیرینترین خەوت دەزڕێنێت،
لێرە مرۆڤەکان چیرۆک دروستدەکەن و کۆمەڵگاش قاقا بە گێڕانەوەی پێدەکەنن
لە بەتاڵییدا تەلی پێکەنینی یەکتر بە ناوی ئێمەوە دەژەنن،

لاس: حەپەساوم نازانم چیی چاوەڕوانم دەکات
نازانم بەم شەوە خۆر هەڵدێت یان ئەوەتا لەبری باران خوێنی من یان هی تۆ دادەکات؟
هەڵدێم هەتا کەس ئازارم نەدات و ئازاری کەسیش نەدەم
هەڵدێم هەتا بە چەپۆک لە دەرگای هیچ کارەساتێک نەدەم،
هەڵدێم چونکە بە زیرەکترین بیرکردنەوەی دەزانم
هەڵدێم هەتا سبەی خەمی ئازاری هیچ کەسێ نەکەوێتە سەرشانم،
هەڵدێم و دڵم لەسەر لەپی دەستم داناوە
هەڵدێم و دەڕۆم بۆ شوێنێ هیچ کەس نەزانێت چیم ناوە،
دەگەڕێم بۆ شوێنێ مێژووی نەبێت
دەگەڕێم بۆ کۆمەڵگایەک ڕەوشتی نەبێت،
مێژوو و ڕەوشت کێردی سەر گەردنی مرۆڤن
ئەو کۆمەڵگایەی مێژوو و ڕەوشتی نییە بە تۆنێکی تر لەگەڵ یەکتر دەپەیڤن،
لێناگەڕێن هەتا قاقاکانیان دەمیان لە خوێنم وەرنەدەن
ئاسوودە نابن هەتا بە شەق لە دەرگای مردنم نەدەن
لە پشتی هەموو بکووژێکەوە کۆمەڵگایەک هەیە
بکووژەکان ویستەکانی کۆمەڵ پراکتیزە دەکەن
لە چەقۆ و گوللەی هەر بکووژێکدا قاقای تاکێکی کۆمەڵ هەیە،
ئابڕوو و کلتوور چەقۆی دەستی تەنها خۆرهەڵاتییەکان نییە
تەنها ژنانی لای ئێمە فلیقاوەی ژێر پێڵاوەکانی پیاوان نین
پیاوانی ئەم جیهانە لە سەندنەوەی تۆڵەدا هیچ جیاوازییەکیان نییە،
ئەم هەموو ژنە لە ئەوروپادا دیلی ویستەکانی پیاوانن
ئەم هەموو ژنە لە ئەوروپادا دەکووژرێن، کەچیی تەنها ئەوانەی خۆرهەڵات
نیشانەی زوومی میدیاکانی جیهانن،

هایکە: بپرسە لە خۆت
تۆیەک وەک مرۆڤ هەنووکە بەرهەمی ئەقڵی کلتووریت
لە سروشتدا جێگایەک نەماوەتەوە بۆت،
مرۆڤ بیری چۆتەوە، کە لە سروشتدا دەژیی
مرۆڤ بیری چۆتەوە چلۆن بەختەوەر دەبێت و بۆچییش دەگریی؟
مرۆڤ ناپرسێت مرۆڤ چییە؟
مرۆڤ ناپرسێت ئەو کێیە؟
کاتی بە هەموو دیلێتییەک داوە، کەچیی کاتی بیرکردنەوەی نییە،
ئەرکی من ئەوە نییە خراپە لەناوبەرم
کێ دەڵێ: من وەک باش، خراپەم نەکردۆتە چەتری سەرم؟!
چاکە لامان چییە، بەدەرلەوەی، کە ڕەوایەتییمان پێداوە؟
خراپە لامان چییە، بێجگەلەوەی، کە ڕوومان پێنەداوە؟!
چ شتێک نامرۆڤانەیە؟
چ شتێک مرۆڤانە تا ئەوپەڕی مرۆڤانەیە؟
مرۆڤ خراپەی لە چاکە زیاترە
ئیدی چلۆن خراپە مرۆڤانە نییە؟!
مرۆڤ لە بێهێزییدا بووەتە بوونیەتێکی خەمبار
دەنا نزمیی ئەو لە ئاستی ئاژەڵیشدا نییە،
بوونیەتێکم لە بوونمەوە هەتا ئێستا بوونی خۆم لەژێر پرسیاردا داناوە
لە بوونمەوە هەتا ئێستا بەدەر لە مرۆڤ ناوێکی ترم لە خۆم نەناوە،
ژیانم لەنێوان دوو جیهاندا بەشکردووە
ئەمیان ئاگاییە ئەوی تریان خەوە
منی هایکە هەردووکیانم لە خۆم مارە کردووە،

لاس: دەتوانم چیی بزانم؟
منێک، کە خەمی ئەم جیهانەم خستۆتە سەر شانم،
دەبێت توانای کردنی چییم هەبێت؟
هیوام بۆچییە لەکاتێکدا من باوەڕم پێی نەبێت؟
دە پێمبڵێ مرۆڤ چییە؟
من خەریکی ناسینەوەی خۆمم
تۆش هێشتا وەڵامی پرسیارەکانی منت لا نییە،
بەشێکم لە سروشت، کەچیی کلتوور سروشی دووهەمی منە
سروشتیی بوونیشم گرنگ نییە

تەماشابکە من وەک مرۆڤ چییم لە خۆم کردووە
ئەم هەموو ناتەواوییە بەرهەمی ئەقڵی منە،

هایکە: بڕۆ بنوو
بڕۆ ئاوێزانی ڕۆحتبە
بیرمەکەرەوە بڵێی هەبوو نەبوو،
بڕۆ بنوو
ببە بە بەرخێک، بێ بیرەوەریی بەبێ مێژوو،

لاس: من تەنها لە ئامێزی ئەفرۆدیتەدا بێخەمم
من بەبێ ئەو ژیانم یەکپارچە تارییکە
مەملەکەتێکم لە تارییکیی، ڕێگایەکی بێ تروسکە و بێ شەمم،
ڕێگایەکی بێ کۆتام هەموو دەمێک
ئەفرۆدیتە کەی دێیت لە ئامێزمکەیت کەمێک،
کەی دێیت توووند بمگریتە خۆت
کەی تەماشای هەڵهاتنی خۆر و ئاوابوونی بکەین
بە تەنها خۆم و خۆت،
خۆم خستۆتە باوەشی تۆوە
واهەستدەکە یەکەم دڵۆپ شیری گۆی مەمکی تۆم خواردۆتەوە،
گەرممبکەرەوە
بمنووسێنە بە خۆتەوە
ئەشکی ئەم ڕێگا درێژەم بسڕەوە،
گەرمم بکەرەوە بە دەنگت
ڕامبژێنە لە جۆلانێی قۆڵەکانتا
بمژێنەوە بە جوانیی ڕەنگت،
ڕامبگرە لە باوەشتا کەمێک
تا بە نۆتەی ترپەی لێدانی دڵت
بیشکێنم سەرخەوێک،

پەراوێزەکان:

1ـ ئەفرۆدیتە: خودای خۆشەویستیی و جوانیی.
2ـ دیۆنیسۆس: خودای مەستیی و شەراب و موسیک.
3ـ سەمەلە: دایکی دیۆنیسۆس " مرۆڤ بووە نەک خواوەند".
4ـ ئاریادنە: مەبەست لە ئاریادنەی کچی " مینۆس" پاشای "کرێتا"یە، کە دواکات دەبێت بە ژنی دیۆنیسۆس.
5ـ ساتیر: نیوە مرۆڤ و نیوە ئاژەڵ، دێمۆنێکی "دێو" سروشتیی قاچ کەڵەکێویی. ئەمانە هاوڕێی دیۆنیسۆس بوون و هەمیشە لەگەڵیدا ڕۆیشتوون.
6ـ تسیپەرن: دوورگەیەکە لە یۆنان "قوبرس".
7ـ ئێریس: خودای ئاژاوەنانەوە.
8ـ تریستان: ئەفسانەی خۆشەویستیی نێوان تریستان و ئیسۆلدە.
9ـ فڕێنکیی: دەڤەری فڕانکن، 200 ساڵ دوای مەسیح ئەم کۆخەڵکەی خۆرئاوای گەرمانەکان لەسەر سنوری دەستەڵاتی ڕۆم سنوری ژیانیان دەستنیشان دەکەن. لە ئەڵمانیای مۆدێرندا فڕانکن بەشێکە لە مەڵبەندی بایەرن. فڕانکن خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆیەتی چ لە کلتوور، پەیڤ، کەلەپوور ... هتد. شەرابی فڕێنکیی یەکێکە لەو تایبەتمەندێتییە فڕێنکییانەی، کە تام و چێژێکی خۆشی هەیە و ناوبانگێکی لە تەواوی ئەڵمانیادا بۆ خۆی پەیدا کردووە.
10ـ تاناتۆس: خودای مەرگ لە یۆنانی کۆندا.
11ـ تسۆیس: کوڕی کرۆنۆس و ڕیایە، گەورەی هەموو خواکانی یۆنانی کۆنە.
12ـ ئارێز: خودای جەنگ، لە یۆنانی کۆندا.
13ـ ئاسۆپۆس: خودای ڕووبار.
14ـ هایکە: ناوێکی ئەڵمانییە بۆ ژنان.

کۆتایی
19.02.2009